
بەڵێ
بۆ
سەربەخۆیی
کوردستان
بابەت و نووسراوەکانی
هاوڕێ شەهلا دەباغی
کۆکردنەوە و ئامادە کردنی ڕەحمان نەقشی

# پێڕست:


## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠٠٤ ................. لاپەڕەی ................. ٨

١- جنس (ژێندێر) و دەسەڵات - تێروانینێکی باڵاتر لە جنس

٢- ڕوونکردنەوەیەک لە سەر باسەکانی "هێمن و شێعرەکانی"!

٣- ئایا نالی و... شاعیری ڕۆحن، بەڵام هێمن شاعیری...؟

٤- نامەیەکی کراوە بۆ حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران!

٥- دیالۆگ یان داسەپاندنی ئیدەئۆلۆژیک

٦- مەرگ و کچ

٧- وامزانی شینی (هونراوە)

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠٠٦ ................. لاپەڕەی ................. ٢٨

٨- خوێندنەوەیەکی ناتەواو لە باڵندەکانی دەم با

٩- دوو تەلەڤزیۆنی ڕۆژهەڵات و تیشک - دوو گرفتی کۆمەڵایەتی - سیاسی: مەوادی موخەدر و خۆسووتاندنی ژنان

١٠- "دگردیسی"، خوێندنەوەیەکی فەلسەفی- فێمینیستی شێعری ناڵەجودایی

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠٠٧ ..................... لاپەڕەی ............. ٧٢

١١- ژنێک لە ئەنفال دەدوێ...

١٢- دیالۆگێکی ناوخۆیی: "چەپەکان"ومەسەلەی ژنان!

١٣- تاسە(هونراوە)

١٤- سەربردەی.... ! (هونراوە)

١٥- وامزانی شینی

١٦- شیعر و شاعیری بەرزەژنێک بە ناوی مەستوورە کوردستانی

١٧- فێمینیزم ڕوانگە یان ئیدئۆلۆژی؟

١٨- سپاس بۆ تۆ درۆی مەزن...

١٩- فێمینیزم و پرۆژەی دەوڵەت- نەتەوە

٢٠- ڕێفۆرم و کۆلتوری سیاسی، کام مێکانیزم و ڕێبەری؟

٢١- "باوەڕ بە توانایی ژنان" و حیزب و ڕێکخراوە کوردییەکان

٢٢- نامەیەکی کراوە بۆ بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانی!

٢٣- چەند سرنجێکی خێرا دەربارەی "زەبر و زەنگ لە ژێر ناوی شەرەف"

٢٤- دوزەخ (هونراوە)

٢٥- ئایا نەدەکرا هێرۆ خان خاتوونی یەکەمی عێراق، بانگەوازی بۆ ڕێپێوانێکی ئاشتیخوازانە دژ بە زەبروزەنگ دابا؟

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠٠٨ و ٢٠٠٩ ................. لاپەڕەی ................. ١٣٥

٢٦- باس لە سەر زمانی ستاندارد دەبێ لە خزمەت یەکگرتویی بێ نەک لێکدابڕان!

٢٧- لە نێوان ٢٥ نوامبەر و ٨ مارس - تێڕوانینێک لە سەر"لەشفرۆشی"

٢٨- خوێندنەوەیەکی یادداشتەکانی ژێر زەوی ١٨٦٤- لە نووسینی داستایڤسکی

٢٩- "غەریزە"کانی پیاوانە وتیڤیکانی کوردی و پرۆسەی " رۆشنبیری"

٣٠- ڕاگەیاندنی گشتی (ماس‌مێدیا) کوردی و کێشەی یەکسانی

٣١- خوێندنەوەیەک لە چەند وێنەی دەورانی کۆماری کوردستان

٣٢- بریا ژیابای

٣٣- دیالۆگ لە پانتایی نەتەوەدا

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٠ ................. لاپەڕەی .................. ١٥٦

٣٤- شنۆ
٣٥- بۆ مەلەکە و هەزاران ژنی کورد بە یادی سنەی خوێناوی و کاک فوئادی سەربەرز!
٣٦- بۆ چوار هەتاو(هونراوە)
٣٧- سپاس و پێزانین بۆ ماموستا شێخ عێزەدین حوسێنی
٣٨- شەهید نەمرە وەکوو شاخ، وەکوو درەخت
٣٩- پێویستی کورد بە ئاشتی نەتەوەیی
٤٠- گفتووگۆ ....
٤١- پژاک هیچ پرینسیپێکی ئەخلاقی بۆ زیندوو مانەوەی حەبیب ڕەچاو نەکرد"
٤٢- ئامانجەکانی ٨ی مارس تا چ رادەیەک بەدی هاتوون؟ وتووێژی فەریبا محەمەدی
٤٣- ژن لە ئەدەبیاتی کوردیدا وتووێژی فەریبا محەمەدی
٤٤- سپاس بۆ ئەوە کە بیرت هێنامەوە (بۆ کاوە سوور)
٤٥- خوێندنەوەیەکی خێرا لە "من قەحبەم" و لە چەند بۆچوونێک

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١١ و ٢٠١٢ و ٢٠١٣ ................. لاپەڕەی .................. ٢٢٣

٤٦- پشتیوانی لە دوو هەنگاوی پێویست
٤٧- بەیانییان (هونراوە)
٤٨- بۆ خوشکەکانم خاتوو ڕەخشەندە و یایی مریەم
٤٩- با ٨ی مارس تەنیا بەهانەیەک بێ بۆ پێداچوونەوەیێکی کورت
٥٠- پێداچوونەوەیەک بە سەر نووسینێک، "دوو چالاکوانی ژنی کوردی دیاربەکر لە ستۆکهۆڵم"
٥١- زمان و دەسەڵات
٥٢- یادداشتێکی ڕۆژانەی ژنێکی بە ڕواڵەت فێمینیست
٥٣- بەشێک لە نامەی شیرین عەلەم هولی

٥٤- بەشیک لە نامەی فەرزاد کەمانگەر

٥٥- بەخۆم نییە

٥٦- بۆ مانگرتووانی باکووری کوردستان

٥٧- چۆن دەتوانین نووسینێکی نزیک بە "نووسینی زانستی" بنووسین

٥٨- ڕاسەڵ - واقع، ڕاستی - حەقیقەت و ژنان

٥٩- حەفتا و دوو پەری و پیاوێک، ژنێک و هەموو پیاوان

٦٠- هونراوە:

٦١- دەستنیشانکردنی چەند خاڵێک لە کاری ئەو چەند ڕۆژەدا.!

٦٢- چەند پرسیارێک ڕووبەڕووی کوێستان فتووحی .... دیمانە

٦٣- ئێمە خوێندنەوەمان بۆ کێشەکانی خۆمان لاوازە ........ دیمانە: کوێستان فتوحی

٦٤- هەوڵدانی هەمەلایەنە بۆ دروست بوونی روحێکی خوشکانە لەناو ژنانی کورد خاڵێکی گرینگە دەبێ فێربن

٦٥- بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی ٢٠١٣

## بابەتەکانی ساڵی: ۲۰۱۴ و ۲۰۱۵ ................ لاپەڕەی ................. ۲۹۹

٦٦- بارودۆخی ژیانی دانیشتووانی کەمپەکان لە دوای هێرشی داعش

٦٧- داعش و ڕەفتاری ئێمە لەگەڵ ئەوان

٦٨- پرنسیپەکانی ڕەفتار لەگەڵ ئەسیر و جەستەی کوژراوان

٦٩- جەنگ، برینەکانی و ئەخلاق

٧٠- هێرشی داعش بۆ سەر کوردستان

٧١- هاتنی سەحراڕوودی بۆ هەرێم بێ ڕێزی بە هەموو کورد

٧٢- برینی سمایل هێستا لە دڵمە....

٧٣- ئینسانی گەورە لە هەر ساتێک دا دیارە!

٧٤- هونراوە

٧٥- خوێندنەوەی ویدئۆیەکی داعشی کوردی

٧٦- بۆ نابێ وەک داعش ڕەفتار بکەین؟

٧٧- هونراوە:

٧٨- خەسارناسی، پێوەندی دەق و چالاکی

٧٩- هونراوە فەریدوون ئەڕشەدی

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٦ ................ لاپەڕەی ................ ٣٣٥

٨٠- ئەزموونی کاری کۆمەڵایەتی و بڕیار لەسەر بوون

٨١- من لە گەڵ هیچ کام لەو دوو بۆچوونە نیم

٨٢- گەرمەشین (هونراوە)

٨٣- خومایزی

٨٤- هێمن و هەژار

٨٥- ئینشعاب - کۆنگرەی چوار

٨٦- ناسۆری دەوران

٨٧- لە ژێر کاریگەری هیچگەرایی بکت

٨٨- خوێندنەوەی شارێکی ون لە نووسینی مریەم قازی

٨٩- خوێندنەوەیەکی نێوان دەقی Intertextuality سازی ناساز

٩٠- "دەنگ" لە گۆڕستان دا خوێندنەوەی چیرۆکی گۆڕستان لە نووسینی خەبات ڕەسووڵی

٩١- ڕۆژێک دێ کە شێعرەکەی "واڵت ویتمان Walt Whitman

٩٢- "بۆ قەقنەسەکان"(هونراوە)

٩٣- بۆ کۆچی دوایی کاک ناسر ئێرانپوور

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٧ ................ لاپەڕەی ................ ٣٩٨

٩٤- پێشکەش بە حەمەڕەسوڵ کەریمی

٩٤- وشەی "داگیرکەر" لە سێ دەقی ئەدەبی دا

٩٥- بە ڕای من، دوای ڕووخانی سەدام دەبا کورد بڕیاری سەربەخۆیی دابا

٩٦- جیهانی دیۆنیسی دەق بۆ لەقاودانی مێژوو

٩٧- هاورێ عەزیز زۆر ناساز بوو

٩٨- بەشێک لە نووسینێکم لە سەر "من غوربەتم"

٩٩- دڵم بۆ مەهاباد تەنگە.

١٠٠- خەون

١٠١- زامستان، دال و مەدلوولی "ئەوین" لە شێعری جەلیل ئازادیخوازدا

١٠٢- ئەوەندەی نووسینەکانی پەری کەریم نیام...

١٠٣- شاتوو

١٠٤- دوانەی ڕەنج و شادی خوێندنەوەی شێعرێک لە شێعرەکانی ناسر حیسامی

## بابەتەکانیساڵی: ٢٠١٨ ........... لاپەڕەی .................... ۴۵۷

١٠٥- ئایشە ئەفەندی یا هێرۆ برایم ئەحمەد؟

١٠٦- خوێندنەوەی شێعرِی "من نامهەوێ بێ وڵات بمرم"

١٠٧- ئۆقیانووسێک لە تاوان، خوێندنەوەیەک ٢٠١٨

١٠٨- دەزانن بۆ دەستم داوەتە ڕەخنە لەم سێ خانمە؟

١٠٩- بولبولی باڵ شکاوی وەختی گوڵم

١١٠- شێعرێکی سادە بەڵام....

١١١- "ڕۆمان" و کات و سات و شوێنی سەرهەڵدانی ڕۆمان،

١١٢- بە خاک + ئەسپاردن و نەتەوە

١١٣- هوشیاری

١١٤- وەفاداری بە ڕێفراندۆم بۆ سەربەخۆیی

١١٥- ڕۆژهەڵات و بیری نەتەوەیی

١١٦- نیشتمان دایک نییە، هی هەموو نەتەوەیە

١١٧- بیری نەتەوەیی و زانست

١١٨- فەلەستین" و بیری نەتەوەیی

# بابەتەکانی ساڵی: ٢٠٠٤

## ڕوونکردنەوەیەک لە سەر باسەکانی "هێمن و شێعرەکانی"!

* لە سایتی بەڕێز هێدی دا نووسراوەیەک لە لایەن بەدران ئەحمەد حەبیب سەبارەت بە شێعرەکانی ماموستا هێمن داندرابوو کە من دوای چەند جار خوێندنەوە، مێتۆدێکم تێدا نەدیت کە چۆن ئەو هەڵسەنگاندنە کراوە، جگە بە قەولی خودی بەدران ئەحمەد حەبیب "شووعار" نەبێ. دوای بیرورِا گۆڕینەوە لە گەڵ کاک هێدی، من کوتم کە بەداخەوە ئێستا بە هۆی هێندێک گرفت ناتوانم شتێک کە بە دڵی خۆم بێت بنووسم و با بمێنێت بۆ کاتێکی تر. ئێستاش بەڕیز هێدی نووسیوێتی کە من نارەزایەتیم دەربڕیوە. من هەرگیز بە خۆم ئیزنی ئەوە نادەم لەمەڕ دەربڕینی بیرورِای تاک و گشت نارەزامەندی دەرببڕم. هەر کەس ئازادە کە بیر و ڕای خۆی بڵێت. ڕاستییەکەی ئەوەیە کاتێک نووسراوەکەی کاک بەدرانم خوێندەوە زۆرم پێ سەیر بوو، کەسێک لە کۆڕی زانیاری بێت و ئاوا تێکست هەڵسەنگێنێ. منیش پێم وایە کە شێعری هێمن وەک هەر شاعیرێکی تر، لایەنی باش و لایەنی لاوازی هەیە. بەڵام نووسراوەکەی کاک بەدران و زۆر کەسانی تر، ڕەخنەیەکی ئەدەبی نین. ئەو شتانەی کە تا ئێستا لە سەر هێمن نووسراون، چ دژ و چ لایەنگر، هەر لە یەک گرفت ڕەنج دەبەن: نووسراوەکان و هەڵسەنگاندنەکان، زیاتر قسەن تا خوێندنەوەی دەق بە مێتۆدێکی ئەدەبی. ئایا ئەوانە دەکرێ بکرێنە کەرەسەی سەرهەڵدانی باسیکی ئەدەبی؟ هیوادارم. قەت پێم وا نییە کە بە ئەفسانەسازی و مێژوو دروستکردن کورد دەگات بە ئاوات و ڕەخنە لە شاعیری دڵناسک و یان دڵڕەق، بگرە لە حیزب و ڕێبەر و ڕۆشنبیر و... م پێ گوناح نەبووە و نابێ. ڕەخنەگرتن لە هەر نووسەر و شاعیرێک پێویستە و کارێکی ڕەوا، بەڵام ئەرزشی ڕەخنەی ئەدەبی لەوە دایە کە لایەنەکانی هاوسەنگ، جیاواز، دژبەیەک و یان چۆنێتی دارِشتن، سوژە و ئێلێمێنتەکانی ناو دەق بە مێتۆدێکی ئەدەبی و بە پشت بەستن بە تێئۆری بەرجەستە بکرێنەوە. شێعری هێمن، گۆران، ناڵی و کەسانی تر دەبێ لە کۆنتێکستدا هەڵسەنگێندرێن و ڕەخنەگر دەبێ بتوانێ دیالۆگی ناو تێکست (ئینتێرتێکستوالیتێت) پەیدا بکا و هتد. ئەوەی کە من بە دژی ڕاوەستاوم نەبوونی ڕەخنەی ئەدەبییە لە ناو ئەدەبی کورد دا. بە داخەوە هەر دوو لا، چ لایەنگر و چ دژ، هەر تووشی یەک هەڵە دەبن: دووری لە دەق، کە دەبێتە هۆی دەرچوون لە باسی ئەدەبی و شەڕە جنێو.

ئانالیزی شێعرێک ، تەنانەت ئەگەر باری سیاسیی شێعرەکەشت لە خەیاڵ دابێ، دەبێ بە مێتۆدی ئەدەبی هەڵسەنگێندرێت نەک بە گۆترە. یەک لەو مێتۆدانە، تێڕوانینی فێمێنیستی‌یە کە دەکرێ بۆ زۆر دەق کەڵکی لێوەربگیردرێت، بۆ وێنە هەڵسەنگاندنی ژن لە شێعری هێمن دا. با ڕەخنەیەکی ئەدەبی لە سەر شێعرەکانی ماموستا هێمن لە لایەن منەوە، بمێنێ بۆ جارێکی تر کە بە پووخت و پاراوی قسەی خۆمم کردبێ، تەنانەت ئەگەر هەڵەش بم. من باوەڕم بە ئەوە هەیە کە هیچ کەس ئاخرین قسە لە سەر تێکستێک ناکا، بەڵکو هەر کەس خۆێندنەوەیەک دێنێتە ئاراوە و هیچ کام لەو خوێندنەوانە لە ئەویتر گرینگتر نییە.

گرینگی لە ئانالیزی تێکست دایە، جا چ بە دژ و چ بە لایەنگری. هێنانەوەی چەند ڕستەیەک کە بۆ وێنە هێمن درووشم دەدا و یان هێمن و نالی شاعیری باشن کافی نییە، بەڵکو دەبێ ئەوە بە تێکست و ئانالیز نیشان بدرێ.

-----------------

خەون ببینە

ئەی ڕەوانی من!

خەون مانا دەداتە بوون...

سەرچاوە: وێبلاگی پەراوێزی بیر - ڕێکەوتی: ١٤ی دێسەمبەری ٢٠٠٤

## ئایا نالی و... شاعیری ڕۆحن، بەڵام هێمن شاعیری...؟

لە وتارێکی بەڕێز بەدران ئەحمەد حەبیب لە ژێر ناو نیشانی "هێمن و شێعرەکانی" دا هاتووە: "لە لای "هێمن" خۆشەویستی و ئەوین قووڵ نەبوونەتەوە و نەبوونەتە هەستێکی مرۆڤانە و دیوە ڕووحییەکانی مرۆڤیان دانەپۆشیوە. ئەوین لە لای "هێمن" بریتییە لە تامەزرۆیی جەستەی نێر بۆ جەستەی مێ، نەک تامەزرۆیی ڕووح بۆ ڕووحێکی تر. ئاشکرایە کە بە تێربوونی جەستەش ئەم ئەوینە بە کۆتا دێت[کۆتایی پێ دێت] و دادەمرکێتەوە، بەڵام ئەوینی ڕووح تەواوبوونی نییە و تینووەتی ناشکێنی. مرۆڤ لە ئەوینی ڕووح تێر نابێ. ئەوەی سەیری

دیوانی "مەلای جزیری" یان "نالی" یان لە سەردەمی نوێدا "گۆران" بکات دەزانێ کە ئەوینی گیانی لە لای ئەمانە دا چەند قووڵە. لە لای کەسیان سێکس زاڵ نییە، هەشبێ لە پشت چەندان پەردەوەیە. جیایی "هێمن" لەوانی تر ئەوە بوو کە بە "موکریانی"ی دەنووسی. ئاخاوتنی دەوڵەمەندی ئەم شێوەزارە، تەڕی و پاراوییەکی بە شێعرەکانی دەدا. لە شێعری "هێمن" دا سیحری زمان باڵی بەسەر هەستی مرۆڤ و واتا دا کێشاوە. لە ڕاستیدا، دوای ئەوەی "توحفەی موزەفەرییە"ی ئۆسکار مان کە "هێمن" هەر بۆخۆی لە کۆڕی زانیاریی کورد لە بەغدا، لە ١٩٧٦ دا چاپی کردبووەوە، هەروەها "خەج و سیامەند"ی عەبدوڵڵا(عوبەیدوڵڵا) ئەیوبیان و چەند نامیلکەیەکی تری وەک "مێر(مێهر) و وەفا" و "بارام و گوڵەندام"ی "قادر فەتاحی قازی"م خوێندەوە و بە شێوەزاری دەوڵەمەندی موکریان ئاشنا بووم، بۆم دەرکەوت هەموو ئەو بەیت و چیرۆکە فۆلکلۆرییانە وەک شێعری "هێمن"، ڕەنگە هەندێکیان زیاتریش، ختووکەی هەستی مرۆڤ بدەن. هەڵبەتە "هێمن" کۆمەڵێک شێعری هەیە کە بە نەمری دەمێننەوە، بەڵام ژمارەی ئەم شێعرانە لە ژمارەی پەنجەکانی هەر دوو دەست تێپەڕ ناکەن، بۆ نموونە شێعری "بارگەی یاران" کە کاتی خۆی کردمان بە ناونیشانی بەرگی دیوانەکەی. من وا دەزانم ئەمە جوانترین شێعرە کە "هێمن" نووسیبێتی. هەروەها "ناسۆری تەشەنا" و "ناڵەی جودایی" و چەند شێعرێکی تر. بەڵام زۆر شێعری "هێمن" هەیە لەبەر بێ کاری نووسراون. من وا دەزانم ڕەواج و هەرمێنی "تاریک و ڕوون" لە کاتی خۆیدا زیاتریش بۆ ئەو ژیننامەیە دەگەڕایەوە کە کەوتبووە پێشەکیی دیوانەکە و "هێمن" بۆخۆی نووسیبوویەوە و ناوی نابوو "لە کوێوە بۆ کوێ". ژیننامەی مرۆڤێکی خۆبەختکاری کورد لە سەردەمی قارەمانەتیی کلاسیکیدا. لە بیرمە ئەو کاتە ئەم ژیننامەیە لە هەموو شتێکی تر سەرنج ڕاکێشتر بوو." چەند خاڵ لە باری ئەدەبییەوە (من باسی بەشی سیاسیی نووسراوەکە ناکەم) لە نووسینی بەڕێز بەدران ئەحمەد حەبیب دا جێگای سەرنجن:

١- نووسەر باس لەوە دەکا کە تەنانەت لە جوانترین شێعری هێمن دا ئەوە تەنیا زمانە کە خۆ دەنوێنێ، کە ئەویش بە هۆی بەکارهێنانی زاراوەی موکریانییە. بە بۆچوونی بەڕێز بەدران ئەحمەد، هێندێک بەیت و چیروکی فۆلکلۆری بە موکریانی وەک شێعری هێمن "ڕەنگە هەندێکیان زیاتریش، ختووکەی هەستی مرۆڤ بدەن".
٢- ڕەواجی تاریک و ڕوون بۆ ئەو ژیننامەیە دەگەڕێتەوە کە لە پێشەکی دیوانەکە دا نووسراوە، کە هێمن بۆخۆی نووسیبووی واتە "ژیننامەی مرۆڤێکی خۆبەختکاری کورد لە سەردەمی قارەمانەتیی کلاسیکیدا".
٣- نالی و گۆران شاعیری ڕۆحن نەک جەستە، کەچی شێعری هێمن هەڵگری ئەوینی قووڵ نییە و "تەنیا تامەزرۆیی نێر بۆ جەستەی مێ" نیشان دەدا. من لەو وتارە دا زۆر بە کورتی تەنیا خاڵی سێهەم شی دەکەمەوە. هیوادارم لە داهاتوو دا بتوانم خاڵی ١ و ٢ و هەروەها "خۆشەویستی و ئەوین" لە لای هێمن و هێندێک تێبینیی تر لە سەر

شێعرەکانی ماموستاهێمن بێنمە بەر باس. ئەم وتارە زیاتر هێنانەگۆڕی بۆچوونێکی فێمێنیستی دەبێ لەمەڕ جێ و پێی ژن لە تێکستی شاعیرانی پیاوی کورد دا، بۆ وێنە شاعیری بەرزی کورد ماموستا نالی کە کاک بەدران ئاماژەی پێکردووە. پێش چوونە سەر بابەتەکە، با پێوەندی نێوان ڕۆح و جەستە لەلایەن خۆم کەمێک ڕوون بکەمەوە، ئەی نەکا منی دڵناسکیش کە هەموو ژینم لایەنگری ڕۆح بووم(؟؟؟) بە لایەنگری "جەستە" بناسرێم!! ڕۆح وشە و چەمکێکە کە بە درێژایی مێژوو شاعیران لە شێعری خۆیاندا کەڵکیان لێوەرگرتووە. دابەشکردنی جیهان بە ڕۆح و مادە هەر لە سەرەتای مێژووی ئینسانییەوە سەری هەڵدا. دواتر ئەو بۆچوونە لە ناو کولتوورەکانی هیند، میسر و یۆنانی قەدیم دا لە لایەن فەیلەسووفەکان فۆرمووڵبەندی کرا. بۆ وێنە ئەفلاتون جیهانی مادی بە سێبەرێک لە جیهانی سەرتر واتە جیهانی ڕۆح دەزانی و پێی وابوو کە ئەو جیهانە مادییە کە ئێمە دەیبینین کۆپی جیهانی ڕۆحە. دواتر ئەرەستوو ڕۆحی بە پرینسیپێکی نەهایی کە گیان دەداتە جەستە، ناساند. بە بۆچوونی ئەرەستوو "ئەگەر چاو گیانلەبەر بێ ئەوە بینایی ڕۆحی ئەوە." بۆچوونی ئەرەستوو کە پیاو ڕۆحە و ژن مادە و زەوی کە دەبێ پیاو تۆوی خۆی تێدا بچێنێ تا ئێستاش کاریگەری قووڵی لە سەر بیری ئینسانەکان هەیە. (مێژووی فەلسەفە ١٩٩٥) ئایا ڕۆح و جەستە لێک جوودان؟ بۆ دەبێ جەستە کە هەڵگری شتێکی گرینگی وەک ڕۆحە بە کەم دابنرێت؟ ئایا جەستە تەنیا زەرفێکە و ڕۆح شتێکی جیا لە لەش؟ بۆچوونی ساکاری من ئەوەیە کە ڕۆح و جەستە پێوەندییەکی لێکنەپچڕاویان لەگەڵ یەکتر هەیە. تەواوی بیر، فکر، هەست و ڕۆح لە شوێنێک کۆ دەبنەوە کە پێیدەڵێین جەستە. واتا جەستە ئەو نوختەیەیە کە ڕۆح خۆی تێدا دەنوێنێ. جەستە و ئەزموونەکانی کاریگەریی ڕاستەوخۆ لە سەر ڕۆح دادەنێن، هەر ئەو جۆرە کە ڕۆح دەتوانی شکڵی لەش بگۆڕێت. بۆ وێنە جەستەیەکی ماندوو، بێتاقەتیی ڕەوانیی بەدوا دا دێت، یان ڕۆحێکی شاد یان خەمگین دەتوانی ببێتە هۆی بزە یان فرمێسک. ئێمە هەمیشە چ وەک تاک و چ وەک کۆمەڵ بە گشتی زۆر جار، لەمەڕ جەستەی خۆمان کەمتەرخەمیمان کردووە و ئاسەواری جیاوازیدانان لە نێوان ڕۆح و جەستە، بە شێوەیەکی وەها ڕادیکاڵ لە کولتووری شەرق دا، بووەتە هۆی زۆر گرفت. لە کاتێکا کە هەمیشە ڕۆحمان ستایش کردووە، لە بیرمان چۆتەوە کە بە مردنی جسم، ڕۆحیش نامێنێ. جسمێکی خاوێن بەشیکە لە ڕۆحێکی خاوێن، هەر ئەو جۆرە کە ڕۆحێکی خاوێن و مێهربان ئاگای لە خاوێنیی جسم و دەوروبەر و سروشتە. ئەوە کە کولتوور، دەسەڵات، بیر و ئایینەکان چۆن بوونەتە هۆیەک کە جسم و ڕۆح لێک بترازێن و ژن و پیاو لێک دوور بکرێنەوە، باسێکی ترە. بەڵام بۆ من هەر ئەو جۆرەی کە سیمۆن دبووار، نووسەر و فەیلەسووفی بە ناوبانگی فەڕانسەوی لە کتێبی خۆیدا بە ناوی جنسی دووهەم دا دەنووسی، " ژن و پیاو دوو نیوەی یەک پەیکەرن". بۆ من، ڕۆح و جەستە، ژن و پیاو (یان دوو ئاشقی تر)، پێوەندییان لەگەڵ یەک هەیە، ئەگەرچی لێک نامۆ کرابێن. کاتێک شاعیرێک باس لە ڕۆح دەکا، دەیهەوێ قووڵترین و نەهێنیترین هەستی خۆی

نیشان بدا. زۆر جار ئەو باسکردنە بە تەوسیفی هەستی ئەندامەکان، وەک چاو، گەروو، دڵ و دەست و هتد نیشان دەدرێ. بۆ وێنە هێمن دەڵێ: پەڕ وەریوی، باڵشکاوی، دەنگبڕاو بێبژیوی، بەشخوراوی، دەرکراو /.../ لێو بە باری، دەردەداری، ڕەنجەڕۆ شاعیری جوانی پەرستی دڵ بە سۆ لێرەدا دەبینین کە شاعیر بۆ نیشاندانی بێدەرەتانی و بێ دەسەڵاتی، خۆی وەک باڵندەیەک دەبینێ کە پەڕی وەریوە، باڵی شکاوە و ناتوانێ بفرێ و دەردی دووری، باری خستووەتە سەر لێوی. کە واتە وێنە شێعرییەکان بۆ دەربڕینی وەزعی ڕۆحی، لە ڕێگای ئەندامەکانەوە دەنەخشێن. شاعیر باس لەوە دەکا کە ڕۆحی ساڵیانە ئازار دەبینێ و ئەو ئازارە ڕۆحییە شوێنی خستووەتە سەر ئەندام و لەشی. نالی(١٨٠٠ - ١٨٥٦) یەکێک لە شاعیرانی گەورەی کورد لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی بابانەکان و مەستوورە کوردستانی(١٨٠٥ - ١٨٤٧) لە ناوچەی فەرمانڕەوای ئەردەڵانەکان ژیاون. بابەتی سەرەکیی هەردووک شاعیر وەک زۆربەی شاعیرانی جیهان "ئەوین و خۆشەویستی" بووە. بەڵام ئایا نالی بە قەولی کاک بەدران هەر شاعیری ئەوینی قووڵ و ڕۆح بووە؟ من لە زۆر شێعری نالی کە پڕن لە، بەقەولی کاک بەدران، "چەپاندنی زایەندی(الكبت الجنسی)" چاوپۆشی دەکەم و تەنیا بە یەک شێعر ئاماژە دەکەم. نالی لە ٤٩ بەیت قەسیدەی مەشهووری خۆی دا بۆ مەستوورە، لە دیوانەکەیدا (ل.٦٠٣ - ٦٣٠)، باسی خەونێکمان بۆ دەکا. لەو خەونەدا: مەستوورە کە دەڵێن هەم شاعیرە و هەم جوان، بە ناز و نەوازش داوا لە نالی دەکا تا گرفتێکی کە هەیەتی نالی بۆی چارەسەر بکا، تا ببێتە هی نالی /.../ مەستوورە لە گوڵێکی سیسی بێ ئاو دەچێ و مەمکەکانی لە هەناری گەیشتوو /.../ بۆ ئەوە کە ئاوێنەی مەستوورە بدرەوشێ دەبێ بە ئاو خاوێن کرێتەوە/.../ شاعیر لە بەردوامی ئەو خەونە دادەڵێ کە زۆری پێخۆشە گرفتی مەستوورە حەل بکا و بەم چەشنە ٤٦ بەیت دادەڕێژێ تا کە لە ٣ بەیتی ئاخردا، ٤٧، ٤٨ و ٤٩ بە خۆی دەڵێ: ئەو قسە بێ هوودانە چن کە دەیکات و کتێبی خۆی پێ سووک دەکا و باشتر وایە کە بڕواتە سەر ڕێگای ڕاست. دوو شارەزای ئەدەبی کورد، عەبدولکەریم مودەڕس و فاتح عەبدولکەریم، کە چەندان کاری ئەدەبی و دیوانی شێعری شاعیرانی کوردیان داوەتە دەر، لە پەراوێزی شێعری نالی دا، هاوکات بیروبۆچوونی خۆیان لەمەڕ ئەو شێعرە باسکردووە. ئەو بەڕێزانە لە سەر ئەو باوەڕەن کە نالی بە شێعری خۆی هەم ڕچەشکێنی کردووە، واتە دوای نالی شێعری ئێرۆتیک هاتووەتە ناو ئەدەبی کوردی، و هەم لە بەرامبەر "دەسەڵات" دا ڕاوەستاوە. هەموو کوردێک دەزانێ کە بەداخەوە مێژووی کورد تا ئیمڕۆ، پڕە لە بەربەرەکانی نێوان خێڵ، حیزب و دەسەڵاتە جۆراوجۆرەکانی کورد کە ئەوە دوو فەرمانڕەوای بابان و ئەردەڵانیش دەگرێتەوە. گرفتی سەرەکیی نێوان ئەو دوو فەرمانڕەوایە، دەست بەسەرداگرتنی زەوی و کوێستانەکان و شەڕی دەسەڵات بووە. لە شێعری نالی بۆ مەستوورە، دوو چەمکی "سێکسوالیتێت" و "دەسەڵات" جێگای سەرنجن. با بزانین نالی بە شێعری خۆی بۆ مەستوورە، چ شتێک ترانسفرمێرا دەکا و چمان پێدەڵێ. Ebba Witt-Brattström ساڵی ١٩٩٤ لە کتێبی Ur Könets

mörker دا، باس لەوە دەکا کە چۆن جەستەی ژن لە چاوی پیاو دا، بورکانێکە پڕ لە ویستی جنسی و میوەیەکە کە دەبێ لێی بکاتەوە. پرۆفێسۆر بڕاتسترۆم هەروەها باس لەوە دەکا کە چۆن بەشی زایەندیی ژن دەبێتە شوێنێک کە بەشی زایەندیی پیاو لە تیکە گۆشتێک دەگەیینێتە "نیشانە" و زمان و لە جنسەوە بۆ دەسەلاتێک کە دەتوانێ ئەویتر- واتە ژن- تاریف بکا.(ل.١٦- ٢٠) ڕۆڵی تاک لە کۆمەڵدا، ئاکامی پرۆسەیەکی سیاسی - کولتوورییە. ئەگەرچی شاعیران هێندێک تایبەتمەندیی ڕەوانیـیان هەیە، بەلام شاعیریش بە جۆرێک، بەرهەمی پڕاکتیزەکردنی دەسەلاتە. ئەگەر ئێستا لە ولاتانی پێشکەوتوو دا تاک دەتوانێ زۆر جار سەربەخۆ ڕەفتار بکا، ئەوە لە ولاتانی وەپاشکەوتوو دا زۆر گرێدار و پڕپێچ و پەنایە. ئێمە بۆ خوێندنەوە شێعری نالی یان هەر شاعیرێکی تر نابێ ئەو فاکتەرە سەرەکییەمان لە بیر بچێ کە شێعر لە چ کۆنتێکست و هەلومەرجێکدا نووسراوەو شاعیر لە گەڵ کێ دیالۆگ‌دەکا. نالی، ئەگەر بە دەیان شێعری جوانیشی هەبێ، لەم شێعرەی خۆیدا، تێڕوانینێکی پاتریارکاتی لە سەر ژن بە گشتی و مەستوورە بە تایبەتی بووە. ژن - مەستوورە بۆ نالی لەو شێعرە دا، جەستەیەکە کە دەبێ پەردەی بەکارەتی بدڕێنی تا گرێی ڕۆحی نەمێنێ. شاعیر لە بیر دەکا کە ئەگەر قەرار بێ سێکسێک لە نێوان دوو ئینسان دا ڕوو بدا، دەبێ لە ڕووی خۆشەویستییەوە ڕووبدا، ئەگینا ئەو دەمە سێکس دەبێتە هۆی گرفتی ڕۆحی. لەو شێعرە دا هەموو جەستەی ژن، بە مانای فیزیکی، تەنیا لە سێکس دا بۆ نالی مانا پەیدا دەکا و دەبێتە میوەیەک بۆ شاعیر. شاعیر پێیوایە کە ئەوە ژنە کە پڕە لە نیازی جنسی و بۆ نەمانی ئەو نیازە، حازرە ببێتە هی پیاو. نالی ئەو شێعرەی بۆ کچێکی جەوان گووتوە، واتە ئەو شێعرە لە کاتێکدا گووتراوە کە هێشتا مەستوورە نەبووەتە خێزانی خەسرەو خانی ئەردەلان. (ئەگەر چاوێک بخشێنینە سەر شێعر و ئاوازی کوردی، بۆمان دەردەکەوێ کە شاعیرانی پیاو، بە هەزاران بەیت شێعریان بۆ کچی چاردە ساڵە گوتووە، لە کاتێکدا کە بۆخۆیان لە باری تەمەنەوە گەورەتر بوون. جا چۆن دەکرێ لە نێوان کچێکی چاردە ساڵە و پیاوێک کە بە بابی ئەو دەشێت، پێوەندیی نێوان دوو ڕۆح بێتە کایەوە، ئەوە هەر دەبێ لە لایەنگرانی بە ناو "ڕۆح"ی پیاو بپرسین. هەڵبەتە نالی و مەستوورە هاوتەمەن بوون.) دیوانی نالی و دوو شارەزای ئەدەبی کورد کە شێعرەکەیان شیکردۆتەوە، تێڕوانینی نالی و کولتووری پیاوسالارمان بۆ سەر ژن و سێکسوالیتێت بە جوانی بۆ ڕوون دەکەنەوە. ژن لە چاوی نالی دا، جسمێکە کە نە تەنیا هەڵگری سێکسوالیتێتی ژنانەیە، بەڵکو هەڵگری شەڕەفی بنەماڵەشە. بە پەلامارخستن بۆ سەر جنسی مەستوورە، شەڕەفی مێرد و تایفە و دەسەلاتی بابانەکان دێتە ژێر پرسیار. کاتێک بەڕێزان فاتیح و مودەڕس باس لەوە دەکەن کە نالی ڕچەشکێنیی دەکا، ئەوەیان لە بیر دەچێتەوە کە بپرسن ئەو ڕچەشکێنییە بۆ لە جسمی ژن دا، نەشو نەما دەکا؟ بۆ بەشی زایەندیی ژن دەبێتە مەیدانی شەڕی زمان و دەسەلات؟ ئەگەر نالی لە بەرامبەر دەسەلاتدا ڕاوەستاوە، بۆ ئەو دژ دەسەلاتە، بە هێرشکردن بۆ جەستەی ژن تەواو دەبێ؟ سەرەڕای ئەوانە،

خاڵی هەرە گرینگ ئەوەیە کە بۆ نالی وەک شاعیری ڕۆح سنووری ڕۆح لە ژێر پێ دەنێ و دادەبەزێتە سەر لەشی ژن و پێیوایە کە کەسایەتی ئەو وەک ژن و وەک شاعیر دەشکێنێ؟ شاعیری ڕۆح بۆ دەبێ ڕۆحێکی تر، ئەویش شاعیر، بریندار بکا؟ بۆ نالی، شاعیر یان فەرمانڕەوایەکی پیاو ناهێنێتە ژێر توانج؟ بۆچی جوانی و توانایی مەستوورە، نالی گەیاندووەتە ئەوپەڕی بەکار هێنانی هەستی سێکسی و خەون؟ ئەوانە چمان پێدەڵێن جگە لەوە کە نالی بە هۆی ئەوە کە پیاوە و خاوەنی جۆرێک لە دەسەڵات، واتە دەسەڵاتی کولتووری، ژن دەکاتە سێکس‌ئۆبیەکتێک کە بەکەیفی خۆی هەر نەبێ لە خەوندا پەلاماری بداتێ. سەیرە کە شاعیری ڕۆح نەتوانێ، مەستوورەی ژن، وەک ڕۆح و شاعیر ببینێ و تەنیا مەمک و ئاوێنەی ژێرەوە هەستی بجوڵێنێ! نالی دەنووسێ کە دەڵێن مەستوورە شاعیرە، هەروەک ئەوە کە نالی بێخەبەر بێ لە شاعیربوون و بەرزیی مەستوورە. ئاخۆ هۆی چییە کە ئێستاش لە ٢٠٠٥ دا، برادەرانی شاعیر، هەر ژن بە سێکس‌ئۆبیەکت دەبینن و لە بیریان دەچێ کە ژن وەک تاک و ئینسان بەرامبەری ئەوانە؟ چۆنە هێندێک شاعیر ئێستاش، هەر بە نێفەکی ژن دەچنە ناو ئێکستاسو لە بیریان دەچێ کە لەو نێفەکە هاتوونەتە دەر؟ لەوەش سەیرتر، چۆنە کە ئێستاش دۆستانی ئەدیب، نازانن کام شاعیر لایەنگری ڕۆحە و کام لایەنگری سێکس، ئەویش لە چەشنی پۆڕنۆ؟ چۆنە ئێستاش زۆر کەس بۆ شاعیرانی ژن لێدەدەن، کەچی وەپاشکەوتووترین دەقی شاعیری پیاومان بۆ بە فەلسەفەی تازە دەناسێنن؟! لە هەمووی سەیرتر، چۆنە هێمن دەکرێتە شاعیری جەستە و لە بیر دەچێتەوە کە هەر ئەو "هێمن"ە کە تامەزرۆی جەستەیە، شێعری تریشی هەن کە بە ئاواتی وڵاتێکە کە تێیدا کچ و کوڕ بەرامبەر بن و لە سەر گۆڕی ڕەشبەڵەک بگرن. ئەو ئاواتەم من لە شێعری کەسی تر دا تا ئێستا نەدیوە، جگە لە شێعرەکانی هێمن دا نەبێ. نەکا من ئەقڵم تەنیا لە چاوم و بیری ناسیۆنالیستی دا بێ و ئاشقی جەستەی "داتەپیوی" هێمن کە "ڕۆژگار هاڕیویێتی" بوومێم! /.../ من تەشی‌ڕێسێکی وەک "شیرن"ی (وەفایی)م بۆ چییە کیژی وریای چاوکراوەی فێرە زانینم دەوێ /.../ کیژۆ کوڕ بگرن لە دەوری گۆڕی هێمن ڕەشبەڵەک من کە شینگێڕی شەهیدانم لە کوێ شینم دەوێ هێمن لە باری شێعرەوە کێ بوو؟ ئایا تەنیا بە قەولی کاک بەدران ئەحمەد نەڕەنەڕی شۆڕش ئەوی کرد بە مام هێمن؟ یا جارێ کاک بەدران، هێمن هەر وەک "مرۆڤێکی خۆبەختکاری کورد لە سەردەمی کلاسیکدا" ببینێ و چاویش لە ئاواتی ماموستا گۆران و ئەوانی تر واتە گەیشتن بە "بەژنی وەک پەری" کە بە بەژنی ژنی کورد ڕازی نین، بقووچێنێ. ئاخۆ کەس هەیە قۆڵ هەڵماڵێ بۆ لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی- سیکۆئانالیزی بۆ هەڵسەنگاندنی ژن لە شێعری پیاوانی کورد دا؟ یا هەڵسەنگاندنی دونیای شێعری هێمن بمێنێت بۆ کاتێک کە لە گوێرەی توانایی خۆم، نە کەم نە زۆر حەقم پێدابێ.

سەرچاوە: وێبلاگی پەراوێزی بیر - ڕێکەوتی: ١٧ی دێسەمبەری ٢٠٠٤

# نامەیەکی کراوە بۆ حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران!

**نامەنووسین لە خەون دەچێ. وشەکان وەک خەون لە کەلێن و قوژبنی ڕۆح هەڵدەقوڵێن. مرۆڤ لە خەوندا لەگەڵ خۆی درۆ ناکا. ئەگەرچی لەو نامەیەدا مومکینە هەموو شتێک نەنووسرێت، ئەوەش نە لە ترسە، بەڵکو بۆ ڕێزلێنان و ڕێگاهێشتنەوە بۆ دیالۆگ، بەڵام ئەوەی دەینووسم بێ سانسۆرە.**

***بەڕێزان!***

**من بەش بە حاڵی خۆم، وەک تاکەکەس قەرزداری چاکەی حیزبی دێمۆکراتم. حیزبی دێمۆکرات لە کاتێکی زۆر نالەباری نیزامی - سیاسیدا، گیانی چەند کەس لە ئێمەی نەجات دا، ئەگەرچی ئێمە سەر بە حیزبی تودە بووین. ئەوەش بۆیە باس دەکەم چونکە دەبێ ئەمەگداری خۆم بەرامبەر بە ئەو چاکەیە ڕابگەیێنم. جگە لەوە من ١٦ ساڵ لەمەوبەر دوای جودابوونەوە لە حیزبی تودە، بڕیارم دا کە تا بۆم بکرێ و لە توانای جسم و ڕۆحمدا بێ، لە ئەزموونەکانی ژیانم وەک مرۆڤێکی کورد کەڵک وەربگرم بۆ خزمەتێکی هەرچەند بچووکیش بووبێ! هەروەها پێمwایە کە ژیان لەخۆیدا هیچ نییە و وەک بە نرخی ڕۆژ نانخۆران، خۆ لە باسی جیددی نادزمەوە. دیاری منی شوان ئاڵەکۆکە. (هەڵبەت نە لە چەشنی ئاڵەکۆکی مامە غەنی!) کاتێک لەگەڵ چەند دۆستێک باسی ئەوەم کرد کە دەمەوێ نامەیەک بۆ حیزبی دێمۆکرات بنووسم، چەند کەسێک بە دوو بۆچوون بەرپەرچیان دامەوە: "نووسینی نامە بۆ حیزبێک دەبێ لەلایەن کەسایەتی گەورە و ناسراوەوە بێ" و "حیزبی دێمۆکرات قەت مەسەلەی ژنانی بۆ گرینگ نەبووە". وەڵامی من ئەوە بوو: "من دەمەوێ وەک مرۆڤێکی ئاسایی و وەک دەنگێک، ڕای خۆم بە شێوەی نامەیەکی کراوە، بە یەکێک لە حیزبە گەورەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بگەیێنم. وڵامم بۆ تێبینی دووهەمیش ئەوەیە کە کەمدیتنی ژن بە شێوەی بنەڕەتی و ساختاری لەناو حیزبدا هەیە و حاشای لێ ناکرێ و حیزبییەکانیش ئیدعای (فیمینیستی) لایەنگربوونی مافی ژنانیان نەکردووە. دیالۆگ لەگەڵ حیزبی دێمۆکرات زۆر ئاسانترە تا لەگەڵ حیزب و سازمانێک کە خۆی پێ لایەنگری مافی ژنانە و پێیان وایە کە هەوەڵ کەس بوون کە لەم بوارەدا کاریان کردوە و قسەی کەس قەبووڵ ناکەن و بەداخەوە ناتوانن ئەوە ببینن کە چۆن حیزبە چەپەکانی ئێرانی و کورد مافی ژنانیان بە سەدان جار فیدای ئیدەئۆلۆژی و دەسەڵاتی پیاوان کرد و زۆر بڕیاری بەرەواڵەت لایەنگری ژنان، هەر لە خزمەت پیاوانێکی تایبەت و پیاوسالاریدا بووە. تازە ئەگەر دەرفەت بڕەخسێ، دەکرێ مرۆڤ ڕای خۆی بەو**

ئازیزانەش، واتە حیزب و سازمانەکانی تری کوردی، ڕابگەیێنێ. ئێستا کۆنگرەی حیزب گیراوە و دەکرێ ئەو باسە بکرێ.هەموومان دەزانین کە سەختی و دژواری جووڵانەوەی گەلی کورد، ئەگەر بەشێکی لەسەر شانی پیاوانی سیاسی و حیزبەکان بووبێ، سەد هێندە لەسەر شانی ژنانی کورد بووە. ئەو ژنە زەحمەتکێشانە کە بوونە قەڵا بۆ خەباتی کورد. هەر ئەو ژنانە کە ڕۆڵەی خۆیان پێشکەشی خەباتی کورد کرد، هەر ئەو ژنانە کە شان بە شانی پیاوان چەکیان هەڵگرت، هەر ئەو ژنانە کە بە تیری خەلاس پرچیان لەگەڵ خۆێن تێکەڵ بوو، هەر ئەو ژنانە کە شەو ڕۆژ نانی پێشمەرگەیان چێکرد و جلوبەرگی پێشمەرگەیان دەشۆرد، هەر ئەو ژنانە کە ڕێگایان دەکوتا تا کاری نهێنی بە ئەنجام بگەیێنن، و بەتایبەت ئەو ژنانە کە ساڵیانی ساڵ مێرد جێیان دەهێشتن و دەبوو هەم دایک بان و هەم باب. ئەو ژنانە دەبوو زۆر جار بە هەژاری منداڵ بەخێو بکەن و لە بن تۆانج و تەشەر چاوەڕێی گەڕانەوەی مێردیان بن. بڵێی مێردەکانیش هەروا چاوەڕێ بان؟ من بە شکم!لەم ڕۆژانەدا لە ڕێگای پالتالک وە چەند باسێکم دەربارەی کۆنگرەی ١٣ی حیزب گوێ لێبوو. من بیستبووم کە باس لە ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە کۆنگرەدا دەکرێ! (لێرەدا باسی گۆڕینی درووشمی حیزب ناکەم، چونکە بەلامەوە شتێکی تازە نەبوو.) بە خۆمم گوت: حەتمەن گرفتی ژنان یەک لە ئەو ئاڵوگۆڕانە دەبێ! دوای کۆنگرە بۆ پەیداکردنی لیستی کومیتەی ناوەندی هەوڵمدا. تەنانەت ناوی ١ ژنم نەکەوتە بەرچاو. ماوەیەک ڕاوەستام تا ئاخرین خەبەرەکان ببیسم. لە چەند کەسێکم داواکرد کە ئەگەر مومکینە گوزارشتێکی کۆنگرە باس بکەن. لە ئاکامدا بەوە گەیشتم کە ئەو ئاڵوگۆڕانە کە وا تەبلیغاتیان بۆ دەکرا، لە گۆڕینی کەسەکان زیاتر نەبووە و ئەو کەسانەش، هەر پیاوان بوون. پرسی سەرەکی من ئەوەیە کە بۆ ژنان لەناو سەرکردایەتی حیزبدا ڕۆڵییان نییە؟ لە چەند باسێکدا چەند کەسێکی دۆست، لایەنگر و ئەندام وەڵامیان دەداوە کە: "لە حیزبدا هەل و فورسەت بۆ ژنان هەیە بەڵام ژن نییە"، و یان " توانایی ژنان لە ڕادەی پیاواندا نییە". ئازیزان!لەمێژ ساڵە لە ڕێگای نووسینەوە خۆ دەخافڵێنم، بەڵام ماوەیەکە نووسراوەکانم ئاشکرا دەخەمە سەر سایتەکان. من خۆم بەو دەستە لە فیمینیستەکان دادەنێم کە ئاواتیان نەمانی هەڵاواردنی جنسییە و لە ڕۆانگەی سەرتر لە جنس و مافی ئینسانییەوە بۆ گرفتەکان دەڕوانم و کێشەکان ساختاری- کەلتوری- سیاسی دەبینم. ماوەیەک لەمەو پێش لە ماڵپەڕی دیمانە دا، لە دوو نووسراوەی خۆمدا، لەژێر ناوەکانی ژێندێر و دەسەڵات و هەرەمی دەسەڵاتی فکری، ئیشارەم بەوە کردووە کە:ڕۆشنبیران و حیزبەکانی ئێمە زۆر جار بۆ کاری خۆیان لە ژن و مافی ژنان کەڵک وەردەگرن و قەت بە شێوەێەکی بنەڕەتی چاویان لە گرفتی ژنان نەکردووە و دیتنی ژن وەک جنس، لە ستروکتووری پیاوسالاردا، لە گیروگرفتە سەرەکییەکانە. لە دابەشکردنی ڕۆڵ و دەسەڵات، ژن "جنسی دووهەم"ە و لە خوارەوەی هەرەمی دەسەڵات دایە. ئەو ژنانەش کە خاوەنی دەسەڵاتن، بە گشتی دەستووری پیاوسالاری بەڕێوەدەبەن. لەو سیستەمە پیاوسالارییەدا پیاو ئینسانە نەک جنس. پیاو بڕیاردەرە و لە

كاتێكدا كە ژن، ژنە، جنسە و جنسی دووهەم.ئەگەرچی ژنان ئیمڕۆ بەرەواڵەت هێندێک مافیان وەدەستهێناوە، بەڵام هەر كۆنتڕۆڵ دەكرێن. ژنان بە هەزار و یەک شێوە زمانیان دەبڕدرێ. پێمان دەڵێن: بۆ هێندە قسە دەكەن، بۆ بەو پرسیارە یان بەو قسەیە باسەكە دەگۆڕن، خۆ ئێوە هیچتان پێ نییە و هتد. كە چاک تێدەڕوانم دەبینم ئەو كەسانە بۆخۆیان بەشێكن لە كەرەستەی زمانبڕین و سیستەمی خەفەكردنی دەنگ. كەلتور، سیاسەت و رێبەرە گەورەكانی ئێمە فێریان نەكردین رێزدانێین بۆ دەنگی یەكتر. جا ئەگەر ئەو دەنگە ژن بێ ماڵوێرانی بەدواوەیە. بەداخەوە، گەورەكانی ئێمە بۆخۆیان لە دیكتاتۆریدا گەورە بوون، بۆخۆیشیان دیكتاتۆرن و ئێمەش، باقی خەڵک دیكتاتۆرین. كەلتوری دیكتاتۆری ئێمە، كەلتورێكی زاڵمە. كەلتوری ئێمە كەلتوری تۆتالیتەرە كە تێیدا مرۆڤ و دیالۆگ نرخیان نییە.هەر بەو پێیە، سەركردایەتی كوردیش تا ئێستا هەر بە شێوەی هەرەمی لە دەست پیاواندا بووە. كاتێک باسی هەرەمی دەسەڵاتی فكری دەكەم، بەو مانایەیە كە هێندێک كەس و یان چین و توێژێكی تایبەت، لە ئاخر پلەی هەرەمدا، وەک خاوەنی سەرەكی دەسەڵات، بەرێوەبەری كۆمەڵگان و یان لە پڕۆسەی بەرەمهێنانی فكریدا سەر بوون و ئەوان چارەنووسی زۆرینەی كۆمەڵگا و یان گرووپیان دیاری كردووە. (ئەو باسەی من لەلایەن زۆر كەس كە تەنانەت مەدرەكی ئاكادێمیان هەیە دێتە ژێر پرسیار و وەڵامیان ئەوەیە كە دەسەڵات لە نەهایەتدا هەر هەرەمییە. دیارە ئەو بۆچوونە لە دونیایەكی زەینی و واقعێک هەڵدەقوڵێ كە تێیدا تەنیا ئەو شێوەیە لە دابەشكردنی دەسەڵات قەبووڵ كراوە و هەمیشە چەند كەس سەر بوون).لە جیهانی ئیمڕۆدا، دەسەڵات بەگشتی پاتریاركاتە، ئەوەش بەم مانایەیە كە نۆرمەكان و یاسا نەنووسراوەكان لە لایەن سیاسەتەكانی پیاوسالارەوە دیاری دەكرێن و دەسەڵات بۆ دووبارە بەرهەمهێنانی نۆرمەكانی پیاوسالار بەردەوام بیر و مێشكی مرۆڤەكان دەخاتە ناو چوارچێوەی دەسەڵات. لە ستروكتووری پیاوسالاردا ئینسانەكان نابەرامبەرن و بیر و بۆچوونی هێندێكیان لە ئەوانی تر گرینگترە. ژنان بەهۆی جنس - ژێندێر، واتا ئەو تایبەتمەندیانەی كە كەلتورو مێژووی پیاوانە دیاری كردووە، مەودایان پێ نەدراوە كە لە باری بیر و فكرەوە گەشە بكەن. كەلتور و دەسەڵاتی پاتریاركات، تەنانەت ژنانی خاوەن بیریش، بە چاوی سووک دەبینێ. ئەو دیتنە، لەناو رۆشنبیرانی پیاودا، بە چەشنێكی ئاڵۆز و تێكەڵاوێک لەگەڵ دووبل مۆڕاڵی خۆ نیشان دەدا و كاری ژنان سەد هێندە دژوار دەكا. بەهۆی ئەوە كە دونیای ئاكادێمی و بەرەمهێنانی بیریش هەمیشە لە دەست پیاواندا بووە، هاتنە كایەی ژنان لەم بووارەشدا، بە شێوەی جۆراوجۆر بەرپرچ دەدرێتەوە، بەبێ ئەوە كە هێندێک جار ئەو پیاوانە بۆخۆیشیان بزانن و یان بەراوەردێكی ڕاستیان لە كارەكانی ژنان هەبێ. كاری ژنانی كورد، ئاگا و یان نائاگا، لە لایەن پیاوانی بە قسە فیمینیست دێتە ژێر رەخنەی نارەوا. ژن لە باس و بیری ئەو پیاوانەدا، لە شیعر و چیرۆكەكانیاندا، لە كاری ئۆرگانیدا، لە سێكس سابجێكت یان كلک و كەرەستەی ئیدەئۆلۆژی پیاوان، بەولاوەتر ناڕوات. ئەو بەرێزانە، قۆڵ

بۆ کاری کوردایەتی هەڵدەماڵن، بەڵام کاری ژنانی دەستپێشخەر بە کەم دادەنێن و ئەوەش تەنیا بۆ بێبایەخکردنی کاری ژنان لە باری بیرەوەیە.لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا لە نزیکەوە نووسراوەکانی زۆربەی ئەو پیاوە بەڕێزانەم هەم خوێندوتەوە و هەم گوێم لە قسەکانیان بووە. بەداخەوە، دەبێ بڵێم کە ئازیزانم، ئێوە شتێکی زیاترتان لە ژنان پێ نەبووە و ئەوەش کە ئێمەی ژن فێری بووین، لە ژنان و پیاوانی بێگانە بووە کە لە ڕەوان، ئەندێشە و بیری خۆمان نزیکن، نە لە ئێوە.گرفتی سەرەکی ژن لە دونیای ئیمڕۆدا ئەوەیە کە بە هەزاران تالی نادیار، بەتایبەت لە باری بیرەوە زیندانی دەکرێن و بە کەم دادەنرێن. ئەمەش شەڕێکی نێوان چەند کەس نییە و ڕیشەی لە ئەو سیستەم و بۆچوونی پیاوەزنانە دایە کە کەم بایەخترین نووسینی پیاوان لە چاپ دەدەن، گوێ بۆ قسەیان ڕادەدێرن، بەڵام هی ژنان دەبێ لە پردی سانسۆری پیاوانی خاوەن بیر تێپەربێت، یان بە کەم و ژێرپەراوێز داندرێت. ئێمەی ژن بە پێی تەجرەبە و ئەزموونەکانی خۆمان بەو ئاکامە تاڵانە دەگەین و زۆر جار خۆ لە شەڕی فکری دەدزینەوە. ئێمە دەزانین کە ئەو کارانەی کە پیاوان پێی سەرقاڵن، زۆر لە هی ژنان سەیر و سەمەرەتر نین، بەڵام دەترسێین بە دەنگی بڵند بیانڵێین، نەکا پێمان بڵێن: "خۆیان نیشان دەدەن و یان بێحەیا و ناتەبان و هتد". ئێمەی ژن ئێستا لە باری فکرەوە بە جیددی نەهاتووینە مەیدان و یان ئەگەر هەنگاوێکیش هەڵدەگرین بە هۆی نەبوونی ئەزموون لە داوی شەڕی زەرگەری دەکەوین. ئەرکی گرینگی ژنان هاتنە ناو شەڕی فکرییە تا دەسەڵاتی فکری پیاوسالار چی دی زاڵ نەبێ و ئەو هەرەمە فکرییە تێکبشکێ و بەو پێوانەیە کاری ئێمە نرخی بۆ دابندرێت. ژنانی خاوەن بیر دەتوانن بۆ لەناوبردنی سەرەڕۆیی فکری پیاوسالاری، هەوڵ بدن و هەرەمی دەسەڵاتی فکری بشکێنن. گرینگی هێنانەگۆڕی بەردەوامی ئەو باسە، لە کار بۆ ئاڵۆگۆڕ و دابەشکردنی دەسەڵات بە شێوەیەکیتر دایە، واتە دابەشکردنی دەسەڵات بە شێوەی پاراڵێل و هاوکات لەناو گرووپ، دامودەزگا و ئینسانەکاندا. دابەشکردنی دەسەڵات تەنیا ڕێگایە بۆ کۆمەڵگایەکی ئینسانی تا ئازادی و بەرامبەری تاکەکان و گرووپەکان دابین بکرێ. بڵاوکردنی دەسەڵات لەناو کۆمەڵ و لە بەینی ئینسانەکاندا، دەبێتە هۆی پشکووتنی توانایی بیر و هۆش بەتایبەت ژنان کە بە درێژایی مێژوو بە کەم دانراون. ڕەخنەی بەردەوام و وروژاندنی پرسیار ئەرکی ئێمەیە. ڕۆشنبیر ئەو کەسەیە کە ناترسێ و مل بۆ دەسەڵات دانانوێنێ. جا ئەو دەسەڵاتە چ دەسەڵاتی فکری چەند کەسێک لەناو گرووپێکدا بێت یان دەسەڵاتی گرووپێک بەسەر کۆمەڵدا. ژنان دەبێ، باوەڕبەخۆ، بیری کاڵ و کرچ بێننە ژێر ڕەخنە و لە هەڵسەنگاندنی پیاوان نەترسێن. ژیان ئەزموونە و هەموو ئینسانێک بۆی هەیە هەڵە بکا. بە دڵنیاییەوە دەڵێم هەڵەکانی ئێمە ژنانی کورد لە هی پیاوانی کورد گەورەتر نابێ و دونیایەک کە ئێمە لە سازکردنیدا بەشدار بین جوانتر دەبێ.

بەڕێزانم! دوای ١٣هەمین کۆنگرەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، لیستی کومیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی دەرکەوت. لەناو ئەو لیستەدا، بە قەولی کوردی بۆ دەرمانیش بێ، تەنانەت ناوی ژنێک بەرچاو ناکەوێ. پرسیار ئەوەیە: بۆ؟ ئایا لەناو حیزبدا ئەو جۆرەی کە هێندێک برادەر دەفەرموون: " ژنی زانا و دانا و لێهاتوو نییە" و " ڕادەی زانایی ژنان لە ڕادەی پیاواندا نییە" یان هۆی ئەوەیە کە حیزب بۆ ئەو گرینگییە بە شێلگری و بنەڕەتی هەوڵی نەداوە و مەیدان نەبووە؟ ئەگەرچی من خۆم هەم بیستوومە و هەم شاهید بووم کە بەڕێزانێک وەک شەهیدان دوکتور قاسملوو، دکتور شەرەفکەندی و مامۆستا حەسەنزادە ڕێزیان لە ژنان گرتووە، بەڵام بەداخەوە ئەو ڕەفتارە درووستە قەت نەهادینە نەبووە و نەبۆتە پرەنسیپێکی ساختاری لەناو حیزبدا.ئایا کاتی ئەوە نییە کە حیزبی دێمۆکرات بە جیددی بەدوای دیتنەوەی هۆیەکانی ئەو پرۆبلێمە و سەدان گرفتیتردا بێ و لەباتی شەڕ لەسەر کورسی، هەوڵ بدرێ کە ساختاری حیزب و ئۆرگانەکان بە شێوەیەکی نوێ سازبدرێنەوە؟ بۆ کەم پیاوی ناشارەزا لەناو حیزبەکانی کوردیدا لەو جێگایە دانیشتوون کە نابێ لێی بن؟ بۆ نین ئەو پیاوانەی کە پرستیژی حیزبیان خستۆتە مەترسی؟ بەڕاست، ڕادەی ڕۆشنبیری پیاوان و حیزبەکانی کوردی بە چەپ و ڕاستەوە چەندەیە کە ژنەکان وا هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکرێ؟ ئەگەر مەیدان هەیە بۆ دوای زیاتر لە ٥٥ ساڵ کار و خەباتی حیزبی، ژنانێک پەروەردە نەبوون کە بتوانن بگەنە کومیتەی ناوەندی؟ بۆ پیاوان لە نێوان خۆیاندا هەر جۆرێک بێ بە سازش دەگەن بەڵام کە دەگاتە ژنان، دەبێ ڕادەی دانایی ئەو ژنانە زۆر لە سەرەوە بێ؟ (ئەگەرچی من پێم وایە کە ژنان دەبێ خۆ پەروەردە بکەن و بە توانایی خۆیان بتوانن ڕۆڵی کارگێڕیان هەبێ.) بەڕاست ژنی وامان نییە کە بتوانێ شان لە شانی ئەو پیاوانە بدا؟ بەڕاست هەموو پیاوانی دەسەڵاتداری کورد زانا و شایستەن؟ بۆ بە هۆی ناڕەوا ژنان لە مەیدان دەردەکرێن؟ ئەگەر ژنی کارزان نییە، بۆ بە هێنانەکایە و ڕێگادانیان، فێریان ناکەن؟ بۆ ژنانی هاوخەباتی خۆتان بە سەدان تاوان لە حیزب دوور دەکەنەوە؟ بۆ ڕێگا بۆ هاتنی سەدان کچی خوێندەوار لە ناوەی وڵات بۆ ناو حیزب خۆش نەکراوە؟ بۆ تەنانەت لە دەرەوەی وڵاتیش و لە ئورووپاش وەزع باشتر لە ناوەوە نییە؟ بۆ ... بۆ... بۆ... و سەدان پرسیاریتر. ئایا کاتی ئەوە نییە کە حیزب کومیتەی لێکۆڵینەوە دابنێ تا بە جیددی، وەک حیزبەکانی ئوروپایی، لەسەر ئەو بابەتە بکۆڵێتەوە و هۆیەکانی ئەو کەمتەرخەمییە و گرفتەکانیتر بدۆزرێتەوە؟ ئایا کاتی ئەوە نییە کە حیزب بە میتۆد و سیستیماتیک کار بۆ لەناوبردنی نابەرامبەری نیوان ژنانو پیاوانی ناو حیزب بکا؟ خۆشەویستان!نامەکانی من زیاتر لەناو دەفتەرەکانمدا تۆزی زەمانیان لێ دەنیشێت و زیاتر خۆیان لە دونیای هەست و شیعر، ئەویش هەر بۆ خۆم، نزیک دەکەنەوە، بەڵام بڕیارم دا کە ئەو نامەیە، نامەیەکی ئاشکرا و کراوە بێ. نە لەبەر ئەوە کە خۆم بە کەسێکی مەزن دادەنێم کە دەبێ نامە بۆ حیزبێکی گەورەی کوردی بنووسێ. نا، تەنیا لەبەر ئەوە کە حیزبێکی گەورەی کوردی وەڵامێکی ڕەسمی بداتە ژنێکی ساکاری کوردی

ئاوارە. دەمەوێ بزانم کە بەرنامەتان بۆ لەناوبردنی ئەو نابەرامبەریە، چ لەناو حیزبدا و چ لەناو کۆمەڵگادا، چییە؟ئارەزووم سەرکەوتنتانە!بە

سەرچاوە: ویبلاگی پەراوێزی بیر - ڕێکەوتی: ٢٠ی ئاگۆستی ٢٠٠٤

## دیالۆگ یان داسەپاندنی ئیدەئۆلۆژیک

پرسیاری سەرەکی لەناو باسەکانی کۆمەڵایەتیدا هەمیشە ئەوە بووە کە بۆ ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات بە دوو ڕێگای جیاوازدا ڕۆیشتوون؟ زیاتر لە ٢٤٠٠ ساڵ لەمەوبەر، فیلەسووفی یۆنانی، سۆقرات (٤٧٠ - ٣٩٩ پ. ز.) بۆ گەیشتن بە حەقیقەت، مێتۆدیکی هێنا کایەوە کە بە ناوی مائییۆتیک، " هونەری زایین، واتە بەدنیاهێنان، ناسرا. Childbirth لەو مێتۆدەدا، وەڵام لە ڕێگای پرسیار و گفتوگۆ دەستدەکەوێ. هیچ کەس حەقیقەتی موتلەقی پێ نییە و پرسیارەکان وەک تۆپێک لە نێوان خەڵکدا خوول دەدەن و هەر کەس لە ڕوانگەییێکەوە پرسیار و وەڵامی خۆی دێنێتە ئاراوە. بەم جۆرە دیالۆگ دەبێتە کاکلی پرۆسەیەک بۆ وەدەستهێنانی حەقیقەت و جەوهەری بیرەکان دەردەکەوێ ١- هێنانە کایەی ئەو مێتۆدە، نەزانی زۆرکەسی دەخستە ڕوو. شایەد هەر بۆیە سۆقرات بە جامێک ژەهر بەدەستووری خوداپانی خاوەن دەسەڵات لەژێر ناوی هەڵخەڵەتاندنی جوانان و بیری دژ بە خودایان لە ناو بردرا.

کاتێک داوایان لێکرد کە دەست لە پرسیار هەڵبگرێ تا بژیت، قەبووڵی نەکرد. کە بەرو مەرگ دەچوو، نەشلەژا و گووتی بە فڵانە جیران قەرزدارم، قەرزەکەم بدەنەوە. سۆقرات ڕۆشنبیر بوو (ئەگەرچی هێندێک لە بۆچوونەکانی سۆقرات جێگای ڕەخنەن) چونکە توانی بڵێت: "دەزانم کە چەندە نەزانم و وەڵامی زۆر پرسیارم نییە." ڕۆشنبیرێکی تر ئێدوارد سەعید (١٩٣٥ - ٢٠٠٣) (کە ساڵێ پێش بە هۆی نەخۆشییەکی سەخت لە دونیا ڕۆیشت) چەمکی ڕۆشنبیر ئاوا دەناسێنێ: "ڕۆشنبیر ئەو کەسەیە کە پرسیار دەورووژێنێ، بە عەلەنی و ئاشکرا بیری نەترسانەی خۆی ڕادەگەیێنێ، بەدوای حەقیقەتدا دەگەڕێ و سەر بۆ دەسەڵات داناخا." ئاخۆ چەند ڕۆشنبیری وەک سۆقرات و ئێدوارد سەعید لەناو ئێمەی کورددا هەیە؟ بە پێ پێوانەکانی سەرەوە وەڵام دیارە. ئێمە زۆر جار سەبارەت بە کۆمەڵگای مەدەنی دەبیسین و دەدوێن، کەچی بنەمای فەلسەفی و سیاسی ئەم کۆنسێپت - چەمکە بە باشی ناناسین

و ئەزموونە تاڵەکانیش هیچ نەبوونەتە دەرس بۆ ئێمە. ئاخۆ دەبێ هۆیەکانی ئەم نادیارییە و کەڵکوەرنەگرتنە لە مێژوو، چ بن. بۆ ئێمە ناتوانین دان بە یەکترین و بە بوونی بیرورای جیاواز دانێین؟ بۆ لە گفتوگۆی نێوان دوو بەرەی جیاوازدا، یەکێکیان حەقانییەتی مێژوویی بۆخۆی دادەتاشێ و ئەوی تر دەبێ لە پۆزێسییونی "خۆپارێزی" ڕا وەڵام بداتەوە؟ هەموو ئێمە دەزانین کۆمەڵگای ئێمە و ئەو قەوارە جۆگرافییەی کە کوردستانی تێدایە، تا ئێستا باری سیاسییەکی وەهای بۆ نەرەخساوە کە بتوانێ بە تەواوی بە قۆناغی کۆمەڵگای مەدەنیدا تێپەڕ بێ. ئەمەش هەم هۆی ناوخۆیی و هەم دەرەکی بووە. لە وڵاتێک کە زاڵم و دیکتاتۆر حاکمن، گەلێکی دیکتاتۆرمۆڕالیش پەروەردە دەبێ. ئەوانەش کە دەخوازن ڕەچە بشکێنن، یان دەکەونە مەنفا و ئێکسیل و یان دەکوژرێن. لە وڵاتانێک کە دیکتاتۆری دەسەڵاتی بووە، حیزبە سیاسییەکانیش دیکتاتۆرن و ئەندامانی ئەو هێزانە، زۆر جار بۆ باش نیشاندانی خۆیان ئارەزووی ئەوە دەکەن کە هێزەکانی تر، تووشی هەڵەی وا بن کە تەنانەت دووژمن ئارەزووی ناکا. ئەو فەلسەفەیە واتە "هەڵەی ئەوانی تر، ڕاستی من نیشان دەدا"، بۆچوونێکی دوور لە زانایی و هەمیشەیی‌یە لە سیاسەتی هێزەکان و تەنانەت هی تاکەکانیش بەرامبەڕ بە یەکتر. ئەگەرچی، ناکرێ نکۆڵی لەوە بکرێ کە: - دەسەڵاتی پیاوەمەزنانەی خۆپێزلی سەرەڕۆ - ئاسەواری دینەکان بە گشتی - کولتور و داب و نەریت - نەبوونی ئازادی و دیمۆکراسی - نەخوێندەواری کۆمەڵگا و کەمدەرەتانی ئابووری هۆی سەرەکی بوون بۆ نەبوونی بناخەکانی دیالۆگ و تۆلێرانس لە کۆمەڵگادا، بەڵام ئەوە هیچ لە باری بەرپرسی کەم ناکاتەوە کە ئێستا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و بنەڕەتی هەوڵ بدرێ بۆ سەقامگیرکردنی کۆمەلگای مەدەنی و بناخەکانی بە هۆی هەموومانەوە. کۆمەڵگای ئێمە، تاک، نیهادەکان و حیزبە سیاسییەکانی ئێمە، بە چەپ و ڕاست و نێونجییەوە، تەجرەبەی ساڵیانێکی زۆر ژیان لە ژێردەست دیکتاتۆریمان هەیە. هەروەها زۆربەی هێزەکان لە باری سیاسییەوە داوای ئازادی و دیمۆکراسی دەکەن. کەچی ئەو هێزانە کەسایەتی و تاکی ئێمە، گشتمان، لەگەڵ بنەماکانی فکری و فەلسەفی، دیرۆکە و چەمکی "ئازادی" و "کۆمەڵگای مەدەنی" ئەو جۆرە کە پێویستە هەڵسوکەوت ناکەین. جا یان ئاشنا نین و یان بە پێی پێویست نەمان خستۆتە ناوەندی بیر. هەڵبەت بەشێک دەگەڕێتەوە سەر ئەوە کە بەشێکی زۆر لە توانا و کاری ئێمە وەک گەلێکی ژێردەست، بۆ خۆپارێزی لە دەست دیکتاتۆرەکان تەرخان بووە و کۆیلێتی لە خۆیدا ڕێگا نادا بە دیالۆگ. بەشیکی‌تریش عەوداڵ بوون بۆ وەدەستهێنانی دەسەڵات بە هەر قیمەتێک زۆر پرنسیپی لەبیر بردووتەوە. بە گشتی ئێمە ئەوەندە ئەزموونمان هەیە کە چۆن دیکتاتۆران خەڵک لە ناو دەبەن و چۆن هێزەکان یەکتری لە مەیدان بەدەردەکەن. مەخابن، ئەوەی کە ئینسان دڵگیردەکا ئەوەیە کە بۆ لەو ئەزموونانە کەڵک وەرناگیرێ؟ بۆ جیلی پێشوو ئەزموونەکانی خۆی ناکاتە دیکۆمێنت و بەلگە بۆ جیلی داهاتوو؟ بۆ هەست بە بەرپرسیاری ناکرێت بەرامبەر بەم گرینگییە؟ بەداخەوە لە گفتوگۆی ناو رادیۆکان، گۆڤارەکان و

سایتەکان، لە چالاکی حیزبەکاندا، لە کاری ئاکادێمیک و نووسەراندا، لەناو خێزان و لە گشت تار و پۆی کار و چالاکی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا، بێڕێزی بە یەکتر و بە تاک، نکۆڵی لە بوونی" ئەویتر" بۆتە دێوەزمەیەک کە بڕیار دەدا کێ قسە بکا و کێ چ بڵێت. ئەوەی کە دیار نییە، مافی تاک و مافی ڕا دەربڕینە. ئیستاش چەک بڕیاردەرە، نەک بیر. ئەوەی کە نرخی نییە مرۆڤە و هەوڵدان بۆ کۆمەڵگای مەدەنی زۆر جار لە گاڵتەجاڕی و پۆز بەم لاوە زیاتر ناچێ. لە کۆمەڵگایەکی مەدەنیدا تاک سەروەری خۆیەتی و مافی شاروەندی هەیە. نیهادەکان لە قەراخ یەکتر چالاکی خۆیان دەکەن و هەل بۆ دەربڕینی بیروڕای گشت و یەکتر دەرەخسێ. ئینسانەکان جیا لە بیر و باوەڕ و ئایین و بنەچە و... نرخیان هەیە. ئایین و ئیدەئۆلۆژیەکان خۆ بەسەر دەستوور و یاسادا ناسەپێنن و دەسەڵات بەپێی دەنگ دابەش دەکرێ. لە کۆمەڵگای مەدەنیدا لەناو نیهاد و هێزێکی مەدەنیدا، ئینسانەکان بەهۆی جیاوازی بیروڕا بە جاسوس، خائین و جینایەتکار داناندرێن و بگرە ئەگەر لە کەمینە دابن دەبێ ڕێگا بدرێن کە ڕای خۆیان بە زۆرینە ڕابگەیێنن. لەناو هێزێکی مەدەنیدا، تاک و هێزەکان بە ئێتیکێت و بەرچەسب لە میدان دەرناکرێت، بەڵکو ئەوە دیالۆگ لە نێوان تاکەکان و هێزەکان دایە کە ڕاستی و ناڕاستی بیر و بۆچوونەکان نیشان دەدا، نەک هەڵکوتانی نارەوا بۆسەر یەکتر و لەژێرپێنانی ئەرزشی کاری یەکتر. مێژووی خۆپێزلی، خۆ بە فیلەسووف دانان و هەبوونی وەڵام بۆ هەموو پرسیارەکان و لە ئاکامدا بڕیاری لە ناوبردنی بەرامبەر لەناو ئێمەدا چیرۆکێکی چەند هەزار ساڵەیە. سیاسیکاران و هێزەکانی ئێمە بە چەپ و ڕاست و ئایینیەوە، بە ناو ئەدیبان و ڕۆشنبیران، بنەماڵە و تەواوی تار و پۆی کۆمەڵگای ئێمە دوچاری نەخۆشییەک بە ناوی "نەبوونی دیالۆگ"ە. ئێمە نەک هەر قەرزی خۆمان بەرامبەر بە یەکتر نادەینەوە، بەڵکو هەر کامێکیش لەژێر ناوی تیئۆری و ئیدئۆلۆژی و مۆرالێکی تایبەت بە خۆ، بڕیاری لەناوچوونی ئەوانیتر، جا چ لەناو گرووپی خۆیی و چ گرووپی بەرامبەر دەدەین. بەداخەوە بیری جۆراوجۆری سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئەدەبی تا ئێستا بە شێوەی زۆر تۆتالیتاری و پۆپۆلیستی، لەسەر سەکۆی قەزاوەت دانیشتوون و بڕیاریان داوە کە کێ ڕاستە و کێ ناڕاست. بۆ گەیشتن بە دەسەڵاتی بچووک یان مەزن، "بەرچەسپ لێدان"، دەرکردنی "فتوا" بۆ کوشتنی یەکتر، نێوناتەکە لە یەکتردان و هەرچی کاری ناشایستیترە کراوە و دەکرێ. بەداخەوە، دوای زیاتر لە ٥٠ ساڵ ئەزموونی زۆربەمان، دیسان شاهیدی ئەوەین کە هێندێک جار بە ئاشکرا و زۆر جاریش نادیار، جۆرە ڕاسیزمێکی ئیدئۆلۆژیک (مەبەستم ئەو بۆچوونەیە کە تەنیا بیری خۆی بە ڕاست و ئەسیل دادەنێ) دەخوازێ بە مێتۆدێکی پۆپۆلیستیانە و بە پروپاگەندا، پێش بە دیالۆگێکی نێوان ئینسانەکان بگرێ. ئەو شێوەیە زەمانێک بە چەک و هەمیشەش بە پروپاگەندە هەوڵ دەدا مرۆڤەکان لە چوارچێوەیەکی تەسکدا، تاریف بکا و ئایدێنتیتی - کەسایەتییەکی هەمیشەی بداتە تاکەکان و هێزەکان، خافل لەوە کە تاک و گشت، بەردەوام لە پرۆسەی گۆڕاندان و ئەو شتەی کە دەبێ

نەگۆڕێ، دیالۆگە و بەس. تەنیا لە دیالۆگێکی سازندە دایە کە بیر و ڕاکان و ئینسانەکان بارووەر دەبن و دەگەشێنەوە. ئەو کەسانەی کە لە دیالۆگ دەترسن و زوو بەرچەسپێک لە بەرامبەریان دەدن، هەر دیکتاتۆرن و بیری تۆتالیتاری بەرهەم دێننەوە. شایەت کاتی ئەوە هاتووە کە دەست لە دادگایی کردنی یەکترین بێنین و تەنیا نەبینە قازی شەرع. ئەو کارە هەر هەمان کاری دەسەڵات و گرووپە فاشی و تۆتالیتەرکانە کە لە دیالۆگ دەترسن و خەڵک سەردەبڕن. ئەو کارە چ لەژێر ناوی ئیدەئۆلۆژی و شۆڕشگێڕی و چ لەژێر ناوی کوردایەتی دابێ، هەر ئاکامێکی هەیە: فتوای کوشتن لەژێر کاریگەری بیری "ئەوانەی کە لەگەڵ من نین، دژ بە منن". ٢٠ ساڵ لەمەوبەر ئەگەر کەسێک لە باری فکرییەوە لەچەپی سۆڤییەت لایدابا، پێیان دەگوت "ڕێفۆرمیست" و دەکەوتە زیندان و یان لە حیزب دەرکرا. ئێستا هەرکەس پۆپۆلیست نەبێ پێی دەڵێن "خائین، ڕاست". نموونەی تر ئەوە کە لەژێر ناوی کوردایەتی زیاتر لە سەدەیەکە یەکتر دەکوژین. وا دیارە کە دەبێ مێتودی سۆقراط دوای زیاتر لە ٢٠٠٠ ساڵ، بەجیدی بیری لێ بکرێتەوە. من وەک تاکێکی کورد پێموایە کە کولتوری ئێمە لە نەخۆشییەک ڕەنج دەبا، ئەویش ئەوە کە تا ئێستا مروڤ نەهاتۆتە ناو سەنتەری بیر، مروڤ قیمەتی نییە و زۆر بە ئاسانی هەر جارێک بە بیانوویەک لەژێر پێ دەنرێت. جا کە مروڤ نرخی نەبوو، بیر و ڕاشی گرینگ نییە و لە ئەنجامدا بە کۆمەڵ دەفرۆشرێ. پێموایە کە کاتی ئەوە هاتووە کە رنسانسێکی فکری لە تاروپۆی ژیانی ئێمەدا رووبدا. ڕۆژئاوا بۆیە توانی ڕێگایەکی تر بگرێتە بەر، چونکە هۆمانیزم و دیالۆگی کردە بەردی بناخەی ئەندیشە و فلسەفەکانییەتی. لە هەلومەرجی ئێستای کوردەواریدا، ئەرک و بەرپرسی ئەوانەی کە بۆ مافی سەربەخۆی کورد هەوڵ دەدەن زۆر قورس و گرینگە. ئەو کەسەی کە بۆ گەیشتن بە حەق هەوڵ دەدا، نابێ بۆخۆی ناحەقی بکا و مێتۆدی نادرووستی لەناوبردنی فیزیکی و فکری بەکار بێنێ. ئەوەی دڵی بۆ کورد دەوسوتێ، دەبێ ڕێگا بۆ گەیشتنی کوردستان بە کۆمەڵگای مەدەنی خۆش بکا و لە دیالۆگ نەترسێ. تەنیا لە دیالۆگ و ئاشکراگوتن دایە کە حەقیقەتەکان و ڕێگای چارەسەری گرفتەکان دەردەکەون.

سەرچاوە: وێبلاگی پەراوێزی بیر - ڕێکەوتی: ٧ی جوونی ٢٠٠٤

# مەرگ و کچ

شانۆنامەی مەرگ و کچ باس لە چەندان پرسیاری سەرەکی تاک و کۆمەڵ دەکا: کە تاک هەڵگری حەقیقەتێکە، بەڵام هیچ بەڵگە و شاهیدێک جگە لە هەستەکان نییە بۆ ئیسباتی ڕاستی بە دەوروبەر. ئاخۆ کێ باوەڕت پێدەکا؟ بە شێت دانادرێت؟ ئایا بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی مەدەنی، دەبێ هەمیشە پیاوانی ڕاشیۆنێل و ئاقل بڕیار بدەن؟ ئایا ئینسانەکان دەتوانن یەکتر ببەخشن یان تەنیا ڕێگا، لەناوبردنی دیکتاتۆران و دەسەڵاتدارانی پێشوویە؟ کاتێک کە ژنێکی ڕاستگۆ باوەڕی پێناکرێت بەڵام زۆر ئاسان، پیاوێکی درۆزن و ئەشکەنجەگەری سەردەمی دیکتاتۆری دەتوانی خۆ حەشار بدا و باوەڕی خەڵک وەدەست بێنێ. ئەمانە و زۆر پرسیاریتر لە مەرگ و کچ دا هاتونەتە ئاراوە. لە شانۆنامەی مەرگ و کچ دا بۆ یەکەم جار ئەکتەرێکی کوردی ژن، تەلار هیرانی لە ڕۆڵی پاولینا سالاس، بە شەهامەتێکی بێوێنە، چۆتە بەرگی ژنێک کە دەبێ گوزارشت لەوە بکا چۆن، چەندین جار لە زینداندا، دەستدرێژی جنسی پێدەکرێ و چۆن بە "قەحبە" ناوی دەبەن. پاولینا باس لەوە دەکا کە چۆن لە ١٥ ساڵ ژیانی دوای زیندان، ژانێک لەناو رووحیدا پەنگی خواردووە. باس لە بەسەرهاتێک دەکا کە لەلایەن مێردەکەشی کە پارێزەرێکی سەرکەوتوویە و لە لایەن سەرۆکی وڵات کراوەتە "بەرپرسی کۆمیتەی لێکۆلینەوە لە تاوانەکانی ڕژێمی پێشوو"، داوای لێدەکرێ کە ئاقڵانە بجووڵێتەوە. پارێزەر، گێراردۆ ئێسکۆبار، نوێنەری ئەقڵ، وەزیفە و رووشنبیری و یاسا، لە نێوان هەستەکانی خۆی و ڕاشۆنالیتێتدا لە نێوان ئەشق بە پاولیناو کارەکەی، دێت و دەچێ. ئاخۆ گێراردۆ چەندە باوەڕ بە پاولینا دەکا؟ بۆ گێراردۆ ناتوانێ بە دەنگی بلند بلێ کە ژنی ئەو یەک لەو کەسانەیە کە دەستدرێژی پێکراوە؟ لە دیکتاتۆرەکان دەترسێ کە ئاتۆیان بکەوێتە دەست یان لە ئابرووی خۆی؟ پاولینا ئەو ڕازەی تەنیا بۆ گێراردۆ باسکردووە، بەڵام قەت هەستی بە حەسانەوە نەکردووە. پاولینا بە دەنگ و بۆن دەستدرێژکەر دەناسێتەوە، بەڵام ئایا ئەو هەستانە بۆ گێراردۆ و کۆمەڵ جێگای متمانەن؟ ڕۆژێک لە ڕۆژان پاولینا بە مۆرکردنی زاری خۆی هەوڵیدا کە لەژێر ئەشکەنجەش، قسە نەدرکێنێ و گیانی گێراردۆ نەجات بدا، بەڵام ئێستا دێسانەکە دەبێ پاولینا پێ لە خۆی و هەستەکانی خۆی بنێ. پاولینا دوای زیندان نەیتوانیوە دەرس تەواو بکاو ئێستا ژنێکی ئاساییە کە دەبێ ئاگای لە ڕێکوپێک کردنی ژیانی ڕۆژانەی گێراردۆ بێت، فراوینی خۆشی بۆ سازبکا، ئاگای لە جەکی ماشێنی گێراردۆ بی و میوانداری بۆ بکا. لە ١٥ ساڵدا گێراردۆ بە پاولینای گوتووە کە چ بکا و چ نەکا، لە حالێکدا گێراردۆ بۆ خۆی بەبێ پرسی پاولینا، پۆستەکانی باڵا وەردەگرێ و بڕیار دەدا. گێراردۆ داوا لە پاولینا دەکا کە ئاقڵانە بجولێتەوە کەچی کاتێک دوکتۆر ڕۆبێرتۆ میراندا، ئەشکەنجەگەر،

باس لە نامووسی گیراردۆ دەکا، پارێزەر یاسای لە بیردەچێتەوە و دوکتۆر بە "کوڕی قەحبە" نێودەبا. پاولینا تەنیا ئارەزوویەکی هەیە، ئەوە کە باوەڕ بە هەزاران ژن و کچ بکەن کە چۆن کەسایەتییان بە رووح و لەشەوە، کەوتۆتە ژێر دەستدرێژی. تەنیا ئارەزوویەک، کە ئەشکەنجەگەران، چیتر درۆ نەکەن و لەو ئاکارە پیسانە کە کردوویانە، لە دڵەوە پەشیمان ببنەوە. تیپی شانۆی ئارارات بە ڕژیسۆری فازل جاف، لە ڕێگای تێکستێکی بەپێز و ئینسانییەوە، بە دیالۆگ لەگەڵ بینەر و هێنانەکایەی بینەر بۆ ناو شانۆ، گوزارشت لە کۆنفلیکتێک دەکا کە گرفتی نێوان زۆر بنەماڵە و ئینسانە لە وڵاتانێک کە لە پرۆسەی بەرەی کۆمەڵگای مەدەنین. گۆزارشت لەو ژنانە کە لە سەرانسەری جیهان و لە هەر چوارپارچەی کوردستانی خۆشماندا کەوتوونەتە بەر شاڵاوی دەستدرێژی جنسی و رووحی. زمانی ئەو گۆزارشە، زمانێکی تۆتالیتەر و پیاوسالارە کە لە خۆیدا هەم بۆتە هۆی بەهێزکردنی شانۆکە و گۆڕانکاری لە شانۆی کوردیدا و هەم گۆزارشت لەوە دەکا کە چۆن زمانی ڕۆژانەی ئێمە زمانێکی پیاوسالارە. پاولینا، نوێنەری ئەو ئینسانانەیە کە دیانەوێ بە مافی خۆیان بگەن، بەڵام باوەڕیان بە سیستێم و ئەو دیمۆکراسیانە نییە کە تێیدا، لیستەی ناوی زاڵمان و ڕاستییەکان دەشارێتەوە. ئایا پاولینا دەبێ زاڵم بکوژێ یان بیبەخشێ؟ مرۆڤێکی زوڵملێکراو تا چ ڕادەیەک بۆی هەیە کە ئازارەکانی خۆی بکاتە سەرچاوە بۆ بڕیاردان لەسەر داهاتووی ژیانی دیکتاتۆران و ئەشکەنجەگەران؟ ئایا درووستە کە وەک دیکتارۆرەکان جوڵاوە؟ شانۆنامەی مەرگ و کچ لە لایەن دەرهێنەری بەتوانا فازل جافەوە پێشکەش کراوە بە ئەو ژنە سیاسیانە کە ئەشکەنجە کراون. من دەڵێم کە ئەو شانۆیە دەتوانێ بۆ هەموو ئەو ژنانەش بێت کە هەڵگری ڕاستین، بەڵام ڕۆژانە لە چوارچێوەکاندا قەتیس دەمێنن و قەت باوەڕیان پێناکرێ ... سپاس بۆ ئێوە خۆشەویستانی تیپی شانۆی ئارارات، تەلار هیرانی، مەریوان کەمال، عادل عەبدوڵڵا، شادە عومەر، فەرمان جاف و ڕژیسۆر فازل جاف.

سەرچاوە: وێبلاگی پەراوێزی بیر - ڕێکەوتی: ٣٠ی مای ٢٠٠٤

## جنس (ژێندێر) و دەسەڵات - تێروانینێکی باڵاتر لە جنس

دیتنی ژن وەک جنس، لەستروکتووری پیاوسالاردا، لە گیروگرفتەکانی سەرەکییە. شێوەی ژیان و ڕۆڵی ئێمە بە جنس (سێکس)، واتە ژنبوون یان پیاوبوونمان گرێدراوە. ژن و پیاو دەبێ ئەرکەکانیان بەپێی کولتوور و قەرارداد

ڕاپەڕێنن. لە دابەشکردنی ڕۆڵ و دەسەڵاتدا، ژن "جنسی دووهەم"ە و لە خوارەوەی هەرەمی دەسەڵات دایە. ئەو ژنانەش کە خاوەنی دەسەڵاتن (دەسەڵاتی سیاسی) بە گشتی دەستووری پیاوسالاری بەڕێوەدەبەن.سیستێمی پیاوسالار دوو جۆرە تایبەتمەندی لە ژن و پیاودا پێکدێنێ:

١- پیاو نابێ ژان و خەم بدرکێنێ، دەبێ هەست نیشان نەدا و ئەرکی پیاوانەی خۆی ڕاپەڕێنێ. ئەمە سیمای بوونەوەرێکی دڵڕەق دەشووبهێنێ.

٢- ژن وەک بوونەوەرێکی لاواز، حەساس و پاسیڤ.دابەشکردنی ئەرکی ئینسانەکان بەپێی جنس لە منداڵییەوە، بناخەی ڕۆلی مرۆڤەکان لە داهاتوویان و هەرەمی دەسەڵات دادەڕێژێ. ژن وەک جنس - سێکس و پیاو وەک سووبییەکت - بکەر، جێگایان دیاری دەکرێ. ژن دەبێ وەک جنس، بەردەوام تازە بێتەوە و لە بازار وەپاش نەکەوێ. تەنانەت ژنانی ڕۆشنبیریش تووشی ئەو دووبڵمۆڕالی‌یە دەبن و لەژێر ناوی "نەترسان"، "سروشتی ژنانە"، " گرینگی جوانی" و "نۆرماڵ بوون" بەردەوام وەک جنس بەرهەم دێنەوە و ئەگەر لە بەرامبەر بازاردا ڕاوەستن، بە ترسەنۆک و وەپاشکەوتوو دەناسرێن. ئەو کەسانە بە "دژ بە سرووشت" و "دژ بە نۆرم" لەقەڵەم دەدرێن. دانی ئەو تایبەتمەندییە، واتە "خاوەنی سرووشتی ژنانەبوون" بە ژنان، هەمان سیاسەتی دابەشکردنی ئینسانە بەپێی جنس و بەردەوامبوونی سیستێمی پاترپارکات - پیاوسالار و دیتنی ژن وەک سێکس و کاڵا. ئەو نیگایە، ژنی لە چەمکی "ئینسانبوون" بردووتە دەر و خستوویەتی ناو چوارچێوەی تەسکی ژنانە بوون. ڕوویتری ئەو تێڕوانینە، داپۆشینی ژنە تا کەس نەیبینێ. لە هەر دووک بۆچووندا، ژن لە جنس زیاتر نییە و ئینسانەکان لە دوو کاتێگۆری ژنانە و پیاوانەدا بەرهەم دێنەوە. وێنەیەک: جلوبەرگی ژنانە - پیاوانە، یەکێک لەو نۆرمانەیە کە جیا لە جیاوازییەکانی کەسایەتی، بنەماڵەیی و ئێتنیکی، ڕۆڵی ئینسانەکان دەستنیشان دەکا.

جلوبەرگ وەک هەڵگری نۆرم بەپێی کولتوور، هەوەڵ نیشانەیە کە لە پێوەندییەکانی ڕۆژانەدا، دەیخوێنینەوە. جگە لە جلوبەرگ، (نۆرمی ژنێتی - پیاوێتی لە ئیش و کار، ئاخافتن و چالاکی کۆمەڵایەتیشدا خۆدەنوێنن). جلوبەرگ لە کات و شوێنی جیاوازدا گۆڕاوە و دەگۆڕێ. زۆر فاکتۆری سیاسی، ئابووری، جوگرافی و دینی کاریگەری لەسەر ئەو ئاڵوگۆڕەدا هەیە.

خەباتی ژنان و مۆدێرنیتە، دوو هۆی سەرەکی بوون بۆ وەدەستهێنانی هێندێک ئازادی و ماف وەک مافی خوێندن، سەفەر، کار و جلوبەرگ. ڕزگاربوون لە لیباسی نالەبار و قورس لە زۆربەی وڵاتان لە دەستکەوتەکانە. بەڵام ئەو

دەستکەوتە، لەژێر کاریگەری بازاڕ و سیستێم دایە بۆ دووبارە بەرهەمهێنانی ژن وەک جنس بە هۆی کەلوپەلی خۆجوانکردن و جلوبەرگی ژنان. ئێمەی ژن بە کڕینی ئەو شتانە و تەرخانکردنی کاتێکی زۆر بۆ کەڵکوەرگرتن لە ئاخرین دەستکەوتەکانی بازاڕ، خۆ لەو حەقیقەتە گێل دەکەین کە ئەو بەرهەمانە بەکاردێنین. تا "نەترس"، "مۆدێرن" و "دڵڕفێنتر" بێینە بەرچاو، هەرچی ڕووتتر ئەوا نەترستر؛ دژی ئەوەش، هەرچی داپۆشراوتر ئەوا لە خوا نزیکتر. لە ڕاستیدا هەردوو بۆچوون هەر یەک سەرچاوەیان هەیە: ژن بەرامبەرە لەگەڵ سێکس و جنس.دابەشکردنی دەسەڵات بە پێی ژنبوون - پیاوبوون، نۆرمەکانی سیستێم دیاری دەکەن. پیاو ئینسانە نەک جنس. پیاو بڕیاردەرە لە کاتێکدا کە ژن، ژنە و جنسی دووهەم:

١- ئەگەرچی ژنان ئیمڕۆ بە ڕەواڵەت هێندێک مافیان وەدەستهێناوە، بەڵام هەر کۆنتڕۆڵ دەکرێن. بۆ ژن دەکارێ ڕووت بێ بەڵام بۆ وێنە لە کاتی دەستدرێژی جنسی بۆ کچان و ژنان، هەر ژنان بە جۆرێک خەتاکار دەناسرێن تا کە لە تاوانی پیاوان کەم کەنەوە؟ بۆ ژنان لە پلەکانی سەرەوەی بازاردا دیار نین؟ بۆ تا ژنێک دێت کە بگاتە سەرۆککۆماری و سەروکوەزیری، بە شێوەیەک داستانێکیان بۆ سازدەکەن تا لادرێن؟ و هتد.وڵامی ئەو پرسیارانە دیارن: ژن جنسی دووهەمە و لە پلەی خوارەوەی هەرەمی دەسەڵات دایە. پیاو نۆرمە و بڕیاری نەهایی دەدا. (لە وڵاتی سوید، کە بە وڵاتی سەقامگیرکردنی مافی ژنان ناسراوە، ئێستاش مووچەی ژنان کەمترە لە پیاوان. ژنانی ناو پارلەمان باس لەوە دەکەن کە چۆن لە ناو پارلەماندا ئازار دەدرێن. دایکانی منداڵدار لە کاردا وەک پیاون پارە وەرناگرن... هتد).ئاواتی وەدەستهێنانی کەسایەتییەکی ئینسانی (نە ژنانە) بۆ ژن، ئەو ئەرکە دەخاتە ئەستۆ کە یاسا و نۆرم، ستروکتور، زمان و کولتوور بخەینە ژێر ڕەخنە. بۆ دیتنی ژن وەک ئینسان و نەک وەک جنس، دەبێ چەمکی ژنانەبوون - پیاوانەبوون لەناوبچێت.

٢- ئینسانی ئیمڕۆ، دەبێ سەرتر لە جنس - ئەو پەڕی جنس دیاردەکان هەڵسەنگێنێ و هیچکام لەو دوو بەشی یەک پێکەرە

٣- (ژن - پیاو)، نابێ پلە و پایەی تایبەتییان بە هۆی جنسەوە پێبدرێ. هێندێک لە فێمینیستەکان لەسەر ئەو باوەڕەن کە ژن بە هۆی دایکبوونی دەبێ لە پلەی سەرتردا داندرێت. ئەو بۆچوونەش هەر لەسەر بناخەی تێڕوانینی جنسییە و دژ بە تێڕوانینی ئەوپەڕی جنس. تێڕوانینی سەرتر لە جنس - ئەپەڕی جنس، نە دژ بە پیاوە و نە ژن دەکاتە خودا. ئەرکی ئینسانی ئیمڕۆ چ ژن چ پیاو، داکۆکیکردن لە مافی ژنان وەک ئینسان و وەک گرووپێکی ژێردەستەیە. بەداخەوە زۆربەی ژنان لەژێر کاریگەری سیستێمدا، تووشی خۆشویستنی ژن وەک جنسێکی لوکس بوون و پێیان وایە کە دەکرێ ژنانە بژین و سەربەخۆشمان. ڕەخنە لە ستروکتوور و سیستێمی پیاوسالار کە لەسەر

بنەمای پلەی بەندیکراوی دەسەڵات دامەزراوە، ڕەخنە لە یاسا نەنوسراوەکان، ڕەخنە لە مۆدێرنیتە کە ژن هەروەک جنس دەبینێ و تێکشکانی هەرەمی دەسەڵاتی فکری،... بە ڕزگاربوون لە مێتافیزیکی جنس مومکینە. لەناوچوونی کاتێگۆری ژنانە - پیاوانە و دارنینی جلی جنسییەت لە ئینسان مەحاڵ نییە. تا ئێستا لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، زۆر گۆڕانکاری کراوە، ئەوەش هەر ڕوودەدا کە ژن ئینسان بێ نەک جنس. ئەو وتارە، کورتکراوەی وتارێکە کە هەوەڵ جار لە گزینگ ٣٦، ساڵ ٢٠٠٢ دا چاپ کرا.

* 1- Simone de Beauvoir1908-86, Det andra könet.2- Nina Björk, Under det rosa täcket, 19963- Det andra könet.

سەرچاوە: وێبلاگی پەراوێزی بیر - ڕێکەوتی: ٣٠ی مای ٢٠٠٤

---

## بابەتی ساڵی: ٢٠٠٦

---

## خوێندنەوەیەکی ناتەواو لە باڵندەکانی دەم با

### بۆچوونێکی کورتی تیۆری:

ڕەوانی ئینسان، بەگوێرەی فرۆید، وەک دەڤێکە: بڵاو و پڕ لە دژایەتی و ناتەباییە.

"خودی شاعیرانە"، بە بڕوای ژولیا کریستێڤا،خودێکی ئاڵۆزە کە لە گۆڕاندایە و لەناو "ویست" و "کەمایەسی"یەک سەرهەڵدەدات: کەمایەسی ئەشق. زمان بۆ شاعیر تەنیا "نیشانە" نییە، بەڵکو "استدعا - بانگەشەکردن - خواست، ویست" و داوایەکە بۆ ئەو "کەمایەسییە". لە نەبوونی ئەشقدا، سەبجێکت، لە گەرمای دایکانە دەگەڕێ کە سەرچاوەیەکە بۆ خوڵقاندن. دەقی شاعیرانە کە بە "ساتێکی تایبەتی قەیران" بەستراوەتەوە، بالقوە هەڵگری جەستەیەکی دایکانە (سێمیۆتیک - ڕەمزی)یە، کە بەرامبەرە لەگەڵ زمان - سیستەمی نیشانەیی. هەست، ڕیتم و

طنین - زایەڵە لە توخمی - عنصرێکی دایکانەوە کە وەک مەترسییەک بۆ زمان دەبینردرێ، سەرچاوەدەگرن. کریستێڤا ئەو ئیمکانی دەربڕینە ناودەنێ کۆرا (Chora) کە تایبەتمەندی ژنانەی هەیە و بەتەواوی ڕەمز و نەگوتراوانەی نێوان خەتەکانی دەق - "بینامتنی" دەگوترێ. کۆرا تیۆرییەکی سەرەتایی‌یە کە لەو جێگایەی کە مانا لە دەقدا بێدەنگ دەکرێ و یان قەت نەبووە، مانا دەبەخشێ. شاعیر لە "ساتی قەیران"دا، لە سنوورەکانی نێوان ڕەمز - سروشت و سیستەم - کەلتوردا، خۆدەبینێتەوە و بەم جۆرە "دیسکۆرسی مێژوویی" دەق لەقاودەدا.

***سێ پیاو و سەرنوشتێک***

***سێ ژن و کارەساتێک***

***پەنجەرەیەک و گوڵە هەنارێک...***

نووسەرێک بەسەرهاتی نەسلێک یان باشترە بڵێین هی خۆی دەنووسێتەوە. بەڵام ئەو خودە، یەک ڕوخسار نییە و نووسەر دابەش دەبێ بە نووسەر، فەرهاد و مێهرەبان. مێهرەبان کە نووسەرە، لە هەوڵی نووسینی چیرۆکی فەرهاد و یان شایەد خۆی و هاودەمانی خۆی بێ و داوا لە نووسەر دەکا کە فەرهادی پێ بناسێنێ. سەردەمانێک فەرهاد بە نەقاشی گوزارشتی ژیانەکانی دەکرد و لە ئاخرسەردا ئەو گوزارشتانە بە نیوەچڵی دەمێنەوە. لە یەک پەنجەرەوە ئەو پیاوانە چاو لە خۆشەویستەکەیان دەکەن. سێ ژن کە لەڕاستیدا هەر یەک سەرنوشتیان بۆ دەنووسرێ: "خۆسووتاندن و یان لە چاوەڕوانیدامانەوە".

باڵندەکانی دەم با بە زمانێکی زۆر شاعیرانە و تەکنیکێکی تێکەڵاوی گێرانەوە، باسی وشکبوونی ئارەزووەکانی پیاو لە شۆڕەکاتی زیندان و مەنفا و ئاوارەییدا دەکا. باسی خەمێک کە لە ناخی پیاودا سەرهەڵدەدا و بەدوای وڵامی پرسیارێکدا دەگەڕێ، ئەوە کە: "لەپێناوی کام تاوندا سزا دراوە ئەم پیاوە؟ لەپێناوی کام تاواندا سزا دەدرێین؟ لە ئاگری کام تۆڵەدا دەسووتێن؟" (ل. ٢٩)ڕاستە کە تەقدیری هەموو ئێمە لەژێر کاریگەری سیستەمێکی زاڵم و بەدمۆرالی باڵادەست فۆڕم دەگرێ، بەڵام گرفت تەنیا ڕێژیمەکان نین. کۆمەڵی ئێمە هێشتا نەیتوانیوە غەیری پیاو بە سەرچاوەی گۆڕانکاری ببینێ. ژنانێک کە لە شۆڕشدا بەشدار دەبن، چاو لە دەستی نووسەر و پیاو دەمێنەوە و کاتێک هەموو دەرگاکان دەبەسترێن، ناچار بە خۆسووتان دەبن و پیاوی بەرهەڵستکار کە پێیوایە جیهان دەگۆڕێ، سەرئەنجام سەرخوردە یان پەنا بۆ مەشروب دەبا یان تووشی فەرامۆشی دەبێ و یان دەستەوئەژنۆ دەمێنێتەوە:"... من تەنها بووم. تەنها لە بەر ڕۆشنایی کزی پەنجەرەکە دانیشتبووم و دەستە باریک و ئێسکنەکانم

لە دەوری ئەژنۆم ئالآندبوو." (ل. ٢١٩)سەرەڕای زمانی پڕهەست و شاعیرانەی ڕۆمان و تەکنیکێکی تێکەڵاوی گێڕانەوە، بەڵام دەسەڵاتی زمانی پیاوسالار بە زۆرینە، بڕیاردەری گوزارشتی ژیانی قارەمانەکانە و گوزارشت لە سەربردەی پیاوانێک دەکا کە لە نۆستالژیدا دەژین و ڕەوەندی زەمان نابینن و یان بەدوای سەرنوشتێکی نادیاردا وێڵن. ئەو نۆستالژیە تەنانەت جێگایەک بە ژن - دایک نادا و ماڵە باب تەنیا بە ناوی باوک پێناسە دەکا:"دیوەخانی میرزا سەعید وێران بووە و ساڵەهایە کەس لە حەسار و حەوشی میرزا سەعیددا هاتووچۆی نەکردووە." (ل. ) ئەوە پیاوە کە بڕیاردەرە و پێیوایە تەنیا ئەوە کە دەتوانێ جیهان بگۆڕێ، کەچی نەتەنیا ناتوانێ ئەوە بکا کە دەبێتە هۆی سەرنوشتێکی شووم بۆ خۆشەویستەکەی و خۆی. ئەو پیاوانە کە "شتێکی سەمیمی لە دونیای ئەو کچانەدا دەبینن" (ل. ١٦) حازر نابن گوێیان لێ بگرن و بۆ نەجاتی جیهان لە ڕوانگەی سیاسی خۆیانەوە ناچار دەبن ژنان لەژێر پێ بنێن.پیاوانی ڕۆمان باوەڕ بە لەیلا و کاڵێ و ئەفسانە ناکەن. فەرهاد کە دانشجۆیە و ڕای کردووە و خۆی حەشارداوە، لە ئەشقی کاڵێدا دەسووتێ. ماڵی کاڵی ڕوو بە ماڵی فەرهادە و فەرهاد هەموو ڕۆژێک دەستێک دەبینێ کە لە پەنجەرەی بەرامبەری گوڵدانی هەنارێک ئاودەدا. کاڵێ هەموو ڕۆژێک دێت و ماڵی فەرهاد خاوێن دەکاتەوە. فەرهاد دەگیرێت. کاتێک فەرهاد لە زیندان دێتە دەر، کالێ لەدەست فەقیری و هەژاری و برای قوماربازو نەبوونی هیچ دەرەتانێک خۆی سووتاندووە و نەماوە. فەرهاد دەچێتە ناو دونیای فەرامۆشی. ئەفسانە، کچێکی سادە، کە ڕۆژنامەی سیاسی دەفرۆشت و مێهربان خۆشیویستووە، دواتر کە مێهربان شار بەجێدەهێڵی ناچار دەبێ مێرد بە ناسری کوڕی دەڵەمەندی شار بکا، کەچی ئەویش لە بەردەم دادگا تاوانی بۆ هەڵدەپێچێ و ئەفسانەیش بە سەرنوشتی کاڵێ گرفتار دەبێ و ناسریش شێت دەبێ و دواتر کە لە تاران ڕا دەگەڕێتەوە بۆ زێدی خۆی، داوای سیگار لە خەڵکی کوچە و بازاڕ دەکا.

نووسەر لە هاتوچودایە، لە نێوان باوەڕ بە ژن و کەلتور و هێشتا بەتەواوی باوەڕی بە هێزی ژن بۆ گۆڕانی جیهان نەهێناوە. لەیلا کچێکی شاعیر، کە تازە زانکۆی تەواو کردووە، ئاشقی مێهربان دەبێ کە نووسەرێکی چل، پەنجا ساڵەیە و لە هەندەران گەڕاوەتەوە یان باشترە بڵێین کە پێش گەڕانەوەی لەڕێگەی نووسینەکانی خۆشیویستووە. لەیلا کە شیعرەکانی پێشتر پێشکەشی بابی کردووە، ئەم جارە پێشکەشی مێهربانیان دەکا:"

*قامۆسەکان بدڕێنە ووشە سارد و مردووەکان دەم با بدە،*
*من جوانترین شیعری بوونت لە دێڕێکدا دەنووسمەوە.*
*ڕابردوو بسڕەوە وڕۆژە تاریکەکانی فەرامۆش کە،*

*هەمیشەییترین خەونت لە ساتێکدا دەهێنمە دی." (ل. ٥٠)*

شایەد "باوەڕکردن بە ژن" ڕێگایەک بێ بۆ نەجاتی جیهانی شێواوی پیاو. بۆیە ڕەوانی بلاو و هەڵگری لایەنی جیاوازی نووسەر لە گۆشەیەکی تێکستدا باوەڕ بە ژن دێنێ: "لەیلا (...) تێدەکۆشێ ڕێگەی خۆی لە ڕێگەی خەڵکیتر و زمانی خۆی لە زمانی خەڵکیتر و تەنانەت بۆچوونی خۆی لە بۆچوونی خەڵکیتر جیابکاتەوە." (ل. ٦٧) بەلام دیسان، لەیلا وەکو کاڵێ و ئەفسانە چاولەدەستی ڕێنوێنی و ئەشقی پیاو دەمێنێتەوە. لەیلا بە ئەفسووسەوە بە مونیرە، خوشکی فەرهاد، دەڵێ کە مێهربان ژن ناهێنێ. هاوکات نووسەر و مێهربان دەزانن کە بێژەرەی چیرۆکەکانی مێهربان هێندێک جار ڕاستگۆ نییە. مێهربان کە چیرۆکێکی دەربارەی ئەشقی نێوان کچێک و کوڕێکی سیاسی نووسیبوو، گوتبووی کە کچەکە ئامادە نەبووە لە خەباتدا هاوکاری کوڕەکە بێ. بەلام بێژەر ڕاستگۆ نییە. بۆیە مێهربان دەڵێ:"ئەو چیرۆکە چیرۆکی کچێک بوو ئەگەرچی عاشقی دەستگیرانەکەی بوو، بەلام حازر نەبوو لە خەبات بۆ ڕزگاریدا هاوڕێیی بکا... ئەو گوتبووی 'بێژەری ئەو چیرۆکە ڕاستگۆ نییە'." (ل. ٣٦)

ڕاستە. بێژەری زۆر چیرۆک ڕاستگۆ نین. کچان و ژنانێک کە ساڵەهای ساڵ چاوەڕێی خۆشەویستانیان ماونەوە تا لە شاخ و زیندان بگەڕێنەوە و یان خۆیشیان کەوتوونەتە زیندان و شاخ، جێگایان بە ناهومێدی و خۆسووتاندن پڕ دەبێتەوە. کوا حاسڵی ڕەنجی ژنی کورد لە ڕۆمانی کوردیدا؟شایەد ئەوە کە کچانی باڵندەکانی دەم با سەرنوشتێکی وەها شوومیان تووش دەبێ زۆر دوور نەبێ لە حەقیقەت کە ڕۆژانە دەیان کچ و ژن خۆدەدەنە دەست سەمای ئاگر. کاتێک پیاوانی ئێمە نە لە سیاسەتدا باوەڕیان پێدەکەن و نە ژنی ئێمە لە ئەشقدا ئازادن و نە سیستەم داکۆکی دەکا لە مافەکانی ژن بۆ بڕیاردان لەسەر ژیانی خۆی و منداڵی. شایەد نەهایی ڕاستییەکان دێنێتە ناو ڕۆمان و چیرۆکەکانی.

بەلام ئەوە کافی نییە. نووسەر گلەیی لەو تەقدیرە دەکا کە نەسلێک تووشی بوون: "لەو ولاتە چیرۆکی زۆر کەس نەنووسراوە. وا چاکە بلێم لەم ولاتە چیرۆکی کەس نەنووسراوە." (ل. ٢٨)لەو ولاتەدا ئەگەر چیرۆکی پیاوان و خەمەکانیان خەریکە دەنووسرێتەوە، ئەوە هێشتا چیرۆکی ژنان تەنیا بەشێکی بە دەست ئەو پیاوانە کە تازە خەریکن خۆ لە دەستی نۆرمەکانی پیاوسالار نەجات دەدەن، نووسراوەتەوە. چیرۆکی بە ئاخر خەت گەیشتنی ژنان لەدەست نۆرمی تا ئێستا نەگۆڕاوی دەسەلاتەکان، بەلام بەشی زۆری ڕاستییەکانی ژیانی ژن ماوە کە بنووسرێتەوە. لە هەموان گرینگتر ئەوە کە ژنانی نەسلی مێهربان ڕاستگۆیانە هەم دەهاتنە ناو سیاسەت و هەم ئاشق دەبوون،

بەلام لەژێر پەراوێزی پیاواندا دەمانەوە. کێ فرمێسکی ئەو دایک و خوشکانەی کە ساڵەهای ساڵ چاوەڕوانی گەڕوانەوەی ئازیزانیان بوون، لە یادە:"بارامی برای گوتبووی:کە تۆ ڕۆشتی باوکم هەموو کتێبەکانی کۆ کردەوە و بۆ شەوێدا لە حەسار، لەسەر یەک هەڵیڕشتن و سووتاندنی." گوتبووی: "ئاگرێکی گەورەیان لێ ساز بوو. جگە لە حەسار، گەڕەکەکەیشی ڕووناک کردبۆوە." بە پێکەنینەوە گوتبووی. بەلام مونیرەی خوشکی دەیگوت: "من و ڕووناک تا بەرەبەیان بەدیار ئاگرەکەوە دانیشتین و فرمێسکمان هەڵڕشت." (ل. ٨)

بەلام ئاخۆ ژنانی ئێمە ئاخر قسەکانی خۆیان کردووە؟ لەیلا سەرکەشە و دەنووسێ. یان بە وتەی نووسەر "هەڵچوونێکی ئافرەتانە لە سەرەتای ئازادی و سەربەخۆییدا": "مار نەبوو کە فریوی دایتسیۆوە لاسوورە و ئیشتیای گەنم و داری تێگەیشتە هەمووی بەهانە بوون.مار نەبوو کە فریوی دایتمن بوومن بووم ویستم تۆ دابەزیتمن بووم ویستم تاوان بکەیتتاوان بکەیت و تۆبە بکەیتتاوان، تۆبهتاوان، تۆبهحەوا تۆبە لە تاوانەکانی خۆی ناکات." (ل. ٦٩)

ئەوە کە نووسەر نەهایی چ دەخوازێ ، ئایا دەخوازی واقیعەکانی کۆمەڵگە نیشان بدا و یان خۆیشی وەک زۆربەی ئێمە هێشتا لە هەوەڵی ڕێیە بۆ خۆدربازکردن لە نۆرمەکانی پیاوسالار، پرسیارێکی ئاوالایە. هەر کەس خوێندنەوەیەکی لەو ڕۆمانە دەتوانێ ببێ. ئەوە کە گرینگە ڕەوانی ئینسان دەقێکە بلاو و پڕ لە دژایەتی و ناتەبایی. شاعیر - سابجێکت لە هەموو کەس زیاتر لە نەبوونی ئازادی و ئەشقدا شێواوە و لە گەرمای دایکانە - ژن دەگەڕێ کە سەرچاوەیەکە بۆ خوڵقاندن و لە ساتی قەیراندا، شاعیر - نووسەر و هونەرمەند لە سنوورەکانی نێوان ڕەمز - سروشت و سیستەم - کەلتوردا، خۆ دەبینێتەوە و بەم جۆرە "دیسکۆرسی مێژوویی" دەق لەقاودەدا. شایەد تەنیا ڕۆمانەکان مێژووی ٣٠ ساڵی ڕابردوو لەقاوبدەن کە ئینسانەکان چۆن بەدوای ژیانی باشتر گەڕاون بەلام بە واتای خۆیان ناچار بوون بۆ گۆڕانی جیهان ژنان لەژێر پێ بنێن کەچی دڵتەنگی بۆ قارەی ژن لە تێکستدا خۆی لەقاودەدا و لەو جێگایەی کە مانا لە دەقدا بێدەنگ دەکرێ و یان قەت نەبووە، مانا دەبەخشێ. دەقی شاعیرانە کە بالقوە هەڵگری جەستەیەکی دایکانە (سێمیۆتیک - ڕەمزی)یە، بەرامبەری دەکا لەگەڵ زمان - سیستەمی نیشانەیی. هەر بۆیە لەیلا ولامێک دەدا بە جەلالی، ڕەفیقی مێهربان، بەرپرسی سازمانی میراتی فەرهەنگی کە نیگەرانی لەناوچوونی میراتی فەرهەنگی و سووتانی قامووسەکانە:"جەلالی گوتی: مرۆڤ بەبێ زمان و بەبێ ڕابوردوو چی هەیە؟

لەیلا گوتی: شیعرێکی کورت و ساتێکی هەتاهەتایی..." (ل. ٧٠)

**هەمووومان چاوەڕوانی ساتێکی هەتاهەتایین کە لەوێندەرێ لەیلا و ئەفسانە ئیتر چاوەڕوان نین. لەلایەن هیچ کاممان، ئاخر وتەکانی نەهایی هێشتا نەگوتراون...**

**ناوی ڕۆمان: باڵندەکانی دەم با**

**نووسەر: عەتا نەهایی**

**قەوارە: ٢١٩ لاپەڕەنشر ژیار ساڵی١٣٨١**

**سەرچاوە: وێبلاگی پەراوێزی بیر - ڕێکەوتی: ٦ی مارچی ٢٠٠٦**

## دوو تەلەڤزیۆنی ڕۆژهەڵات و تیشک - دوو گرفتی کۆمەڵایەتی - سیاسی: مەوادی موخەدر و خۆسووتاندنی ژنان.

**هەمووومان دەزانین کە کێشەی کورد لە یەک و دوودا کۆنابێتەوە. گەرچی هیچ شکم لەوەدا نییە کە بە چارەسەری گرفتی سیاسیی کورد، ڕیگا بۆ چارەسەری زۆر گرفتی تریش دەکرێتەوە بەڵام وەک ڕەوشتێکی شەکاکانەی خۆم، (گەرچی ئارەزۆمە کە سەروەری سیاسیی کورد وەدی بێ)، دیسان لە خۆم دەپرسم ئەگەر هاتو هەلومەرجی کورد ئەوەی بۆ نەڕەخسا، ئایا دەبێ ئێمە لە بەرامبەر ئەو هەموو گرفتەی کە هەمانە، دەستەوەستان ڕاوەستێن؟ من وەک تاکێکی کورد لە ئێستای ژیانی کورددا دوو گرفتی کۆمەڵایەتی دەبینم کە دەبێ لەلایەن تەواوی هێز و گروپەکان، بنەماڵە و تاکی کورد، کامپانی و کارزارێکی بەرفراوان بۆ لەناوبردنیان یانخۆ هەر نەبی کەم کردنیان، وەرێخرێ. دیارە من نە کۆمەڵناسم و نە دەروونناس. شایەد ئەو دوو گرفتەش لە هەر گرفتێکی تر زیاتر پێویستیان بە لیکۆڵینەوەی سیاسی، ڕەوانی و کۆمەڵایەتی بێ.**

**بەڵام خۆ دەکرێ هەرکام لە ئێمە تا ڕادەیەک، کە ئەو گرفتانە لە خۆمان زۆریش دوور نین، باسیان لێ بکەین و**

داوا لە دەسەڵاتی کوردی، ڕێکخراوەکان، کۆمەڵە کەلتورییەکان و هتد بکەین تا ڕۆڵی گرینگی خۆیان بۆ پێشبردنی کارزارێکی بەرفراوانی دژی ئەو گرفتانە بە چەشنی شایستە بگێڕن. ئێستا بە هاتنەکایەی دوو تەلەڤزیۆنی ڕۆژهەڵات و تیشک، دەرگای هومێدێک کراوەتەوە کە بکرێ زۆرتر ڕوو بە کۆمەڵانی خەڵک و بە جیددی و سیستەماتیک باس لەو دوو گرفتە بکرێن:

*١- مەوادی موخەدر*

*٢- خۆسووتاندنی ژنان*

«شەڕی تریاک» کە گەورەترین کارازاری سیاسی و کۆمەڵایەتی لە چین بوو، دەتوانێ نمونەیەکی باش بێ بۆ ئێمە. کورد و دەسەڵاتی کوردی و تەلەڤزیۆنەکان بە لەبەرچاوگرتنی ئیمکاناتی ئێستا لەگەڵ بەراوەردکردنی سەردەمی «شەڕی تریاک»، دەتوانن هەموو هێز و توانای خۆیان وەگەڕ خەن تا بەربەرەکانی لەگەڵ گرفتێک دەست پێبکەن کە چەند نەسلی دوچار کردووە، گرفتێکی بەرباڵاو بە ناوی «مەوادی موخەدر». ئەوەندەی ئامار و ستاتیستیکەکان دەڵێن لە بەینی ٢٠ تا ٤٠ لە سەدی خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕاستەوخۆ و باقی کۆمەڵیش وێڕای ئەوان لەژێر کاریگەری ئەو دیاردە ناهەنجارەن. خزم، دۆست، ئاشنا و بێگانە نییە کە باس لەو گرفتە نەکا کە چۆن دامێنی هەموومانی گرتووە. هەمووشمان دەزانین کە کاردانەوەی کۆمەڵایەتی سیاسی ئەو گرفتە خانمانسووزە چۆنە.

من لێرەدا ناخوازم باس لەوە بکەم کە ئەو گرفتە چۆن وەها پەرەی ستاندووە و چۆن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی خۆی لە پەرەدانیدا دەستی هەیە و چۆن ئەو گرفتە شیرازەی ژیانی ئینسانەکانی شێواندووە و چۆن ئینسانە ئاوارەکان لە بێدەرەتانیدا پەنا بۆ مەوادی موخەدر دەبەن و هەموو ژیانیان تا ئەبەد دەشێوێ و بەو جۆرە لە هێزی کورد کەم دەبێ. ئارەزووی من کارزار دژی ئەو گرفتەیە.

گرفتی دووەم، خۆسوتاندنی ژنان، کە دیسان پێویستی بە باسی زانستی و لێکۆڵینەوەی دەرونی، کۆمەڵایەتی و سیاسییە. هەموومان دەزانین کە خۆسووتاندنی ژنان زۆر جار ڕیشەی لە دەسەڵاتی پیاوسالاری حاکم بەسەر ژیانی ئینسانەکان و بە ئاخری خەت گەیشتنی ژن و بێدەرەتانییە، کاتێک ژن ئیتر هیچ نوختەی هومێدێک بەدی ناکا و ساختاری سیاسی کۆمەڵایەتی هەموو دەرگاکان لەسەر ژن دادەخا. ڕۆژ نییە کە هەواڵی خۆسووتاندنی ژنان لە

ڕۆژهەڵات نەبیسین. بۆ ژن دەست بۆ نابوودی خۆی دەبا؟ بۆ ڕاست «خۆسوتاندن» ئەوها بەربڵاوە؟

دیارە باسکردن لەو بابەتەیش ئاسان نییە. هۆیەکانی خۆسووتاندن زۆرن و دەبێ بە لێکۆڵینەوەو و باس ڕوونکرێنەوە. بەڵام ئەوەی کە زۆر لە حەقیقەت نزیکە ئەوەیە کە کاتێک ژن ئیتر ناتوانی لە چوارچێوەکانی پێشوودا بمێنێ، بەڵام ڕێگای نەجاتی تر نابێنێ، خۆی نابوود دەکا. کاتێک ژنێک خۆدەسووتێنێ، تەنیا بڕیاری نابوودی خۆی و بەم جۆرەیش ڕزگاری خۆی نادا، بەڵکو بەشێک لەو ڕەفتارە دەگەڕێتەوە سەر ئەوە کە خۆکوژی و خۆسووتاندن دەبێتە جۆرە ئینتیقامێک. ئینتقامێک کە کارکردی ڕەوانی زۆر قووڵ تەنانەت لەسەر «ئەوی بەرامبەر» دادەنێ. خۆ هیچ نەبێ ئەوە لە ڕەوان و مێشکدا دەهێڵێتەوە کە «کچ یان ژنی بنەماڵە لە دەستی ...

خۆی سووتاند». شایەد هەر ئەو هەستە کە «خۆنابوود دەکەم بەڵام حەقانیەتی خۆم دادەسەپێنم»، زۆر جار تەسکینێک بێ. خۆنابوود دەکەم بەڵام ئیتر نامەوێ «ئەوی تر» پێناسەم بکا و بڕیار لەسەر ورد و درشتی ژیانی ڕۆژانەم بدا. بەم جۆرە خۆکوژی بە جۆرێک لە جۆرەکان دەبێتە سنووردانان بۆ ئەوی تر کە ئیتر دەست لە ڕۆح و ڕەوانت وەرنەدا. هەروەها شانسی نەجاتدان لە کەیسەکانی خۆسووتاندندا زۆر کەمترە. من نالێم کە ئەو ڕێگایە ڕاستە، تەنیا ئەوە دەڵێم کە میکانیزمی ڕەوانی ئینسان دەتوانێ بەم جۆرەیش کاربکا و ئێمە هەمووومان بەرامبەر بە ژیانی یەکتر و ئارامی ڕەوانی یەکترین بەرپرسین.

گەورەترین بەرپرسایەتی بۆ نەجاتی ژنان لە خۆسووتاندن و کارزاری دژی مەوادی موخەدر، شایەد ئێستا بکەوێتە سەرشانی ڕۆشنبیران و تەلەڤزیۆنەکان. کاتێک ڕێژیمێکی دڕندە هەموو ڕێگاکان دەبەستێ، ئۆپۆزیسیۆن دەبێ دەرگا بۆ داهاتوویەکی ڕوونتر بە دیالۆگ و پرۆگرام بکاتەوە.

بەکورتی، ئەوی مەبەستی ئەو نووسراوەیە، داوکاری لە دوو تەلەڤزیۆنی کوردییە کە بە زوویی دەست بەکاری ڕەسمی دەکەن کە بە شێوەیەکی سیستەماتیک و بەربڵاو، قۆڵی هیمەتی لێهەڵماڵن و ڕۆژانە و بەردەوام لەسەر ئەو دوو گرفتە باس بکەن. تەرخانکردنی هیچ نەبێ ڕۆژانە ١٠ دەقیقە بە شێوەی کەمپانی و هەروەها پرۆگرامی تایبەت و باس و لێکۆڵینەوە لە درێژەی حەوتوودا بۆ ئەو دوو گرینگە، شایەد هەوەڵ هەنگاو بێ بۆ چوونە ناو قووڵایی گرفتەکان و دۆزینەوەی ڕێگاچارە.

***هیوادارم دوو تەلەڤزیۆنی کوردی ئەو دوو گرفتە لە پراکتیکدا زۆر بە جیددی بگرن و بە هەموومان هەوڵ بدەین کە نزیکترین کەسەکانمان، تەنانەت خۆیشمان، ڕێگای تر غەیری خۆسووتاندن و مەوادی موخەدر بۆ گرفتەکانی ژیان بدۆزینەوە.***

**سەرچاوە: ماڵپەڕی دیمانە - ڕێکەوتی: ٢ی مارچی ٢٠٠٦**

## دگردیسی" لە ناڵەجودایی دا، خوێندنەوەیەکی فەلسەفی- فێمینیستی

**شەهلا دەباغی**

**[بەشی یەکەم لە دوو]**

### پێشەکی و ئامانج

**شەوێکی ساڵی ١٩٧٤ە. شاعیری کورد، سەید محەممەدئەمین شێخولئیسلامی، ناسراو بە هێمن (١٩٢١ - ١٩٨٦) لە وڵاتی غەریب، لە بەغدا، شیعرێک دەخوڵقێنێ: ناڵەی جودایی. هێمن خۆی دەنووسێ: ئەگەر ئەو شەوە، مثنوی مولاناجلالالدین رۆمی بلخی (١٢٠٧ - ١٢٧٣)م لەلا بایە، شایەد شیعری ناڵە جودایییم نەنووسیبا. (چەپکێ گوڵ، چەپکێ نەرگیز، ل. ٨٥).**

**ئەو شەوە لە تەنیاییدا، هێمن بیر لە ژیانی خۆی و گەلەکەی دەکاتەوە. هەست وەهەژێن دێت. بە ١٠٩ بەیت، مەستییەک "خود"ی شاعیر دادەگرێت کە سەرەنجام شاعیر لە ئینسانێکی ماندوو ڕا دەگۆڕێت بۆ ڕۆحێکی هێندە ئازاد و سەروەر کە ئامادەیە بڕواتەوە ناو باوەشی زەوی و لە مەرگ نەترسێ. شیعرێک کە دەبێتە ناسراوترین شیعری شاعیر لە سەراسەری کوردستان. شیعرێک پڕ لە دژایەتی لەنێو دەقدا بەڵام سەرەنجام یەکگرتوو. شیعرێک کە تایبەتمەندییەکانی شاعیر وەک تاک و گەل لە خۆیدا کۆدەکاتەوە.**

هێمن بەگوێرەی وتەکانی خۆی ژیانی زۆر پێخۆشە. بەڵام ژیانێکی پڕ لە خەبات و کۆسپ و نەهامەتی هەڵدەبژێرێ (تاریک و ڕوون، ل. ٤٤). هێمن ڕەنج دەبا بەڵام نەک ڕەنج بۆ ڕەنج بەڵکو ڕەنجێک کە وا لە ئینسان دەکا تا بتوانێ سنووره دەستکردەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ببەزێنێ.

هەوڵی من لەم کارەدا ئەوەیە کە دەق (تێکست) بکەمەوە و چاو لەوە بکەم چۆن سابجێکت لەنێو 'خواست - ویست' سەردەردێنێ و چۆن 'خود'ی شاعیر لە پرۆسەیەکدا دەگۆڕێت و 'دگردیسی' ڕوودەدا. هەروەها خوێندنەوەیەکم دەبێ لەسەر کاریگەریی دەقەکانی تر (intertextualitet) لەسەر دەقی ناڵەی جودایی.

میتۆدی کار خوێندنەوە و کردنەوەی دەق (هێرمێنۆتیک)ە لە ڕوانگەیەکی فەلسەفی - فێمینیستی. ڕوانگەی فێمینیستی تاسەی شاعیر بۆ دایک و وڵات دێنێتە بەر باس. ئەو بەشە لەژێر کاریگەری بیر و بۆچوونەکانی ژولیا کریستێڤادایە. شایانی باسە کە بڵێم پێمخۆش بوو شیعری سووری دەوران بێنمە بەر هەڵسەنگاندنێکی ئەدەبی و چاو لە دوو چەمکی چین و ژێندەر بکەم بەڵام بەداخەوە ئەو دەقە نەکراوەتە سویدی یان ئینگلیزی. هەر بۆیە ناڵەی جوداییم هەڵبژارد کە پێشتر (١٩٩١) کراوەتە سویدی.

## سەرچاوە و ماتریال

سەرچاوە بۆ ئانالیزی دەقی ناڵەی جودایی، کتێبی ناڵەی جودایی ساڵی ١٩٧٩ چاپی بەغدایە. ئەو شیعرە لەلایەن فەرهاد شاکەلی و Bo Utas پرۆفیسۆری زمانناس کراوەتە سویدی. ئەو شیعرە لە کتێبی بۆنی هەورەکانی وڵاتی من دا (١٩٩١) ستۆکهۆڵم، چاپکراوە. کتێبی بۆنی هەورەکانی وڵاتی من سی شیعر لە چاردە شاعیری کورد لەخۆدەگرێ کە کراونەتە سویدی. بەداخەوە تەنانەت یەک شیعری شاعیرێکی ژنی تێدا نییە. تۆ بڵێی ساڵی ١٩٩١ ژنێکی شاعیرمان نەبووبێ کە شیعرەکەی بۆ ئەوە شیابا کە لەو کتێبەدا چاپ کرابا؟

## ژیان و بەرهەمەکانی هێمن

بەشی ژیان و بەرهەمەکانی هێمن کە ٢ لاپەڕەیە وەرنەگێڕدراوەتە سەر کوردی چونکە زۆربەی خوێنەران هێمن زۆر باشتر لە من دەناسن. پێمخۆشە باسی ئەوە بکەم کە لە کارەکەمدا قامکم لەسەر ئەوە داناوە کە هێمن لە ساڵانی کۆتایی تەمەنیدا بەهۆی پیری و نەخۆشی لە مەهاباد و ورمێ نیشتەجێ بوو و هێزە سیاسییە کوردییەکان، بەهۆی

هاوکاریی کورتخایەنی هێمن لەگەڵ هێندێک بیری سیاسی کە سیاسەتێکی نادروست و چەوتیان بەرامبەر بە گەلی کورد هەبوو، هەڵسوکەوتێکی نالەباریان لەگەڵ هێمن کرد. خۆشبەختانە ئێستا زۆر کەس و لایەن هێمن بە شاعیری نەتەوەیی ناودەبەن.

## لێکۆڵینەوەکانی پێشوو

بەرهەمەکانی هێمن هەروەک زۆربەی شاعیرانی کورد نەخراونەتە بەر لێکۆڵینەوەیەکی ئاکادێمیی ئەدەبی. تەنیا لێکۆڵینەوەیەک کە لە دونیای ئاکادێمیدا لەسەر بەرهەمەکانی هێمن کرابێ، تێزی ماستەری عوسمان دەشتییە لە زانکۆی هەولێر بە ناوی هێمن، دەر بارەی بەرهەمە سیاسیی وکۆمەڵایەتییەکانی ئەو (٢٠٠١) کە دواتر وەک کتێبێک لە ساڵی ٢٠٠٣ لە سلێمانی چاپکراوە. ئەو تێزە باسی لایەنی ئێستێتیکی شیعرەکان ناکا و ئانالیزێکی ئەدەبی ناداتە دەست. عوسمان دەشتی لە پێشەکییەکەیدا باس لە لێکۆڵینەوەیەکی دیکە لە زانکۆی تەورێز دەکا کە بەئەنجام نەگەیشتووە، ئەویش لەلایەن مەحەمەد سەعید نەجاری بووە کە دواتر دەستنووسەکان دراونەتە عوسمان دەشتی. دیارە دەتوانین بزانین و یان شک بکەین کە نووسینی بابەتێکی وا بۆ بەئەنجام نەگەیشتووە. هێندێک گۆڤار و سەرچاوە لە کتێبەکەی عوسمان دەشتیدا هاتووە کە بۆ من لە ستۆکهۆڵم دەستنەدەکەوتن. تێزەکەی عوسمان دەشتی لە سێ بەش پێکهاتووە: بیۆگرافی، لایەنی سیاسیی بەرهەمەکانی هێمن و لایەنی کۆمەڵایەتیی بەرهەمەکان. هەروەها هێندێک نامە و وێنە لە کتێبەکەدا هاتوون.

من بۆ نووسینی ئەم کارە ڕووم لە زۆر کەس و لایەن و کتێبخانە کرد کە ئەگەر شتێکیان لا دەستکەوێ بتوانم کەڵکی لێوەربگرم کە بەداخەوە هیچ شتێکم دەستنەکەوت. ئەو شتانەیش کە لەسەر سایتەکان و یان وەک کتێبی بیرەوەری هەن لە باسێکی ئەدەبی و تێکست ئانالیزدا خۆ نابیننەوە. هەر بۆیە لە کاری مندا کەڵکیان لێوەرناگیرێت. کەوایە تەنیا سەرچاوە بۆ ئەو کارە هەمان کتێبی ناڵەی جودایی (١٩٧٩) چاپی بەغدایە.

## شیعری ناڵەی جودایی بە سویدی

لە (١٩٩٨) Med andra ord (بە واتایەکی تر) باس لە گیروگرفتی وەرگێڕانی تێکستی ئەدەبی دەکرێت. ئایا وەرگێڕان هەمیشە دەستدەدات؟ Lars Kleberg باس لەوە دەکات کە کاری وەرگێڕان هەم دەکرێت و هەمیش ناکرێت. Roman Jakobson نوێنەرایەتی ئەو بۆچوونە دەکات کە 'تجربەهای شناختی - ئەزموونە

شوناسییەکان' دەکارێ وەرگێڕدرێتە سەر ئەو زمانانەی کە هەن گەرچی ترسی ئەوە هەیە دەق بکەوێتە بەر زەرەر. ئەو زەرەرەیش لەرێگەی فەرزکردنی وشە، تەفسیر و دوبارە وەرگێران چارەسەردەکرێت. Walter Benjamin وەرگێڕان وەکو فۆرمێک باس دەکات کە دەبێت بگەڕێینەوە بۆسەر دەقی ئەسڵی (ئۆرجینال تێکست). لە وەرگێڕاندا ناکرێت هەموو بەشەکانی دەق بە تەواوی ڕابگیردرێن بەلام دەتوانین ڕێگەیەک لە زمانی دووەمدا بدۆزینەوە کە 'زایەڵەی دەقی ئۆرجینال' بدەینە دەست. (ل. ١٣٥ - ١٤١)

ژیچرج رع، زماناس، باس لەوە دەکات کە شیعری کلاسیک لەو ڕێگەوە دەناسینەوە کە دوو میسرەعی هەیە کە هەر کام بناغەیان لەسەر ٨ تا ١٦ هجا - سیلابە. هەموو وەرگێڕێک دەبێ لە بەرامبەر ئەوەی کە ڕیتمی میسرەع لەسەر هیجای کورت و درێژ دادەمەزرێ، هەڵوێست بگرێ. وەرگێڕانێک سەرکەوتوو دەبێ کە لە نێوان ئەمانەتداری بۆ ئۆرجینالٚ و کارتێکردنی - ئێفێکت زمانی دووەمدا سازانێکی هونەرمەندانە دروست بکات.(ئایا دەتوانین شیعری فارسی وەرگێڕین؟ (١٩٩٣. Kungl. Humanistiska Vetenskaps-Samfundet. Uppsala، ل. ٨٨).

ناڵەی جودایی شیعرێکە کە لەژێر کاریگەری مثنوی مولانادا (١٢٠٧ - ١٢٧٣) نووسراوە. بەیتەکانی هەوەڵی مثنوی بەم شێوەیە دەستپێدەکەن:

*بشنو از نی چون حکایت میکند*
*از جداییها شکایت میکند*
*کز نیستان تا مرا ببریده‌اند*
*در نفیرم مرد و زن نالیده‌اند*
*سینه خواهم شرحه شرحه از فراق*
*تا بگویم شرح درد اشتیاق*
*هر کسی کو دور ماند از اصل خویش*
*باز جوید روزگار وصل خویش*

ناڵەی جودایی، ٢١٨ میسرەع واتە ١٠٩ بەیتە کە هەر میسرەعێک لەسەر وەزنی فاعلتون فاعلتون فاعلت واتە ١١ سیلاب دانراوە.

لە وتارێک لەژێر ناوی "ئایا دەتوانین شیعری فارسی وەرگێڕین؟" پرۆفیسوور ئۆتاس باس لەوە دەکا کە هەموو هەوڵێک بۆ وەرگێڕانی تایبەتمەندییەکانی مێلۆدی شیعری فارسی مەحکوم بە شکانە. (ل.٩١).

بەگشتی دەتوانین بڵێین کە وەرگێڕانی نالەی جودایی بۆ سویدی، لە سەر زایەڵەی دەق و لەڕێگەی قەرزکردنی وشە و دوبارەنووسینەوەی مانا ڕاوەستاوە و زۆر جار مۆسیقا و ئاهەنگی شیعرەکە لەدەستچووە. (بەیتەکانی ١٩، ٢٥ و ٩٦ تەرجەمە نەکراون.)

نادەقیقترین بەشی وەرگێڕانەکە، وەرگێڕانی سەردێڕە کە کراوەتە "نالەی ڕەهاکراوێک" (بۆنی هەورەکانی وڵاتی من، ل. ٦٣) و هەروەها زۆر جار وشەی "جودا" لە دێڕەکانی تردا، مانای تری پێبەخشراوە. وەرگێڕ مانای "نالەی جودایی" بە "نالەی ڕەهاکراوێک" واتە نالەی کەسێک کە تەریککرابێ و لە خۆ دوورکرابێتەوە شووبهاندووە بەلام بە بڕوای من شاعیر ڕەها نەکراوە بەڵکو شاعیر هەڵیبژاردووە کە بچێتە تاراوگە و غەریبی نەک ئەوە کەسێک لە خۆی دووری کردبێتەوە. هەر بۆیە من مانای "نالە جودایی"م ڕوونکردۆتەوە. جیاوازی نێوان مانای "نالەی جودایی" و "نالەی ڕەهاکراوێک" فەرقی نێوان 'ویست' و 'نەویستن'ە. جیاوازی نێوان ئیرادە و بێ ئیرادەییە. هەروەها لە باری تەرکیبی وشە و ساختاری زمانەوە "نالەی جودایی" فەرقی هەیە لەگەڵ "نالەی ڕەهاکراوێک".

## مێتود

هێرمۆنێتیک باس لە کردنەوەی تێکست، خوێندنەوە و بەرداشت دەکا. خوێندنەوەی دەق دەگەڕێتەوە سەردەمی یونانی کۆن و هەروەها لە ڕووی پراکتیکییەوە ڕیشەی لە خوێندنەوەی دەقەکانی ئینجیلدایە و دواتر لەڕێگەی ستروکتورالیستەکانەوە بە ئێمە گەیشتووە.

ئاندێش ئوولسۆن لە کتێبی تێکستی نەناسراودا (١٩٩٨) وەک گادامێر و هایدەگێر لەسەر ئەو باوەڕەیە کە وەڵامێکی تەیارمان بۆ دەق نییە. گادامێر خوێندنەوەی دەق وەک دیالۆگ دەبینێ. خوێندنەوەی دەق گەرچی وەک بازنەیەکە بەلام ئێمە تەنیا گومانێک دەکەین لەڕێگەی ئەوەی کە پێوەندی و دژایەتی ناو "کل" و "جزء" لە دەق دێنینە بەر ڕۆشنایی. وەدەستهێنانی مانا لە بازنەیەکی هێرمۆنێتیکیدا بە 'بازدانی خەیاڵ' دەکرێ. کاتێک ئێمە دەقێک دەخوێنینەوە، هەوڵدەدەین کە بەرداشتێک هەڵێنجێنین کە هەرگیز ئەو بەرداشتە بە مانای بەرداشتی کۆتایی و تاکە خوێندنەوە نییە. هەمیشە ئیمکانی ئەوە هەیە کە مانای تازە بدۆزینەوە بەتایبەت کە ئەو کەسانەی دەق دەخوێننەوە جیاوازن و پێشینەی جیاوازیان هەیە و بە توانایی کەلتوری و پێشزێهنییەتێک کە

هەیانە لە خوێندنەوەی دەقدا بەشدارن.

Mimesis و شێوەی خوێندنەوەی تێکستی ئەدەبی لەلایەن ئێریک ئاورباخ سەرچاوەیەکی ئیلهام بوو بۆ خوێندنەوەی من لە ناڵەی جودایی. بە گوێرەی خوێندنەوەی Paul de Man لە Mimesis دەکرێ 'هەمیشە لە دەقەوە دەستپێبکەین چونکە دەق دەتوانێ هەموو تیۆرییەکان تێپەڕ بکا'.(Mimesis, ل. ٧).

## تیۆری

ناڵەی جودایی هەڵگری هێندێک خاڵی دژبەیەکە. هەر بۆیە دەبێ لە گۆشەنیگای جیاواز ڕا ئانالیز بکرێت. من لە چەند چەمکێک بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو شیعرە کەڵک وەردەگرم.

### ١- کۆرا، ئابێکشوون

'دروستبوونی سابجێکت' لە تیۆرییەکانی پسیکۆئانالیزدا جێگایەکی تایبەتی هەیە. پسیکۆئانالیز سەبارەت بە تێکست (دەق) و گوتار هەڵوێست دەگرێ بۆ ئەوەی بتوانێ بگاتە هەست و ئەزموونەکانی سابجێکت.

ژولیا کریستێڤا، تیۆرییەکانی فرۆید دەربارەی ناسنامە کە لەگەڵ هەم دایک و هەم باب پێناسە دەکرێت، تایبەتمەندیی زمان کە هێترۆژێنە و هەروەها پێوەندی نێوان 'خودئاگا' و 'ناخودئاگا' و پێوەندی نێوان خەون و ناوەڕۆکی خەون و هەروەها تیۆرییەکانی ژان لاکان، لە کاری خۆیدا پەرەپێدەدا بۆ ئەوە کە تێکستی ئەدەبی و سابجێکت بێنێتە بەرباس(١).

خەون بۆ فرۆید بە مانای ئەوەیە کە بە وێنە بیردەکرێتەوە. ڕەوانی ئینسان بەگوێرەی فرۆید وەک دەقێکە 'بڵاو و پڕ لە دژایەتی و ناتەبایی'. بە ڕای لاکان "خود" کاتێک دروست دەبێ کە دێتە ناو نەزم و سیستەمی زمان و کەلتور. کریستێڤا قامک بۆ ئەوە درێژدەکا کە دروستبوونی سابجێکت زۆر زووتر - پێش هاتنی منداڵ بۆنێو سیستەمی زمان دروست دەبێ. واتە پێش قۆناغی ئاوێنەیی، کاتێک منداڵ و دایک پێوەندییەکی سێمیۆتیکیان هەیە. کاتێک گەرمای دایک، 'نوختەی قەراردادی'یە و دایک و منداڵ یەکن و هێشتا منداڵ خۆی جیا نابینێ.

"خودی شاعیرانە" خودێکی ئاڵۆزە کە لە گۆڕاندایە و لەنێو 'ویست' و 'کەمایەسی'یەک سەردەردێنێ: کەمایەسی ئەشق. زمان بۆ شاعیر تەنیا نیشانە نییە، بەڵکو استدعا - بانگەشەکردن - خواست، ویست و داوایەکە بۆ ئەو کەمایەسییە. دەقی شاعیرانە کە بە 'ساتێکی تایبەتی قەیران' بەستراوەتەوە، بالقوە هەڵگری جەستەیەکی دایکانە (سێمیۆتیک - ڕەمزی)یە، کە بەرامبەرە لەگەڵ زمان - سیستەمی نیشانەیی. هەست، ڕیتم و طنین - زایەڵە لە توخمی - عنصرێکی دایکانەوە کە وەک مەترسییەک بۆ زمان دەبیندرێ، سەرچاوەدەگرن. کریستێڤا ئەو ئیمکانی دەربڕینە ناودەنێ Chora "کۆرا"(٢) کە تایبەتمەندی ژنانەی هەیە و بەتەواوی ڕەمز و نەگوتراوانەی نێوان خەتەکانی دەق - بینامتنی دەگوترێ. کۆرا تیۆرییەکی سەرەتاییە کە لەو جێگایەی کە مانا لە دەقدا بێدەنگ دەکرێ و یان قەت نەبووە، مانا دەبەخشێ.

کاری شاعیرانە - هونەرمەندانە دەبێتە هەنگاوهەڵگرتن و بزاڤێک لە کاتی مەیل و دڵتەنگی شاعیرانەدا بۆ گەیشتن بە قارەی دایک کە سیستەمی زمان لە کەناریدا تێپەڕ دەبێ. شاعیر لە 'ساتی قەیران'دا، لە سنوورەکانی نێوان ڕەمز - سروشت و سیستەم - کەلتوردا، خۆدەبینێتەوە و بەم جۆرە 'دیسکۆرسی مێژوویی' دەق لەقاودەدا. شاعیر وەک منداڵ کە بۆ وەدەستهێنانی کەسایەتی)(٣) خۆی لە فازی خۆجیاکردنەوەدا هەوڵدەدا و سابجێکت خۆی بە ئافەرینشی هونەری خۆی دروستدەکا. شاعیر زیاتر لە کەسانیتری کۆمەڵ، بە نووسینی خۆی، خۆی بە فازی دووانەیی بەڵام ناتەبا پێوەند دەداتەوە واتە ئەو فازە کە منداڵ هەم دایکی خۆشدەوێ و هەم دەخوازێ خۆی لێ جیابکاتەوە.

لە نەبوونی ئەشقدا سابجێکت لە گەرمای دایکانە دەگەڕێ کە سەرچاوەیەکە بۆ خوڵقاندن. سابجێکت لە 'پرۆسە'دا دروست دەبێ. مەبەستی کریستێڤا لە پرۆسە گۆڕان و پێشکەوتنە. هەموو تێکستێک وەرگێڕانی ئەزموونەکانی سابجێکتە، ئەو ئەزموونانە کە لەسەر شانۆ دادەندرێن و ساختاری هەردوو زمان و ڕەوان دەگۆڕن. 'ناخودئاگا' پایەی دەقی ئەدەبییە. دەقی ئەدەبی کارێکی بەمانایە کە 'ئەزموونە هەستییەکانی سابجێکت' خۆیان لەو پرۆسەیەدا نیشاندەدەن.

چەمکی abjektion گرینگییەکی تایبەتی لە تیۆرییەکانی ژولیا کریستێڤادا هەیە. ئابێکشوون لە وشەی abjicera وە دێت کە بە مانای فڕێدان و لە خۆ دوورکردنەوەیە. ئەو چەمکە باس لە فازێکی پێشکەوتن دەکا. سابجێکت کاتێک دروست دەبێ کە خۆ لە جەستەی دایک جیادەکاتەوە واتە هاوکات کە منداڵ شیفتەی جەستەی

دایکە، لێیشی بێزارە. کاتێک زمان دێتە ناو دونیای منداڵ و دەستی باڵا دەگرێ، 'کۆرا' وەپشتگوێ دەخرێت. 'ویست' لە "خود" دوور دەبێتەوە و "خود" دەکەوێتە قەیرانەوە. ئابێکشوون، بە ڕای کریستێڤا، سەرچاوەیەکی تاریک و مەڕمووزە کە لە پرۆسەیەکدا منداڵ خۆی وەک سابجێکت دەبێنێ و خۆ لە مبدا - سەرچاوە و ڕیشە جیادەکاتەوە. کریستێڤا دەڵێ کە ئابجێکشوون دەتوانێ دەست بۆ قەتڵ بەرێ. ئابێکشوون کاردانەوەیەکی بەزەبروزەنگە، ترسە، هەستێکە کە منداڵ لە دایک جیادەکاتەوە. ئابێکشوون کە لە هەموو کەلتورەکانی جیهاندا بەدیدەکرێ، 'ئەزمە-قەیرانێکی نارسیست'ییە بەڵام لە هەمان کاتدا هەلومەرجێک دەخوڵقێنێ کە هەست وەرگێڕدرێتە سەر نیشانە و زمان. زمان، بەگوێرەی وتەکانی کریستێڤا، جەستەیەک دروستدەکا کە ئەزموون و خەمۆکی سابجێکت خۆی تێدا دەبینێتەوە ئەگینا شاعیر دەکەوێتە ناو دونیای مەرگ. زمان ئیمکانی زیندوومانەوە درووستدەکا.

### ٢- نێهێلیسمی شاعیرانە

نێهێلیسم بۆشایی و خەونێکە کە لەوێندەرێ "خود" تەنیا یاسایە. لەو بەتاڵییەدا ژیان تەنیا ورشەیەکە، دونیایەک کە لە پشت ئەو هیچ شتێک وجودی نییە. لەو جیهانەدا هونەر، یا وردتر بڵێین شیعر، شوێنێکی تایبەتی دەدا بە گەڕانی بێکۆتایی ئینسان. خودی هونەرمەند و شیعر زیاتر لە هەموان خۆیان لە "ڕەها - مطلق" نزیک دەکەنەوە. نێهێلیسم سەروژێرکراوی 'ایدەئالیسم مطلق'ـە کە ئینسان دەکاتە 'بوونەوەرێکی ڕەها' واتە جۆرە خودایەک. بەڵام چۆن "بمر - فانی" و "نەمر - جاودانە" لێک گرێدەدرێ؟ ئەوە تەنیا لەڕێگەی فانتازی - خەیاڵ دەکرێ کە تەعبیر لە ئازادییەکی ڕەها و گەڕانی ئینسانە بۆ تێپەڕکرنی سنوورەکانی مێتافیزیک و سروشت. تەنیا لەڕێگەی زمان و شیعر دەکرێ "مطلق" خۆی نیشان بدا و خداگونگی - خوائاسابوون تەنیا لەنێو شیعردا دروست دەبێ.

Jean Paul ی ئاڵمانی چەمکی 'نێهیلیسمی شاعیرانە'ی لە سەرەتای ١٨٠٠ هێنایە کایە.چەمکی'هیچ' ڕۆڵێکی ناوەندیی لە نێهێلیسمی شاعیرانەدا هەیە. ئاندێش ئوولسۆن لە کتێبی ٢٠٠٠ Läsningar av Intet سەرنجی خوێنەران بەرەو ئەوە ڕادەکێشێ کە لە سەردەمی ڕۆمانتیکدا جۆرێک لە ئایین هاتە کایەوە کە شیعر جێگای تیۆلۆژی دەگرێتەوە و شاعیر لە ساتێکی قەیرانیدا و لەڕێگەی خوڵقاندن حەقانییەت دەدا بە خۆی واتە "مشروع کردن خود". چەمکی نێهێلیسمی شاعیرانە دیاردەیەکە کە بە درێژایی مێژوو لە سۆفۆکلۆسەوە تا تۆلستۆی دەبیندرێ.

**٣- خواست، ویست، ئارەزوو - Wants**

بەڕای شۆپێنهاوەر (١٧٨٨ - ١٨٦٠) 'ویست' ئەو هێزەیە کە هەموو جیهان بەرەوپێش دەبا. هەموو جیهان 'مەفعول - ئابجێکت'ێکە بۆ سابجێکت واتە مەفهوم - بەرداشتێک. کتێبی شۆپێنهاوەر، جیهان وەک ویست و مەفهوم، باسی تەجرەبەکرنی جیهان دەکا. لەو جیهانەدا 'ویست' حاکمە و سابجێکت لەڕێگەی مەفهوم - برداشتەوە درووست دەبێ. ویست لای شۆپێنهاوەر وەک 'ئیدە'ی ئەفلاتوون و چەمکی Das Ding An Sich واتە "شیئ در خود"ی کانت کە ئەوەیش بەو مانایەیە کە خوایەک حاکمی جیهان نییە بەلکو 'خواست و ویستێکی کوێر' دەسەڵاتی لەدەستگرتووە. چەمکی ئیدەی ئەفلاتون و 'برهمان'ی هیندویسم کە جەوهەرێکی ئەزەلی و ئەبەدین لەنێو چەمکی 'ویست'دا هەن. ویست مەزنێکی ڕەها نییە بەڵکو هەمیشە لە گواستنەوەدایە. شۆپێنهاوەر پێیوایە کە ئینسان بەردە و بەندەی 'ویست'ە و 'ویست'یش لە خۆیدا هیچ ئامانجێکی نییە بەڵام "موضع متافیزیکی" شۆپێنهاوەر کە ژیان وەک "ڕەنج" دەبینێ، بەدوای دینێکی تازەدا ناگەڕێ، بەڵکو فەلسەفەی شۆپێنهاوەر گەڕانە بەدوای حەقیقەت لەوپەڕی ڕەمز و میتۆلۆژییەکان. 'ویست' بەبێ پشودان دەگەڕێ و وەک 'پرنسیپ تکامل' دەبینرێ کە ئەوەیش 'ویست بۆ ژیان'ە. ئینسان لەڕێگەی 'ویست'ەوە بوونی هەیە. 'ویست' دەبێتە ذات - جەوهەر و هەموو ویستێک لە نیاز و زەرورەتێک سەرچاوە دەگرێ، لە ئیشتیاقێکی نابینا. دوای دابینکردنی هەر ئارەزوویەک، ئارەزوویەکی تر سەرهەڵدێنێ.

"ڕەنج" ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە لە فەلسەفەی شۆپێنهاوەر وکاراکتەری خواست لەڕێگەی ڕەنجەوە دیاریدەکرێ. ئێمە دەرد دەناسین بەڵام هەست بە بێدەردی ناکەین. دەرد هاودەمی ژیانە و ڕەهایی لە مەرگدا دەدۆزێتەوە. ویست وەک هێزی بەرەوپێشبردن هەڵگری جۆرێک لە "سلووک و خەڵوەتە" واتە هونەرمەند دەگەڕێتەوە بۆ ناخی خۆی و لە شتە ڕووکەشییەکانی جیهان دادەبڕێ و نیگەرانی قەزاوەتی خەڵک نابێ. شۆپێنهاوەر هونەر وەک ڕێگا و شێوەیەکی تایبەت کە جیهان دێنێتە ژێر سەرنج دەبینێ. هونەر ئیمکان دەدا هونەرمەند هەموو شتە ناگرینگەکان جیادەکاتەوە و تەنیا 'ئیدە' لەنێو هونەری خۆیدا نیشان بدا.

بۆ شۆپێنهاوەر مۆسیقا بەتایبەتی دەتوانێ شادی، خەم و ئارامی خاتر دەرببڕێ. مۆسیقا فۆرمێکی گشتی دەربڕینە بۆ دەروونیترین جەوهەر و "ماهیت"ی ئینسان. ئەو جەوهەرە لەڕێگەی هونەرەوە، وردتر بڵێین لەڕێگەی شیعرەوە، دێتە ناسین و ئەزموونەکانی تاک شەرتی پێویستن بۆ تێگەیشتن لە شیعر و مێژوو.

**٤- جیهانی دیۆنیسی**

لای نیچە، هەروەک شۆپێنهاوەر، چەمکی ڕەنج ڕۆڵێکی گرینگی هەیە بەڵام لەلای نیچە ئەو چەمکە هیچ مەبەست و مانایەکی نییە. نێهیلیسمی نیچە لە ترادیسیۆنێکی یونانییەوە دێت و Tragedy دەبێتە دایکی فەلسەفە. نیچە پێیوایە کە بەدوای "مەرگی خوا"، 'ویست بۆ دەسەڵات' جێگای نێهێلیسم دەگرێتەوە. بەپێی وەهای گوت زەردەشت ئینسان شتێکە کە دەبێ بەسەریدا زاڵ بی. "ابرانسان - ئینسانی والا" بەرئەنجامی گۆڕانی ڕۆحی ئینسانە لە پرۆسەیەکدا، کاتێک ئینسان بە ویست و هێزی خۆی شۆڕش دەکا و خۆی ئازاد دەکا. لەو پرۆسەیەدا ئینسان شێواوی و بێنەزمی دەکاتە آفریدن - خوڵقاندن. لە گواستنەوەی ڕۆح بەرەو ئینسانی والا سێ فاز تێپەڕ دەکرێ: وشتر، شێر و سەرئەنجام منداڵ. منداڵ ئینسانی والایە و بێتاوانە واتە بوونەوەرێکی پیرۆزە کە دەتوانی "بەڵێ بە ژیان" بڵێت.

نیچە پێیوایە کە ئینسان مانیفێستێکە لە مۆسیقای 'ویست'. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەیش لە زاییش تراژدیدا نیچە لە دوو مێتافۆری ئاپۆلۆ و دیۆنیسۆس کەڵک وەردەگرێ. دەکرێ ئەو دوو توخم - عنصره وەک دوو جیهانی جیاوازی هونەری خەون و مەستی ببینین: لە خەوندا ئەو دوو خوایە، ئاپۆلۆ و دیونیسۆس، خۆیان بە ئینسان نیشان دەدەن. ورشەی جوانی جیهانی خەون پێشفەرزێکە بۆ هونەر، شیعر و نەقاشی. ئینسانی هونەرمەندی خوڵقێنەر بە وردییەوە چاودێری دەکاتە سەر وێنە دۆستانە و یان خەمۆکانەی جیهانی خەون و بەرداشتی خۆی لە ژیان تەرجەمە دەکا.

دیۆنیسۆس نوێنەری بێفۆرمییە لە ژیان بەڵام هاوکات بناغەیە بۆ هەموو فۆرمەکان. ئاپۆلۆ هەوڵدەدا تا جیهانێکی استوار - سەقامگیر لەسەر شێواوی ساز بکا. دیۆنیسۆس لە پرەنسیپیدا هەر هەمان "ویست بۆ دەسەڵات"ە. دیۆنیسۆس هەم دەرد و هەم مەرگ لەخۆدەگرێ کە سەرچاوەی هێزی ژیانن. ئاپۆلۆ ماسک - دەمامکی دیۆنیسۆسە. ئەو دووانە پێکەوە هاوکاری و چاوەدێری یەکترین دەکەن. لە جیهانی دیۆنیسۆسدا ئینسانی خوڵقێنەر واسطە - ئاڵقە و هۆیەکە بۆ گواستنەوەی بەردەوام لەلایەن ویست. هونەرمەند دەبێتە سابجێکتیکی ڕەها - مطلق واتە هاوکات هەم سابجێکت و هەم ئابجێکتە. بە ڕای نیچە لەو دووانەکردنەی جیهاندا، شیعر دەبێتە ڕێگەچارە.

بەشداریکردن لە جیهانی مەستانەی دیۆنیسۆسی یەکگرتنێکە کە دەگەڕێتەوە بۆ یگانگی و وحدتی - یەکبوون لەگەڵ سەرچاوەی هستی - بوون. مۆدێلی ئەو ئیدیالەش تراژیدیای یۆنانی باستانە کە لەوێدا ئاپۆلۆ و دیۆنیسۆس، مۆسیقا و ئاواز، یەکدەگرن. نیچە پێیوایە کە کۆمەڵی ئینسانی دەکارێ لەسەر ئەو مۆدێلە دامەزرێت. مەبەستی

نیچە ئەوەیە کە یۆنانییەکان ترس و هەراسیان لە دەسەڵاتی پڕسامی سرووشت تەجروبە دەکرد و بۆ ئەوە بتوانن خۆیان لەو ترسە دەربازبکەن کایەی خەیاڵی ئۆلەمپیادییان ڕێکدەخست. هونەر، وەک کایەی ئۆلێمپییەکان، بۆ ئەوەیە کە بتوانی بەردەوام بی لە ژیاندا. ئەو ویستە بۆ یەکگرتن لەگەڵ بوون و سروشت وا دەکا کە ئاوازێکی خەمگین ببێتە ستایشی ژیان.

نیچە "هاودەردی" وەک نەخۆشییەک و دوژمنی ژیان دەبینێ. ئەو بۆچوونەی نیچە دژایەتی هەیە لەگەڵ بۆچوونی شۆپێنهاوەر. شۆپێنهاوەر گریان وەک هاودەردی لەگەڵ "خود" و یان ڕەنگدانەوە و زایەڵەی هاودەردی دەبینێ. ئەوی کە دەگری و دەناڵێنێ هاودەردە لەگەڵ کەسانی دی. بە پێچەوانەی شۆپێنهاوەر، نیچە خۆشبینە بۆ ژیان. نیچە دەڵێ کە خودی هەستی و بوون لە خۆیدا پیرۆز و جوانە. لە ڕیگەچارەی نیچەدا ویستی هونەرمەندانەی دیۆنیسۆسی جیهان دەکاتە بەرهەمێکی شاعیرانە و ویستی ئازادی "آکت"ێک دروستدەکا. شێواوی وەک پایەی سەرەکی بوون، لە شیعر و مۆسیقادا، جیهان دەکاتەوە یەک. هونەرمەند وەک جۆرێک "دوزیستی" بە تایبەتمەندی دوگانە - دوفاقەییەوە لە شۆرەکاتی دونیای مۆدێرندا خۆڕادەگرێ و هونەر ڕۆڵێکی زەروور و پێویستی دەبێ بۆ زیندوومانەوە. هونەرمەند وەک بوونەوەرێکی "دوزیستی" دەبێتە هەڵگری هەم بۆشایی نیهێلیسم و هەم سڕ و ڕازی بوون. شاعیر بەبۆنەی گومان و ناسکی زیاتر لە فەیلەسووف درۆ دەکا بەڵام درۆ ئیلاهییە و بۆ هونەر پێویستە.

## ئانالیز

### Intertextualitet "نێواندەق - بینامتنی"

کریستێڤا دەڵێ کە تێکست (دەق) لە دیالۆگ لەگەڵ تێکستەکانی دیدا دەخوڵقێت و ئەمەیش بەو مانایەیە کە هەموو دەقێک کارتێکردنی تێکستەکانیتری لەسەرە: ڕۆحی- ڕەوانی و کەلتوری، واتە لە "نێواندەق"دا تێکستێکیتر شکڵدەگرێ و بەم جۆرە هەر تێکستێک دەبێتە تێکستێکی تازە. کریستێڤا لەدرێژەدا دەڵێ کە ئێمە نابێ نێوان دەق وەک "نقد منبع" ببینین بەڵکو هەموو تێکستێک دەبێ وەک جۆرێک "پۆلیفۆنی لە تێکستی جۆراوجۆر بە ڕادەی جیاواز" بخوێندرێتەوە کە ئەو ئیمکانە بە دەنگی شاعیرانە دەدا کە شایەتی لەسەر مێژوو بدا.

هەروەک گوترا، نالەی جودایی چاولێکەرییکە لە مثنوی مولوی (١٢٠٧- ١٢٧٣). "صوفیسم" لە سەدەی ٩٠٠ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەریهەڵدا و بوو بە شاخەیەک لە "عرفان". تەسەوف ڕێگەیەکی ڕۆحییە بۆ پێشکەوتن. بۆ

سۆفییەکان ژیان کل - گشتێکە کە ئامانجی یەکگرتنە لەگەڵ خوا. بە گوێگرتن لە دڵ ئینسان بەرەو "خود"ی باڵا دەڕوا. هەر ئینسانێک وەک نوێنەرێکی بێ هاوتا و بێ نەزیرە بۆ خداگونگی - خوا ئاسایی، بۆیە ئینسان لە ناخی خۆیدا بەدوای خوا و حەقیقەتدا دەگەڕێ. "خود" هەوڵدەدا کە بگاتە خوا و خۆی تێدا بتوێنێتەوە. گرینگترین ڕێگەکانیش "ذکر" و خەڵوەتە. هەروەها سەما و موسیقا ڕۆڵی خۆیان هەیە لەو پرۆسەیەدا کە ئینسان دەبێتە ئاڵقەیەک بۆ گەیشتن بە خوا.

شایانی باسە کە لە نێوان "صوفیسم" و "Mysticism"دا جیاوازی هەیە. عرفان - میستیسیزم زۆر گشتیترە لە تەسەوف و لەنێو هەموو کەلتورەکانی جیهاندا دەبیندرێ. لە جیهانی عیرفانیدا "کل" و "بوون" گرینگترین شتن و عیرفان زیاتر بۆچوونێکی فەلسەفییە بەڵام سوفیزم (لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست) لەژێر کاریگەری ئیسلامدایە و تەنیا ڕێگەیەکی ڕۆحی نییە بۆ گەیشتن بە حەق بەڵکو بۆتە بەشێک لە دین و لک و پۆی جیاوازی لێبۆتەوە کە بە "تەریقەت" ناسراون. لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تەسەوف زۆر جار تێکەڵاوی دەسەڵاتی سیاسی بووە و دەروێشی خۆی سازکردووە و هەر بەو هۆیەیش کەوتۆتە بەر ڕەخنەی ڕۆشنبیرانە.

لە ڕۆژئاوایش چەند فۆرمی عیرفان دەبیندرێن. ئاندێش ئۆلسۆن لە کتێبی Läsningar av Intet دا باس لە دوو جۆر دەکا: پۆزێتیڤ کە خداگونگی - خوائاسابوون لە چەمکی ئینسانیدا تەوسیف دەکا و جۆرێکیتریش کە نێگاتیڤە و خوا وەک شتێکی دوور و بێگانە کە خۆی بە ئینسان نیشان نادا، دەنرخێنێ.

تەسەوف بە باش و خەراپ کاردانەوەی هەبووە لەسەر شیعری کوردی. ماموستا مارف خەزنەدار باس لەو کاردانەوەیە دەکا: "کارکرنی سۆفیزمی کۆزمۆسی بەگشتی و سۆفیزمی ئیسلامی بەتایبەتی لە ئەدەبی کوردیدا لە سێ شیوەدا دەبینرێن، /.../:

*"١- شیعری سۆفیزم (عیرفانی)*

*٢- شیعری وەسفی سۆفیزم*

*٣- شیعری دژی دەروێشیزم"*

هێمن کە لە بنەماڵەیەکی ئایینییەوە دێ زۆر جار سۆفیگەرێتی و ئەو کەسانەی کە لە دین و باوەڕی خەڵک "سوءاستفادە" دەکەن دێنێتە ژێر ڕەخنە. هێمن بەردەوام لە شیعرەکانیدا لە نێوان شک و دیندا هاتوچۆ دەکا. هێمن

لە سیمبۆل و ڕەمزەکانی ئیلاهی کەڵک وەردەگرێ بەڵام زۆر جار دین دێنێتە بەر ڕەخنە. نالەی جودایی لە چەند خاڵدا خۆی لە مثنوی جیادەکاتەوە:

لە نالەی جودایی دا "خود"ێک دێتە کایەوە کە لە نێوان دین و بێدینیدا لە هاتوچۆدایە. بۆ سۆفییەکان توانەوە لەنێو خوادا ئامانجە کەچی بۆ هێمن توانەوە لەنێو خاکی نیشتماندا ئاواتە. لە نالەی جودیی دا وشە دەبێتە جۆرێک لە"ذکر و نیایش" بۆ ئەو وڵاتەی کە شاعیر بەجێیهێشتووە(٤). شیعری نالەی جودایی بە ڕووکردن لە ساقی دەستپێدەکا:

*ساقی‌یا! وا بادەوە، وا بادەوە*
*ڕوو لەلای من کە بە جامی بادەوە*
*موشتەری وەک من لە مەیخانێ کەمن*
*زۆربەیان شاد و بەکیف و بێ خەمن*
*مەی حەرامە بۆ سەهەندە و بێ خەمان*
*مەستی بێ خەم بۆچی بگرن یەخەمان؟ (کۆپلەی ١، ل. ١٢)*

شاعیر بە وشەکانی خۆی دەسەڵات دەگرێتە دەست و یاسا دادەنێ: شەراب بۆ ئەو کەسانەی کە بێ خەمن و ڕەنجیان نەبینیوە، حەرام دەکرێ. ئەو یاسایە مغایرت - دژایەتیی هەیە لەگەڵ ئیسلام کە بەگشتی خواردنەوەی شەراب حەرام دەکا. ئەوەیش لەوە سەرچاوەدەگرێ کە لە عیرفاندا خواردنەوەی شەراب بۆ ترانس و خەلسە کە بتگەیەنێتە خوا بەجۆرێک لە جۆرەکان ئازادە. شاعیر تەنیا ئیزنی ئەوانە دەدا کە شەراب بخۆنەوە کە ڕەنجیان بردووە و کەسێک کە ڕەنجی نەدیوە تووشی تاوان دەبێ ئەگەر بێتو شەراب بخواتەوە.

لە ئیسلامدا هەموو جۆرە ئاکار و بیرکردنەوەیەک لە دەرەوەی ئیسلام بە "کفر" دادەندرێت. کاتێک شاعیر دەستدەکا بە وتووێژ لەگەڵ ساقی، پشت لە یاساکانی دین دەکا. لێرەدا دەسەڵاتی خوایی کە لە ناخی شاعیردا ڕەنگدەداوەتەوە و شاعیر یاساکانی خوا بە مەیل و خواستی خۆی دادەڕێژێتەوە و قەزاوەتەکانی شاعیر دەبنە پرینسیپ. ئەو پرینسیپە پۆزیسیۆنێک دروست دەکا لە نێوان خوا و ئینسان کە "خود" بەم جۆرە دەتوانێ یاساکان دوبارە دارێژێ(٥).

تێڕوانینی شاعیر لەسەر شەراب بە پێچەوانەی ئیسلامە. هەموو "خود"ی خەمۆک دەخوازێ کە لەڕێگەی مەستییەک و لە خەیاڵدا لەگەڵ سەرچاوەی شیعری و خۆشەویستەکەی و وڵات یەکبگرێتەوە. هەڵگرتنی وڵات بەگەرمی لەنێو دڵداو ئارەزووی یەکگرتنەوە لەگەڵ وڵات تێمێکە کە لە زۆربەی شیعرەکانی هێمندا دەبیندرێ:

*لە شاییدا لە وەختی هەڵپەڕینا*

*لە خۆشییدا لە کاتی پێکەنینا*

*لە کۆڕی ماتەم و گریان و شینا*

*ئەمن ئەی نیشتمان تۆم هەر لەبیرە (تۆم هەر وەبیرە، دیوانی هێمن، ل. ١١٠)*

لە تێکستە ئۆرییێنتالەکاندا ساقی هەمیشە فیگورێکی بەهێز بووە کە ئینسان ڕووی تێدەکا تا باسی خەمەکانی خۆی بۆ بکا. ساقی لەڕێگەی شەراب و بوونی خۆی دەبێتە هۆی ئەوە کە "خود" بڕواتە ناو پرۆسەی "دگردیسی". بەڕای من ساقی لە شیعری "ناڵەی جودایی"دا لە توخمی ژنانەیە. (لە وتووێژی من لەگەڵ چەند بەڕێزێک، هێندێک پێیان وایە کە ساقی پیاوە) ئێمە نابێ لەبیرمان بچێ کە ساقی لە کۆشکی میران لە زۆربەی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا شەرابیان گێڕاوە و ژنانی ساقی سەمایان کردووە. لە دەیەی حەفتادا (سەردەمی نووسینی ئەو شیعرە) زۆربەی ساقییەکان کە لە مەیخانەکانی کوردستان کاریان دەکرد پیاو بوون. بەڵام ژنانی ساقی هەمیشە بووە بەتایبەت ژنانی ئەرمەنی کە لە مەیخانەکاندا مەییان گێڕواە. لە فۆلکلۆری کوردیدا زۆر گۆرانی بۆ ژنانی مەیگێڕ دەبیندرێ:

*حیساو کتاو گەردم مەکە*

*حالم خراوە دەنگ مەکە*

---

*ئەمشەو وەجور شەراوەگەت*

*مەستت بکەم چۆ چاوەکەت*

*دەست خەی ئەرا لینگ کەوشەکەت*

*بووشی کڵاوە ئەرمەنی*

(گورانی ئەرمەن لە سیدی حەمید حەمیدی، ٢٠٠٤)

یان لە گۆرانییەکی قەدیمیدا کە هونەرمەندی ناوداری کورد حەسەن زیرەک خوێندویەتی هاتووە:

*جوتێ ساقی گوارەزێڕن*
*مەی لە مەیخانان دەگێڕن*
*ئاشقان لە دین وەڕدەگێڕن (٦)*

شاعیر فیگوری ساقی لە خەیاڵی خۆیدا دوبارە بەرهەم دێنێتەوە. ڕیتم و دیالۆگ لەگەڵ ساقی و ئەو تایبەتمەندیانەی کە شاعیر دەیخاتە پاڵ ساقی پێمان دەڵێن کە ساقی لە توخمی ژنە. وشەی "جوان" چەند جار لە کۆپلەی پێنجەم و شەشەمدا دوپات دەبێتەوە کە ئامانجێکی تایبەتی هەیە. ئەو ئامانجە کە تایبەتمەندی ژنانە لە بەرامبەر پیاوانێک دابنێت کە نرخی جوانی نازانن و لەگەڵ گەوهەر دەیگۆڕنەوە:

*تۆش دەگۆڕیەوە دەگەڵ گەوهەر هونەر؟*
*کەنگێ گەوهەر جوانی کردن بەختەوەر؟*

----

*قەدری جوانی کوا دەزانێ ماڵپەرست!*
*جوانپەرەستە پیری خاوەن زەوق و هەست (ک. ٥، ل.١٧)*
*و کەمێک دواتر:*
*نا مەچۆ، جوانێ مەچۆ، واوە مەچۆ!*
*تۆ فریوی زێڕ و زیوی وان مەخۆ!*
*ئەو هەوەسبازانە جێی متمانە نین*
*هەر دەزانن گوڵچنین و بەی ڕنین (ل. ١٧)*

ساقی بە درێژایی مێژوو بە جوانی و حەقیقەت گرێدراوە. لێکبەستنەوەی ئەو دوو چەمکە، واتە جوانی و حەقیقەت، هەم لە ڕۆژهەڵات و هەم لە ڕۆژئاوا ئاشکرا و ڕوونە. ئیلهام و تایبەتمەندیی نەرمی ژنانە وا دەکا کە پیاوی جستجوگر - توێژەر - بگەڕ، ڕوو لە ژن وەک سەرچاوەیەکی بەهێز و پڕڕاز بکا. ساقی لە شیعری نالەی جوادییدا هەرگیز وڵامێک بە شاعیر نادا بەڵام بوون و نیگای خوائاسای ساقی، ڕووناکی دەخاتە نێو جیهانی شاعیر و دەرگا بۆ دونیایەکی تازە دەکاتەوە. شاعیر لە هەوەڵی شیعرەکەدا بە امر - فەرمان لە گەڵ ساقی

دەدوێت: "ساقیا وا بادەوە، وا بادەوە" بەڵام ئەو فۆرمە ئەمریە بە مانای کەمدیتن و ژێردەستبوونی ساقی نییە. ئەو فەرمانە لە تەمەنا و نیاز و ویستیک سەرچاوە دەگرێ کە ساقی یارمەتی شاعیر بدا تا بڕواتە نێو دونیای خەیاڵ. دواتر لە ناوەڕاستی شیعرەکە، واتە کۆپلەی پێنجەم، ناتەباییەک لەنێوان ساقی و شاعیر دێتەڕوو، کاتێک شاعیر ساقی تاوانبار دەکا کە فریوی زێڕ و زیوی خواردووە و ئەوەی لێ چاوەڕوان نەدەکرا چونکە ساقی لەخۆیدا بە هەڵگری جوانی و حەقیقەت ناسراوە. شاعیر ساقی پەنددەدا کە شەراب بۆ دەسەڵاتداران نەگێڕێ چونکە ئەوان بەدوای خرد/ هزردا ناگەڕێن. لەو بەیتەدایە شاعیر لەوپەڕی ناهومێدییە، هەر بۆیە ساقی دەشکێنێتەوە:

*ساقـیا! بۆ کوێ دەچی، بۆ کوێ دەچی؟*
*تۆش لەبەر ئەو ملهوڕانە ملکەچی؟*
*تۆش بە ڕەنگ و بۆی ئەوان خواردت فریو؟*
*چاوی تۆشی هەڵفریواند زێڕ و زیو؟*
*تۆش دەگۆڕیەوە دەگەڵ گەوهەر هونەر؟*
*کەنگێ گەوهەر جوانی کردن بەختەوەر! (ک. ٥، ل. ١٦-١٧)*

بۆ شاعیر وەک کەسێکی جستجوگر/ پشکێنەر، ساقی کە سیمبۆلی ئەشق و جوانییە و لە خۆیدا ئینسان بەرەو "حەقیقەت" دەبا، نابێ خەیانەت بە هونەر و حەقیقەت (کە پیاو پێناسە و تاریفی دەکا) بکا. Carin Fransen باس لەوە دەکا کە ساختاری دەسەڵات لە هەوەڵەوە بە مانای ژێردەست بوونی ژنە ئەوەیش بەو مانایەیە کە سەلیقە و زەوق، حەقیقەت و جوانی لە بناخەوە لەلایەن پیاوەوە مانا دەکرێ. ژن - جوانی لە پێوەندی لەگەڵ پیاو، "عملکرد - کاربرد"ێکی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە جوانی ویستی پیاو بەرەوپێش دەبا.

لێرەدا ئێمە دەبینین کە شاعیر لەبیریدەچێ چەند بەیت پێشتر ساقی تاوانبار کردبوو کە گوایە ساقی فریوی خواردووە. شاعیر دوبارە ڕوو لە ساقی دەکاتەوە و وەک پێشوو باوەڕی خۆی پێنیشاندەدا و لە دەستەکانی ساقی دەگەڕێ. ئێستا شاعیر خۆی دەشکێنێتەوە و داوای یارمەتی لە ساقی دەکا تا بتوانێ لەگەڵ خەمی خۆی بسازێ و "خود" ڕزگار بکا و دیسان بتوانێ لەنێو ئەو شک و گۆمانەدا باوەڕ بە ژیان و بوون بکاتەوە:

*وا وەرە، دەی وا وەرە، نێزیک بە لێم*

*بمدەیە مەی، بمدەیە مەی تا دەڵێم:*

*"مست مستم ساقیا دستم بگیر*

*تا نیفتادم زپا دستم بگیر[١]" (ک. ٦، ل.١٧-١٨)*

لە نیوەڕاستی کۆپڵەی شەشمدا چەند بەیت لە مثنوی و چەند میتۆلۆژی و فیگوری ناسراوی تراژێدی لە ئەدەبی کوردیدا دێتە ناو دەق:

*جا کە سەرخۆش بووم بە دەنگێکی نەوی*

*بۆت دەڵێم ئەو شیعرە بەرزەی (مەولەوی):*

*"بشنو از نی چون حکایت میکند*

*از جدائیها شکایت میکند" (ک. ٦، ل.١٨)*

کارتێکەریی زمان و شیعری مەولەوی لەسەر نالەی جودایی ئاشکرایە. لەو بەیتە کە لە هەوەڵی مثنویدا هاتووە، "نەی" ڕۆڵێکی بەرچاو دەگرێت تا گوزارشت لە دەرد و ڕەنجی جودایی شاعیر بکا کە لە زمانی "نەی" دێتەدەر:

*بشنو از نی چون حکایت میکند*

*از جدائیها شکایت میکند*

*تا مرا از نیستان ببریدەاند*

*از نفیرم مرد و زن نالیدەاند.*

پەژارەی شاعیر لە ڕێگای "نەی"یەوە کە لە "نیستان" و وڵاتی خۆی دابڕاوە ڕەوایەت دەکرێ. "نەی" ئامێرێکی کۆن کە لە نەێ دروست دەکرێ. شاعیر بە نەفەس و ڕۆحی خۆی نەی دەژەنێ. نەی وەک پێنووسیش بەکاردێ کە لە جەوهەر هەڵدەکێشرێت و جەوهەرەکە هەڵدەمژێ و پێی دەنووسرێت. کەواتە لێرەدا نەی هەم ئامێرە و هەم پێنووس. نەی هەم دەنووسێ و هەم دەژەنێ. لە هەردووک حاڵەتدا خەمێک هەڵدەمژێ و دوبارە دەریدەخاتەوە. بە ناڵەی نەی و نووسینی نەی، باسی خەمێک دەکرێ کە دەردی جودایی‌و عەشق و خۆکوتانە بۆ یەکگرتنەوە. ئەو خەمە خەمی ئینسانە بەگشتی و تەنیا هی شاعیرێکی کورد نییە. بەڵام ئەو خەمە (دەردەکورد) تا ئێستا هیچ

"نەی"یەک باسی لێوەنەکردووە و لێرەدا ئەو دەردە تێکەڵاوی دەردی تاک و سروشت دەبێ بۆ گەڕانەوە بۆ سەرچاوە و ئازادی:

*بۆیە ناڵەم تێکەڵی نەی کردووە*

*شیوەنێکم پێیە نەی نەیکردووە*

---

*شیوەنی من شیوەنی ئینسانییە*

*بانگی ئازادی و گرۆی یەکسانییە (ک. ٦، ل. ١٨)*

بەشێک لە "خود" دەخوازێ ڕەنجی خۆی تیمار بکا و بگاتەوە سەرچاوە. سی و حەوت بەیت دواتر ئەو یەکگرتنەوەیە سەقامگیر دەبێ. شاعیر کە ساڵانێکی زۆر خەباتی کردووە و لە تاراوگە بووە، چەند بەیت لە "پیری" خۆی بەقەرز وەردەگرێ تا باسی ئەوەمان بۆ بکا کە دڵنیایە ڕۆژێک لەگەڵ خاکی وڵات، یاران و هەموو ئەو شتانەی کە جێیهێشتوون یەکدەگرێتەوە ئەگەرچی هەلومەرجی ئێستای ژیانی لە قەیراندایە و دووری بێهێزی کردووە:

*گەر دەناڵێنم، ئەمن پەککەوتە نیم*

*تێدەکۆشم بۆ وەصڵ تاکو دەژیم*

---

*هەر کسی کو دور ماند از اصل خویش*

*باز جوید روزگار وصل خویش*

*ڕێگە دەبڕم، کوانێ هەنگاوم شلە*

*ڕاستە بێهێزم، دەکەم ئەمما ملە (ک. ٦، ل. ٢٢)*

لە کۆپلەی حەوتەمدا چەند ناوی مێژوویی ژن و پیاو دێنە نێو دەق. ئەو ناوانە کێن و چ کاریگەرییەکیان هەیە؟ هەوەڵ با ناوەکان جارێکیتر بنووسینەوە: بەکرە شۆفار کە بوو بە هۆی مەرگی مەم و زین لە تراژیدی مەم و زین(٧)، مەم و زین، قەرەتاژدین، چەکۆ و عرفۆ (سێ یاری مەم)، لاس و خەزاڵ، خانزاد (سەرۆک خێڵ و خوشکی خەزاڵ لە تراژیدی لاس و خەزاڵ)، شەم و شەمزین، خەج و سیامەند، برایم و پەریخان و سەرئەنجام ناوی وەلی دێوانە کە شیعری بۆ خۆشەویستەکەی شەم گوتووە:

*کەوتمە نێو چاڵی دیلی وەک (مەمێ)*
*(یایەزین) لە کوێیە هاواری کەمێ!*
*وام بە تەنیایی لەنێو خوێنا شەڵاڵ*
*کوانێ عێل و کوانێ (خانزاد) و (خەزاڵ)؟!*
*زور لەمێژە نارەناری منی نەبیست*
*هەروەکو (شەمزین)، (شەمیلە)ی خۆشئەویست (ل. ٢٠-٢١)*

ئەو پێنج بەیتە لە بەیتە بەناوبانگەکانی فۆلکلۆری کوردین. هەموو ئەو تراژیدیایانە باس لە ئەشق، زوڵمی دەسەڵاتداران، خەیانەت و جودایی دەکەن(٨). ئەو فیگورە ژنانەی کە ناویان لەو بەیتانەدا دێن، ژنانێکی ئاشق، ئازا و نەترسن کە لە بەرامبەر نۆرمدا ڕاوەستاون و خۆیان خستۆتە نێو خەباتێکی نابەرامبەر. شاعیر ئەو ناوانە دێنێتە ناو دەق تا نیشان بدا کە ژیانی ئەو جۆرێک بەردەوامبوونی تەقدیری قارەمانەکانی ئەو تراژیدیانەیە کە یان چوونە مەنفا و یان مەرگیان هەڵبژاردووە. شاعیر لەنێو خوێنی خۆیدا نوقمە، لە ڕیشەی خۆی دوورکەوتۆتەوە و "جەرگی لەت لەت"ە. شاعیر ئارەزوو دەکا کە ئەو ژنە ئازایانە بێن و ڕزگاری بکەن و گورانی بۆ بڵێن. (هەموومان دەزانین کە پێهەڵگوتن بە کەسێکی کە کەوتۆتە غەریبی و مەنفا و یان شەهید بووە، بەشێکە لە دابونەریت و بەتایبەت لەنێو ژناندا وەک سێرمۆنی ئەنجام دەدرێ.)

وێنەی ژن لە شیعری هێمندا، لە هەوەڵ شیعرەکانییەوە تا دوایین شیعرەکان، گۆڕانکاری زۆری بەسەردا هاتووە. هێمن لە شیعرەکانی خۆیدا داواکاری یەکسانی کچ و کوڕە و ئارەزوو دەکا کە کار و چالاکیی ژنان بەشێکی گرینگ بێ بۆ دروستکردنی وڵاتێک کە لە وێندەرێ ژن و پیاو هاوسەنگن. هێمن لە زۆر شیعردا ڕەخنە لە پۆزێسیونی ژێردەستەی ژنان دەگرێ. لە پێشەکی ئەم کارەدا باسم لەوە کرد کە من دەمویست شیعرێکیتر هەڵبژێرم و چاو لە دوو چەمکی "چین" و "جنس" بکەم. ئەو شیعرە سووڕی دەوران ١٩٧٨ەـ کە باس لە ئەشقی نێوان کچە میرێک و کوڕە شوانێک دەکا. خاڵێکی گرینگ لە شیعری سووڕی دەوران دا ئەوەیە کە کچەکە داوا لە کوڕ دەکا کە پێکەوە هەڵبێن و ڕەخنە لە میر و کۆمەڵ و نۆرمەکان دەگرێ. ئەو دەخوازێ کە یان پێکەوە بمرن یان ئاواتیان بێتە دی. کچ و کوڕ ڕادەکەن و سەرئەنجام بەدەست داروغە دەگیرێن و بە دەستووری میر دەکوژرێن. (سووڕی دەوران، ناڵە جودایی، ل. ٥٣-٨٩).

هێمن ناو و وێنەی شیعری لە شاعیرانیتر وەردەگرێ بەڵام ئاڵوگۆڕیان بەسەردا دەهێنێ و ناخوازێ وەک هەمیشە بە شێوەی سوننەتی ژن وەک ئابجێکت ببینێ. هێمن دەخوازێ ژنان بخوێنن و دانش - زانست وەدەستبێنن و لەو ڕێگەیەوە کۆمەڵێکی بەرامبەر دروست بێ. ژنی ئیدیالی هێمن "شیرین"ی وەفایی (١٨٣٨ - ١٨٩٩) نییە کە تەشی دەڕێسێ. هێمن بە ئاواتە کە ژنانی جستجوگر - وردکۆڵ کە دەتوانن پیاوان نەجات بدەن، گورانی بۆ شاعیر بڵێن:

*من تەشیرێسێکی وەک "شیرینی وەفایی"م بۆ چییە*
*کیژی ئازای چاوکراوە و فێرە زانینم دەوێ[٩]*

و لە کۆتایی کۆپڵەی حەوتەمدا شاعیر دەپرسێ کێ دەڵێ کە ئەو "وەلی دێوانە" نییە. وەلی دێوانە کییە؟ وەلی دێوانە (١٧٤٥ - ١٨٠١) بەهۆی ئەشقی خۆی بە "شەم" کەوتە جیهانی شێتی(١٠). جیاوازی چینایەتی نێوان وەلی و شەم بوو بە هۆی ئەوە کە ئەو دوو دڵدارە نەگەنە یەک. ئەشقی دێوانە بە شەم لە ئەدەبی کوردیدا بۆتە میتۆلۆژی و سیمبۆل بۆ ئەشقێکی ڕاستەقینە و قووڵ کە دەتوانێ ئینسان تا ئەوپەڕی دێوانەیی بەرێت. لێرەدا شاعیر لە نێوان خۆی و دێوانە، "هویت سازی" دەکا واتە ناسنامەیەک دروستدەکات. ژیانی هێمن "تناسخ" و بەردەوامی ژیانی دێوانەیە: یەک چارەنووس بۆ دوو پەیکەر، دوو کەس لە یەک پۆزیسیۆن، ڕۆحێک لە دەورانی خەمۆکی و جیایی کە نەبوونی گەرمای ژن لە ژیاندا بۆتە هۆی چارەنووسێکی تراژیدیایی:

*ئەو لە زۆزان، من لە ئارانی دەژیم*
*کێ دەڵێ ئەمنیش (وەلی دێوانە) نیم؟! (ک. ٧، ل. ٢١)*

بەڵام ڕۆحی هێمن لە چوارچێوە "تراژیدیاییەکاندا کە تاک ئەسیری خۆی دەکا" نامێنێ. لە تاریکترین ساتەکانی ژیاندا کە خودی شاعیر لە چاڵاوی تەنیاییدایە و کاسەی ڕۆحی پڕاوپڕە لە خەم و لێێ دەڕژێ، "خود" لە خەلسە دێتەدەر و ڕاستەوخۆ ڕوو لە وڵات، دۆست و خزمان دەکا:

*کوردەواری، ئەی وڵاتە جوانەکەم!*
*ڕۆڵەکەم! خێزانەکەم! باوانەکەم!*
*ئەی ئەوانەی قەت لەبیرم ناچنەوە*
*ئێستە بمبینن ئەرێ دەمناسنەوە؟ (ک. ٨، ل. ٢١-٢٢)*

و لە کۆپلەی نۆیەمدا "خود" ڕادەبێ و ڕوو لە یاران و ئازیزان دەکا و باسی گەڕانەوەی خۆی بۆ سەرچاوە دەکا. لێرەرا "خود" شۆڕشگێڕانە هەنگاو هەڵدێنێ:

*ئەی ڕەفیقان ئەی عەزیزانی وڵات!*

*ئەی برای هاوسەنگەری جەرگەی خەبات!*

----

*ڕێگە دەبڕم، کوانێ هەنگاوم شلە*

*ڕاستە بێهێزم، دەکەم ئەمما ملە (ک.٩، ل. ٢٢)*

تۆن و ڕیتمی خەماوی کە پێشتر شیعرەکەی داگرتبوو جێگای خۆی بە ڕیتمێکی تر دەدا و شاعیر دەگەڕێتەوە دەورانی لاوەتی. ڕۆحێکی ئاگرین، کێو و دەشت دەپێوێ و سەر لە کانیاو و مێرگ و تەلان و باخ و دێ و هەوار و ئەشکەوتی وڵات دەدا و دەخوازێ بچێتە شەوڕنی بیستان و دەستی بێری شۆخ و شەنگ بگرێ. سەرئەنجام "خود" دەگاتەوە سەرچاوە و جەژن دەگرێ و خۆشەویستەکەی لە باوەش دەگرێ و ئامادەیە لە باوەشیدا بمرێ.

**Abjektionen och Chora**

لە هەوەڵ بەیتی ناڵە جودایی دا شاعیر خۆی لە بەرامبەر کەسێک، " ئەو کەسە"، دادەنێ و دەخوازێ ئەو لە پۆزیسیۆنێکی خوارتر دابنێ. وشەی "ئەو کەسە" تەنیا وەک بەشێک لە ساختاری زمانی شیعرەکە نایە بەڵکو شاعیر خۆی لە ئۆپۆزێسیۆنی "ئەو کەسە" دادەنێ. "ئەو کەسە" ئینسانێکی بێخەمە کە شاعیر وەک "عنصر - توخمێکی ناپاک" هەڵێدەسەنگێنێ. شاعیر ڕەنجی "ئەو کەسە" نەهی دەکا و دیکاتە ئابجێکتی خۆی. خودی شاعیر "ئەو کەسە" لە خۆی دوور دەکاتەوە کە توانایی ڕەنجبردنی نییە تا بگاتە حەقیقەت. شاعیر، خۆی "ئەو کەسە" و هەموو هەستی شناسایی دەکا بۆ ئەوە کە بتوانێ لەو ئاڵۆزییەی کە تێیدایە بسازێ. هەر بۆیە "پاکی" خۆی لە بەرامبەر "ناپاکی" "ئەو کەسە" دادەنێ. "خود" کە هەڵگری دڵێکی پڕ لە خەم "ئابێکشوونە" لەبەرامبەر ئەو کەسە کە لە خودی شاعیر ناچێ ڕادەوەستێ و بەدوای "مانا"دا دەگەڕێ. بۆ دەبێ "ئەو کەسە" کە ڕەنجی نەدیوە و ناپاکە بێت و مەیخانە تەنگ بکا لە کاتێکدا کە شوێنی تر زۆرە بۆ گاڵتە و جەفەنگ:

*ئەو کەسە بێکەس نییە و خانە خەراب*

*دەک بە ژاری ماری بێ بادە و شەراب!*

*ئەو کەسەی نەیچێشتووە دەردی ژیان،*

*ئەو کەسەی نەیدیوە ئێش و برک و ژان،*

----

*بۆ دەبێ بێت و بکا مەیخانە تەنگ؟!*

*شوێنی دیکە زۆرە بۆ گاڵتە و جەفەنگ...* (ل. ١٢- ١٤)

**شاعیر جیاوازییەکی بنەڕەتی لەنێوان خۆی وەک کەسێکی بگەڕ - جستجوگر و "ئەو کەسە" بێخەمە دادەنێ."ئەو کەسە" کێیە؟**

**"ئەو کەسە" ئینسانێکی لەخۆڕازی و ناپاکە کە لە چوارچێوەی یەک ئێلێمێنت - عنصردا نامێنێ. "ئەو کەسە" دەتوانێ دیکتاتۆرێک بێ، ئەشێ خائینێک بێ و یان کەسانێک کە خۆ لە خەبات نادەن و بێتەفاوەتن و دەستیان بە کڵاوی خۆیانەوە گرتووە با نەیبا. "ئەو کەسە" دەتوانێ کاین - قابیل بێ کە برای خۆی بۆ دەسەڵات کوشت(١١). "ئەو کەسە" کە ناپاکە بۆ دەبێ بێتە مەیخانە کە شوێنێکی پیرۆزە.**

**شاعیر زیارەتی مەیخانە بۆ "ئەو کەسە" قەدەغە دەکا و مۆنۆپۆلی ئەوە لەدەست دەگرێ تا کە وەک سابجێکت تەفسیری جیهان بکا و یاسا داڕێژێ. شاعیر وەک ڕۆحێکی "جستجوگر" لە ئۆپۆزیسیۆندایە و خۆی لە سەرەوەی هەموو دەسەڵات و کەسایەتییەکان دادەنێ. شاعیر وەک ئەندامێک لە گرووپێکی گەورەدا تامی جودایی و مەنفا و زەبروزەنگی چێشتووە و لە هەوارگەی خەیاڵیدا شوێنێک بۆ "ئەو کەسە" نابینێتەوە. لە خەیاڵی شاعیردا، هەروەک جیهانی واقیع، کاتێگۆری هەوەڵ سیمبۆلی وێرانی و تاوانە. لە خەیاڵی ئینسانی کوردا "ئەو کەسە" جێی نابێتەوە و "ئەو کەسە" لەگەڵ زەبروزەنگ پێناسە دەکرێ.**

**دیکتاتۆرانێک کە بوونە هۆی چوونە مەنفای تاکەکان و ناهێڵن خەڵک ژیانێکی ئاسودە و ئاسایی بژی. لەو وڵاتەدا شاعیر قارەمانێکە کە بەدوای "حەقیقەت"دا دەگەڕێ و بەختەوەر نییە. هەر بۆیە هەموو ئارەزووەکانی شاعیر و حەقیقەتی بوون لەنێو خەیاڵدا کۆدەبێتەوە و شاعیر تاوانباران دەستنیشان دەکا و خۆی لە بەرامبەریان دادەنێ:**

*بۆ کەسێکە مەی: کە دەردی کارییە*

*بێخەمێک بیخواتەوە، زۆردارییە*

*بۆ کەسێکە مەی: دڵی پڕ بێ لە داخ*

*بۆچی لێی بخواتەوە بەرزەدەماخ؟ (ل. ١٢)*

"ئەو کەسە" هەروەها دەشێ لەو کەسانە بن کە خەیانەت بە خاک و نیشتمان دەکەن؛ ئەو کەسانەی کە بەخاتری پارە، دەسەڵات و یان نەجاتی گیانی خۆیان دەکارن دژ بە خەڵکی خۆیان هەڵگەڕێنەوە. و یان ئەوانەی کە وا نیشاندەدەن کە هیچ گرفتێک نییە و جیهان ئەمن و ئەمانە و لە خەباتدا بەشداری ناکەن.

دەقە جۆراوجۆرەکان، بە ڕای کریستێڤا، دەتوانن ناوی تیپی جوراوجۆری ئابێکشوون بن. ئابێکشوون هەستێکی فیزیکی و ڕۆحی بێزکردنە کە تووڕەدەدرێ. ئابێکشوون تایبەتمەندییەکانی ئابجێکتی هەیە و لە دژی "خود" دەوەستێ. ئینسان بوونەوەرێکی ڕۆحی و بیرمەندە کە ئابێکشوونەکان دەناسێتەوە. کریستێڤا پێیوایە کە ئابێکشوون بناخەی کەلتوری "خود"ە و وەک مەرزبانێک کاردەکا. ئینسانە ئابێکشوونەکان ڕەمزی دەکا کە نیشانەی 'ویست' و 'کمبود - کەمایەسی'یە کە بەهۆی جودایی و دابڕان دروست دەبن.

ئەو بێزارییە قووڵە لە "ئەو کەسە" سەرەتای لەدایکبوونی "خود"ە. "ئەو کەسە" لاوازییەکی هەیە، جۆرێک ناپاکی کە "خود" لە بەرامبەریدا نەشوونەما دەکا. لە کێبەرکێی بەینی شاعیر کە ڕەنجی بینیوە و پاک بۆتەوە و "ئەو کەسە" کە ناپاکە، خوڵقاندن و نووسین ئیمکانی ئەوە بە "خود" دەدا کە لە پرۆسەی "دگردیسی"دا دوبارە لەدایکبێتەوە و هەستێ و ببێتێ. لە ئاخرین بەیتی کۆپڵەی سێیەمدا ئاخرین وشەکان سەبارەت بە "ئەو کەسە" دەگوترێ و لە "خود" دوور دەکرێت و ئیتر باسی ناکرێ:

*ئەو کەسە جێگای لە مەیخانێ نییە*

*ئەو کەسە بادە و شەرابی بۆ چییە؟! (ل. ١٥)*

و لە کۆپڵەی چوارەم ڕا فیگوری "ئەو کەسە" کە لەگەڵ "خود" هەڵدەسێنگێندرا ون دەبێ و ئینجا شاعیر ڕاستەوخۆ باسی بوونی خۆی و ڕەنجەکانی خۆیمان بۆ دەکا:

*ساقیا، وا وەرگەڕێ، وا وەرگەڕێ!*

*ڕوو لە لای من کە، مەچۆ بۆسەر پەڕێ...*

---

*مەی حەڵاڵە بۆ منی وێرانە- ماڵ*

*بۆ منی سەرگەشتە و ڕووت و ڕەجاڵ*

---

*لێوبەباری، دەردەداری، ڕەنجەڕۆ*

*شاعیری جوانیپەرستی دڵ بەسۆ... (ل. ١٥-١٦)*

**خزم و کەس، خوشک و برا، یاران، یار و خۆشەویست، لەنێو دەقی ناڵەی جودایی دا لە سیستەمی زماندا جێگای خۆیان دەکەنەوە و ناودەبردرێن بەڵام لە هیچ شوێنێکی ئەو شیعرە باڵابڵندەدا ناو یان وشەی "دایک" نایەت. بۆ؟ بە بڕوای من "خودێکی نارسیستییانە" "دایک" وەپشتگوێدەخا و سیستەمی زمان جێگای ئەو دەگرێتەوە چونکە کەمایەسی گەرمای دایک هێندە قووڵە کە "خود" بۆ ئەوە کە بەسەر ئەو ترس و کەسەرەدا زاڵ بێ، بە بەکارهێنانی زمان و وشە دەخوازێ ئەو بۆشاییە پڕکاتەوە:**

*دێم ببینم نیشتمان و زێدەکەم*

*دێم ببینم خزم و کاک و دێدەکەم*

*دێم و دەگرم بازی بێری شۆخ و شەنگ*

*دێم و دەگرم دەستی دۆی جوان و چەلەنگ*

*دێم گراویی خۆم لە باوەش وەرگرم*

*دێم نەهێڵم بەرهەڵست و بەرگرم (ل. ٢٣- ٢٤)*

**لە شیعری ناڵەی جودایی دا ڕیتمێکی وەها دایکانە هەیە کە نابێ خۆمانی لێ گێژ کەین و لە دەستمان دەرچێ. ئەوە لە ئاخری شیعرەکەدا بە ڕوونی دەردەکەوێ. لە هەوەڵدا ئەو ڕیتمە دایکانەیە لە دیالۆگ لەگەڵ ساقی، یادکردنی خەمڕەوێن و دەستەکانی بازی شۆخوشەنگ و یان ناوبردنی فیگورە ژنەکانی میتۆلۆژی کوردی وەک خانزاد و و خەزاڵ و شەم خۆ نیشان دەدا. بەڵام سەرئەنجام ئەو ڕیتمە زمان داگیردەکا و ڕیتمی کۆپلەی نۆیەم وەها بنەڕەتی دەگۆڕدرێ کە مارشی "خود" بەرەو سەرچاوە واتە وڵات - دایک دەبیسین کە بە شاخ و داخدا سەردەکەوێ و دەشت و دۆڵ دەپێوێ. شادیی خەیاڵی گەیشتن بە وڵات و دایک - کۆرا لەدوای سەفەرێکی ئەوها درێژ و پڕ لە**

خەم، هەموو بوونی "خود"، چ فیزیکی و چ ڕۆحی پڕدەکا. "خود" بۆ گەیشتن بە کۆرا بەپەلەیە. کۆرا وڵاتە و وڵات کۆرا. گەرمای دایکانە کە تا ئێستا شاراوە بوو ڕیتم و ئاهەنگێکی تر لە بەیتەکانی کۆتاییدا دەخوڵقێنێ. شاعیر بە ڕاکردن دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شوێنەی کە تێیدا لێی لەدایکبووە واتە کۆرا - وڵات کە لەوێندەرێ نە سابجێکت هەیە و نە ئابجێکت. ئەوە کات و زەمانێکە کە تەنیا شتێک هەیە: منداڵێک لەنێو پیلەی بێگوناهی خۆیدا واتە لەنێو کۆرادا. ئینسان هەمیشە لەو شوێنە دەگەڕێ کە جارێک لە جاران خۆی لێ ڕزگار کردووە و "خود" لەو ساتە لەو بەختەوەرییە دەگەڕێ کە منداڵ و دایک یەکبوون. هەر ئەو جۆرەکە زەردەشت لە وەهای وت زەردەشتدا دەڵێ "بەختەوەری ژنێکە" (ل. ١٤٩) و یان شاعیر دەفەرمووێ:

*"هر کسی کو دور ماند از اصل خویش*
*باز جوید روزگار وصل خویش. (ل. ٢٢)*

## پەراوێز

(١) تیۆری لاکان دەر بارەی سابجێکتێکی ئاڵۆز لەسەر بناخەی ئەوە دامەزراوە کە کاتێک منداڵ (لە دەوروبەری ٦ مانگ) وێنەی خۆی لە ئاوێنەدا دەبینێ شیفتەی وێنەی خۆی دەبێ. منداڵ خۆی و وێنەی خۆی لە ئاوێنەدا وەک یەک گشت دەبینێ و کەسایەتییەک لای دروست دەبێ کە لەڕاستیدا لەسەر بناخەی هەستێکی هەڵە داڕێژراوە کە وێنەکە وەک حەقیقەتێک دەربارەی خۆی دەبینێ Ebba Witt- Brattström (red), Stabat mater (٢٠٠٢)، s. ١٦.

(٢) "کۆرا" تێرمێکە کە ئەفلاتوون بەو مانایە بەکاریهێناوە کە ژن تەنیا وەک زەرفێکە بۆ تۆوی پیاو. Kvinnovetenskaplig tidskrift ٢-٣، "Den främmande kvinnan - presentation av Julia Kristeva"، s. ٤٩.

(٣) بۆ فرۆید فازی ئۆیدیپوس و بۆ لاکان فازی ئاوێنەیی بناخەی دروستبوونی کەسایەتییە. بەڵام کریستێڤا ئەو دروستبوونە زۆر پێشتر دەبینێ. Stabat mater. s. ١٦-١٨, och ١٢٥-١٢٦.

(٤) Johan Berger پێیوایە کە ڕوخساری گواستێنەری هونەر هەمیشە فۆرمێکە لە نیایش و زیکر. Aiolos, Nr. ٢٥-٢٦، s. ١٢٩.

(٥) ئوولسۆن دەڵێ کە "خود" لە شیعری سۆدێرگران دا پۆزیسیۆنێکی نێوان خوا و ئینسانی هەیە. ٢٤٦ - ٢٤٩. Läsningar av Intet، s. ٥

(٦) لە ئەدەبی کوردیدا دەتوانین ناوی وا ببینین کە پیاوی ئایینی بوون بەڵام بە خاتری ئەشق ڕوویان لە ئیسلام وەرگەراندووە. بۆوێنە "شێخی سەنعان" کە لە ئەدەبی فارسیدا ناوی لە منطق‌الطیرعطار ١١١٩ - ١١٩٣دا هاتووە. (احمد رنجبر، ١٩٨٩) هەروەها فەقێ طیران (١٥٦١ - ١٦٤١) لە کتێبی "شێخی سەنعان"دا باسی شێخی سەنعان دەکا. مێژووی ئەدەبی کوردی، خەزنەدار، ل. ١٧٤ - ١٧١. شێخی سەنعان کە پیاوێکی ئایینندار بووە چوارسەد موریدی بوو. شێخ سێ شەو خەون دەبینێ و لە خەوندا ئاشقی کچێک دەبێ کە لە ڕۆم بووە. شێخ شێواو و شەیدا بەرەو ڕۆم ڕێدەکەوێ. موریدەکانی لەگەڵی دەڕۆن. ئەشقی کچی تەرسا وا لە شێخ دەکا کە ببێتە شوانی بەرازان. موریدەکان شێخ جێدەهێڵن. پاشان دیسان دێنەوە لای شێخ و لەبەر خوا دەپاڕێنەوە کە شێخ نەجات بدا. سەرئەنجام کچ ئاشقی شێخ دەبێ. هێمن لە شیعری ڕێژنە لە کتێبی ناڵەی جوداییدا (ل. ٩٣) جۆرێکتر باسی ئەشقی خۆی دەکا:

**شێخی سەنعان بۆ کچی گاور لە ئیسلام وەرگەڕا**

**من خەریکە بۆ کچە شێخێ پەشیمان ببمەوە.**

ماموستا هێمن و عایشە خانم خاڵۆزا و پورزا بوون و عایشە خانم کچە شێخ بووە.

(٧) "مەم و زین" لە سەرەتاوە فۆلکلۆرە و ئەحمەد خانی نووسیویەتییەوە. هێندێک بیرمەند پێیانوایە کە خانی هەووڵ بەردی بناخەی ناسیۆنالیزمی کوردی داناوە کە چیرۆکی ئاشقانەی "مەم و زین"ی تێکەڵاوی هەستی ناسیۆنالیستی کردووە. سەردەمی نووسینی ئەو چیرۆکە سەردەمی سازبوونی دەوڵەتەکانی ناسیۆنالی ئەوروپی بوو. خانی لە ١٦٥٠ لە شاری بایەزید لە باکووری کوردستان لە ناوچەی بۆتان لەدایکبووە. ئەو شارە مەشهوور بووە کە مزگەوتی زۆری بووە کە "طلبە"ی وەرگرتووە. دواتر خانی بۆ خوێندن لە بایەزید دەڕوا. خانی ساڵی ١٧٠٧ کۆچی دوایی کردووە. بەرهەمەکانی خانی بریتین لە هەدیقا ئیمانا، نەوبەهاری بچووکانە، مەم و زین و هەروەها هێندێک "غزل". خەزنەدار، ٢٠٠٢، ل. ٣٠٧-٣٠٨.

(٨) ئۆسکار مان (١٩٠٥) ١٩ سرووده و ٦ چیرۆکی کوردی بە ئەلفوبێی لاتینی نووسیوەتەوە. مان پێشەکییەکی بۆ ئەو کتێبە بە ئاڵمانی نووسیوە کە تا ئێستا نەکراوەتە کوردی. "تحفە مظفریە"، ئۆسکار مان، وەرگێڕ هێمن، (١٩٧٥).

(٩) لە شیعری "فرمێسکی ڕنوو"، هێمن ناوی "شیرین"ی مەلا عەبدولڕەحیم ناسراو بە وەفایی بە قەرز وەردەگرێ بەڵام ئیتر هێمن ناخوازێ کە کچانی کورد وەک "شیرین"ی ترادیسۆنی بن بەڵکو هێمن بە ئاواتە کە کچانی کورد فێری زانین بن و جیهانێکی تازە دروست بکەن. دیوانی هێمن، ٢٠٠٣، ل. ٣٨٣-٣٨٦.

(١٠) بەگۆێرەی خەزنەدار ساڵی لەدایکبوونی وەلی دێوانە و چۆنێتی ژیانی بە دەقیقی دیار نییە. دەکرێ بڵێین کە دێوانە ساڵێ ١٧٤٥ لە ناوچەی هەڵەبجە لەدایکبووە و تا ڕادەیەک خوێندەواری بووە. بە ناوی جۆراوجۆر ناسراوە وەک میرزا موحەمەد، ڕەزا کوڕی کوێخا حەمە و وەلی. بەهۆی ئەوین بە کچێک لە چینی سەرتر لە خۆی دەچێتە ناو دونیای فەرامۆشی و دینی. هەربۆیە نازناوی "دێوانە"ی پێدەبەخشدرێ. خەزنەدار، ل. ١٠٣-١٠٤.

(١١) کریستێڤا، " ناپاکی" وەک تاکە ئێلێمێنتێک نابینێ بەڵکو توخمێکی تێکەڵاوە کە خۆی لە یەک چوارچێوەیدا ڕاناگرێ. Fasans makt, s. ١٢٣.

## سوپاس و پێزانین

سوپاس بۆ پروفیسۆر Ebba Witt- Brattström، لە نووسەرانی بەناوبانگی سوید و لێزان لە بواری لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بە "ڕوانگەی فێمینستی". بێ یارمەتی ئەو خاتوونە ڕەنگە نەمتوانیبا ئەم کارە بەم شێوەیە ئەنجام بدەم. هەروەها سوپاسی شاعیری بەڕێز ئەنوەر قادر مەحەمەد دەکەم. جێگای باسە کە کاک ئەنوەر دوکتۆرای لەسەر شاعیری کورد مەولەوی لە زانکۆی سان پێتێرسبورگ وەرگرتووە. کاک ئەنوەر کتێبی ناڵەی جودایی چاپی ساڵی ١٩٧٩ی لەلا بوو کە دای بە من. بەداخەوە ئەو چاپانەی دیکە کە لە ستۆکهۆڵم دەستدەکەوتن پڕ بوون لە هەڵە. سپاسی بەڕێز کاک جەعفەر حوسێنی ناسراو بە" هێدی" دانیشتووی ئاڵمان دەکەم بۆ ئەو زانیاریانەی کە سەبارەت بە ژیان و بەرهەمەکانی ماموستا هێمن بە ئیمێڵ بۆی ناردم. شایانی باسە کە هێدی لەنێوان ساڵانی ١٩٨٠- ١٩٨٥ دوستایەتی نزیکی لەگەڵ مامۆستا هێمن هەبووە. سپاس بۆ ئیدریس ئەحمەدی، ئاشتی بەرهوون و گەلا ڕیانی. سپاسی بێکەرانم بۆ پەری شاکەلی کە سەرەڕای دووگیانی بە دەقی کوردی ئەم نووسراوەدا چۆتەوە.

* پەراوێزەکان (١٠٣ پەراوێز) کە زۆر شیکردنەوەیان تێدایە لەبەر گرفتی فۆنت لێرەدا نەهاتوون و لێرە تەنیا بە کەمی هێندێک ئاماژە بە کتێب و سەرچاوەکان یان تێبینییەکان کراووە.

"دگردیسی" لە ناڵەجودایی دا، خوێندنەوەیەکی فەلسەفی- فێمینیستی

ستۆکهۆڵم، زانکۆی Södertörns högskola

----------------------------------------

**مامۆستا: پرۆفیسۆر نێبا ویت براسترۆم**

**دگردیسی" لە ناڵەجودایی دا، خوێندنەوەیەکی فەلسەفی- فێمینیستی**

**(بەشی دووەم و کۆتایی)**

نیچە ساڵی ١٨٨٢ دەنووسێ: ئەوە پێویستییەکە؛ کاتێک ئینسان لە خۆی ڕازی دەبێت - بە شێوەیەک لە شێوەکان، لە ڕێگەی نووسینەوە بێت یان هونەر - ئینجا لەڕاستیدا ئینسان تەحەمول دەکرێت!"

ناڵەی جودایی بەو ڕووکردنی شاعیر لە ساقی دەستپێدەکا و شاعیر دەخوازێ سەرنجی ساقی بۆلای خۆی ڕاکێشێ و ڕەوایەتی ئەوەی بۆ بکا کە چۆن جیاوازی لە نێوان ژیانی تاکەکاندا هەیە:

*ساقییا وا بادەوە، وا بادەوە*
*ڕوو لەلای من کە بە جامی بادەوە*
*موشتەری وەک من لە مەیخانێ کەمن*
*زۆربەیان شاد و بەکەیف و بێخەمن (ل. ١٢)*

شاعیر باسی ئەزموونەکانی "خود" دەکا کە ئاسەواری قووڵیان لەسەر ڕۆحی داناوە. ئۆتۆریتەی زمان لە هەوەڵەوە بەرچاوە و لە هەوەڵ بەیتەوە کە شاعیر بە ساقی دەڵێ "وا بادەوە" سابجێکت دروست دەبێ و شاعیر خۆی وەک کەسێکی تایبەت دەنرخێنێ: "موشتەری وەک من لە مەیخانێ کەمن". شاعیر - موشتەرییەکی بێوێنە، هەست بە ڕەزایەتییەکی نارسیستی دەکا کە خۆی لە سەرووی ئەوانی تر کە دێنە مەیخانە دابنێ و یاسا لەدەست بگرێ. شاعیر وەک سابجێکتێکی تایبەت ئەوی تر - "ئەو کەسە" تاریف دەکا و تایبەتمەندی - سفەتەکانی دەبژێرێ: شاد، بێخەم، ڕازی و بەکەیف. شاعیر لە پلەی بارودۆخی ڕۆحی ئەوی تر کەم دەکا تا ڕادەی بەرزی ڕەنجی خۆی

نیشان بدا. "ئەو کەسە" ئەگەر خەمێکی هەبێ لە خەمەکانی شاعیر ناچێ و مەیی لۆ حەرامە. مەی تەنیا بۆ کەسێکە کە:

*ئەو شەرابە ئاڵە بۆ بۆ بێدەرد نییە*

*لێی حەرام بێ ئەو کەسەی ڕەنگ زەرد نییە (ل. ١٢)*

بۆ شاعیر چۆتە مەیخانە؟ ئایا ئەو کاتە کە شیعرەکە دەنووسرێ شاعیر لە مەیخانەیە؟ چ هاندەرێک (انگیزە)یەک شاعیر هان دەدا تا ڕوو لە وێندەرێ بکا؟

ئێمە دەزانین کە مەیخانە هەمیشە وەک شوێنێک بۆ مەستی و دۆزینەوەی ڕاستی سەیرکراوە. بۆ ئەوە کە ئینسان "خود"ی خۆی بدۆزێتەوە پێویستی بە پەناگایەک هەیە کە مەست بیر لە مانای ژیان بکاتەوە و ئینسان لە بوونەوەرێکی ئاسایی ڕۆژانە ببێتە ڕۆحێکی تویژەر کە بەدوای ڕاستییەکاندا دەگەڕێ. لێرە شاعیر شوێن و فیگورێک لە تێکستدا دروستدەکا. واتە مەیخانە و ساقی بۆ ئەوە کە لەرێگەی زمان و وشە ئاڵوگۆڕ بەسەر "خودی شکاو"ی خۆیدا بێنێ چونکە شاعیر باوەڕی بە ئێستێتیک، جوانی و هێزی شیعر بۆ سارێژکردن هەیە. شاعیر داوا لە ساقی دەکا کە ئەو ئەرکە بەئەنجام بگەیەنێ کە چارەنووس بۆی دیاریکردووە، واتە هەڵگری حەقیقەت بێ. حەقیقەت و جوانی لە یەک توخمن. بە ڕای کارین فرانزێن جوانی لە کەناری حەقیقەتدا نییە بەڵکو لەگەڵ حەقیقەت تێکەڵاوە و ئەو دووە یەک شتن. لە ئانتیکەوە تا ئێستا فۆرمەکانی "جوانی" جۆراوجۆر بوون، سا لە کورێک چووە، سا لە ژنێکی جوان، سا لە فیگورێکی مردوو و یان ویستێک. جوانی لە خۆشەویستی و خوڵقاندندا بە ئێمە دەگا. کارین فرانزێن پێیوایە کە هونەر بەرامبەرە لەگەڵ ئەشق.

هەروەها ئینگمار هاگ پێیوایە کە جوانی سەروکاری لەگەڵ شتە تراژیدییەکان و ئاشقبوون هەیە. ڕۆڵی جوانی لە زمانی ڕۆژانەدا بە ئیدەیالکردن و "خواست عالی - ویستێکی باڵا" دەبەسترێتەوە. هەموو ساتەکانی بێداری و خەون لە دیالکتیکدا دژ بە خۆیانن واتە "خود" لە پرۆسەیەکی فەرسوودگی - سوان و وێرانیدا خۆی دەبینێتەوە.

لە کۆپلەی هەوەڵەوە تا کۆپلەی هەشتەم "نفی خود" لە ڕیتۆریکی شیعرەکەدا حاکمە. "خود" کە وەک "ئەوی تر" نییە و دڵێکی خەمباری هەیە بە شێوەیەکی وێرانگەر داوای شەراب دەکا بۆ ئەوەی بچێتە ناو دونیای خەون. بەپێی مارتین هایدگر دەکرێ کە لایەنی جیاوازی خود وەک "ئا بەرامبەری ئا" ببینین واتە "خود" بەرامبەرە لەگەڵ "خود". خودێک کە لە هەوەڵەوە یەک بووە و خۆی دابەش کردووە. کەسایەتی و "بوون" تێکەڵاون واتە هەموو بیر، هەست

و بـوون لێکگرێـدراوە. "ئـا بەرامبـەری ئـا" هاوکـات هـەم جیـاوازی و هـەم لێکچـوون لـە خۆیـدا هەڵـدەگرێ، واتـە سابجێکت کە خۆی دەکاتە ئابجێکت لەڕاستیدا عەینی یەکن.

ناڵەی جودایی ڕیتمێکی وەها ئێگۆیستی - خۆخوازانەی تێدایـە کـە سـابجێکت، کـە هـەڵگری جیـاوازی و لێکچوونـە، دەبێتە هۆی ئەوە کە پارادۆکس - ناتەبایی بێنێتە ئـاراوە. شـاعیر بێـئەوە کـە لـە قەزاوەتـەکانی خوێنـەر بترسێ دەستدەکا بە سەرزەنشتکردنی ساقی بەڵام زۆر زوو لە بیری دەچێتەوە کە ساقی تاوانبار کردووە بـە سـەردانەواندن لە بەرامبەر زێڕ و زیو و دەوڵەمەندان و خۆی وەک هونەرەوەر ناساندووە. ئەو ناتەباییـە کـە "خـود" خـۆی و سـاقی نەفی دەکا و هاوکات بەدوای مطلق - ڕەهابوون دا دەگەڕێ دەبێتە هـۆی پرۆسـەیەک کـە "خواست"ی شـاعیر بـەدوای یەکگرتنەوە لەگەڵ خود و سەرچاوەدا بگەڕێ. خود کە بوونەوەرێکە فانی لە جاودانگی - نەمریی دەگەڕێ.

ناتەبایی دەتوانێ چۆنێتی بەرهەمهێنانی وشە نیشان بدا. بە بۆچـوونی کیرگـەگارد، فەیلەسـوف، ناتـەبایی و ڕەنـج خزمی یەکن:

ئینسان نابێ ناتەبایی بە شتێکی خەراپ دابنێ. ناتـەبایی ڕەنجی بیرە و بیرمەنـدێکی بـێ ناتـەبایی وەک ئاشقێکە بەبێ ڕەنج. (ئوولسۆن، ل. ٨٠.)

ناتەبایی لە ناڵە جوداییدا لەوەدا خۆی نیشاندەدا کە سابجێکت هـەم ڕەنجدەبـا و دەنـاڵێنێ و هـەم ئاشقی ڕەنجـی خۆیـەتی کـە لەڕاسـتیدا ئـەو ڕەنجـە ئابجێکتـە کـە لێـی دوورە واتـە وەڵات و خـەڵکێک کـە شـاعیر مـەجبوور بـووە جێیانبهێڵێ. خود وەک 'سابجێکتێکی مێژوویی' دەست لە گەڕان بەدوای "مطلقیت" هەڵناگرێ. لـەو پرۆسـەیەدایە کـە ئینسان دروست دەبێ. ئینسان سەنتێزێکە لە "جاودانگی" و "فەنا". بەم جۆرە ناڵەی جودایی خۆ لە زەمان دەردەکا و شاعیر دەبێتە 'سابجێکتێکی مێژوویی'؛ بەرهەمێکی تێکهەڵچندراو لە ئێستێتیک و ئێتیک، پێکهاتەیەکی هونەری لە ئینسان و 'خواست' ی ئەو.

چەنـد مۆتیڤێـک وەک پێوەنـدیی نێـوان جیهـانی زاڵمـی دەرەوە و شـاعیر کـە لـەو جیهانـەدا دەژی، ڕەنجـی شـاعیر و تەنیایی ئـەو بـەهۆی مـەنفاوە، پێگـەی جوانی بـۆ هونـەر و نووسین کـە ئینسـان ڕەهـا دەکـا، شیعرەکە بـەرەوپێش دەبەن. لە دیالۆگی نێوان شاعیر و ساقیدا شـاعیر بـاس لـە ڕەنجـەکانی خـۆی و خـەڵکی کورد دەکـا. هاوکـات کـە "خود" دەچێتە ناو هیپنۆسێک دروستبوونی "خود"ێکی تر سەرهەڵدەدا. ئەو پرۆسـەیە بـەو مانایەیـە کـە "من مەستم کەوایـە مـن هـەم". "خـود" کـە لـە خەلسـە و ڕۆئیادایـە بـەرەورووی خـود و جیهـانی دەرەوە دەبێتـەوە. خـودێکی

ترانسسێندنت - گواستێنەر ئەوە هەڵدەبژێرێ کە هەوەڵ بڕواتە ناو خەلسە و دواتر بە هۆشیاری و خرد - هزروە هەستێتەوە. لەو "گواستنەوە - انتقال"ەدا شاعیر باسی ئەو خەیانەتانە دەکا کە هونەری لەگەڵ دەسەلات و زێڕ گۆڕیوەتەوە و ناڕاستەوخۆ داوا لە ساقی دەکا کە وەک ئەو

*کەسانە نەبێ کە هونەر بە زێر دەگۆڕنەوە:*

*تۆش دەگۆڕیەوە دەگەڵ گەوهەر هونەر؟*

*کەنگێ گەوهەر جوانی کردن بەختەوەر؟*

*زێر بەڵایە، بێوەفایە دەوڵەمەند*

*هەر هونەر نەمرە، هونەروەر مەرد و ڕەند*

*قەدری جوانی کوا دەزانێ ماڵپەرست!*

*جوانپەرستە پیری خاوەن زەوق و هەست (ل. ١٧)*

ماڵپەرست و نەزان ئەو تایبەتمەندیەی نییە کە قەدری "حەقیقەت" بگرێ. تەنیا هونەرمەند، "خردمند"ێکی ڕەنجەڕۆ، نرخی بوونی جوانی دەزانێ. کەوایە بوون و جوانی کە لە ساقیدا هەن نابێ خەیانەتیان پێبکرێ. شاعیر ساقی ئاگاداری خەتەرەکان دەکاتەوە:

*نا مەچۆ، جوانێ مەچۆ، واوە مەچۆ!*

*تۆ فریوی زێر و زیوی وان مەخۆ! (ل. ١٧)*

خرد/ هزر، ئەزموونی ژیان و ئەو ڕەنجەی کە شاعیر چێشتوویەتی شوێنێکی تایبەتی بە شاعیر دەدا واتە پۆزێسیۆنێکی هەڵبژێردارو. ڕەنج و هزر سەروەتی شاعیرن کە لەنێو زماندا خۆدەنوێنن. جوانی کە لەخۆیدا هەڵگری حەقیقەتە نابێ لەگەڵ زێر و زیو بگۆڕدرێتەوە. هونەر و جوانی لە هەوەڵەوە هەن و هونەرمەند بوون و حەقیقەت لە زمانی هونەریدا شکڵ دەدا. زمان تەنیا وشە، ڕستە و دەربڕین نییە کە پەیامێک دەگەێنێ بەڵکو زمان ناو دەداتە "بوون" واتە بوون بە ناولێنان مانا پەیدا دەکا. شاعیر دەچێتە ناو دونیای سیمبۆلیک/ زمان چونکە هەموو شتێکی لە دونیای واقیعیدا لەدەستداوە و بەختەوەری بۆ شاعیر کاتێکە کە بەرهەمێک دەخوڵقێ و ئەزموونەکانی ژیان دەکرێنە نیشانە. شیعر زمانە و زمان پێشفەرزێکی شیعرە. شیعر و هونەر "بوون" ئاشکرا دەکەن.

ئەوە بەرئەنجامی هاوکاری هونەرمەند و هونەرە. کاتێک حەقیقەت لە بەرهەمدا خۆ نیشاندەدا هونەرمەند بوونێکی مێژوویی نیشان دەدا. شاعیر "هستی" و بوونی مێژووی گەلێک دەنووسێتەوە و چونکە هونەر لە خۆیدا لە هەوەڵەوە هەیە هونەر و هونەروەر بوونێکی مێژوویی پیدا دەکەن.

لە کۆپلەی یەکەم تا کۆپلەی هەشتەم ڕەنج و خەمێک کە دەردەبڕدرێت قەوارەی زۆر لە ڕەنجێکی ئاسایی ڕۆژانە گەورەترە و "خود" سەرشار دەکا. ئەو "خود"ە کێیە؟

"خود" دەتوانێ دوو گروپ بگرێتە خۆی: تاکەکەس کە خەبات دەکا و دەکەوێتە مەنفا و کۆلێکتیڤ - کۆ، کە ڕەنجێکی مێژوویی دیوە و شاعیر بۆتە دەنگی ئەو کۆیە و باسی ماڵوێرانی ئەو دەکا. ئەو خەمە خەمێکی ئاسایی نییە بەڵکو خەمێکی "مێژوویی - مەزن"ە کە مێژووی گەلێک و ئازارەکانی هەڵگرتووە:

***ئەو کەسەی نەیهارێ بەرداشی زەمان***

***ئەو کەسەی "زیرەی نەگەییە ئاسمان"[١]، (ل. ١٣)***

ئەو ئازار و دەردە هاوکات بە شێوەیەکی ناتەبایانە "خود" دەوڵەمەند دەکا. ئەو ڕۆحە کە لە بن بەرداشی زەماندا هاڕاوە دەخوازێ مەست بێ تا بگاتە کامڵبوون. شاعیر فازێکی پڕ لە ناتەبایی تێدەپەڕێنێ. لەڕاستیدا لایەنی لاواز و بەهێزی "خود" هەر یەکن و لە جموجووڵی ڕەوان و هەستەکانی شاعیردا تێکەڵاوی و دژایەتی "خود"ی شاعیر لە یەک سەرچاوەن. لە هەوەڵ ساتەوە سەرەڕای ئەوە کە "خود" خۆی پڕشوبڵاو دەبینێ بەدوای خۆدۆزینەوەدایە. "خود" دەبێ هەوەڵ خۆی لە خۆی جیاکاتەوە و دواتر لەگەڵ خۆی یەکبگرێتەوە. سابجێکت - "خود" لە پرۆسەی ڕەهاییدا هاوتوخمە لەگەڵ ئابجێکت - "خود":

***ڕێگە دەبڕم، کوانێ هەنگاوم شلە***

***ڕاستە بێهێزم، دەکەم ئەمما ملە (ل. ٢٢)***

"خود" سەرمەست دەبێ تا ئەو فورسەتە بداتە خۆی کە خۆ پاک بکاتەوە و لەگەڵ خۆی و سەرچاوە یەکبگرێتەوە. هاوکات کە "خود" خۆی نەفی دەکا "خودی لەدەستچوو" بەهێز دەبێ. "خودی لەدەستچوو" دەخوازێ کە بەسەر هەلومەرجەکەدا زاڵ بێ تا "خود"ێکی تازە لەدایکبێ. بەم شێوەیە شیعرەکە دەبێتە پۆرترێتێک - وێنەیەک لە

خۆتاقیکردنەوەی "خود" کە خۆی دەکاتە ئابجێکتێک بە دوو باڵی لەیەک جیاواز بەڵام هاوکات لێکچوو لە پرۆسەی "دگردیسی"دا. لەو پرۆسەیەدا "خود" لە شەڕ و دژایەتی لەگەڵ خۆیەتی و بەردەوام دەخوازێ کە بەسەر خۆیدا زاڵ بێ و بگاتە ئارامی لەگەڵ خۆیدا. ئەو پرۆسەیە بەرئەنجامی هێز و بێهێزی "خود"ی حوکمفەرمایە کە 'خواست'ێک بە ئەنجام بگەیێنێ.

"زاڵبوون بەسەر خود" دەبێتە هۆی ئەوە کە ئینسان بە "تعالی" بگا. لەڕێگەی مەستیییەوە "خود" خۆی دەخاتە ژێر دەسەڵات و دەبێتە پردێک بۆ "انتقال" بۆ ئەوە کە لە درامای ناخدا ئەو هێزە پەیدا بکا کە "خودی لەدەستچووو شکاو" بکاتە ئینسانێکی نوێ واتە ئینسانی والا - ابرانسان و خەم ببێتە شادی. "جودایی" دەبێتە هۆی ئەوە کە شاعیر ئەو بۆشاییە کە بەهۆی مەنفاوە پێکهاتووە بە وشە پڕکاتەوە واتە شێواوی دەبێتە جێگایەک بۆ نەزم. سەرئەنجام دێوی آشفتگی - شێواوی لەو شەڕەدا دەبەزێ و خود دوبارە لەدایکدەبێ و سەردەکەوێ:

*دێم و دەشکێنم لەوێ جامی شەراب*
*ماچی شیرین نایەڵێ تامی شەراب*
*دێم و ناترسم لە پەرژینی بەزی*
*هەر پەری سەرکەوت و دێوەزمە بەزی (ل. ٢٤)*

تەنیایی شاعیر، خەون و خواستی دەبێتە هۆی ئەوە کە "خود" ببێتە کاناڵێک کە پاپۆڕی وشەکان لەوێندەرێ تێپەڕین. هەلومەرجی سەخت و بێدەرەتانی شاعیر کە ئەوی بێهێز کردووە دەبێتە هۆی ئەوە کە "خود" دەست بە نووسین بکا و بخوڵقێنێ. دووریی شاعیر لە ئازیزان و یاران دەبێتە هەوێنی شیعر و وشە دەبێتە هۆی نەجاتدانی "خودی لەدەستچوو". هەموو ئەزموونەکان دەبنە ڕەوایەتێکی تر لە ژیان. ڕابردوو وەک بەشێک لە ئێستا کە شاعیر خەریکە تێیدا دەنووسێ دەبێتە سەرچاوەیەک بۆ خوڵقاندن. بەم جۆرە شاعیر بەسەر خەمۆکی خۆیدا زاڵ دەبێ. دەقی تازە کە بناخەکەی لەسەر ڕابردوو داڕێژراوە بۆ ئەوە نییە کە دوبارە ڕابردوو تەجرەبە بکرێتەوە بەڵکو بۆ ئەوەیە کە بەسەریدا زاڵ بێ و لە شەرێکی نەهاییدا "خود" بکاتە بالادەست:

*گەر دەناڵێنم، ئەمن پەککەوتە نیم*
*تێدەکۆشم بۆ وەسڵ تاکو دەژیم*
*کۆششی من زۆر بەجێ و زۆر ڕەوا*

*چونکە قانوونی تەبیعەت وایە وا (ل. ٢٢)*

نالەی جودایی لەسەر ترادیسیۆنێکی - چاندی دیۆنیسۆسی دانراوە واتە لە شێواویدا (لێرەدا مەستی) حەقیقەت دەدۆزینەوە. لە جیهانی دیۆنیسۆسیدا دوو "قطب" - جەمسەر هەن: ئاپۆلۆ و دیۆنیسۆس. ئەو دووە کە یەکێکیان نوێنەری شێواوییە و ئەوی تر نوێنەری نەزم، دژی یەک و هاوکات تەواوکەری یەکترن. ئەو دووە لە دەقێکی شاعیرانەدا دژ بەیەک بەڵام هاوکارن و پارالێل - هاوتا - هاوتەریب کاردەکەن. هاوکاری ئەو دوانە وەک منداڵدرووستکردنە کە پێویستی بە هەردووک توخم/ جنس هەیە. سابجێکت لە کێبەرکێکی جواناسی لە نێوان ئەو دووە دروستدەبێ واتە ژیان و خەم بەشێکن لە یەک.

لە زۆربەی زۆری شیعرەکانی هێمندا "خود" لە بۆشایی، تەنیایی و وێرانیڕا دەگاتە یەکگرتن و گشت. "نقطە عطف"ێک و خاڵێکی وەرچەرخان لەلای 'خواست' دەبێتە هۆی ئەوە کە خاڵی جودایی ببێتە هۆی خولقاندن. شاعیر وەک ئینسانێکی دیۆنیسی و مەست ڕوویەکانی جیاوازی ژیانی دیوە، هەم دەنگی ژیان و هەم مەترسییەکانی. هێزی ڕەهاکەری هونەر ناتەواویەکان تەواو دەکا و دەبێتە دەنگێک بۆ 'خواست' کاتێک کە "خود" دەخوازێ خۆی لە ڕەنج و دەرد ڕەها بکا. خواستێک تەنیایی و خەم ڕێبەری دەکا بۆ ئەوە کە "خود" لەگەڵ وەڵاتی دایک، هەر نەبێ لە شیعر و خەیاڵدا، یەکبگرێتەوە. "خود" لە شەڕ لەگەڵ خۆی بەردەوام دەبێ تا کە لە کۆپلەی ئاخری شیعرەکەدا ئینسانێک ئامادەی فڕینە کە مەرگ بە گاڵتە دەگرێت واتە لە پرۆسەی ڕەنجدا "والائینسان" دروست دەبێ.

ئینسان، بە وتەی نیچە، ئاڵقەیەکە لە نێوان حەیوان و والائینسان. ئینسان شتێکە کە دەبێ بەسەریدا زاڵ بی. ئینسان هاوکات هەم هۆی فەنا و هەم جادەی پێشکەوتنی خۆیەتی. "خودی والائینسان"، وەک دەنگێکی خولقێنەر و بەزێنەری سنوورەکان لە پرۆسەیەکدا درووست دەبێ. "خود" هەوەڵ دەچێتە دەرەوەی خۆی و دواتر دەگەڕێتەوە لای خۆی. ئینجا لە دەوری خۆی سووڕدەخوا تا خۆی دوبارە وەدەستبێنێتەوە. سەرئەنجام دەگەڕێتەوە نێو و لای خۆی. لەو پرۆسەیەدا "خود" "دگردیسی" پەیدادەکا. "خود" بە بارێکی گران واتە 'خواست'ێک ئێزندەدا کە شێتی بگەشێتەوە تا بگاتە "خرد" و لوتکە بەرزەکان. "خود" کە لەگەڵ خۆی لەشەڕدایە دەبێ بەسەر ئازادی خۆیدا زاڵ بێ و ببێتە "منداڵ". بۆ منداڵ؟ چونکە منداڵ بێگوناحە و منداڵ دەتوانێ ئیزن بدا کە خوا تێیدا وەسەماکەوێ و "خود" بفڕێ.

پرۆسەی ڕەنج دەبێتە هۆی "دگردیسی خود" واتە گەشەکرنی "خود" لە "هیچ"وە بۆ "هەموو شتێک". منداڵ/ خودی

شاعیر، ئێستا دەتوانێ بگەڕێتەوە بۆ پاکی خۆی و بە ژیان "بەڵێ بڵێ". لێرە ئیتر مەرگ وەک خەتەرێک بۆ ژیان نابیندرێ بەڵکو ڕوویەکی تری ژیانە. ئینسان لە "هیچ"وە دێت و ساتێک دەژی و دوبارە دەگەڕێتەوە بۆ "هیچ". ژیان دیاردەیەکی شوێنی- ساتی سنووردارە کە دەگەڕێتەوە بۆ "هیچ". ئینسان نابێ لە مەرگ بترسێ و گرینگ ئەوەیە کە لە ژیاندا ئەو جۆرە کە زەردەشتی نیچە دەڵێ: "ئەی ڕۆح وەها مەست گۆرانی بڵێ کە تەواوی دەریاکان بێدەنگ گوێ بگرنە دڵتەنگی و مەیلت."

ئێستا ڕۆحێکی پڕ لە دڵتەنگی و ویست واتە ڕۆحی شاعیر گۆرانی خۆی چڕیوە. شاعیر هەم "خود"ی خۆی و هەم بەرهەمی خۆی ڕەها کردووە. نووکە دوای سەفەرێکی پڕ ڕەنج، بیر، ڕەاون و جەستە لە فازێکی ئاسودە و ئاشتیدایە. خودێکی والا بەسەر "خودی شکاو"دا زاڵبووە و کردوویەتی بە "ابرانسان".

ئینسانێکی بە ڕەواڵەت بچووک بەرەو مەرگ دەڕوا کەچی سەرئەنجامێکی مەزن و شاهانە لە بەرامبەر بیرێکی ئاسایی ڕۆژانە سەبارەت بە "مەرگ"دا ڕادەوەستێ و ترس لە مەرگ دەشکێنێ. "خود" لەگەل "هستی" و سەرچاوەی خۆی یەکدەگرێتەوە واتە دەبێتە یەک لەگەڵ کۆراو "هیچ". ئێستا دەقێکی هونەری - شیعرێک خوڵقاوە.

بۆ گەلێکی زۆڵملێکراو شاعیر بەشێک لە نەست و بوونی خۆی دەداتە خوێنەر. هەنووکە، دوای سەفەرێکی دووردرێژ، "خود"ی شاعیر سەرکەوتوانە دەگەڕێتەوە ناو خاک و بۆلای دایک و ئامادە و توانایی ئەوەی هەیە کە "ئازاد بۆ مەرگ و ئازاد لە مەرگ" بێ. "خود" دوای ژیانێکی پڕ لە خەبات، چ دژ بە خۆی و چ دژ بە "دەسەلات"، دەبێتە والائینسان - ابرانسان کە مەرگ دژ بە ژیان نابینێ بەڵکو وەک بەشیک لە ژیان چاوی لێدەکا:

***دڵم هەتا هەمبێ بڕست و بیر و هۆش***
***گەرگلاشم، کوردەواری و ئێوە خۆش! (ل. ٢٤)***

---

سەرچاوە و کتێب:

1.Auerbach, Erich, Mimesis. Bonnierpocket, Viborg 1999

**Dashti, Osman, Hemin, derbarey nawerokî siyasî û komelayetî shêerekanî. Tîshk Tryckeri, 2.Solimaniye 2003**

**.Dewane, Weli, Diktsamling, utgivare Razi. Babil tryckeri, Bagdad 1979**

**3.Franzén, Carin, Att översätta känslan, en studie i Julia Kristevas psykoanalytiska poetik. .Brutus Östlings Bokförlag Symposion, Stockholm / Stehag 1995**

**4.Fredriksson, Gunnar, Schopenhauer. Albert Bonniers Förlag, Viborg 1997**

**5.Hasanpoor, Jafar, Kurdish standard dialect, avhandling. Uppsalas universitet 2000**

**6.Heidegger, Martin, Identitet och differens. Bokförlaget Thales, Stockholm 1996**

**7.Heidegger, Martin, Konstverkets ursprung. Bokförlaget Daidalos, Uddevalla 2001**

**8.Hemn, Chepke gol chepke Nergiz. Gelawej Förlag, Suleimaniye 1997**

**9.Hemn, Diwani Hemn, utgivare Suleiman Chireh. Kitab–i Arzan Förlag, Stockholm 2003**

**10.Hemn, Naley Jodai. Bagdad 1979**

**Kleberg, Lars (red), Med andra ord, Texter om litterär översättning. Natur och Kultur, 11.Smedjebacken 1998**

**12.Kristeva, Julia, Fasans makt, en essä om abjektionen. Översättning av Agneta Rehal och .Anna Forssberg. Bokförlaget Daidalos, Uddevalla 1992**

**Kristeva, Julia, Stabat Mater, i urval av Ebba Witt-Brattström. Nok pocket, Natur och Kultur, 13.Danmark 2002**

**14.Mann, Oskar, Tohfai Mozafariye. Översättning och editor Mohemad Amin Shexolislami, .Hemn. Saidiyan Förlag, Mehabad 1985**

**15.Moi, Toril, Simone de Beauvoir, Hur man skapar en kvinnlig intellektuell. Brutus Östlings .Bokförlag Symposion, Stockholm/Stehag 1996**

**Nietzsche, Friedrich, Den glada vetenskapen. Svensk översättning av Carl-Henning Wijkmark, 16.Göteborg 1987**

**Nietzsche, Friedrich, Samlade skrifter, Tragedins födelse, Band I. Symposion, Stockholm 17.2000**

**18.Nietzsche, Friedrich, Så talade Zarathustra. Albert Bonniers Förlag, Viborg 1999**

**19.Nordin, Svante, Filosofins historia, Det västerländska förnuftets äventyr från Thales till .postmodernismen. Studentlitteratur, Lund 1995**

**20.Olsson, Anders, Den okända texten, en essä om tolkningsteori från kyrkofäderna till .Derrida. Kristianstads Boktryckeri AB, Kristianstad 1987**

**21.Olsson, Anders, Läsningar av Intet. Albert Bonniers Förlag, Norge 2000**

**22.Pourjewadi, Nasrolah, Mathnavi diktsamling. Amir kabir Förlaget, Tehran 1984**

**23.Qeredaxi, Mohamad Ali, Wefais diktsamling. Kurdisk institutions Förlag, Bagdad 1978**

**24.Renjbar, Ahmad, Manteqolteire Attar. Asatir förlag, Tehran 1989**

**25.Schopenhauer, Världen som vilja och föreställning, Översättning och inledning av EFR .Sköld. Bokförlaget Nya Doxa 1992**

**26.Schopenhauer, Världsreflexer, ett schopenhauer- brevier, i utdrag och översättning av C: .V: E: Carly. Björk & Börjesson, Stockholm 1921**

27.Xaznedar, Marf, Mejooy edebi kurdi (Den kurdiska litteraturens historia) Band 1. Skolverkets Förlag, Hewler 2001

28.Xaznedar, Marf, Mejooy edebi kurdi (Den kurdiska litteraturens historia) Band 2. Skolverkets Förlag, Hewler 2002

29.Xaznedar, Marf, Mejooy edebi kurdi (Den kurdiska litteraturens historia) Band 3. Skolverkets Förlag, Hewler 2003

Tidskrifter

1.Aiolos, Tidskrift för litteratur, teori och estetik. Nr. 2, 1996

2.Aiolos, Tidskrift för litteratur, teori och estetik. Nr. 25-26, 2005

3.Doften av mitt lands moln, kurdisk poesi i urval. Kulturföreningen Sverige- Kurdistan. APEC Förlag 1991

4.Kvinnovetenskaplig tidskrift. Nr. 2-3, 1984

5.Kungl. Humanistiska Vetenskaps- Samfundet i Uppsala. Jan- Olof Tjäder (red). Årsbok 1993

Referens

1.Agell, Fredrik, Frågan efter livets mening, om kunskap och konst i Nietzsches tänkande. Symposion, Stockholm 2002

2.Eliot, T. S. Om poesi. Bonniers, Stockholm 1958 .

3.Engdahl, Horace, Den romantiska texten. Albert Bonniers Förlag, Viborg 1995 .

4.Lind, Lisa, Sören Kierkegaard själv, psykoanalytiska läsningar. Carlsson Bokförlag 2000

5.Nylander, Lars (red), Litteratur och psykoanalys, en antologi om modern psykoanalytisk litteraturtolkning. Norstedt, Stockholm 1986.

CD: skiva

Hamid Hamidi, Armeni. Sna 2004

سەرچاوە: ئارشیڤی ماڵپەڕی دیمانە / ڕێکەوتی: ١٩ی ئەپریلی ٢٠٠٦

---

# بابەتەکانی ساڵی: ٢٠٠٧

---

## ژنێک لە ئەنفال دەدوێ...

(کورتکراوەی وتووێژێکی یەکسەعاتەی ڤیدیۆیی لەلایەن شەهلا دەباغی لەگەڵ بەڕێز نەبات فایەق، یەکێک لە

بەشدارانی "کۆنفرانسی نێونەتەوەیی ژنانی کورد" لە ستۆکهۆڵم)

ناوم نەبات فایەق ڕەحمان ـە؛ سەر بە ناحییەی قادر کەرەمم. پێش ئەنفال وەزعمان زۆر باش بوو. کشتوکاڵمان دەکرد، ماڵدار بووین و باغ و زەمینمان هەبوو. ساڵی ١٩٨٨ مانگی چوار، سەربازەکانی بەعس دەستیانکرد بە دێرمان و دێهاتەکانیان ڕووخاند. ئێمە هێشتا مابووینەوە. وەختێک زانیمان، بە کۆپتەر و سەربازەوە هاتن و دێیان تۆپباران کرد. ئێمە چووینە ناو باغ تا سێ ڕۆژ خۆمان شاردەوە. پێشمەرگە چوونە شاخ و خەڵکی دێ تەسلیمی حکومەت بوون. سێ ڕۆژ ڕۆیشتین. دواى سێ ڕۆژ، خەزورم چوو بۆ لای مەسئولەکە و پرسی کە نیازیان چییە. گوتی زیلی عەسکەری دێت و دەڕۆن بۆ ئۆردووگا.مستەشار و جاشەکان پێمانیان گوت کە پیاوەکانمان، ئەوەی چەکی هەیە، با تەسلیمی کەن دەنا بۆتان خەراپە. مستەشارەکان لەسەر چەک لەگەڵ پیاوەکانمان کردیان بە شەڕ. حەز ناکەم ناوی مستەشارەکان بێنم، بۆمان خەراپە. خۆیان حیزبەکان زۆر چاک دەزانن، ئێستاش ئەوان لای حیزبەکانن، خۆ هەڵنەهاتوون. ئێمەیان فرۆشت و لەسەر چەکی پیاوەکانمان کردیانە شەڕ.ئێمەیان بارکرد بەرەو چەمچەماڵ. جێگە نەبوو، هێندە خەڵکی لێ بوو. بردیانین بۆ "تۆبزئاوا". من ئەڵێم ٥٠ هەزار تۆ بڵێ ٨٠ هەزار ئینسانیان کۆکردبۆوە. ژن، منداڵ، گەنج، پیر. ژن و منداڵیان کردە قاعەکان؛ مەعەسکەر بوو. دواى سێ ڕۆژ پیاوە گەنجەکانیان برد. لە پێش چاوی ئێمە لێیان دەدان. لە پشت جامەکان دەمانديت. دواى سێ ڕۆژ هەرچی منداڵ بوو بردیان. هی وا بوو ٩ - ١٠ منداڵی پێ بوو...؛ گەلێک ئیفتیزاح. جا وەرە منداڵت لێ بستێنن نەتوانی هیچ بڵێی. دواتر باریان کردین بۆ "دوبس". لەوەێ بۆ ئەوە خەڵک بترسێنن، کارەبایان لێ بڕین. کەس هیچی نەبوو تا لەژێر خۆمان ڕایبخەین. شەش مانگ و پازدە ڕۆژ لەوێ ماینەوە. لە دوبس، منداڵەکانیان داینەوە.لەناو خەڵکدا دەگەڕان، ئەوەی کچی جەوان با دەیانبرد، کەس نەیدەزانی بۆ کوێ و کەس نەیدەتوانی هیچ بڵێ. هێندێکیان بەیانییان دەهێنانەوە. هێندێک قەت نەگەڕانەوە.ئێوارە بەو ئێوارە، سەموونێکی ڕەقییان دەداینێ. جاری وابوو چایان دەدا، دەرمانێکیان تێدەکرد، منداڵەکان نەخۆش کەوتن و زۆریان مردن. منداڵ سووک بوو...، منداڵ نەما.من خۆم سێ منداڵم مردن، دوو کوڕ و کچێک. کچەکەم... شەونم، لە ترس، تووشی پەرکەم هات، شەش ساڵی بوو، ئەبووراوە. هەر داوای بەفری دەکرد، بەهاریش بوو، بەفر دەستنەدەکەوت. چوومە لای عەسکەرەکان. هیچ فایدەی نەبوو. جنێویان پێدام. هەر لە سەرەمەرگدا داوای خەیاری دەکرد، خەیاریش نەبوو.، زانیم نامێنێ. مامی هێندێک جلوبەرگی بۆ ناردبوون. هێندێکم کردە خێر و هێندێکم لەبەر منداڵەکانی خۆم کردبوو. پێڵاوێکی سەوزی تێدا بوو. کچەکەم گیانی نەدەدا... چارەم نەما... پێڵاوەکەم دا دەست، قەپی لێدا... مرد...کە مردبوو، قاچی چەمابوو، منیش هۆشم نەبوو. ئەوان دەهاتن و قەدیان دەگرت. قەبری چی... تۆزێک زەویان هەڵدەدا و

تێیانداویشتن. هیچ نەبوو تێیان پێچین. ئەگەر کەسێک شتێکی خاوێنی هەبا تێیدەپێچا... لە ئەژنۆ ڕا قەدیان گرتبوو. ئامۆژنی لەگەڵم هاتە قەبران... کە چووینە قەبران، کچەکەم دوو بست زیاد بوو. زۆریان جنێو پێدام. وتم ساعەت ١٠ی شەو مردووە، ئێستا ١٠ی بەیانییە. هۆشم نەبووە کە قاچی چاک بکەم... هەروا چەپاندیانە ناو قەبرەکە... ماوە کچە گەورەکەم. جحێل بوو. زۆر جوان بوو... بردیان... نەیانهێناوە... ناوی شارۆ بوو...

ژنێکی زۆر جوانمان لەگەڵ بوو. ناوی مریەم بوو. کوڕێکی بچوکی جوانی پێ بوو، زۆری خۆشدەویست. کوڕەکە نەخۆش کەوتبوو. ڕۆژێکیان ئێوارە بوو، کوڕەکە لە باوەشیدا بوو. لەبەر بێ وەزعی خۆمان کەس ئاگای لە کەس نەبوو. ساعەت و نیوێک هەروا منداڵەکەی لە باوەشدا بوو. منداڵەکە مردبوو. لە ڕووحم و خۆشەویستی خۆی، ئەویش دڵی وەستابوو. ئەوەی بەسەر کەسوکاری ئەنفال هات بەسەر کەس نەهاتووە. ژنێکی ترمان لا بوو، منداڵەکانی هەموو مردن، شێت بوو، ئێستا لە شێتخانەی کەرکوکە. ژنێکی ترمان بوو زۆر جوان بوو. لە ترس و شەرم و حەیای خۆی، شێت بوو. ئەو شەش مانگە دەستیان زنجیر دەکرد. هەموو مەچەکی برینندار بوو...دوای ئەوە کە عەفوویان دەرکرد و بەرییان داین، کەس نەیتوانی بگەڕێتەوە سەر ماڵی خۆی. هەموو دێهات خاپوورکرابوون. تازە خۆ پیاوەکانیشمان نەماون، بچینەوە چ بکەین. من خۆم چوومە لای برام. خەڵکی وا بوو کەسی نەمابوو. خۆت دەزانی برا و براژن نابێتە دایک و باب. ژنێک دەناسم کەسی نییە لای برایەتی. هیچ جێگای نییە. کەسی نییە بیگرێتە ئەستۆ. خۆ هەر سەدام غەدری لێ نەکردین.حکومەت تەنیا پارەیەکی کەممان دەداتێ، مەعاشێکی ئەنفال. ئەویش زۆر کەمە. زۆر کەس خانووی نییە. هەر مانگێک لە شوێنێک دەبن. من خۆم بەبۆنەی منداڵەکانم و خەزور و مامی منداڵەکانم نیشتەجێم، بەڵام هی وا هەیە کە هیچ جێگای نییە.

ئێمە داوا دەکەین کە گۆڕی شەهیدەکانمان بۆ بێنەوە و بییاندۆزنەوە. خۆ هەر لەو عێراقەن، من خۆم هەر بەتەمام. بۆ ئێمە وەک بنەماڵەی شەهید حیسابمان بۆ ناکەن... ئەو پارەیە هیچ ناکا. نەک من، هەزارانی وەک من کەس ئاوڕێکمان لێ ناداتەوە. کەسمان نییە بچینەوە سەر زەوی و زاری خۆمان. چاویشمان بەرایی نادا. هەیئەت دێن و مقابلەمان دەکەن. دوو جار ئێمەیان برد بۆ دێ و شاهیدیمان داوە. هەمووی تەخت کراوە. ئێستا تازە خەریکە دار و کانیاو دەژیەتەوە. گرووپەکان دێن و شکایەتمان کردووە. ئێمە داوا دەکەین کە ئەو جاش و مستەشارانە دادگایی کرێن، ئەوان ئێمەیان فرۆشت. ئێستاش بۆیان هەیە کە شتێک بخەنە ناو حەوشەکەمان. داواکاریمان ئەوەیە کە محاکمە بکرێن کە پیاو و منداڵ و کچەکانی ئێمەیان فرۆشت. سەدام لەسەر تلەڤزیۆن قامک تەکان دەدا، مستەشارەکان ئازاد دەگەڕێن... زۆربەیان عەشیرەیەکانی خۆمانن. گلەییم هەیە لە دامودەزگای

خۆمان... تا ئێستا لە مستەشارەکانیان نەپرسیوە... منداڵەکانمان نەیانتوانی بخوێنن. تا ئێستا هیچی وایان بۆ بنەماڵەکانی ئەنفال نەکردووە... هەر چاوەڕوانی هاتنەوەی گۆڕەکانین، هەر ئومێدێکمان هەیە کە بڵێن ئەوە گۆڕی ئەنفالە و دڵمان بحەسێتەوە. داواکاری ئەوەم هەموو تاوانبارانی ئەنفال، هەڵەبجە، کوشتاری بارزانی و کوردە فەیلییەکان، دادگای بکرێن.

پێم خۆشە زوو بچمەوە بۆلای منداڵەکانم. شکوور دوو کچ و دوو کوڕم ماوە، ئێستا لای باپیرە و مامیانن. ئەوان زۆر باشن، بەڵام پێم خۆشە زوو بچمەوە لایان.

تێبینی نووسەر:

١- "..." بە نیشانەی ئەوەیە کە لە کاتی قسەکاندا گریاوە.

٢- قسەکان وەکو خۆیان نووسراونەتەوە.

سەرچاوە: وێبلاگی پەراوێزی بیر - ڕێکەوتی: ١٧ی جانێوێری ٢٠٠٧

## دیالۆگێکی ناوخۆیی: "چەپەکان"وەمەسەلەی ژنان!

بەدوای نامەی سەرپاواڵەی من بۆ حیزب دێمۆکراتی کوردستانی ئێراندا، زۆر کەسی لایەنگرو ئەندام لە سازمانە چەپەکانی کوردی - ئێرانی، وەک ساڵانی پێشوو، ویستیان لە ژێر ناوی "کۆمۆنیست" بووندا، خۆیان بە تەنیا لایەنگرانی مافی ژنان لەقەڵەم بدەن. لەمێژە دەخوازم کە بۆچوونەکانی خۆم وەک تاکێکی کورد سەبارەت بە کوردە چەپەکانو ئەوانەش کە خۆیان بە فێمێنیست دادەنێنو مەسەلەی ژنان دەرببڕمو شایەت، ئێستا بکرێ ئەو گرینگە بە تێروتەسەلی بێنینە بەرباس.

هێینانەگۆڕی باسێکیوا هەمیشە، لە لایەن ئەندامانی ڕێکخراوە کۆمۆنیستەکان، جۆرێک دژایەتی لە گەڵ بیری کۆمۆنیستی دادەندرێت. بە باوەڕی من، بیری مێتافیزیکی حیزبی فەرقی هەیە لەگەڵ داواکاری بۆ دادپەروەری

کۆمەڵایەتیو چەپبوونو ئارەزوی مرۆڤ بۆ دادپەروەری کۆمەڵایەتی دەگەڕێتەوە بۆ دەورانی باستان. لە هەمان کاتدا کە سەڕووەری کورد ئاواتمە، خۆم بە لایەنگری دادپەروەری کۆمەڵایەتیو بەرامبەڕی ئینسانەکان دادەنێم.

منیش زەمانێک لە دەورانی جەوانیمدا، "بیری کۆمۆنیست"یم هەبوو پێموابۆ کە ئەو حیزبەی کە من تێیدا کاردەکەم، بۆ دادپەروەری، بەرامبەریو ئازادی کاردەکاو پێم وابوو کە لە داهاتوودا زۆر گرفت حەلدەبن. گرفتی سەرەکی من ئەودەم، لە دەروونی خۆمدا، ماڵوێرانی گەلی کوردو وەزعی کچانی ناو ڕێکخراوە بوو، بەڵام پێم وابوو کە ئەو ئۆتۆپییایە کە ئایدئۆلۆژی حیزب بەڵێنی دابوو، ڕۆژێک هەموو شتێک حەلدەکا. ئەگەرچی حیزبیتودە خۆی بە لایەنگری مافیژنان دادنا، بەڵام زۆربەی کات مافی کچان لەبنپێدەنرا. کچان تادەهاتن شتێک بڵێن دیانکووت: کچ نابێ وابکاو کچ دەبێ وابڵێیو سروشتی ژنانە ئەم جۆرەیەو هتد. من بە دەیان جار لە ژیانمدا بیستوومە کە دەڵێن: "ژنانی ناشیرن دەبنە سیاسی."

بەراست بۆ تەنانەت پیاوانی سیاسیو چەپی ڕابردوو و ئێستاش لایەنگرانی فێمێنیست زۆر جار بە شێوەیناجۆر، ژنان دەخەنە ناو تەرازوو. من پێشتر هیچ وڵامم نەبوو، جگە لەوە کە بەخۆم بڵێم کە ئەو کەسانە باشیان بیری کۆمۆنیستی نەناسیوەو یان خۆیان مرۆڤی باش نین. بەڵام ئێستا دوای ١٦ ساڵ ئازادبوون لە ئایدئۆلۆژیەکان، دەزانم کە وڵامەکەم، پڕ بە پێستی خۆی نەبوو. کە هاتمە ئوروپاو ژنانێکیترم لە گرووپەکانیتر ناسیو جارجار لە گەڵ یەکتر قسەدەکەینو باسی ئەزموونەکانی خۆمان بۆ یەکتر دەگێڕینەوە، دەبینم کە وەزعی ژنان لە ناو هیچ کام لە ڕێکخراوەکاندا، ئیدەئاڵ نەبووە.

سۆسیۆلۆگی پایەبەرزی کانادایی، پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە ژن دەبێ لە Smith تەجرەبەکانی ڕۆژانەی ژیانی خۆی کەڵک وەربگرێ. سمیت پێیوایە کە ژیانی ژنان لە ژێر کاریگەری پێوەندیە کۆمەڵایەتییەکانو دەسەڵاتدا فۆڕمدەگرێ. مێتۆدی سمیت، لە لێکۆڵینەوەکانی کۆمەڵناسی سەبارەت بە ژنان، مێتۆدێکی فێمێنیستیە کە مروڤ دەخاتە سەنتەر. ڕوانگەی فێمێنیستی سمیت تەنیا ژیانی ژنان ناخاتە بەر لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندن، بەلکوو تەواوی پێوەندیەکانی کۆمەڵایەتی کە بە سەر ژیانی ڕۆژانەدا حوکمدەدەن، دێنێتە بن پرسیار. هەروەها ئەو مێتۆدە، ژیانی پیاوانو چۆنێتی پێوەندی نێوان دوو جنس، دەکاتە بابەتی لێکۆڵینەوەکانی.

ژیانی ڕۆژانە، لە مێتۆدی لێکۆڵینەوەی سمیت دا، بریتییە لە بوونێک کە لە ژێر کاریگەری پرۆسەکانی کۆمەڵایەتی

- ئیکۆنۆمی دایەو ئەوانن کە حوکم لەسەر ئەو بوونە دەدەن. ژیانی ژنان، کاکڵی هەڵویستگرتنی ژنانە، کە سمیت بە تیێۆری مەوزێعی ناوی دەبا. بەپێی تیئۆری مەوزێعی، لەو کۆمەڵگایانەدا کە تێیاندا، ناکۆکی نێوان نیژاد، چینو جنس بڕیاردەرن، چالاکی گرووپە دەسەڵاتدارەکان، ڕۆڵی سەرەکیو گرینگیان هەیە لە ژیانی ڕۆژانەی تاکو کۆمەڵدا. لەو کۆمەڵگایانەدا، ژنان لە دەرەوەی دەسەڵاتن. ئەوەش بە مانای ئەوەیە کە ژنان لە پراکتیکی ڕۆژانەداو لە پێوەندیەکانی کۆمەڵایەتیدا هێندێک مافیان نییە. ژن لە ژیانی ڕۆژانەدا، کە سمیت بە پرۆسەی ئاگایی ناوی دەبا، زانایی وەدەستدێنێ تا کە بتوانێ جیهانی خۆیو هەلوومەرجی ژیانی بگۆڕێ.

نوختە حەرەکەتی سمیت، ئەزموونەکانی ڕۆژانەی مرۆڤە. سمیت لەسەر ئەو باوەڕەیە کە ژنان لە ژیانی ڕۆژانەدا بە "تەزادیک"، واتە ناتەبایێکی قووڵ دەگەنو دەبینن کە ژیانی ڕۆژانەیان لە ڕێگای پێوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی بالادەستەوە ئۆرگانیزە دەبێ.

فێمێنیستی بە ناوبانگی سۆئێدی، داوکاری ئاگاییە لەمەڕ ژێردەسەڵاتبوونی Nina Björk پۆزێسیۆنی ژنانە. بیێۆرک لەسەر ئەو باوەڕیە کە ژنان لە هەرەمی دەسەڵاتدا لە پایەی ژێردا ڕاوەستاونو ئێمە دەبێ ژن وەک گرووپ تاریف بکەین.

بیێۆرک باس لەوەدەکا کە لە کۆمەڵگای پیاوسالاردا، ژن وەک جنس دەبیندرێو وەک سێکس ئۆبجێکت دەبێتە هۆی کەیفکردن. کۆمەڵگای پیاوسالار، داوا لە ژن دەکا کە ژنانە بژیتو هۆیەکەشی دەخاتە پاڵ سرووشت، واتە دەڵێ کە ژن دەبێ سرووشتی ژنانەی هەبێ. لە کۆمەڵگای دوو قووتبی باوکسالاردا، سیاسەتو عیلم، دەست لە ناو دەست، دەخوازن کە ئەوە بسەلمێنن کە ژنو پیاو، جیاوازن. لەو کۆمەڵگایانەدا، دەسەڵات بە پێی جنس دابەشدەبێو ژنانە - پیاوانەبوون، دەبێتە نۆرمو بەشێک لە "خود".

بیێۆرک، پێیوایە کە ژنانەبوون، ئەزمونێکی کۆمەڵایەتیە کە لە جلوبەرگو زمانو سیستێمداخۆنیشاندەدا. ئەوە کە ژن دەبێ جۆرێک لێباسدەبەربکاو جۆرێک بجوڵێتەوە، بەشێکە لە ئەو ئایدئتیتیە کە دەسەڵاتو پیاوسالاری بەسەر ژنی دادەسەپێنێ. ژن دەبێ ژنانە بێ، چونکە دەسەڵات دەخوازێ کە ژنانەبوون وەک شتێکی سرووشتیو زگماکی کە لە گەڵ مرۆڤ لە دایک دەبێ نیشان بدا، تا بتوانێ دەسەڵات بە پێیجنس دابەش بکا. تەواوی ئەو شتانە، دەبنە هۆی ئەوە کە ژن لە پۆزێسیۆنێکی لاوازدابێو ئەرکی فێمێنیستەکان ئەوەیە کە ژن لە جنس بوون ڕەهابکەن.

نزیک بە ۳۰ ساڵە کە کۆمەڵە وەک ڕێکخراوەیەکی سیاسی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان دامەزراوەو دوای هێندێک ئاڵوگۆڕبەسەرداهاتن، ئێستا بوونەتە چەندین بەش، کۆمەڵەی شۆڕشگێر، حیزبی کۆمۆنیستو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران. دابینکردنی مافی ژنان خاڵێکە کە لە پەیڕەوبەرنامەی هەمووندا هاتووەو دەکرێ بڵێین کە وەزعی ژنان لەوسازمانانەدا، بە نیسبەت ڕێکخراەکانیتر، باشترە.

دوای ۱۹۸۰، کۆمەڵە زیاترین ڕادەی پێشمەرگەی ژنی، لە بەراوەردکردنێکدا لە گەڵ سازمانو حیزبەکانیتر، بووە، کەچی دوای نزیک بە ۳۰ ساڵ ڕێگادان بە ژنان، تەنیا ۲ کەس لە ۱۹ کەسی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیو جێگرلە کۆمەڵەی شۆڕشگێڕدا، ژنن‌و ئەو ئامارەش دەگاتە5 کەس لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا. (دەبێ ئەوەش بڵێم کە من بەش بەحاڵی خۆم ڕێزم هەیە بۆ ئەو خاتوونانەو باقی ژنانی ناو ئەو ڕێکخراوانەو زەحمەتەکانیان.) تا ئەو جێگایە کە من لە چوارچێوەی دۆستایەتیدا لەگەڵ پیاوانو ژنانی ناو هەردووک کۆمەڵە، قسەم کردووەو بیستوومە، ئەزموونەکانی ئەوانیش دروستی تێئۆری سمیتو بیێۆرک نیشاندەدەن. زۆر کەس باس لەوە دەکەن کە چۆن، ئیمتیازاتێکی تایبەت بۆ کەسانێک هەبووەو تا ئەو ساڵانەی دوایی‌و هاتن بۆ ئوروپا، ژنان هەر پێشمەرگەی سادەبوون. لێرەدایە کە بە پێی وتە بە نرخەکانی سمێت دەبینین چۆن چین‌و جنس ڕۆڵی خۆیان دەگێڕن، تەنانەت لە ناو ئەو ڕێکخراوانەش‌دا کە خۆیان بە کۆمۆنیست دادەنێن.

بە چاوپێداخشانێک بە لیستی ناوی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی‌و ڕێبەرانی هەموو سازمانە چەپەکاندا، چ کوردو چ ئێرانی، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە زۆربەی زۆریان، لە چینەکانی نێوان یان سەرەوەی کۆمەڵگاو ڕێبەری زیاتر پێکهاتووە لە پیاوان. هەڵبەتە ئەوەش ئاساییە، چۆنکە هەمیشە منداڵانی ئەو دوو چینەو بەتایبەت کورەکان بوون کە ئیمکاناتیان بووەو تەنانەت توانیویانە بگەنە وڵاتانی ڕۆژئاوا. با ئەوەش بڵێم کە هەر تاکێک مافی خۆیەتی ببێتە ئەندامی چ ڕێکخراوەیەک، بەڵام لێرەدا باس لە چۆنێتی دابەشبوونی دەسەڵاتە.

بە پێی تێئۆری سمیت نەژاد، جنس‌و چین لە دەسەڵاتدا ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن. هەر بە پێی ئەو تێئۆریە، پایگای ڕێبەرانی چینی کرێکار، دێتە ژێر پرسیارکە هەڵبەتە ئێرە جێگای ئەو باسە نییەو ئەو نوسراوەیە گرینگی دەخاتە سەر مەسەلەی ژنان لە ناو سازمانە کۆمۆنیستەکاندا.

بە پێی زۆر بەڵگەو ئەزموونی تاکەکەسی، زۆر جار، ژنان لە ناو سازمانە کۆمۆنیستەکانی بگرە وڵاتانی تریش

هاتوونەتە بەر شاڵاوی پیاوسالاری ناو ڕێکخراوو پیاوەکانی ئەوانیش وەک باقی پیاوانی کۆمەڵگا، بۆچوونی پیاوسالارییان لەسەر ژنان بووە. ئێمە دەزانین کە ڕێکخراوەکانی کوردی، لە ژێر کاریگەری حیزبو سازمانە چەپەکانی جیهانیو ئێراندابوونو نۆرمەکانی ئەوانیان گرتووە.

**بەڕێزان!**

من لە نامەی خۆمدا بۆ حیزبی دیمۆکرات بە درێژی باسی چۆنێتی دابەشبوونی دەسەڵاتم کردووەو کە:

ڕۆشنبیران و حیزبەکانی ئێمە زۆر جار بۆ کاری خۆیان لە ژن و مافی ژنان کەڵک وەردەگرن و قەت بە شێوەیەکی بنەڕەتی چاویان لە گرفتی ژنان نەکردووە و دیتنی ژن وەک جنس، لە ستروکتووری پیاوسالاردا، لە گیروگرفتەکانی سەرەکییە. لە دابەشکردنی ڕۆڵ و دەسەڵات، ژن "جنسی دووهەم"ە و لە خوارەوەی هەرەمی دەسەڵات دایە. ئەو ژنانەش کە خاوەنی دەسەڵاتن، بە گشتی دەستووری پیاوسالاری بەڕێوەدەبەن.

سەرکردایەتی گرووپو ڕێکخراوەکان بە شێوەی هەرەمی لە دەست پیاواندا بووە. کاتێک باسی هەرەمی دەسەڵاتی فکری دەکەم، بەو مانایەیە کە هێندێک کەس و یان چین و توێژێکی تایبەت، لە ئاخر پلەی هەرەمدا، وەک خاوەنی سەرەکی دەسەڵات، بەڕێوەبەری کۆمەڵگان و یان لە پرۆسەی بەرەمهێنانی فکریدا سەر بوون و ئەوان چارەنووسی زۆرینەی کۆمەڵگا و یان گرووپیان دیاری کردووە.

گرینگی هێنانەگۆڕی بەردەوامی ئەو باسە، لە کار بۆ ئاڵۆگۆڕ و دابەشکردنی دەسەڵات بە شێوەیەکیتر دایە، واتە دابەشکردنی دەسەڵات بە شێوەی پاراڵێل و هاوکات لەناو گرووپ، دامودەزگا و ئینسانەکاندا. دابەشکردنی دەسەڵات تەنیا ڕێگایە بۆ کۆمەڵگایەکی ئینسانی تا ئازادی و بەرامبەری تاکەکان و گرووپەکان دابین بکرێ. بڵاوکردنی دەسەڵات لەناو کۆمەڵ و لە بەینی ئینسانەکاندا، دەبێتە هۆی پشکووتنی توانایی بیر و هۆش بەتایبەت ژنان کە بە درێژایی مێژوو بە کەم دانراون.

پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە بۆ بە پێی درۆشمەکانی حیزبە چەپەکان، دوای زیاتر لە ١٥٠ ساڵ جوڵانەوەی کۆمۆنیستی جیهانی، ئێستاش، ڕێبەرایەتی ئەو جوڵانەوەیە لە دەست پیاوان، ئەویش پیاوانی چینیباڵادەست دایە؟

بۆ تا ئێستاش ژنان نەیانتوانیوە نیوەی ڕێبەرایەتی پێکبێنن؟ بۆ بەسەر ژنانی ناو ڕێکخراوەکانی چەپیشدا، زۆر جار، هەمان زوڵم چووە کە لە ڕێکخراوەکانیتردا؟ بۆ ئەوە کە دۆستانی خۆم عاجز نەکردبێ، چەند وێنەیەکتان بۆ دێنمەوە.

هەمووما‌ن دەزانین کە وڵاتی سوێد یەکێک لەو وڵاتانەیە کە ژنان تا ڕادەیەکی زۆر لە دەسەڵاتدا بەشدارن. نیوەی وەزیرانی کابینەو نیوەی ئەندامانی پارلیمان ١٥٨ لە ٣٤٩ ژنن. بەهاری ئەو ساڵ، ٨ مارس، خانمی ئێلین ئێکسێلیوس،لە ڕۆژنامە سوینسکا داگبۆلادێت، لێکۆڵینەوەیێ خۆی بڵاوکردووە لە سەر ژنانی ناو پارلیمان. لە ١٥٨ ژنی نوێنەر، ١٥٥ کەس لە لێکۆڵینەوەکەدا بەشداربوون. ٩٥ ژن بە درێژی باس لەوە دەکەن کە چۆن بەخاتری جنس، واتە ژن بوونیان، دەکەونە بەر زەختو گرفتو چۆن پیاوان هەمیشە درجە یەکن.

هەروەها ٢٢ ئاپریلی ٢٠٠٤، ٧ ژنی نوێنەر لە پارلیماندا لە دیباتێکدا کە لە ڕۆژنامەی گەورەی بەیانی، داگێنس نیوهێتێر، بڵاو بووە، باس لەوە دەکەن کە چۆن لە ڕێگای تێکنیکی فەرمانڕەوایی پیاوانە، ژنان لە ناو پارلیماندا بەکەمدادندرێنو پیاوانی نوێنەری پارلیمان شۆخی بە ژنان دەکەن. ئەو خاتوونانە باسییان لەوە کرد کە چۆن بە تێکنیکی جوراوجۆر وەک مەسخەرەکردن، تاوانبارکردنو دانی هەستی گوناە، وەبەرچاونەهێنانی ژنانو نەدانی ئینفۆرمێیشنی پێویست بە ژنان، پێش بە بیرو کاری ژنانی ناو پارلیمان دەگیرێو کار کردن وەک ژن چەندە سەختە.

هەروەها ژنانی ناو سۆسیالدیمۆکراتەکان زۆر جار نارازینو ڕێبەری پێشووی حیزبی چەپیش زۆر جار ڕەخنەی لە حیزبی خۆی بوو داواکاری ئەوە بوو کە حیزب ببێتە حیزبێکی چەپی فێمێنیست.

بە پێی ئەو دیکۆمێنتانە کە ئێستا هەن، تەنانەت ڕێبەرانی گەورەی جیهانی جوڵانەوەی کۆمۆنیستی لەو کەسانە بوون کە بە هۆی پۆزێسییۆنی تایبەت، چەندەها ژنیان لە دەوری بووەو زۆر جار ئەو ژنانە زۆر جەوانتر لەخۆیان بوون. چەند ساڵ پێش، دیکۆمێنتێک لەسەر ژیانی مائۆ لە تەلەویزیۆنی سۆئد بڵاو بووە. کەلکوەرگرتنی مائۆ لە کچانی جەوان لە ژێر پۆزێسیۆنی کاریسماییدا، دڵی هەر ئینسانێکی ئازاردەدا.

ئێوە خۆتان زۆر باشتر لەمن دەزانن کە چۆن لە ژێرناوی مافی ژنان بە هێنانە گۆری بابەتی "سێکسی ئازاد"، لە

هەلوومەرجی شاخدا، ژنان بوونە کەرەسی دەستی ئیدەئۆلۆژیو پیاوان. لێرەشدا ژنان وەک جنس بوونە کەرەسەی دەستی پیاوانی خاوەن بیرو خاوەن دەسەلات. گەرچی من لایەنگری ئازادی تاکمو هەر کەس بۆخۆی بڕیاردەرە، بەلام کەلکوەرگرتن لە ژێر ناوی ئازادی بە هەمان ڕادە زشتە کە لە زیندانکردنی ژنان لە ژێر ناوی ئایینو کۆلتووردا.

ئێوەش دەزانن کە پیاوانێکی چەپیش هەبوون کە ژنی خۆیان کوشتووەو ئێستا لە کتێبی خۆیاندا ئاماژە بەوە دەکەن کە تەنیا ئەندامی سازمانێکی چەپبوون، بەس نییە بۆ ئەوە کە پیاوان لە پراکتیکی ڕۆژانەدامافی ژنان بپارێزن. ( دەتوانن گوێ بگرن لە پڕوگرامێکی تایبەت کە لە ناو ئارشیوی ڕادیۆ سۆئێد بە زمانی فارسی هەیە). ئێوەش دەزانن کە چوون سەدان جار، ژنان لە حیزبەکانی کۆمۆنیستدا لێدراونو بەکەمداندراون.

منیش لە دەوروبەری خۆم، بە چاوی خۆم، دیومە کە چون پیاوانی بە قسە فێمێنیستی خاوەن ئیقامەتی ئوروپا، داوای هێنانی کچانی زۆر جەوانتر لە خۆیان، بینی ٢٠ تا ٣٠ ساڵ، لە ناو ولات دەکەن.

**بەڕێزان!**

پرسیار ئەوەیە کە چۆن دوای زیاتر لە ٣٠ ساڵ، لە ناو حیزبە چەپەکاندا، نالێم نیوەی دەسەلات، تەنانەت ١٠% نەکەوتووتە دەست ژنان.(گەرچی من ڕەخنەم لە سیستێمو دەسەلاتەو ئەوەش باسێکیترە.) سەیرەکە کە بۆ تا ئێستا، ژنانی ئەو ڕێکخراوە کۆمۆنیستانە، نەیانتوانیوە لە باری بەرهەمهێنانی فکرەوە ڕۆڵێکیان هەبێو ڕێبەری ئەو ڕێکخراوانە هەمیشە پیاو بوون. سەیرە کە بۆ ئێوە بۆ وێنە ناوی خۆتان ناکەنە "حێزبی چەپو فێمێنیستی کوردستان"!

مەبەستی من لە نووسینی ئەو بابەتە ئەوەیە کە بلێم بۆ گۆڕینی کۆمەلگا، تەنیا درووشم بەس نییە. لە تەواوی حیزبە کۆمۆنیستەکاندا، وەک درووشم، مافی ژنان هەڵبەت لە ژێرپەراوێزی چیندا، هاتوە، بەلام نەبوونی ژنان لە دەسەلاتداو گرینگبوونی بەرژەوەندی چین، قەت نەیهێشت کە گرینگی بدرێتە مەسەلەی ژنانو نەتەوە. ئەگەرچی لە ڕاستیدا، چینو توێژەکانیش هەمیشە بوونە قوربانی دەسەلاتو گەمەی ڕێبەرانی پیاوو کورە دەولەمەند. (ئاخرین نمونە جودابوونەوەی هێندێک لە ناو ح. ک. ک.ا نیشاندەدا کە چۆن پاوانخوازی عەشیرەو جنس تێکەڵ دەبێ.)

بەداخەوە، ژنانی ناو ئەو سازمانانەش وەها دوچاری مێتافیزیکی ئیدەئۆلۆژیو شیفتەی بیری ڕێبەرانی کاریسمایی بوون، کە زۆر کەم هەوڵ دەدەن بۆ گۆڕانی فکری خۆیانو هاوکاری لە گەڵ گرووپەکانیتر.

هەمووومان دەزانین کە گۆڕانی کۆلتوور، کارێکی چەندڕۆژە نییەو بابو براکانی ئێمە بەم زووییانە ناگۆڕێن. هەڕ ئەو جۆرەی کە ئێمە ژنان خۆمانیش زۆرمان ماوە کە بتوانین ڕاستیەکان ببینینو تازە دەستمان بە بیرکردنەوە کردووە. پرۆسەی گۆڕانی کۆلتوور، پروسەیەکی پڕدەردەو دەبی بناخەکانی فکری- ئیکۆنۆمی- سیاسی بگۆڕێن. من باوەڕم بە تێئۆری بەنرخی سمیتو بییۆرک هەیە. ئێمە ژنان دەبێ بزانین کە چۆن لە ژیانی ڕۆژانەدا، لە ژێرکاریگەری بیری پیاوسالاری چەپو ڕاستدا، دەبینە کەرەسەی دەستی پیاوسالاری حیزبەکان. ئێمە ژنان بۆخۆمان بەشێکی کارسازین لە دووبارەبەرهەمهێنانی ژن وەک جنسو تا ئەوە نەبینین، وەک ئینسان ڕزگار نابین.

سەرچاوە: وێبلاگی پەراوێزی بیر - ڕێکەوتی: ١٧ی جانێویری ٢٠٠٧

## تاسە

*وەک ڕستەیەکی پڕمانا*
*کە لەناو کتێبێکدا لێت ون دەبێ*
*وەک جوانیی منداڵ*
*کە خۆی بە گەورەبوون دەگۆڕێتەوە*
*وەک ئەو خەونانە*
*کە چیرۆکەکانیان لەبیر دەچنەوە*
*لێم ونی و لێم نزیک*
*وەک هەناسە*
*"تاسە"چەند وشەیەکی بەرتەنگە*

بۆ بەتاڵی من لە نەبوونتدا

ڕووخانی دڵم

لە نەدیتنت

بۆ تامەزرۆیی گیانم

بۆ باوەشت و

برسێتی نیگام

بۆ پڕبوون لە تۆ و

بۆ خۆكوتانی سەرسامی ڕۆحم

لە زمهەریری كارەساتی بێ تۆیدا...

---

## سەربردەی.... !

"حدیث"ی كێم و چیم

چلۆن باس بكەم!

ژنێک لە ڕێگوزاری با

دووپاتبوونەوەی ڕەنج

لە ساتەكانی سەرگەردانی ژان

گومڕای خولیایێکی شێت

چ كات و ساتی باسێكی وەهاست؟

ژنێک

لە تامی تفتی ژیلەمۆ

لە چەشنی دڵی گیراوی سەنگ

خەونێک نێچیری دەستی كات

لە ڕەنگی هەور

هەورێک پڕ لە نم نمانی خەم

خەمێک سەربردەی خەونەکانی سەنگ

سەنگێک لە ژیلەمۆ .....

## وامزانی شینی

وامزانی شینی

وامزانی دینی

وەک کانیاوی ڕۆح

بێکەران ڕوونی

کەچی سوور بووی

وەک خوێنی کچێنیم

وەک ئەشکی نەوگوڵ

وەک بلووری دڵ

وامزانی

ئاوریشمی هەوری

گەرمی هەتاوی

بووکی بارانی

وامزانی...

وامزانی

چلچرای ڕۆحی

منی لە خۆتا

وامزانی...

نەمزانی

خەیاڵی دووری
خەونی بێبنی
لە دیوەخانی
گەردوونی بیرما
وەهم و تا ئەبەد
هەر نەسرەوتنی....
-----
با تۆ شین بی
با نەبارێ
با ڕەشەبا
گەردوون برفێنێ
با... با... با...
با ببمە وێرانی
با ڕۆحم بسووتی
با چاوم وشک بی
با.. با... با....

با من بمرم
بمرم لە بێ تۆییدا
بمرم لە تۆدا
با... با... با...
با تۆ شین بی
باتۆ گەش بی
با مەست و شۆخ
لە چاوتا بڕژێ
وردەخەندەی دی
با

با....

سەرچاوە: وێبلاگی پەراوێزی بیر - ڕێکەوتی: ١٧ی جانێوێری ٢٠٠٧

## شیعر و شاعیری بەرزەژنێک بە ناوی مەستوورە کوردستانی

پرۆفیسۆر ئێباویت براتستروّم و نووسەر و توێژەر بیرگیتا سوانبەری، لە کتێبی سەد ژنی نووسەر بەرگی ١ ( ١٩٩٥)، دا باس لەوە دەکەن کە لە ١٨٠٠- کاندا، جەستە و فیزیکی ژن، وا دەبیندرا کە بەکەڵکی کاری فکری و ڕۆشنبیری نایەت. مێرد بەهۆی یاساوە دەیتوانی پێش بە چاپکردنی بەرهەمەکانی خێزانی بگرێت. ئەگەر خێزانی پیاوێک لە مەیدانە گشتییەکاندا چالاک با و بە ئاشکرا نووسینی هەبا، ئەوە دەبوو بە مایەی ئازار بۆ پیاوەکە (ل. ٩ - ١٠).

ئاخۆ دەبێ هەلومەرجی ژنێکی شاعیری کورد لە سەدەی ١٨دا چۆن بووبێ؟لە سەردەمانی سەرهەڵدانی دەورانی مۆدێرنی ئەوروپادا، لە وڵاتێک بە ناوی کوردستان و لە بنەماڵەیەکی دەسەڵاتداردا، مەستوورە، بە خوڵقاندنی شیعر، بە بەکارهێنانی دوو زمانی کوردی و فارسی و شێوازی کلاسیک و کەڵکوەرگرتن لە میتۆلۆگی، باس لە مەشغەڵەکانی فکری خۆی دەکات و تەجربەکانی ژنێکی کورد و خەمی نەهاتی دەسەڵاتی کوردمان لە سەردەمی خۆیدا، وێڕای هەستێکی بەسوز، بۆ دەگێڕێتەوە. بابەتی سەرەکی شیعری ماهشەرەفخانم، وەک هەموو شاعیرانی کلاسیکیتر، ئەوین و فیراقە. باسێکی ئەبەدی بۆ ئینسانێکی فانی کە تەنیا ساتێک لەم جیهانەدا دێت و دەڕوات.ئێمە دەزانین کە بەهۆی نەبوونی سەنتەرێکی ئاکادێمی لە سەدەکانی پێشوو لە کوردستاندا، بەرهەمە ئەدەبییەکان زیاتر لە بنەماڵەی میران، خانەقا و مزگەوتەکاندا هەڵدەگیرا کە مەکۆی پیاوانی خوێندەوار و شاعیر بوون. ئەگەر میرنشینێک کەوتبا بەر غەزەبی میری مەرکەزی، ئەوا بەرهەمەکانی نوسەرانی ئەو ناوچەیەش دەکەوتە بەر شاڵاوی نەمان. من هیچ گومانم لەوەدا نییە کە زۆر بەرهەم، هەر بەم هۆیەوە، لەناوچوون. لە هەلومەرجێکی ئاوادا پاراستن و ئینتیقالدانی - گواستنەوەی میراتی کەلتوری کارێکی دژوارە. ئەگەر نووسەرانی پیاو شانسی ئەوەیان بووبێ کە لە ڕێگای مزگەوت و چایخانەکانەوە بەرهەمەکانی خۆیان بخەنە سەر زاران، ئەوە

شانسی ژنانی شاعیر زۆر کەمتر بووە و دیارە کە ئەم سەختییە چەندقات بووە.کاتێک بۆ نووسینی ئەم کارە چاوم لە کتێبە قەدیمییەکانی مێژووی ئەدەبی کوردی کرد، بۆوێنە مێژووی ئەدەبی کوردی مامۆستا عەلائەدین سجادی (١٩٥٢)، ناوی هیچ ژنێکی شاعیر و نووسەرم بەدی نەکرد. بەڵام لە کتێبە تازەکاندا کە باسی مێژووی ئەدەبی کورد دەکەن، ناوی چەندین ژنی شاعیر و نووسەر هاتوون. باسەکانیش زیاتر لە چەند وشە دەر بارەی بیۆگرافی ئەوان تێناپەڕێت، کە هەڵبەتە دەبێ بگوترێ کە ئەو کارانەش تا ئێستا هەر حاسڵی کاری پیاوانی تویژەر بوون.ئەو لێکۆڵینەوانەی کە من تا ئێستا دەربارەی مەستوورە دیتوومن، زیاتر باسی بنەماڵە و مێژووی ئەردەڵان دەکەن کە هەڵبەتە هۆیەکی سەرەکی بوون بۆ بەرەوپێشچوونی ئەدەبی کوردی لە سەردەمی خۆیاندا، بەڵام جێگای هەڵسەنگاندنێکی ئەدەبی شیعرەکانی مەستوورەیان تێدا بەتاڵە. بەخۆشییەوە لە ساڵانی ڕابردوودا چەند هەنگاوێک بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر شیعرەکانی مەستوورە و کەسانی تر هەڵگیراوە.

مەبەستی من لەم لێکۆڵینەوەیە، ئەوەیە کە بتوانم دونیای شیعری مەستوورە لەژێر ڕووناکایی ئەدەبیدا ببینم، نەک دیتنی مەستوورە وەک مێژوونووسێک یان خێزانی فەرمانڕەوایەک. بۆچوونی سەرەکی من لەو کارەدا ئەوەیە کە خوڵقاندن دەبێتە هۆی ڕەهایی و ئاسودەیی ڕۆح.

شەهلا دەباغی

مەبەستی من لەم لێکۆڵینەوەیە، ئەوەیە کە بتوانم دونیای شیعری مەستوورە لەژێر ڕووناکایی ئەدەبیدا ببینم، نەک دیتنی مەستوورە وەک مێژوونووسێک یان خێزانی فەرمانڕەوایەک. بۆچوونی سەرەکی من لەو کارەدا ئەوەیە کە خوڵقاندن دەبێتە هۆی ڕەهایی و ئاسودەیی ڕۆح. من لەم وتارەدا لە هێنانەگۆڕی بیوگرافی - بە درێژی - خۆدەپارێزم، بەڵام ئەو فاکتەرە کە پێی دەگوترێ ڕەچەڵەک ناسی، واتە genealogi، خۆبەخۆ دێتە ناو باسکە. بۆ ئەو لێکۆڵینەوەیە لە چەند سەرچاوە کەڵک وەرگیراوە کە بریتین لە "مێژووی ئەردەڵان" و "دیوانی مەستوورە".

هەڵسەنگاندنی دونیای شیعری مەستوور، ستوورە کوردستانی لە بنەماڵەیەکی زانا و بەتوانادا لەدایکبووە کە ئەوەش هەل و ئیمکاناتێکی بۆ دەرەخسێندرێت کە ژنانیتری جیلی مەستوورە لێی بێبەش بوون؛ بنەماڵەیەکی دەسەڵاتدار کە دەبێتە مەکۆی شاعیران و نوختەیەک بۆ بڕیاردانی سیاسی لە ناوچەی فەرمانڕەوایی ئەردەڵاندا. باوکی مەستوورە، ابوالحسن بیگ قادری، ئینسانێکی بەهەست و بەدانش بووە کە پەڕ و باڵدانی لایەنی هەست و فکری کچەکەی زۆر بۆ گرینگ بووە. دواتریش کە مەستوورە دەبێتە خێزانی خەسرەوخانی ئەردەڵان، هەر شانسی

ئەوەی بووە کە لە شیعر و کتێب دانەبڕێت و خەسرەوخان پاڵپشتی شاعیربوونی مەستوورە بووە و پێکەوە شەڕەشیعریان کردووە (دیوانی مەستوورە، ل. ١٢).مەستوورە لەلای باوکی، ابوالحسن بیگ قادری، دەرسی بە زمانی کوردی، عەرەبی و فارسی خوێندووە و شاعیرانی کلاسیک، قورئان و بەرهەمەکانی سەردەمی خۆی بەسەرکردۆتەوە. لەگەڵ "فقه"، مەسیحییەت و میتۆلۆژی کەلتورەکانیتردا ئاشنا بووە. میرزا شکرالله سنندجی فخرالکتاب (١٢٧٥ - ١٣٤٠) لە کتێبی تحفه ناصری دا باس لە مەستوورە دەکا و دەڵێ کە لە بنەماڵەکەیاندا کچێک هەیە کە ئامۆزایەتی و ناوی ماهشەرەفخانم، "متخلص بە مەستوورە"یە و نزیکەی بیست هەزار بەیت، شیعر، غەزەڵ و قەسیدەی هەیە. مەستوورە ٤٤ ساڵ ژیاوە و خێزانی والی ئەردەڵان خەسروخان مەشهوور بە "ناکام" بوو (دیوانی مەستوورە، ل. ١٤).

سەرەڕای ئەوە کە مەستوورە لە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەند و دەسەڵاتدار بووە، بەڵام دەکرێ بڵێین ڕۆحی مەستوورە زیندانی بووە. بۆ چارەسەرکردنی گرفتێکی بنەماڵەیی، مەستوورە دەدرێتە خانی ئەردەڵان کە ژن و منداڵی بووە. ئاخۆ هەویداری چۆن کاردەکاتە سەر هەست و نەستی ژنێکی شاعیر؟ ژیان لەناو قەسرێکی پڕ لە یاسا و ڕێسادا، بەبێ ئازادی ڕۆژانە، چۆن بیر و فکری ئەو شاعیرە فۆرمولە دەکا؟ هەروەها دەگوترێ کە مەستوورە پەیڕەوی مەکتەبی شیعە بووە کە ئەمەش لە چەندەها غەزەل خۆی نیشانداوە:هر کس که ز صدق بنده‌اش سدبر جمله شهانش افتخار است"مستوره" ز غم منال زیراموالای تو شیر کردگار استمەستوورە لە چوارچێوەی قەسیدە، غەزەل، ڕووباعیدا شیعری هۆندوتەوە. لە دیوانی مەستوورەدا کە بەڕێز د. سەدیق صفیزادە کۆیکردۆتەوە، ٢٠ شیعری کوردی دەبیندرێن. ڕۆژی نووسینی زۆربەی شیعرەکان دیار نیین و دەبێ لە ڕووی گێڕانەوەی ڕووداوەکان و هەستی ناو شیعرەکان بزانین کە ئەو شیعرانە لە پێوەندی لەگەڵ چ ڕووداوێکدا نووسراون. ئەو ٢٠ شیعرە دوای مەرگی هاوسەرەکەی خەسرەوخان و شکستی فەرمانڕەوایی میرنشینی ئەردەڵان نووسراون.لەژێر کاریگەری شاعیرانی کلاسیکی کورد و فارسدا، شەراب، فانیبوونی جیهان و فیراق دەبنە هەوێنی سەرەکی شیعرەکانی مەستوورە. لێرەدا جیاوازی شیعری مەستوورە لەگەڵ شیعری شاعیرانی پیاو ئەوەیە کە ئەو کەسەی کە شاعیر بانگی دەکا، پیاوە، واتە مەستوورە بۆ ئەوینی خۆی، بۆ کەسی بەرامبەر، بە ئاشکرا شیعر دەڵێ. پڕانی غەزەلەکانی مەستوورە باسی دووری لە خۆشەویستەکەیەتی. باسکردن لە شەراب، ژیان لە "ئێرە و ئێستا"دا، گەڕان بەدوای جوانی لە ساتەکانی فانیدا و نەترسان لە دونیای ئەوبەری مەرگ، لە تایبەتمەندییەکانی شیعری کلاسیکی شاعیرانی پیاوە، کەچی مەستوورەش هەروا بوێرانە هەموو ئەوانەی لە شیعری خۆیدا باسدەکا. داوا لە ساقی دەکا مەیی بداتێ و لە ساقی داوادەکا کە بیر لە نووسینی گوناحان و مانگی ڕەمەزان نەکاتەوە و لە شیخ نەترسێ، چونکە شاعیر پەیڕەوی

پیری موغانە:امروز چو ساقی به چمن فصل خزان استمی ده مکن اندیشه که ماه رمضان استاز موعظه شیخ میندیش و به کف نهرطلی دو سه کین فتوایم از پیر مغان است. (دیوانی مەستوورە، ل. ٢٨).

مەستوورە دەردی ئەوینی ناسیوە و بەدناوی ڕێگای ئەشقە و ناترسێ:واعظ به فکر موعظه، من مست از کوسبدنام عشق یار شدم خوش بزن به کوسدر کوی عشق حاجب و دربان و بندەاندسلطان روم و خسرو ریران و پطر روس. (د.م. - ل. ٤٩).

شاعیرانی پیاو لە وشەکانی پەری، نەرگس، خۆر و هتد، بۆ وەسفکردنی خۆشەویستەکەیان هەمیشە کەڵکیان وەرگرتووە. مەستوورەیش ئەو کارە دەکا بەڵام بە هەستێکی ژنانەوە. مەستوورە لەگەڵ هەستی خۆی درۆ ناکا و بە ڕاستگۆیی باسی ئەوینی خۆی بۆ دوو پیاومان بۆ دەکا و ئەو دوو کەسەش یەکیکیان خەسرەوخانی ئەردەڵان و ئەویتریان پورزاکەی حوسێن قۆلیخانە کە لە سەردەمی منداڵیدا لەلای باوکی مەستوورە پێکەوە دەرسیان خوێندوە و دواتر بەدوای گرفتێکی بنەماڵەیی، بۆ فەرمانڕەوایی بابان دوورخراوەتەوە. کاتێک مەستوورە باسی ئەوینی خۆی بە هاوسەرەکەی دەکا ڕاستەوخۆ ناوی دێنێت، بۆوێنە: "خەسرەو"، " شا" و" آفتاب اردلان"، کەچی کاتێک باس لە ئەوینی خۆی بۆ کەسێکی دورەوڵات دەکا، لێمان ڕووندەبێتەوە کە ئەو ئەوینە لە سەردەمی شیرەوە ئاوێتەی گیانی ماشەرەفخانم بووە و بەبێ ئەو تەنانەت قەسریش دۆزەخێکە و دووری ئەو بۆتە هۆی دڵتەنگی ئەم بولبولە:

***شب تا سحرم ز چشمه چشماز جور تو دجلەهای خون رفتاز دل نرود خیال تو زانک مهرت با شیر اندرون رفت.***

(دیوانی م. ل. ٣٣).

زۆر شاعیر لە میتۆلۆژیی "یوسف و زولیخا" بۆ تۆسیفی دووری کەڵکیان وەرگرتووە و وەردەگرن. مەستوورەیش بۆ باسکردنی فیراق و ئەوینی خۆی، لەم میتۆلۆژییە کەڵک وەردەگرێت:

***با تو رشک و مه و گل گر به دلم خار خلدبه از آن بی تو به گل چیدن بستان باشمگرچه "مستوره" زلیخایم و لیکن همه عمرهمچو یوسف ز فراق تو به زندان باشم.*** *(دیوانی مەستوورە*، ل. ٦٠).

ئەو شیعرانە کە بۆ گەل و فەرمانڕەوای ئەردەڵان گوتراون، حەکایەت لە ئەمەکداری مەستوورەن. مەستوورە لە مێژووی ئەردەڵاندا باسی ئەوەمان بۆ دەکا کە چۆن ئەردەڵانییەکان زوڵمیان لە بنەماڵەی باوکی کردووە و بۆ مەسڵەتکردن لە نێوان بنەماڵەکان چەند کچ دراون بە ئەردەڵانییەکان؛ یەک لەوان مەستوورە بووە کە دراوە بە خەسرەوخانی والی کە ژن و منداڵی بووە. بەڵام نابێ ئەوە لەبیر بچێت کە خەسرەوخان ڕێزێکی زۆری بۆ مەستوورە داناوە (مێژووی ئەردەڵان، ل. ١٩٤ - ٢٢١).

زۆربەی شیعرە کوردییەکانی مەستوورە کە لە دیوانی مەستوورەدا دەبیندرێن، دوای مەرگی هاوسەرەکەی نووسراون. کاتێک کە شاعیر و پادشایەک دەمرێ، ئەویش لە تەمەنی ٣٠ساڵیدا، مەستوورە دەناڵێ:سا خوەم بە قوربان تاریک یانەتئەو ماوای دەیجوور چۆڵ و وێرانەتجە زبان لاڵ بام وێنەی نەقش سەنگپەی چێ جات گرتەن تۆ نەقەور تەنگ - ... - باقی تا ئەورۆ عومر بەرجام بۆشەرط بۆ پەی خەسرەو هەر واوەیلام بۆتا خالق گیرۆ دیوان مەحشەرشین (مەستوورە) جە شیرین بەتەر. (دیوانی م. ل.١٦١ - ١٦٤).

دوای مەرگی خەسرەوخان، دایک و برای مەستوورە کۆچی دوایی دەکەن و دواتریش میرنشینی ئەردەڵان بەدەست حکومەتی ناوەندی دەکەوێتە بەر شاڵاوی نیزامی و زۆر کەس بەرەو میرنشینی بابان کۆچ دەکەن. زڕکوری مەستوورە، ڕەزا قولیخان، کە دوای مەرگی خەسرەوخان، فەرمانڕەوای ئەردەڵان بووە، دەکەوێتە زیندان. مەستوورە باسی هەستەکانی خوی سەبارت بەو کارەساتانە دەکا کە بەسەریان دێت. خەم تێکەڵاوی وەسفی جوانی سروشتی کوردستان دەبی تا گوزارشت لە دەدرێک بکا کە ژنێکی دڵناسکی وەک مەستوورە تووشی بووە:

والی وەهارەن، والی وەهارەنبە تاجت قەسەم، فەصڵ وەهارەن/ .../(ڕەضا)! فیدەویت زویر و زارەنپەرێو مەعزوولیت جەگیان بێزارە نگەردوون چەپگەرد، چ نەردێ بازائەساسەی عەزڵت نیم ساحەت سازاچێش مەبۆ فەڵەک نەردێ بشانۆ؟ دەردەکەی ئێمە بەوان بنمانۆ؟! (د.م. - ل. ١٩٥ - ١٩٧)

مەستوورە وێڕای خەڵکێکی زۆر بەرەو ناوچەی بابان کۆچ دەکا و لەوێ لەلای پورزاکەی دەگریسێتەوە. لە شیعرێکدا مەستوورە بەم چەشنە دڵتەنگی خۆی بو زێدەکەی شاری سنە باسدەکا:/ .../(مەستوورە) بگری بۆ بەدبەختییەکەتبۆ ڕۆژەڕەشی و بۆ سەرسەختییەکەتبگری بۆ سنە و کوردسانەکەتبگری بۆ بارگە و بۆ ئاسانەکەت. (د.م. - ل. ٢١٠) کەمێک دوای کۆچی مەستوورە بۆ سولەیمانی، حوسێنخان دەرمانداو دەکرێ و مەستوورەیش تەنیا و خەمگین دوای

ماوەیەکی کورت کۆچی دوایی دەکا.باوەڕبەخۆبوون لە زۆر شیعری مەستوورەدا دەبیندرێ. مەستوورە خۆی بە "جوان"، "بولبول" و "ئیفتیخاری زەوی" ناودەبا. هاوکات کە وەک ئینسانێکی زەمینی، باسی ئەوین و باوەشی یار دەکا، پاکی ڕۆحی خۆیمان وەبیردێنێتەوە.

مەستوورە دەزانێ کە ئەو، هاوشانی پیاوانە و لە چەشنی ئەو کەم هەیە، بەڵام حەیف کە زەمانە ژن بە کەمینە دادەنێ. لە چاوی مەستووردا سەری ژن دەتوانێ هەڵگری تاج بێ، کەچی لەژێر سەرپۆشدا، شاردراوەتەوە:من آن زنم که به ملک عفاف صدر گزینمزخیل پردەگیان نیست در زمانه قرینمبه زیر مقنعه ما را سری است لایق افسرولی چه سود که دوران نموده خوار چنینم. (د.م. ل. ٦١)

نالی و مەستوورەنالی ( ١٨٠٠ - ١٨٥٦) یەکێک لە شاعیرانی گەورەی کوردە کە لە ناوچەی ژێردەسەڵاتی بابانەکان ژیاوە. نالی لە قەسیدەی مەشهووری خۆی بۆ مەستوورە، ٤٩ بەیت، لە دیوانەکەیدا (ل. ٦٠٣ - ٦٣٠)، باسی خەونێکمان بۆ دەکا. لەو خەونەدا هاتووە:مەستوورە کە دەڵێن هەم شاعیرە و هەم جوان، بە ناز و نەوازش داوا دەکا تا گرفتێکی کە هەیەتی نالی بۆی چارەسەر بکا، تا ببێتە هی نالی / .../ مەستوورە لە گوڵێکی سیسی بێ ئاو دەچێ و مەمکەکانی لە هەناری گەیشتوو / .../ بۆ ئەوە کە ئاوێنەی مەستوورە بدرەوشێ دەبێ بە ئاو خاوێن کرێتەوە/ .../.شاعیر لە بەردوامی ئەو خەونەدا دەڵێ کە زۆری پێخۆشە گرفتی مەستوورە حەل بکا و بەم چەشنە ٤٦ بەیت دادەڕێژێ تا کە لە ٣ بەیتی ئاخردا، ٤٧ ، ٤٨ و ٤٩ بە خۆی دەڵێ:ئەو قسە بێ هوودانە چن کە دەیکات و کتێبی خۆی پێ سووک دەکا و باشتر وایە کە بڕواتە سەر ڕێگای ڕاست. دوو شارەزای ئەدەبی کورد، عەبدولکەریم مودەڕس و فاتح عەبدولکەریم، کە چەندان کاری ئەدەبی و دیوانی شیعری شاعیرانی کوردیان داوەتەدەر، لە پەراوێزی شیعری نالی دا، هاوکات بیروبۆچوونی خۆیان لەمەڕ ئەو شیعرە باسکردووە. ئەو بەڕێزانە لەسەر ئەو باوەڕەن کە نالی بە شیعری خۆی هەم ڕچەشکێنی کردووە، واتە دوای نالی شیعری ئێرۆتیک هاتووەتە ناو ئەدەبی کوردی و هەم لە بەرامبەر "دەسەڵات"دا ڕاوەستاوە.هەموو کوردێک دەزانێ کە بەداخەوە مێژووی کورد تا ئیمڕۆ پڕە لە بەربەرەکانی نێوان خێڵ، حیزب و دەسەڵاتە جۆراوجۆرەکانی کورد کە ئەوە دوو فەرمانڕەوای بابان و ئەردەڵانیشی گرتۆتەوە. گرفتی سەرەکیی نێوان ئەو دوو فەرمانڕەوایە، دەستبەسەرداگرتنی زەوی و کوێستانەکان و شەڕی دەسەڵات بووە.لە شیعری نالیدا بۆ مەستوورە، دوو چەمکی "سێکسوالیتی" و "دەسەڵات" جێگای سەرنجن. با بزانین نالی بە شیعری خۆی بۆ مەستوورە چمان پێدەڵێ.Ebba Witt Brattström لە کتێبی Ur Könets mörker 1994 دا، باس لەوە دەکا کە چۆن جەستەی ژن لە چاوی پیاودا، بورکانێکە پڕ لە "ویستی جنسی" و

میوەیەکە کە دەبێ لێ بکرێتەوە. پرۆفیسۆر براتسترۆم هەروەها باس لەوە دەکا کە چۆن بەشی زایەندیی ژن دەبێتە شوێنێک کە بەشی زایەندیی پیاو لە "تیکە گۆشتێک" دەگەیێنێتە "نیشانە" و زمان و لە جنسەوە بۆ دەسەڵاتێک کە دەتوانێ ئەویتر- واتە ژن - تاریف بکا.ڕۆڵی تاک لە کۆمەڵدا ئاکامی پرۆسەیەکی سیاسی - کەلتورییە. ئەگەرچی شاعیران هێندێک تایبەتمەندیی ڕەوانییان هەیە، بەڵام شاعیریش بە جۆرێک بەرهەمی پراکتیزەکردنی دەسەڵاتە. ئەگەر لە وڵاتانی پێشکەوتوودا تاک دەتوانێ زۆر جار سەربەخۆ ڕەفتار بکا، ئەوە لە وڵاتانی وەپاشکەوتوودا ئازادی تاک زۆر گرێدار و پڕپێچ و پەنایە.ئێمە بۆ خوێندنەوەی شیعری نالی یان هەر شاعیرێکیتر نابێ ئەو فاکتەرە سەرەکییەمان لەبیربچێ کە شیعر لە چ کۆنتێکست و هەلومەرجێکدا نووسراوە و شاعیر لەگەڵ کێ دیالۆگ دەکا. نالی ئەگەر بە دەیان شیعری جوانیشی هەبێ، لەم شیعرەی خۆیدا تێڕوانینێکی پاتریارکاتی لەسەر ژن بەگشتی و مەستوورە بەتایبەتی بووە. ژن- مەستوورە بۆ نالی لەو شێعرەدا جەستەیەکە کە دەبێ پەردەی بەکارەتی بدڕێنی تا گرێی ڕۆحی نەمێنێ. شاعیر بیر دەکا کە ئەگەر قەرار بێ سێکسێک لە نێوان دوو ئینساندا ڕووبدا، دەبێ لە ڕووی خۆشەویستییەوە بێ ئەگینا ئەو کاتەیە کە سێکس دەبێتە هۆی گرفتی ڕۆحی. لەو شیعرەدا هەموو جەستەی ژن، بە مانای فیزیکی، تەنیا لە سێکسدا بۆ نالی مانا پەیدا دەکا و دەبێتە میوەیەک بۆ شاعیر. نالی دەیهەوێ نیشانبدا کە ژن پڕە لە نیازی جنسی و بۆ نەمانی ئەو نیازە حازرە ببێتە هی پیاو. نالی ئەو شیعرەی بۆ کچێکی جەوان گوتووە، واتە ئەو شیعرە لە کاتێکدا گوتراوە کە هێشتا مەستوورە نەبووەتە خێزانی خەسرەوخانی ئەردەڵان.

بە پەلاماربردن بۆسەر "جنسی" مەستوورە، شەرەفی مێرد و تایفە و دەسەڵاتی ئەردەڵانەکان دێتە ژێر پرسیار. کاتێک بەڕێزان فاتیح و مودەڕس باس لەوە دەکەن کە نالی ڕچەشکێنیی دەکا، ئەوەیان لەبیر دەچێتەوە کە بپرسن ئەو ڕچەشکێنییە بۆ لە جسمی ژندا نەشو نەما دەکا؟ بۆچی بەشی زایەندیی ژن دەبێتە مەیدانی شەڕی زمان و دەسەڵات؟ ئەگەر نالی لە بەرامبەر دەسەڵاتدا ڕاوەستاوە، بۆچی ئەو دژدەسەڵاتەبوونە بە هێرشکردن بۆ جەستەی ژن تەواو دەبێ؟ بۆچی نالی شاعیر یان فەرمانڕەوایەکی پیاو ناهێنێتە ژێر توانج؟ ئەوانە چمان پێدەڵێن جگە لەوە کە نالی بەهۆی ئەوە کە پیاوە و خاوەنی جۆرێک لە دەسەڵات، واتە دەسەڵاتی کەلتوری، ژن دەکاتە "سێکسئۆبجێکتێک" کە بەکەیفی خۆی، هەر نەبێ لە خەوندا، پەلاماری بداتێ. سەیرە کە شاعیری ڕۆح نەتوانێ مەستوورەی ژن وەک ڕۆح و شاعیر ببینێ و تەنیا مەمک و ئاوێنەی ژێرەوە، هەستی بجووڵێنێ!

شەهلا دەباغی

دیوانی نالی و دوو شارەزای ئەدەبی کورد کە شیعرەکەیان شیکردۆتەوە، تێڕوانینی نالی و کەلتوری پیاوسالارمان بۆسەر ژن و سێکسوالیت بە جوانی بۆ ڕوون دەکەنەوە. ژن لە چاوی نالی جسمێکە کە نە تەنیا هەڵگری سێکسوالیتێی ژنانەیە، بەڵکو هەڵگری شەرەفی بنەماڵەیشە. بە پەلاماربردن بۆسەر "جنسی" مەستوورە، شەرەفی مێرد و تایفە و دەسەڵاتی ئەردەڵانەکان دێتە ژێر پرسیار. کاتێک بەڕێزان فاتیح و مودەڕس باس لەوە دەکەن کە نالی ڕچەشکێنیی دەکا، ئەوەیان لەبیر دەچێتەوە کە بپرسن ئەو ڕچەشکێنییە بۆ لە جسمی ژندا نەشو نەما دەکا؟ بۆچی بەشی زایەندیی ژن دەبێتە مەیدانی شەڕی زمان و دەسەڵات؟ ئەگەر نالی لە بەرامبەر دەسەڵاتدا ڕاوەستاوە، بۆچی ئەو دژدەسەڵاتەبوونە بە هێرشکردن بۆ جەستەی ژن تەواو دەبێ؟ بۆچی نالی شاعیر یان فەرمانڕەوایەکی پیاو ناهێنێتە ژێر توانج؟ ئەوانە چمان پێدەڵێن جگە لەوە کە نالی بەهۆی ئەوە کە پیاوە و خاوەنی جۆرێک لە دەسەڵات، واتە دەسەڵاتی کەلتوری، ژن دەکاتە "سێکسئۆبجێکتێک" کە بەکەیفی خۆی، هەر نەبێ لە خەونداـ پەلاماری بداتێ. سەیرە کە شاعیری ڕۆح نەتوانێ مەستوورەی ژن وەک ڕۆح و شاعیر ببینێ و تەنیا مەمک و ئاوێنەی ژێرەوە، هەستی بجووڵێنێ! نالی دەنووسێ کە دەڵێن مەستوورە شاعیرە، هەروەک ئەوە کە نالی بێخەبەر بێ لە شاعیربوون و بەرزیی مەستوورە. لێرەدا شایانی باسە کە ئاماژە بەوە بکەم کە زۆربەی شاعیران نازناوێک بۆخۆیان هەڵدەبژێرن. نازناوی ماەشەرەفخانم، مەستوورەیە. یەک لە پرسەکانی من ئەوەیە کە بۆ ئەو نازناوە هەڵبژێردراوە؟ وشەی مەستوورە بە مانای پاک و داپۆشراو دێت. من پێموایە کە هەڵبژاردنی نازناوی "مەستوورە"، لە پەنای ئەوە کە خودی مەستوورە خۆی وەک ئینسانێکی پاک بینیوە، مێکانیزمێکی‌تریشی بووە. واتا ئەوە کە بە چوونەژێر چەتری نازناوی "پاکی"، بتوانێ بە ئاسوودەیی شیعر بنووسێ و باسی هەستەکانی خۆی بکا. واتە: من پاکم، من مافم هەیە شیعری خۆم بخوڵقێنم.ئەگەر نالی ناحەقی کردووە، شاعیر مەولەوی هەر نەبێ بە دوو بەیت ڕێزی لە مەستوورە گرتووە. عەبدولرەحیم مەلا سەعید تاوەگۆزی، ناسراو بە مەولەوی ١٨٠٦ - ١٨٨٥، مەستوورەی ناسیوە و هاتوچۆی بارەگای ئەردەڵانەکانی کردووە. مەولەوی لەو شیعرەدا، باس لە جوانی، پاکی و گەورەیی مەستوورە دەکا. بەڕێز ماموستا مودەڕس کە دیوانی هەردوو شاعیر، نالی و مەولەوی، داوەتەدەر، ئەو شیعرەی لەناو دیوانی مەولەویدا نەهیناوە. بەهەرحاڵ، ئەو شیعرە لە دیوانی مەستوورەدا ( ل. ١٢)

هەیە کە بەم چەشنەیە: خورشیدەکەی ناز ئەوج بورج ثەورسەر طوغرای دەفتەر مەحبووبان دەورها نە یانەکەی بورج شەرفدانوور ئەفشانیشەن وە هەر طەرەف دا. (دیوانی مەستوورە، ل. ١٣٠، ص. صفی‌زادە)لە کۆتاییدا چ شتێک بڵێم کە زیاتر بێ لە وتە بەنرخەکانی خودی مەستوورە کە دەفەرموێت:من آن زنم کە بە ملک عفاف صدر گزینمزخیل پردەگیان نیست در زمانە قرینمبە زیر مقنعە ما را سری است لایق افسرولی چەسود کە دوران نمودە

خوار چنینم. (ل. ٦١)** ئەو وتارە کورتکراوەی نووسینێکی ١٥ لاپەڕەیی‌یە بە زمانی سویدی کە ساڵی ٢٠٠٠ بۆ بەشی ئەدەب لە زانکۆ نووسراوە و لە مانگی مارسی ٢٠٠٥ دا بۆ "فێستواڵی مەستوورە" کراوەتە کوردی.

## سەرچاوە و کتێبەکان:


**1- Kurdistani, Mastura. Ardalanska Krönika. Hassan Jaf & ShkorMustafa, Irak 1989.**

**2- Kurdistani, Mah-Sharaf- khanm "Mastura". Åsikter. Utgiven av Abdullah Mardokh. Stockholm 1998. Penjar Förlag.**

**3- Modares, Abdulkarim. Mavlavis Diktsamling. Seqez , 1988. Mohammadi Förlag.**

**4- Modares, Abdulkarim & Fateh, Abdulkarim. Nalis Diktsamling. Oromiyeh 1985. Salahadin Aiubi Förlag.**

**5- Sefizadeh, Sadiq. Mastura Kurdistanis diktsamling. Tabriz 1995. Naji Förlag, Banh.**

**6- Sejadi, Abdulhamid. En bukett av de kurdiska poeterna. Utgiven av Sejadi. Senandaj, 1985.**

**7- Sejadi, Allaedin. Kurdisk litteraturhistoria. Irak 1952. Maarif Tryckeri.**

**8- Svanberg, Birgitta, Witt-Brattström, Ebba. Hundra skrivande kvinnor. Trelleborg 1995. Bokförlaget Natur & kultur.**

**9- Svensk - Kurdisk Journal Nr. 15-16. Hansson, Rolf ansvarig utgivare för Kulturföreningen Sverige-Kurdistan. Stockholm 1989.**

**10- Witt-Brattström, Ebba. Ur Könets mörker, Litteraturanalyser. Trondhjem 1994. Bokförlaget PAN Norstedts.**


سەرچاوە: وێبلاگی پەراوێزی بیر - ڕێکەوتی: ١٧ی جانیۆیری ٢٠٠٧

---

## فێمینیزم ڕوانگە یان ئیدئۆلۆژی؟

زۆر جار جیاوازیەکانی فکری- تیئۆریک و سنووری نێوان فێمینیستەکان ڕوون نییە و شێوانیان تێیا بەدیدەکریت یاخود بە شێوەیەکی میکانیکی جۆرەکانی فێمینیزم دابەشدەکرێن بەبێ ئەوەی لە ڕووی ئیپیتمۆلۆژی و تیئۆری معرفە/ شناختەوە ئەو سنوورانە ڕوون بکرێنەوە. لە ساڵی ڕابردوودا چەند نووسراوە، شێعرو بۆچوون لە چەندین سایتدا سەبارەت بە چەمکی فێمینیزم بڵاوکران کە سەردێڕی نووسراوەکان زیاتر ئینتیزاری ئەوەی لێدەچوو کە ئەو

چەمكە لە باری فكری و پراكتیكەوە بێنە بەر باس. بەڵام بەداخەوە ئەوەی كە زیاتر لە لایەن خاوەن وتارەكان تا ئێستا باسی لێكراوە، فێمینیستە كوردەكانن كە هیچ نازانن و شێعری كوردییان خستتۆتە ژێر ڕەخنەی ئەدەبی یان ئەوە كە فێمینیستەكان دژی پیاون، ماڵوێرانكەرن‌و بەدوای دەسەڵاتدا وێڵن. تا ئێستا هەوڵم داوە كە بۆچوونەكانی خۆم لە چەند وتاردا(دەسەلاتو جنس، هێرەمی دەسەڵاتی فكری و وەزعی ژنان لە ناو هێزەكانی سیاسیدا) لە دوو سایتی كوردیش‌پلاتفۆرم و سایتی دیمانەدا لە سەر بناخەی فكری و لە ژێر كاریگەری بیروبۆچوونی فێمینیستەكانی دەیەكانی ٩٠ی ئوروپاو ئامریكا بێنمە بەر باس كە چۆن ژن وەک گرووپێكی بێدەسەڵات لە خوارەوەی هێرەمی دەسەڵاتدایەو بەردەوام وەک جنس بەرهەم دێتەوەو نۆرمەكانی سیستێمی پیاوسالار ژن وادارەدەكا كە لە چوارچێوەكانی دەسەڵاتدا ژنانە بژیت. دوای ساڵانی ١٩٧٠، مێتۆدێک نوێ و ئاڵوگۆڕێک لە فكر و دونیای هێندێک ئاكادێمی‌كاردا پێكهاتووە كە لە خۆ ڕەخنە دەگرن و زۆر جار نیگای ساڵانی پێش بۆ سەر دیاردەكان بە نیگایێكی مێتافیزیک دادەنێن‌و پێیان وایە كە دەبێ بۆچوونی ترمان لە سەر ڕووداوەكان‌و چەمكەكان هەبێ‌و هەوڵ دەدن كە دیاردەكان لە كۆنسێپتێك داهەڵنسەنگێندرێن‌و نیگایەكی مێژوویان هەیە بۆ دیاردەكان. دیارە كە ئەمە لەخۆیدا جۆرە باوەڕێكە بە پلورالیزم، دێمۆكراسی و ڕووناكبیری و بۆچونێكی فراوانتر بەڵام ئەو بۆچوونەش هەڵگری كەم و كورتییە و ئەو نیگایە ڕێگا بۆ "كۆلتور ڕێلاتێڤیسم" خۆش دەكا. "كۆلتور ڕێلاتیڤیسم" لە هەمان كاتدا كە دەبێتە هۆی ئەوە كە بیروبۆچوونە جیاوازەكان بتوانن لە پاڵ یەكترین بژین هێندێک جار جۆرە هەڤانییەتێكیش دەدا بە وەپاشكەوتوترین دیاردەكان لە ژێر ناوی پلورالیزمی فكری و مافی دەربڕینی ڕا لە ناو كۆلتورە جیاوازەكاند. نیگای مێژوویی، بە هەق زۆر جار باسەكان دێنێتە ژێر ڕخنەو پەرشپێكتیوێكی گەورەتر بۆ هەڵسەنگاندنی دیاردەكان نیشان دەدا بەڵام بە داخەوە ئەمیشیان هەر لە ناتەبای و كەمی ڕەنج دەبا. زۆربەی ئەو تێئۆریانە ئەگەرچی لە كۆنسێپتدا ڕووداوەكان هەڵدەسەنگێنن بەڵام دیسان هەمەلایەنە نین و نیگای مێتافیزیكی پیاوانە یان بەسەردا زاڵە. بە دوای ساڵانی ١٩٦٠ دا مێتۆدو تیۆرێكی‌تر كە بە فێمینیزم ناوبانگی دەركردووە زۆربەی بیروبۆچوونەكان دێنێتە ژێر ڕەخنە. فێمینیزم تا ئێستا زۆر ئاڵوگۆڕی بەسەرداهاتووە. ئێستا فێمینیزم هەوڵ دەدا تا هەمەلایەنە، پۆزێسیۆنی تەواوی گرووپەكانی دەرەوەی دەسەڵات و ناو دەسەڵات هەڵسەنگێنێ. فێمینیستەكان پێیان‌وایە كە تا ئێستا لێكۆلینەوەكانی ناو دونیای ئاكادێمی یكلایەنە بە نیگایەكی پیاوساڵارانە ڕووداوەكانی هەڵسەنگاندووە. بەم جۆرە فێمینیزم دەبێتە مێتۆدێک و هەروەها پەرشپێكتیوێک بۆ هەڵسانگاندنی دووبارەی چەمكەكان. تا ئێستا دەسەڵات بە شێوەی هێرەمی دابەش بووە. هێرەمی بوونی دەسەڵات بەو مانایەیە كە هێندێک، لە چین و توێژێكی تایبەت لە ئاخر پلەی هێرەم دا، وەک خاوەنی سەرەكی دەسەڵات بەڕێوەبەری كۆمەڵگا و یان لە پرۆسەی بەرەمهێنانی فكریدا سەر بوون‌و ئەوان چارەنووسی زۆرینەی كۆمەڵگا و یان گرووپیان دیاری كردووە. گرینگی

هێنانـەگۆڕى بـەردەوامى ئـەو باسـە لـە كـار بـۆ ئـاڵوگۆڕىو دابەشـكردنى دەسـەڵات بـە شـێوەیەكى تردایـە واتـە دابەشكردنى دەسەڵات بە شێوەى پاراڵێل و هاوكات لە ناو دام و دەزگاو ئینسانەكاندا. دابەشكردنى دەسەڵات تەنیا ڕێگایەكە بۆ كۆمەڵگایەكى ئینسانى تا ئازادى و بەرامبەرى تاكەكانو گرووپەكان دابینبكرێ. بڵاوكردنى دەسەڵات لە ناو كۆمەڵو لە بەینى ئینسانەكان دا، دەبێتە هۆى پشكووتنى توانایى بیرو هۆش بە تایبەت لە ناو ژناندا كە بە درێژاى مێژوو بەكەم دانراون. ژنان بە هۆى جنسیت - ژێندێروە، واتا ئەو تایبەتمەندیانەى كە كۆلتورو مێژووى پیاوانە بۆى دیارى كردوون، مەودایان پێنەدراوە كە لە بارى بیرو فكرەوە گەشە بكەن و یان بیرەكانیان بۆتە سەرمایە بۆ پیاوان. كۆلتورو دەسەڵاتى پاتریاركات تەنانەت ژنانى خاوەن بیریش، بە چاوى سووك دەبینێ . ئەو دیتنە لە ناو ڕۆشنبیرانى پیاودا، بە چەشنێكى ئاڵۆزو تێكەڵاوێك لە گەڵ دووبل مۆراڵى خۆ نیشان دەدا و كارى ژنان سەد هێندە دژوار دەكا. بە هۆى ئەوە كە دونیاى ئاكادێمىو بەرەمهێنانى بیر هەمیشە لە دەست پیاوان دابووە هاتنە كایەى ژنان لەم بووارەشدا، بە شێوەى جۆراوجۆر بەرپرچ دەدرێتەوە بە بێ ئەوەكە هێندێك جار ئەو پیاوانە خۆشیان بزانن ویان بەراوەردێكى ڕاستیان لە كارەكانى ژنان هەبێ. كارى ژنانى كورد، ئاگاو یان نائاگا، لە لایەن پیاوانى بە بیرو قسە فێمینیست، بەڵام هەر لە زلكاوى پاتریاركات داماو، دێتە ژێر ڕەخنەى ناڕەوا. ژن لە باسو بیرى ئەو پیاوانەدا، لە شێعرىو چیرۆكەكانیاندا، لە كارى ئۆرگانى داو لە هەزاران شتى تردا لە سێكس سابجێكت یان كلكى پێاوان بەولاوەتر ناروات. ئەو بەرێزانە قۆڵ بۆ كارى كوردایەتى هەڵدەماڵن بەڵام كارى ژنانى دەست پێشخەر بە كەم دادەنێن و ئەوەش تەنیا بۆ بێبایەخكردنى كارى ژنان لە بارى بیرەوەیە. میشێل فۆكۆ لە كتێبى مێژووى سكس قامك لە سەر ئەوە دادەنێ كە دەسەڵات لە ژیانى ڕۆژانەدا لە ناو پێوەندیەكاندا، ئێعمال دەبێ. ژن لە ژیانى ڕوژانەى خۆیدا، بە هەموو جۆرێك، بە كەم دەبینرێت و دێتە ژێر پرسیارو بەم چەشنە كۆنترۆڵ دەكرێو بەردەوام بە پێوانەى پیاوانە ئەرزشگوزارى دەكرێ. گرفتى ژن ئەوەیە كە بە هەزاران تالى نادیار بە تایبەت لە بارى بیرەوە زیندانى دەكرێو بە كەم دادەنرێت. ئەمەش شەڕێكى نێوان چەند كەس نییەو ڕیشەى لە ئەو سیستێمو بۆچوونى پیاوەمەزنانە دایە كە كەم بایەخترین نوسینى پیاوان لە چاپ دەداو گۆ بۆ قسەیان ڕادەدێرن بەڵام هى ژنان دەبێ لە پردى سانسۆرى پیاوانى خاوەن بیر تێپەربێت یان بە كەمو ژێرپەراوێز داندرێت. ئێمەى ژن بە پێى تەجرەبەو ئەزموونەكانى خومان بە قسەى فۆكۆ دەگەین بەڵام خۆ لە شەرى فكرى دەدزینەوە. ئێمە دەزانین كە ئەو كارانەى كە پیاوان پێى سەرقاڵن زۆر لە هى ژنان سەیرو سەمەرەتر نین بەڵام دەترسین بە دەنگى بڵند بیانڵێین نەكا پێمان بڵێن: "خۆیان نیشان دەدەن، منداڵن ویان ناتەبان و..." . ئێمە ئێستا بە جیدى نەهاتووینە مەیدانو یان ئەگەر هەنگاوێكیش هەڵدەگرین بە هۆى نەبوونى ئەزموون لە داوى شەرى زەرگەرى دەكەوین. ئەركى گرینگى ژنان هاتنە ناو شەرى فكرییە تا دەسەڵاتى فكرى پیاوان چیدى زاڵ نەبێو ئەو هێرەمە

فکرییە تێک بشکێو بە پێوانەی ئەوان کاری ئێمە نرخی بۆ دانندرێت. ژنانی خاوەن بیر دەتوان بۆ لەناوبردنی سەرەڕۆی هاری فکری پیاوانە هەوڵ بدن و هێرەمی دەسەلاتی فکری بشکێنن. کاتێک هێرەم دەشکێ دەسەلات مانایەکی نامێنێ و بیری تاک بایەخی دەبێ. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو بۆچوونانەی سەرەوە کە پایەی باس‌و تێروانینی فکری منە، لێرەدا دەخوازم کە پێوەندی نێوان ئایدئۆلۆژی‌و فێمینیزم لە ڕوانگەی خۆمەوە باس بکەم.
ئایا فێمینیزم دەبێ ئیدەئۆلۆژی بێ یان ڕوانگەیەک بۆ چارەسەری گرفتەکانی سیاسی، کۆلتوری‌و کۆمەلایەتی؟ کاتێک مارکسیستەکان باسی کۆیلەبوونی چینی کرێکارو هاتنە کایەی ژنان بۆ بازاری کاریان دەکرد بە دروستی ئەو باسەیان هێنا پێش کە نابەرامبەری ئابووری ژنان‌و پیاوان لە چەند هەزار ساڵدا هۆی سەرەکییە بۆ ژێردەستەبوونی ژن. گەرچی سەرووەری ئابوری ژنان هەنگاوی هەرە گرینگە بۆ سەربەخۆیی ژنان بەلام بە هۆی ئیدەئۆلۆژیک بوونی بەستراوەیی مارکسیزم ئەوە لە بیردەچێ کە تەنیا هێنانەکایەی ژنان لە باری ئابووریەوە بە مانای لابردنی ستەمی جنسی و دیتنی ژن وەک جنسی دوهەم نییە واتە ئەو زووڵمەی کەوا بە هۆی جنس - سێکس لە سەرانسەری جیهان لە ژن دەکرێ. هەر بۆیە چەپەکانیش نەیانتوانیوە ئەو نۆرمانە کە ژن وەک جنسی دووهەم دەبینێ و ژن تەنیا وەک ئامرازی وەپاش‌خستنەوەی منداڵ‌و سێکس چاولێدەکا، زمان و کۆلتۆری دژبە ژن کە ژن وەک جنس دادەرێژێتەوە، بخەنە بەر باسێکی قوولی فکری چونکە چەپەکان لە بازنەی تەسکی ئیدەئۆلۆژیک واتە جۆریک لە مێتافیزیک بوون، ماونەتەوە. کاتێک لیبێراڵەکان ئازادی تاکیان هێنابەر باس، ئەو تاکە لە ڕاستیدا هەر پیاوی دەگرتەوە و ژن هەر لە خانی جنس - سێکس دا ماوە. تا ئێستاش لە پرۆسەی مۆدێرنیتەدا، ژن هەرچی زیاتر بۆتە جنسێک بۆ بازاری جیهانی و سیستێمی بە تەماحی پیاوسالار. ئێستا کە فێمینیزم بە هەموو لق‌و پۆو جیاوازییە فکرییەکانەوە، یەکێک لە گەورەترین هێزەکانە بۆ گۆڕینی جیهان، دەبێ لە ئەزموونەکانی فکری پێشوو کەڵک وەرگرێ و تووشی مێتافیزیک‌بوون نەبێ. واتە ئەرکی ئەو فێمینیستانەی کە لە ڕوانگەی" فراجنسی" دەڕوانە گرفتەکان، جۆرە تێروانینێکی‌ترە لە دوو چەمکی ئیدەئۆلۆژی و ئۆپۆزێسیون بۆ ئەوە بکرێ کێشەی ژن، تێکشکانی هێرەمی دەسەلات، خوێندنەوەیەکی تازە لە مانای دەسەلات و دابەشکردنی بە شێوەیەکی پاراڵێل، دوور لە بازنەی فکرێکی مێتافیزیکانە واتە خولدان لە ناو چەمک و بیری خۆدا، بێنینە بەر باس. ئەوە کە ئایا فێمینیستەکان لە بازنەی ئیدەئۆلۆژی‌دا دەمێنن یان ئەوە کە دەتوانن بەردەوام خۆ لە بازنەکانی بیر بە شێوەی ئیدەئۆلۆژی رەها بکەن، پرسی سەرەکی منە. فێمینیزم وەک چەمکێکی بەربلاو کە زۆر گرووپ و بابەتی سیاسی - کۆمەلایەتی دەگرێتەوە هێندیک ئیدەو پرەنسیپ و ئامانجی سەرەکی هەیە کە خۆ لە ئیدەئۆلۆژی نزیک دەکاتەوە بەلام لە هەمان کاتدا خوێندنەوەیەکی نوێیە لە زۆر چەمک بۆ وێنە چەمکی ئینسان، دەسەلات و سێکس هتد. فێمینیزم چەترێکە کە تیروانینی زۆر جیاواز لە ژێر خۆیدا جێگادەداو دەبێ بەردەوام لە ئۆپۆزیسیوندابێ‌و تەنانەت خۆشی

چ وەک چەمک و چ وەک پراکتیزە بخاتە ژێر ڕەخنە. فێمینیزم تەنیا ئیدەئۆلۆژی و تێڕوانینیک نییە بۆ کێشەی ژنان بەڵکو ڕوانگەو چەترێکی بەرینە بۆ دیتنی گرفتەکان بە جۆرێکیتر. ئەگەر فێمینیستەکان خویان لە ناو بازنەی تەنگی تەنیا باسی ژنانەدا بهێڵنەوە ئەوە هەمان شتێکە کە سیستێم و دەسەڵاتەکان تا ئێستا ویستویانە و ژن ژنانە ماوەتەوە. فێمینیستەکانی خاوەنی بیری " سەرتر لە جنس" باوریان بە پرەنسیپ و ئامانجێک هەیە، واتە ڕەهاکردنی ژن لە ژنانەبوون بەڵام لە هەمان کاتدا دەبێ لە ئۆپۆزێسیۆندابن و خۆ لە دەست گەماروی فکریو ئاڵقەی دەسەڵاتەکان نەجات بدەن بۆ ئەوە بتوانن بەردەوام ئاڵووگۆری فکری بکەن و ساختارەکان، تەنانەت بیرەکانی خۆیان، بشکێنن تا لە ناو دیسکۆرسێکدا گیر نەکەن. ئەو گرینگە، فەلسەفەکان و بیرەکانی تر نەیانتوانی بە ئەنجامی بگەینن چونکە بۆ ئەوان نۆرم پیاو و یان ئامانج تەنیا گرووپێک بوو. پارادۆکسێک لەو باسەدا ئەوەیە: چۆن فێمینیستەکان هەم بۆ گۆڕینی سیستێمو ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی خۆ لە بازنەی بیرو دەسەڵات بێنەدەرو هەم بتوانن لە ناو سیستێمدا کاریگەریان بۆ گۆڕانی سیستێم هەبێ. بە پێی هیپۆتێزەکانی هەوڵی ئەو باسە دەبێ ژن - سوبێکت، ئایدئۆلۆژیە جۆراوجۆرەکان - ئۆبجێکتەکان بێنێتە ژێر لێکۆڵینەوەی خۆی. ئەو بیرەش مەبەستێکی لە پشتە کە دەخوازێ خۆ نەخاتە ناو چوارچێوەو خۆ لە کەوتنە ناوبازنەی "ئیدەئۆلۆژیکبوون" ڕزگاربکا واتە فێمینیزم وەک ئیدەئۆلۆژی نەبیندرێتو ڕوانگەیەک بێ بۆ لێکۆڵینەوەو پرسیارو سازکردنی بنەمای فکری بۆ ئاڵوگۆری بەردەوام نەک ئەوە کە خودی فێمینیزم ببێتە ئیدەئۆلۆژیەک کە لە ناو خۆیدا خول بدا. دیارە کە دابە شکردنی دەسەڵات بە جۆرێکیتر لە نێوان ژنانو پیاوان، نەتەوەکانی ژێردەستە و گرووپەکان لە سەر بنەمای جیاوازییەکانی نێوان ئینسانەکانو پلورالیسمی بیروکار، جۆرە زامنێکە بۆ کۆمەڵگایەکی ئازاد، دادپەروەرو دێمۆکرات و ئەرکی ئێمە هەڵسەنگاندن و ڕەخنەگرتن لە ستروکتورو نۆڕمی پاترپارکاتە کە لە سەر بنەمای جنس و پلەبەندییە، بەڵام نابێ لەبیرمان بچێ کە فێمینیزم دەبێ جۆرێکیتر لە دیالۆگ و جۆرێکیتر لە تێڕوانین بێت کە دەتوانێ خۆشی هەڵسەنگێنێ نەک ئەوە کە ببێتە ئیدەئۆلۆژیەک کە نەتوانی غەیری خۆی چیتر ببینێ. فێمێنیستەکان دەبێ ڕێگا بۆ هەموو ئینسانەکان، نەتەوەکان و گرووپەکان بکەنەوە. ژنانی کورد بەو ئەزموونە مێژووییە کە لەمەر "چەوسانەوەیان وەک گرووپ، جنس و نەتەوە" هەیانە، دەتوانن بە تێڕوانینێکی"فراجنسی - سەرتر لە جنس"، خۆ لە دیسکورسو بەستراوەیی ئیدئۆلۆژیەکان ڕەها بکەن و خوازیاری ئازادی و بەختەوەری بۆ هەموو تاک و گرووپێک و دابەشکردنی دەسەڵات بن. بۆ ئەوەش نابێ ئامانج تەنیا ڕەهایی ژنان بێ.

سەرچاوە: وێبلاگی پەراوێزی بیر - ڕێکەوتی: ١٧ی جانێوێری ٢٠٠٧

## سپاس بۆ تۆ درۆی مەزن...

*سپاس بۆ تۆ درۆی مەزن کە فێرت کردم*
*لە دارستانی وەحەشەتدا*
*گاە وەک سپێدار سەربڵند و گاە وەک شۆڕەبی لەدەم گژەبادا ڕوو لە خاک کەم.*
*سپاس بۆ تۆ درۆی مەزن کە فێرت کردم*
*لە بەرامبەر نیگای نامێهرباندا*
*ڕووت خۆم وەدەرخەم چونکە ڕووتی ئینسان لە گوناە دەشواتەوە.*
*سپاس بۆ تۆ درۆی مەزن کە بوویتە هۆی ئەوە بڕوخێم... بڕوخێم*
*تا بگەمە سووتان و وەک قەقنووس لە خۆڵەمێشی خۆم بژیو بستێنم.*
*سپاس بۆ تۆ درۆی مەزن کە فێرت کردم چۆن ڕوویەکانی زوڵم تەجرەبە کەم و خۆ ڕاگرم.*
*سپاس بۆ تۆ درۆی مەزن کە لە چاوەڕوانیدا هێشتتمەوە و سەبر بوو بە هەوێنی گیانم.*
*سپاس بۆ تۆ درۆی مەزن کە شینت پێ گێڕام شینی مەرگی ئەشق، جوانترین شینی ئینسان.*
*سپاس بۆ تۆ درۆی مەزن کە بوویتە هۆی خولیای گەڕانم بەدوای ڕاستییەکاندا...*

## فێمینیزم و پرۆژەی دەوڵەت- نەتەوە

**دیالۆگێکی فکریو چەمکی لە سەر و پێوەندی نێوان فێمینیسمو ناسیۆنالیسم تا ئێستا زۆر بە کەمی کراوە.دیالۆگێکی فکریو چەمکی لە سەر و پێوەندی نێوان فێمینیسموو ناسیۆنالیسم تا ئێستا زۆر بە کەمی کراوە. بەداخەوە زۆر جاریش ئەو دوو پێویستە بۆ کورد - فێمێنیسمو ناسیۆنالیسم- لەبەرامبەر یەکتر دانراون. ئایا فێمینیسم دژی پرۆسەی دەوڵەت- نەتەوەیە؟ ئایا هەڵوێستگرتنی فێمینیستەکان لە سەر گرفتەکانی کۆمەڵایەتی - سیاسی، کە لە هەمان کاتدا لایەنگری سەربەخۆیی کوردن، ناتەبایی هەیە لە گەڵ پرۆسەی دەوڵەت- نەتەوەیە؟ ئایا ناسیۆنالیسمی کوردی ناتوانێ خۆی لەگەڵ هێندێک بۆچوونی فێمینیستی پێناسە بکا؟**

بەداخەوە زۆر جار ئەو چەمکەی کە بە ناو "فێمینیسم"و ئەو کەسانەی کە بە فێمینیست ناسراون بە ناحەق لە دژی بەرژوەندیکانی ناسیۆنالیزم پێناسە دەکرێن. بە شێوەیەکی گشتی، لەکو پۆکانی جیاوازی فێمێنیزمو بۆچونە جۆراوجۆرەکانی تیئۆریک لەو بواری تیئۆریکانی، لە ناو ئەدەبیاتی کوردی دا زۆر شیئەکراوەتەوە. تا ئێستا چەند نووسراوەیەکم بە کوردی لە سەر جۆرەکانو دابەشکردنی فێمینیسم دیوە کە زۆر بە کورتی خاڵەکانی جیاوازی نێوانیان نیشان دەدەنو تا ئێستا لە ماڵپەڕەکان، تەنیا باسێکی فکری ڕادیکاڵم لە سەر پێوەندی نێوان فێمینیسمو ناسیونالیسم بینیوە، ئەویش وتاری شەماڵ کاوە، لە ماڵپەڕێ کوردیش پلاتفورم، لە ژێرناوی "ئایا ناوسیۆنالیزمی کورد دەتوانێ ڕوخسارێکی فێمینیستی بەخۆیەوە بگرێ". لە بەشێکی وتارەکەدا شەماڵ کاوە زۆر بە درووستی دەنووسێ:

"پێوەندی نێوان ناسیۆنالیزم و فێمینیزم، پێوەندییەکی ئاڵۆز و پڕکێشەیە. لە چاوپێکشاندنێکی خێرادا کەم لایەن لە ناسیۆنالیزمدا دەبیندرێ کە بۆ فێمینیستەکان سەرنجڕاکێشە؛ ئەوەش هیچ سەیر نییە، چونکو فێمینیزمیش کەمتازۆر چەشنە هەڕەشەیەکە لە بەشێکی زۆر لە هێما و بایەخەکانی (پیاوانەی) ناسیۆنالیزم.(۱) بەڵام ئایا ئەم راستییە تاڵە، بەو مانایەیە کە ڕێگەیەک بۆ ئاشتدانەوە و گونجاندنی فێمینیزم و ناسیۆنالیزم نییە؟ ئایا ناسیۆنالیزم لە جەوهەریدا هەمیشە دژی فێمینیزم و دەرهاوێژەری ژنان لە ناوەندی چالاکییەکانێتی یان دەکرێ ناسیۆنالیزمێک گەڵاڵە بکرێت کە بە شێوەیەک ئەم نەگونجاوی و ناکۆکیەی تێدا چارەسەر بکرێت؟ (...) بە بڕوای من ناسیۆنالیزمێکی فێمێنیستی، ئەگەر هاسانیش نەبێ، ناموومکین نییە و، ڕەنگبێ هەڵە نەبێ ئەگەر بڵێین کە ئێمە هیچ ڕێگەیەکی دیکەمان لەبەر نییە جگە لە ئامێتەکردنی ئەم دووانە. بەڵام لە هەمان پڕاگراف دا، هەڕ دوابەدوا، ش. کاوە دەنووسێ: چونکو لە شوێنێکی وەک کوردستان، ئەو ناکۆکییە هەرچەندیش بەهێز بێت، بارودۆخی سیاسیی وای کردووە کە هەستی ناسیۆنالیستی زۆربەی هەرە زۆری ژنەکانیش دەگرێتەوە و پێشمەرجی رزگاری ئەوانیش (پێشمەرج، نەک مەرجی رزگاری) بە شێوەیەک بە رزگاری خودی کوردستانەوە بەستراوەتەوە."

پرسیار ئەوەیە کە ئایا هەستی ناسیونالیزمی کوردی زۆربەی ژنانیشی گرتووتەوە یان ئەوە کە ناوسیونالیزمی کورد لە سەر شانەکانی ژنی کورد هەڵگیراوەو تۆڵەنەمای تازە پێگەیشتووی ناسیۆنالیسم بەرەنجی ژنانی کورد ئاودراوە؟ و ئەو ناسیۆنالیزمە لە پراکتیکدا ئاوێتەی کاری ژنانی کورد بووەو دەبێ لەمەودوا خۆی لە باری فکریشەوە ئاوێتەی بیری فێمینیستی بکا؟ ئازیزانی کوردیش پلاتفورم وەک کەسانێکی خاوەنی توانای فکریو وەفادار بە بیری سەروەری کورد، یەک لەوان بەڕێز شەماڵ کاوە، کە زۆر بەدرووستی هەموو هێزی خۆیان تەرخان کردووە بۆ

پێکهێنانی ئۆپۆزیسیونو کاری فکری لەدەوری بیری سەروەری کورد، دەکرێ وەک نوێنەرانی بیری ناسیونالیستی پێشڕەو، ڕایکالو فێمینیست ببینین. بەڵام ئەوە هیچ لەو ڕاستییە کەم ناکاتەوە کە تەنانەت لە ناو ئێلیتی خاوەن بیریو هەستی کوردایەتی پێشڕەویش، تا ئێستاش بەداخەوەوە ڕۆڵی ژنان لە بەروبومهێنانی هەستی نەتەوایەتی ئەو جۆرەی کە پێویستە هەڵنەسەنگێندراوە.

لە زۆربەی حیزبو ڕێکخراوەکانی کوردیدا بە شێوەیکی ڕەسمیو فۆرماڵ باس لە مافی یەکسانی ژنان دەکرێ بۆ وێنە لە بەشێکی بەندی خاڵی چوارەمی پلاتفۆرمی پێشنیاری بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دا هاتووە: "لە کۆماری کوردستاندا دەبێ هەموو چەشنە جیاکارییەک لە نێوان ژنان و پیاواندا لاچێت و ژنان خاوەنی مافی یەکسانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و مەدەنی و تاکی خۆیان بن لە گەڵ پیاواندا." هەر خودی ش. کاوە کە لە چالاکانی ئەو ماڵپەرو پلاتفۆرمەیە، دیسان بەدرووستی باس لەوە دەکا کە ئەو بەندە بۆتە بە بەندێکی فەرمی کە بە جددی وەرناگیرێتو دواتر دەنووسێ کە تا ئێستا کارێکی شایستە لە لایەن دۆستانی کوردیشپلاتفورم بۆ ئەو پێویستە گرینگە نەکراوە. لە کاتێکدا کە زۆربەی پیاوانو ژنانی چالاک بۆ داکۆکیکردنی مافی یەکسانی ژنان لە بوارەکانی سیاسیو کۆمەڵایەتی کۆمەڵایەتیدا، کێشەی نەتەوە بە بەشێکی جیانەکراو لە خەباتی خۆیان دەبینو ئامادەن بۆ وەدەستهێنانی مافی کورد هەر هەوڵێک بدەنو دەریغی نەکەن، ئەو پاشەگەزەیە لە لایەن زۆر کەسو گرووپ کە خۆ وەک ناسیۆنالیستو پێشرەو پێناسە دەکەن نابیندرێت. زۆربەی زۆری ژنانی کوردی فێمینیست زۆرجار بە خاتری سەرکەوتنی پرۆژەی دەڵەت- نەتەوەی کوردی هازر بە هاوکاریو تەنانەت پاشەکشەن، ئەو پاشەکشەکردنە لە لایەن زۆر دامو دەزگای سیاسی- کۆمەڵایەتی کە پیاوسالاری تێیاندا حاکمە، ئەو جۆرەی کە پێویستە بۆ گەیشتن بە تەوافقو هاوکاری نابیندرێت ئەوەش لە کاتێکدایە کە گرینگی و قورسایی خستن لە سەر ڕۆڵو توانایی ژنانو کاردانەوەی ڕەنجیان لەسەر ناسیۆنالیسمی کورد، ئەگەر قازانجی بۆ ژنی کورد تێدابێ، سەدهێندە بۆ پیاوو ناسیۆنالیسمی کورد قازانجی هەیە. تا زەمانێک کە کێشەی ژنان نەبێتە بەندی سەرەکیو تێکەڵاوی کێشەی نەتەوەو حیزبەکان لەو ڕساتایەدا پرۆگرامی خۆیان دانەڕێژن، تا زەمانێک کە نۆرمەکانی کۆمەڵ و ساختاری سیاسی کۆمەڵایەتی ئاڵوگۆری نەخرێنە بەر ڕەخنەو دەسەڵاتی فکری سیاسی جۆرێکیتر دانەڕێژرێت، باسکردن لە مافی ژنانو هەوڵدان بۆ داکۆکیکردنی ئەو مافانە، هەروا بە شێوەیەکی فەرمیو لە سەر کاغەز دەمێنێتەوە.

فێمینیسمی کوردی تا ئێستا لە باری بیرو هزرو تێئۆریەوە جۆڵانەوەیەکی جەوانە، بە تایبەت لە لایەن خودی

ژنانەوە کەمکاری لەسەر کراوە. بەڵام هەر ئەو بیرە جەوانە تا ئێستا توانیویێتی لە پڕاکتیکدا بە کەڵکوەرگرتن لە ئەزموونی وڵاتانیتر، توانایی خۆی بۆ دۆزینەوەی ڕێگای چارەسەرکردنی گرفتەکان نیشانبدا. کەچی ناسیۆنالیسمی کوردی هاوشان لەگەڵ ڕوانگەکانی فێمینیستی خۆی بە تیۆریەکانی فێمینیستی تەیارنەکردووە، ئەوش زۆر هۆی فکریو سیاسی لەپشتە. هویەکی هەرەسەرەکی ترسێکی بێمانا لە چەمکی فێمینیزمە. گەرچی دەبێ پێ لەسەر ئەوە داگرین کە فێمینیستەکان سەرەڕای بۆچوونی جیاواز بە گشتی داواکاری داکۆکیکردنی مافی ژنانن، بەڵام زۆر جار فێمینیستەکان بەگشتی بە دژی پیاوو دژی ناسیونالیزم حیساب دەکرێن بە بێ ئەوە کە جیاوازی فکری نێوان بووچوونەکانی جۆراوجۆری فێمینیستەکان ببیندرێت.

هۆیتر نەبوونی پڕۆژەیەکی ڕەخنەگرە لە بەشێک لە ناسیۆنالیسمی پیاوانە کە لەودا ژنانو ڕۆڵو دەوری چالاکانەی سیاسی و کولتووری ژنان لە جووڵانەوەی نەتەوەیی کورد لە پەراوێزدا دەمێنێتەوە. هەر بۆیە بەشێکی گرینی کاری فێمینیستەکانی لایەنگری پرۆژەی دەوڵەت - نەتەوە، بوونی پرۆژەیەکی فکریو خۆهەڵقوتاندن لە باسەکانی فکرییە کە ژیانی گەلی کورد دەگرێتە بۆ هەڵسەنگاندنێکی رەخنەگرانە لە ستروکتوری کۆمەڵایەتی وکەموکوریەکانی ناسیۆنالیسمە کە بندەستی ژنان بەرهەم دێنێتەوە. جولانەوەکانی نەتەوایەتی دژی کۆلۆنیالیزم هەرگیز بە بێ بەشداری ژنان نەیتوانیوە سەرکەوتوو بێ کەچی تا ئێستا باسلەوە دەکرێ کە با هەوڵ نەتەوە نەجاتی بێ ئینجا گرفتەکانیتر چارەسەر دەکرین. کوماری جایاواردنا لە کتێبی "فێمینیزمو ناسیۆنالیزم لە وڵاتانی جیهانی سیهەم (١٩٨٦)" دا نارەزایەتی خۆی سەبارەت بەوە دەردەبرێ کە خەبات بۆ ئازادی گەل گرینگترە لە ئازادی ژنان، چونکە بەڕای جایاواردنا خەبات بۆ ئازادی ژنان بەشێکی هەرە گرینگو جیانەکراویە لە خەباتی گەلان بۆ ئازادی لە دژی کۆلۆنیالیزمو ئیستیعمار، ئەگەرچی ژنان ڕێکخراوی سەربەخۆخۆیان نەبۆبێو سازماندانی جوڵانەوەکانی نەتەوایەتی لە ژێردەستی پیاوان بۆبێ. جایاواردنا وایبۆدەچێ کە فێمینیزم ئیدەئۆلۆژیک نییە کە ڕۆژئاوا بەسەر وڵاتانی جیهانی سیهەمی داسەپاندبێ بەلکو جوڵانەوەی داکۆکی لە مافی ژنان بۆ وێنە لە هیندو چین بووە. دیارە کە کاریگێری ڕۆژئاواش لە سەر ئەو وڵاتانە بەرچاوە. هەروەها اوما نارایان دەڵێ کە فێمینیسمی وڵاتانی جیهانی سێهەم وڵامێکە بۆ ئەو گرفتانەی کە لەو وڵاتانە هەیە. نارایان باسی ئەوە دەکا کە: "ئەو گرفتانەی کە فێمینیستەکانی هیند لەباری سیاسی لەگەڵی بەرەنگارن ئەو شتانە لەخۆدەگرێ وەک گرفتەکانی کوشتنی ژنان بە هۆی نەبوونی جیبازو ئازارەکانی سەبارەت بەو گرفتە، دەستدرێژی پۆلیس بۆ ژنانی زیندانی، هەژاری، مەسایلی دەرمانیو زاو زێ، گرفتەکانی قەومیو عەشیرەیی. چالاکانی فێمینیستی هیند، فێمینیسم وەک ڕێگاچارەیەک بۆ گرفتەکانی وڵاتانی جیهانی سێهەم دەبینن. باسی من ئەوەیە کە فێمینیسمی ئەو وڵاتانە

چاولێکەری لە "پرۆگرامی وڵاتانی ڕۆژئاوایی" نییە بەلکو فێمینیسمی هیند لەڕاستیدا وڵامێکە بۆ ئەو گرفتانەی کە لە بەرامبەر ژنانی هیند دا هەن." نارایان. Dislocating Cultures, Identities, Traditions and Third World Feminism (1997) جیاکردنی ناسیونالیسمی کورد لە جوڵانەوەی ژنان مەحاڵە چونکە ناسیونالیسمی کورد لە پراکتیکدا لە هەر چوارپارچەی کوردستاندا، تێکەڵاوی کاری ڕۆژانەی ژنان بۆ ڕەهایی گەلی کورد بووە. ژنانی کورد لە ئازادی نەتەوەی کورددا ئازادی خۆیان دەبینن. ئێستا کە پرۆژەیەکی دەوڵەت- نەتەوە خەریکە خۆ کۆدەکاتەوە، دەبێ مەیدان بدا بۆ وەکار خستنی هێزو توانایی فکری ژنان. ئەو مەیداندانە بەو مانایە نییە کە ناسیۆنالیسم بۆ دووبارە بەرهەمهێنانی دەسەڵاتی پیاوسالار لەو هێزە کەڵکوەرگرێ بەڵکو ناسیۆنالسیمی کورد دەبێ مەرجەکانی جوڵانەوەی ژنان قەبووڵ بکاو پێداچوونەوەی بێ لە سەر ڕابردووی خۆی. تێکەڵاوی ڕوانگەی فێمینیستی لەگەڵ پرۆسەی دەوڵەت - نەتەوە هیچ دژایەتیو ناتەبایەتێکی نییە. ئەو دوو جوڵانەوەیەیە هاوکارو موکەمیلی یەکترینو بە بێ هاوکاری یەکتر ناتوانن سەرکەوتوو بن. ئێمە دەزانین کە دامو دەزگاکانی، ستروکتوری کۆمەڵایەتیو تەناەتە حیزبەکانو ئۆپۆزیسیۆن بە دەستی بیری پیاوسالاروەو مێژووی ناسیۆنالیسم لە هەموو جیهان بەدەست بیری پیاوسالاری فورمولە کراوەو لە ئێستای کورد، بۆ هاوکاری نێوان بیرو ڕوانگەکانی فێمینیسمو ناسیونالیسم دەبێ بە بۆچوونەکانی پیاو سالاردا بچینەوەو هەڵسەنگاندنێکی تازە بێ لە سەر جۆڵانەوەی کوردو ڕۆڵێ ژنان لەو جۆڵانەویەداو دەرهاوێژی ژنان لە دەسەڵاتی سیاسی- کۆمەڵایەتیدا. فێمینیزم ئیدیۆلۆژیک نییە.* تەنیا بۆ نەجاتی ژنان بەلکۆ تێروانینو ڕوانگەیەکە بۆ دیتنی گرفتەکانی کۆمەڵایەتی بە جۆرێکیتر، لەوان کێشەکانی ژنانو کێشەی نەتەوەی کوردو بیری دەوڵەت - نەتەوە دەتوانێ خۆی ئاوێتەی بیری فێمینیزم بکاو هەم خۆی پێ دەوڵمەند بکاو هەم یارمەتی جۆڵانەوەی ژنان بدا.

------

فێمینیزم، پارادۆکسی چەمک، ئیدەئۆلۆژی یان ڕوانگە، ناوی وتارێکە کە لە کوردیشپلاتفورم دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: وێبلاگی پەراوێزی بیر - ڕێکەوتی: ١٨ی جانێوێری ٢٠٠٧

# ڕێفۆرم و کولتوری سیاسی، کام میکانیزم و ڕێبەری؟

ئەو وتارە بۆ سایتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سایتی حیزبی دێموکراتی کوردستان- ئێران و ڕۆژهەلات تیڤی ناردراوە.

**هەوڵێک بۆ دیالۆگێکی دۆستانە**

کۆلتورێکی سیاسی نەخۆش دامێنی هەمووانی - بە حیزب و ڕۆشنبیرەوە - گرتووە. کۆلتورێک کە جیاواز لە کۆلتووری کۆمەڵگا نییە و بە هۆی هەڵو مەرجی ژیانی نهێنی، شاخ و دوورەوڵاتی، و لەوانە گرینگتر، هێندێک ناتەبای ناو خودی ڕێکخراو و حیزبەکان، زۆر جار خۆی لە کۆلتورێکی توتالیتێر نزیکدەکاتەوە و ئاسەواری وەها قوڵ داناوە کە پاککردنەوەی زۆر دژوارە. ئەو کۆلتوورە نەخۆشە، دەتوانی هێندە زاڵم بێ کە هەموو ئەرزشەکانی ئینسانی لە ژێر پێ نێ و بۆ ئیسپاتی خۆی، ئەویتر لەناو بەرێ و یان شکستی ئەویتر بە سەرفەرازی خۆی دانێ. لەو کۆلتوورە دا بە جێگای ئەوە کە ئینسانەکان لێکنزیک بنەوە، دەبنە دوژمنی یەک، تا ئەو ڕادەیە کە سەرەتایترین مافەکانی تاک ناپارێزدرێت و تێرۆری شەخسییەت دەبێتە ئاسانترین و ئاسایترین مێتۆدی لەناوبردنی "ئەویتر". هەمووی ئەوانە لە کاتێکدایە کە دەبێ ئەزموون و بیری جیاواز ببێتە هێز و ئەهرۆمی فشار بۆ پربارکردنی جووڵانەوەی کورد.مێژووی ئێمە شاهیدی بۆ ڕاستییێک دەدا: ئێمە بە تێکڕای تاک، کۆمەڵ و ڕێکخراوەکانمان، سەدان جار هەڵەی جیدیمان کردووە و هێشتا بە جیدی بەخۆماندا نەچووینەوە. کۆمەڵگای نەریتی و ئۆرگانەکانی، بە ڕوانینی "هەر کەس لە گەڵ من نییە دوژمنی منە" مێکانیزمێکی ئەخلاقی سیاسی وەهای دروست کردووە کە زۆر ڕاحەت هاوڕێ و ئینسانی پاک، بە جاش و خائین ناوزەدەکرێن، ڕاودەنرێن و بە ناحەق لە سەر ڕێگا ڕایاندەدەن. بەڵام کاتی ئەوە نەهاتووە کە کێشەکان سادقانە بێتە ژێر ڕووناکی و ئانالیزێکی مێژووی- سیاسی و فکری بنەڕەتی بکرێ و چارەسەری بۆ گرفتەکان بدۆزینەوە؟ ئایا ناکری بە جێگای ئەو مێتۆدە ناشارستانییە کە تا ئێستا بەکارهاتووە، ڕیشەی گرفتەکان بێنینە بەر باسێکی دۆستانە و هەمە لایەنە؟ ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە کە خۆ لەو نۆرمانە کە لەسەر بناخەی یاسای عەشیرت و خێڵ، ناوچەگەری و نابەرامبەری دامەزراون، ڕەهابکەین. هەڵسووکەوتی ئێستای حیزبەکانی ئێمە - لە دەرئەنجامی کێشەکانی ناوەکی و دەرەکی- نیشاندەری ئەو ڕاستییەن کە حیزب و ڕێکخراوەکانمان دەستەملانی قەیرانێکی سیاسی - ئەخلاقیین و پێداچوونەوە

بە سەر کۆلتوری سیاسی کورد و داڕشتنی ئوسوولگەلێکی جێگای مەتمانە و ڕێز، ئەرکی هەموو لایەنەکانە.
لە کەس شاراوە نییە کە جولانەوەی کورد لە گەڵ چەندان گرفتی جیدی ڕووبەڕویە و هێزەکانی ئێمە پێویستیان بە ئالووگۆڕێکی بنەڕەتییە تا بتوانن وڵامدەری کێشەکان بن. واوەدەچێ کە سەرئەنجام کەسانێک لە ناو ڕێکخراو و حیزبەکانی ئێمەدا - لە هەموو باڵەکان و لە باشوور و ڕۆژهەلات- داوکاری ئەوەن کە بەخۆداچوونەوەیەک بکرێ و ئەوە سەرەتای هاتنە گۆڕی فازێکی تازەیە، بەلام پرسیار ئەوەیە چ پلان و میکانیزمێک دەتوانێ ئەو گرینگە پێشببا؟

## ڕێفۆرم بە کام میکانیزم و بەکام ڕێبەڕی و پرۆگرام؟

باس و کێشەکانی ناو حیزبی دێموکراتی کوردستان، یەکێتی نیشتمانی و کۆمەڵە، بوونە شیرازەی چەند پرسیارێک: ئایا بە تەرکیبی ڕێبەرایەتی و میکانیزمی ئێستای ناو حیزب و ڕێکخراوەکانی ئیمە، ئیمکانی ڕێفۆڕم هەیە؟ چ میکانیزم و تەرکیبێکی ڕێبەری دەتوانێ لە سازکردنی بناخەکانی ئالۆگۆڕێکی بنەڕتی لەناو کۆمەڵگا و حیزبەکانی ئیمەدا، سوودمەند بێ؟ ئایا کەسانێک کە باس لە ڕێفۆڕم دەکەن ئامادەن جێگای خۆیان بدەنە کەسانی بەتوانای ناو حیزبەکانیان؟ چۆن دەکرێ بۆ چارەسەرکردنی شێوەی نەگونجاوی کاری تەشکیلاتی و درووشمی حیزبەکان لە گەڵ ڕۆحی سەردەم، لە مێتۆد و هزری شیاو کەڵکوەرگرین؟ چۆن پێشی دەسەلاتی ناوچەگەری و خزمایەتی بگیردرێ؟ ئایا ڕیفۆڕم ئەساسەن پێویستی بە کۆلتورێکی "دێموکرات مۆڕاڵ" نییە؟ سەرەڕۆیی دەسەلاتێکی نادێمۆکرات چۆن مەهاردەکرێ!لایەنێکیتری باسەکە ئەوەیە کە چەندە دەتوانین بە ڕیفۆرمی ئەو پیاوانە بۆ گۆرانی هێماکان، ستروکتوور و دابەشکردنی دەسەلات بە پێی تواناو دوور لە تیروانینێکی جنسی دلخۆشبین لە کاتێکدا پیاوانی ئیمە تەنیا بە خاتری بیری جیاواز، هەر ساتێک ئامادەی شەڕێ برا - خوشک کوژین؟ و یان چەندە باوەڕ بەو شێوە کارە دەتوانین بکەین کاتێک هاوسەران و کچانی پیاوانی سەرقاڵی سیمینار، لە ماڵ خەریکی ماڵخاوێنکردنەوە و منداڵن؟ ئایا بزاڤێکی ڕۆشنبیری کە بتوانێ وڵامدەری پرسەکانی ڕێفۆرم بێ و ئەو ڕێفۆرمە تیئۆریزە بکا، هەیە؟ ئەگەر بزاڤێکی ڕۆشنبیری لەو بوارانەدا هەیە لە گەڵ کۆلتووری ئارۆگانت و دووفاقیەیی کەسانێک کە خۆیان بەناو "ڕۆشنبیر" پێناسە دەکەن، چ کردن؟

سەرەڕای ڕێزم بۆ هەموو ڕێفۆڕمخوازێک و بە ئاواتی ڕێفۆڕم لە ناو هەموو ڕێکخراوەکانی کوردیم، بەلام ئەو درۆشمە لە خۆیدا ئاماژە بە ڕێگایەکی سەخت و دژوارە و بەو ماناییە کە دەبێ ڕێبەری، کۆلتور، میکانیزم، تێۆری،

و نێگایەکی ڕادیکاڵمان بۆ ڕیفۆرم هەبێ.لەو پرۆسەیەدا، کۆلتوورێکی دیمۆکراتمەنیش و ئەخلاقێکی ئازادیخواز- کە بەرامبەر بتوانێ بیروڕای خۆی بە بێترس دەربڕێ، بە بێ ئەوە ناو و ناتۆرەی بخرێتە سەر- هەوڵدان بۆ هاتنە کایەی شێوەیێکی تازەی پێوەندی نێوان تاک و ڕێکخراەکان، کێشەی ژنان و لاوان وەک فاکتەرەکانی سەرەکی دەبێ بایەخی تایبەتیان پێبدرێ. کەچی تا ئێستا ئەو پرینسیپانە بەتایبەت کێشەی ژنان، لە کردەودا تەنیا وەک ئامراز لە ناو ڕێکخراو و حیزبەکانی ئێمەدا کەڵکیان لێوەرگیراوە.بۆ وێنە ئەوە ماوەێکە کە دەنگۆی ڕێفۆڕمخوازی لە ناو زۆر حیزب و ڕێکخراودا، لە باشوور و ڕۆژهەلات، دەبیسین، بەڵام تا ئیستا تەنانەت یەک ژن وەک وتەبێژی ڕیفۆرمخوازی، نەچۆتە سەر سەکۆی ماسمێدیاکان تا بزانین کارەکتەری ئەو ڕیفۆرمە لە زمانی ژنان چۆن فۆرمولەدەکرێ. پرسیار ئەوەیە کە ئەو ڕیفۆڕمخوازیە ئایا هەر پیاوان دەگرێتەوە و تەنیا پیاوانی ئیمە ئاڵاهەلگری ڕیفۆڕمن؟ ئایا کێشەی "سەروەری کورد" و کێشەکانی ناو حیزبەکان تەنیا پرسی پیاوانن؟ ئایا ئەو ڕێکخراو و حیزبانە، ژنی خاوەن بیرو چالاکیان نییە، یان باوەڕ بە توانایی ژنەکان ناکەن و پێیانوایە کە تەنیا پیاوان"شەمی سیاسی"یان هەیە و پیاوان باشتر گرفتەکان دەناسن و ڕێگا حەلیان بۆی هەیە؟ سەیر ئەویە کە ڕاستییێک سەرپۆشی لەسەر دادەندرێت ئەویش ئەوە کە ساڵەهای ساڵە ژنان بە هۆی ئەو ستەمە کە لێیان دەچێ، ئارەزوومەندانی جیدی ڕیفۆڕمخوازی بوون و زیاتر لە پیاوان لە چاندی نابەسامانی سیاسی جولانەوەی کورد ڕەنج دەبەن، بەڵام تا ئێستا لە سیستێمی پیاوسالاردا لە هیچ شوێنێک هەڵ و فرسەتیان بۆ نەڕەخساوە تا بتوانن بڵێن کە چۆن بیردەکەنەوە و چییان دەوەی. بەداخەوە دەنگی ژنان، لێرەو لەوی، وەک دەنگێکی تاک ماوەتەوە و ئاواتی ژنان لە دوزەخی سیاسی پیاوسالاردا سوتاوە. گەرچی ئەو کەمایەسییە بەشێک لە هۆکارەکانی دەگەڕێتەوە سەر خودی ژنان و جولانەوەکەی، و زۆر جار ژنان خۆیان سەمی کوشەندەی خۆیان و هاوڕێکانن، بەڵام دەتوانین بپرسین، چۆنە کە پیاوان دەبنە ئاڵاهەگری هەر جۆرە درووشمێک، ئیمکانەکان دەڕەخسێن؟ مەگەر غەیری ئەوەیە کە حیزبەکان و ئەندامانیان پێیانوایە کە ژنان تەنیا دەبێ و دەتوانن لە باسی سەبارەت بە ژنان بەشدار بن و لە باسەکانی تری سیاسی دا حەزفدەکرێن. بەڵام ئەو ئازیزانە لەبیریان دەچێ کە کێشەی ژنان تا سەر ئێسقان کێشەێکی سیاسی و کێشەی دەسەڵاتە. ئایا ئەو ڕاستییانە تەنیا نیشاندەری ئەوە نییە کە تەواوی ئیمکان و سەنتەری بڕیارەکان لە لای پیاوان لە سیستێمی پیاوسالاردا کۆبۆتەوە؟کاتێک لە ناو ستروکتوری پیاوساڵاردا بانگەشەی ڕیفورم دەکرێ، بە پێ هەمان یاسا و نورمەکانی پێشوو هەڵسوکەوت دەکرێ، واتە ڕێفۆرمخوازی بە شێوەی نەریتی و پیاوسالار. ئەوە لە کاتێکدایە کە جێگۆرکێکی بنەڕەتی لە بیرو بۆچوونەکان سەبارەت بە کێشەکانی ژێندێر و دەسەڵات نەکراوە و زەمینە و ماوەێکی زۆری دەوێ تا لە ناو ژنان، پیاوان، نیهادەکانی کۆمەڵگا و تەنانەت ئەوانەی کە خۆیان بە چەمکی فێمینیزم خەریک کردووە و چەند وتارێکیان لە سەر کێشەی ژن

نووسیوە، ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی لە دید و بۆچوونەکانیان پێکبێ. ئەگەر چاوێک بە ئۆرگانەکان و نیهادەکانی حکومەتی کوردی لە باشوور و لە ناو حیزبەکانی ڕۆژهەلاتدا بخشێنین، دەبینن کە ڕۆڵی ژنان لە "ناوەندەکانی بریاردان"دا چەندەیە و چ ڕێگایەکی سەخت لە پێش جولانەوەی ژنانی کورددا هەیە. تا ئێستاش جولانەوەی ژنانی کورد، دەنگێکی بەرز و بە توانا لە دیاریکردنی سیاسەتی کوردیدا نەبووە. زۆرجار، بیرەکانی ڕێفۆرم و ئاواتی ئاڵووگۆر تەنانەت لە جولانەوەی ژناندا، لەباتی بەمنزڵگەیشتن، لەبارچوون.

بۆ وێنە "کێشەی چەندژنە" تا ئێستاش لە ناو ئەندامانی حیزبەکان، وەزیرەکان و پیاوانی کۆمەڵگا دا هەیە و هەر ئێستا لە باشور بەناوی ئەوە کە ڕێژەی ژنان لە پیاوان زۆرترە، بەو کردەوە ناشارستانییە مشروعییەت دەدرێ کە پیاوان چەند ژن- کە زۆریش لە خۆیان جەوانترن - بێنن. وێنەیەکی زۆر تازەتر: کاتێک حیزبەکان درووشمی ڕێفۆرم هەڵدەگرن، پیاوان بەڕێوەبەری تازەگەرین و تەنانەت یەک ژن نابێتە وتەبێژی ئەو جولانەوەیە و پێوەندیەکان و بریارەکان "پیاوانە" دێن و تێپەڕدەبن. ئەوە لە حاڵێکدایە کە ژنانی خاوەن بیر لە ناو خودی حیزبەکاندا و ڕێکخراوی چالاکی ژنان چ لە ناو وڵات و چ لە دەری وڵات کەم نین و زۆر دڵسۆزتر لە پیاوان خەمخۆری کێشەکانی کورد و حیزبەکانن. ئەو ژنانە خاوەن ئەزمونی پربایەخ، بیری پێشکەوتو و مێتۆدی کاری نوێن، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان.

------------

پێدانەچوونەوە بە سەر ڕابردوو، کەڵکوەرنەگرتن لە ئەزموونەکان و سەدپاتەکردنەوەی هەڵەکان، نەبوونی کۆلتورێکی دێمۆکرات و سەرەڕۆیی ئەو کۆلتوورە کە هەمیشە بەرامبەری خۆی ڕادەدا، شێوەی بەڕێوەبردنی حیزبەکان کە تا ئێستا "سانترالیسمی دیموکراتیک" بووە و پراکتیزەکراوە، نەدیتنی ژنان وەک فاکتەرێکی سەرەکی سیاسی - واتە دیتنی ژن وەک ئامراز و بووکەچینی لە ناو هێزەکان و ڕێکخراوەکان- نەبوونی پلاتفۆرمێکی سیاسی و کاری بۆ ریفۆرم و پەروەردەنەکردنی کادر و چۆنێتی دەسەلات، باسگەلێکن کە لە پرۆسەی ئاڵووگۆڕی ناو حیزبەکاندا جێگای تایبەتیان دەبێ هەبێ. ئەزموونی سەراسەری جیهان نیشانیداوە کە کاتێک دەسەلات لە سەنتەر/ ناوەندێک کۆدەبێتەوە- لە بیریشمان نەچی کە ئەو ناوەندە سروشتێکی پیاوسالاری سەرەڕۆی هەیە و بووە- ئاکامگەلێکی لە پراکتیکدا بووە کە بەشێکی زۆر لە خەڵکانی تەنانەت "خۆیی" دەرهاویشتووە. کاتێک دەسەلات - لەوانەش دەسەلاتی ماڵێ - لە لای چەند کەسێک کۆدەبێتەوە، کێشەکان زۆر جار لە ڕێگای لەبەینبردنی فیزیکی، ڕۆحی و سیاسی یاران و یان جیابوونەوە چارەسەرکراوە. پرسێکی ڕەوا ئەوەیە کە ئایا ناکرێ لە شێوەیەکیتر بۆ دابەشکرنی دەسەلات و ئەرکەکان، بۆ وێنە شێوەیەی پارالێل و تۆر کەڵکوەرگێردرێ؟ هاوکاری و بەشداری بە شێوەی تۆر، بە

ڕای من، ئاڵتێرناتیوێکی لەبار لە پرۆسەی ئاڵووگۆردایە چونکە مێکانیزمێک دێتە ئاراوە کە پرەنسیپ و پرسیارەکانن کە دەبنە هۆی کۆبوونەوەی ئینسانەکان لە دەوری یەکتر، نە ئیدئۆلۆژێکی تایبەت. شەرتیش نییە هەموو کەسێک ئەندامی حیزبەکان بێ تا چالاکانە بۆ پرسەکانی دڵخوازی خۆی تێبکۆشێ. بۆ وێنە بەشێکی زۆر لە ژنانی چالاک ناخوازن ببنە ئەندامی حیزبەکان بەڵام لە سەر کێشەی سیاسی کورد و کێشەی ژنان بۆچوونی خۆیان هەیە و مافی خۆیانە لە دیاریکردنی چارەنووسی سیاسی کورددا بەشدار بن. ئەو بەشداریەش لە ڕێگای هاوکاری پاراڵێل و تۆر مومکینە. لەو شێوەکارەدا، ڕوون و ئاشکرا بوونی هەموو بۆچوون و بڕیارەکان، کاری بەکۆمەڵ سەرەڕای جیاوازی بیرورا، پایە و بناخەی کار دەبن.پرۆسەی دروستکردنی ئێلیت و کادر(ژن و پیاو) لە بوارەکانی جیاواز و ڕەخساندنی ئیمکان بۆ تاکەکان بەپێ تواناو هەست و مەیلی خۆیان، بۆ دابەشکردنی دەسەڵات، خاڵێکی زۆر گرینگی پرۆسەی ڕێفۆرمە کە حیزبەکان دەتوانن یاریدەدری بن نەک بەرپرچ. لەو پرۆسەیەدا دەبێ بۆ وێنە لە ماوەیەکی ١٠ - ٢٠ ساڵەدا، بە چەندان زانا و لێهاتوو لە بوارە جیاوازەکانی سیاسی، ئێکۆنۆمی و کۆلتوری و کۆمەڵایەتی پەروەردە بکرێ تا بتوانن هەم یارمەتیدەر و ڕاوێژکاری حیزبەکان بن و هەم وەک تاک خزمەتی کۆمەڵگای خۆیان بکەن. دیارە هاتنە مەیدانی کادری نوێ بەمانای وەلانانی ئینسانەکانی خاوەن ئەزموون نییە، بەڵکو ئەوە بە مانای هێنانەکایەی بیر و خوێنی تازەیە لە پەیکەری جوڵانەوەی کوردیدا.

بە کورتی، سەرکەوتنی ڕیفۆرمێکی سیاسی - کۆلتووری، لە ئێستای ژیانی سیاسی کورددا، بە ڕادەی بەشداری ژنان ، چۆنێتی هەڵسووکەوتکردن لە گەڵ چەمکی دیمۆکراسی، بیر، مێتۆد و ڕێبەری شایستە بەستراوەتە. ڕێفۆرم دەکرێ و دەبێ بڕیار و پشتیوانێکی سیاسی لە پشت بێ، بەڵام سەرکەوتنی ڕێفۆرم بە کۆلتووری شارستانی، دیالۆگ و پرینسیپەکانی دیمۆکراسی مۆمکینە کە تا ئێستا لە ناو کۆلتووری ئێمەدا زۆر جێگای خۆی نەکردۆتەوە. مەبەستم لە دیمۆکراسی ئەو بۆچوونە باوە نییە کە لە سەر چەمکی دیمۆکراسی هەیە. دیار کە دەبێ مێکانیزمێک بۆ پێشبردنی کارەکان بە پێ بڕیارەکانی زۆرینە هەبێ بەڵام گرینگ ئەوەیە کە هاوکات، ئیمکان بۆ گرووپەکانی کەمایەتی و دەرەوەی دەسەڵات بڕەخسێ کە بتوانن بە ڕاشکاوی دەنگی خۆیان بە خەڵک بەگەیێنن.کەڵکوەرگرتن لە ئەزموونەکانی ڕابردوو و دابەشکردنی دەسەڵات بی پێ توانا، نەک جنس، تایفە، سەروەت و ماوەی تێکۆشان لە ناو ڕێکخراوەکاندا، دیالۆگێکی سازەندە و ئیمکانڕەخساندن بۆ دەربڕینی ئازادی تاک و گرووپەکان، ئەو پرەنسیپە ئەساسیانەن کە نە تەنیا ڕیفۆرمخوازێکی حیزبی بەڵکو تاک تاکی کورد دەبێ بۆی تێکۆشێ.

سەرچاوە: وێبلاگی پەراوێزی بیر - ڕێکەوتی: ٢٣ی جانێوێری ٢٠٠٧

# "باوەڕ بە توانایی ژنان" و حیزب و ڕێکخراوە کوردییەکان

## دیمانە

١٢ - ٢ - ٢٠٠٧ پرۆگرامی ٤٠ دەقیقە لە تیشک تیڤی، میوانداری بەڕێز خاتو نەسرین قاسملووی کرد. ئەو پرۆگرامە بە ڕای من تایبەتمەندییەکی گرینی هەبوو، ئەوەش نە بەخاتری ئەوە کە هاوسەری دوکتۆر قاسملوو بەشداری پرۆگرامەکە بوو - دیارە ئەو خاتونە بەهۆی کەسایەتی و کار و خەباتی خۆی و هەروەها هاوسەرێتی لەگەڵ ڕێبەرێکی کورد کە ئاگای لە زۆر شتە، جێگای تایبەتی هەیە - بەڵکو گرینگی پرۆگرامەکە لە قسەکانی ئەو بەڕێزەدا بوو کە ڕاستگۆیانە و بەبێ دیپلۆماسی باسی ئەزموونەکانی خۆی کرد؛ ئەزموونێک لەنێو خەباتی کوردیدا کە ئەگەر ژنانی کورد بیست ساڵی تر باسیان کردبا غەیری دژایەتی و بێ ڕێزی چیتریان پێنەدەبڕا، باسی ڕاستییەک کە پیاوانی "ئێلیت و سیاسی" چۆن لە جیهانی واقیعدا لەگەڵ ژن و ژنانی چالاک هەڵسوکەوت دەکەن.

خاتوو نەسرین کە خۆی چەندین زمان دەزانێ و لە هەرەتی لاوەتیەوە لەنێو جووڵانەکانیچەپدا بووە، بە تەوازوعێکی کەموێنە و زور مێهرەبانانە هەڵسوکەوتی لەگەڵ چەند خاڵی گرینگ کرد کە من لێرەدا تەنیا دوو خاڵ بەگشتی و خاڵێک بەتایبەت کە لە ڕوانگەی فێمینیستییەوە جێگای سرنجە، دێنمەبەر باس.

*١- لە بەشێک لە وتەکانیدا، نەسرین قاسملوو باس لەوە دەکا کە "داوا لە من مەکەن کە بڵێم من کام لام قەبووڵە، من نازانم ئیختیلافەکان لەسەر چین و حەقیش بە خۆم نادەم لای لایەنێک بگرم. من وەک ژنی دوکتۆر قاسملوو دەمەوێ ناوی ئەو ڕاگرم."*

*٢- لە وڵامی ئەوە پرسیارە کە ئایا دوکتۆر قاسملوو پرسی پێدەکردی و بڕیار و پێشنیاری لێوەردەگرتی، وڵامدەداتەوە: "نا، لەوەدا ئەو پیاوێکی شەرقی بوو، بەڵام زۆر کۆمەکی منی دەویست و من زۆرم یارمەتی دەکرد."*

*٣- لە ئاخری پرۆگرامدا کە داوای لێدەکرێ ئەگەر پەیامێکی هەیە باسی بکا، وڵامدەداتەوە: "نا، هیچ پەیامم نییە".*

من خاڵی ١ و ٣ تێکەڵکێش دەکەم و لە نێوانیاندا پردێک دروست دەکەم، چونکە بە ڕای من ئەو دوو وڵامەی خاتوو نەسرین نوێنەرایەتی هەڵسوکەوتی ئینسانی مۆدێرنی ئەوروپایی دەکا کە هەروا ئاسان خۆی بە ساحێب نەزر نازانێ و خۆی ساحێبی پێشینە و میراتی بنەماڵە و عەشیرە دانانێ. ئەو شێوە مامڵەکردنەی خاتوو نەسرین بە پێچەوانەی شێوەی باوی خزم و کەسانی دەسەڵاتدارانە کە دەیبینین. ئێمە شاهیدی ئەوەین کە چۆن خزم، دایک، کوڕ، کچ و هاوسەری ڕێبەرێکی حیزبی، بەپێی دابونەریتی خێڵەکی خۆی بە ساحێبی حیزبەکەش دەزانێ.

یان کەم نین ئەو پیاوانەی کە بە حوکمی پیاوبوون یان سیاسیبوونیان خۆیان ساحێبنەزری هەموو کێشە و بابەتێک دەزانن و لە هەموو شتێکدا پەیامدەدەن. خاتوو نەسرین بە هەستی بەرپرسایەتییەوە، گەرچی ڕای خۆی هەیە، بەڵام ناخوازێ ببێتە هەمە فەنحەریف، میراتگیر و یان لایەنێک بێ لە لایەنەکانی نێو حیزب، بەڵکو بە شێوەیەکی مۆدێرن دەڵێ کە ئەو ئاگای لە گرفتەکان نییە. ئەوەش لە کاتێکدایە کە هاوڕێکانی دوکتۆر قاسملوو بە هەزار داخەوە و بە ناوی ئەو شەهیدە، ناشایسترین بێڕێزی بە یەکتر دەکەن. کاتێک لە ئاخری پرۆگرامدا داوای پەیام لە نەسرین قاسملوو دەکرێ خاتوو نەسرین وڵامدەداتەوە کە هیچ پەیامێکی نییە. بۆ؟ بە ڕای من ئەوە تەنیا نیشانەی ئەوەیە کە بە دڵسۆزییەوە خۆی لەو شوێنە دانانێ کە پەیام بدا چونکە دەزانێ پەیامدان مانای ئەویە کە ئینسان پۆزیسیۆنێکی تایبەت بۆ خۆی دیاری دەکا. ئەوش هەر بە پێچەوانەی دابونەریتی هەم خێڵەکی و هەم پیاوسالاری خۆپێزلە کە زۆر کەس، ژن و پیاومان، لە هەموو جێگا و کاتێک وڵامی هەموو پرسیارێکیان هەیە و لە بیریان دەچێ کە هەر ئینسانێک لە دیالۆگدا تەنیا دەتوانێ بیروڕای خۆی باس بکا. پەیامنەدانی خاتوو نەسرین خۆی گەورەترین پەیام بوو کە ئینسانی پێشکەوتوو تا کوێ دەتوانێ خۆ لە باسێک بدا.

بەڵام گرینگ ترین وڵامی بەڕێز خاتوو نەسرین لە ڕوانگەیەکی فێمینیستییەوە ئەو وڵامە بوو کە بەو پرسەی داوە: ئایا دوکتۆر بڕیاری وەردەگرتی؟ بەڕێز نەسرین وڵام دەداتەوە: "نا، لەوەدا ئەو پیاوێکی شەرقی بوو، بەڵام زۆر کۆمەکی منی دەویست و من زۆرم یارمەتی دەکرد."وێڕای ڕێزم بۆ شەهید دوکتۆر قاسملوو، فاکتاهێنانەوە لە قسەکانی بەڕێز خاتوو نەسرین، تەنیا دەرگاکردنەوەیەکە بۆسەر واقیعەکانی ژیانی ژنان و وەبەرچاوخستنی ئەو دیاردانە کە بوونەتە بەشێک لە نۆڕمەکانی سیاسی، تەنانەت لەلای پیاوانی ئەوروپایی. پرسیار ئەوەیە کە بۆ تەنانەت کەسایەتییەکی وەک دوکتۆر قاسملوو، بە قەولی هاوسەری وەفاداری خاتوو نەسرین، کاتی بڕیاردان "پیاوێکی شەرقی" بوو و ڕای نزیکترین کەسی خۆی، واتە هاوسەری، وەرنەدەگرت؟ ئایا پیاوانی سیاسی، حیزبی و تەنات بەناو "ڕوشنبیر"ی ئێستای ئێمە، هەڵسوکەوتیان لەگەڵ ژنان، هێشتاش هەر شەرقی نییە و نیگایەکی

شەرقییان بۆسەر کێشەی ژنان نییە؟ وڵامی خاتوو نەسرین بە ئەو پرسیارە، ئاوێنەیەکی شەفاف و بێگەردە بۆ دیتنی ئەو ڕاستییە کە تا ئێستاش پیاوانی سیاسی ئێمە، ژن بۆ بڕیاردان بە جیددی وەرناگرن بەڵکو ژنان تەنیا یارمەتیدەری پیاوانن. هەڵبەتە ژنانیش قەت لەو یارمەتیگەیاندنە دەریغی ناکەن بەڵام سەرئەنجام هەر دەخرێنە پاشخان و پەراوێز.

کاتێک وەک کورد لە خۆمان دەپرسین کە بۆ دوای زیاتر لە ٦١ساڵ کە هەوەڵین حیزبی بە مانایەک "مۆدێرن" لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێکدێ و دواتریش ڕێکخراوەکانی تر دێنە نێو سیاسەتی کوردی و داوی مافی ژنان دەکەن تا ئێستا ژن لە ناوەندی بڕیاردانی زۆربەی حیزب و ڕێکخراوەکاندا نییە و ئەگەریش هەبن تەنیا فۆرمالیتەیە و لە دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندیدا هیچ بڕیاردەر نین، بۆمان دەردەکەوێ کە پیاوانی سیاسیی ئێمە بڕیاریانداوە کە ژنانی ئێمە جارێ شایستەی ئەو پۆستانە نین. ئەوە لە کاتێکدایە کە لە زۆربەی حیزبەکانی ئێمەدا لە هەر چوار پارچەی کوردستان، زۆر پیاوی بێسەواد و ناشایست وەک کادری باڵا و بڕیاردەر دەستنیشانکراون و بە حوکمی پیاوبوونیان نایەنە ژێر پرسیار. بە پێچەوانە ژنان بە حوکمی ژنبوونیان ناتوانن بڕیاردەر بن.کاتێک دەپرسین کە بۆ ژنان لەو ناوەندانەدا نین، حیزبیەکان وڵامێکی ئامادەیان پێیە کە ژنی بەتوانامان نییە. پرسیاری تر ئینجا ئەوە دەبێ کە بۆ ئەو ڕێکخراوانە بۆ دروستکردنی کادری ژن هەوڵیان نەداوە؟ ئەزموونەکانی ژنان تا ئێستا نیشانیانداوە کە لەو ڕێکخراوانەدا ژنان تەنیا کاتێک کە تواناییەکی زۆر کەموێنە یان دەستی باڵایان لە زۆر بواردا هەبێ، ئینجا دەتوانن بگەنە ئەو شوێنانە کە پیاوانی لێن، کە ئەوەشمان تا ئێستا نەبینیوە. - تەنانەت لە ئەورووپاش ژنانی بەتوانا بە بیانووی جۆراوجۆر دەخرێنە پەراوێزەوە.

تەفسیرێکی فێمینیستیی وتەکانی بەڕێز نەسرین قاسملوو هێنانەبەر باسی ئەزموونێکی جیهانیی ژنانەیە کە چۆن دەسەڵاتی پیاوسالار تەنانەت لە ئینستووتوشونی حیزبی و ڕێکخڕاوی خەباتگێڕیشدا، ژن لە پەڕاوێز دەهاوێ و چۆن توانایی و ئەزمونی ژنان بەجیددی وەرناگیردرێ. من هیچ شک و گومانێکم لە زانایی سیاسی دوکتۆر قاسملوو نییە و پێموایە کە تراژیدییەکی گەلی کورد ئەوە بوو کە یەک لە باشترین کەسایەتی و ڕێبەرانی سیاسیی خۆی کە دەیتوانی بە زانستی سیاسیی خۆی کێشەی کورد بەرەوپێش بەرێ لە کات و ساتێکی زۆر عەستەمدا لەدەستدا. بەڵام دیسان پرسیار ئەوەیە کە بۆ تەنانەت کەسێکی وەک دوکتۆر قاسملوو یارمەتی لە هاوسەری وەردەگرێ بەڵام لە بڕیارداندا ڕای وەرناگرێ. بۆ پیاوانی سیاسی ئێمە ئەوە ڕاستییە قەبوڵ ناکەن کە ژنانی کورد گەورەترین قوربانییان لەڕێگەی گەل داوە و ناسیۆنالیزمی کورد لەسەرشانی ژنی کورد ڕاوەستاوە کەچی کاتی دابەشکردنی

دەسەڵات ژن تەنیا تەریک و پەراوێز دەکرێ؟

***دوو وێنەی تر:***

١- زۆر جار لە پرۆگرامەکانی تیڤییەکاندا دەوترێ کە ژنی موناسبیان بۆ بەشداری لە بابەتدا پەیدا نەکردووە. هەر لەو پێوەندییە دەتوانین قامک بۆ ئەوە ڕاکێشین کە تا ئێستا بەگشتی لە تەوای باسەکانی سیاسی و باسەکانی سەبارەت بە کێشەی کورد لە تیڤییەکانی کوردیدا زۆربەی زۆری بەشدارن پیاوانن. یەک لەو پرۆگرامانە باسی شۆڕشی گەلانی ئێران بوو لە تیڤی.لە شۆڕشی ١٩٧٩دا ژنانی سەراسەری ئێران و ژنانی کورد بەشداری چالاکیان هەر نەبێ لە ڕێپێوانەکاندا هەبوو. - من تەنیا ڕێپێوانەکان وەک وێنە دێنمەوە و لە شێوەکانی تر فاکتۆر دەگرم و باسی چالاکیی ژنان لە پێش شۆڕشیش ناکەم- ئەو ژنانە ئەگەر ئەودەم بە لانیکەم ١٧ - ١٦ساڵیش بووبێن ئێستا نزیک بە ٤٦ - ٤٧ ساڵێک دەبن. ئەو ژنانە هەر زۆر زوو لە کاتی شۆڕش و دواتر هاوکات لەگەڵ شەڕی ٣- مانگە و هێرشی ڕێژیمی جمهوری ئیسلامی ئێران بۆسەر کوردستان، کەوتنە نێو ژیانێک کە پڕاوپڕ بوو لە ئەزمون و خەبات چ بۆ خۆیان و چ بۆ بنەماڵەیان. زۆربەی ئەو ژنانە مێردیان بوو بە پێشمەرگە و یان ئێعدام کران و باری ئابووری و منداڵیان کەوتەسەرشان. زۆر کچ و ژن بوونە پێشمەرگە، زۆر ژن کەوتنە زیندان و دەستدرێژیان پێکرا و هتد. پرسیار ئەوەیە کە ئەو ئەزمونانە بۆ دەبێ هێندە گرینگ نەبن کە لە پرۆگرامی تیڤیدا باسیان بکرێ؟ بۆ دەبێ شۆڕشی گەلانی ئێران لە ڕوانگەی ژنانەوە کە زیاترین زوڵمیان لەلایەن ئەو ڕێژیمەوە لێکراوە، نەیەتەبەر باس؟ ئایا باسی ئەزمونی کچێک لە زینداندا، بۆوێنە "شەرەفی" کورد دەخاتە خەتەرەوە؟ - کە ئەوە باسێکە و دەبێ بە تێروتەسەلی شیبکرێتەوە کە تا ئێستا ئەو کچانە کە کەوتوونەتە زیندان و دەستدرێژیان پێکراوە، کەس بە ئاشکرا باسیان ناکا کە نەکا- بۆ دەبێ هەر پیاوێک بتوانی باس و هەڵسەنگاندنی لەسەر هەر کێشەیەک هەبێ بەڵام "ژنانی شایستە" بۆ باسەکان لە قاتوقڕیدان؟ ئەوە لە کاتێکدایە کە بۆوێنە کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ زۆر ژنی چالاک و پێشمەرگەی بووە و هەیە و زۆر یەک لەو ژنانە لەنێو خودی تیڤییەکاندا چالاکن.

٢- ئەگەر چاوێک بەسەر سایتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەدوای داواکردنی ڕیفۆرم بخشێنین، دەبینین کە ڕۆژانە باس لە چەندین دانیشتنی هەیئەتەکانی حیزبی لە دەرەوە و ناوەی وڵات، لەگەڵ کەسایەتی و حیزبی جوراوجۆر دەکرێ. تەوای وێنە و بابەتەکان کە تا ئێستا هاتوونەتەسەر سایت، تەنیا نیشانەی ئەوەن کە کاتێک

حیزب دەبێ بڕیار بدا، ئەوە پیاوانن کە ڕووی دەرەوەی حیزبن و بڕیاردەرن.

وەک سوننەتی هەمیشەی لە ڕۆژی ٨ی مارسدا، حیزبەکان و ڕێکخراوەکان وەبیریان دێتەوە کە بوونەوەرێک بە ناوی ژن هەیە کە دەبێ باسی لێبکەن و سیمینارێک بۆ ژنان دابنێن. پرسیار ئەوەیە کە بۆچی ڕۆژانی تر ئەو ژنانە ناتوانن باسی کێشەکانی سیاسی بکەن و بەشداری سایت و تیڤییەکان بن و لەسەر کێشەکانی کورد بیروڕای خۆیان باس بکەن؟ ڕاستە کە کێشەی ژنان کێشەیەکی سیاسییە بەڵام بۆ دەبێ ژنان تەنیا لە باسەکانی پێوەندی بە ژناندا بەشدار بن و مۆری خۆیان لەسەر کێشەکانی تر نەدەن؟

هەموو ئەو وێنە و باسانە نیشاندەدەن کە دابەشکردنی دەسەڵات لە ناەندەکانی بڕیاردەری حیزبەکان بەپێی جنس و نۆرمەکانی سیستەمی پیاوسالار، سیستەمی سیاسی دیاریدەکەن. وەک باقی کۆمەڵگە، لەنێو حیزبەکانی ئێمەدا پیاو ئینسانە نەک جنس و پیاو بڕیاری نەهایی دەدا لە کاتێکدا کە ژن ژنە و جنسی دووەم. دەسەڵاتی پیاوسالار بەم مانایەیە کە نۆرمەکان و یاساکان لەلایەن پیاوانەوە دیاری دەکرێن و بڕیار دەدرێن بۆ کام باس کێ "موناسبە" یان "ناموناسب".جارێکی تر گرینگی هێنانەگۆڕی بەردەوامی ئەو باسە بە مانای ئاڵوگۆڕ و دابەشکردنی دەسەڵاتە بە شێوەیەکی تر، واتە دابەشکردنی دەسەڵات بە شێوەی پارالێل و هاوکات. دابەشکردنی و بڵاوکردنی دەسەڵات لەنێو کۆمەڵ و ئینسانەکاندا دەبێتە هۆی پشکوتنی توانایی کۆمەڵگە، بەتایبەت هێز و بیری ژنان کە بە درێژایی مێژوو بە کەم دانراون. بەداخەوە کەلتور و دەسەڵاتی پاتریارکات ژنان بە چاوی سووک دەبینێ و ئەو دیتنە لەنێو ڕۆشنبیرانی پیاودا بە چەشنێکی ئاڵۆز و تێکەڵاو خۆ نیشاندەدا. ژنان، چ کورد بن چ ئەروپی، وەک گروپی ژێردەست لە پرۆسەی ژیانی ڕۆژانەدا بە توانایی و ڕاستییەکان دەگەن. بە واتایەک پرۆسەی ژیان دەبێتە سەرچاوەیەک بۆ هەڵێنجاندنی ڕاستییەکان لە پراکتیکی ڕۆژانەدا. ژن لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیدا بەردەوام بە پێوانەی پیاوانە هەڵدەسەنگێندرێ. شایەد ڕەخنەی بەردەوام و دڵسوزانە و وروژاندنی پرسیارەکان، یەک لە ڕێگاکان بێ بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی یەکسان. کۆمەڵگەیەک کە ژنانی بەختەوەر نەبن، پیاوانی چۆن دەتوانن بەختەوەر بن؟!

سەرچاوە: وێبلاگی پەراوێزی بیر - ڕێکەوتی: ٩ی مارچی ٢٠٠٧

## نامەیەکی کراوە
## بۆ بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانی!

**بۆ ڕۆشنبیرانی خاوەن هەڵوێست و نەترس!**
**بۆ تەواوی ڕێکخراوەکانی لایەنگری مافی ژنان و مافی ئینسان!**
**بۆ گشت ئینسانی کورد بە هەر دین و ئایین و بیرێک کە دژ بە وەحشیگەری ڕادەوەستێ!**

ئەگەر ئینسان لە پێناو عەشقدا شەهید نەبێ و هاوڕێی ئاشقان نەبێ، کوا دەتوانێ داواکاری مافی سەربەخۆیی گەلێکی ئەنفالکراو بێ؟

دیتنی کوشتنی کچێکی ١٧ساڵە لە ناوچەیەکی سەر بە موسڵ بە ویدئۆ لەسەر سایتەکان وەک بۆمەلەرزە سەرزەمینی ڕوحی هەر ئینسانێکی وەفادار بە عەشق و مێهرەبانی دەلەرزێنێ. زۆرم بیرکردەوە کە ئایا ئەو نامەیە بنوسم یا نا، بەڵام سەرئەنجام بەو ئاکامە گەیشتم کە ئەگەرِ لە ساتێکی وادا وەک ئینسان دەنگ هەڵنەبرِم، مردنم باشترە.

***بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان!***

قەت لەبریم ناچی ساڵی ١٩٩١ کە لە شاری کابۆل بووم، تاڵەبانەکان دەهاتنە ناو شار و بە شمشیر سەری خەڵکیان بە ڕاوەستان لێدەدا و جەستەی ئینسانەکە چەند میتر دوای سەرلێدان دەڕۆیشت و تالەبانەکان لە دەوری ڕادەوەستان و پێدەکەنین و پێیان دەکوت: "رقص مرده"، واتە سەمای مردوو!

ئەو کردارە لە موسڵ بێ یان هەر شوێنێکیتر عێراق (مادام کە ئێستا کورد بەسەریداسەپاوە کە بەشێکە بێ لە عێراقی فێدرال) وەک دیاردەیەکی کولتوری کاتێک دەیان کەسی وەحشی کۆدەبنەوە و بریاری مەرگی ئینسانێک دەدەن، چەند پرسی سەرکی دێنێتە ئارا: سنووری وەحشیگەرێتی لە ناو کۆمەڵگای ئێمەدا تاکوێ دڕوا؟ ئایا لەناو هەر تاکێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیدا، تاڵەبانێک نیە؟ بۆ حکومەتی کوردستان و یان عێراق پارێزەری ژیانی ئەو کچە نەبووە؟ ئەو پۆلیسانەی کە ئەرکی ئەمانەتداری و ڕاگرتنی ئاسایشی خەڵکیان پێئەسپێردراوە بۆ ئەو کچەیان

لە ژێر دەستی ئەو قاتڵانە ڕزگار نەکرد؟

کوشتن و جوانەمەرگ کردنی دوعا، هەوڵ کارەسات و ئاخر کارەسات نییە. ڕۆژانە بە دەیان ژن و کچ دەکوژرێن و خۆدەسوتێنن و لە هەر چوار پارچەی کوردستان ژنان هەوڵ کەسانێکن کە مافیان لە ژێر پێدەنەدرێ. دەسەلاتی پیاوسالار و دواکەوتوو بۆ دووبارە بەرهەمهێنانی خۆی بەردەوام پەلاماری ژنان دەدا و پێ لە هەموو یاساکان دەنێ. بەڵام داخەکەم ئەم جارەیان شێوەی کوشتنەکە، تەنیا قەرە لە قەرەی سەنگسارەکانی ڕژیمی جمهوری ئیسلامی دەدا و ئەو دیمەنانە تەنیا لە ناو تاڵەبانەکاندا دەبیندرێ.دیتنی ئەو کارەساتە لە موسڵ بێ یان لە هەر شوێنێکیتری عێراق، دەبێ حکومەتی کوردی هەڵوێستی لەسەر بگرێ. بە بلۆک و بەرد و شەق لە جەستە و سەری ئینسانێک دان و ئەنجن ئەنجکردنی، هەمووی قارەمانێتی ئەو پیاوانەیە کە کەسایەتی خۆیان لە کوشتنی ئەو منداڵە بێدەرەتانە دا دەبینن. ئەو بە ناو قارەمانە کەلەپوکانە لە بیریان دەچێ کە دوعا بە پێی قانونی وڵاتانی پێشکەوتوو منداڵە و خۆ ئەگەر منداڵیش نەبا هەر جنایەتە کە دەرهەقی ئەنجام درا. ئەو پیاوە بە درۆ قارەمان و بەشەرەفانە، هەموو شەرەفی خۆیان لە کوشتنی ئینسانێک دا دەبینن کە پێوەندی خۆشەویستی لە گەڵ کەسێک بووە کە هاوئایینی عەشیرەکەی نەبووە، بەڵام نا زۆر بە هەڵەدا دەچین ئەگەر ئێمە ئەو کارەساتە تەنیا لە چوارچێوەی شەڕی نێوان دین و عەشیرەتەکان دا ببینین. کوشتنی ژنان لە ناو هەموو ئاینەکان و قەومەکان دا دەبیندرێ و ناکرێ ئەمە بە ئایین و گرووپێک ببەستینەوە. ئەو دیاردەیە بۆ وێنە لە ناو ئیسلامیەکان، زەردەشتیەکان، مەسیحیەکان و هیندیەکان، کورد، عەرەب، تورک، فارس و هەمووی ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و تەنانەت ئیسپانیاو ئیتالیا دەبیندرێ. جەستەی ژن ئەو سەنتەرەیە کە دەسەلاتی پیاوسالار تێیدا خۆی بەرهەم دێنێتەوە و بە وەحشیەتی خۆی ئینسانەکان دەترسێنی و کۆنترۆلی روح و جەستەی هەموو کۆمەڵگا دەکا.

*بەڕێزم!*

پرسیار ئەوەیە کە دەسەلاتی سیاسی کورد تا کوێ پشتیوانی لە ژنان دەکا بۆ گۆڕانی نۆرم و نەریتەکان؟ ئایا دەسەلاتی کوردی دەبێ دەستەوەستان ڕاوەستێ و چاولێکەری حوکمەکانی عەشیرەکان بێ؟ ڕاستە گۆڕانی نۆرمەکانی کۆمەڵگا، کات و پلانی دەیان ساڵەی دەوێ، بەلام ڕۆڵی بە ناو ڕۆشنبیران و حکومەت ئەگەر پاراستنی مافی ئینسانێکی ١٧ ساڵە نەبێ، ئەدی دەبێ چیبێ؟ دەشزانین کە گرفتی نێوان ئاینەکان و عەشیرەکان، گرفتێکی دەسەلاتی کوردیشە، بەڵام ئەرکی دەسەلاتی کوردی، پارستنی یاسا و دابینکردنی مافی ئینسانەکانە، سەرەڕای هەر

جۆرە بیرو ئایینێک و ئەوەش دەبێ لەسەرەوەی یاسای خێڵ و عەشیرەکان بێ.

نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێ کە بەداخەوە زۆر پیاوی ناو دام و دەزگای سیاسەتی کوردی و ناو حیزبەکان خۆیان هەوڵ کەسانێ کە ڕۆژانە پێ لە مافەکانی ژنان دەنێن. کەم نین ئەو پیاوانەی کە لە ناو خۆدی حیزبەکان چەند ژنیان هەیە و ژن بۆ ئەوان لە تەنیا کەرەستەیەکی سکسی زیاتر نییە.

*بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان!*

گەرچی لە هەرێمی کوردستان دا لە دایک نەبووم، بەڵام وەک بیلبیلەی چاوی خۆم هەر چوارپارچەی کوردستانم خۆشویستووە. گرفتێک لە شاری موسڵ وەک گرفتێکیتر لە مەهاباد بۆ من گرینگە و هەرگیز ئەو ناحەقیانەی کە دەرحەوق بە ژنی کورد دەکرێ وەک ئینسانێکی کورد قەبوڵ ناکەم و پێموایە کە حکومەتی کوردستان ئەگەر بۆ دوو گرفتی "کێشەی ژنان" و "دادپەروەری کۆمەڵایەتی" بە شێوەیەکی بنەڕەتی کار نەکا، سەری خودی کوردی تێدا دەچێ.

من بە حەق پێموایە ناسیونالیزمی کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستان لە سەر شانی ژنی کورد هەڵگیراوە (بە هەر ئاینێک کە پەیڕەوی لێدەکەن بە ئەیزیدی، ئیسلام، مەسیحی و زەردەشتی ...) و ژنی کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستان تەنیا یاریدەدەری شۆڕشی کورد نەبووە، بەڵکو بەردی بناخەی ئەو خەباتە بووە بۆ وەدەستهێنانی مافی کورد، هەر بۆیە دەبێ هەموو ژنانی کورد بە هەر ئایینێک کە هەیانە مافیان لە کوردستان بپارێزدرێت.

ناخوازم هەموو خەتاکان بخەمە سەر حکومەت چونکە کۆبوونەوەی دەیان ئینسانی بێ هەستی نەزان و کەلەپووک کە بە بەرد و شەق لە سەری کچێکی ١٧ساڵە دەدەن دیاردەیەکی کولتوریە کە دەبێ دەیان ساڵ کاری بناخەیی و سیستیماتیکی بۆ بکەرێت تا بنەبڕ بێ، بەڵام ڕۆڵی دەسەڵات و بڕیارەکانی دەتوانێ خاڵێ وەرسووڕان و یارمەتیدەر بێ بۆ لەناوبردنی ئەو کولتورە.

لەوە زیاتر کاتی بەڕێزتان ناگرم و پێموایە هیچ باسێکی تێئوریکیش لەو ساتەدا بەدەردناخوا، کە مەرگێکی لەم

چەشنە هەموو تێئورێک دەخاتە ژێر ڕکێف و ئینسان دەحەبەسێ. تەنیا وەک نووسەرێکی کوردێک و لایەنگرێکی مافی ژنان لە وڵاتی غەریبڕا، لە جەنابت وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان داوی هەڵوێست دەکەم. هەروەها داوای پرسینەوەی لە ئاسایشی موسڵ و سزادانی ئەو کەسانە دەکەم کە ئەو جنایەتەیان خوڵقاندووە گەرچی دەزانم کاتێکی ئەستەمە و زۆر دەستی نەدیار دەخوازێ کوردستان بشێوێنێ و هێزەکانی تێرۆریستیش پەرە بەم کردارانە دەدەن. بڕیاری هۆشمەندانەی بەڕێزت و پشتیوانی ئێوە لە مافەکانی ژنان دەتوانێ پێشی کارەساتی‌تر بگری.

لە ئاخردا بە دوعای جوانەمەرەگ دەڵێم ئارام بخەوە کچم، بەڵکو شەهیدبوونی تۆی ئازیز، گیانی هەزاران کچی‌تر نەجات بدا. خەوی خێرت بێ کچم.

هەروەها داوا لە هەموو ڕێکخراوەکانی ئینساندۆست، پارڵمانی کوردستان و تەواوی دام و دەزگای کوردی و ڕۆشنبیران دەکەم کە پشتی ئەو نامەیە بگرن بۆ دانانی یاسایەک کە پێشی کرداری ناشایستی لەو چەشنە لە ژێر ناوی ئایین و دین و عەشیرە بگیردرێت.

وێڕای سپاس و ڕێزم

سەرچاوە: وێبلاگی پەراوێزی بیر - ڕێکەوتی: ٢٤ی ئەپریلی ٢٠٠٧

## چەند سرنجێکی خێرا دەربارەی "زەبر و زەنگ لە ژێر ناوی شەرەف"

### ڕەشەکوژی ژنان

وشەی ڕەشەکوژی و تێرۆریسم بە مانای کوشتن و یان زەبر و زەنگێکە دژ بە خەلکی ئاسای و یان دام و دەزگاکانی دەسەڵاتدار، بۆ گەیشتن بە ئاکامێکی سیاسی. بۆ وێنە گرووپێک بۆ شێواندنی بارودۆخ و ترساندنی خەڵک بۆمب دادەنێ و هەر کەسێک لە هەر شوێنێک دەتوانێ وەبەڕ کەوی. تێرۆر دەتوانێ بە چەندان شێوە و لە چەندان پلان

ڕووبدا بۆ وێنە تێرۆریسمی دەوڵەتی، ئایینی، نێونەتەوەیی و هتد.

***کاتێک لە ڕەشەکوژی و تێرۆری ژنان قسەدەکەین، مەبەست چەندان خاڵە:***

١- توندوتیژی لە ناو هەموو کۆمەڵگادا و هەموو چین و توێژێک دەتوانێ ڕووبدا،
٢- لەو دیاردەیەدا مەبەستی دیاری کراو، کۆنترۆڵی جەستەو ڕوحی ژنان و کچانە و ئامانجەکەشی ڕاستەو خۆ ترساندنی ژنان و کچانیترە،
٣- زۆربەی جار تاوان بە دەست پیاوانی بنەماڵە ئەنجامدەدرێ،
٤- هەروەها زۆر ژن لە ژێر زەختێکی دەرەکی خۆدەکوژن کە وشەی ڕەشەکوژی ناتوانی ئەوە بگەیێنێ، کەچی ئەو خۆکوشتنانە هەر لە دەرئەنجامی دەسەڵاتی کولتوری پیاوسالارە،
٥- زەبر و زەنگە لە دەرئەنجامی سیستێمی پیاوسالار (بە ژن و پیاوە) کە مافەکانی تاک زەوت دەکا، ڕوودەدا.

شایەت باشترین وشە بۆ ماناکردن لەو بارودۆخە هەر "زەبر و زەنگ دژ بە ژنان" بێ کە هەموو جۆرە زەختەکان بۆ سەر کەسایەتی، جەستە، ڕوح و باری سیاسی، کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری ژنان دەگرێتەوە.

***مانای شەرەف***

بۆ ئەوە کە لە زەبر و زەنگ لە ژێر ناوی "شەرەف" و تاوان بگەین، دەبێ بزانین "شەرەف" لە کۆنسێپتێکی پیاوسالاردا چییە.

"شەرەف" بە گشتی بە واتایەکی ئەرێنی - پۆزێتیڤ بەکاردێ و هەر ئینسان یان نەتەوەیەک بۆی گرینگە کە وەک خاوەن پرینسیپ و ڕێز بناسرێت. شەرەف بە مانایەک، هەمان ڕێز و ئیحترامە کە لە پێوەندیەکانی کۆمەڵایەتیدا گرینگە. مانای گشتی شەرەف واتە کاتێک کە ئینسان دەخوازێ لایەنە باش و ئەرێنێکانی خۆی نیشانبدا لە سەر بناخەی هێندێک پرینسیپ و چەمک دەڕوا، بۆ وێنە ڕاستگۆی لە پێوەندیەکاندا، دەستپاکی لە کاری بازار و هتد. بەڵام کاتێک لە "زەبر و زەنگ لە ژێر ناوی شەرەف" قسەدەکەێن، مەبەست لە شەرەف، هەڵسووکەوتی پێوەندیدار بە سێکسوالیتێتی ژنە کە هەر لادانێک لە یاسای گرووپ و بنەماڵە و سیستێمی پیاوسالار، دەبێتە هۆی زەبرو

زەنگ بەرامبەر بە ژن و زۆر جار کوشتنی.

### زەبر و زەنگ چییە؟

زەبر و زەنگ بە واتایەکی یاسایی بە هەر چەشنە بەکارهێنانێکی هێزی میکانیکی دەوترێ کە لە دژی ئینسانێک یان شتێک بەکاردێ و لێدان و خەسارەت لەبەردەگرێ. زەبروزەنگ پێویست ناکا زۆر گەورە بێ تا بە تاوان بناسرێت. بۆ وێنە بە دەست کراسی کەسێک بگری و ڕایکێشی لە باری یاسای زۆربەی وڵاتانی ئوروپی بۆ وێنە سوید بە زەبروزەنگ دەناسرێت.

### زەبر و زەنگی ڕەوانی

بە شێوە زەبر و زەنگێک دەوترێ کە دۆخی ڕەوانی، هەستی و کەسایەتی ئینسانێک دەخاتە ژێر گوشار و ئازادی لێدەستێنێ. بۆ وێنە چاوەڕکردنێک یان بە وشە ئازاردانی کەسێک دەخرێتە ئەو خانە، یان کاتێک ژنێک لە ناو حیزبێکدا چالاکە، بەڵام لە لایەن ئەندامانی حیزب بە جیدی وەرناگیرێت و بە هۆی تایبەتمەندیەکانی جەستە یا کەسایەتی خۆی و یان تەنانەت توانایەکانی مەسخەرە دەکرێت.

### زەبر و زەنگ لە ژێر ناوی شەرەف

زەبر و زەنگ لە ژێر ناوی شەرەف، تاوانێکە کە ڕوو بە ڕووی کەسێک(زۆربەی کات ژنان) دەبێتەوە بۆ پاککردنەوەی بە ناو "بەدناوی" بنەماڵە. تاوانی زەبر و زەنگ، بە گشتی ڕوو بە ڕووی خزمێک دەبێتەوە، کە بە پێ بۆچوونی تاوانبار و کەسانیتری بنەماڵە، عەشیرە یان گرووپ، ئەو کەسە بۆتە هۆی لەکەدارکردنی "شەرەف" و بەدناوکردنیان و یان دەبێتە هۆی ئەو کارە.

لە زەبر و زەنگ لە ژێر ناوی شەرەفدا هێندێک نیشانە هەن کە خۆی لە زەبر و زەنگیتری ناو بنەماڵە جیا دەکاتەوە. شایانی باسە کە زۆر جار ژنان لە لایەن بنەماڵەوە بە بزربوو لە قەڵەم دەدرێن. کاتێک کەسێک بە "بزربوو" لە قەڵەم دەدرێ، دەکرێ شک بکرێ کە تاوانێک کراوە.

### هێندێک دیاردە و نیشانە:

- بەکارهێنانی تانە و تەشەر یان وشە بۆ شکاندنی کەسایەتی، بۆ وێنە کەڵکوەرگرتن لە وشەی قەحبە
- چاوەدێریکردنی بەردەوام بۆ وێنە لە کاتی هاتووچووی کچان بۆ قوتابخانە
- تف لە ڕۆ کردن
- هەڕەشە کردن لە کچان و ژنانێک کە لە ئوروپا دەژین کە بۆ وڵاتانی خۆیان دەنێردرێنەوە
- هەڕەشەی ناڕاستەوخۆی کوشتن و ئازاردان
- فڕاندن
- زیندانیکردن لە ماڵ و یان شوێنێکیتر
- هاندان بۆ خۆکوشتن
- لێدان بە پێڵاو و شەلاق و سوتاندن بە چەنگاڵ و ویان سەرکێشان

### کچان و ژنانی جەوان

- کۆنترۆڵی بەردەوام و هەڵسەنگاندنی هەڵسوکەوتیان کە چۆن و لە گەڵ کێ دەدوێن و چۆن دێن و دەڕۆن
- کاتێک کوڕێکیان خۆشبووێ کە بنەماڵە پەسەندی ناکا
- هەڵاتن لە ماڵ و یان ڕۆیشتن بێ ئیزنی بنەماڵە
- خۆدزینەوە لە زەماوەندکردن لە گەڵ کەسی دەستنیشانکراو لە لایەن بنەماڵە
- لە دەستدانی کچێنی یان دووگیان بوون لە دەرەوەی پێوەندی خێزانی
- ژنانێک کە داوای جیابوونەوە دەکەن
- بەرپرچدانەوە و سەرپێچیکردن لە یاسا و کۆنترۆڵی بنەماڵە و عەشیرە

### کوڕان

- ئەوانەی کە پێوەندیان لە گەڵ کچ یان ژنێک لە بنەماڵەیەکیتر بێ کە "شەڕەف"یان بەدناوە
- نۆڕمەکانی بنەماڵە و عەشیرە ڕەچاوناکەن

- پێوەندی جنسییان لە جۆری هۆمۆسێکسوال/ هاوجنسگەرا، بێ
- خۆبواردن بۆ زەماوەندکردن لە گەڵ کچێک کە بنەماڵە دیاری کردووە

چەند جیاوازی نێوان زەبر و زەنگ لە ژێر ناوی شەرەف و زەبر و زەنگی‌تری ناو بنەماڵە

### *زەبر و زەنگی ناو بنەماڵە*

- زۆربەی کات تاوانبار تاکە کەسێکە
- تاوان لە لایەن کەسانی‌تری بنەماڵەوە مەحکوومدەکرێ
- تاوان بە پیلان ناکرێ
- تاونبار دوای تاوان پەشیماندەبێتەوە و هەوڵدەدا کە خۆی بگۆڕێ

### *زەبر و زەنگ لە ژێر ناوی شەرەف*

- تاون لە لایەن چەند کەسەوە دەکرێ، واتە کۆلێکتیڤە
- تاوانبار لە لایەن کەسانی‌تری بنەماڵە و عەشیرەوە پشتییوانی دەکرێ
- تاوان زۆربەی جار بە پلانی پێشوو ئەنجامدەدرێ
- تاوانباران شانازی بە تاوان دەکەن و پەشیمانی دەرنابڕن و تاوان دەبێتە هۆی ڕێز لە ناو هۆز و عەشیرە

.................................

* ئەو نووسینە لە "زەبر و زەنگ لە ژێر ناوی شەرەف"، ناوەندی پێشکەوتن، یۆتۆبۆری، دیسامبەری ٢٠٠٦ سوید کەڵکی وەرگرتووە.

سەرچاوە: وێبلاگی پەراوێزی بیر - ڕێکەوتی: ١١ی مارچی ٢٠٠٧

## دوزەخ

چ دوزەخێکە
دەستەکانی خوای ئاگر دەسوتێنێ
ئیبراهیمی خەلیل خۆی تیدا ناگرێ....
وای لە من کچم
بریا
نە نۆمانگ
کە هەتاهەتایە
لە زگ و پشتی خۆمدا هەڵمگرتبای
شەرمەزار بێ عەشق
تۆ کە پرچت
بە شنەی عەشق دەشەکاوە
وەفریات نەکەوت
ئەو خاکە نفرین کراوە
متفەڕکی سەرچاکی دەوێ!
کچم
بە مەرگت
کە شاسواری مەرگانە
وەک ئەستێرەکانی
لەبەر یەک دەکشێم
لە تۆفانی شەوەزەنگ دەچم
هەراسانم
وەک گێژەڵووکە

بە دەوری خۆمدا دەسورێم....

کچم

گەردوون

دوای مەرگت

شەرمی نەکرد

لە سووڕانی خۆی بەردەوام

کچم

تازە لە دوای مەرگت

ئاشقی هیچ پیاوێک نابم

ڕازی خۆم

بە دایکانی جادوولێکراو نالێم

با وەک کرمێکی بێئازار

بە ناخی زەویدا ڕۆچم

شەرمەزارم کە ئینسانم!

کچم

تۆ ڕاگوزارێکی دین بووی و

ئێرە چاخی بەرد و

هەلهەلەکانی دوزەخ.....

سەرچاوە: وێبلاگی پەراوێزی بیر - ڕێکەوتی: ٢ی مای ٢٠٠٧

## ئایا نەدەکرا هێرۆ خان خاتوونی یەکەمی عێراق، بانگەوازی بۆ ڕێپێوانێکی ئاشتیخوازانە دژ بە زەبروزەنگ دابا؟

لە وڵاتانی ئورووپایی، ئەگەرچی شازادە و شاژنەکان و خاتوونی یەکەمی وڵات مافی دەستتێوەردان لە کاروباری دەوڵەت و وڵاتیان نییە، بەڵام هێندێک کاری سیمبۆلیک دەکەن کە کاریگەری زۆر پۆزێتیڤ و ئەرێنییان لە سەر ژیانی خەڵک هەیە. لەوانە بەشداری و بەرپرسی بۆ کاری خێرخوازی بۆ منداڵان و ژنان چ لە ناو وڵاتی خۆیان چ بۆ وڵاتانی دەرەوە و هەژار. بۆ وێنە زۆر یەک لە شاژن و خاتوونەکانی یەکەمی وڵاتان، لە چالاکی و فێستیواڵەکانی کۆکردنەوەی یارمەتی و پارە، بۆ لێکۆڵینەوە لە سەر شێرپەنجەی مەمکی ژنان، یان بەخێوکردنی منداڵانی بێدایک و باب، بەشداری دەکەن، یان دژ بە زەبر و زەنگ دەنگی خۆیان بەرزدەکەنەوە. هەڵبەتە ئەو کارە خێرخوازییانە، لە کەناری سیستێمێکی کاریگەر کە بەردەوام لە ڕێگای ئۆرگانەکانی دەوڵەتی و غەیری دەوڵەتی کار بۆ ئاڵۆگۆڕ لە ناو کۆمەڵگا، کولتور و سیاسەت دەکا، ئەنجامدەدرێ.

چەندین هەفتە لە کارەساتی کوشتنی جوانەمەرگ دوعا گوزەراوە و چاوەڕوانی ئەوە دەکرا کە کاتێک زەبروزەنگ دژ بە ژنان بە شێوەی ئاشکرا دێتە سەر شەقام، خاتوونی یەکەمی عێراق، هەڵوێستێکی گرتبا. تا ئێستا بەڕێز هێروخان، لە بەرامبەر زەبر و زەنگێک کە چ ژنانی کورد و چ ژنانی عێراقی قووتدەدا، هەڵوێستێکی ڕەسمی و ڕاستەوخۆی نەگرتووە. ڕەنگە هێندێک ڕێکخراوی ژنان، یارمەتیان لە بەڕێز هێروخان پێبگا، بەڵام دەنگ هەڵبڕینێکی ڕەسمی لە کاتێکی ئەوهادا جێگای تایبەتی خۆی هەیە.
دەکرا کاتێک بەربەریتی دژ بە جوانەمەرگ دوعا، ئاشکرا بوو، و زۆر کەس حاشایان لە کوردستانی بوونی هێندێک ناوچەی موسڵ کرد، خاتوو هێرۆ، بانگەوازی ڕێپێوانێکی ئاشتیخوازانەی دژ بە زەبر و زەنگی دابا و هەروەها ناڕەزایەتی خۆی بە ئاشکرا، بەرامبەر بە وەحشیگەری دژ بە ژنان لە تیڤیکان، بە بەشداری لە دیالۆگ و باسەکان، دەربڕیبا. بەڵام پرسیار ئەوەیە کە بۆ خاتوو هێرۆ و تەنانەت زۆر بە ناو"ڕوناکبیر"، لە بەرامبەر ئەو زوڵم و زۆرە کە ژنان لە ئاگری خۆیدا دەسوتێنێ، هەڵوێستی پێویستیان نەگرتووە و نایگرن؟ ئایا دەسەڵاتی دەوڵەتی یان فکری بۆ خزمەتکردن بە خەڵک و دابینکردنی ئاسایش و دروستکردنی کۆمەڵگایەکی مەدەنی نییە؟ ئەگەر وایە، بۆ بێدەنگن؟؟؟

سەرچاوە: وێبلاگی پەراوێزی بیر - ڕێکەوتی: ٩ی مای ٢٠٠٧

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠٠٨

### باس لە سەر زمانی ستاندارد دەبێ لە خزمەت یەکگرتوویی بێ نەک لێکدابڕان!

زمانی کوردی، زمانی نەتەوەیەکی بێدەوڵەت، لە ژێر کاریگەری کولتور و دەسەڵاتی سیاسی نەتەوەکانی باڵادەست بووە و ئەمەش بۆتە هۆی جۆرە "داپچڕانێکی دەستکرد" لە ناو ئەندامانی نەتەوەی کورد و لە نێوان زاراوەکان. نەبوونی زمانی ستاندارد لە ناو کوردا بە گشتی و لە باشووری کوردستان بە تایبەت، ڕەنگە یەک لە گرفتەکانی سیاسی ئێستای کورد و گرفتی سەرجەم کۆمەڵگای کوردی بە نووسەران، ئیدارەکان، زانکۆکان، قوتابیان و هتد بێ. لە چەند مانگی ڕابردوودا، کەسانێک لە سەر ئەو باسە گرینگە دواون، وتاریان نووسیوە و لە تیڤیکانی کوردی دا بیروڕای خۆیان دەربڕیوە. بەداخەوە هێندێک لەو ڕاوبۆچوونانە، ڕووحی نەتەوەیی کورد ژاراویدەکەن و بێبەرپرسانە ئاسۆی نادیاری کورد لەوە کە هەیە تەماویتر دەکەن. هێندێک لەو بۆچوونانە، مێژووی "شەڕی براکوژی"مان بیردێننەوە. مەگەر حەیران و لاوک هەر دوو کوردی نین؟ مەگەر شێعری خانی، مەولەوی و هێمن وەک یەک بەشیک نین لە خەزێنەی ئەدەبی کوردی؟

هەڵبژاردنی زمانی ستاندارد، بڕیارێکی سیاسیە و دەسەڵاتی سیاسی دەبێ خۆی لەگەل ئەو گرینگە یەکلا بکاتەوە. دیارە ئەو بڕیارە ئەگەر بە ئاگاییەوە نەبێ و لە زانایانی دڵسۆز کەڵکوەرنەگیرێت، دەتوانێ گرفتی زۆر بێنێتە پێش. کاتێک دەڵێم زانایانی دڵسۆز مەبەستم بوونی ئەو تایبەتمەندی گرینگەیە، کە ئەو کەسانە یەکگرتنیان پێ لە سەروی هەموو شتێک بێ و ناوچەگەری، شەڕە شار و شەڕە زاراوە، یان پێوەندی سیاسی بە کامە حیزب و دەسەڵاتی سیاسی، ئایینی، کولتوری و عەشیرەتی، نەبێتە پێوانە بۆ بڕیاردانیان. ئێستا باسەکان زیاتر لە سەر دوو زاراوەی سەرکییە. هێندێک کەس لە ڕووی مەیلی سیاسی و یان بەستراوەیی کولتوری و ناوچەیی پێیانوایە کە دەبێ ئەم یان ئەو زاراوە وەک زمانی ستاندارد هەڵبژێردرێ و لایەنەکەیتر لەقەڵەمدەخەن و وای بۆدەچن کە ئەوە ڕاوەستان لە بەرامبەر هێرشی فارس، تورک و عەرەبانە.

زمانی ستاندارد چییە؟ لە ڕۆژئاوا بە چ پڕۆسەیەکدا تێپەڕیوە؟ زمانی ستاندارد زمانێکی هاوبەشی سەرانسەری واتە لێکچو و هێمۆژێنە کە زاراوەکان خۆیانی لە گەڵ تەنزیم دەکەن. بەکار هێنانی زاراوەیەک، بە مانای لەناوبردنی زاراوەکانیتر نییە و بگرە زاراوەکان بەدەوام دەوڵەمەندی دەکەن. چەند بۆچوون لە سەر زمانی ستاندارد هەیە: هێندێک دەڵێن کەزۆر جار زاراوەیەک وەک لادان لە زمانی سەرەکییە، کەچی لە ڕاستیدا زمانی سەرەکی خۆی لادانە واتە بەو مانایە کە پێشتر زاراوەکان بوون و دواتر زمانی سەرەکی جێکەوتووە. هێندێکیش، زاراوەکان وەک بناخە و ئەسڵ دەبینن و دەڵێن کە زمانی ستاندارد تەنیا واریانتێکی(بژارە) تازەیە. زمانی ستاندارد زۆر جار لە قالبێکی نەگۆردا و کۆنسێرواتیڤ دا ماوەتەوە لە حالێکدا زاراوەکان بەرەو پێش چوون. هەرچۆنێک بێ، کاتێک باسی زمانی ستاندارد دەکرێ، دەبێ لە نێوان ئەو زمانە بە نوسین و بە ئاخاوتن هێندێک جیاوازی دابندرێ. ڕاستە کە هەردوو کاریگەریان لە سەر یەک هەیە و پێکەوە گرێدراون، بەس لە زۆر شوێن هەوەڵ نوسینەکە ستاندارد کراوە. لە زۆر وڵات، بۆ وێنە لە وڵاتانی ئیسکاندیناوی، لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، جگە لە زمانی خۆیان، بە "لاتین" و "فەرانسی"یش نامەکانی ئیداری و یاساییان دەنوسی. دواتر چەندان زاراوە، وەک سیستێمێکی تێکەڵاو، بەکار هاتووە و فاکتەرەکانی سیاسی، کولتوری و ئابوری لە چۆنێتی بەکارهێنانی وشە، ئیستلاحەکان و زاراوەکان ڕۆڵی گرینگیان گێڕاوە. پڕۆسەی بە ستانداردکردنی زمان، تا ڕادەیەک ئاگایانە، بە تایبەت لە ڕێگای کەنیسەکان و پەرتووکنوسینەوە لەوێ دەستی پێکرد. تا پێشتر لە دەربارەکاندا چەند زمانی جیاواز بەکار دەهات، بەس لەمەودوا، وردە وردە، زمانێکی یەکگرتوو لە دایک دەبوو. بوونی شایەک، سیستێمی ماڵیاتی و پارە، سیستێمی یاسایی ئیدارەکردنی وڵات، بەرهەمهێنانی چاپی کە یەک ستانداردی تێکنیکی دەخواست، و هەروەها نوسینەوە و خوێندنی ئینجیل بە یەک شێوە لە هەموو شوێنەکان، هۆکاری سەرەکی بوون لە پێکهێنانی زمانێکی هێمۆژێن. کە ئەوەش لە ڕێگای دەردانی قامووس سەقامگیر دەکرا. (١)

ئێستا لە سەردەمی ئینتێرنێت دا، زانیاریەکانی زمانە جوراوجۆرەکان، لە ناو وڵاتان و دوڵەتاندا بەردەوام ئاڵوگۆڕ دەکرێ، بۆ وێنە ستانداردکردنی سیستێمەکانی کامپیوتێری و ئینتێرنێتی، یان زانستەکانی پزشکی، تێکنیکی و ئێکۆنۆمی، زمانی خوێندن و نوسینی نابینایان و ئەو کەسانەی کە نابیسن و هتد. هەمووی ئەمانەش بۆ ئاسانکردنی پێوەندی نێوان نەتەوەکان و ئینسانەکان و ڕاپەڕاندنی کارەکانە. هەرەها زمانی ئینگلیزی کاریگەرێکی زۆری لە سەر زمانەکانیتر داناوە و هاوتەریب لە گەڵ زمانەکانیتر، ڕۆژانە بەکاردێ. هەڵبەتە زۆر کەسیش ئەو دیاردەیە وەک خەتەرێک بۆ سەر زمانی دایکی خۆیان دەبینن.

دیارە لە ڕەوتی مێژوودا، زمانی کوردیش بە هەموو زاراوەکانییەوە زۆر ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە و ئێستا نەتەوەی کورد یان باشترە بڵێم دەسەڵاتی کوردی دەبێ لە سەر بڕیارێک ساخ بێتەوە. بە ڕای من ئەو یەکلاکردنەوەیە بەو مانایە نییە کە هیچ لایەنێک هەڵاواردرێ. بۆ جێخستنی زمانێکی ستاندارد دەبێ لە هەموو زاراوەکان کەڵک وەرگرین. هێندک خاڵی تێکنیکی هەن کە ڕەنگە ناتەبایی لە سەر ساز بێ، بۆ وێنە ئەو زمانە ستانداردە بە کام ڕێنووس بنوسرێت. من پێموایە کە ڕێنووس دەبێ لەگەڵ بارودۆخی سەردەم خۆی ئینتێگرە بکا و ئینتێگرەکردنیش بە مانای لەناوبردنی ڕێنووسی ئارامی(عەرەبی) نییە. ئایا ئەلفوبێ لاتین کە تایبەتمەندیەکانی کوردی تێدا وەبەرچاو بگیردرێ، ئاسانکاری زیاتر بۆ لقوپۆیەکانی زانستی و تێکنیکی ناکا؟ ئایا پێوەندی خەڵکانی ڕۆژئاوا لە ڕێگای ئەلفوبێ لاتین کە لە زۆربەی زۆری جیهان بەکاردێ لەگەڵ کورد هاسانتر نابێ؟ ئینسانێکی ئوروپی بە کام فۆرم زوتر دەتوانێ فێری وشەی ئاو/aw بێ؟

یان نا، ئایا ناکرێ هەردوو ڕێنووسی ئارامی و لاتین بەکار بێنین؟ ئایا ئەگەر تەنیا ئارامی بەکار بێنین بەشیکی گەورەی کوردمان (بگرە زۆربەی کوردمان لە باکوری کوردستان) دەرنەهاویشتووە؟

هیچ زاراوەیەک بە تەنیا ناتوانی ئەرکی زمانی ستاندارد وەئەستۆبگرێ، هەر بۆیە کورد چارەیەکی نییە جگە لە کەڵکوەرگرتن لە هەموو زاراوەکان و بە ئەم کارە، خەزێنەی وشەکان زۆر فراوانتر و دەوڵەمەندتر دەبێ و دەکرێ وشەکانی عەرەبی و تورکی جێگای خۆیان بدەنە وشەکانی کوردی کە ناو زاراوەکاندا هەن. (زۆر وشەی فارسی و کوردی لە بنەڕەتا لە یەک سەرچاوە هاتوون، بۆیە تەنیا وتم عەرەبی و تورکی) دانی ئیمکانات بە هەموو ناوچەکان، تەنانەت لە دەرەوەی باشوری کوردستان، بۆ پەرەسەندنی زاراوەکان، یەک لە ئەرکەکانی دەسەڵاتی کوردیە و دەبێ ڕێگاخۆشکرێت تا هەموو ئەندامانی نەتەوە و زاراوەکانی کوردی بتوانن لە سەر ژیانی خۆیان کاریگەریان بێ و لە ئیمکاناتی سەرانسەری کەڵکوەرگرن و لەو ڕێگاوە، وشە و دەربڕینی جیاواز بێنە ناو زمانی سەرانسەری. ئەمە یەک لە بناخەکانی دێمۆکراسییە کە تاک بتوانێ لە ئیمکاناتی وڵات کەڵکوەرگرێ تا بیروڕای خۆی لە ڕیگای زمانەوە دەربڕێ.

ئەوەی کە زۆر زۆر گرینگە ئەوەیە کە ئێمە یەک نەتەوەین و نابێ باس لە سەر زمانی ستاندارد ببێتە هۆی لێک دوورخستنمان. نابێ کەس لە ژێر ناوی شاعیر و ڕۆشنبیر، بێڕێزی بە ڕابردوو و زەحمەتی کەسانی پێش خۆی بکا و یان بە هۆی گرێدراوی بە ناوچەیەک خەت بە سەر نیوەکەیتری کۆمەڵگای کوردیدا بێنێ. دەسەڵاتی کوردی بە هیچ شێوەیەک نابێ لەو هەڵبژاردن و بڕیارەدا بکەوێتە ژێر کاریگەری و دەمارگرژی ناوچەیی، عەشیرەتی و

ئـاپینی. ئـەو بڕیـارە دەبـێ بـە پێشـكەوتنی كـورد لـە بـواری سیاسـی و كولتـوری لـە سـەردەمی ئینتێرنێـت و گۆلوبالیزاسییۆن یارمەتیبدا.

ئەركی ئێستای دەسەڵاتی كوردی پێكهێنانی لێژنەیەكی تایبەت لە زانایانی بواری زمان، زانستەكانی پزشكی، كۆمەڵایـەتی، ئـابوری و كولتـور و سیاسـەتە لـە هـەرچوار پارچـەی كوردسـتان، بـۆ جێبـەجێكردنی ئـەو ئەركـە و هەوڵدان بۆ دەركردنی قامووسی كوردی كە هاوكات وشەكان بە چەند زاراوە و بە هەر دو ڕێنووس بنوسرێنەوە و ئەو كارەش دەبێ بەردەوام بكرێ و وشەكانی تازە بێنە ناو قـامووس. دیـارە سـەدان كـاری تێكنیكی و عەمەلی بـۆ جێخستنی زمانی ستاندارد هەیە كە دەبـێ بكرێن بـۆ ئەوە كە ئاسانتر و زووتـر ئـەم كاروانـە بـە مەنزڵ بگـا. گرینگترین خاڵ، ئیرادە و هەستی نەتەوایەتیە كە بە دڵفراونی بـەرەو پێشوازی ئـەو ئەركە بچین. ئێمە یـەك نەتـەوەین و زاراوەكـانی كـوردی هـەموویان كـوردین. زمانێـك دەوڵەمەنـد دەبـێ كـە لـە وشـە و بـەهرەكانی هـەموو زاروەكـان كـەڵكوەرگرێ، خـۆی لـە گـەڵ سـەردەم ڕێكبخـا و لـە زمانـەكانی ئینگلیـزی و لاتـین كـەڵكوەرگرێ تـا كەموكورتیەكانی زمانی پێ پڕكاتەوە.

من هەمان هەستم بەرامبەر بە لاوكێك هەیە كە بۆ شەهیدێك لە چیای سیپان و ئـاگرین گـوتراوە كە بۆ بـەیتی "سیدەوان" و یان حەیرانی ناوچەكانی هەولێر و موكریان. وشەی "پێگران" یشم لە كرمانجیدا زۆر پێ جوانترە لە "حامله"ی عەرەبی كە زۆربەمان كەڵكی لێوەردەگرین. كە كوردێك لە ئافریقا و یان چین نەخۆش كەوی و بە دوكتـور بڵێ: "ئاسم"، دوكتورەكە لێتێدەگا. چ وشـەیەك بـۆ ئینتێرنێت و پـێ. سی. باشتر لـە خـودی ئـەو وشـانەن؟ لـە سەردەمی ئێستادا، ئەلفوبێ لاتینش زۆر زیاتر خزمەت بە كێشەی كورد دەكا.

لە باس و بڕیـار لـە سـەر زمـانی سـتاندارد دەبـێ جوانكـاری، كـارایی، دەوڵەمەنـدبوونی زمـان و یـەكگرتوویی تێدا قسەی ئاخر بكەن نەك شەڕێكی ناڕەوا كە ئاكامی لێكدابڕانە.

سەرچاوە: وێبلاگی پەراوێزی بیر - ڕێكەوتی: ٩ی فێبریوێری ٢٠٠٨

## لە نێوان ٢٥ نوامبەر و ٨ مارس - تیڕوانینێک لە سەر"لەشفرۆشی"

ساڵی ١٩٧٦ لە نامەیەکی نەهێنی سەرۆکی سەرانسەری پۆلیسی سوید، کارڵ پێتێرشۆن، بۆ سەرۆکوەزیرانی ئەو کاتە، ئۆلۆف پاڵمە، باس لەوە کرابوو کە کەسانێک لە ناو کابینە و لە ناو حیزبەکان، هاتووچۆی "لەشفرۆشخانە"یەک لە ستۆکۆڵم دەکەن کە "دوریس هۆپ" بەڕێوەی دەبا و چەند کچی لەهێستانی لەوێن کە لەگەڵ سەفارەتی خۆیان هاتووچویان هەیە و ئەوەش خەتەر بۆ وڵاتی سوید دروست دەکا. لەو نامەدا ناوی چەند کەسی بەناوبانگ هاتبوو لەوانە: توربییان فێلدین لە حیزبی ناوەند(سەنتێر پارتی)، لێنارت گێییر وەزیری داد(حیزبی سۆسیالدێمۆکرات) لە کابینەی پاڵمەدا و چەند کەسیتر. سەرۆکی سەرانسەری پۆلیس داوای لە پاڵمە، کردبوو کە هەرچی زۆتر کۆمیتەیەکی لێکۆڵینەوە دروستبێ تا بەو پەروەندەیە ڕابگا. دوریس هۆپ چەند مانگ پێشتر دەستگیرکرابوو بەڵام هەرگیز ئەو وەزیر و سیاسیکارانەی کە هاتووچۆی ئەو لەشفرۆشخانەیان دەکرد، نەهاتبوونە ژێر پرسیار.

ساڵی ١٩٧٧ ڕۆژنامەوانێکی ڕۆژنامەی سەرانسەری د. ن. (داگێنس نیوهێتێر) بە ناوی پێتێر بڕات، باسی لەو نامەیە کرد. پاڵمە لە وڵامدا وتی کە هەرگیز شتی وای نەبووە و دواتریش وتی کە قسەی بێمانا هەر بێمانایە تەنانەت ئەگەر پۆلیس کردبێتی. ڕۆژنامەی د. ن. ناچارکرا غەرامەتێک بدا بە وەزیری داد و قسەی خۆی وەرگرێتەوە.

ساڵی دواتر ١٩٧٨، پرۆگرامی ستۆدیۆ. ئێس. لە تیڤی سوید، هەمان قسەی ڕۆژنامەوان پێتێر بڕاتی دووبارە کردەوە و دواتر ئەو کێشەیە گەیشتە پارلمان.

ساڵی ڕابردوودا ٢٠٠٧، دیسان باس لەسەر ئەو ڕسواییە، چەند ڕۆژێک ڕۆژنامەکانی سویدی بە خۆوە سەرقاڵکرد. چەند ژن بە ئاشکرا باسی ئەزموونەکانی خۆیان کرد. باسی ئەوە کە ئەو کات کچانێکی جەوان بوون و لەو شوێنە لەشفرۆشیان کردووە و ناوی کەسانێکیان هێنا کە ئێستاش زیندوون. ئەوان باسی ئەوەیان کرد کە هێندێک لەو کچانە ئەو کات تەمەنیان تەنیا ١٤ سال بووە. (سەرچاوەکان لەو بوارەدا زۆرن. ئەگەر بخوازن دەتوانن بە دوای ناوەکان لە ئینتێرنێتدا بگەڕێن و زانیاری زۆرتر دەستبخەن. بۆ وێنە ناوی ڕۆژنامەوان پێتێر بڕات.)

٢٥ ی نوامبەری ٢٠٠٧، بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی دژبە زەبروزەنگ، کۆنفرانس و پرۆگرامی تایبەت لە ژێرناوی "ژنپارێزی" لە هەولێر گیرا. * یەک لە تەوەرەکانی ئەو ڕۆژانە، باس لە سەر لەشفرۆشی بوو و خەڵاتیش بە نوسەری کتێبی ئۆڤیانووسێک لە تاوان، بەڕێز خەندان جەزا درا. لەو پێوەندیەدا پەیامی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی وەک پەیامی سەرۆکوەزیران، بۆ ئەو کۆنفرانسە و هەروەها پرۆگرامەکانی زاگرۆس تیڤی، جێگای سرنجێکی تایبەت بوون.

لە پەیامی سەرۆکوەزیراندا ئاماژە بەوە کرابوو کە "ئیتر حکومەتی هەرێم بە هیچ جۆرێک کوشتن لە ژێر ناوی شەڕەف قەبوڵناکا و ئەو تاوانە بە بێشەڕەفی دەناسێ" و هەروەها قامک خرابوو سەر ئەوە کە "ژنان تەنیا نیوەی کۆمەڵ نین بەڵکو نیوەی توانایی کۆمەڵگاشن و دەبێ لە تواناییەکانی ژنان لە کۆمەڵگا و ئیدارەکان کەڵکوەرگیرێت".

زاگرۆس تیڤیش لەو ڕۆژانەدا چەند پرۆگرامی بڵاوکردەوە و لە دوو پرۆگرامدا (من تەنیا توانیم دوو بەرنامە چاو لێبکەم) باس لەوەکرا کە ئەگەر ژنێک بکوژرێ و کەس داوای داد ناکا ئەوە خودی دادیار بە دوای پەروەندەکەدا دەچێ.

تا ئێرە، من سەد لە سەد پشتیوانی ئەو باس و بڕیارانەم . من خۆم یەک لەو کەسانە بووم کە لە سەر پێوەندی ناسیۆنالیزمی کورد و کێشەی ژنان وتارم نوسیووە و سێمینارم بووە و پێموایە کە دەبێ ئەو دوو چەمکە لێکگرێبدرێن. لە کوردستان وەک زۆر وڵاتیتر، زۆر هەنگاو بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ژنان دەبێ لە ڕێگای دەسەڵاتەوە بێ چونکە خودی کێشەی ژنان کێشەیەکی سیاسییە. بەڵام پرسیار ئەوەیە کە ئایا بە نێگایەکی لە "سەرەوە/ باڵا"وە کە با هێندێک کار بۆ ژنانی زوڵملیکراو بکرێ، کێشەی ژنان چارەسەردەبێ؟ ئایا دەبێ باسەکان تەنیا لەو ڕادەیە بمێننەوە کە ژنان لە ژێر ناوی شەڕەف دەکوژرێن و یان لە ئیدارەکاندا لە توانایی ژنان کەڵکوەرنەگیراوە؟ ئایا تەنیا بە چەند کۆنفرانس و بڕیارێک لە مارس و نوامبەردا کێشەی ژنان چارەسەردەبێ؟ ئەدی ڕۆژانیتر کە پڕن لە گرفت بۆ ژنان؟ چ بکەین بۆ ژنانێک کە بە ڕواڵەت ئازادن بەڵام هەزاران جار مەرگ بە ئاوات دەخوازن؟

پێشتر باس لەوە کرا کە یەک لە تەوەرەکانی ٢٥ی نوامبەر لە هەولێر باس لە سەر لەشفرۆشی بوو. بەڵام ئەوەی کە جێگای داخ بوو ئەوە بوو کە لە زاگرۆس تیڤی، باسی ئەوە نەکرا کێن ئەو کەسانەی کە سێکس دەکڕن. قامک

نەخرا سەر ئەوە کە لە ناو مشتەریەکاندا ئەو پیاوانەش هەن کە لە تاروپۆی کۆمەڵگادا دەسەڵاتیان هەیە و کەسیش ناوێرێ بیانهێنێتە ژێر پرسیار. کەس نەیپرسی کە ئەگەر ڕێکخراوەکانی ژنان یان دادپەروەرێک بێ و لیستی ئەو پیاوانە بدەنە پۆلیس و دەوڵەت، ئینجا دەوڵەت چ هەڵوێستێک دەگرێ. باسی وەزعی ژنان لە ناو زیندانەکانی کوردستان نەکرا. باس لەوە نەکرا کە لە ناو حیزبەکاندا پیاوانێک هەن کە چەند ژنیان هەیە و کەسانێک هەن کە ژن تەنیا وەک کەرەسەیەکی سێکسی دەبینن و دەستیان بەسەر ژنانێک داگرتووە.

دیسان بە داخەوە باس لەوە نەکرا کە زەبروزەنگ تەنیا لە ناو چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگادا نییە و بگرە پیاوانی بە ناو "ڕۆشنبیر"، شاعیر، سیاسیکار و کارمەند و هتد، بە شێوەیەکی زۆر ئاڵۆزتر، زەبروزونگی ڕووحی دژی ژنانی بنەماڵە و هاوکارانی خۆیان بەکاردێنن و ئەوە ڕووحی ژنانی کۆڵیوە. ڕاستە کە فاکتەرەکانی ئاگایی، ئابووری و کولتوری لە کەموزۆری زەبروزەنگ دا ڕۆڵیان هەیە، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە لە بنەماڵە دەوڵەمەندەکان، بە ناو ڕۆشنبیران و حیزبیدا زەبروزەنگ نییە و ئەوە تەنیا پیاوانی هەژار و غەیری حیزبین کە جەردە و ژنکوژن و پیاوانی بە ناو ڕۆشنبیر و ناو دەسەڵات فریشتەن.

کێشەی ژنان لە هیچ کوێ جیهان بە تایبەت لە کوردستان بە دڵسوتان، خێرخوازی، چەند کۆنفرانس و یان دانی چەند کورسی بە ژنان چارەسەر ناکرێ. کێشەی ژنان کێشەیەکی درێژخایەنی سیاسی کولتوریە و دەبێ گشت تاروپۆی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ڕووحی کورد بێتە ژێر ڕەخنەی بنەڕەتی و زانستیانە. با کتێبەکانی وەک ئۆقیانووسێک لە تاوان باسی ڕەنجی ژنانی لەشفرۆش (کە ئەمە خۆی هەزاران چیرۆکی دەدرناکن و زۆر ئاکامی تاڵی بەدواوە) و باسی هاوسەری ئەو پیاوانەش بکەن کە سێکس دەکڕن. با باسی ئەوە بە ئاشکرا بکەین کە چ جۆرە کەسانێک لە کوردستان (و هەموو دونیا) سێکس دەکڕن کە ئەوەش لە ناو هەموو چین و توێژەکاندا دەبیندرێ. کەسانێکیش هەن کە هێندە پارەدارن کە لە دەرەوەی کوردستانیش سێکس دەکڕن. با زۆر کەس باسی ئاکامەکانی ئەو دیاردەیە لە زۆر ڕوانگەوە بکەن.

-----

* هەر ئەو کات، ٢٥ی نوامبەری ٢٠٠٧، ویستم ڕای خۆم لە سەر ئەو بابەتە بێنمە بەر باس بەڵام بە زۆر هۆ تا ئەمڕۆ پێڕانەگیشتم کەچی ئەو بابەتە هەروا لە مێشکمدا دەهاتودەچوو. 8ی مارسیش نزیکە و دیسان حیزبەکان و ڕێکخراوەکان بیریان دێتەوە کە کێشەیەک هەیە بە ناوی کێشەی ژنان!

# لە نێوان ٢٥ نوامبەر و ٨ مارس - تێڕوانینێک لە سەر"لەشفرۆشی

"ژمارەی ئەوانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا کراوە بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە:

٢٩٦ لەشفرۆشی ژن

٩٣ کڕیاری سێکس

٧٢ سورۆک باند، مەبەستمان لە سەرۆک باند هەموو ئەوانەن کە دەلاڵی دەکەن بۆ ڕێکخستنی پەیوەندیەکان لە نێوان لەشفرۆش و کڕیارەکانی سێکسدا.

دواجار ٨ فرۆشیارو ٤ کڕیارو ٧ سورۆک باندی لێ هەڵبژێردراوە...." (ل. ٢٣)

* * * *

کتێبی ئۆقیانووسێک لە تاوان لێکۆلینەوەیەکی کۆمەلایەتیە. ئەم کتێبە بەرئەنجامی کاری ئەزموونی تیمێکە کە تۆژینەوەی لە سەر دیاردەی لەشفرۆشی لە باشووری کوردستاندا کردووە.

ستافی تۆژینەوەکە کاری خۆی بەو شێوە پێناسەدەکا:

" ستافی تۆژینەوەکە توانیویانە تێکەڵەیەکی گرنگی کۆمەلایەتیو زانستی تیۆری و مەیدانی لەم توێژنەوەیەدا بەرهەمبهێنن، ئەوەش لە نێوان توێژینەوەی کلاسیکیەوە تا دەگاتە بەکارهێنانی گراوندید تیۆری، کە یەکێکە لە تیۆریە نوێکان ...." (ل.١٧)

توێژینەوەکە وەک کارێکی مەیدانی بێلایەنانە کراوە، بەلام ستافی توێژینوە خۆی بە بێلایەن لە بەرامبەر ئەو دیاردەیەدا نابینێ و دەخوازێ "هەموو هۆکارو ڕێگاکانی ئەم گرفتە بە ڕێگەی توێژینەوەیەکی زانستی (دیاریکرێن) و چارەسەری گونجاوی بۆ (بدەۆزنەوە) و یان لایەنی کەم کۆمەڵە پێشنیار و ڕاسپاردەیەک (بخرێنە) بەردەست کاربەدەستان سەبارەت بەم کێشەیە لە کۆمەڵگاکەماندا." (ل. ٢١)

کتێبەکە باسی سرووشتی توێژینەوەکە و کۆسپ و گرفتەکانی دەکا و دواتر باسێک لە سەر بنەمایەکی تێئۆری بۆ

دیاردەی لەشفرۆشی، دەربارەی سەرهەڵدانی لەشفرۆشی لە مێژوودا، لە سەر سێکسۆلۆگی و جۆرەکانی لەشفرۆشی و چەند ئامارێکی جیهانی سەبارەت بەو دیاردەیە، بنەما دەروونی- ئابووری- کولتوری و کۆمەڵایەتیەکانی لەشفرۆشی، دێنێتە ئاراوە. دواتر باسەکە لە سەر کاریگەریەکانی لەشفرۆشی لە سەر کۆمەڵ و مافی مرۆڤ دەڕوا.

دواتر ڕاستیەکان لە زاری لەشفرۆشان ٨ کەس، لە زاری دەڵاڵەکان ٦ فرۆشگا و موشتەریەکان ٤ کەس، دەهێندرێنە بەرچاو.

کتێبەکە، لە سەر بنەمای وتوێژەکان، باسێک لە سەر تێئۆری و واقعی لەشفرۆشی لە کۆمەڵگای توێژینەوەکەدا وهەروەها دەروازەی لێکدانەوە و سەلماندنی گریمانەکان و باسێک لە سەر گۆڕانی کولتوورو مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەی لەشفرۆشی پێشکەشدەکا.

ئاخر بەشی کتێبی ئۆقیانووسێک لە تاوان بە کورتەیەک لە توێژنەوەکە و چەند پێشنیارو ڕاسپاردە کۆتایی پێدێ.

----

لێرەدا نامهەوێ باسی کەم و کورتییەکانی کتێبەکە وەک ڕێزمان و ڕێنووسی کتێبەکە، هەڵەی چاپ، هەڵبژاردنی هێندێک لە وشەکان، و یان باسی تێئۆریەکان و هتد بکەم. هەروەها نامهەوێ دووبارە قامک بخەمە سەر ئەو فاکت و گرفتانەش کە نووسەری کتێبەکە و یان ڕاویەکان لە زۆر شوێن ئاماژەی پێدەکەن. لەوانە:

١- نەبوونی سیتێمێکی زانستی پەروەردە لە کوردستان
٢- نەبوونی ڕوانگەیەکی ئینسانی بۆ دیتنی کێشەی لەشفرۆشی و هەروەها نێگاتیف بوونی ڕوانگەی کۆمەڵگای پیاوسالار سەبارەت بە جنسی مێ و دیتنی ئەو وەک سێکس
٣- نەبوونی شوێنی چاکسازی و ئاسانکاری بۆ ژیانێکی ئینسانی بۆ ئەو کچانە
٤- باری نالەباری ئابووری وڵات، فەقیری و بێدەرەتانی هێندێک لە بنەماڵەکان و فرۆشتنی کچانی خۆیان
٥- ڕۆڵی پۆلیس، زیندانەکان و دامودەزگای ناو دەسەڵات و ساحێبانی پارەی زۆر، کە بە گوێرەی ئەو کچانە بە حیمایەوە دەچنە لایان ویان لە ناو خۆدی زیندان کەڵکیان لێوەردەگرن
٦- کەموکووڕی ڕێکخراوەکانی ژنان

٧- ڕۆڵی نێگاتێڤی خۆدی ژنان لە پەرەسەندنی ئەو دیاردەیەدا

٨- کەڵکوەرگرتن لە کاناڵە ئاسمانییەکان بۆ پەرەسەندنی ئەم دیاردەیە

٩- پێوەندی ئەو کێشەیە بەو زوڵمە کە لە هەموو جیهاندا لە ژن دەکرێ و ژن لە بازاری جیهانیدا وەک سێکس و کەرەسە دەبیندرێ

١٠- دووبل‌مۆڕاڵی کەسانێک بە ناو "ڕۆشنبیر" کە بە کڕینی سێکس، کە بە گوێرەی ڕاوێیەکان هێندێکیشیان تەنانەت لە تی‌ڤی‌یەکان دەرکەوتوون و یان لە ناو کۆمەڵگادا ناسراون، لە دەرئەنجامی تێکۆشانی ژنان ئیتر ناتوانن ڕاستەوخۆ دژی مافی ژنان ڕاوەستن بەڵام بە شێوەیەکی دووفاقەیی کار دەکەن. نووسەر ئۆڤیانووسێک لە تاوان ئەم ناتەباییە لە ڕوانگەی خۆیەوە بەم چەشنە دەردەبڕێ:

"... وەک یەکێک لە دەرئەنجامەکانی پێشکەوتنی ڕوشنبیری لە کوردستاندا داکۆکی و داوکاری لە مافەکانی ژنانیش چۆتە پێشەوە هەر بۆیە خەڵکانی ڕۆشنبیر ڕوبەڕووی شەرمێک، ڕووبەڕووی قسەی خۆیان دەبنەوە و ناچن ژنی دوەم و سێهەم بهێنن و پەنا دەبەنە بەر سێکسی نامەشروع کەلەخۆیدا هەرزانترە، کەم کێشەترە مەسئوولیەتیشان ناکەوێتە سەر... تەنانەت وەکو ڕوویەکی پێشکەوتنیش بە ئازادی سێکسی لەقەڵەمی دەدات ...."

لە تێبینیەکانی نووسەر(ل. ٣٣٣)

-----

ئەوەی کە هانی دام لە سەر ئەو کتێبە بنووسم، ٢ لاپەڕە لە سەرگوزەشتی تاڵی کچێکە کە چۆن لە ناو کۆمەڵگای کوردیدا وەک بەرخی قوربانی هەم بۆ شایی پیاوانی پۆڵدار دەبردرێت و هەم دەبێتە جەستەیەک بۆ سەنگسارکردنی لە ڕێگای وشە. لێرەوە دەبینین کە چۆن هێندێک بە ناو ئینسان، کە گەرچی ڕەنگە دەستیان لە هەزار تاواندا بووبێ، خۆیان لە ناو بازنەی بە ناو "ئەخلاق" و پارێزگاری لە ئەخلاق دا دەبینەوە:

بەسەرهاتی چوارەم

ناو: ب. ر. ح

تەمەن: ١٩ساڵ

دانیشتووی: شاری هەولێر

ماوەی لەشفرۆشی: ٥ ساڵ

ڕێگای فێربوون: لە ئەنجامی زەبروزەنگی باوکی و بە زۆر بەشوودانی پەرتەوازەی سەر شەقامەکان دەبێت. (ل. ١٦١)

دوای ٣١ لاپەرە بەسەرهات، (ب) باسی ڕۆژێک لە ڕۆژە تاڵەکانی ژیانی خۆیمان لە خەستەخانەیەک بۆ دەکا:

"…. ئیتر ڕۆیشتم بۆ خەستەخانەی ولادە چونکە دەترسام زگم بێ دوو مانگا زیاتر بوو عادە نەبوو بووم. کە چووم فەحسی میزیان لە بۆکردم و پرسیارو جواب ئیتر کەشف بووم زگم هەیە… لە ماڵی (دەلاڵەکان) ئەوەندەشیان ئیسفنج پێ هەڵگرتبووم هەمووی چوبووە ناو ڕەحمم، سۆنەریان لەبۆمکرد و تووش بووم… ئەوجا وتیان: "کوا مێردت؟ یا بێت دەبێ عەمەلیات بکرێی… ئەتۆ ڕۆحمت شتی تێدایەو منداڵ لە زگت بە سێ مانگان مردووەو هەی هووووووو.

ئیتر گیرام، چ مێردم نیە… بابم نیە… زانیان وەڵڵا هەر لەوێ گیرام و پۆلیسیان بۆکردمە حەرەس و عەمەلیان کردم… دوکتۆر هات وتی: "ناتانن چاوەڕێ کەن تا بابی دێ و ئیمزا دەکات ئەوە خەریکە دەمرێ بە خۆی با ئیمزا بکات"… بەڵان تۆ نازانی لەخەستەخانەی ئەو دکتۆرو سستەرە بێ حورمەتانە چ دەردێکیان دامێ پاشی ئەوەی زانیان ئەمن کەسم نییەو زگمیان پرکردوە…. بڕوابکە ئەو عالەمەی… نەخۆشی سەر قەرەوێڵە… سستەر… فەڕاش.. دکتۆر… موزەفەکان و تەنانەت پۆلیسی بەر دەرگاکەش وەجبە وەجبە دەهاتن تەماشای منیان دەکرد سەیریان دەکردم و دەیان وت: " ئەوە کچە حیزەکەیە"… یەکێ دەهات و دەیوت: "قەحبە زگت لە کام قوندەرە بوو، بۆ قسەناکەی؟" …. وای بابە ماڵە (دەلاڵەکان) زۆر خۆشتر بوو. ئەمنیش هاوارم دەکرد توخوا دەرزیەکی ئازارم لێدەن مردم… دکتۆرەکە دوو دەرزی بۆم نوسی کەچی سستەرەکە وتی: " بیدەم لە بەراز نایدەم لەتۆ، بافەسڵم کەن، تۆ بێ ئەخلاقی من شت بۆ بێئەخلاق ناکەم"، وای چەند قسەی ناشرینیان پێم وت… ئیتر منیش هاوارم کرد… هەزار جنێوم دا…. سەیردەکەم زیاد لە دەکەس هاتون ئیشارەت دەکەن و پێدەکەنن… فسکە فسک پیاوی دکتۆر و هەندێک نەخۆش، کانیۆلایان لە دەستابوو…. هاتبوون سەیری من بکەن… ئەمنیش پڕجنێوم کردن وتم چیتان دەوێ خۆتان (بێ ئەخلاقن) خۆ من سینەمانیم ئێوە وەها دێن تەماشام دەکەن من بۆ (بێ ئەخلاقم)؟ بە خۆتان (بێ ئەخلاقن) خۆ سەگ لەگەڵە من (سێکسی) نەکردووە مەگەر ئێوە خۆتان نین سوارمان دەبن؟ ئەی بۆ خۆتان (بێ ئەخلاق نین)؟… ئەوجا زگم ئاوسابوو کە ژنەکان قسەیان دەکردوو دەیان وت: "کچ بۆ مردن باشە، سەگت بێ کچت نەبێ کە بووت زینە بەچاڵی کەی…. ئەستەغفیرەڵڵا؟"

ئەو شەوە هەموو عالەمەکە لە من بوونە خواو پێغەمبەرو موسڵمان…. مەگەر هەر پیاوی موسڵمان منیان فێرە (بێ ئەخلاقی) نەکرد خۆ پیاوی جولەکە و فەلە نەبوون… ئیتر ئەمن لەداخان هەند گریام شێت بووم هەزار جوێنم دا بەو خۆریانە. یەک کوڕ نازانم هاتبوو بۆ لای ژنەکەی سەری لێ بدات بەزەیی پێمدا هات … وتی: " وازی لێ

بهێنن خوادەزانێ ئەوە نەگبەتی نەبێت وای بەسەر نایەت خوا دایک و باوکی بگرێ کچ لەخۆڕا واناکات"...

منیش ئەوەندە زگم بەخۆم سوتا تێر گریام هاتە پێش لێم و وتی مەگری خوشکم خوا گەورەیە وەڵلا (٢٥) هەزاری لەو پارە تازەیە پێدام لەگەڵ پاکەتێک دە سرو پەرداخێ.

بروابکە لە پاش عەمەلیات کە بەنج بەری دام چاوم کردەوە بەردەمی دەرکەی غورفەکە زیاد لە ١٠٠ کەس وەستابوون هەموو قسەیان بە من دەوت... وام دەزانی خەوە... یەک سعات هاواری قومێ ئاوم کرد یەک کەس پیی نەدام.... ((ئالێرەدا زۆر دەگریاو هەناسەی هەڵدەکێشاو بگرە زۆری ویست تا هەموو قسەکانی گێڕایەوە))... گوێم لێیان بوو دەیانوت: "با بمرێ... شالا خۆی بمردایە بەسەر زگکەیەوە... بۆ بژی ئەوە بێ ئەخلاقە". ئیتر پاشی پێنج ڕۆژ منیان مێنایە ئەو سجنەی هەر ڕۆژەی (دەلالێک) دێت... حاشا لەڕوت وەکی هەولێر، پێم دەڕێن: "کەفیلت بۆ دەهێنم بەس دەبێ بێی لە ماڵی من ئەو ئیشەم لە بۆ بکەی"

(ل. ١٩٢ - ١٩٤)

* * * *

هەر ئینسانێکی خاوەن ویژدان بە خوێندنەوەی ئەو کتێبە، بە تایبەت بەڕای من ئەو چەند لاپەڕەیە، دادەچڵەکێ و ئینسان دەبێ لەخۆی بپرسێ : بۆ کۆمەڵگای ئێمە بەو ئاقارەدا دەڕوا؟ چۆن بەها بەنرخەکانی بەشەری بەو چەشنە لەژێر پێ دەندرێت؟

ئەوەندەی کە هەموومان دەزانین، دەبێ و دەبایە شوێنێکی وەک خەستەخانە، ئەو هێلانەیە بێ کە هەموو تاکێک، چ دۆست چ دوژمن، تێدا هەست بە ئارامی بکا و دوکتور و پەرستار و کارمەندانی، ئەرکەکانی ئینسانی خۆیان بەجێبگەیێنن و هەوڵ بۆ پاراستنی ژیانی تاک بدەن. بەڵام داخەکەم تەنانەت بیمارستانەکانی ئێمە ئەرکی ئینسانی خۆیان ناناسن و بەجێگەی ئەوە کە چەند ساتێک ئینسانێکی ماندووی وک (ب) تێدا وەحەسێ، دەبێتە دادگا و جەهەنەمێک. لێرە ئێکرانێکی سینما خەریکی نمایشی بەربەریتەکانی کۆمەڵگایە و تەنیا کەسانێک کە لە پەنجەکانی دەست تێپەڕ نابن، ئامادە نین لەو نمایشەدا هاوکاربن.

پەرستارێک کە دەبێ بە ئەرکی ئینسانی خۆی هەستێ، ڕۆڵی "پارێزەری ئەخلاقی" دەگێڕێ. خەڵکانێک کە ڕەنگە خۆیان نانیان لە زاری چەندان منداڵی سەغیر ساندبێ، ئەو کچە بە "بێئەخلاق و حیز" ناو دەبەن. هەر ئەو

پیاوانە کە خۆیان ڕەنگە سێکسیان کڕیبێ لەوێ دەبنە ئەسحابە. لەو هەموو ئینسانە کە تەماشاچین، تەنیا یەک ئینسان پەیدا دەبێ و دڵێ کە لێیگەڕێن. ڕەنگە گەورەترین گرفتی کۆمەڵگای ئێمە هەر ئەوەش بێ کە زۆربەمان چاو لە گرفتەکان دەکەین و لە سەد کەسمان تەنیا یەک کەس دژی دیاردە نائینسانییەکان دەنگی هەڵدەبڕێ.

هەر بۆیە "حەقیقەت" هەر لە زاری خۆدی ئەو کچە دێتە دەر و لە ناو ئازار و تورەیدا دەڵێ: خۆتان (بێ ئەخلاقن) ..... خۆ سەگ لەگەڵە من (سێکسی) نەکردووە مەگەر ئێوە خۆتان نین سوارمان دەبن؟ ئەی بۆ خۆتان (بێ ئەخلاق نین)؟

هەر ئەو پیاوانە کە خۆیان کریاری سێکسن و هەر ئەو ژنانە کە جنسی ژن بە کەم دەبینن و لە ڕوانگەی ئەوان دەبێ کچان "زیندەبەچاڵ" کرێن، لێرەدا جۆرە دەسەڵاتێکی کولتووری و کۆمەڵایەتییان پێدەبەخشدەرێ بۆ تاوانبارکردنی لەشفرۆشێک و شاردنەوەی تاوانەکانی خۆیان.

ئەو کچە باس لەوە دەکا کە چەند بێپەنایە و تەنانەت کاتێک ئەو کچانە دەکەونەوە زیندانیش، دیسان دەلالەکان لە ناو زینداندا تووشی لەشفرۆشیان دەکەنەوە و خۆ ئەگەریش وا نەبی ئەوە هەلومەرجێکی وایان نییە کە بتوانن ژیانێکی ئاسایان هەبێ. بەداخەوە پۆلیس و دامودەزگاکان، لەبری یارمەتیدان و پشتگیریان، وەک گەڵای پاییز بە دەستی تۆفان ڕەهایان دەکەن و هێندێکیان دەبنەوە بەشێک لەو کەسانە کە کەڵکی جنسی لەو کچانە وەردەگرن.

ڕاستێکی تاڵ ئەوەیە کە لەشفرۆشی، دیاردەیەکی جیهانیە و گرێدراوی بازار و ژنیش تا ئێستا هەر وەک جنس و سێکس دەبیندرێ تا ئینسانێکی بەرامبەر لە گەڵ پیاو. بەڵام دەکرێ قامک بخەینە سەر ئەوە کە لە هیچ وڵاتێکی پێشکەوتوودا، هەلوومەرجێکی ئەوا ناکەوێتە سەر ڕێگای کچێکی لەشفرۆشی 19ساڵانە، بەم شێوەیە لە خەستەخانەیەک.

لە وڵاتانی پێشکەوتوو، گەرچی ژن وەک جنس دەبیندرێ و لەشفرۆشیش هەیە، ئەگەر ژنێکی لەشفرۆش داوای یارمەتی بکا هەرنەبێ:

١- ئەو ئینسانە شاراوە دەمێنێ و ناوی نازرێ.

٢- ئەگەر بخوازێ ئۆرگانی یارمەتیدەر هەن کە یارمەتی پێویستی بدرێتێ.

٣- ئەگەر نەخۆش کەوێ، وەک هەر تاکێکیتر، کارمەندانی نەخۆشخانەکان، خزمەتەکانی پزشکی و ئینسانی خۆیان دەریغ ناکەن.

٤- ئەگەر منداڵی بێ، منداڵەکە، وەک منداڵێ هەمووی ئێمە، مافیەکانی ئینسانی پارێزراوە.

(زۆر خاڵیتر کە دەکرێ پسپۆرانی ئەو بابەتە کۆمەڵایەتییە قسەی لەسەر بکەن.)

دوای چەند ڕۆژ تێپەڕبوون بە سەر خوێندنەوەی ئەو کتێبەدا، ئێستاش دەنگی (ب)م لە گوێدا دەزرینگێتەوە:

"پاش عەمەلیات کە بەنج بەری دام چاوم کردەوە بەردەمی دەرکەی غورفەکە زیاد لە سەد کەس وەستابوون هەموو قسەیان بە من دەوت... وام دەزانی خەوە... یەک سعات هاواری قومێ ئاوم کرد یەک کەس پیی نەدا.

........

* شایانی باسە کە لە ساڵی ١٩٩٩وە، لە وڵاتی سوید، ئەو کەسانەی کە سێکس دەکڕن، تاوانبار دەناسرێن و سزادەدرێن، نەک لەشفرۆش.

سەرچاوە: وێبلاگی پەراوێزی بیر - ڕێکەوتی: ١١ی فێبریوێری ٢٠٠٨

## خوێندنەوەیەکی یادداشتەکانی ژێر زەوی ١٨٦٤- لە نووسینی داستایڤسکی

پیاوی ژێرخان نشین" لە ئەوەڵی تێکستی ئەدەبی خویدا، " یادداشتەکانی ژێر زەوی" ١٨٦٤- لە نووسینی داستایڤسکی، لە ڕێگای مۆنۆلۆگێکەوە ئاوا خۆی دەناسێنێ: " من مرۆڤێکی نەخۆشم ... من مرۆڤێکی بەدکارم. مرۆڤێک کە دەبێتە هۆی بێزاری..... " ئەو پێیوایە کە بەدکاری لە ناو جەرگیدا لانەی هەیەو لە نەخۆشی خۆی ناگاو هەر بە بۆنەی بەدکاری خۆیەوە بە دوای چارەو دەرمانیش نییە. ئەگەرچی وردیلەو لاوازە، بەڵام خۆی پێ زانا و بە هۆشە. ئەو چل ساڵە کە لە "ژێر زەوی" یەک دا دەژی و بەو ژیانە خووی گرتووە و لە ژیانی تەریک و ئێزۆلەی خۆیدا بەسەرهاتی خۆی دەنووسێتەوە بۆ ئەوە کە لە ژیان سوودێکی بردبێ. ژیانێک سەرەڕای هەموو شتێک" سەرە ڕای نەبوونی پێوەندی لە گەڵ زیندەوەرێک" لە ژیانی مرۆڤەکانی تر بە پێزترە." "پیاوی ژێرخان نشین" هەر

لە هەرەتی لاوەتێوە ژیانێکی سەیر و خەمگینی هەبووە. ئەو هاوکارەکانی بە کەم دادەناو لێشیان دەترسا و خۆی پێ ترسەنۆکێکی بێچارە بوو کە، شکی لە خۆیەتی. هۆی سەرەکی ئەوەش توانایی و زانستی بوو... "لە سەردەمی ئێمەدا هەموو مرۆڤێکی هەلکەوتوو دەبێ ترسەنۆک و غوولام بێ و هەیە"... "پیاوی ژێرخان نشین" مرۆڤێکی دوور لە خەلک و تەنیایە و دەڵێ:... شتێک کە ئەودەم منی ئازاردەدا ئەوەبوو کە کەس لە من نەدەچوو و منیش لە کەس. من "تاک" بووم و خەلک "گشت". خوێندنەوە یارمەتیدەرێکی گەورە و دۆستێکی نزیکی بوو. بە یارمەتی دەرخستنی هەستەکان لەڕووە، سەرپۆشی لە سەر هەموو ئەو شتانە دادەنا کە لە دەروونیدا دەکولان. ژیانێکی پڕ لە هەستی دژ بە یەک کە تەنانەت جاری وابوو دەبوو هۆی ئەوە کە بە خۆی پێبکەنێ، بەلام لە هەمان کاتدا نەی دەویست ببێتە گوورنەتەڵەیەک. ئەو باوەڕی بە "عەدالەت" لە ڕێگای "تۆڵە" وە نییە،... دەڵێن خەڵک تۆڵە لێک دەکەنەوە چوونکە عەدالەتی تێدا بەدی دەکەن، بەلام من عەدالەت لە تۆڵە دا نابینم. هیچ شتێکی ئەخلاقی تێدا بە دی ناکەم... کاتێک نیاز بە نێو خەڵک بوون لە خۆیدا دەبینێ، دەچێتە لای رەئیسەکەی ئانتۆنییۆ. پیاوێکی بە پرەنسیپ و لە خۆدا. تەنیا لەو ساتانەدایە کە دەخوازێ "هەموو جیهان، هەموو مرۆڤەکان لە باوەش بگرێت." لە گەنجیدا لەگەڵ چەند کەسێک ناسیاو بوو بەلام هەرچی حەولی دابوو نەیتوانیبوو کە لە گەڵ ڕەوشتی بێ نرخی ئەوان بسازێ. پێش دەست پێکردنی ژیانی ژێرزەوی، نەیوێرابوو هەوڵ هەنگاو بۆ وەدەست هێنانی ئەوینی لیسا هەڵێنێ. لیسا لە ژێر دەسەلاتی ئەو بوو، هەر بوویە دەترسا کە لیسا خۆی مەدیوونی چاکەکانی ئەو بزانێ و لە ڕووی قەدرزانییەوە خۆی ناچار بکا کە ولامی ئەوینی ئەو بداتەوەو بەزۆر هەستێک لە خۆیدا درووست بکا کە لە ڕاستیدا نییە. لیسا لەشفرۆشێکی کەناڕی شار، تەنیا کەسێک بوو کە دەیزانی کە ئەو بەختەوەر نییە. دوو مرۆڤی خزم، " دوو مرۆڤی لێک چوو". یادداشتەکان:

١- زۆر سەیرە! پیاوی ژێرخان نشین سالیانی سالە کە لە ناو ڕووحی ئێمەدا جێ کردۆتەوە. بێگانەیەکی ئاشنا. من ناصووم... تەنانەت لە گەڵ ڕووحی سەرکەشی خۆم ، تۆش... ناموو. ئەوسا کە هەولی گوێ ڕاگرتن بە یەک نادەین و تەنیا کار ئەندەرز بە یەکتردانە...

٢- نازانم یادداشتە گەوجەکانم لە کوی و کەی خوێنەری خۆیان ،" نووسەری یادداشتێکی شێتانەی تر" دەدۆزنەوە، بەلام هیچ دوور نییە کە تێکستی بێچارە لە ڕێدا لە بەر بچێ...

٣- بێدەنگی ڕۆشەنبیران لە ژێر ناوی کاری ئاکادێمیک بووتە ئێپیدێمی. بەلام من شکم هەیە. کاتێک شەهادەکانیان وەرگرت، ڕێگا بۆ وەدەست هێنانی دووبارەی کورسییەکان هاسان دەبێتەوە، بۆ "دەرزی لە مەمکی کەنیزەکان ڕۆ کردن". دەخوازم ڕوو بە ڕووی ئەفسەرە بە فیزەکان ببمەوە... بەلام ئایا جێگای ڕاستەقینەی من

ژێرخانە!؟...

٤- هاورێم، پیاوی ژێرخان نشین! پێم وابوو کە پیاوەکان دووچاوی شێتێکی لەم چەشنە نابن... بەسەرهاتی تۆ، لە بەسەرهاتی ژنێک دەچێ. بۆ تۆ تاک و نامۆ؟ بۆ من تەنیا و نامۆ... کە ناچمە ناو چوارچێوەکانی دەسەڵات، دەسەڵات لە هەر جۆرێک کە بێ... گرێ پووچکەی خۆبوون - دەسەڵات. گرێ پووچکەی ژن - خۆم = ژن - مرۆڤ. هەر لە شارەکەی تۆدا مرۆڤی ژێرخان نشین نەبووە. تۆ خۆت گووتت: "مرۆڤی وا پەیدا هەر دەبنەوە". گرێ پووچکەی ئەبەدی ڕاستی - درۆ، دەنگدانەوەی خۆم - ڕاستی. ڕەنگدانەوەی ناخی دەروونی ئاوارە. پیاو یان ژن بوون، جسم، جیاوازی ئێمە نییە. دەکرا بنووسم من = تۆ. ئەگەر بخوازین. تا بۆم بکرێ ژێر یاسا نەنووسراوەکان کە بە نەهێنی ئیمزا کراون، مۆر ناکەم. پەیمانی وەفا لەگەڵ " ئاخرین بڕیارەکان لە ئاخر ساتەکان" دا نوی دەکەمەوە. ساتی قەیران و هەڵبژاردن و خۆ بوون و خۆش ویستنی مرۆڤ وەک خوودی خۆی ... مرۆڤ زیندانیە. بەڵام کە هاتەدەر، دەبێ "بڵێت، بڵێت، بڵێت". ئاخر یادداشت: هەواڵی خەمگینی ژێردەریایی "کووسک" وەبیری هێنامەوە کە مرۆڤ نرخی نییە. ١١٨ ئینسان لە چاوەڕوانێکی لەبن نەهاتوو، بوونە قوربانی ڕازە پیسەکانی ڕێبەران. ڕاوەستاوین و تەماشای خنکانی مرۆڤەکان دەکەین. مرۆڤ پووشێکی دەم با کە دەڕوات بەرەو نەمان.... بێگانەم بەڵام هەر ئاشنا. نازانم بۆ هێڵی پێوەندییەکان ناپچڕێنم....؟

سەرچاوە: وێبلاگی پەراوێزی بیر - ڕێکەوتی: ٣ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٨

## "غەریزە"کانی پیاوانە وتیڤیکانی کوردی و پڕۆسەی " ڕۆشنبیری"

### خوێندنەوەیەکی فێمینیستی لە بەرنامەیەکی کاناڵی حکومی نەورۆز تیڤی

ڕۆژی ٣١ی جولای لە نەورۆز تیڤی، کاناڵی حکومەتی کوردستان، پرۆگرامێک بە بەڕێوەبەری تامان شاکر و بە بەشداری نووسەر حەمەسەعید حەسەن و ماموستایەکی ئایینی (بەداخەوە ناوەکەم بیر نییە) بڵاوبووە. من تەنیا ساتەکانی ئاخری ئەو پرۆگرامەم بینی و ئەوەش لەو کاتەدا بوو کە نووسەر حەمەسەعید حەسەن باسی لەوەدەکرد کە جنسی پیاو/ نێر بە "غەریزە" پێیخۆشە کە چەند مێی هەبێ و نێر حەزی لەوەیە کە حەوت - هەشتێکی هەبێ.

هەروەها وتی چونکە لە وڵاتانی ئورووپایی یاسا حاکمە، ئەوە بۆ پیاوان دەست نادا و هەر بۆیە زۆر لە پیاوان لە ماڵەوە وێنەی حەرەمسەرا هەڵداوەسن. دواتر داوای لە ماموستای ئایینی حازر لە بەرنامەکەدا کرد کە هەوڵ بدرێ کە یاسایەک دانرێت کە زۆڵم لە ژنان نەکرێ.

بەدوای قسەکانی کاک حەمەسەعید حەسەن، ماموستای ئایینی وتی کە لە ئورووپا، ژن و پیاو هەرکام یەکێکیان لە ماڵەوە هەیە و لە دەرەوەش پازدە- شازدەیەکی‌تریان هەیە. هەروەها وتی کە ئەوان دەیانوێ لە ڕێگای یاسا و ئیسلام گرفتەکان چارەسەرکەن. لەو ساتانەدا بوو کە بەرێوەبەری بەرنامە ڕایگەیاند کە کاتی بەرنامەکە تەواو بووە و هیچ کام لەو بۆچوونانە نەهاتنە ژێر تاووتوێ.

پێموایە کە هەر ئەو چەند دێرە بۆ ئەوە دەشێ کە بێتە ژێر ڕووناهی و باسێکی لە سەر بکرێ. تەنیا ئەوەش بڵێم کە من هیچ گرفتێکی شەخسیم لەگەڵ هیچ ئینسانێک، نووسەر یان گرووپ و حیزبێک نیە و لێرەدا تەنیا "ڕوانگە"کان دێنە ژێر ڕەخنە.

ئایا هەموو نێرەکان و پیاوان پێیان خۆشە کە هاوکات چەند مێ - ژنیان بێ و غەریزەکانی جنسییان بێ‌سنوورە؟ ئایا پیاوان تەنیا بە غەریزەی جنسی دەبێ بناسرێنەوە و"ئاگایی و لایەنی ڕوحی"یان نییە؟ ئەو ئامار و ژمارەیە بە پێ کام زانستی بیۆلۆژی، دەروناسی یان ڕاپۆرتێکی کۆمەڵایەتی باسیان‌لێدەکرێ؟

بۆ تێگەیشتنی زیاتری خۆم، کە ئایا پیاوان هاوکات حەزیان لە حەوت - هەشتێکە، لەگەل چەند دوکتور و دەروونناس قسەم کرد. وڵام، کە قەناعەتی خۆشمە، ئەوەیە کە لە باری بیۆلۆژیەوە هیچ پێوانەیەک نییە کە بزانین ژنان یا پیاوان بە گشتی مەیلی جنسییان چەندە و ئەو مەیلە لە تاکێک بۆ تاکێک جیاوازە. (لێرەدا باسی نەخۆشیەکان نییە کە هێندیک ئینسان بە هێچ تێرنابن) پرسیارێکی‌تر دەتوانێ ئەوە بێ کە ئایا "ئینسان، چ ژن چ پیاو" تەنیا لە چەمکی "غەریزەی جنسی" دا دەبێ تاریف بکرێ و ئایا "بوونی ئینسان"، هەمووی هەر تەنیا خواستێکی جنسییە؟ ئایا "سێکس بە هەموو لایەنەکانیەوە" لە لای هەموو کەسێک تەنیا کردارێکی میکانیکی و غەریزیە؟ ئایا ئەوە تەنیا یاساکانی ئیسلامن کە دەتوانن وڵامدەری پرسیارەکانی کۆمەڵگای ئینسانی، لەوانەش خواستی جنسی، بن؟ خۆ گریمان‌کردەن واش بێ و "پیاوان" هاوکات ئارەزۆیان لە چەند ژن بێ، ئایا ئەو جۆرە تێروانینە، شەرعییەتدان نییە بە کولتور و دەسەڵاتێکی نارەوا؟

ئەگەر تەنیا و تەنیا باس لە "غەریزەکانی جنسی"یە، بۆ ژنان بۆیان نییە کە ئاشکرا تەنانەت باسی سەرەتاییترین ئارەزووکانی خۆیان بکەن؟ چۆنە کە ئاوا بە هاسانی باس لە "غەریزە"کانی "جنسی"پیاوان لە تیڤیدا دەکرێ بەڵام مافەکانی ژنان ڕۆژانە بە هەزاران جار لە ژێرپێدەندرێ؟ بۆ ئەو ساحێبنەزەرانە باس و نمونەی پێشکەوتوو ناهێنە گۆڕ، بۆ پەرەپێدانی بەرامبەری ژن و پیاو لە مافەکاندا؟

ئینجا ئەو پرسیارە دێتە پێش کە ئایا باسکردنێکی ئەوها لە پیاوان، واتە بونەوەرێک کە هەموو گیانی غەریزەیە، جۆرێک ناڕەوایی نییە دەرحەق بە پیاوانێک کە وەک ئینسانێکی خاوەن "ویژدان" و خاوەن "دڵ و ئەوین" دەژین؟ هەروەها باس لە چەمکی پێشکەوتن - "تکامل" و چەمکی "ئاگایی" دەبێ لە کوێ دانێین؟

گەرچی ئەو باسە زۆر زۆر گرینگە و دەبێ زۆر زیاتر لەسەری بنوسرێ و پێیلەسەرداگرین کە بەشیک لە ڕەهایی ئورووپا و بوونی بە کۆمەڵگایەکی مەدەنی، خۆرەهاکردن بووە لە دووبڵمۆڕالی دینی و ئەخلاقیاتی کلیسایە و بەڕەسمی ناسینی ئازادی تاک لەوانە ئازادی سێکس، بەڵام ئایا بەڕاستی لە کۆمەڵگای ئورووپیدا، (بە خودی خۆیان و بە ئێمەی پەنابەرەوە)، هەر ژن و پیاوێک پازدە شازدەیترمان هەیە؟ باشە ئەو خەڵکە کاریتریان نییە جگە لە سێکس و بیرکردنەوە لە سێکس؟ ئاخۆ ئەو کۆمەڵگایە قۆناخەکانی پێشکەوتنی بە دانیشتن لە ماڵ و حەرەمسەرا و بێنەهایەت سێکس کردن تێپەڕاندووە؟

بە ڕاشکاویەوە دەبێ بڵێم کە بەداخەوە ڕاگرتنی ژنان لە حەرەمسەرا، بەشێکە لە کۆلتوری پیاوان و دەوڵەمەندان و ئیمپراتوورەکانی چین و ماچین و ئیران و تورک و عەرەب. هەر ئەو دیاردەیە کە ئێستا بە جۆرێکیتر لە کوردستان هەیە و لەو سەری جیهان را ژنان لە ژێر ناوی "کارەکەر" دەێنن و یان دەخوازن بە ناوی یاساکانی ئیسلام و زیاتربوونی ڕادەی ژنان لە پیاوان، "زەواجیمسیار" و چەند ژنە یاسایی‌کەن و حەرەمسەراکان لە قیپاسی بچووک دامەزرێنن تا خوا دەزانێ کەی دیسان میران و خەڵیفەکان فرسەتی گەورەترکردنی ئەو حەرەمسەرایانەیان پێدەدرێتەوە.

دیارە من نە نوێنەری دیفاعکردن لە پیاوان و کولتوری ئورووپیم و نە پێشموایە کە ژنان لە ئوروپا بە هەموو مافەکانی خۆیان گەیشتوون و یان پیاوانی ئورووپی پیاوسالار نین (من هەمیشە و لە هەموو نووسینەکانمدا ڕەخنەم لەوە گرتووە کە ژن لە ئوروپاش، وەک سێکس ئۆبێکت دەبیندرێ) بەڵام کاتێک پیاوی کورد - ڕۆژهەڵاتی

دەڵێن کە پیاوانی ئوروپاییش وان، تەنیا یەک مەبەستیان هەیە ئەویش ئەوەیە کە شەرعییەت بدەنە ڕەفتارە نارەواکانی پیاوسالاری چ لە ئوروپا و چ لە وڵاتی خۆیان و شەرعییەت بدەنە ئەو دەسەڵاتە ڕەهایە کە هەموو شتێک بۆ پیاو بە یاسای، ئاسایی و سروشتی دادەنێ و ژن وەک کەرەسە و ئۆبێکتی پیاو دەبینێ. هەمان دەسەڵات و کولتور کە چەند هەزار ساڵە ئەوە بە ئاسایی و سروشتی دادەنێ کە پیاو هاوکات حەزی لە چەند ژن بێ بەڵام سەرەتاییترین ئارەزۆکانی کچان بە شەرم بژمێرێ و ژن بسوتێنی و یان ناچاریبکا کە خۆی بسووتێنێ.

مەبەستی سیستێمی پیاوسالار دیارە: بەردەوامبوونی سیستێمێکی نابەرامبەر کە لە سەر جنس دامەزراوە، بەردەوامبوونی ئەو دەسەڵاتە کە ژن وەک بووکە چینی لە هێندێک پۆزیسێۆن دادەنێ بەڵام مافی ئازاد بیرکردنەوەی لێدەستێنێ و دووبارەکردنی ئەو سیستێمە کە پیاوان بە حیمایەوە بتوانن بچن سێکس بکرن بەڵام زەوتکردنی مافی تەندروستی ژنانی لەشفرۆش لە هەمان سیستێمدا. (بروانە کتێبی ئۆقیانووسێک لە تاوان، ٢٠٠٧) خۆ ئەگەر تۆزێک ویژدانمان بێ، دەبێ باس لەوەش بکەین کە لە وڵاتانی ئیسلامیدا، لە لایەکەوە سێکسکرین بە شێوەیەکی زۆر نائینسانی (وەک باقی وڵاتانی جیهان) باوە و لە لایەکیترەوە ژنان بە ناوی "زنا - زیناح" و کرێنەوەی شەرەف دەکوژرێن.

کاتێک بە ناو "ڕۆشنبیران"ی ئێمە، لە تیڤی یان مێدیاکان دەتوانن بە قسەکانی خۆیان لەسەر سەدان هەزار بینەر (بە تایبەت لە وڵاتێکی کە نەخوێندەواری تێدا زۆرە) کاریگەریان بێ، ئایا ئەو جۆرە قسانە، شەرعییەتدان نییە بە ژێردەستەبوونی ژنان؟ ئەوەشمان بیرنەچێ کە خۆ هەرنەبێ لە تیڤیکانی ئوروپادا باس لە دیاردە نارەواکان و ڕێگا چارەسەریان دەکرێ. یان نەکا بە پێ قسەی ئیسلامییەکان، ئازادی بیرورا و ئازادی تاکە کەسەکان لە ئوروپا نییە؟ یان لە ئوروپا باس لە مسیار و چەند ژنەیە و ئێمە خەبەرمان نییە؟

لە ڕوانگەیەکی فێمینیستییەوە، بەشێک لەو ڕەفتارانە کە بە ناوی "غەریزە" ناوزەد دەکرێن، کولتورین و لە هەزاران ساڵدا کراونەتە نورم و بە ڕەفتارێکی سروشتی، بە تایبەت بۆ پیاوان، ناسراون. هەروەها زۆر ڕەفتار، چ لە لای ژنان و چ لە لای پیاوان، ڕاستەوخۆ بەستراونەتەوە بە چەمکەکانی "دین"، "دەسەڵات" و "کولتور". نابێ لەبیرمانچێ کە کێشەکانی ژنان سیاسین و لە ڕێگای کولتور، یاسا، ئایین و دەسەڵات هەرچی زیاتر پیاوسالاری پاوانخوازی خۆی بە سەر ژناندا دادەسەپێنێ.

لە ڕوانگەیەکی ئینسانی و فێمینیستیەوە، چ ژنان و چ پیاوان دەتوانن هەم غەریزەیان بێ، هەم ئاشق بن، هەم بگرین و هەم توڕەبن و هتد. بەڵام ئەوە دین، دەسەڵات و کولتورە کە ئەرکەکان و هەستەکان لە نێوان ژن و پیاو دابەشدەکا. شتێکی ڕوون و ئاشکرایە کە پیاوسالاری چ لە ئوروپا و چ لە کوردستان، تا ئەو جێگایە کە بۆی دەلوێ، ژن وەک سێکس دەبینێ و کەڵکی نارەوا لە دەسەڵاتی ڕەها و بێ سنووری خۆی وەردەگرێ (بروانە وتار و نووسینێکیتری من دەربارەی کڕینی سێکس لە ناو سوسیال دێمۆکراتەکانی سوید و هەروەها هەڵسەنگاندنی کتێبی ئۆڤیانووسێک لە تاوان دەربارەی لەشفرۆشی لە کوردستان) بەڵام پرسیاری گرینگ ئەوەیە کە دەسەڵاتی کوردی بۆ دەبێ داوا لە لێژنەی ماموستایانی ئایینی بکا بۆ بەشداریان لە دەرکردنی یاساکان بە تایبەت یاساکانی سەبارەت بە مافەکانی تاک و ژنان؟ بۆ تەجرەبەی یاسادانان لە وڵاتانی پێشکەوتوومان نییە کە دەسەڵاتی کوردی دەخوازێ شەرعییەتی خۆی لە ئیسلام و یاساکانی ئیسلامی وەرگرێ؟ هەر ئەو ئیسلامە سیاسییە کە ئێستاش دوژمنی کوردە و پێشتریش بەعس بە ناوی دین "ئەنفال"ی کوردی کرد؟ چ شەرعیەتێک لە خودی ئازار و ڕەنجی ژنان زیاتر بۆ بە یاسایی کردنی مافی بەرامبەری ژنان لەگەڵ پیاوان؟

ڕێگای ئیسلامییەکان بۆ چارەسەری کێشەکانی ژنان هەر ئەوەیان لێدەوەشێتەوە کە بیستوومانە و لە دەستووری ئێران و ئێراقیدا هاتووە، بەڵام ئەرکی کەسانێکی وەک کاک حەمەسەعید کە دەستیان بەمێدیا کوردیەکان ڕادەگا، دەبێ چی بێ؟ ئایا ئەو جۆرە قسانە لە چوارچێوەی "ڕۆشنبیری" دادەندرێن؟ دەکرێ بڵێن کە ڕەنگە کاک حەمەسەعید نییەتی خێری بۆ کێشەی ژنان بێ و پێیوابێ کە دەکرێ لە ڕێگای پیاوانی ئایینیەوە کارێک بۆ ژنان بکرێت، بەڵام کێشەی ژنان بەو جۆرە تێڕوانینانە چارەسەرینا کرێ و خودی پیاوانی بەناو "ڕۆشنبیر" و دەسەڵات بەشێکی گەورەن لە کێشەی ژنان. لەو کێشەیەدا تەنیا و تەنیا ئایین و دین فاکتەری ژێردەستەبوونی ژن نین و بگرە زۆربەی جار دەسەڵات و پیاوانی بە ڕەواڵەت حیزبی و بە ناو ڕۆشنبیر و هێندێک جار خودی ژنان، زۆر کاریگەری نێگاتیڤیان هەیە کە تا ئێستا ئەو باسە گرینگانە لە هیچ کام لە تیڤیکانی کوردی نەهاتووتە بەرباس. بەداخەوە ئەو جۆرە بۆچوونانە لە هەموو تیڤیکانیتری کوردیدا دەبێندرێن بەڵام بێتاو و تۆێکردن.

* ئەم نووسراوە بۆ چاپ لە ناو کوردستان ناردراوە.

سەرچاوە: وێبلاگی پەراوێزی بیر - ڕێکەوتی: ١٤ی ئاگۆستی ٢٠٠٨

# ڕاگەیاندنی گشتی (ماس‌مێدیا) کوردی و کێشەی یەکسانی

بۆ شیکردنەوەی ڕۆڵی ڕاگەیاندنەکانی گشتی کوردی(لێرەدا تی‌ڤی‌کان) لە سەر کێشەی یەکسانی پێشتر دەبێ چەند چەمک و بنەمای فکری تاوتووێ بکرێت. چەمکەکان ماس‌مێدیا، ئازادی بیروڕا، بەرابەری و دیمۆکراسی و بنەمای فکری ئەو باسە دوو چەمکی ژێندێر ویەکسانی نێوان دوو جنسە.(١)

## ڕاگەیاندنی گشتی (ماس‌مێدیا)

بە ئەو بەشە لە مێدیا دەوترێ کە ڕووی لە خەڵکێکی زۆرە، بۆ وێنە دانیشتوانی وڵاتێک. ئەو چەمکە زیاتر لە 1920 بەدوای کاری بەرفراوانی ڕادیو و ڕۆژنامەکان کەڵکی لێوەرگیراوە، گەرچی پێشتریش ماس‌مێدیا بە فراوانی هەبوون. مەبەست لە مێدیا، ڕادیو، تی‌ڤی، گۆڤار، ڕۆژنامە، فیلم، شانۆ و سایتی ئینتێرنێتی و هەروەها وێبلاگەکانە.

سەرچاوەی هەواڵ زیاتر ڕادیو، تی‌ڤی و ڕۆژنامەکانن. هەر ئەوانەشن کە بە گشتی لەسەر ڕای گشتی و (پێکهێنانی ئۆپینیون) کاریگەریان هەیە. ماس‌مێدیا نە تەنیا لە سەر خەڵک بەڵکو ڕاستەوخۆ لە سەر ئەو کەسانە کە خاوەن دەسەڵاتی سیاسین و بڕیاردەر، کاریگەریان هەیە. هەر بۆیە جۆرێک لە بەرپرسایەتی کۆمەڵایەتی دەکەوێتە سەر شانی ماس‌مێدیا. مێدیا لە زۆر وڵات بە دەسەڵاتی سێهەم یان چوارەم ناو دەبردرێن، واتە لە دوای (دەوڵەت، پارڵمان) و یان(دەوڵەت، پارڵمان و سەرۆکی وڵات).

ڕاگەیاندنە گشتییەکان چوار ئەرکی ئەساسییان لەسەر شانە:

١- دانی زانیاری و خەبەر بە خەڵک،
٢- شیکردن و ئانالیزی ڕووداوەکان،
٣- پێداچوونەوە و کۆنترۆڵی دەسەڵات، ئۆرگانەکان، بازار، هتد.

٤- بوون بە ئاڵقەی پێوەندی لە نێوان خەڵک و نوێنەرانی هەڵبژێردرا. ماسمێدیاکان دەبێ شوێنێک بن بۆ باس و دیالۆگ لە سەر کێشەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتوری.

خاڵی زۆر گرینگ ئەوەیە کە ماسمێدیا "بنێر"ی(فرستندە) بەردەوامی پەیامە بۆ تاک یان کۆمەڵێک "بگر" (گیرندە) کە دواتر، بینەر، گوێگر یان خوێنەرە ئەو پەیامە وەردەگرێ و تەفسیر دەکا و دیسان دەیکاتەوە پەیامێکیتر.

## ئازادی بەیان و قەڵەم

ئەو مافەیە کە تاک بتوانێ بیروڕای خۆێ لە ڕێگای مێدیاکان بە بێ سانسور و یان ترس لە سزا، چ بە وتن و چ بە نوسین، دەربڕێ. ئەو مافە، لە جاڕی گەردونی مافی مرۆڤ و هەروەها لە کۆنوانسیێۆنی مافی مرۆڤی ئوروپا دا بەڕەسمییەت ناسراون. ئازادی بەیان شەرت و مەرجی سەرەکییە بۆ پەرەپێدانی دێمۆکراسی لە وڵاتاندا.

## بەرابەری

هەموو ئینسانەکان ئەرزشی بەرابەر و یەکسانیان هەیە و هەموو تاکەکان لە بەرامبەر یاسادا وەک یەکن و مافی وەک یەکیان هەیە، جیا لە هەر تایبەتمەندی و پێوەندیەکی سیاسی، نیژادی، دینی، باوەڕ، ڕوخسار و ڕەنگ، جنس، کەمئەندامی و هتد، کە هەیانبێ. هەر چەشنە هەڵاواردنێک بەو هۆیانەوە ناپەسەندە.

## دێمۆکراسی و مافی دەربڕینی بیروڕای کەمینە

دێمۆکراسی بە گشتی بە دەسەڵاتی خەڵک ناسراوە و لە سیستێمەدێمۆکراتیەکاندا هەموو ئینسانەکان مافی بەرامبەری دەنگدانیان هەیە. لە کۆمەڵگایەکی دێمۆکرات و مەدەنیدا باسکردن لە دێمۆکراسی بە بێ ماسمێدیایەکی ڕەخنەگر و ئازادی بەیان نامۆمکینە.

لەو لێکۆڵینەوەیەدا ئەوە گرینگە کە دیمۆکراسی دەرهاوێژە. لە باشترین دێمۆکراسییەکاندا هێندێک تاک و گرووپ وەک کەمینە لە دەرەوەی دەسەڵات دەمێننەوە. هەر بە هۆی ئەو تایبەتمەندییە، ئەو مێکانیزمە لە ناو دێمۆکراسیدا

(بۆ من) گرینگی هەیە کە جێگا بۆ بیروڕای کەمینە دەکاتەوە و لە ناو مێدیاکاندا، ئیمکانی ڕەنگدانەوەی بۆچوونەکانیان دەڕەخسێنێ.

## بنەماکانی فکری

### ژێندێر Genus/Gender

لە چەمکی ژێندێردا ئینسان - تاک، وەک سۆسیال کۆنسترۆکشون، دەستکرد و بەرئەنجامی دەسەڵات و فاکتەرەکانی سیاسی، کولتوری و کۆمەڵایەتی، دەبێندرێ، واتە ئینسان لە کاتی دایک بوونەوە تا گەورەبوون لە سیسێمی ژێندێردا دەژی کە لەپێشتردا ژنانە بوون یان پیاوانە بوونی تاریف و دیاری کردووە. بۆ وێنە پیاو دەتوانێ زۆر کار بکا بەڵام ژن ناتوانێ هەمان کار بکا. لەو سیستێمەدا، هەڵاواردن بە پێ جنس، نەگوترا بەڵام لە ڕێگای کولتور و زمان و جلبەرگ، بە بێ نوسینی یاسا، بە جۆرێک بەڕەسمی ناسراوە و شوێن و پێگەی جیاواز دەداتە ژن و پیاو. لەو سیستێمەدا پیاو نۆرمە و ژن بوونەوەرێکی دەرجە دوویە. پیاو باڵادەستە و ژن ژێردەستە. پیاو کات و شوێن داگیردەکا بەڵام ژن دەبێ خۆی کۆکاتەوە و خۆی بگونجێنێ. بە جۆرێک دەکرێ بڵێن کە هەموو لە ئاڵقەی قەراردادی سیستیمی ژێندێری داین واتە جۆریک نەزم و تەرتیبی سیاسی و کولتوری کە ماف و ئەرکەکان لە نێوان دوو جنسدا دابەشدەکا.

لێرەدا ئەو خاڵە گرینگە کە ڕۆڵی تاک و بەرپرسی ئەو، کۆمەڵ و دەسەڵاتی سیاسی، ڕۆژ بە ڕۆژ کاریگەریان لە سەر سیستێمی ژێندێردا هەیە. سیستێمەکان هەمیشە لە حاڵی گوراندان و سیستێمی ژێندێریش دەکرێ بگۆڕدرێ، بۆ وێنە لە وڵاتێکی وەک سوید خەبات بۆ یەکسانی زۆر دەستکەوتی بووە و ژنان زۆر مافیان وەدەستهێناوە و یان پیاوان زۆر کار دەکەن کە پێشتر نەیاندەکرد و بە کاری ژنانە ناسرابوون.(٢)

#### یەکسانی نێوان دوو جنس یان دوو گرووپی ئیتنیکی

### Jämställdhet/ equality between the sexes

جیاوازی ئەم چەمکە لە گەل چەمکی بەرابەری ئەوەیە کە "بەرابەری" مافی تاکەکانە لە ناو کۆمەڵگادا، بەڵام

ئامانجی لایەنگرانی ئەم چەمکە هەم بەرابەری ئینسانەکان و هەم مافی یەکسان لە نێوان "دوو گرووپی جنسی"یە. بەکارهێنانی ئەو چەمکە لە بوارەکانی‌تری کۆمەلایەتیشدا پەرەی‌سەندەوە، بۆ وێنە کاتێک باس لە سەر "مافی یەکسانی نێوان دوو یان چەند گروپی قەومی - ئیتنیکی"یە.

## "مافی یەکسان" و "کێشەکانی ژنان" لە مێدیای کوردیدا

بە ڕای نووسەری ئەو بابەتە، نەبوونی یەکسانی لە نێوان ژنان و پیاواندا بە گشتی، و هەروەها زاڵبوونی دەسەلاتی سیستێمی ژێندێری لە کوردستاندا، واقعێکی ژیانی کوردەوارین. هەر بۆیە ئەو دو تایبەتمەندیە، نەبوونی یەکسانی و زاڵبوونی سیستێمی ژێندێر، وەک دو گریمانەی سەرەکی بۆ ئەو لێکۆڵینەوەیە کەڵکیان لێوەردەگیرێ. هەروەها هێندێک خاڵ لەو بابەتەدا دەبێ لەبەرچاو بگرین. لەوانە:

١- بۆ هەڵسەنگاندنی ڕەنگدانەوەی مەسەلەیەکی تایبەت لە مێدیاکان و یان مێدیایەکی تایبەتدا، (بۆ وێنە شەڕی وییەتنام یان ڕادەی ڕەنگدانەوەی چالاکیەکانی وەرزشی ژنان) چەند شێوە و مێتۆد هەیە: لەوانە ڕۆژێکی تایبەت لە مانگەکان و یان ماوەیەکی دیاریکراو هەلدەبژێرن و چاو لە بلاوکراوەکانی تی‌ڤی، ڕۆژنامە، یان هەر ماس مێدیایەک کە بابەتی لێکۆڵینەوەکە بێ، دەکەن. یان چەند مێدیا هاوکات دەبنە کەرەسەی لێکۆڵینەوە و بەراوەردێکیان لە نێواندا دەکەن. دیارە ئەو مێتۆدە دەتوانی جێگای ڕەخنە بێ چونکە ڕەنگە زانیاری گرینگ لەو ماویە کە وەبەر لێکولینەوە نەکەوتوە، لەدەست بچی.

بە هۆی ئەوە کە من هەموو ڕۆژێک و بەردەوام ناتوانم چاو لە تی‌ڤی‌کانی کوردی بکەم (بەلام تا ئەو جێگایە کە بۆم بڕەخسێ بینەرم)، سەرجەم دیتنەکانی خۆم لە ماوەی ئەو چەند سالە کە تی‌ڤی‌کانی کوردی دەستیان بەکار کردوە، دەکەمە بناخەی هەڵسەنگاندنی ڕۆلی تی‌ڤی‌کانی کوردی لە سەر کێشەی "یەکسانی". ڕەنگە زۆر بەرنامە لە تی‌ڤی‌کاندا باسیان لە کێشەکان کردبێ و من نەمبینیبێ. بەلام هەولمداوە ئەوەندەی کە بۆم دەکرێ بێلایەن باسەکە پێشکەش بکەم. (گەرچی خۆم بە لایەنگری یەکسانی و بەرابەری دەزانم.)

٢- کاتێک باس لە مێدیای کوردی دەکەین ڕۆلی گرینگ و کارە ئەرێنیەکانیان لەبیر ناکەین بەلام دەبێ ئەوەمان لەبیربێ کە کاری ئەرێنی مێدیایەک دەبێ بەشێک بێ لە سروشتی مێدیایەکی بەرپرس و ئەوە نابێتە هۆی ئەوە کە

ڕەخنە لە لایەنە لاوازاکانیان نەگرین.

٣- مەبەست لە هەڵسەنگاندنی تیڤیکانی کوردی لێرەدا ئەوەیە کە ببینین چەمکەکانی دێموکراسی، ئازادی بیروڕا، بەرامبەری و یەکسانی لەو تیڤیانەدا چۆن ڕەنگدەدەنەوە و جێگە و پێگەی ژنی کورد لەو مێدیایانەدا چۆنە. شایانی باسە کە لە وڵاتانی دێمۆکراسیدا بەردەوام مێدیاکان خۆیان کۆنترۆڵ دەکەن و گرانسکا/ پێداچوونەوە بە کاری مێدیاکان هەم لە ڕێگای خودی یاسایی و هەم لە دونیای ئاکادێمیدا ئەنجامدەدرێ. بەڵام لە لای ئێمە تا ئێستا ئەو گرینگە وەک ئەرکێکی مێدیایی و یاسایی نەناسراوە.

٤- مەبەستی لێکۆڵینەوەکە لێرەدا تەنیا تیڤیکانە چونکە دەستم بە هەموو چاپەمەنیەکان و ڕۆژنامەکان ڕاناگا و هەروەها ڕادەی وێبلاگ و سایتەکان زۆر زۆرن و دەبێ بە جۆرێک ئەو لێکۆڵینەوە سنووری بۆ دابندرێت. (بە لەبەر چاوگرتنی ئەوە کە تا ڕۆژی کۆنفرانس تەنیا دوو حەووتووم کات بووە و ڕۆژانە بە هۆی کاری دەرەوە، کاتێکی کەمم بووە.)

تیڤیکان ئەمانەن: نەورۆز، ڕۆژ، زاگرۆس، نەورۆز(تیڤی حکومەتی هەریمی کوردستان)، کوردستان تیڤی، کوردسات، تیشک، ڕۆژهەلات، کۆمەڵەتیڤی و لەو دوایانەشدا ئاسۆتیڤی دەستی بەکارکردووە.

٥- کێشەی ژنان جیهانییە. تەنانەت لە وڵاتێکی وەک سوید کە پرۆسەی بەرەو یەکسانیچوون تا ڕادەیەکی باش چۆتە پێش هێشتا لە مێدیاکان زۆر جار ژن وەک ئۆبجێکت دەبیندرێ و زۆر جار لە پەراوێزدایە. بۆ وێنە لە سێمینارێک سەبارەت بە "ماسمێدیا و یەکسانی" لە مانگی ژوئن لە ساڵی ٢٠٠٥ دا باس لەوە دەکرێ کە:

"پیاوان بە ڕادەیەکی زۆر زیاتر لە ژنان لە ماسمێدیا دەردەکەون. ٧٣ لە ١٠٠ی باسەکانی ماسمێدیا باسی پیاوانە. تەنیا ١٨ لە ١٠٠باسی ژنانە و تەنیا ٨ لە ١٠٠ بە شێوەیەکی یەکسان باسی ژنان و پیاوان دەکرێت. کاتێک باسی چالاکییەکانی وەرزشییە، ٨٤ لە ١٠٠ی باسەکان لە سەر پیاوانە. لە بەشی هەواڵەکاندا ٧٢ لە ١٠٠باسی پیاوانە."(٣)

**بەرئەنجام:**

١- تیڤیکانی کوردی بەشێکی ئەساسین لە پێکهێنانی بیرورِای گشتی، بەلاّم هاوتەریبی دەسەلاّتی حیزبەکان و ئاوێنەی کولتوری ناو کۆمەڵگا. سەرجەم تیڤیکان، کانال و ئورگانێکی حیزبین. تەنیا یەک کانالّ، نەورۆز، وەک کانالّی سەر بە حکومەتی هەریم ناسراوە کە ئەویش بە رِای من بە جۆرێک هەر لە بۆچوونەکانی دەسەلاّتی کوردی و حیزبەکانی دەسەلاّتدار نزیکە و ئێمە ناتوانین بلّێن کە مێدیایەک لە چەشنی پابلیکسێرویسمان هەیە کە لەودا بیرورِای گشتی دەنگبداتەوە.

لەو تیڤیانەدا سیاسەتێکی یەکسانیخواز نییە، یان کارناکا و نابیندرێ. واتە نە لە بەرێوەبەری ئەو کانالاّنەدا ژنان دەستیان هەیە و نە کێشەی یەکسانی بە شێوەیەکی رِەخنەیی و رِادیکالّ لەو کانالاّنەدا باسیان لێوەدەکرێ. بەرِاشکاویەوە دەکرێ بلّێن، ئەگەرچی ژنان کە لە نیوەی کۆمەڵێش زیاترن، بەلاّم هەلاّواردنی جنسی بە شێوەیەکی ساختاری لە مێتودی کار و ناوەرۆکی تیڤیکاندا وەک باقی دامودەزگاکانی کوردی و سەرجەم کۆمەڵگادا هەیە .

٢- لەو کانالاّنەدا بە شێوەیەکی گشتی چەمکی دێمۆکراسی، ئازادی بەیان و قەڵەم، بەرابەری و یەکسانی، یان لە ژێرپێدەنرێت، یان ئەو چەمکانە تەفسیری ناتەواویان لە کردەوەدا لێدەکرێ و بە ناتەوای بەکاردێن و بۆ پەرەپێدانی ئەو چەمکانە و پەروەردەکردنی کۆمەڵگا، مەیدان و فەزایەکی بە بێمەرج لەو کانالانەدا نییە. تیڤیکانی کوردی، بە گشتی لە سەر کێشەکانی شارومەندی و سیاسی، بە شێوەیەکی بناخەیی کارناکەن و یان دەستیان بەستراوە. لەو ناوەدا بە پێ رِادەی حەشیمەتیش بووبێ، ژنان کە زۆرینەی کۆمەڵی کوردەوارین، دەنگدانەوەیان لە مێدیاکان لە رِادەی پێویست نییە کە ئەوە خۆی لەخۆیدا لە ژێرپێنانی دێمۆکراسییە.

٣- بە هۆی ئەوە کە ئالّقەی دێمۆکراسی و دیالۆگ لە ناو حیزبەکانی کوردیدا بە زۆر هۆ تەسک بووە (لەو ماوەی دوایدا بە هۆی "ئینشعاب" و جیابوونەوەکان لەناو حیزبەکاندا تەسکتریش بووە) و هەروەها بە هۆی زالّبوونی سیستێمی ژێندێری لە بیرورِا و ساختاری رِیبەری حیزبەکان و کۆمەڵگادا، ژنان و بیرورِاکانیان زۆر زیاتر دەکەونە مەترسی دەرهاویشتن، سانسور و حەزفبوون.

٤- لە باسەکانی سیاسیدا بۆ وێنە وەک چارەنووسی کوردستان و بەرەی کوردستانی، یان باسەکانی کولتوریدا بۆ وێنە باس لە سەر زمانی ستاندارد، ئەدەب و کولتور و هتد، سەرەڕای ئەوە کە ڕادەی توانایی ژنان کەم نییە و لەو بوارانەدا کاریان کردووە و بیروڕایان هەیە، دەردەهاویشترێن و دەسرێنەوە. ژنان تەنیا کاتێک لە باسەکاندا بەشداریان هەیە کە باس لە سەر کێشەی ژنان بێ. (بۆ وێنە ئەمڕۆ و ئێستا لەو کۆنفرانسەی حیزبی ئێوەدا).

جێگای سەرسووڕمانە کە زۆر جار، پیاوانێک کە ساحێب نەزەریش نین مەیدانی قسەکردنیان هەیە، بەڵام بۆ ژنان ئەو دۆخە نارەخسێت. کاتێک ژنێک قسە دەکا دەبێ شتێکی زۆر سرنجڕاکێش باسبکا لە کاتێکدا ئەو مەرجە بۆ پیاو نییە، پیاو بە شەرتی پیاوبوونی قسەکانی جێگای سرنجن. یان زۆر جار پیاوان هەمان قسە و بیروڕای ژنانیان لە بواری زمان، کولتوری و سیاسیدا هەیە و بیروراکانیان لە ژنان وەرگرتووە کەچی پیاوان بۆ بەشداری بانگ دەکرێن.

٥- ژنان لەو کانالانەدا زیاتر وەک گورانیبێژ، هەواڵنێر، یان لە کاتی خەم و کارەسات، هەڵپەرین و شایدا دەبیندرێن. ئەوە لە حاڵێکدایە کە ڕۆژانە باسی کۆبوونەوەکانی حیزبی، چالاکی مەکتەبی سیاسی و ناوەندی حیزبەکان و سەرۆکانی پیاو، بەشداری پیاوان لە باسەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی، بازار، وەرزش و هتد، هەموو کات و ساتی تیڤیکانی داگیرکردووە. ژنان بە گشتی وەک پاشکۆ، بێقسە و بێتوانا، یان وەک کەسێک کە تەسلیم و قوربانی بووە نیشان دەدرێن.

٦- زۆر جار ئەو کانالانە(حیزبانە) کاتێک لە گەڵ کێشەی ناوخۆییدا سەرقاڵن (بۆ وێنە لە کاتی لەتبوون و جیابوونەوە)، دەیانهەوێ کەسانێک لە دەرەوەی خۆیان بێنە ناو ئالقەی باسەکان. لەو کاتانەدا بۆ وێنە کێشەی ژنان دەبێتە بەشێک لە باسەکانیان و جۆرێک لە کێبەرکێی سازدەبێ، بەڵام ئەو تێڕوانینە زیاتر لە خزمەت کاری حیزبیدایە تا لە خزمەت بە کێشەی یەکسانی ژنان و پیاوان.

٧- زۆر جار لە گفتوگۆکاندا، ژنان بەوە سەرکۆنەدەکرێن کە هێندێک ژن و ڕێکخراوەکانی ژنان "ڕێگایان پێدراوە"، بەڵام ئەوە ژنان خۆیان وەفادار بە کێشەی خۆیان نین و یان ژنان خۆیان بێتوانان. ئەوە لە حاڵێکدایە کە مێژووی پیاوی کورد پڕە لە شەڕی براکوژی و بڕیاری هەڵە. (لێرەدا:

١- ئەوە لەبیر دەچێ کە ژنان خۆیان بە ئیرادەی خۆیان هاتونەتە مەیدان و کەس ناتوانێ بە زۆر بیانهێنێ.
٢- بەداخەوە زۆر جار، هێندێک لە ڕێکخراوەکانی ژنان تا سەر وەفادار بە کێشەکان نین و ژنان خۆیان بەو شێوە کە پێویستە هەڵوێست ناگرن و پاشەکشە دەکەن، کە ئێرە جێگای ئەو باسە نییە بەڵام دەبێ لە شوێنیتر و کاتیتر باسیان لەسەر بکرێت و باسیشیان لەسەرکراوە.)

٨- پرسی یەکسانیخوازی پرسی بەرنامەداری مێدیای کوردی نییە و لەو کاناڵانەدا بە گشتی پرسی یەکسانی و کێشەکانی ژنان وەک گرفتی ژنان باس دەکرێ نەک وەک پرسی سەرجەمی کۆمەڵگا و پرسی پیاوان.

٩- هێندێک جار لەو کاناڵانەدا، پیاوانێک بە بۆچوونی زۆر دواکەوتوو و پیاوسالار دەبنە قسەکەری مافی ژنان، وەک هێندێک لە ماموستایانی ئایینی، پیاوانی حیزبی، بە ناو شاعیران و ڕۆشنبیران و نوسەرانێک کە لە ئاخرسەر، ژن تەنیا وەک ئۆبجێکت و سێکس ئۆبجێکت دەبینن. لەو بەرنامانەدا کەسانێک کە بتوانن بناخەی بیرەکان تاوتۆێ کەن، بەشدار نین. دەسەڵات و مێدیاکان بە گشتی کەسانی ڕەخنەگری ڕادیکاڵ، یان بێدەنگ دەکەن و یان حەزف. (دوایین وتاری من هەر لەو بارەوە بوو، لە ژێر ناوی "غەریزەکانی پیاوانە وتیڤیکانی کوردی و پرۆسەی ڕۆشنبیری" کە لە ڕێوان، ژمارە ١٧٧ مانگی ٩ ساڵی ٢٠٠٨ دا لە سولیمانی چاپکرا.)

١٠- مێدیاکانی کوردی بە تایبەت تیڤیکان بە بڵاوکردنەوەی فیلم، شانۆ، موزیک و ئەو گۆرانیانە کە ناوەرۆکی دژی ژنیان هەیە، بەردەوام ژن وەک بونەوەرێکی بە مەکروفێڵ تاریفدەکەنەوە، و ژن وەک سێکس، ئۆبجێکت و دەرجە دوو، دووبارە بەرهەمدێنەوە. بۆ وێنە ئەو گۆرانیانە کە بۆ "بێوەژن" گوتراون و گورانیبێژەکانیش بە دەیان جار بەشداری تیڤیکان بوون:

*بێوە ژن دەستی دویە*

*بیوەژن مەکری زۆرە... و هتد.*

زۆربەی ئەو کاناڵانە بە بڵاوکردنی سریاڵ و فیلمی بێناوەرۆکی تورکی، عەرەبی، میسری و هتد، وێنەیەکی خەوشدار و کورتەباڵا لە باری فکری، لە ژن نیشاندەدەن و دیسانەوە ژن وەک بووکەچینی و ئۆبجێکتێک دەبێتە کەرەسەی مێدیاکان.

١١- کێشەی سیاسی کورد، پرسی سەرەکی مێدیاکانە(گەرچی ئەمەش زۆربەی جار وەک کێشەی سەربەخۆی کورد باسی لێناکرێت و تەنیا لە چوارچێوەی سیاسەتی حیزبەکاندا باسی لێدەکرێ). هەمووومان دەزانین کە ژنانی کورد بە گشتی و کچانی پێشمەرگە بە تایبەت بەشێکی بەرچاو بوون و هەن لە جوڵانەوەی کورد، بە تایبەت ئێستا لە باکوری کوردستاندا. تەنانەت لە رۆژ و نەورۆز تیڤیشدا کێشەی یەکسانی وەک کێشەی سەرۆک (ژن ژیانە، بەرخۆدان ژیانە، بژی سەرۆک ئاپۆ) باس دەکرێ. رۆڵی ژنان لە مێدیاکاندا ڕەنگدانەوەیەکی ئەوتۆی نییە.

١٢- نەبوونی بەرنامەی درێژخایەن و کورت خایەن بۆ باسکردن لەسەر کێشەکانی کۆمەڵایەتی کە زۆرتر داوێنی ژنان دەگرێتەوە. بۆ وێنە نەبوونی پرۆگرامی تایبەت بۆ باسکردن لە سەر دۆخی ژنانی ئەنفال، دەستدرێژی بۆ سەر منداڵان، خۆکوژی و سوتاندنی ژنان و لەشفرۆشی و هەژاری. (کاتێکش بۆ وێنە باسی ژنانی ئەنفال دەکرێ هەر لە چوارچێوەی کێشەی ناسیونالیزم و نەتەوەدایە(.

١٣- هێندێک جار کەرامەتی ئینسانەکان لەو کاناڵانەدا لە ژێرپێدەندرێت. لە وڵاتێکی وەک سوید، دەوڵەت، شارەوانیەکان بەرپرسی دابینکردنی جۆرێک لە دادپەروەری کۆمەڵایەتین. ئەگەر کێشەیەک بگاتە مێدیاکان، ئەوە دیسان هەوڵدەدرێ کە کەرامەتی ئینسانەکان نەخرێتە ژێرپێ. ئەو ئەرکە واتە دابینکردنی دادپەروەری ئابوری و کۆمەڵایەتی لە باشوری کوردستاندا، نیهادینە نەکراوە. هێندیک جار، گەرچی نییەتی خێر لەکاردایە، بەڵام لە تیڤیکاندا بۆ وێنە باس لە بنەماڵەیەکی هەژار دەکردرێ و بۆ سرنجڕاکێشانی دەسەڵات و یارمەتیدان بە بنەماڵەکە، تەواو کەرامەت و کەسایەتی منداڵ، ژن و پیاو لە ژێر پێدەندرێت.

١٤- خودی ژنان بە زۆر دەلیل، ئەو جۆرە کە پێویستە خۆیان بۆ کاری مێدیای رێکنەخستوە و یان مێدیاکان بە هۆی بەڕیوەبەری پیاوان و حیزبەکان، مەیدانی کاری ڕێکخراوەکانی ژنان و یان ژنانی سەربەخۆیان، تەنگکردووە.

١٥- باسێکی سەرکی لە زۆربەی مێدیاکان ئەوەیە کە ئێمە دەبێ "واقعیت"ەکانی کۆمەڵگا وەبەرچاو بگرین. بۆ وێنە دەوترێ کە کۆمەڵگای ئێمە دیندارە یان داب و نەریت دەستی باڵای هەیە، یان دەڵێن ژن بە حوکمی سروشتی هێندێک تایبەتمەندی هەیە. بەم جۆرە و بەردەوام لایەنگری لەو نەزمە ژێندێریە دەکرێت کە ژنان و پیاوان تێدا رۆڵی تایبەتی ژنانە - پیاوانەیان هەیە. بەڵام هەرگیز ئەو "واقع"، راستی و فاکتەرە وەبەرچاو ناگیرێت کە نزیک بە ٥٢ لە سەدی کۆمەڵگای ئێمە ژنانن و ڕۆژانە بە سەدان شێوە مافی ئینسانیان لە ژێرپێدەندرێت.

١٦- پیاوسالاری و هێندێک مافی ناڕەوا بۆ پیاوان، وەک کێشە لە ناو تیڤیکاندا باسیان لێناکرێ، بەڵکو وەک شتێکی سروشتی و نۆرم باسدەکرێن و شەرعییەتیان پێدەدرێت. بۆ وێنە بێسنووری و دڕی سیستێمی پیاوسالار کە لەو سیستێمەدا پیاو بۆی هەیە چەند هاوسەری بێ و کەنیز لە تایلەندو فلیپینرا بێنێ. مێدیاکان زۆر بە ئاسایی لە تەنیشت ئەو گرفتانە تێپەڕدەبن. کاناڵەکانی کوردی نیوەی کێشەکان، بە نیوەچڵی، بە ناڕوونی و کەمی باسدەکەن، بەڵام نیوەکەیتری کێشەکان کە پیاوان ڕاستەوخۆ تێدا بەرپرسن، دەشارنەوە.

### ئاخر وتە

بە ڕاشکاویەوە دەتوانین بڵێین کە مێدیاکان ئەگەر لە فراوانکردنی ئالقەی دیمۆکراسی و پەرەپێدانی ئازادی بیروڕا دا سەرکەوتوو نەبووبێن، ئەوە لە یەک شتدا سەرکەوتوو بوون: بەرهەم هێنانەوەی سیستێمی ژێندێر، هەڵاواردنی جنسی و کردنی ژن بە ئۆبجێکت، واتە بەرهەمهێنانەوەی هێژمۆنی و دەسەڵاتی پیاوسالاری. ئەو کاناڵانە کەمکارێکی حاشاهەڵنەگریان بە تایبەت لەمەڕ کێشەکانی ژنان، منداڵان و کەمئەندامان و بە تایبەت ژنانی کەمئەندام کردووە، ئەگەرچی جاروبار پرۆگرامیان لەو بوارانەدا هەیە و بووە.

لە "ڕوانگەی یەکسانی"یەوە، کێشەکانی گەیشتن بە یەکسانی، کێشەی دەسەڵات و سیاسین و مێدیاکانی کوردی دەبێ ڕۆڵی کاریگەری خۆیان هەبێ بۆ لەناو بردنی نابەرامبەری ئینسانەکان و ڕەخساندنی دۆخێک بۆ دەربڕینی بیروڕای ئازاد و گەشەدانی دیمۆکراسی و لەوانە دروستکردنی مەیدان و فەزا بۆ دەربڕینی بیروڕای ژنان سەبارەت بە سەرجەم کێشەکانی کۆمەڵگا.

دیمۆکراسی خەرجی هەیە. دەسەڵاتی کوردی، ژن و پیاوی کورد، مێدیاکانی کوردی بە تایبەت تیڤیکان بە هۆی ڕۆڵی گرینگیان لە بارودۆخی ئێستای کوردستاندا و بە گشتی هەموومان دەبێ حازر بین بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی ئینسانی و یەکسان، ئەو خەرجە بدەین. هەموومان، وەک تاک، نوسەر، بە ناو ڕۆشنبیران، ڕاگەیاندنەکانی گشتی، قوتابخانەکان و زانکۆکان، دامودەزگاکان و هەموو حیزبەکانی کوردی، نابێ چیتر شەرعییەت بدەینە ژێردەستەبوونی ژنان، لە ژێرپێنانی دیمۆکراسی و خنکاندنی ئازادی.

*** ئەو وتارە بۆ کۆنفرانسی پرسی ژن و خەبات بۆ یەکسانی کە لە لایەن یەکێتی ژنانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە ستۆکۆڵم بەڕێوەچوو، ئامادەکراوبوو.*

**بەداخەوە ٢ ڕۆژ دوای بەشداری ئێمە لەو کۆنفرانسەدا، یاسای "فرەژنی بە مەرج" لە باشوور پەسەندکرا.**

**http://sv.wikipedia.org [1] بۆ ئەوە تاریفکی گشتی کە هەموومان لە سەری ڕێکبین، لەو چەند چەمکە بەدەست بدەین لە ویکیپیێدیا کەڵکم وەرگرتووە.**

**ئیڤۆن هیردمان پرفسوور لە مێژوودا، لە ساڵی ١٩٨٨ لە سوید ئەو چەمکەی هێنا بەر باس و شیکردنەوە. (٢)**

**[3] Seminariumm Massmedia och jämställdhet - vilken påverkan har massmedia i arbetet med jämställdhet. Luleå , 7 juni 2005**

**نێتدا نەماوە یان من نایدۆزمەوە.**

*سەرچاوەکان:*


**کارل گوستاو یونگ، انسان و سمبولهایش، اساطیر باستانی و انسان امروز، جوزف ال. هندرسن، ترجمە: ابوطالب صارمی، تیرماه ١٣٥٢.**

**.Det ljusa rummet, tankar om fotografiet. Roland Barthes, 2006**

**Kari Andén-Papadopoulos, Kameran i krig. Den fotografiska iscensättningen av Vietnamkriget .i svensk press. Brutus Östlings Bokförlag Symposion, Stockholm/Stehag 2000**

**Eva Åhrén, &Ulrika Torell & Visuella spar, Bilder i kultur och samhällsanalys, Anna Sparrman .2003**

**/http://weneykk.blogspot.com**

**/http://www.wkomarik.blogspot.com**

**http://www.dn.se/kultur-noje/att-betrakta-andras-lidande-1.274443**


**تەواوی وێنەکان بە ڕوونکردنەوەکانەوە، جگە لە وێنەی ژمارە سێزدە و چاردە، وەک خۆیان، لەو دوو سایتە وەرگیراون. /http://weneykk.blogspot.com**

**سەرچاوە: وێبلاگی پەراوێزی بیر - ڕێکەوتی: ٣ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٨**

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠٠٩

## خوێندنەوەیەک لە چەند وێنەی دەورانی کۆماری کوردستان(١)

ئەو باسە بۆ هەوەڵ جار لە نەورۆز تی‌ڤی، لە ژانویەی ٢٠٠٩، بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندان، زۆر بە کورتی هاتە بەرباس و ئێستاش کرچ و کاڵ بە شێوەی لێکۆڵینەوەیەک دەنووسرێتەوە. بە هیوای ئەوە کە ببێتە هاندەری لێکۆڵینەوەی زیاتر لە لایەن کەسانی بە توانا لە بواری هونەری فۆتۆ و کاریگەری فۆتۆ لە پانتایی کولتور و سیاسەت دا.

### وێنە و گەڕان بە دوای زانین دا

کەڵکوەرگرتن لە وێنە وەک "سەرچاوە" لە لێکۆڵینەوەی کولتوری و کۆمەڵایەتیدا زیاتر لە پێشوو پەرەی‌سەندووە. (پێشتر سەرچاوەکان زیاتر "نوسین" کان بوون.) هەروەها لێکۆڵینەوە لە سەر ئەو کولتورانەی کە لە ڕێگای "بینین"(٢) وە پێکدێن، پەرەی سەندووە و ئەمەش بە چەند هۆ - فاکتەرەوە گرێدراوە: ئا) کولتور زیاتر وەک پێوەندی هەڵسوکەوتی ئینسانەکان دەبیندرێ، ب) ئەزموونەکانی ڕۆژانە زیاتر لە ڕێگای بینینەوە وەدەستدێن، تەنانەت خوێندنەوە لە ڕێگای چاوەوەیە، ج) ئەو لێکۆڵینەوانە بەدوای تەواوبوونی شەڕی جیهانی دووهەم زیاتر بووە. هەروەها هێز و کاریگەری کەرەسەکانی پێوەندی وەک تی‌ڤی و ئامرازی دیگیتاڵی لەو چەشنەن کە تێگەیشتن لە "جیهان وەک تێکست" بەرەو "جیهان وەک وێنە" دەبا و وەدەستهێنانی ئەزموونی ڕۆژانەی ئینسانی بە شێوەیەکی زۆر بەرین لە ڕێگای بینین، وێنە و چاوە.(٣)

کاتێک ئێمە وشەی "وێنە" بەکاردێنین، هەم بە مانای کۆنکرێتی ڕۆژانەی خۆی دێ و هەم بە مانای کەرەسەیەک کە لە ڕێگای بینایی و دیتنەوە پێوەندی دروستدەکا. وێنە وەک کەرەسە و یارمەتیدەرێک لە کاری مەیدانیدا و هەروەها بۆ بەتەسویرکێشان و نیشاندانی ئایدیا، ئەرزش و بیرەکان بەکاردێن. وێنە دەتوانێ ساختمانێک،

ژورێک، دارێک، یان وێنەی سەر کراسێک و هتد بێ. وشەی وێنە دەکرێ لە "گواستنەوە - ئینتقالدان"یشدا بەکاربێ، بۆ وێنە کاتێک لە ڕێگای وشە و موزیکەوە وێنەیەک وەبیرماندێتەوە و یان دێتە بەرچاو.(٤)

لێنا یوهانسۆن، شارەزای مێژووی هونەر، پێیوایە کە بۆ تێگەیشتن لە وێنە دەبێ خوێندنەوەکان بە دوو بەش - کاتێگۆری، دابەشکرێ:

١- لێکۆڵینەوەی ئێستێتیکی(جوانناسی) وینەکان.
٢- لێکۆلینەوە لە ئایدیا و بیرەکان. گەڕان بەدوای جوانناسی دا بەمانای گەڕان بەدوای ستایل، فۆرم، ڕەنگ، هێڵ و ستروکتوردایە. لێکۆڵینەوە لە بیر و ئایدیاکان، بەو مانایەیە کە بەدوای شرۆڤەکردن و هەڵێنجانی مانای وێنەین.(٥)

"کارگەری وێنەیی" بەومانایەیە کە نە تەنیا وڵامی پرسیاری ئەوە کە وێنەیەک چۆن هاتۆتە بوون و بەرهەمی کولتورێکی تایبەتە دەدرێتەوە، بەڵکو باسی ئەوەش دێتە گۆڕ کە چۆن وێنە خۆی دەبێتە هۆی دروستکردنی کولتورێک، چۆن دەبێتە پێکهێنەری ساختارەکان و یاریدەدەری بۆچوونەکان و بەرداشتی سیاسی و ئایینی.(٦)

## بەکارهێنانی وێنە وەک سەرچاوەیەکی مێژوویی

فۆتۆ، وەک ئامرازی پێوەندی، هەم لەو شتە کە وێنەکەی لێگیراوە و هەم بۆ ئەو کەسە کە چاو لە وێنەکە دەکا، کۆنکرێت و ڕاستەوخۆیە. بۆ ئەوە کە ببینین، پێویستمان بە زانین و یاسا و یان زمانێک نییە بەڵام بۆ تێگەیشتن لە وێنەیەک پێویستیمان بە ئەزمون و پێشینەی کۆلتوری هەیە. وێنە لە خۆیدا بە تەنیایی زۆر بە کەمی مانای هەیە. وێنە و ئەو مێدیایە کە وێنەکە بڵاودەکاتەوە، بە هەلومەرجی کولتوری و سیاسی گرێدەرێن، واتە لە کۆنتێکستدا مانا پەیدادەکەن. بۆ ئەوەکە خوێندنەوە، تەفسیر و بەرداشت لە وێنە، جێگای باوەڕ بێ، دەبێ وێنە لە کۆنتێکستی کولتوری و مێژووییدا دابندرێت. بۆ وێنە ئێمە دەربارەی کات و شوێنی وێنەکە و دەربارەی ئەو ئینسانانەی کە لە وێنەدان، چ دەزانین؟ نۆرم و یاساکانی سەردەمێک کە وێنەکەی تێدا گیراوەکە، چن؟(٧) وێنەکان بە پێ کات، دەکرێ لە پەنا یەکتر دابندرێن و باسی گۆڕان یان نەگۆڕانەکانمان بۆ بکەن. تێگەیشتن لە وێنە باشتر دەبێ ئەگەر لە کۆنتێکستی کولتوری - مێژووی خۆیاندا شرۆڤە بکرێن. هاورێ لەگەڵ نوسراوە و

سەرچاوەکانیتر، وێنە دەتوانێ زانیارێکی زیاتر لە کات و شوێن و سەردەم بداتە بینەر. هەروەها ناوەرۆکی نوسراوەیەک لە ڕێگای وێنەوە دەتوانێ دەوڵەمەندتربێ.(٨)

بۆ تا ئێستاش نوسراوەکان زیاتر لە وێنەکان وەک سەرچاوە بۆ لێکۆڵینەوە، کەڵکیان لێوەردەگێردرێت؟ ڕەنگە هۆیەک ئەوە بێ کە دەکرێ وێنە ڕتووش بکرێ. (دیارە نووسراوەش سانسۆردەکرێ) بۆ وێنە زۆر کەس وێنەی ویلادیمیر لێنینیان لە ساڵی ١٩١٧ کە ڕاوەستاوە و خەریکی قسەکردنە، دیوە. لە ڕاستیدا، لئۆ ترۆتێسکی لەو وێنەیەدا بووە کە دواتر لە سەردەمی ستالیندا ڕتووش کرا و لابردرا. یان هۆیەکیتر دەتوانێ مێژووی کورتی وێنە لە بەرامبەر نوسین دا بێ و مێژووی فۆتۆ تەنیا دەگاتە ١٧٠ساڵ. (٩) دیارە هۆێ جواروجۆریتریش هەن کە بۆ تا ئێستاش وێنە کەمتر وەک سەرچاوە کەڵکی لێوەرگیراوە کە لەوە زیاتر ئێرە جێگای باسی ئەو بابەتە نییە.

## نمونەی (وێنەی) دێرین - کهن‌الگو

**Arche+types لە وشەی یونانی , archetypos arche**

لە زمانی یونانی دا، "ئارکە" بە مانای "بناخە"، "سەرەتا" و "هۆ" و وشەی "تیپ" بە مانای "ئۆلگو"، "تیپ"، و "نمونە" دێ. لە ئەدەب دا ئارکەتیپ زیاتر بەو تێکستانە دەوترێ کە سەرچاوەیان دیار نیە و بە شێوەیەکی ترادیسیۆنی هاتونەتە ناو نوسین و زۆر جار خودی سەرچاوە لەدەستدا نییە و لە ڕێگای نوسینەوەی نوسینەکانی پێشتر گەیشتونەتە ئێمە.

ئارکەتیپ، سیمبۆلی هەستی بناخەیەیی ئینسانە وەک بەختەوەری، مەرگ و ترس. ڕەنگە مانایەکی نزیک بەم وشەیە لە زمانی کوردیدا، "وێنەی باستانی" ،"نمونەی دێرین - وێنەی دێرین" و " وێنەی ئەزەلی" بێ. لە زمانی فارسیدا ئارکەتیپ بە "کهن‌نمونە" ، "کهن الگو" ناسراوە.

یونگ پێیوایە کە بۆ ناسین و شیکردنەوەی تایبەتمەندیەکانی نەتەوەیەک دەتوانین لە "سیمبۆلەکان"ی ئەو نەتەوەیە بکۆڵینەوە و کەڵکوەرگرین. ئەو سیمبۆلانە "میرات"ێکن کە لە پێشینیان گەیشتونەتە ئێمە. "سیمبۆل" ئیشارەتە بە مانایەکی واڵا و شاراوە و لە مانای ڕواڵەتی خۆی زیاترە و تێپەڕدەبێ و ئاماژیە بە شوێنێکیتر. بە

بڕوای یونگ، "نمونەی دێرین - کهن‌نمونە" لە ناخی ئینساندا لە سەرەتاوە لە هەموو کولتورەکاندا بووە و هەر بۆیە زۆر ئەفسانە و ئۆستورە و وێنە لە کۆمەڵگای ئینسانیدا هاوبەشن. "دایکی زەوی" نمونەیەکە لەو وێنە دێرینانە کە سیمبۆلی" زاوزێ و ئافراندن"ە و ئاماژەیە بە"بەختەوەری و "چاکە". نمونەی دێرین لە پێکهێنانی ئەزمونی هوشیارانەی ئێمەدا کاریگەرێکی تایبەتیان هەیە و بە شێوەی خەیاڵ و خەون دەردەکەوەن. وێنە - ئۆلگو دێرینەکان لە ناو دین و ئایین و هونەر و ئارەزویەکی ئارمانی دا دەبیندرێن. (١٠)

## گریمانەی یەکەم

کاتێک باسی وێنە و ئۆلگوی دێرین دەکەین زیاتر ئۆلگوکانی سەردەمی باستان دێنە ناو مێشک وەک ئاتێنا، وێنوس، حەوا، کاوە، ئۆیدیپوس، ئاشیل، سیاوەش و هتد. بەلاَم لەو لێکۆڵینەوەیەدا گریمانەی یەکەم ئەوەیە کە ئۆلگوکان بەردەوام دێنە بوون و تەنیا بە دەورانی باستانەوە گرێنادرێن. بۆ وێنە "مەنسووری حەلاج" کە بۆ حەقیقەت سەری چووە سەر دار، "ژاندارک" سەربازێکی ئازا کە بۆ وڵاتەکی جەنگا و "طاهره قرەالعین" ژنێکی ئازاد و یاخی کە لە دینی ئیسلام لایدا، وێنەگەلێکی زۆر دواتری دەورانی باستانن.

لە جیهانی ئەدەبدا کەسایەتی تراژدی ناو دەقی شیکسپیر، "هاملێت" سیمبۆلی کەسێکە کە نزیکترین خزمەکانی خەیانەتی پێدەکەن و بەداوی پرسیاری "بوون یا نەبوون"ە. لای کورد، کەسایەتێکی وەک ئەحمەدی خانی ئۆلگویەکە بۆ ناسیونالیسمی کوردی، پەرەپێدانی زمان و ئەدەبی کوردی، یان کۆمار ڕەمزێکە بۆ سەروەری کوردستان و پێشەوا وێنەی ئینسانێکی وەفادار و شەهیدە بۆ سەربەستی نیشتمان.

## گریمانەی دووهەم

سەرەڕای هەموو کەم و کوڕیەکان و هێندێک جار ڕۆڵی نێگاتیڤی هێندێک لە ماسمێدیاکان، دیسان نابێ لەبیرمانبچێ کە ڕۆڵی مێدیاکان لە درووستکردنی هەستی نەتەوەییدا لە ڕێگای پێوەندی بەردەوام لەگەڵ بیسەر، بینەر و خوێنەر، ڕۆڵێکی گرینگ و تایبەتە. مێدیاکان بۆ وێنە لە ڕێگای نیشاندانی فیلم و وێنەی شۆڕشەکانی کورد، دەورانی کۆمار یان نیشاندانی کارەساتەکان وەک ئەنفال، حەڵەبجە و هتد، بەردەوام هەستی نەتەوایەتی پەرەپێدەدەن و دووبارە بەرهەمیدەهێننەوە. (هەڵسەنگاندنێک لە کاری تیڤیکانی کوردی لە ڕوانگەیەکی

فێمینیستیەوە، هەر لە نووسەری ئەو بابەتە لە نوامبری ٢٠٠٨ بڵاو بووە.)

## پرسیاری سەرەکی ئەو لێکۆڵینەوەیە

بە بڕوای ڕۆڵاند بارت، لە وێنەدا واقعێک هەیە یان بووە کە شەرت نییە حەقیقەت بێ بەڵام ڕەنگدانەوەیەکە لە کات و شوێن لە ڕابردوودا. بە واتایەکیتر فۆتۆ، باسی ئەو شتە ناکا کە ئیتر نییە بەڵکو ئەو شتە کە جارێک ڕوویداوە نیشاندەدا.(١١)

زۆر جار کاتێک ئێمە باسی "کۆمار" دەکەین بیروبۆچوونی جیاواز سەبارەت بە ئەو دەورانە لە مێژووی کورد دێتە ئاراوە. هێندێک لە سەر ئەو باوەڕەن کە کۆمار تەنیا بۆ گەیشتن بە "خودموختاری لە چوارچێوەی ئێران"دا بووە و کەسانیتریش هەن کە لە سەر ئەو باوەڕەن کە "کۆمار" هەوڵێک بووە بۆ گەیشتن بە سەروەری سیاسی و سەربەخۆیی کوردستان.

لەو لێکۆڵینەوەیەدا لە ڕێگای شرۆڤەکردن و خوێندنەوەی چەند وێنەی دەورانی کۆمار، هێندێک شێعر و دەقی بەجێماو لە دەورانی کۆمار، وڵامی ئەو پرسیار دەدرێتەوە: وێنەکانی بەجێماو لە دەورانی کۆمار چ واقع یان ڕووداوێک بە ئێمە نیشاندەدەن؟

## مێتود

ژمارەیەک وێنە وێڕای تا ڕادەیەکی زیاتر ڕۆژنامە، گۆڤار، بیرەوەری، ڕەوایەت و دەق لە سەردەمی کۆمار بەجێماون. یەک لەو دەقە گرینگانە، "سوێندی پێشەوا" یە. کاتێک هەمووی ئەوانە (وێنە، فیلم، ڕۆژنامەکان، بیرەوەریەکان و هتد) لە پەنای یەکتردادەنرێن وێنەیەک لە کۆمار بەدەست دەدەن و لە ڕێگای ئەو ماتێریالەوە دەکرێ تەفسیرێک لە کۆمار بکەین.(یان چەندان تەفسیر)

لەو لێکۆڵینەوەیەدا هێندێک لە وێنەکانی بەجێماو لە دەورانی کۆمار هەوڵ بە جیا ئانالیز دەکرێن و دواتر ئەو وێنانە وێڕای دەقی "سوێندی پێشەوا" و چەند شێعر لە ماموستا هێمن کە لە دەورانی کۆمار و دوای کۆمار

نووسراون، لەگەڵ یەکتر بەکۆ شرۆڤەدەکرێن.

گرینگە کە ئاماژە بەوە بکرێ کە شرۆڤەکردنی هەر وێنە یان تێکستێک بەستراوەتەوە بە پێشینەی سیاسی، کولتوری و کۆمەڵایەتی هەر بینەر یان خوێنەرێک.(١٢) دەکرێ تەفسیرەکان بە پێی سات و شوێن و تاک، زۆر جیاوازبن. بۆ وێنە ڕەنگە دوو کەس کە لە دوو ڕێکخراوی حیزبی جیاوازدا ئەندامن، تەفسیرێکی تەواو جیاوازیان لە وێنەیەک هەبێ بەڵام دەکرێ بە گشتی ئەوە بڵێین کە وێنەیەک دەتوانێ هەڵگری هەستێکی گشتی بێ یان هەستێکی گشتی و هاوبەش پێکبێنێ.

## کەرەسەی لێکۆڵینەوە (ماتێریاڵ)

ژمارەیەک وێنە (١٣) وێڕای چەند فیلم لە دەورانی کۆمار ماون کە لە ڕۆژنامە، کتێب، گۆڤار، سایتەکان و لە تیڤیکانی کوردیدا نیشاندەدرێن و چاپکراون. ئۆرجینالی ئەو فیلم و وێنانە لای کێن و چەندەن و چەند لە بەڵگەکانی دەورانی کۆمار لەناوچوون، خۆی باسێکی زۆر هەڵدەگرێ.

بەڕێز حەسەن قازی یەک لەو کەسانەیە کە هەوڵێکی زۆری داوە بۆ کۆکردنەوەی وێنەکانی دەورانی کۆمار، ساخکردنەوەی زانیاری، ناوی کەسایەتیەکانی ناو وێنەکان، کات و شوێنی وێنەکان و بڵاوکردنیان لە ڕێگای ئینتێرنێتەوە لە دوو ماڵپەڕی (سایت) خوارەوەدا:

http://weneykk.blogspot.com/
http://www.wkomarik.blogspot.com/

دیارە ئەو وێنانە لە زۆر ماڵپەڕیتر و ڕۆژنامەی کوردی و غەیری کوردیدا هەن و چاپکراون. هێندێک لەو وێنانە بۆ هەوەڵ جار لە دوو ماڵپەڕەی سەرەوەدا بڵاوکراونەتەوە.

بۆ ئەو کارە چەند وێنە وێڕای زانیاریەکانی سەبارەت بە وێنەکان لەو دوو ماڵپەڕە گۆڵبژێر کراوە. ئەم گوڵبژێرە (تەنیا وێنە) بە هوی تێکنیکییەوەیە کە ئەو فیلمانەی کە لە تیڤیکان نیشاندەدرێن، وەدەستمناکەون و ئەگەریش پەیداکرێن، بۆم نایێتە ناو پرۆگرامی نوسینی ویندۆزەوە.

کۆی وێنەکان کە لێرەدا بەکاردێن، سەرجەم بیست وێنەن و وێنەکان ڕیزبەندی کراون تا خوێنەر بزانێ کە لە شرۆڤەکردندا کام وێنە مەبەستە. وێنەی ژمارە ١٣ و وێنەی ژمارە ١٤ و ناوی شەهیدەکان لە دوو ماڵپەڕی پێشمەرگەکان و گیارەنگ وەرگیراوە. (پێویستە ئاماژە بەوە بکرێ کە هەڵبژاردنی ماڵپەڕەکان و وێنەکان، سەرەڕای ڕێزم بۆ هەموو تاک و حیزبەکان، هیچ پێوەندیکی سیاسی بە هیچ لایەنێکی حیزبی یان تاکە کەسەوە نییە و تەنیا وەک سەرچاوە بووە(.

## دەقی "سوێندی پێشەوا"

*"ئەمن بە خودا، بە کەلامی عەزیمی خودا، بە نیشتمان، بە شەرافەتی میللی کورد، بە ئالای مقەدەسی کوردستان سوێند دەخۆم کە تا ئاخر هەناسەی ژیانم و ڕژاندنی ئاخر تنۆکی خوێنم بە گیان بە ماڵ لە ڕێ ڕاگرتنی سەربەخۆی و بەرزکردنەوەی ئالای کوردستاندا تێبکۆشم."* (کوردستان ژمارە ١٤ ڕێبەندان ١٣٢٤)

## ڕەوایەت لە زمان وێنەوە

سوزان سۆنتاگ ژورنالیست و نووسەری ئامریکای(١٩٣٣ - ٢٠٠٤) دەڵێ: "ڕەوایەتەکان دەبنە هۆی تێگەیشتنی ئیمە، وێنە کارێکیتر دەکا: بەردەوام بەدوای ئێمەدا دێن."(١٤)

وێنە بە چاک و خەراپ دەتوانی کاریگەری لە سەر تاک، نەتەوەکان و جیهان بێ. وێنە دەتوانێ بیرورای گشتی بگۆڕێ یان بیرەوەریەک کەمرەنگ یا پرڕەنگتر بکا. بۆ وێنە بڵاو بوونەوەی وێنەکانی حەڵەبجە، ژێنۆسایدی کورد، شەڕی ویتنام توانیویانە بیرورای گشتی جیهان لە سەر ئەو ناحەقیە کە دژ بە کورد یان ویتنام دەچوو، بگۆڕێ.
کارین ئاندێن پاپادۆپۆلۆس لە تێزی دوکتورای خۆیدا باسی ئەوە دەکا کە: وێنەی ئەو کچە برینداره ڕووتەی شەڕی ویتنام کە بە بومبی نێپاڵ بریندار بوو، هێزی وێنە نیشاندەدا کە چۆن مێژوو دەگۆڕدرێت و وێنەکان ڕاستەوخۆ لە سەر بیرورای گشتی کاریگەریان هەیە یان دەبنە هۆی هەڵوێست گرتنی خەڵک.(١٥)

کاتێک ئینسانێک ڕەوایەتێک دەبیسێ، هێندێک وێنە لە مێشک و خەیاڵیدا پێکدێ. ڕەنگە ئەو وێنەیە لەگەڵ "واقع" یەکبگرێ و ڕەنگە دوور لە ڕاستی بێ. بەڵام کاتێک ئینسان وێنەیەکی کۆنکرێت دەبینێ، تا ڕادەیەکی زۆر

ئینسان دووبارەسازی ڕووداو یان ڕەوایەت لە دونیای زەینی خۆیدا دەکاتەوە. بۆ وێنە کاتێک باسی ئۆلەمپیکی چین دەکرێ، هەر کەس وێنەیەک لە مەیدانەکانی کێبەرکێ، ڕەنگەکان، خەڵکانی بەشدار و هتد... لە خەیاڵیدا دروستدەکا بەڵام کاتێک کامێراکان وێنە و فیلم لە ئۆلەمپیکی چین بڵاو دەکەنەوە تا ڕادەیەکی زۆر "واقع" دێتە پێش چاوی بینەر. یان کاتێک باسی کوشتار و ژێنۆسایدی کورد بە دەست بەعس دەکرێ و شاهیدان ڕەوایەتەکان دەگێڕنەوە، وێنەیەک لە زەینی ئێمەدا درووست دەبێ و کاتێک فۆتۆی هەزاران جەستەی سووتاو و شارێکی بۆمبارانکراو دەبینین تا ڕادەیەکی زیاتر وێنەکانی مێشکمان لە واقع نزیک دەبێتەوە. وێنەکانی کۆماریش لەگەڵ بینەر هەر ئەو کارە دەکەن.

ڕۆلاند بارت لە کتێبی هۆدەی ڕووناک، چەند بیرێک دەربارەی فۆتۆگرافیدا، دا دەنووسێ کە فۆتۆ بە شێوەیەکی میکانیکی شتێک نیشاندەداتەوە کە یەکجار بووە و هەرگیز لە ڕاستیدا رووناداتەوە، "بەشێک لە واقع لە ساتەکانی چوو، واتە ڕابردوو و واقع لە یەک کاتدا..." بە واتایەکیتر فۆتۆ، باسی ئەو شتە ناکا کە ئیتر نییە بەڵکو ئەو شتە کە جارێک ڕوویداوە نیشاندەدا واتە فۆتۆ جەختدەکاتە سەر "ئەو شتە کە من دەیبینم لە واقع دا بووە و ڕوویداوە"، مەدرەکێک، حازر لە کات و شوێن. فۆتۆ، کۆپی واقع نییە بەڵکو دروشانەوەیەکە لە واقعێک لە پێشوودا.(١٦)

## بەو تێروانینە، وێنەکانی کۆمار هەڵگری چ واقعێک لە ڕابردوون؟

بە پێی ئەو وێنانە - بەڵگانە، کە لە دەورانی کۆمار بۆ ئێمە بەجێماون، شاری مەهاباد ناوەندی کۆبوونەوەی ئیرادەی نەتەوەیی بوو. وێنەکانی ژمارە ١، ٢، ٣، ٤ و ٥ کۆمەڵانی خەڵک نیشاندەدن کە لە مەیدانەکانی شار لە ڕۆژانی ٢٦ی سەرماوەز و ٢ی ڕێبەندان کۆبوونەتەوە یان ڕێژەدەرۆن. لە زۆر بیرەوەری کەسایەتیەکانی کوردا، زۆر جار ئیشارە بە ڕۆژانی ٢٦ی سەرماوەز و ٢ی ڕێبەندان کراوە. لەوانە کۆچکردوو، عەبدولقادر دەباغی، ئەندامی ژ.ک. و دواتر ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە وتووێژێک لە تیشک تیڤی دا، باسی ئەوەی کرد کە ئەو ڕۆژانە لە مەهاباد وەک ڕۆژی مەحشەر خەڵک کۆببوونەوە. (سەرچاوە: کاستی ویدئویی کە لە تیشک تیڤی تۆمارکراوە)

کۆماری کوردستان خاوەنی ئەرتەش و سپا بووە. فەرماندەی گشتی سپای کۆماری کوردستان سەرهەنگ برایم سەلاح

بووە. (وێنەکانی ژمارە ٥، ٦، ٧، ٨، ٩) سوپای کوردستان بۆ دیفاع لە خاک و دابینکردنی ئاسایش کادری خۆی بووە و ئامادەی پاراستنی سەروەری سیاسی و سەربەخۆی خاکی کوردستان بووە.

بە پێی ئەو وێنانە، نوێنەرانی ناوچەکانی جۆراوجۆری کوردستان لە شاری مەهاباد لە ٢ی ڕێبەنداندا کۆبوونەتەوە. کۆماری کوردستان لە لایەن هێز و تاکی بەشەکانیتری کوردستان پشتیوانی لێدەکرا و کوردی پارچەکانیتر، کۆماری کوردستانیان بە هی خۆیان دەزانی. بۆ وێنە ژنێراڵ مستەفا بارزانی بە هێزی پێشمەرگەوە پشتیوانی نیزامی کۆمار بوو. ئێمە لە دوو وێنەی ژمارە ١٦، ١٧، ژەنێراڵ مستەفا بارزانی، قەدری جەمیلپاشا، مایۆر خەیرۆلا عەبدولکەریم و زۆر کەسایەتیتر دەبینین. لە وێنەی ژمارە حەوت دا، ژنێراڵ محەمەد حوسێنی سەیفی قازی وەزیری هێزی دێمۆکراتی کوردستان و سەلاحەدین عیسا زادە (کازمۆڤ) پێکەوە ڕاوەستاون. "کازمۆڤ ڕاوێژکاری نیزامی کۆمار، بە ڕەچەڵەک لە کوردەکانی شووڕەوی بوو و لەو سەردەمانەی کە لە مەهاباد بوو بە 'کاکاغا' بە نێوبانگ بوو." (سەرچاوەی زانیاریەکان سەبارەت بە ناوەکان: ئەو ماڵپەڕانە کە پێشتر ئاماژەیان پێکرا)

ئەوە کە لە زۆر شوێنیتری کوردستانەوە خەڵک ڕووی لە مەهاباد کردووە لە ئەدەبی کوردیشدا زۆر باسکراوە. بە پێی بیرەوەریەکانی ماموستا هێمن زۆر کورد لە بەشەکانیتری کوردستان ڕا ڕوویان لە مەهاباد کرد. ماموستا هێمن لە تاریک و ڕوون، لە کۆێوە بۆ کۆێ، دا باس لە ئاشنایی خۆی لەگەڵ ماموستا قانع لەو سەردەمەدا دەکا. (تاریک و ڕوون، ل.٣٥.)

وێنەی ژمارە یازدە وێنەی یای خەجیجی مەجدی ئامۆژگاری مەدرەسەی پەروانەی کچان و هاوسەری سەدیقی حەیدەری وەزیری ئینتیشارات و تەبلیغاتی کۆماری کوردستانە. خاتوو خەجیجی مەجدی یەک لەو کەسانە بووە کە لە 2ی ڕێبەندان دا وتاری پێشکەش کردووە و داوای لە ژنان کردووە کە یەکێتیان هەبێ و بۆ گەشەکردنی خۆیان و ڕزگاری دایکی نیشتمان هەوڵبدەن و بخوێنن. یای خەجیج ٢ی ڕێبەندان بە ڕۆژێکی پیرۆز دەزانێ و پیرۆزبایی لە هەیئەتی دەوڵەت دەکا. لە ڕۆژنامەی کوردستان ژمارەی ١٣، دووشەمۆ ٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ (هەتاوی) - ١١ی فێورییەی ١٩٤٦ی زایینی دا بەیاناتی یای خەجیجەی مەجدی ئامۆژگاری مەدرەسەی پەروانە (کچان)ی مهاباد، بەو جۆرە هاتووە:

"ئەی خوشکانی خۆشەویست، ئەی برایانی عەزیز، لەم ڕۆژە خۆش و پیرۆزە دا ئەمن کە یەک کچە کوردم کە ئازادی میللەتی خۆم بە چاوی خۆم دی! هەر چەندە کە زمانێک بوو دەمدیت کە لاوانی کورد شەو و نیوەشەوان یا دەم بیست لە شاخان و لە غاران مەشغوولی فەعالییەت بوون و خودای تەبارەک وە تەعالا مووەفەقی کردن و دڵی نەشکاندن. ئەلئان ئەی خوشکە خۆشەویستەکان با ئێمەش چاو لە برا خۆشەویستەکانمان بکەین، دەستی ئیتیحاد بۆ یەکتر درێژ بکەین. چون دەبینم دایکی نیشتمان چاوەڕێی کچەکانی خۆیەتی کە دەس بە فەعالییەت و خوێندن بکەین، بەڵکوو تا ئێمەش بگەینە برا خۆشەویستەکانی خۆمان لە بەر ئەوەی دونیای ئەورۆ موحتاجی کچ و کوڕە کە بە خوشکو برایەتی دەست بدەینە دەستی یەک بۆ ڕزگاری دایکی نیشتمان.ئەمن لە تەرەف تەواوی کچ و خوشکانی کوردستانی مەزن پیرۆزی ئەو ڕۆژە موقەددەسە تەقدیمی هەیئەتی دەوڵەت دەکەم. و لە ئاخری دا تەمەنا دەکەم ئێوەش لە گەڵ من هەمسەدا بن و بڵێن: بژی پێشەوای بەرزی کوردستان جەنابی قازی محەمەد! بژی قارەمانانی کورد!." (سەرچاوە: ئەو ماڵپەڕانە کە وێنەکانی لێوەرگیراوە(

وێنەی ژمارە دوازدە لە ڕوانگەی یەکسانی قەومی و جنسییەوە، وێنەیەکی پڕنرخە. لە وێنەی ژمارە حەوت دا ماموستایانی "وەزارەتی فەرهەنگی جمهوری کوردستان" ژن و پیاو پێکەوە وێنەیان گرتووە. ژنان بە بێ حیجاب و چارشێون و هەروەها دوو کچی جەوان، بە جلوبەرگی مۆدێرن و پرچی ڕووت لە ناو حازران دان. ئەوە کە لە وەزارتی وڵاتێکی ئاوا ساوادا کە ڕادەی خوێندەواری زۆر لەخوارەوە بووە و لە باری ئابووریەوە گەشەی نەکردووە، ڕادەی کارمەندانی ژن لە وەزارەتی فەرهەنگ دا بە پێی ئەو وێنەیە دەگاتە شەش کەس، ڕادەیەکی بەرچاوە.

هەروەها دو کەس لەو ژنانە موسایی بوون. واتە لە کاروباری کۆماری کوردستان دا ئینسانەکان بە پێی دین و ئایین دابەشنەکراون و تەنانەت کەسانی غەیری موسلمان توانیویانە کە لە وەزارەتەکاندا کاربکەن. ئەوە لەحاڵێکدایە کە تا ئێستاش لە ئێران و لە زۆر وڵاتیتر زۆر کەس بە خاتری تەعەلوقی ئایینی (غەیری دینی ئیسلام) دوچاری گیروگرفتن و مافەکانی ئینسانیان لێوەرگیراوە.

ناوی ئەو خاتوونانە کە لەو وێنەیەدان بەو چەشنەیە: خەجیجی بابە سووری، فەریدەی زەندی، ماوزەر بلەزادە، سەلتەنەتی داودزادە (کە هەر دووکیان مووسایی بوون) وەجیهەی شوجاعی، ڕەعنای داودی. (سەرچاوە دوو ماڵپەڕی ئاماژە پێکراو)

وێنەی ژمارە پازدە وێنەیەکی تایبەتە و ناوی کۆمار و هێندێک لە تایبەتمەندیەکانمان بۆ ساخدەکاتەوە. بە پێ ئەو بەڵگەیە:

* کۆمار، "جمهوری کوردستان" بووە و لەو وێنەیەدا ناوی "دەوڵەتی جمهوری کوردستان" هاتووە، نەک جمهوری ناوچەیەک، یان "کۆماری مەهاباد". ئەوە کە کۆمار، جمهوری کوردستان بووە لە ئەدەب و شێعری کوردیشدا زۆر جار باسیکراوە،

* کۆمار، دەوڵەتی بووە و خاوەنی وەزارەتی جۆراوجۆر بووە لەوانە وەزارەتی فەرهەنگ،

* پێنووس، خۆر، گۆڵەگەنم وەک ڕەمزی کۆمار زۆر جێگای سرنجن و هەم لە ئاڵادا (گوڵەگەنم، خۆر، پێنووس) و هەم لە لۆگۆی وەزارەتی فەرهەنگ دا (پێنووس و خۆر) هەبوون.

(دیارە کە بەڵگەی تریش هەن کە کۆمار بە ناوی کۆماری مەهاباد، ناودەبەن. هەر بۆیە لێکۆڵینەوە و باس لە سەر ناوی کۆمار بە پێ بەڵگە گرینگە و هیوادارم زیاتر کاری لەسەر بکرێت. بەڵام من خۆم ئەو بۆچوونەم قەبووڵە کە ئەو لۆگۆیە هەڵگریتی واتە کۆماری کوردستان نەک کۆماری مەهاباد.)

## سوێندی پێشەوا، سەرچاوەیەکی مەعنەوی و سیاسی

کاتێک سەرۆک کۆماری وڵاتێک هەڵدەبژێردرێت، دەبێ سوێند بخوا. لە هەموو وڵاتان دا، لە "سوێندخواردن" دا چەند خاڵێکی گرینگ ئاماژەی پێدەکرێ لەوانە پاراستنی سەروەری و بەرژەوەندی وڵات.

*لە سوێندی پێشەوا دا هەر ئەو کارە کراوە. سوێندی پێشەوا هەڵگری ناوەرۆک و چەند وشەیەکی گرینگە:*

"نیشتمان، شەڕافەتی میللی کورد، ئاڵای مقەددەسی کوردستان، ڕاگرتنی سەربەخۆیی، بەرزڕاگرتنی ئاڵا."

ئەو دەقە، ئەوە بە ئێمە دەڵێ کە سەرۆکی وڵاتێک، بە ئاڵای وڵات و بە شەڕافەتی گەلێک سوێند دەخوا و پەیمان دەدا کە لە ڕێگای "ڕاگرتنی سەربەخۆیی" ئەو وڵاتەدا تا ئاخر ساتی ژیانی تێبکۆشێ. واتە ئێمە لەگەڵ وڵاتێک کە دەیهەوێ سەربەخۆ بێ و سەرۆک کۆماری هەیە ڕووبەڕووین، نەک لەگەڵ ناوچەیەکی خودمۆختار.

کاتێک سوێندی پێشەوا و ئەو وێنانە لە پەنای یەکتر دادەندرێن ئەووەمان بۆ دەردەکەوێ کە خەیاڵی دروستکردنی وڵاتێکی سەربەخۆ لە ئارادا بووە. نەخشی ئەو موزائیکە کاتێک بە تەواوی وەدیاردەکەوێ کە ئێمە چاوخشانێکمان بێ بە سەر ئەدەبی ئەو کاتدا. لەوانە دەتوانین لە شێعرەکانی شاعیری نەتەوەیی هێمن نمونە بێنینەوە. ماموستا هێمن کە خۆی لە کۆماری کوردستان دا چالاک بووە بەردەوام باسی پێشەوا و کۆمار دەکا. (وێنەی ژمارە هەژدە) شێعرەکانی هێمن هیچ شک و گۆمانێک ناهێڵنەوە کە ئەو کۆمارە بۆچی دامەزرا و ئاواتی چ بوو.

لە شێعری ڕێبەندان و شاعیر (١٣٢٥) دا، مانگی ڕێبەندان و شاعیر گفتوگۆیانە و شاعیر لە ساردی مانگی ڕێبەندان سکاڵادەکا بەڵام ڕیبەندان ئەوها وڵامی شاعیر دەداتەوە:

*لە ڕۆژی مندا کورد بە رووسوری*
*هەڵی بژاردووە رئیس جمهوری*

یان لە شێعری رۆژی شادی (١٣٢٤) دا باسی سەربەستی دەکرێت:

*جێژنی سەربەستی و دەمی ئازادیە*
*کاتی عەیش و نۆش و شایی و شادییە*

لە شێعری دایکی نیشتمان ١٢ - ١١ - ١٣٢٤ دا، شاعیر دایکی نیشتمان دڵنیا دەکا کە ڕۆژێک هەموو کوردستان ڕزگار دەکرێ:

*لەبەر خۆت داکەنە دایە جلی رەش*
*دڵت ڕوون بیتەوە کۆڵمەت ببی گەش*
*هەنیسکان بەس بدە چیدی مەکە شین*
*ببینە بەیروقی سوور و سپی و شین*
*ببینە هیزی پێشمەرگە و بزانە*
*کە نووکی نێزە و شمشیری ئەوانە*
*لە ژێر دەستی دەکا رزگار و ئازاد*

### تەواوی کوردەواری وەک مەهاباد

لە وێنەکانی ژمارە ١، ٣، ٩، ١٠دا، هاوکات کە پێشەوا وەک ئینسانێکی باوەربەخۆ دەردەکەوێ و خەڵک وەک ڕێبەری وڵاتێک دەورەیان گرتووە و یان لە لە پێشی ڕێژە دەڕۆن، پێشەوا ئینسانێکی ساکار و ڕەواڵەتێکی ئارام و مەندی پێوە دیارە. ئەگەر بەراوەردێک بکەین بۆ وێنە لەگەل وێنەکانی بەجێماو لە سەرۆک عەشیرەتەکان کە لەگەڵ ئینگلیسییەکان کێشاویانە، سەرۆک عەشیرەتەکان هەموو بە خەنجەر و تفەنگ و لە پەنای ئینگلیسیەکان ڕاوەستاون و پۆز و فیزیان پێوە دیارە ئەوە لە کاتێکدایە کە وێنەکانی پێشەوا، باوەربەخۆیی و شانازی ڕێبەریکیان تێدایە بە بێ فیز و فەخرفرۆشی.

دڵتەزێنترین وێنەکانی بەجێماو لە دەورانی کۆمار و دوای کۆمار، وێنەی لە سێدارەدانی سەرفەرازان پێشەوا، سەدری قازی، محەممەد حوسەین خانی سەیفی قازی، و شەهیدانی سەقز و بۆکانە. (وێنەکانی ژمارە ١٣ و ١٤) بە پێی زانیاریەکانی نووسەر و شاعیری کۆچکردوو سۆران (تاران ح. س. سۆران - ٢٢ / ١١ / ٢٧٠٧) کە لە دوو ماڵپەڕی پێشمەرگەکان و گیارەنگ دا بڵاو بۆتەوە، ناوی شەهیدەکان بەو جۆرەیە: شەهید ئەحمەد فارووقی (سالار)، محەممەدی دانیشوەر، عەبدوڵلا مەتین، عەلی شێرزاد، عەلی فاتیح، ئەحمەد شەجیعی، حەسەن فەیزوڵلابەگی، شێخ سەدیق ئەسعەدی، شێخ ئەمەین ئەسعەدی، عەلی ئاغای قەرەچەل، ڕەسووڵ ئاغای میرەدەێ. (١٧)

ئەو دوو وێنەیە زۆر بیروڕای جیاوازی لەسەرە. هێندێک کەس پێیانوایە کە ئەو وێنانە لەباری ڕەوانییەوە کاریگەری نێگاتیڤیان لەسەر کورد هەیە. بەس بە بڕوای من تەنانەت ئەو وێنە دڵتەزێنانە نیشانەی وەفاداری، فیداکاری و سەرفەرازی و گەورەیی ئەو شەهیدانە و ڕەوابوونی مافی کوردە.

هێمنی شاعیر لە شێعری ڕۆژگاری ڕەش دا باسی ئەو تایبەتمەندییە بەرزانەی پێشەوا دەکا کە چۆن پێشەوا خۆی فیدای خەڵک کرد و بە گیانی خۆی گیانی هەزاران ئینسانیتری پاراست:

**ڕۆڵەی وەفاداری کورد**

**پێشەوای ئارام و ورد**

*بۆ کورد ژیا بۆ کورد مرد*
*گیانی فیدای گەلی کرد*
*زانا بوو کوردپەروەر بوو*
*پێشەوا بوو ڕابەر بوو*
*هەر کورد نەبوو بەشەر بوو*
*خەمی خەڵکی لەبەر بوو*

### بەرئەنجام

گرینگی توخم - ڕەگ(عنصر) ێکی تایبەت لە ناو ڕەگەکانی پێکهێنەری "نەتەوە"، بۆ وێنە مێژوو، زمان، خاک، کولتور، هەست و ڕوحی هاوبەش لە هەر لێکوڵینەوەیەکدا جیاوازە. لەو وتارەدا "هەستی هاوبەش"، وەک عونسورێکی گرینگی پێکهێنەری "نەتەوە" دەبیندرێ، جا چ نەتەوە خاوەنی دەوڵەت بێ یا نەبێ. "هەستی هاوبەش" لە کات و ساتی جیاواز دەتوانێ کۆمەڵە ئینسانێک لە دەوری یەک کۆکاتەوە. یادمانی مێژوویی (حافظە تاریخی) ئەو بیر و یادە هاوبەشانەیە کە دەبێتە هۆی نزیکبوونەوەی ئەندامانی نەتەوەیەک. خەڵکێک کە یادمانی هاوبەشیان هەیە هێندێک سیمبۆل و ئۆلگوی هاوبەشیان هەیە. ئەو ئۆلگویانە دەبنە بەشێک لە مێژوو، ڕەفتار و کەسایەتی ئەندامان و شوناسی گەلەکە.

شاهیدانی کۆمار بە گشتی زۆربەیان کۆچی دواییان کردووە و تەنیا ئەو نووسین، وێنە و ڕۆژنامانە، وەک بەڵگە، کە لە کۆمار بۆ ئێمە ماون دەتوانن مێژووی خۆمان پێبناسێنن. زۆر تاکی کورد کە زۆر دواتر لە دەورانی کۆمار لەدایکبوون، لە ڕێگای ئەو نوسین و وێنانەوە لەگەڵ ڕابردووی خۆیان پێوەندی فکری و هەستی دەگرن و مێژوویی نەتەوەیی لە یادی خۆیاندا نەخشدەکەن.

نیشاندانی فیلم و وێنەکانی کۆمار لە مێدیاکان بەشێک لە ڕابردووی نەتەوەی کورد، واتە ڕووداوێکی سیاسی کە جارێک ڕوویداوە، نیشاندەداتەوە. لە ڕێگای ئەو وێنانە - بەڵگانەوە کە بەردەوام لەگەڵ بینەر، گوێگر و خوینەر پێوەندی دەگرن، هەستی نەتەوەیی پەرەدەستێنێ و لە نەوەیەک بۆ نەوەیتر دەگواسترێتەوە. ئەو وێنانە دەتوانن هەستێکی گشتی و هاوبەش لە لای ئەو بەشە لە "تاکی کورد" کە عەوداڵی "سەروەری سیاسی کورد"ن پێکبێنن. ئەو

وێنانە لەگەڵ بینەر پێوەندی دروستدەکەن و ڕابردوو لە ئێستادا نمایش دەدەن و دەبنە بەشێک لە یاد، بیرەوەری و مێژووی تاک و کۆمەڵ. وێنەکانی کۆمار چالاکێکی گشتی گەلی کورد لە سەردەمانی کۆمار نیشاندەدن، چالاکێک کە لە وێنەدا زیندوو ڕاگیراون.

پێشەوا و کۆمار سیمبۆلێکن، نیشانەی مانایەکی والا، کە لە نەست - ناخودئاگای تاک و گەلی کوردا جێیانکردووتەوە. کۆماری کوردستان و پێشەوا بوونەتە بەشێک لە مێژوو، کولتور و بەرنامەی سیاسی کورد. پێشەوا بە کردەوەی مێژووی خۆی بۆ زۆر کەس بۆتە ئۆلگویەکیدێرین و ڕەمزێک بۆ سەروەری کوردستان و وەفاداری بە خاک و خەڵک. (گەرچی ئەو پرسیارە - داخە هەر لە سەر دڵ دەمێنێ کە خەڵک لە ڕۆژی شەهیدبوونیدا لە ماڵ نەهاتنەدەر و هەڵوێستێکیان نەگرت.)

لە دوای "کۆماری کوردستان" ەوە، زۆر کەس بە یادی کۆمار کە لە مەهاباد دامەزرا، ناوی منداڵەکانیان دەنێن مەهاباد، و گەرچی چەندین جار دەسەڵاتدارانی ڕژیمەکانی پادشایی و ئیسلامی، کێلی گۆڕی شەهیدانی کۆماریان شکاندوە و ویستویانە گۆڕی ئەو شەهیدانە ونکەن و وەبەر پڕۆژەی خانووسازی کەون بەڵام هەر سەرکەوتوو نەبوون و خەڵک هەرگیز دڵیان نەهات گۆڕی ئەو شەهیدانە بشێوێنن. ئەوان بوونەتە ئۆلگویەکی دێرین بۆ سەروەری و کەرامەتی نەتەوەیەکی ژێردەستە بە ناوی کورد.

*پەراوێزەکان:*

(١) مەبەست تەنیا دەورانی حکومەتی یازدە مانگەی کۆمار نییە، بەڵکو کەمێک پێشتر و پاشتریش مەبەستە. مانایەکی نزیک بەو وشەیە مەبەستە.

2 Visuell kultur
3 Visuella spar, Bilder i kultur och samhällsanalys, Bild och kunskapssökande, 2003. s. 13
4 Visuella spar, Bilder i kultur och samhällsanalys, s. 8- 9.
5 Visuella spar, Bilder i kultur och samhällsanalys, Bild och kunskapssökande, 2003. s. 9.
6 Visuella spar, Bilder i kultur och samhällsanalys, 2003 s. 14.
7 Visuella spar, Bilder i kultur och samhällsanalys. Att använda fotografier som historisk källa. s. 8-10, 184.
8 Visuella spar, Bilder i kultur och samhällsanalys, s. 180.
9 Ibid.

١٠- کارل گوستاو یونگ، انسان و سمبولهایش، اساطیر باستانی و انسان امروز، جوزف ال. هندرسن، ترجمه: ابوطالب صارمی، تیرماه ١٣٥٢.

لێرەدا پێویستە ڕوونکردنەوەیەک لە سەر بەشی تیئۆریکی ئەو باسە بدەم کە چەمکی "ناخودئاگا - نەست" و "وێنەی دێرین - کهن الگو" ی "کارڵ یونگ"م بۆ گەیاندنی مەبەستی ئەو نوسینە بەکار هێناوە بەڵام بۆچوون و تێڕوانینی مێتافیزیکی یونگم لە سەر جیهان و بۆچوونی نەریتی ئەوم بە گشتی لە سەر "جنس - توخم" و ژنانە - پیاوانە بوون قەبوڵنیە.

11 Det ljusa rummet, tankar om fotografiet, svenska utgåvan,Stockholm, 1986. Avesta 2006.
12 Pierre Bourdieu

پییێر بۆردییۆ، داهێنەری چەند چەمکێک لەوانە چەمکی "سەرمایەی کولتوری" یە. بە باوەڕی بۆردییۆ هەرچی کۆمەڵگا و تاک هەڵگر و خاوەنی خەزێنەی کولتوری دەوڵەمەندتر بن ئەوە توانایی و خوێندنەوەکان بەرینتر و قوڵتر دەبن. دیارە سەرمایەی کولتوری پێوەندی بە فاکتۆر گەلێکیتر هەیە وەک باری ئابوری و پەروەردەو هتد.

١٣- ساخکردنەوەی چەندایەتی وێنەکان کارێکی گەلێک دژوارە بەڵام بەگوێرەی زانیاریەکانی لێکوڵەر حەسەن قازی، دەکرێ بە تەخمینی بڵێین کە ڕادەیان دەگاتە نزیک ٣٠٠ دانە.

14 Berättelser kan få oss att förstå. Fotografier gör något annat: de förföljer oss.
http://www.dn.se/kultur-noje/att-betrakta-andras-lidande-1.274443
15 Kari Andén-Papadopoulos, Kameran i krig. Den fotografiska iscensättningen av Vietnamkriget i svensk press. Brutus Östlings Bokförlag Symposion, Stockholm/Stehag 2000. 192 s.
16 Det ljusa rummet, tankar om fotografiet, svenska utgåvan,Stockholm, 1986. Avesta 2006.
17 http://www.peshmergekan.com/index_a.php?id=1618

لینکی گیارەنگ سەبارەت بەو وێنەیە لە ئینتێرنێتدا نەماوە یان من نایدۆزمەوە.

### سەرچاوەکان:

کارل گوستاو یونگ، انسان و سمبولهایش، اساطیر باستانی و انسان امروز، جوزف ال. هندرسن، ترجمه: ابوطالب صارمی، تیرماه ١٣٥٢.

.Det ljusa rummet, tankar om fotografiet. Roland Barthes, 2006

Kari Andén-Papadopoulos, Kameran i krig. Den fotografiska iscensättningen av Vietnamkriget .i svensk press. Brutus Östlings Bokförlag Symposion, Stockholm/Stehag 2000

Visuella spar, Bilder i kultur och samhällsanalys, Anna Sparrman & Ulrika Torell& Eva Åhrén, .2003

/http://weneykk.blogspot.com

/http://www.wkomarik.blogspot.com

http://www.dn.se/kultur-noje/att-betrakta-andras-lidande-1.274443

تەواوی وێنەکان بە ڕوونکردنەوەکانەوە، جگە لە وێنەی ژمارە سێزدە و چاردە، وەک خۆیان، لەو دوو سایتە وەرگیراون.

http://weneykk.blogspot.com

سەرچاوە: وێبلاگی پەراوێزی بیر - ڕێکەوتی: ١٨ی دێسەمبەری ٢٠٠٩

## بریا ژیابای....

شەو تا بەیان خەو نەهاتە چاوی کەسمان، بە دیار خەبەری مان و نەمانت. ئەو شەوە چاوم لە ئاسمان بڕیبوو، نەکا ئەستێرەیەک بخوشێ. ئەستێرەی تۆ. ئاخر دەڵێن هەر ئینسانێک ئەستێرەیەکی هەیە و لەگەڵ مەرگی ئەستێرەکە دەخوشێ. من هەمیشە لە ئاسمانی پڕ لە هەوری بێ ئەستێرەی ئەو وڵاتە ساردە بێزار بووم. کەچی ئەو شەوە پڕلە دڵەکوتەیە، وتم: چ باشە خوشانی ئەستێرەکان نابینم، چ خۆش دەبێ بەیانی بڵێن حوکمەکە هەڵوەشاوەتەوە.

بەیانی كاس و گێژ بووم. دەترسام چاو لە ماڵپەڕەكان بكەم، نەكا ماڵپەڕێک نوسیبێتی بەرەبەیانی ئەمرۆ چوارشەمبە ٢٠ خەزەڵوەر ئەستێرەیەک خوشێ...

من لێرەوە، لەو سەرزەمینە پڕ لە ئازادیە، لە ئاخر جەمسەری دونیا، نامەكەی تو، دەقی ئەو قارەمانانە كە بێترس، بەرەو مەرگ دەچن، دەخوێنمەوە. بەڵام هەزار جار ئارەزو دەكەم كە شەهیدنەكرابای و زیندوو مابای. ئێمە پێویستیمان بە دەقی قارمانانە و قارەمان نییە. هەر كەسێک كە ڕۆژێک تامی سیاچاڵەكانی ئەوانی چێشتبێ، هەموو ئەو خەڵكە كە هەر ساتێک لە مان و نەمان دا دەژین، هەمووو ئینسانەكانی ئەو وڵاتە تاعوون لێدراوە، قارەمانن. هەناسەكێشان لەو وڵاتە قارەمانەتییە.

من ئینسانەكانم بۆ قارەمان بوون ناوێ. من دەمهەوەێ بژین، عاشق بن، پێبكەنن و لە كاتی خەمیش پاڵەپشتی یەكتر بن. من ئێوەم بۆ ژیان و بوونتان دەوێ.

بەس چاو لێبكە!

دەستەكانی من چەند كورت بوون بۆ یارمەتیدانت كە بژیت... چم هەیە جگە لە فرمێسک كە نە لە ماڵ و نە لە شەقام ڕاناوەستن... بۆ ئەو كەسانە كە تەنانەت گۆڕیكیان پێنەبەخشرا، بۆ هەموو ئەوانەی كە تەنانەت نەیانهێشت پرسەیان بۆ بگرین.

پەروەردگارا، بۆ هێندێک زام هێندە پڕئازارن؟ بۆ هێندێک برین سارێژ نابێ؟ بۆ هێندێک مەرگ ئۆقرە لە ئینسان دەستێنێ؟ بۆ سەرەڕای مەرگی سەرفەرازت، دیسان هەر ئەو ئاواتم تێدا دەمێنێتەوە كە بریا ژیابای....

ماوەیەک بە سەر مەرگی نازەنینت دا تێپەڕ بووە. هەموو ڕۆژێک تۆم لە یادە و ئارەزوو دەكەم كە بریا زیندوو مابای. ئارەزوو دەكەم بریا ئێمە تەنیا قارەمانەكانمان خۆش نەویستبا.

ئەگەر زیندوومابای، ئایا ئەو كات دەبوو شكمان كردبا لە ڕووحی گەورەت؟ من لە مێژساڵە، شک لە هێندێک شت ناكەم، من شكم لەو كەسانەیە كە دەتوانن ئینسانەكان بشكێنن....

تۆ نە تەنیا نەشکای بگرە وێنەی ئەو مەزنانەت زیندوو کردەوە کە تا ئاخر سات بە پەیمان وەفادارن و مەرگ بە هیچ ناگرن. ئیمە چەند ئینسانێکی بەختەورین کە بە زمانی تۆ قسەدەکەین... بەڵام سەد جار ئارەزودەکەم کە بریا ژیابای....

گەرچی باوەڕم بە مناجات و کتێبەکانی ئاسمانی نییە بەس ئەو خەمە تەنیا بە مناجات لە گەڵ گیانی نازەنینی تۆدا تەسکین دەدرێ. ئاخر جوانەمەرگان بۆ مناجات دەبن.

دەپێمان بڵێ ئەو زنوێرانە کە پێیاندا تێپەڕی، ئەو کانیاوانە کە تینویەتی تۆیان جاریک لە جاران دەشکاندوە، ئەو گاشەبەردانە کە لەسەریان سەرخەوێکی ماندوویت دەشکاند، ئێستا فیراقی تۆ چۆن تاقەت دەهێنن؟ وشەی ڕێبواری ئازادی، قارەمانی گەل، و چەندان وشەی دی، چەندە لە بەرامبەر بەرزی ورەت کەمدەنوێنن. لە وشەیەک دەگەڕێم بە قەد خۆت سەرفەراز بێ.

نە دەخوازم کەس شەهید بێ و نەدەمهەوێ پەرە بدەمە قارەمان درووستکردن. بەس ئەو شەوە کە ویستییان گیانت لێبستێنن، تۆ بڵێی زەوی لە گەڕان نەوەستابێ؟

تۆ بڵێی دوا هەناسەکانت، مردووکان زیندوو نەکاتەوە؟ تۆ بڵێی جوامێریت گەلێک کەس لە خەو هەڵنەستێنێ؟ ئارام بخەوە نازەنینەکەی وڵاتێکی بێناز!

دیسان دڵم ناحەسێتەوە، بریا ژیابای.....

سەرچاوە: وێبلاگی پەراوێزی بیر - ڕێکەوتی: ١٧ی دێسەمبەری ٢٠٠٩

## دیالۆگ لە پانتایی نەتەوەدا

**ئەو وتارە لە کۆنفرانسی "هەڵوێست و پێگەی کورد لە پرۆسە سیاسییەکانی ئێستای ئێران دا - گوتاری سیاسی هاوبەش و دیالۆگی نێوخۆیی" لە ستۆکۆڵم هاتە بەر باس.**

لە کەش و هەوایەک کە یاد و بیر و هەست و کاری ڕۆژانەی ئێمەی کورد، بە وشەکانی ترس، دڵەڕاوکێ، بێباوەڕی، ناوناتۆرە، جاش، جاسوس، گەندەڵی ئەخلاقی، گەندەڵی ماڵی، بەرەژەوەندی تاکە کەسی، بەرژەوەندی گرووپ و هتد... تەپ وتۆزی لێدەنیشێ، ئێمەی بێ وڵات، باس لە دیالۆگ دەکەین.بە بۆچوونی د. برهان یاسین "لە سەر پانتایی نەتەوە دەبێ جێگا بۆ کاری هەموان هەبێ". ئەگەر ئەو بۆچوونەی د. یاسینمان قەبوڵ بێ، ئەوە ئەرکی بەرپرسایەتی و کار بۆ فراوانکردنی دیمۆکراسی دەکەوێتە سەر شانمان. فراوانکردنی دیمۆکراسی نە بە مانای نەریتی خۆێ کە ڕای زۆرینەی مەبەستە و زۆربەی کات، دیالۆگێکی پیاوانە و پاوانخوازە و ژنان و زۆر گرووپ دەردهاوێژێ، بەڵکو بە مانای هەلومەرج ڕەخساندن بۆ دەربڕینی ڕای ئەو گرووپانە کە زۆر جار لە دەرووەی دەسەڵات - دەسەڵاتەکان خۆیان دەبینێتەوە.تێروانینی د. بورهان لە چەمکی نەتەوە و چالاکی کۆمەڵایەتی و سیاسی نە تەنیا دەرهاوێژ نییە کە بگرە وەخۆگرە. واتە فەزا و ئیمکان ئامادە دەکا کە هەموو تاک و گرووپێکی بچووک یان گەورە بتوانێ لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا بەشدار بێ و خۆی لە بڕیاردان دا هاوکار ببینێ و ئیتر هیچ لایەنێک بە حوکمی ئەوە کە "فڵانە ڕێکخراو کەس نایناسی، یان فڵانە کەس چکارەیە، و یا فڵانە ڕێکخراو، کاری مافی مرۆڤی خۆی بکا" دەرناهاویشترێ. واتە هەمان شێوەکار لە تێڕوانینی د. بورهان دا دەبیندرێ کە بۆ نمونە لە وڵاتێکی وەک سوید کە بەردەوام لە هەموو کۆڕ و کۆبوونە و ماسمێدیایەک، لە هەموو گرووپەکان، بچووک و گەورە، حیزبی و غەیری حیزبی، خەڵکی ئاسایی یان چالاک، بانگهێشتن دەکرێ بۆ دیالۆگ لە سەر پرسی جیاواز.

بەشێک لە مێتۆدی سۆقرات بۆ گەیشتن بە حەقیقەت، بریتییە لە پرسیارکردن. لە ڕێگای ئەوە کە پرسیار لە نێوان چەندین کەسدا خول بخوا، و هەرکەس لە گۆشەنیگایەکەوە پرسیارەکە بنێرێتەوە بۆ ئەویتر، دەکرێت بە حەقیقەت بگەین. واتە پرسیار و بەشداری هەمە لایەنە شەرتی گەیشتن بە حەقیقەتە. لە دیالۆگێکی سۆقراتیدا بۆ گەیشتن بە حەقیقەت هەموو لایەنەکان هاوسەنگ و بەرابەر دەبیندرێن و هیچیان لەویتر زیاتر نییە.

حەزفی فکری و فیزیکی یەکتر لە مێژووی ئینسانیدا شتێکی تازە نییە. هەر لە یونانی باستاندا سوقڕات شەوکەرانی دەخوارد درا، لە سەدەکانی ناوین مەنسوور سەری چووە سەر دار، مارتین لوترکینگ، دوکتور قاسملو و دوکتور شرەفکەندی لە دەورانی مۆدێرندا تیرۆر و شەهیدکران. لە مێژووی زۆر گەلاندا شەڕ و ناکۆکیکیش بووە. ئەوەش ڕاستە کە نەبوونی دێمۆکراسی لە وڵاتانی دیکتاتۆر لێدراودا، کولتورێکی دیکتاتۆرخوو، لە ناو بنەماڵە ڕا تا حیزبەکان، لە تەواوی تانوپۆی کۆمەڵگادا، دروستدەکا، بەڵام پرسیار ئەوەیە کە ئەرکی "تاک" وەک ئینسانێکی بەرپرس و پرسیارگەر و ئەرکی ڕێکخراوەکان چی لێدێ؟ ئەوە کە ئێمە دەستپەروردەی کولتورێکی دیکتاتۆرین، ئایا ئەو حەقەمان پێدەدا کە ڕوخساری پرسیارەکە پاک کەینەوە کە هەر کام لە ئێمە بۆ یەکتر دیکتاتۆرێکین؟ پرسی سەرەکی ئەوەیە کە ڕۆشنبیران و حیزبەکانی ئیمە وەک هێزی سەرەکی کە کاری سیاسی تێئۆریزە، ئۆرگانیزە و ڕێبەری دەکەن، لە حیزبە قەدیمیەکان ڕا بگرە تا دوایین حیزب و ئەو ڕێکخراوانە کە دروست بوون و بەردەوام باسی زۆرینە بوونی خۆیان لە ناو خەڵکدا دەکەن بۆ هەر جارەو هێندیکیان خۆ لە دیالۆگ دەپارێزن؟

## کۆسپەکان

کۆسپێکی هەرە گەورەی سەرڕێ دیالۆگی ناوخۆیی کورد لە ڕاستیدا بۆچوونی جیاواز لە سەر کێشەی سیاسی کوردە. ئەگەر هێندێک کۆڕو کۆمەڵ و کەسایەتی دەرەوەی دەسەڵاتی حیزبەکان باوەڕیان بەوەیە کە دەبێ ستراتژی و تاکتیکی کورد لە سەر گەیشتن بە سەربەخۆیی و دەسەڵاتی سیاسی کورد دابڕژێت، ئەوە زۆربەی هێزەکان پێیانوایە کە دەبێ لە چوارچێوەی ئێراندا کار بکرێت. هەر بۆیە کار لە گەڵ کەسێکی تارانی یان هێزێکی سەرانسەری و وتووێژ لەگەل تیڤی بی.بی.سی. وەک ئێرانییەک زۆر ئاسانترە تا کار لە گەڵ کوردێکی سەربەخۆیخواز.

تێروانینی ئەگەر "وەک من نەبی و وەک من بیرنەکیتەوە، ئەوە دژ بە منی"، بەردەوام دەرهاویژ و دوورەپەرێزە و باوەڕی بە دیالۆگی ناوخۆیی و بۆچوونی جیاواز نییە. مکانیزمی ئەوە کە هەر کەس لەگەڵ من نەبێ دژی منە و هەڵوێستی حیزبەکان لە بەرامبەر یەک و خەڵکی دەرەوەی خۆیان، وەزعێکی وای پێک هێناوە کە خەڵک نەوێری بە ڕاشکاوی بیرو ڕاکانی خۆی دەرببڕێ، ئەوەش لە ترسی ناو ناتۆرە لە یەکتردان و کەڵکوەرگرتن لەو وشانە کە لە باری ڕەوانییەوە، زۆر کاریگەری نێگاتیڤییان لە سەر هەستی تاک و گرووپ هەیە. واتە ئەو بارودۆخە، وای کردووە کە سەرجەم کۆمەڵگای ئێمە بە "خودی_ ناخودی" دابەش بێ و ئاکامی ئەوەش لە سەرئەنجامی خۆیدا بۆتە هۆی دابەشبوونی کۆمەڵگا، هەڵوێست نەگرتن، قسەنەکردن و هەر کەس لە ماڵە خۆی دانیشتن و کەس نەوێرێ

هیچ بلێ یان تەنانەت بتوانێ هاودەردی لەگەل بنەماڵەی شەهیدان بکا.ئەو سیستێمە فکریە کە ئینسانەکان بە "خودی" و "ناخودی" دابەشدەکا، مافی تاک و گرووپەکانی بچوکی ناو خودی حیزبەکان و دەرەوەی حیزبەکان، زەوت دەکا و بۆتە هۆی دروست بوونی فەزایەک کە ئارامی و ئەهوەنی ون بێ و گێژەلوکە و ترس، پانتایی ژیانی سیاسی کورد داگیربکا. ئەگەرچی من شکم لەوەدا هەیە کە لە ئێستای رۆژهەلاتدا حیزبمان هەبێ کە بە تەنیایی زۆرینەی خەڵکی لەگەڵ بێ بەلام ئەرکی حیزبەکان لێرەدا قورستر دەبێ، چونکە ئەوە ئەوانن کە لە سیستێمێکی دێمۆکراسیدا، لە داهاتوو، دەسەلات دەگرنە دەست.شایانی باسە کە بە پێی زۆر یاسا کە لە پارلمانی سوید یان شارەوانیەکانی وڵاتی سوید پەسەند کراون، مەرجێکی سەلامەتی رەوانی خەڵک، بەشداری لە ژیانی سیاسی رۆژانە و هاوبیری و بەشداری لە بریارەکانە. ئەگەر حیزبەکانی ئێمە، سلامەتی رەوانی خەڵک وەک سەرمایە ببینن، رەنگە بکرێ هەنگاوێک زیاتر بەروە دیالۆگ باوێژین.

کۆسپێکیتر، وەزعیەتی تەشکیلاتی رێکخراوە سیاسیەکان و هەروەها ئێلت و رۆشنبیرانی رۆژهەلاتە. ئینشعاب و لێکدابرینی پەیتا پەیتای دیموکرات و کۆمەڵە وەزعیەتیکی زۆر تایبەتی پێک هیناوە . هەر لەم کۆنفرانسەدا پێموایە بەدەگمەن کەسی وای تێدا بێ کە رۆژیک ئەندام یان لایەنگری کۆمەڵە یان دێمۆکرات نەبووبێت. بەمانایکیتر، ئێمە بەداخەوە ئێستا لە وەزعێکداین کە دەبێ داوا بکەین کە کەسانێک پێکەوە دیالۆگ بکەن کە رۆژیک لە رۆژان هاوخەبات و هاوسنگەر بوون و زۆر بەوردی یەک دەناسن و زەمانێکیش بە توندی بەگژ یەکدا چوون. ئەو توندوتیژیە بەرامبەر بەیەکتر، نەتەنیا بە خاتری بۆچوونی سیاسی جیاواز نەبووە و نییە، بەڵکو سەد داخ کە بە خاتری کورسی و تەنانەت گەندەڵییە.لایەنەکیتری گرفتەکە، ئێلیت و رۆشنبیرانی کوردە. ئەگەر حیزبەکانمان لە پاشکۆراگرتنی رۆشنبیران و لەکارخستنی کەسانی سەربەخۆ، کاریگەرێکی نێگاتیڤییان بووە ئەوە گفتومانی رۆشنبیری کوردیش بە بەشی خۆی هەلومەرجێک پێکدێنێ، کە کەس کەسی قەبووڵ نەبێ. ئەو لە ژێر ناوی ئاکادمی و ئەویتر لە ژێرناوی چالاکوانی مەدەنی و هتد، بە جێگای هاوکاری، دیالۆگێکی رەخنەگرانە و تەندروست، دایم وەک سەرباز لە بەرامبەر یەکتردا سەنگردەگرن و هێزی فکری و رەوانی یەکتر دەسوون و یەکتر بریندار دەکەن. با تەنیا ئەوە بێننیەوە یاد کە هەموو خەڵکانی جیهان کە بونەتەوە خاوەن دەوڵەت، لە ئەنجامی کاری ئێلیتێکی کارامەدا بووە.هەڵسوکەوتی چالاکوانان و رۆژنامەوانی سەر بە ئەم یان ئەو حیزبیش بە جێگای ئەوە کە خەڵک لێک نزیککاتەوە، دەبێتە هۆی لێک دووربوونەوە. تازەترین نمونەی ئەوەش هەر هەڵسووکەوتی سایتی بۆ رۆژهەلاتە کە لەو ماوەیەدا کە هاوکات کە تەبلیغی بۆ ئەو کۆنفرانسە دەکرد، پەیتا پەیتا ئاوری ئەوەی خۆشدەکرد کە چاو هێندێک حازرن دیالۆگ بکەن بەلام هێندێکیتر نا.

بەم جۆریە کە هەم حیزبەکانمان و هەم ئیلیتی سیاسی و کولتوریمان نە هێزی خۆیان و نە سنوورەکانی توانایی خۆیان بە باشی هەڵناسەنگێنن و لە بازنەیەکدا قەتیس ماوین. هەمووی ئەمانە و نەبوونی ئالۆگۆری فکری لە نێوان حیزبەکان، خەڵک و ڕۆشنبیران، وای کردووە کە دیالۆگی نێوان هەموو چین و توێژەکان لێک بترازێ. ئەوە لە حالێکدایە کە گفتوگو بۆ بڕیاردان لە سەر هەموو ئەو تاکتیکە سیاسیانە کە پێوەندی بە ژیانی سیاسی کوردە، لە هەمیشە زیاتر پێویستە.

گرفتێکیتر، تێکەڵکردنی چەمکی دیالۆگ و بەرەیە. دیالۆگ لە بەرامبەر بەرە دانییە، بەڵکو دەکرێ ئێمە بەردەوام لە سەر گرفتەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی دیالۆگ و ئالۆگۆری بیروڕا بکەین بە بێ ئەوە کە لە بەرەیەکدا بین. دیالۆک لە ڕاستیدا ئالۆگۆرینەوەی فکر و بۆچوونەکانە لە گەڵ نە تەنیا هاوبیران کە لەگەڵ موخالیفانیش. زۆر حیزب و ڕێکخراوی سیاسی تا باسی کوسپ و تەگەڕی سەر ڕێ دیالۆگ دەکرێ لە ڕاستیدا ئاماژە بەو گرفتانە دەکەن کە پێوەندی بە پێکهینانی بەرەیە، نە دانیشتن بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی کات و ڕووداوەکان. ڕاستە کە دیالۆگ هەنگاوی هەوەڵی لێکحاڵی بوون و لێک نیزیک بوونە و ئاکامی مەنتقی دیالۆگیکی دڵسوزانە، دەتوانێ هاوکاری و بەرە بێت، بەڵام بەرە نە پێشمەرتی دیالۆگە و نە دەبێ ڕێگا بدرێت کە ببێتە کوسپ لە م ڕێگەدا.کاتێک ئێمە لە دیالۆگ خۆدەپارێزین، ئاکامەکانی تەنیا پێ خۆمان ناگرێتەوە بگرە کاریگەری دەکاتە سەرئەندامانی حیزبەکان، چالاکانی مەدەنی و دەیان میلۆن تاکی کورد کە سەرنوشتیان بە یەک و بە حیزبەکانەوە گرێ دراوە. تۆ بڵێێ گرفتەکانی ئێمە لە سیستێمی ئاپارتایدی ئافریقای باشور گەورەتر بێ کە ئەوان توانییان لە پرۆسەیەکدا لێکخۆشبوون؟ژورنالیست، ڕەخنەگری ئەدەب و دیپاتووری ئامریکایی سوزان سۆنتاگ دەڵێ "گەورەترینشاعیر بە تەنیای ناتوانێ جیهان بگۆڕێ." هەر لەو قیاسەوە، حیزبێکی کوردیش بە تەنیایی ناتوانێ کورد نەجات بدا. با ئەزموونی باشور دووپات نەکەینەوە. کۆمەڵگای جیهانی و خودی کورد خاوەنی ئەوەندە وێنە و توانایی شیاوە کە بکرێ بە جێگای شەڕ و دەمەلەجەرگی یەکترنان و هەرزکردنی هێز و توانایی ڕێکخراوەکان و خەڵک، شۆڕەبی نەتەوەکەمان ئاو بدەین تا چرۆ و گەشەبکا و بە میلیون کورد بە بیروڕای جیاواز، لە ژێر سێبەریدا بحەسێتەوە.ئێمە وەک کورد بەردەوام حازرین بچینە زیندان و ژێر پەتی دار، ژیانمان بدەینە بەر گوللە بەڵام چۆنە کە حازر نین لەگەڵ یەک گفتوگۆ بکەین؟ ئێمە حازرین هەموو ئیمکاناتی خۆمان، تیڤیکانمان بدەینە دەست ئێلیتی نەتەوەی باڵادەست کە بێن و باسی ئێرانی گەورەمان بۆ بکەن و هەڕەشەمان لێبکەن کە دژی جیابوونەوەن، بەڵام چۆنە حازر نین تەنانەت ساتێک بە ڕاشکاوی و شەفاف، لە گەڵ هاوڕێکانی قەدیمی خۆمان بکەوینە گفتوگۆ؟چۆنە حیزبێک بێقەید و شەرت پشتیوانی لە چەند پێشنیاری کەروبی دەکا و یان بە پێ

قسەکانی کاک سەلاح مهتدی لە ڕەوانیوز، دەبێ هەرچی زیاتر لەگەڵیان، مەبەستی ئێرانیەکانە، بکەوینە هاوکاری و لە کوردستان جێگایان بدین، بەڵام حازر نین، نیوکاتژمێر بدەینە کەسێک/ ئەندامێکی موخالف کە بێت بیرەکانی خۆی بخاتە بەر باس؟

هەمووی ئێمە پێمان وایە کە جوڵانەوەی ئێستای ئێران ڕیشەی لە داخوازیەکانی ئینسانی و بە حەقی خەڵکدایە، بەڵام چۆنە کە حیزبەکان و ڕۆشنبیرانیمان بێ قەیدو شەرت ئامادەن ئەزموونی تاڵی ساڵانی دوای شورشی 79 و هاوکاری بێقەید و شەرت لەگەڵ هێزەکانی سەرانسەری و ئێرانی دیسان دووپات کەنەوە، بەس ئامادە نین بۆ ڕاگرتنی حوکمی ئێعدامی لاوەکانمان پێکەوە هاوکاری بکەن؟

"شازادەی بچووک"ی سانت ئێکزۆپیێری لە ١٩٤٣ دا ڕەنگە تا ئێستاش یەک لە جوانترین کتێبەکانی جیهان بێ. شازادەیەک کە لە ئەستێرەیکی بچووک سەفەردەکاتە زەوی و لەگەڵ ئینسانی جوراوجور ڕوبەڕو دەبێ و پێ سەیرە کە ئینسانەکان بۆ هێندە خۆپەرست، تەنگنەزەر و ماڵپەرەستن. شازدەی بچووک نیگەرانی گوڵیکە لە ئەستێرەکەی خۆی و تەماشاکرنی هەلاتنی خۆر لەو ئەستێرە بە هێچ شتێک ناگۆڕێتەوە.ئەگەر ئێمە لە تەقدیسگەرایی گەڕێن و زێد و نیشتمانمان وەک گوڵەکەی ئەو شازادەیە ببینین، کە دەبێ بخەملێ و لە ژێر کرداری ناشایستی تاک و ڕێکخراوەکان دا نەژاکێ، ئەوە دەکرێ پێ لە خۆپەرستی بنێن، ئەمەش تەنیا بۆ مەبەستێک، کە هەموو کەس بە هەر بیر و ڕایەک کە هەیەتی، مافی ئەوەی هەیە بەیانیان خۆرهەلاتن لە زێدی خۆیدا ببینێ.

شەفافیەت و ئاشکرا بوون، لە هەموو باسەکانی سەبارەت بە کێشەی کورد، گفتوگۆ و هاوکاری و کۆکردنەوەی هێزەکان لە دەوری چەند خاڵ وەک کار بۆ نەمانی ئێعدام، بەرابەری ژنان و پیاوان، یارمەتیدان بە بنەماڵەکانی زیندانیان و هتد، جگە لە قازانج هیچ خەسارەتێک ناگەێنێ. باس لە سەر دیکتاتۆڕی، گەندەڵی، گرفتی نێوان خەڵک ، حیزبەکان و ڕۆشنبیران، تەنیا لە ڕێگای ئازادی بەیان و ئازادی قەڵم و گفتوگۆ دەکری.

وێڕای سپاس و ڕێز هەم بۆ ئەوانە کە بەشدارن و ئەو کۆنفرانسەیان پێک هێنا و هەم ئەوانە کە بەشدار نین بەڵام سەرنوشتمان پێکەوە گرێدراوە.

سەرچاوە: وێبلاگی پەراوێزی بیر - ڕێکەوتی: ٦ی دێسەمبەری ٢٠٠٩

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٠

# شنۆ

لە پشت هەر پیاوێکی سەرکەوتوو، ژنێک هەیە. لە پشت هەر منداڵێکی سەرکەوتووشدا دایک و بابێکی چالاک و مێهربان هەیە.

"شنۆ"، شنەیەکی بیرهێنەر بۆ یادەکانی ئێمە، ڕەنگە بۆ زۆر کەس، ناوێکی ناسراو بێ. هەوەڵ جار لە ڕێگای ئینتێرنێتەوە "شنۆ"م ناسی، ڕۆژێک کە سەیری بەڕێوەچوونی سێمینارێکم کرد، شنۆ لەو کۆڕەدا گۆرانی دەگوت. سەرەتا تۆزێک حەپەسام کە چۆن منداڵێکی بەو تەمەنە، دەتوانێ گۆرانی "هاتەوە تەیرەکەی گەرمێنێ" بڵێتەوە. لە خۆم پرسی تۆ بڵێی شنۆ لە مانای ئەو وشانە بگا.

لە سەروبەندی ڕۆژی جیهانی ژناندا بوو کە بۆ بەشداری لە سێمینارێک بە بۆنەی ٨ی مارس وێڕای هێندێک دۆستیتر بانگهێشت کرابووین. لە ڕیزی بەرنامەکاندا ناوی شنۆ نووسرابوو، بەس نەمدەزانی کە ئەوە هەمان کەسە کە لە ئینتێرنێتدا گوێم لێگرتبوو. کاتێک نۆبەی شنو هات و بانگیان کردە سەر شانۆ، دیتم ئەو هەمان کەسە کە ئارەزوی دیتنیم دەکرد. لە کاتی پشوداندا چوومە لای و پڕبە دڵ لە باوەشمکرد. ژمارە و ئیمایلەکەییم وەرگرت. چەند پرسیارێکم بۆ نارد. ئەوەش دەقی تێکهەڵکێشی پرسیار و وڵامەکانە:

شنۆ لە ١٩ی خاکەلێوە، لە شاری فالۆنی سەر بە پارێزگای دالارنا لە وڵاتی سوێد، چاوی بە دنیا پشکوتووە و ئێستا نۆساڵە و پۆلی سێی سەرەتاییە. لە قوتابخانە زۆر زیرەک و سەرکەوتوویە. شنۆ سێ برای هەیە بە ناوەکانی دیاکۆ، شێرکۆ و وریا.
دایکی، ئامینە سەمەدی و باوکی عومەر ئەحمەدی خەڵکی شاری شنۆ، دەڵێن: "کاتێک ئەو منداڵەیان لەدایکبوو، هێندە خۆشەویستیی زێدەکەیان لەلا زۆر بوو کە ناوی تاقە کچەکەیان نا شنۆ."

دایکی شنۆ دەڵێ: "باوەڕتان بێ کچەکەم دوو ساڵان بوو کە دەستی بە گۆرانی گووتن کرد." بەدڵنیاییەوە ئەو قسەیە ڕاستە. چونکە هێندێک مناڵ، لە تەمەنێکی زۆر زوودا، توانایی و بەهرەکانییان دەردەخەن.

شنۆ لە هەشت ساڵیدا بۆ هەوەڵ جار چووە سەر شانۆ و بۆ کۆمەڵێکی بەرفراوانتر لە بنەماڵە و قوتابخانە، گۆرانی گووت. ئامینە خانم دەڵێ: "تا ئێستا لە چەندین شوێن و کۆبوونەوەدا بەشداربووە. ساڵی ڕابردوو لە سێمینارێکی یەکێتی ژنان لە وڵاتی فینلاند، دوو سێمیناری هەمان ئۆرگان لە سوئێد و ئەمساڵ لە ٦ی مارس لە زانکۆی ستۆکۆڵم لە لایەن بەرێوەبەرانەوە بانگهێشت کرابوو. هەروەها لە جێژنی دووی ڕێبەندانی ئەوساڵ لە شاری وێستروس بەشداربوو. ڕۆژی ٢٧ی فێورییە، لە شاری ئۆرێبرو کۆنسەرتێک بۆ هونەرمەند عەدنان کەریم سازکرا و شنۆ بۆ ئەو ئاهەنگەش داوەتکرا. لەوێ شنۆ چەند گۆرانی عەدنان کەریم ی گوتەوە کە بوو بە مایەی خۆشحاڵی ئەو هونەرمەندە. شنۆ حەزی لە گۆرانیەکانی عومەر دزەیی، ناسر ڕەزازی، عەدنان کەریم، کانی یە."

شنۆ تا ئێستا نەچۆتە کلاسی موسیقا لە دەرەوەی قوتابخانە و هەر لە ماڵەوە هەوڵی داوە کە لە ڕێگای گوێگرتن، گورانی کوردی فێربێ. دایکی شنۆ دڵێ کە بڕیارمانداوە بۆ گەشەسەندنی تواناییەکانی بچێتە کلاسی موزیک و گۆرانی، بەڵام بەداخەوە ئەو کلاسانە لە دەرەوەی ستۆکهۆڵم کەمن.

شنۆ لە قوتابخانە بە سویدی و ئینگلیزی گۆرانی دەڵێ و لە کێبەرکێیەکانی قوتابخانەدا یەکەم هاتۆتەوە. بە یارمەتی ماموستاکانی لە قوتابخانە، کلیپێکیان بە زمانی ئینگلیزی بۆ تۆمارکردوە. هاوینان، شنۆ لەگەڵ دایکی دەچێتەوە کوردستان و لەوێ خەریکی فێربوونی زیاتری گۆرانی کوردی دەبێ وهەر لەوێش تا ڕادەیەک فێری پیانۆلێدان بووە. شنۆ دەخوازێ کە هەم گۆرانی بچڕێ و هەم ساز لێبدا و کاری موزیک بکا.

دایکی شنۆ ئاماژە بەوە دەکا کە زۆر جار شنۆ مانای وشەکانی ناو گۆرانیەکان نازانێ و لە دایک و بابی دەپرسێ و ئەوانیش بۆی شیدەکەنەوە و لە مانای گورانییەکانی دەگەیێنن. شایانی باسە کە ئامینە خانم، زۆر کاتی بۆ شنۆ داناوە و یارمەتی دەکا، گۆرانی لەگەڵ دەڵێ و دەقی گۆرانییەکانی فێردەکا، لەگەڵی دەچێتە بۆنەکان و هاودەم و هاوسەفری شنۆیە. شنۆ هەست بە خۆشەویستی دەکا و دەزانێ کە خەڵک خۆشیان دەوێ. هەر ئەوەش دڵگەرم و شادی دەکا و هانی داوە کە بەردەوام بێ لە چالاکی هونەریدا. دایک و بابی شنۆ دەڵێن کە ئەوان سپاسی ئەو کەسانە دەکەن کە پشتیوانی کچەکەیانن و هانیدەدەن کە بەردەوام بێ لە چالاکی هونەریدا. هەروەها زۆر سپاسی

ماموستای کوردی شنۆ دەکەن کە بۆ زیاتر فێربوونی کوردی، یارمەتی شنۆ دەدا.

منیش دەڵێم: سپاس بۆ ئەو دایک و بابانە کە پشتیوانی مناڵەکانیانن. سپاس بۆ ئێوە کە ڕێگا بۆ شنۆ خۆشدەکەن کە وەک باڵندەیەک ئازاد بفڕێ.

سەرچاوە: ویبلاگی پەراوێزی بیر - ڕێکەوتی: ١٢ی مارچی ٢٠١٠

## بۆ مەلەکە و هەزاران ژنی کورد

**بە یادی سنەی خوێناوی و کاک فوئادی سەربەرز!**

مەلەکە!

هاوقەبیلەکەم!

ئەو ڕۆژە لە زانکۆ لەگەڵ کچەکانیتر دانیشتبووی. نەمدەزانی تۆ کێیت. من هاتمە لاتان و بەرامبەر بە تۆ دانیشتم. هەستم بە ئاشنای لە چاوەکانت، لە جۆری دانیشتنت دا کرد. ئەو کات کە کچەکان شۆخی‌یان بە پرچی سپی من دەکرد و من چاوم لە پرچی سپی تۆ بڕیبوو. من چاووم لە تۆ بڕیبوو و لە خۆم پرسی: ئەو خانمە کێیە؟ بە ڕەواڵەت لەگەڵ ئەوانیتر قسەمان دەکرد، بەڵام هەستم بە دووری لە تۆ نەدەکرد، هێڵێک منی بە تۆ نزیکدەکردە یان باشترە بڵێم هەمووی تۆی دەرژاندە ناو شارەگەکانی من. من هەرگیز پێشتر تۆم نەدیبوو. جارێک لە ڕادیویەکی لۆکاڵی ستۆکۆڵم دەنگی تۆم بیست یان ڕەنگە کەسێکیتر بووبێ، بەڵام تۆی پێناساندبێم. دەنگەکە دەیگووت: کاتێک دوو برا شەهیدەکەمیان هێناوە، دایکم تا بەیانی سەری لە سەر کۆشی خۆی دانان... ئاخ لەو شەوە تا بەیان وەک بۆرکان کوڵام، وەک ئاورێک کە خۆی دەسوتێنێ بلێسەمدا... ئەو شەوە من ناوی تۆم ناسی.

چەندین ساڵ لەو شەوە تێپەڕی تا ئەو ئێوارەیەی مانگی نوامبری ٢٠٠٩، تۆم لە زانکۆ دیت. دواتر لە گەڵ کاک

موعتەسەم بەرەو ماڵ دەچووینەوە لێم پرسی: لە قسەکانی کچەکان وا تێگەیشتم کە ئەو خانمە مەلەکە بوو. موعتەسەم وتی: ئەرێ، بۆ قەت نەتدیبوو. وتم: نا، تەنیا جارێک لە ڕادیو دەنگم بیستبوو... جارێک کە باسی شەهیدبوونی براکانی دەکرد... باسی دایکی کە تا بەیان سەری کوڕەکانی لە سەر کۆشی خۆی دانبوون...

موعتەسەم وتی: جا تۆ ئەوە بێنە بەر چاو، دوو منداڵت شەهیدبووە، سەرەخۆشیە... لەپڕ ماشێنێک سەر بە ناو گوند دا دەکا... شەهیدێکی پێیە.. کاک فوئاد ە...

کاتێک موعتەسەم ئەوەی وت، سەراسەری پێکەرم لەرزی هەستم بە خەفەبوون دەکرد... هەستم کرد لە ناو ماشێنەکە هەلدێرامە ناو جادەکە... بەڵام ئەو بەسەرهاتە بەوەش کۆتایی نەهات ، سەربردەی خۆشەویستان...

موعتەسەم وتی: هاوسەری... دوکتور... بوو... وەبیرم هاتەوە کە جارێکیان دوکتورم لە مەهاباد دیبوو. مامم کە دۆستی کۆمەڵە بوو دەیگوت" ئینسانی وا کەمە".

مەلەکە! نامهەوێ باسێ شەهیدان بکەم، کە ئەوان جاویدانەن و موحتاجی پێهەڵاوتنی ئێمە نین. دەمهەوێ باسی ئەو خەمە پڕ لە شانازییە بکەم کە لە چاوەکانی تۆ دا ماڵیکردووە و لە ڕووحی مندا پەنگ دەخواتەوە، یان لە ڕووحی تۆدا شەپۆل دەدا و لە ڕەگەکانی مندا دەبنە مچۆرک...

**مەلەکە هاوخوێنەکەم!**

ئەوەندەی بۆم کرابێ لە ناوداران و لە دەسەڵاتداران دوور دەبمەوە. بێزارم لەوانە کە خۆیان بە خەڵکەوە هەڵداوەسن و گەورەترین خۆشیان وێنەکێشانە لەگەڵ کەسانی مەشهوور.

دەمهەویست ئەو نامەیەش نەنووسم. وشەکان لە گۆشەیەکی ڕووحمدا حەشاربدەم.... بەڵام چ لەو دەنگە بکەم کە شەوێک تا بەیان لە گۆی مندا زرینگاوە؟ چ لەو نیگایە بکەم کە تا ئێستاش لەگەڵم دا دەڕوا؟ چ لە ڕوخسارت بکەم کە هەموو خەمی جیهانی تێدا کۆبۆتەوە و هەناسەم پێ تەنگ دەکا؟

**نا مەلەکە، هەڵە مەکە! من نامهەوێ باسی شکست بکەم. دەمهەوێ باسی سەرفەرازیت، باسی دەنگت بکەم. تۆ نمونەیەک لە هەموو ژنانی ئەو خاکە سووتاوەیت کە لە کۆمەڵگای ئێمەدا هەڵگری هەموو ڕەنجەکان بوون.**

**مەلەکە! کەسانی وەک ئێوەن مەلەکەی وڵاتی سوتاوی من. شانازی دەکەم کە ژنانێکی وەک تۆ خاکی ڕووحی من داگیربکەن. ئێوە هەم لوتکەن و هەم ئەو باڵندەیە کە تۆفانەکان دەبڕن، ئێوەن ڕێبوارانی سەحراکان کە خۆتان تینو بەڵام فێنکایی بۆ خەلک بە دیاری دەێنن. ئێوە شادەمارن بۆ لێدانی دڵی وڵاتی من... ئێوە گەورەژنان.... شۆڕەبێیە مێهربانەکان!**

**ئەو پەخشانە مانگی نوامبر نووسراوە و زۆرم دڵەڕاوکی کرد کە بڵاو بێتەوە یا نا.... بەڵام ئێستا بڵاوی دەکەمەوە. هەر کەس ئازادە و گەردنی ئازا بێ چۆنی بۆ دەچێ.**

**سەرچاوە: وێبلاگی پەراوێزی بیر - ڕێکەوتی: ۱ی ئەپریلی ۲۰۱۰**

---

## ***بۆ چوار هەتاو***



***سۆرانییەکانتان لە خم دەن***

***- بەیانی لە سێدارە دەدەن -***

***ئەمڕۆ ،***

***چاوەکانی شیرین***

***نەرگیزی زەردەپەڕ***

شەهید
دڵی گەورەی فەرزاد
کاکشانێک
خامۆش دەکرێ .
ئەمڕۆ ،
بزە لە لێوەکانی عەلی دەرفێنن
هەنگاوەکانی فەرهاد
بەروە بێستون دەوەستێنن .

جەلادەکان
سەرشۆڕ سەرشۆڕ
لە ژێر دەمامکی ڕەش دا
چاویان
بە سوارچاکیتان هەڵنایە .
کەچی هەرگیز
ناتوانن ڕوحی گەورەتان
بخەنە تاراوگە.
ئێوە ،
خەونی پەپوولەیەکی سەوداسەرن
تێکەڵاوی خەون و خولیامان
لە ڕێگای هات و نەهات
چاوگی ئاگر
لە بوون و نەبوون دا .

ئێستاکە
هەوری دڵی من

*لەو غەریبییە*

*دەبارێنێ و*

*گیانی شێواوم*

*وەک منداڵێکی لاسار*

*بەدوای مەحاڵ:*

*زەمەن ڕاوەستێ و*

*ئێوە بگەڕێنەوە*

*چوارهەتاوی نیشتمان.*

*بە ئاسودەییتان دەسپێرم*

*شۆڕەسوارانی ئاسۆکان*

*حەساوە بن*

*شەپۆلەکانی ماندووی بەیانی*

*هەناسەی مێرگە تینوەکان*

**سەرچاوە: وێبلاگی پەراوێزی بیر - ڕێکەوتی: ١٠ی مای ٢٠١٠**

## سپاس و پێزانین بۆ ماموستا شێخ عێزەدین حوسێنی

**ماموستا شێخ عێزەدین حوسێنی کەسایەتێکی نەناسراو نییە تا لێرەدا کەسێکی بچووکی وەک من بۆ ناسینی قەڵەم بگرێتە دەست و پێهەڵاگوتنیش، ڕێزلێنان بۆ کەسایەتێکی وا نییە. ڕێگا و ژیانی ئەوان، تەنانەت ئەگەر بە دڵی ئێمەش نەبووبێ، بەسە بۆ ئەوە کە ئێمە خۆمان لە بەرامبەریان بە قەرزدار و ئەمەگدار بزانین. ئەوە کە منی هاندا ئەو چەند خەتە بنوسم هەڵوێستی ڕاشکاوانە و نەترسانەی ئەو بەڕێزە، چ لە باری سیاسی و چ لە باری ئایینی، لە بیبیسی، بوو کە دەبێ لەو تاریکەساتە و شەپرێوی سیاسی کوردیدا، شانازی پێوە بکەین.**

ماموستا شێخ عێزەدین لە بەرنامەی "بە عبارت دیگر" لە بی‌بی‌سی کە "عنایت فانی" بەڕێوەی‌دەبا، بە پێچەوانەی زۆربەی ڕێبەرانی حیزبەکان(بە فارس و کوردەوە)، زۆر ڕاشکاوانە و نەترسانە هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بە کێشەی کوردستان و مافی گەلی کورد بە بینەری ئێرانی نیشاندەدا. ئەو جۆرە هەڵوێستگرتنە کە دەبێ ببێتە وێنەیەک بۆ ڕێبەرانی حیزبەکانی ئێمەی کورد کاتێک بە ئەگەرومەگەر، لە ماس‌مێدیاکانی فارس و جیهانیدا باسی مافی کورد دەکەن. لەو وتووێژەدا ماموستا شێخ عێزەدین ڕاشکاوانە باسی جیایی دین و سیاسەت، مافی ژنان، گەیشتنی ئینسان و کۆمەڵگای ئینسانی بە دانش و تەکامول دەکا و هەمووی ئەمانە نەتەنیا جێگای ڕێزە، بگرە ئێمەی کورد دەبێ ئەو ڕێزدارە وەک کەسایەتێکی مەعنەوی گەلی خۆمان چاوی لێبکەین و ئەوەندە کە بۆمان دەکرێ لە کاتی ژیانیدا ڕێزی لێبگرین.


لە ناو زۆر گەلانی جیهاندا کەسایەتی وەک گاندی، دالایی لاما و... ناسراون و جێگای سەرفەرازین بۆ گەلی خۆیان. بۆ ئێمەی کورد نەمانتوانیوە و ناتوانین کەسایەتییێکی وەک ماموستا شێخ عێزەدین وەک ماندلا، گاندی و دالای‌لاما ببینین؟ من لە ڕێگای ئەو بڵاوکراوەیەوە (گەرچی خۆم لە ئایین بە دوور دەبینم) ڕێز و پێزانینی خۆم بۆ بەڕێزیان دەنێرم و وەک تاکێکی کورد شانازی بەوە دەکەم کە ماموستایەکی ئایینی کوردستان گەرچی ڕەنگە گرفتی بۆ بێتە پێش، خوێندنەوەیەکی ئەوها ڕادیکاڵی لە دین هەیە و دەفەرموێ دین بۆ ئەو کات بوو کە ئینسان تەکامولی نەکردبوو، ئێستا ئینسان ئیحتیاجی بە پەیامبەر نییە و باوەڕی بەوەیە کە حکومەتی ئیسلامی ناتوانێ سێکۆلار بێ.

بریا هەمووی ئێمە بە هەر بیروڕایەک کە هەمانە، توانیبامان، پێزانینی خۆمان بۆ ئەو ئینسانە گەورانە تا لەناوماندا ماوون، بە شێوەیەک لە شێوەکان بە تاک یان بە کۆمەڵ دەرببڕین.

بە ئاواتی سەلامەتی و ئاسودەیی هەرچی زیاتر بۆ بەڕێز ماموستا شێخ عێزەدین حوسێنی.

سەرچاوە: وێبلاگی پەراوێزی بیر - ڕێکەوتی: ٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٠

## شەهید نەمرە وەکوو شاخ، وەکوو درەخت*



### بە بۆنەی ساڵوەگەڕی شەهیدبوونی جوانەمەرگ دەروێش خدری

هەموو ئێوارەیەک کە خۆر لە وڵاتێکی دوور ئاوادەبێ، دڵتەنگی‌یەکی غەریبانە دامانده‌گرێ. هەزاران یادی گەورە و بچووک، خۆش و ناخۆش دێنەوە بیر. خەمێک کە ڕۆژ نییە لەبیربچێتەوە یادی ئەو زیندانیانەیە کە لە ژێر ئەشکەنجە و ئێعدام دا دەژین. من خۆم وام و پێموایە زۆر کەسی‌تریش وابن، کاتێک درووییەک لە دەستم ڕادەچێ، ژانێک رامدەچڵەکێنێ، بەخۆم دەڵێم تۆ بڵێی هەزاران زیندانی هەست‌پاک و نەجیب لەژێر ژانی قامچی، کابڵی بەرق، جنێو و بێڕێزیدا، چۆن شەو و ڕۆژ بەرنە سەر. هیچ گومان لەوەدا نییە کە ژیانی زیندانییەک لەگەڵ خەڵکی‌تر، جیاوازی زۆری تێدەکەوێ. کاتێک تاکی زیندانی ئازادیش دەکرێ زۆری پێدەچی تا بتوانێ ژیانێکی ئاسایی دەست‌پێبکاتەوە و ئاسەواری زیندان هێندە قووڵن کە زۆربەی کات سارێژناکرێن.

زۆرجار بیر لەوە دەکەمەوە کە ئەو شەهیدانە، کە تەنیا بە خاتری بیروڕا ئێعدامکران، لە هەلومەرجێکی دێمۆکراتیانەدا دەیانتوانی ژیانێکی ئاساییان هەبێ، بنەماڵە پێکەوە نێن، کاربکەن و لە خزمەت کۆمەڵگادا هەنگاو هەڵێننەوە. بەڵام دەستی ڕەشی ئەشکەنجەگەران و دەسەڵاتدارانی خاوەن سێدارە لەم سی‌وچەند ساڵەدا هەموو مافەکانی زیندانی بە تایبەتی وخەڵکیان بە گشتی لەژێرپێناوە و دەرەتانی ژیانێکی ئاساییان لە شارومەندان ئەستاندووە. زۆربەی ئەوانەی کە دڕندانەترین زەجر و ئازاریان لە زیندانەکاندا چێشت، قەت دەرفەتی ئەویان بۆ نەڕەخسا کە بەسەرهاتی خۆیان بگێڕنەوە. ئەو ئینسانە گەورانە لە ژێر ئەشکەنجەدا گیانیان لەدەست دا، چوونە ژێر پەتی دار و تیرباران کران.

زۆربەی ئەو شەهیدانە ڕۆژێک لە ڕۆژان، ڕێکخراو و حیزبێک بەسەری کردنەوە و وەک لایەنگر یان ئەندام لە

کاروانی شەهیداندا یادێکیان لێکرا بەڵام لەو ماوەیەدا کەسانیتریش دەستبەسەر و شەهیدکران کە تا ئێستا نەناس ماونەتەوە و هیچ حیزب و ڕێکخراوەیەک باسی نەکردوون. ئەمەش زۆر هۆی لە پشتە کە لێرەدا جێگای باس نییە بەڵام حەق وایە کاتێک باسی مافی ئینسان، زیندانی سیاسی و پارێزگاری لە حەقی ژیانە، هەموو ئەو کەسانە کە بە دەست ڕژێمی ئاخوندی زیندانی، ئەشکەنجە و ئێعدام کراون سەرەڕای جیاوازی بیروبۆچوون، یادیان بکرێت.

یەک لەو شەهیدانە کە تا ئێستا باسی نەکراوە شەهید "دەروێش خدری"یە کە ئەندامی فەداییەکان بوو. من بە هۆی ئەوە کە لە نزیکەوە بنەماڵەی شەهید دەروێش دەناسم و دەزانم کە تا ئێستا دایە فاتم، دایکی شەهید دەروێش، هەموو ساتێک لەگەڵ کوڕە شەهیدەکەی دەژی و دیتنی دایە فاتم هەموو جارێک دەمهەژێنێ، هەم بە هۆی ئەوە کە خوشکی شەهید دەروێش هاوڕێیەکی نزیکمە و زۆر جار باسی شەهیدانی ناسراو یان بێناو و نیشان دەکەین و هەم هەروەک پێشتر باسکرا زۆر شەهید ناویان ونە، بە ئەرکی خۆم زانی کە لەساڵوەگەڕی شەهیدبوونی دەروێش خدری یادێک لەو بەڕێزە بکرێت و بە ئاواتم کە هەموو ئەو کەسانەی کە تا ئێستا بە هۆی جۆراوجۆر ناویان ونە، ناویان لەیادنەچێ.

دەروێش خدری لە ساڵی ١٣٣٧ لە شاری بانە لە دایک بووە. بە گوێرەی وتوویژ لەگەڵ هاوڕێیانی، دەروێش ئینسانێکی دڵگەورە و مێهرەبان بوو و هەر لە منداڵییەوە هەستی یارمەتیدان بە خەڵک و دڵسۆزی بۆ هەژاران، لە گیانیدا پەنگی خواردبووە. ئەو کەسانەی کە لەگەڵ دەروێش لە زینداندا بوون باس لە دڵفراوانی ئەو دەکەن. زۆر کەس کە دوای شەهیدبوونی چوونەتە لای بنەماڵەی ئەو شەهیدە وتوویانە کە دەروێش لە زینداندا لەو پارەیە کە بنەماڵە بۆیان دەنارد، یارمەتی زیندانیانیتری دەکرد. بە گوێرەی قسەکانی خوشکی شەهید دەروێش، هەستی بەرپرسایەتی هەرگیز بەرینەدا. خوشکی دەڵێ: "هەر کە لاویش بوو، لە زەمانی شادا، لە ئەنجوومەنی قوتابخانە دا چالاکبوو تا بتوانێ یارمەتی قوتابیان بدا. کە منداڵ بووین و لە نێوان خوشک و براکان شەڕدەبوو هەمیشە لایەنی حەقی دەگرت و تێدەکۆشا ئێمەش فێرکا کە حەق بە حەقدار بگا."

دەروێش ساڵی ١٣٥٤ لە زانکۆی تاران لە ڕشتەی پیراپزیشکی وەردەگیرێ و لە سەردەمی شۆڕش لەگەڵ سازمانی چریکە فەداییەکان ئاشنا دەبێ. ساڵی ١٣٥٩ تازە هەفتەیەک بوو کە لە نەخۆشخانەی بانە دەستی بەکار کردبوو کە بە دەست ڕژێمی ج.ا. دەگیرێت و بە ماوەی سێساڵونیو لە ژێر ئەشکەنجە و ئازادا ماوە. خوشکێکیتری شەهید

دەروێش ئاوا باسی شەهیدبوونی براکەی دەکا:

"کاتێک جەسەدی شەهیدیان داوە، دایە فاتم خۆی شوشتی و لە کاتی شوشتنی خوێناوەکەی دەخواردەوە. دایە فاتم تا ماوەیەکی زۆر شەوانە لە لای قەبرەکەی دەخەوت و خەڵک بە زۆر دەیانبردەوە ماڵ."

هاوڕێکەم دەڵێ: "ئێستاش دوای ٢٧ ساڵ دایکم چاوەڕوانی گەڕانەوەی براکەمە و هەر قسەی لەگەڵ دەکا. زۆر جار پێیوایە کە کوڕەکەی منە، ئاغابرامە و کوڕەکەم جێگای خاڵی ئەو تا ڕادەیەک پڕدەکاتەوە." هاوڕێکەم بەردەوام دەبێ و دەڵێ: "ئاغابرام هەرگیز بە کەسری شانی دانەدەنا کە هاوڕێکانی بەرێتە لای دایکم ئەو کات کە دایکم بە تەنیا و بە دەستتەنگی دەژیا گەرچی دایکم لە بنەماڵەوە میراتی پێگەیشتبوو بەڵام بە هۆی لاوازی پێگەی ژن لە کۆمەڵگادا نەیدەتوانی بەشەمیراتی خۆی لە خزم و کەس وەرگرێ. ئاغابرام هەمیشە دەیگوت: دەمهەوێ زوو وەسەر کار کەوم و دایکم بەخێوکەم و ئیتر دایکم کار نەکا. ئاغابرام هەمیشە بەناو جلوبەرگی دایکم دا دەگەڕا تا بزانێ چی کەمە و بە پارەی دانشجویی، شتی پێویستی بۆ دەکڕی. بۆ من هەم دایک بوو، هەم باوک. کاتێک دایک و باوکم لێکجیابوونەوە، من تا ماوەیەک لای دایکم بووم، ئەو باوکم بوو و کاتێک باوکم منی بردەوە لای خۆی و لە دایکم دوور کەوتمەوە، ئاغابرام وەک دایک ئاگای لێم بوو. پێموایە وەزعی دایکم و ئەو زوڵمە کە لە دایکم کرا، وایلێکرد کە ببێتە سیاسی و لاینگری لە چەوساوەکان بکا. وەبیرمە کە لە شۆڕشی ئێراندا چالاکانە بەشداربوو چونکە پێیوابوو کە ڕژێمی پەهلەوی وڵامدەری نیازەکانی خەڵک نەبوو. کاتێک دایکم دەیگوت دەروێش ئاگات لەخۆت بێ و من دڵسوتاو مەکە، دەروێش وڵامیدەداوە کە دایە گیان تۆش وەک هەموو دایکانیتر."

کاک عەلی عەزیزی کە ماوەیەک لەگەڵ شەهید دەروێش لە بانە لە یەک زیندان بووە ئەوها باسی ئەو شەهیدە دەکا: "من ساڵی ٦١ گیرام. لە ئەوەڵی ٦٢ دا دەروێشیان لە زیندانی سنە ڕا هێناوە بۆ زیندانی بانە و ئێمە لە زیندانی شارەبانی و ئیتلاعات نزیکەی شەش مانگێک پێکەوە زیندانی بووین. سلوولەکانی زیندان ٨٠ سانت لە ٢ میتردا بوون. کاتی چوونە دەستشۆردن یەکترمان دەدیت. یان ئەو کاتە کە خەریکی کاری بەننایی دەبووین. من بەننا بووم و چەند کەس لە ژێر دەستم کاری دەکرد. دەروێش جارجار دەهاتە کار، لە ژێر ئەشکەنجە لە زیندانی سنە پشتی ئازاری پێگەیبوو. دەروێش کوڕێکی ئارام و لەسەرەخۆ بوو." عەلی عەزیزی بەردەوام دەبێ و دەڵێ: "دەروێش زۆر جار باسی زیندانی سنەی بۆ دەکردم. جارێک باسی کوڕێکی کەمتەمەنی بۆ کردم. ئەو کوڕە لەگەڵ دوو برای گەورەتری گیرابوون. شەوێک برایەکی ئێعدام دەکرێ. دوو شەو دواتر برای دووهەمیان ئێعدام کردبوو. ئەو

کوڕە نەگریابوو و وتبووی: شانازی بە براکانم دەکەم. چەند ڕۆژ دواتر دوو ڕەفیقی ئەو کوڕەیان برد و ئێعدام کران. ئەو کوڕە ژیر نەدەبووە. دەرویش و زیندانیەکان پێیان وتبوو براکانتیان شەهیدکرد نەگریای بۆ ئێستا ژیرنابیتەوە. کوڕەکە وتبووی کە ئەو کات پێم عەیب بوو بگریم، لێمگەڕێن با ئێستا بەشی ئەوانیش بگریم.".
عەلی عەزیزی دەڵێ: "دەرویش لەگەڵ فەداییەکان بوو بەڵام باوەڕی بە مافی نەتەوەی کورد بوو، کوڕێکی دڵپاک بوو. کاتێک پێمووت کە ئێمە چەند کەس دەمانهەوێ لە زیندان ڕابکەین دەرویش وتی لەبەر دایکم ڕاناکەم، دایکم کەسی نییە بەخێوی بکا."

بە گشتی دۆست و هاوڕێ کە یادی دەرویش دەکەن بە ڕێزەوە ناوی دێنن و دەڵێن کە دەرویش ئینسان و هاوڕێیەکی باش بوو. بە گوێرەی بیرەوەری یەکێکیتر لە هاوڕێانی کە خۆی ئینسانێکی خۆشناو و خۆشەویستە و لێرەدا بە هۆی باری ئەمنییەتی ناوی نایە، دەرویش "ئینسانێکی گەورە" بوو و لە زیندان ئاگای لە هەموو زیندانییەکانیتر بوو.

لە ١٣٦٢ کە ڕژێمی ئیسلامی دەیهەویست ئەندامانی هەموو ڕێکخراو و حیزبەکان بخاتە زیندانەکان و لەناویان برێ، دیسان لە کوردستانڕا دەستی پێکردەوە. عەلی عەزیزی باسی ئەو شەوە دەکا کە دەرویشیان ئێعدامکرد: " شەوێک لە مانگی مورادادی ٦٢ دەرویشیان بانگکرد و ئێمە هەموو زۆر نیگەران بووین. بەیانی خەبەریان هێنا کە دەرویش ئێعدامکراوە. دیارە کە هەموو زۆر ناڕەحەت بووین. ئێمە چەند کەس کە لە ژێر ئێعدام بووین دوو ڕۆژ دواتر لە زیندان ڕامانکرد."
شەهید دەرویش خدری لە گەلاوێژی ١٣٦٢دا ئێعدام کرا. سپای پاسداران پارەی ئەو گوللانەی کە دەرویشیان پێ تیربارانکردبوو وەرگرت و ئینجا جەسەدەکەیان بە بنەماڵە داوە. لە کاتی بەخاکئەسپاردن و پرسەی شەهید دەرویش خەڵکێکی زۆر سەرەڕای هەڕەشەی سپای پاسداران، بەشداردەبن.

دایە فاتم خۆی کوڕە شەهیدەکەی دەشوا و خوێناوەکەی دەخواتەوە. دایە فاتم ئێستاش پێیوایە کە شەهید دەرویش دەگەڕێتەوە...

یادی دەرویش خدری و هەموو شەهیدان هەر بەخێربێ.

سەرچاوە: وێبلاگی پەراوێزی بیر - ڕێکەوتی: جوولای ٢٠١٠

# پێویستی کورد بە ئاشتی نەتەوەیی

## ئەو وتارە ڕووی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە

لە چەند مانگی ڕابردوودا، دوو هەڵوێستی گشتی لە لایەن خەڵک و هێزەکانی کوردەوە، گەلێک جێگای دڵخۆشی بوون و ئەو جۆرە هەڵوێستانە دەکرێ وەک سەرەتای پرۆسەیەک کەوا ناوی "ئاشتی نەتەوەیی‌یە" ببینین. ئەو دوو هەڵوێستە ئەمانە بوون:١- بەدوای ڕووداوی تەقینەوەی بۆمب لەمەهاباد خەڵک و حیزبەکان هاودەنگ هەم ئەو جۆرە کارانەیان مەحکومکرد و هەم لە خۆپێکدادان و شەری ناوخۆیی کە ئامانجی تاران بوو، دوورکەوتنەوە،٢- مانگرتنی سەرانسەری کوردستان کە هەموو خەڵک و هێزەکان هاودەنگ و هاوهەڵوێست لەو مانگرتنەدا بەشدار بوون.لەو دوو هەڵوێستەدا گەرچی هێزەکانی کوردی ڕۆژهەڵات لە "بەرە"یەکدا نین بەڵام بە کردووەوە دیتمان کە دەکرێ هەنگاوەکانی بەرەو "ئاشتی نەتەوەیی" ڕۆیشتن هەڵگرین.

هەنووکە سپای پاسداران و هێزەکانی نیزامی و ئەمنی دەوڵەت بە شێوەی جۆراوجۆر و فراوان، دیسان دەستیان بە شێواندنی کوردستان کردۆتەوە تا ئەو ڕێگایە کە کوردستان بۆ خەباتی خۆی گرتوویەتی بەر، بە بێهودە لە قەڵەم بدەن. ڕژێم دەخوازێ کە کورد بە دەستی کورد بکوژرێت و وا نیشان بدا کە ئەوە هێزەکانی کوردین کە بۆمب دادەنێن. بۆ تاران فەرق ناکا، لە هەر لایەک بکوژرێ هەر کوردە کە لە ناودەچێ.ئێستا پرسیار ئەوەیە کە بۆ بەرپەرچدانەوەی تاکتیک و ئامانجەکانی دەسەڵاتی فاشیستی ئێران، کام ڕێگا و شێوە، بۆ چارەسەری کێشەی ناوخۆیی، بگرینە بەر؟

ڕەنگە بکرێ بە ڕاشکاوی بڵێین کە باشترین و ئاگایانەترین بەرپەرچدانەوەیەک کە لە ماوەی ڕابردوودا لە لایەن خەڵک و حیزبەکانەوە دژی دەسەڵاتی تاران کرابێ، هەڵوێستی خەڵکی مەهاباد و عەشیرەتی مەنگوور بوو. لە ڕووداوێکی بۆمبتەقینەوەدا بەداخەوە ١٢ ژن و کچ و منداڵی کورد لە عەشیرەتی مەنگوور بە بێگوناه کوژران. دوای ئەو ڕووداوە، هەموو خەڵکی شاری مەهاباد بە مەنگووڕ و غەیری مەنگووڕەوە زۆر بە هوشیاری و دڵسۆزیەوە پێشی کارەساتی‌تریان گرت و پیلانی ڕژێمیان پووچەڵکردەوە. عەشیرەتی مەنگوور نەکەوتە داوی ڕژێم و خەڵکی مەهابادیش سەرەخۆشی گشتیان ڕاگەیاند و لە مزگەوتی گەورەی مەهاباد، لە مزگەوتی سوور، پرسە داندرا.

هەروەها هەموو حیزبەکان ئەو ڕووداوەیان مەحکوم کرد.ئەو هەڵوێستە بە تەواوی دەچێتە خانەی "ئاشتی نەتەوەیی/ ئاشتی میللی" و بە بڕوای من تاکە ڕێگایە کە کورد لە شەڕی ناوخۆی دوور دەخاتەوە و هەموو خەڵک، ناو و دورەوە، لێکنزیکدەکاتەوە.

**(ئاشتبوونەوە) Reconciliation, RE+ Conciliation دووبارەئاشتبوونەوە**

ئەم وشەیە لە ترادیسیۆنێکی مەسیحی و کلیسایی‌دا بە ئەو کارەی مەسیح (عیسا) نیسبەت دەدرێ کە بە مەرگی خۆی و بە هەڵبژاردنێکی ئازادانە، توانی بە سەر سێ خەراپەدا، شەیتان، مەرگ و گوناە، زاڵ بێ. دواتر ئەم هەڵوێستە لە ناو ئایینی مەسیحی‌دا زیاتر وادەبیندرا کە کاتێک ئینسان گوناە دەکا خواوەند دەیهەوێ سزای بدا بەڵام هاوکات خوا ئینسانەکانی خۆش دەوێ و لە نێوان ڕق و ئەوین دا دەمێنێ. بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە و کردنەوەی ئەو گرێیە، خوا دەبێتە ئینسان لە جەستەی مەسیحدا. خواوەند گوناهی ئینسان دەگرێتە ئەستۆ و سزاکەشی قەبووڵ دەکا. مەسیح لە خاچدەدرێ بەڵام دووبارە زیندوو دەبێتەوە. واتە خوا هەڵگری ڕقێکە کە دەبێ دواتر لەگەڵی ئاشتبێتەوە.

لە بەرامبەر ئەو بۆچوونەدا هێندێکی‌تر پێیانوابوو کە مەسیح گوناهی ئینسانی وەئەستۆگرت و بە مەرگی خۆی نێشانی دا کە ئینسان گوێڕایەڵی خوایە. دوای ساڵانی ١٨٠٠ کێشەکە بەم شێوەیە دەدیترا: خوا بۆ ئەوە نەبوو بە ئینسان تا سزاکە قەبووڵ بکا بەڵکو ئەو کارە بۆ ئەوە بوو کە ئەوینی خۆی بە ئینسان نیشان بدا، ئەویش لە ڕێگای ئەوە کە بکرێ خواوەند بریندار بکەی و تا ڕادەی ئینسان بێتە خوار و ئەو هەڵسوکەوتە کە ئینسان لە گەڵ خوای کرد قەبووڵی بکا. ئەو شتە کە ئینسان لە خوا دوور دەکاتەوە ئەوە نییە کە خوا تورەبووە و دەیهەوێ ئینسان سزابدا بەڵکو ئەوەیە کە ئینسان نایهەوێ خۆی بگۆڕێ.(١)

ئەگەر ئەو چەمکە لە ڕوانگەیەکی دوروون ناسییەوە شیبکەینەوە، بەڕای ئارماندۆ لوسیانوو، سیکۆتێراپێڤتی دانیشتووی سوید کە خۆی بەو پڕۆسەیەدا تێپەریوە، دووبارەئاشتبوونەوە بەو مانایەیە: "ئینسان دووبارە پێوەندی بەشتێک دەکاتەوە کە لەگەڵی بەدونیادێ بەڵام لە ژیاندا لێ‌ون‌بووە و دووبارە لە خۆیدا درووستیان دەکاتەوە. ئاشتی و ئازادی لەگەڵ ئینسان لەدایکدەبن. ئینسان دەبێ لەگەڵ خۆی ئاشتبێتەوە و خۆی خۆش بوێ تا بتوانێ ئینسانەکانی‌تریشی خۆش بوێ. ڕەوەندەکە - پڕۆسەکە زۆر دەدردناکە و پێویستی بە کات، باوەڕ و ویست - خواست

هەیە. فەرامۆش کردن هیچ پێوەندییەکی بە دووبارە ئاشتبوونەوە نییە. لە دووبارە ئاشت بوونەوە دا، ئێمە ڕووداوەکانمان وەبیرە و ئارام ئارام بیرەوەریەکان بە ڕوانگەیەکی‌ترەوە دەبینین. بۆ دووبارە ئاشت بوونەوە دەبێ هەوڵ ئەوە ببینین کە کەسێک یان شتێک ئێمەی ئازارداوە، دواتر قەبووڵ بکەین کە ئەو شتە ڕوویداوە، ئینجا پێوەندی بە ژان، خەم و ڕق کە لەناو دەروونماندایە بگرین و باسی بکەین و خەمەکە شرۆڤەبکەین و لە ئاخردا، وردە وەردە پڕۆسەی دووبارە ئاشت بوونەوە دەست‌پێ‌بکرێت. دووبارە ئاشت بوونەوە پێویستی بە بڕیارە، بڕیاری ئەوە کە ئینسان ئەو جۆرەی کە هەیە قەبووڵ بکەی، واتە ئینسان هەم باشە و هەم خەراپ. دەبێ هەمووی قەبووڵ بکەی، هەموو ڕاستی و هەمووی هەقیقەت. ئاشتبوونەوە لەگەڵ ئەو کەسە کە تۆی ئازارداوە لە قۆناخێکی پێش ئاخرین قۆناخ سەردەگرێ. ئاخر قۆناخ ئەو کاتەیە کە ئینسان دەبێ فێربێ لەگەڵ ڕاستیەکە بژیت بەڵام بەبێ ڕق و قین. ڕەنگە زۆر کەس بە هەڵە لە"دووبارە ئاشت بوونەوە" بگەن کە گۆیا بەو مانایەیە کە بە زۆر لەگەڵ ئەو کەسە کە ئازاری پێ‌گەیاندووین بژین. دووبارە ئاشت بوونەوە لەڕاستیدا پڕۆسەیەکی دەروونییە کە ئیتر ڕق و قین فەرمان‌نادا. دووبارە ئاشت بوونەوە بەو مانایەیە کە لە ڕووداو و ئۆبجێکت مەودا - فاسیلە بگری." (٢)

## ئاشتی میللی چییە؟

ئەزموونی ئافریقای‌باشوور"... نێلسۆن ماندێلا کاتێک دوای ٢٧ ساڵ زیندانی بوون لە ساڵی ١٩٩٠ لە زیندانی ئاپارتایدی سپییەکان هاتەدەر، بڕیارێکی ئەخلاقی- سیاسی دا و داوای کۆبوونەوەی هەموو هێزەکانی لە دەوری ئاشتی نەتەوەیی - ئاشتی میلی کرد و لەگەڵ بەڕێوەبەرانی سیستێمی ئاپاترتاید و ڕەگەزپەرستی پێشوو دانیشت. هەڵوێستەکەی ماندێلا بە بێ گرفت و دژایەتی نەبوو. ڕەش و سپی لە بەرامبەر یەکدا ڕاوەستابوون. ساڵی ١٩٩٤ تەنانەت بارودۆخی شەڕی ناوخۆیی بە تەواوی ئامادە بوو. سپییەکان شوێنەکانی شارومەندانیان بۆمباران دەکرد و دەترسان کە ئەو ئیمکاناتە کە لە سیستێمی ئاپارتایددا وەدەستیان هێنابوو لە دەستبدەن و یان بکوژرێن. پۆلیس و سیاسی‌کاران و نیزامییەکان دەیانویست دڵنیابن کە سزانادرێن. تێپەڕکردنی ئەو ڕێگایە لەڕاستیدا تەنیا بە ئاشتی، دێمۆکراسی و لێبوردنی گشتی - ئەمنێستی دەکرا. ئایا گەیشتن بەو ئامانجە ئیمکانی بوو؟ئایا لێبوردن بە مانای ڕاماڵین و لێ‌هەستاندنەوەی هەموو بەرپرسایەتی‌یەک لەو کەسانە بوو کە لە سیستێمی پێشوودا دەستیان بە خوێنی خەڵک سوور بوو و تاوانیان کردبوو؟ زۆر کەس پێ‌وابوو کە ئەوانە نابێ ببخشرێن و لە دادگایەک دا دەبا حوکمیان درابا. لە بەرامبەردا ئەو بیرە هەبوو کە دەبێ ئەو شەڕە کۆتایی‌پێ‌بێ. گرووپی سێهەم پێیان‌وابوو کە بە هاوکاری دەبێ گرفتەکان چارەسەر بکرێن و برینەکان سارێژ. دەوڵەتی سوید، لە ڕێگای ناوەندی ئۆلف پاڵمەوە

لەو پرۆسەیەدا بەشداریکرد و ئەزموونەکانی کارەساتی وڵاتی شیلیش بەکار هێندران.ئافریقایباشور بەرنامەی چارەسەری بەپێی ڕێگای سێهەمی دارشت. ئەو کەسانەی کە دەستی باڵایان لە تاوان دا بوو دەبا دادگایی کرێن. ئەو کەسانە کە داوای لێبوردنی گشتییان کردبوو دەبەخشران بە مەرجێک کە هەقیقەتەکانیان باس کردبا. ڕوونکردنەوەی ئەو تاوانانە کە لە دەورانی پێشوو دژ بە مافەکانی ئینسان ئەنجامدرابوون. بە شەفافی و ئاشکرا هەموو بابەتەکان دەخرانە بەر دەست بیروڕای گشتی.

(Truth and Reconciliation Commission, TRC)

لێژنەیەک، لێژنەی دۆزینەوەی ڕاستییەکان و ئاشتبوونەوە بە ئاشکرا پێکهات و هەر شارومەندێک بۆی هەبوو کە خەڵک بۆ ئەندام بوون لەو لێژنەیەدا پێشنیاربکا. ماندێلا پانێلێکی لە هەموو گرووپەکان کە ٤٠٠ کەس بوون پێکهێنا و دواتر لە ڕێگای دەنگدانی ئاشکرا و پرسیار ئەو گرووپە ٤٠ کەسی تێداماوە. کەشیشی بەناوبانگ، دێسمۆند تووتوو، یەک لە بەشدارانی ئەو لێژنەیە بوو. کاری لێژنەی دۆزینەوەی ڕاستی و ئاشتی، بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی دادگا و گەیشتن بە هەقیقەت بوو. هەقیقەتی ئەو تاوانانە کە لە نێوان ساڵانی ١٩٥٠ تا ١٩٩٥ ڕوویانداببوو. تەنیا باج بۆ گەیشتن بە حەقیقەت، لێبواردنی گشتی و ئەمنێستی بوو. کۆمیتەی دۆزینەوەی ڕاستییەکان دەبا یارمەتی ڕووحی هەموو لایەنەکان بکا و قوربانییەکان خەسارەتیان درابایە. مەرجەکان دژوار نەبوون، یارمەتی بۆ بەردی سەر گۆڕی قوربانییەک، یان ناونانی قوتابخانەیەک بە ناوی ئەو شاگردە کە لەناویان بردبوو.

بەڵام ئەرکی کۆمیتەکە زیاتر لە هەر شتێک تێراپی بوو کە ئافریقا لە خوێن را بگەیێنێتە ئاشتی و ببێتە ئافریقایەکی نوێ. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە پرۆسەی ئاشتی لە مۆگابیشۆ، لە ڕێگای داب و نەریتی عەشیرەییەوە بەڕێوەدەچوو.گەیشتن بە ئاشتی پێویستی بە تێگەیشتنە و ئینسانەکان دەبێ بزانن کە چ شتێک دەبەخشن و دەبێ هەقیقەتەکان بناسن و بزانن. هەموو لێپرسینەوەکان - بازجویی ئاشکرابوون و ماسمێدیاش زانیاریەکانی شەفاف بڵاودەکردەوە.زۆربەی بنەماڵەی قوربانییەکان باسی ئەوەیان کردووە کە گەیشتن بەو زانیارییانە بۆ ئەوان بە مانای ڕەهابوون بوو. ئەوە کە بە ئاشکرا باسی ئەوە دەکرا کە مافی ئەوان پێشێلکراوە لەخۆیدا دانهێنان بە هەقی ئەوان لە لایەن نەتەوە بوو، وەک ئەوە کە نەتەوە داوی لێبووردنیان لێبکا. ئەو پرۆسەیە بەو مانایە بوو کە هەموو نەتەوە پێکەوە لە خەمێکدا بەشداربوون و دەکرا بەئاشکرابگری و کەسانێک "اعتراف" بە گوناە بکەن و ڕازەکانی پشت پەردە نیشان بدرێ. پرسیارێک کە بەردەوام لە دادگاکاندا دوپات دەبووە ئەوەبوو کە:

تۆ چۆن ئینسانێکی؟ = What kind of a human being are you ? زۆربەی جار وڵام دەدراوەکە "ئەو پرسیارەم گەلێک جار لە خۆم کردووە". دووبارەسازی ڕووداوەکان بەشیک لەو کارانە بوو کە دەکران واتە (شانۆیەک کە ڕووداوەکان نیشان بداتەوە) بۆ وێنە چۆن ئەشکەنجەیان کردووە. ئەمەش بۆ تائیدی ئەوە بوو کە تاوانەکە ڕوویداوە و ئیتر هەرگیز ڕوونادات‌ەوە. بەڵام گرفتێک ئەمەیە کە هەموو کەس ڕاستی و ڕووداوەکان باس‌ناکا و داوی بەخشین دەکا. زۆر کەس پۆست و مەقامی باڵای هەیە و خۆی نەجات دەدا. بۆ وێنە ماگنوس مالان وەزیری بەرگری کە دەستی لە زۆر تاواندا بووە، ڕاستییەکانی نەدرکاند.چارەسەرکردنی کێشەیەکی ئەوها هەستیار بەشێوەی ڕێگای سێهەم سەختە. ئەو شێوە بەخشینە، پێویستی بە هێزێکی زۆر زیاترە لە تاقەتی ئینسان و لەو تێروانینەدا شوێنێک بۆ تۆڵەهەستاندن نییە. ڕێگای سێهەم زۆر پرسیار دەخوڵقێنێ: ئایا داد بەو شێوەیە وەدەست دێ؟ ئایا ئەو ڕێگایە تەنیا ڕەواڵەتی نییە؟ ئایا تەنیا بەخشین کافییە؟ ئایا سپی‌یەکان و تاوانباران نابێ سزابدرێن؟ ئایا ئینسان دەتوانێ بڵێ کە تەنیا خواوەند دەتوانێ تاوان ببخشێ؟ ئەمانە پرسیارگەلێکن کە تەنیا کات و داهاتووی ئافریقا دەتوانێ وڵامیان بداتەوە. ئەو پرۆسەیە بە "باوەڕ" و "ڕێبەر" دەکرێ. ڕۆڵی ماندێلا ناکرێ لەبیر بچێ. ئایا بە بێ ماندێلا ئەو کارە تا ئێرە بەئەنجام دەگەیشت؟ ماندێلا هەمیشە هەنگاوی یەکەمی هاویشتووە و وێنەیەکی باشە بۆ هاوکاری نێوان گرووپەکان و تێکەڵاوکردنی ترادیسیۆنی وڵاتەکەی و جیهانی مۆدێڕن.

ڕەنگە خاڵێکی بەهێز، بۆچوونی ئافریقاییەکان لەچەمکی ئینسان و ژیان بێ. چەمکی "ئوبونتو" کە کەشیش تووتوو ئەوها باسی لێدەکا: "ئینسان لەڕێگای ئینسان و بەهۆی ئینسانەوە دەبێتە ئینسان."(٣)

### ئاشتی لە نێوان کێ و کێ؟

کاتێک باس لە ئاشتی نێوان ئەندامانی نەتەوە دەکەین مەبەست تەواوی ئەو خەڵک و گرووپانەیە کە لە پرۆسەکەدا بەشداربوون، یەکتریان ئازارداوە و تووشی شەڕی کوردکوژی بوون. دەکرێ بڵێین کە هەموو گرووپەکان، کەم یان زۆر، دەستیان لە هەڵەکاندا بووە. هێندێک لەو هەڵانە دەکرا ڕوونەدەن و پێشیان بگیرێت. پرۆسەی ئاشتی هەم ئەوانی ناو وڵات و هەم دەرەوەی وڵات دەبێ لەخۆبگرێ. هەر کەس و گرووپێک دەبێ بەرپرسی بەشی ڕەفتارەکانی ئەخلاقی و سیاسی خۆی بێ و لە پرۆسەی ئاشتیدا بەرپرسایەتی وەربگرێ و هەوڵ بدا کە پرۆسەکە بە ژانێکی کەمتر تێ‌پەڕێ. هەموو دەبێ بۆ ڕوونکردنەوەی ڕاستیەکان و هەقیقەتەکان قۆڵ هەڵماڵن. هەموو دەبێ ڕاستگۆیانە بۆ داهاتوویەکی ئارام بۆ خەڵک بە ڕابرووودا بچنەوە و بۆ داهاتوو کاربکەن.

ئێمە شاهیدی شەڕی نێوان پەیرەوانی کونگرەی چوار و دیمۆکرات، شەڕی نێوان دیمۆکڕات و عەشیرەتی مەنگوور، شەڕی نێوان کۆمەڵە و دیمۆکرات، شەڕی نێوان کۆمەڵەکان، شەڕی نێوان دیمۆکراتەکان، شەڕی نێوان گرووپەکانی‌تر و... بووین و تا ئێستاش ئاسەواری ئەو شەڕانە قوڵ و کێماوین. تا ئێستاش بە دوای هەر لێکدابڕانێکی ناو هێزەکان، ئەندامان دەست دەکەنە بێڕێزی کردن بە یەکتر و جنێوی سووک فڕێدان. تا ئێستاش تاران دەتوانێ کورد دابەش‌بکا. تا ئێستاش گەرچی کوردێکی زۆری ڕۆژهەڵات لە دەرەوەی وڵاتە بەڵام بەهۆی دابەش‌بوون، شەپرێوی و شەرچەقە، نەمانتوانیوە لۆبێکی کوردی پێک‌بێنین بۆ ئەوە کە چالاکانەو یەکدەست بتوانین لە جهیاندا بۆ کێشەی کورد و بۆ نەجاتی زیندانیانی سیاسی خۆمان کاربکەین.

## چۆن بەرەو ئاشتی بڕۆین؟

ئایا کورد بۆ سارێژکردنی برینەکانی دەبێ دەست بکا بە تۆڵەسەندنەوە بەپێ ئەو نەریتە "چاو لە بەرامبەر چاو، ددان لەبەرامبەر ددان"؟ یان نا دەکرێ بیر لە "ئاشتی نەتەوەیی/ میللی" بکرێتەوە و کورد بە پرۆسەیەکدا تێپەڕێ کە ئەگەرچی پڕژان و نامۆیە بەڵام دەتوانێ لە "کورد بەدەستی کورد کوشتن" نەجاتمان بدا و هێزەکانمان بۆ ئامانجێکی جوانتر وەگەڕبخا. بۆ وێنە دەتوانین کە بیر لە ئەزموونی ئافریقای باشوور یان شێوەی باشتریش بکەینەوە. لە بەرامبەر ئەوەدا ئێمە شاهیدی ئەزموونی ڕواندا، بۆسنی و هتد...ین کە تا ئێستاش خەڵک خەریکی تۆڵەهەستاندن و یەکترکوشتنن. کورد دەبێ کام ڕێگا هەڵبژێرێ؟

هەڵوێستگرتن لە بەرامبەر پرسیارێکی وەها ئەستەم دا، پێویستی بە نەترسێکی ئەخلاقی و سیاسی و خۆشەیستی ئینسان وەک بنەمایەکی فکری هەیە. ئەو هەڵوێستە دەبێ لە لایەن هەموو کەسایەتییەکان و گرووپەکانی کوردەوە مۆرکرێت. ئەو هەڵوێستە ئەخلاقی- سیاسیە دەتوانێ کورد لە دەوری یەک، وەک نەتەوە، کۆکاتەوە و دەبێ بۆ سەقامگیربوونی هەوڵی پێویست بدرێت.

شایانی باسە کە ساڵێ ڕابردوو لەلایەن سکرێتری گشتی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران ئەو باسە تا ڕادەیەک هاتە گۆر بەڵام بە ناتەواوی. بۆ ناتەواو؟ یەک بە هۆی ئەوەکە ئەو ئەرکە تەنیا ئەرکی یەک حیزب نییە و یەک حیزب نابێ بڕیاری ئاخر بدا و دەبێ هەموو هێزەکان پشتی‌بگرن. دەکرا بەڕێز هیجری داوا لە هەموو هێزەکان بکا کە پێکەوە کار بۆ ئەو گرینگە بکەن. دووهەم، لایەنی‌تری کێشەکە ئەوە بوو کە بە داخەوە هێزەکانی‌تر

پشتیوانیان لە قسەکانی بەڕێز هیجری نەکرد. کاتێک باسی ئاشتی میللی دەکرێ دەبێ هەموو خۆیان بەرپرس بزانن و کاری بۆ بکەن نە ئەوە کە هێندێک مۆری‌بکەن و هێندێک پەیمان‌بشکێنن. گەرچی لێرەشدا بەڕای من هەر کەس و لایەنێک تەنانەت بە تەنیا ئەو باسە بە ئەرکی خۆی بزانێ ئەوە هەر جێگای ڕێزە و پیرۆز.

## ئامانج

کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە قۆناخێکی ئەستەم و هەستیاردا تێپەڕدەبێ. پرش‌وبڵاوی کورد غەیری زەرە هیچ قازانجێکی ناگەیاندووە و لە سی ساڵی ڕابردوودا تەنیا دوژمنانی کورد لەو بارودۆخە کەڵکیان وەرگرتووە. هێنانە گۆڕی باسی ئاشتی بۆ داماڵینی بەرپرسایەتی لە هیچ کەس و هیچ هێزێک نییە بەڵکو بۆ بەرپرسایەتی زیاترە و هەموو دەبێ بە گیانێکی پاک، دەستی هاوڕێیەتی بۆ نەجاتی کورد درێژ بکەن. تا ئێستا هێز و بیر، خزم و کەس، دۆست و هاوڕێ دابەش‌کراووەو دابەش‌بوون. هەر ئینسانێکی دڵسۆزی کورد پێویستی سەقامگیرکردنی ئاشتی لە نێوان ئەندامانی نەتەوە و هێزەکاندا هەست‌پێ‌دەکا بەڵام ئەوە کافی نییە و دەبێ نەترسێن و بە کردەوە هەنگاوی زیاتری بۆ هەڵێنین. "ئاشتی‌نەتەوەیی" و "بەرە" لێک دوور نین و کار بۆ هەر کامیان بکەین هەر قازانجە. ئاشتی نەتەوەیی بۆ ئەوەیە کە هەر ئینسانێکی کورد کە بە کوردی قسەدەکا وەک کورد ببینین.ئێمە لە خەڵکی ئافریقا کەمتر نین و ئەگەر ئەوان کێشەی ڕەش و سپی و ڕەگەزیان بوو بە شادیەوە ئێمە ئەو کێشەیەشمان نییە. ئێمە دەتوانین بە وردبوونەوە لە بارودۆخی خۆمان، ئەزموونی باشی وڵاتانی وەک چێک، دیمۆکراسی ڕۆژئاوا و پرۆسەی ئافریقا، بە هێندێک خاڵ بگەین و دەتوانین خۆ لەو ئەزمەیە کە ماڵی کوردی دابەش و پرش‌وبڵاو کردووە، ڕزگارکەین. ئێمە هەر کارێک بکەین و هەر ڕێگایەک هەڵبژێرین و هێزەکان هەر بڕیارێک بدەن، دەبێ بە هاودەنگی و بە ئاشتی نێوان خۆمان بکرێت.ئەو باسە بۆ ئەوە هاتە ئارا کە:

* ڕووحی ئینساندۆستی، دیمۆکراسی و فەرهەنگی دیالۆگ لە نێوان کورددا بەهێزبکرێ،
* ڕاکێشانی دوبارەی ئەو هێزانە کە لە ڕاستیدا هی کوردن بۆ لای کورد،
* هەموو کەس بۆی هەبێ کە بیرەکانی خۆی لەگەڵ خەڵک باس بکا بە بێ ئەوە بترسێ کە لەناوی‌بەرن،
* هیچ کەس و گرووپێک پێ لە مافی ئینسان و حەقی سیاسی یەکتر و ئەوی‌تر نەنێ،
* چیتر کورد بە دەستی کورد، بە هۆی جیاواز، نەکوژرێت،
* هەموو بە تێکڕایی لە بیری دۆزینەوەی ڕێگای چارەسەری‌دا بین،

* هێندێک هەڵە دەکرێ هەر لە ئێستاوە پێشیان بگیردرێت و بۆ دووپاتنەبوونەوەی ئەزموونە تالەکانی پێشوو لە ئێستاوە ڕێگای پێشگیری بدۆزینەوە،
* کۆکردنەوەی هێزەکان بۆ گەیشتن بە ئازادی و بەختەوەری ئینسانی کورد،
* دەکرێ ڕووح و هەستی نەتەوەیی لەو ڕێگاوە پەرەبستێنێ،
* دەکرێ ڕێگای گەیشتن بە ئامانج ئاسانتر کەینەوە،
* دەکرێ باشتر لە هەلومەرج، هێز و بیر و ئیمکانات کەڵک وەرگرین،
* دەکرێ بۆ ژان و خەمەکانی ڕابردوومان دەرمان بدووزینەوە،
* دەکرێ...دەکرێ.... و سەدان دەکرێی تر.

1. http://sv.wikipedia.org/wiki/F%C3%B6rsoningsl%C3%A4ra
2. http://hypnos.liscano.tripod.com/artikel1.html

لەنووسینی ئارماندۆ لوسیانوو، یەک لەسیکۆتێراپێڤتەکانی سوید

3. Brigitta Silén ،http://www.tiden.eu/default.aspx?page=3&nyhet=315

سەرچاوە: وێبلاگی پەراوێزی بیر - ڕێکەوتی: ١٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٠

---

# گفتووگۆ

*زۆر جار ئەوەم پێ وتراوە کە من وەک منداڵێکی سادە چاو لە گرفتەکان دەکەم.*

***پرسیار:** بە باوەڕی ئێوە، هەنووکە هۆکاری سەرەکی پێکنەهاتنی بەرەی کوردستانی لە کوردستانی ئێران چییە؟*

***وەڵام:*** با هەر لەسەرەتاوە یەک خاڵی زۆر گرینگ دەست نیشانکەم ئەویش ئەوە کە کاتێک باسی کۆدەنگیو بەرە

دەکەین ئەوە بۆ من بەو مانایەیە کە بەرە بۆ گەیشتن بە مافەکانی گەل دەبێ هاوکات بێ لەگەڵ دابین کردنی ئازادی بیروڕا نەک ئەوانەی کە لە ناو بەرەدا دەبن دەنگەکانی‌تر خەفە کەن. بەرە بۆ ئەوە نییە کە بە کۆدەنگی ئازادی بکوژرێت، بەرە دەبێ مافی تاکو گرووپەکانی کەمینە کە تەنانەت دژی بەرە بۆچوونیان هەبێ دابین بکا. ئێمە باسی بەرەی دیموکراتو دادپەروەر دەکەین نەک بەرە بۆ دروست کردنی دیکتاتۆری جۆراوجۆری‌تر لە داهاتوودا.

***بەو تێروانینەوە وڵامی پرسیارەکانتان دەدەمەوە:***

ئەگەر ئەو پرسیارەتان چەند ساڵێک پێش ئێستا کردبا ڕەنگە وڵامگەڵێکی ترم بەرجەستە کردبا، بەڵام ئەمڕۆ بە لە پێش‌چاوگرتنو دیتنی هێندێک فاکتو ڕووداو، گرینگترین گرفت لە پێک نەهاتنی بەرە، یان نەبوونی هاودەنگیو هاوکاری نێوان حیزبەکان، لە گرفتەکانی شەخسیو نەبوونی کولتوری دیالۆگدا، دەبینم. بەرژەوەندی تاکە کەسی ناو حیزبەکان بە داخەوە مێکانیسمێکی وەهای پێکهێناوەو کارکردێکی وای هەیە کە پێش هەر جۆرە دانیشتنێکی فراوان بۆ دیالۆگو ئاڵوگۆڕی بیروڕا دەگرێ. بە داخەوە ئاکامی ئەو دیاردەیە، هەم لە ناو کوردستانو هەم لە دەرەوەی وڵات، دوکەڵ لە چاوی خەڵک چوونەو تەنیا نەتەوەی کورد زەرەرمەند دەکا. دەڵێن هێندێک بۆ دەسماڵێک قەیسەرییەک ئاور تێبەر دەدەن، بە داخەوە ئێمەش وامان بەسەر هاتووە.

تاکەکان بەرپرسایەتێکی زۆر قورسیان لەو بارەوە لە سەر شانە، بە تایبەت ئەو کەسانە کە لە ناو حیزبەکاندا بەرپرسن. گەلی کورد نایان بەخشێ ئەگەر هەنگاوی بە کردەوە بۆ چارەسەر کردنی کێشەکان نەدۆزنەوەو پێ لە بەرژەوەندی تاکە کەسی نەنێن.

دووهەم خاڵ نەبوونی فەرهەنگی دیالۆگ لە کۆمەڵگای ئێمەداو سەرکوت کردنی هەر بیرێک کە لە ڕاستای کورسیو بیری "من"دا نەبێ، وای کردووە کە هەموو هەلێک بە کۆرپەیی دەخنکێنێ. هەزار داخ زۆر جار کێشەکان لە ڕێگای کورد بە دەست کورد کوژران چارەسەر کراون کە لە ڕاستیدا چارەسەر نەکراونو تەنیا برینی خەڵکی زیاتر کردووە.

خاڵێکی هەرە گرینگی‌تر ئەوەیە کە سیستێمی پیاوسالار لە ناو حیزبەکانو ڕۆڵی هێندێک پیاو لەو ناوەدا زۆر دیارە. ناڵێم ژنان لەو نەهامەتیەدا ڕۆڵییان نییە بەڵام سەد لە سەد ڕادەی هەر بەرزی بەرپرسیایەتی ئەو

بارودۆخە لە سەر شانی پیاوەکانە. سیستێمی پیاوسالاری ناو حیزبەکان تەنانەت ناهێڵێ ژنانی نارازی ناو هێزەکان دەنگیان بگاتە دەرو ژنان لە دەرەوەی حیزبەکان بۆ خاڵەکانی هاوبەشی خۆیان هاوکاری یەکتر بکەین. لە سیستێمی پیاوسالاردا هەمیشە دەستوورەکان لە سەرەوەڕا دێنو کێشەکان بە چەکو زۆرو پارە حەل دەکرێن.

ئەو عەقلیەتە پیاو سالاریە، شەڕی پیاوانی ناو حیزبەکانی درووست کردووەو ئەوە شتێک نییە کە بکرێ چاو پۆشی لێ بکەین. ناڵێم حەتمەن وایە بەڵام ڕەنگە ئەگەر ژنانێکی زیاتر لە بەڕێوەبەری حیزبەکاندا بان ئەو وەزعە وا نەبا.

***پرسیار: ئەدی هاوکاریو کۆدەنگیەکی گشتیی بۆ وڵامدانەوە بە پرسگەلێک کە کەموزۆر پێوەندیدار بە هەموانەوەیە بۆ سەر ناگرێ؟***

***وەڵام:*** گرفتەکان هێندە زۆرن کە دەکراو دەکرێ کۆدەنگی لە سەر زۆر خاڵو کێشەی هاوبەش هەبێ. هەر ئەو جۆرە کە خەڵکو حیزبەکان لە مانگرتنی سەراسەری کوردستان دوای لە سێدارەدانی ڕۆڵەکانی کورد لە مانگی گوڵانی ئەمساڵدا هاودەنگ بوون. لە نەبوونی کۆدەنگی کورداندا هێندێک فاکتۆر هەن. لە پرسیاری یەکەمدا سەرەکی‌ترین هۆکار باس کرا. دەکرێ فاکتۆرەکانی‌تر ئەوا بێنینە ئارا: نەبوونی پلاتفۆرمی هاوبەش، نەبوونی بۆچوونی هاوتەریب یان تا ڕادەیەک خاڵی هاوبەش لە سەر کێشەی کورد، بۆ وێنە هێندێک هێز تا ئێستاش نازانێ چی دەوێ‌و کێشەی کورد لە ناو چوارچێوەی دێمۆکراسی بۆ ئێراندا دەهێڵێتەوە ئەوە لە کاتێک دایە کە کێشەی کورد کێشەیەکی فرە ڕەهەندی نەتەوەییە. یان تەنانەت ئەوانەش کە باسی "سەروری" دەکەن نە هێزێکی پوختو تەیارنەو نە ڕۆشنبیرانو خەڵکی دەرەوەی حیزبەکان بە ڕادەی پێویست چالاکن.
فاکتەرێکی دیکە لە تاراوگە - ئێکسیلدا ژیانو دوور بوونەوەی هێزەکانە لە خەڵک، هەم لە باری جوغرافیو هەم لە باری رووحی - ڕەوانی، سیاسیو کولتووریەوە.

هەروەها زۆر خاڵی‌تر...

***پرسیار: پێتان وایە سەرجەم هێزە کوردستانییەکان لە هەلومەرجێکدان کە ئەگەر ئاڵوگۆڕێک لە ئێراندا بێتە ئاراوە، بتوانن هەلەکە بە قازانجی مافو ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان بقۆزنەوە؟***

***وەڵام:*** قۆزتنەوەی ئەو هەلە بە زۆر خاڵێتر بەستراوەتەوە بۆ وێنە کام هێز لە ناو "ئێران"دا دەسەڵات دەگرێتە دەست، ئایا هێزێکی ئەهریمەنی وەک خومەینی یان هێزێکی تا ڕادەیەک دیمۆکرات. ئایا حیزبەکانی کوردی تا ئەو کات لە سەر خاڵێ هاوبەشو پلاتفۆرمێک ساخ بوونەتەوە یا نا، وەزنو سەنگی هێزەکان چۆن دەبێو زۆر شتیتر. بەڵام لە یەک شت دڵنیام که زۆریش گرینگە، ئەویش ئەوە کە کورد ئەگەر بە پلاتفۆرمی هاوبەشو هاودەنگ بڕواتە پێشو لەسەر مێزی گفتوگۆ دانیشێت، بەرگی بەرەندەی پێ دەبێ بە تایبەت کە ئێستا چەپو ڕاستی بە ناو ئێرانی بۆ ڕاگرتنی "ایران بزرگ" بە هەر قیمەتێک لە لە بەرامبەر کوردو مافی ڕەوای کورددا هاودەنگنو نایانهەوێ بە قەولی خۆیان ئێران دابەش بێ. هەر بۆیە هاودەنگی کوردو هێزەکانی کوردی چەند قات گرینگتر دەبێتەوە.

***پرسیار:*** لە بارودۆخی ئێستادا، پرش و بڵاویی ڕێکخراوە سیاسییەکان لە ئاستی نێوخۆیی و دەرەوەدا چ مەترسی گەلێکی پێکهیناوە؟

***وەڵام:*** گەرچی من خۆم ئەندامی هیچ ڕێکخراوەیەک نیم بەڵام ئەوە کە ڕێکخراوو کۆ کردنەوەی هێزەکانی کوردی گرینگترین کەرەسەیە بۆ داسەپاندنی خواستەکانی کورد بە سەر هێزی بەرامبەردا، کەس ناتوانی حاشای لێ بکا. خەڵک دەتوانێ سەدان بیری باشی هەبێ بەڵام ئەگەر ئەو بیرانە نەکرێنە هێزێکی مادیو ڕێک نەخرێن بۆ کورد نابنە ماڵ. ئەوە کە دەڵێن ڕێکخراو هێزە، ڕاستییەکە.

کۆ نەبوونی هیزەکانی کورد لە دەوری خواستەکانی نەتەوەیی، پاشنەی ئاشیلی کوردەو ئەگەر کورد لە زۆر بارەوە بەهێز بێ بەڵام نەتوانێ لە بەرامبەر دەوڵەتی باڵا دەست یان هێزی بەرامبەردا لە سەر مێزی گفتوگۆ هاودەنگ بێ، ئەوە ناتوانن نەک هەر بۆ کورد بگرە بۆ خۆشیان شتێک وە دەست بێنن. ئەو پرشو بڵاوییە بە تایبەت بە دوای چەندین لێکدابڕانی ناو دیمۆکڕاتو کۆمەڵەکاندا، خەتەری هەرز بوونی هێزو خەسارەتی زۆر زیاتر کردوە. ئەوەشمان بیر نەچێ کە شەڕی کورد بە دەست کورد کوشتن هەمیشە لەو پرشوبڵاوییەدا زیاترە.

***پرسیار: قازانجەکانی پێکهاتنی بەرەی کوردستانی، یان کۆدەنگیەکی هەمە لایەنە لە نێو ڕێکخراوە سیاسییەکاندا بۆ پرسی سیاسیی کورد لە ئێراندا چییە؟***

***وەڵام:*** یەک ئەوەکە ئینسانی کورد لە باری هەستو نەستەوە، هەست بە دابەشیو پرشوبڵاوی ناکاو خۆی لە ناو

"کل - کۆ" دەبینێتەوە، ئەوە هەستێکی ئینسانییە کە ئینسان هەمیشە پێی خۆشە کۆ بێ نەک پرش‌وبڵاو. لێرەدا ناچمە ناو باسی "تاک: و مافی ئەو کە "کۆ" زۆر جار قوتی دەدا. دیارە بە گشتیی مافی تاک لە وڵاتانی رۆژئاوادا بۆیە دابین کراوە چونکە مافی نەتەوە دابین بووەو دواتر مافەکانی تاک لە یاسادا دابین کراون. کەواتە هەوڵ بۆ دابین کردنی مافی گەل زۆر ئاکامی باشی بۆ تاکێش بەدوادا دێت.

هەروەها کاتێک هێزەکان ئەرکی خۆیان بە باشی بە ئەنجام دەگەیێنن متمانەی خەڵکو تاک زیاتر دەبێو خەڵک چالاکتر لە ناو حیزبەکاندا کار دەکەن.

دووهەم ئەوەکە ئێمە ئەزموونی تاڵی شەڕی کورد بە دەستی کورد کوشتنمان هەیە، ئاکامی ئەو شەڕانە بە داخەوە هێندە برینێکی قوڵە کە زۆر ساڵو مانگی دەوێ تا سارێژ بێتەوە. پێکهاتنی بەرەیەک دەتوانێ مێکانیزمێک دروست بکاو پێشی دووپات بوونەوەی ئەو ئەزمونە تاڵانە بگرێ.

سێهەم ئەگەر کورد لە بەرەیەکدا هێزی خۆی کۆ کاتەوە، بە دەستی پڕو بە هێزەوە دەتوانێ بۆ خواستەکانی خۆی هەنگاو هەڵێنێو شەرتەکانی خۆی فەرز بکا. لە هەموو جیهاندا هاوسەنگی - تەوازون هێزە کە بڕیاری نەهایی دەدا. کورد دەبێ هێزی ئەو کێبەرکێیە بۆ لای خۆی داشکێنێ. ئەوەش بە پێکهێنانی بەرە دەکرێ.

***پرسیار: باشە پێتان وانییە سەرەڕای هەموو جیاوازیەکان، کۆمەڵێک خاڵی هاوبەش لە نێوان هەمووانـدا هەیەو پێویستە لەبەر قازانجی گشتیی لەسەر ئەو خاڵانە رێکبکەون؟***

***وەڵام:*** من پێموایە هەر ئێستاو لەو بارووددۆخەدا خاڵە هاوبەشەکان زیاترن لە جیاوازیەکانو هەموو کۆمەڵگای ئێمە، لە ناو وڵاتو لە دەرەوە، پێویستی بە هاودەنگی هەیەو لەو هاودەنگییە هەموو قازنج دەکەن. هەوەڵێن خاڵ ئەوەیە کە دوژمن هەمووومان وەک کورد دەبینێ دواتر وەک فڵانە حیزب یا رێکخراو. کەواتە هاوکاریو پێشکەوتنی کۆمەڵگای کوردی لە رێگای دیالۆگو تۆلێرانس چ لە ناو خۆو چ لە دەرەوە قازانجی بۆ هەموو کوردە. بۆ وێنە چارەسەر کردنی کێشەکان لە رێگای دیالۆگو بە شێوەیەکی مۆدێرن نەک تەنیا هەموو هێزەکانی کوردی قازانجی لێ دەکەن بگرە سیمای کورد بە دونیای دەرەوەش وەک سیمایەکی ئینسانی‌تر دەناسێنێو زیاتر یارمەتیو هاودەنگی جیهانی بە دوادا دەبێ.

جگە لە "بەرە" زۆر خاڵیتر هەن کە هەموو کوردەواریو هێزەکان لە بەرامبەریدا بەرپرسن: نەبوونی ئازادی، کێشەی زیندانیانی سیاسیی و ئێعدام، کێشەی ژنان، گرفتی مادە سرکەرەکان کە ستروکتوری کۆمەڵگای لە ناو بردووە، هەژاریو نەداری، زیاد بوونی نەخۆشییەکانی دەرونی لە ماوەی ئەو سی ساڵە کە ڕژیمی ئیسلامی لە سەر کار بووەو زۆر گرفتی دیکە، ئێمە نابێ ڕاوەستین تا دەستمان بە شتێک دەگا تا کار بۆ ئەوانە بکەین بەڵکو دەبێ لە ئێستاوە بەردی بناخە دارێژین. ئەوانە هەموو بۆ ئەوە دەبن کە هێزەکان لە سەر پلاتفۆرمێک یان چەندین بەرنامە ڕێککەون. زۆر وڵات پێش گەیشتن بە سەروەری، لە باری کولتووریو کۆمەڵایەتییەوە بەردی بناخەی زۆر شتیان داناوەو ئەو کارانەش زۆر جار لە سەر شانی ڕۆشنبیرانو هێزەکان بووە.

***پرسیار:*** *پاش چوونەوە وڵات، بەو کولتورە سیاسییەی ئێستا لە نێو ڕێکخراوە کوردییە بەرهەڵستکارەکانی کۆماری ئیسلامیدا لە ئارا دایە، چەندە مەترسی شەڕی نێوخۆیی بە شێلگیر دەزانن؟*

***وەڵام:*** هیوادارم ئەزموونەکانی کورد، ئەزموونی وڵاتانیتر وەک ئافریقای باشوورو هەر وەها هەوڵدان بۆ چارەسەر کردنی گرفتەکانی جیهانی لە ڕێگای دیالۆگو "توافق"و هەروەها کاریگەری ماسمێدیاو کولتورە جیاوازەکانی جیهان لەسەر یەکترین، ڕێگای بۆ ئەوە خۆش کردبێ کە کورد تووشی شەڕی ناوخۆیی نەبێتەوە. بەڵام بە داخەوە هەمیشە ئەو هێزە "بالقوە"یە کە بتوانێ بچێتە ناو سەنگەرو بەرامبەر بکوژێ، هەیە. هۆیەکانی ئەمەش زۆرن. کۆمەڵگایەک کە لە ژێر دەستی دیکتاتۆریدا بووە، نەبوونی دیالۆگو تۆلێرانس لە ناو کۆمەڵگاداو غایب بوونی لە ژیانی سیاسیی ئێمەدا، زەمینە بۆ تێکهەڵچوون زۆر زیاتر دەکا. دیارە ئەگەر لەو کاتەشدا هێزەکان چەکدار بن، خۆیان بە ساحەبی هەموو شتێک دەبینن. بە داخەوە "مێکانیزمی رووحی چەک"، هەمیشە شەڕی لە ناو خۆیدا حەشار داوەو لە وڵاتانی دواکەوتوودا زۆر بە هاسانی هێزەکان بۆ ڕادانی یەکترو دەست بەسەردا گرتنی هەموو کۆمەڵگا چەک بەکار دەهێنن. ئەوە لە کاتێک دایە کە لە وڵاتێکی دێمۆکراتدا حیزبەکان ساحێبی هەموو شتێک نینو تەنیا بۆ ماوەیەک لە لایەن خەڵک هەڵدەبژێردرێن تا وڵات ئیدارە بکەن. هیوادارم لە هەموو ئەزموونەکان چ باشو چ خەراپ کەڵک وەرگرین: ئەزموونەکانی ئەو سی ساڵە کە چۆن ڕژێم هەر دەنگێکی خەفە کردو ئەزموونەکانی باشی وڵاتانێکی وەک چکوسلواکی کە بە دیالۆگ کێشەکانیان چارەسەر کرد. ئەزموونەکانی خۆمان کە لە سایەی چەکو نەبوونی تۆلێرانس لە ناو کۆمەڵگا تووشی شەڕ بووین، دەبێ وامان لێ بکا کە بیر بکەینەوەو بۆ چارەسەر کردنی کێشەکان لە ڕێگای گفتوگۆو تەحەمولی بەرامبەرو دیتنی حەقی "ئەویتر" هەنگاو بنێن.

***پرسیار: بۆ ئەوەی شەڕی نێوخۆیی دروست نەبێ دەبێ چ پرۆژەیەک بۆ داهاتوو لە ئارادا بێت؟***

**وەڵام:** ١- ئەرکی تاک هەمیشە لە هەر شوێنێک بێ گرینگ بووە، هەر بۆیە من بەش بە حاڵی خۆم هێندێک پرینسیپم بۆ ژیانی خۆم داناوە کە نامهەوێ لێیان دەرچم. هەوڵ کار کە کردبێم ئەوەیە کە لە هەموو ئەو ساڵانە کە نووسیومە هەوڵم داوە حورمەتی قەڵەمی خۆمو ئازادی بەرامبەر بپارێزم. لە ڕێگای گفتوگۆ، ڕێگا بدۆزمەوەو ئەو جێگایە کە دیومە ناکرێ بە جێم هێشتووەو بۆ وەدەست هێنانی هیچ جۆرە کورسییەک نەکەوتوومەتە ڕقەبەرکێو شەڕ. ئەوەش لەو بۆچوونە سادەیەی من سەرچاوە دەگرێ کە من چالاکی تاکە کەسی خۆم بۆ وەدەست هێنانی دەسەڵات نابینم، بەڵکو وەک ئەرکی خۆم لەو پرۆسەیەدا بۆ دروست کردنی کۆمەڵگایەک کە لەوێندەرێ تاکو بیروڕا ئازادو سەربەست بن، دەیبینم.

٢- هەوڵم داوە لە هەر کوێ کە بوویێم بە پێ ویژدانو بە بێ نان بە قەرزدان، بیرو ڕای خۆم وتبێ. هەمیشە هەوڵم داوە ئەو شتانە کە ڕاستو حەقن، پشتیان بگرم تەنانەت ئەگەر قسەکان لە لایەن کەسانێک بوترێ کە من لێیان نزیک نەبوویێم. هەوڵی من وەک ئینسان گەیاندنی پەیامی دۆستی‌یە نەک چاندنی تۆی دوژمنی.

٣- هەوڵم داوە بۆ نزیکی حیزبەکانو نزیک کردنەوەی هاوڕێیانی کۆن کە ئێستا لێک دوورن کار بکەم نە ئەوە کە لە ئاوی شلوێ ماسی بگرم. هەوڵم داوە ئەندامانی هێزەکان لێک نزیک کەمەوەو هەمیشە ئەوە وەبیر خۆمو ئەوی‌تر بێنمەوە کە سیاسەت بە بێ ئەخلاق، سیاسەتێکی فاشیو هەرزە دەبێ. ئینسان خۆش ویستنو ڕێز بۆ ئازادی تاکو گرووپەکان، سەرەکی‌ترین ئەرکی ئینسانەو دواتر دەکرێ لەو ڕێگایەوە بۆ زۆر خاڵی گرینگی‌تر بۆ وێنە بۆ سەربەخۆیی کورد کار بکەین.

***پرسیار: حیزبەکانی ئێمە بە کردەوە چەندە باوەڕیان بە ئازادی هەڵسوڕانی سیاسیی هەیە، پێتان وایە ئامادەن لە داهاتوودا بۆ چارەسەرکردنی گرفتو ئاستەنگەکان پەنا بۆ چەک نەبن؟***

**وەڵام:** ڕاستە کە کاری حیزبو ڕێکخراوەکان پێویستە بەڵام من ئەندامی هیچ حیزبو تەنانەت ڕێکخراوەیەکی ژنان نیم. چونکە نامهەوێ خۆم لە هیچ چوارچێوەیەکدا ببەستمەوە کە نەتوانم سەربەخۆیی خۆم ڕاگرم، بە داخەوە تا ئێستاش ڕێکخراوەکان ئازادی ئینسان بەرتەسک دەکەن. کەوایە دیارە لە داهاتووشدا من چەکم نابێو باوەڕم بە

کێشە چارەسەر کردن لە ڕێگای چەکیش نییە. وەک ئینسانێکی سادەو سەربەخۆ تەنیا یەک ڕیگام هەیەو دەبێ ئەویش ئەوە کە کاتێک ویستم دەنگ بدەم، دەنگی خۆم بدەمە ئەو هێزە کە لە چوارچێوەی ئارەزوو باوەڕەکانی منداا بێ. ئەگەر تا ئەو کات بژیم ئەوە سەد لە سەد دەنگی خۆم دەدمە ئەو هێزە - هێزانە کە لە بەرەی دیالۆگنو پەنا بۆ چەک نابن. تەنانەت ئەگەر ئەو هێزانە لایەنگریان کەم بێ. ڕاستتان دەوێ، ئەگەر کۆمەڵگاو حیزبەکانی ئێمە هەر ئەو جۆرە کار بکەن کە تا ئێستا کردوویانە، من خۆم لە باری بیرو هەستەوە هەر لە ئۆپۆزیسیۆندا دەبینمەوە.

***پرسیار***: ئەبێ چ بکرێ بۆ ئەوەی هەموو لایەنەکان لە سەر ئەوە ڕێکبکەون کە نابێ هیچ لایەنێک بۆ بڕینەوەی کێشەکانی لەگەڵ لایەنێکی دیکە دەست بۆ چەک بەرێ؟

***وەڵام***: من هەمیشە بیرلەوە دەکەمەوە کە چۆن دەتوانم هەستو بیری خۆم باشتر بۆ خزمەت کردن بەکار بێنمو هەوڵی خۆم هەمیشە داوە. لەگەڵ هەر کەسو لایەنێک قسە بکەم باسی لێکنزیکبوونو نیازی کورد بە هاودەنگی دەکەم. هەر چەند ڕۆژ پێش ئەوە کە ئێوە ئەو پرسیارانە بنێرن، لەگەڵ چەند دۆستێک باسی ئەوەم هێنا گۆر کە چەند کەس داوای "نزیک بوونی هێزەکان" بکەین. تێڕوانینی جۆراوجۆر هەبوو کە یەک ئەوە بوو کە ئەگەر کارێکی وا بکەین دەبێ هێندە پشت قایم بێ کە هێچ کەس نەتوانێ تێکیبد و هەموو خۆیان بە ڕاگرتنی بەرپرس بزانن.

لێرەدا ئەرکی "کۆمەڵەکان" و "دێمۆکراتەکان" و هێزەکانی ناو وڵات زۆر گرینگ دەبێو ئەوان دەبێ ئەو ئەرکە لە سەر شانی خۆیان دانانێن کە ئەو ئاشتییە ڕاگرن. بەڵام بە داخەوە تا ئێستا نزیکی نییەو نابیندرێ.

ئەگەر دەنگی کەسێکی وەک من دیار نییە بەو هۆیەیە کە من تاکێکی سەربەخۆی بێ ڕێکخراوم. زۆر کەس نایهەوێ کەسانی وەک من هەر قسە بکەن.

زۆر جار ئەوەم پێ وتراوە کە من وەک منداڵێکی سادە چاو لە گرفتەکان دەکەمو لە لای من چارەسەرەکان ئاسانن‌و دونیای سیاسەت ناناسم، ڕاستە! من بۆ گەیشتنی کورد بە ژیانێکی ئینسانی گەیشتن بە هاوکاری نێوان هێزەکان زۆر لەو منداڵە ساکارەش ئاسانتر دەبینم چونکە لە ڕستیدا کێشەکان زۆر ناحەقنو دەکرا بۆ گرفتی گرینگتر لە دەسەڵاتو کورسی تاکە کەسی کار بکەین. دەنا وەرن ئێوە بە من بێژن کە گرفتەکان چن جگە لە کێشەی تاکەکان

لە سەر کورسی. نامهەوێ بڵێم کێشەیتر نییە بەڵام ئەوە سەرەکیترین کێشەیە. لێرەوە هیچ پێوەندیەک لەگەڵ خۆمو ئەو کەسانە نابینم.

*لە ئاخردا ئەوا دەڵێم کە:*

بۆ من سەروەری کوردو بەختەوەری ئینسانی کورد گرینگە نەک کورسی تاکەکەسو خۆم. وەک کوردێک ئاواتمە ئەوەندە ژینە کە ماومە لە کوردستان کارو خزمەت بکەمو بەوە کە هەمە ڕازیم. ئارەزومە کە تاکو گرووپەکان مافی ئازادی دەربڕینیان هەبێو بە خاتری بیری جیاوازو ڕەخنە کەس نەکوژرێت، ئازادی بیروڕاو دیالۆگ وەک ئاوو هەوا بۆ کورد پێویستە. کورد لە ناو چەند وڵاتداو لەناو خۆدا پرشوبڵاوو داگیر کراوە. ئەگەر خودی کورد لە ناو خۆدا تەباو هاودەنگ نەبێ ئەوە زۆر ئاسانکاری بۆ هێزە داگیرکەرەکان دەکاو کردوویەتی. من هەمیشە یەک شت لە بیر ناکەم ئەویش ئەوەیە کە ڕەنگە ڕێگای گەیشتن بە سەربەخۆی زۆر دوورو درێژ بێ بەڵام تا گەیشتن بەوە، دەکرێ ئێمە زۆر کار بکەین، خۆمان وەک گەل ڕێک بخەین، ستروکتوورەکان دارێژین، دامودەزگاکانی کولتوریو کۆمەڵایەتی ساز کەینو هێزەکانمان بە ڕووحی نەتەوەیی پەروردە بکەین. ئەو بیرە هەرگیز نابێ تێکەڵاوی بیری ڕەگەزپەرستیو دیکتاتۆری بێ. بۆ ئەوەش تەنیا یەک ئەسڵ هەیە، ئینسانەکان مافی وەک یەکیان هەیە، دەبێ بتوانن لە ڕێگای دیالۆگ هاوکاری بکەنو دەبێ لە ئەزموونی وڵاتانی پێشکەوتوو دەرس وەرگرین. ئەوانیش لە هەوەڵەوە دێمۆکرات نەبوون، لە پرۆسەدا فێر بوون. ئەگەر ئەوان توانیویانە ئێمەش دەتوانینو لەوان کەمتر نین. کولتووری ئێمە ئێستاش زۆر خاڵی تێدایە کە بکرێ شانازی پێوە بکەینو هاوکاری بکەین. دیسان دەڵێمەوە کە من کوردستانێکم ناوێ کە تێیدا دیکتاتۆری دەستی باڵای هەبێو مافی ئینسانو دادپەروەری لەوێ وەپشت گوێ بخرێت. هەر بۆیە هەموو هەوڵەکانم بە پێ ئەو پرینسیپانە بووە.

ئەوانە پرنسیپگەلێکن کە ئەگەر تاکو هێزەکان هەموو ڕۆژێک وەبەرچاوی بگرن، ڕەنگە لە شەڕی خۆ کوژیو کورد کوژی دوورمان کاتەوەو ڕێگا بۆ دیالۆگو هاوکاری هەموار بێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی دەنگەکان - ڕێکەوتی: ١٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٠

## پژاک هیچ پرینسیپێکی ئەخلاقی بۆ زیندوو مانەوەی حەبیب ڕەچاو نەکرد"

**دیمانە:**

بەدوای ئەوە دا کە دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامیی ئێران پارێزەرەکانی حەبیبوڵڵا لەتیفی ئاگادار کردەوە کە ناوبراو دەبێ لە بەرەبەیانیی ڕۆژی یەکشەممە ٥ی بەفرانبار ئیعدام بکرێ، شەپۆلێکی بەرین لە نارەزایەتی و خۆپیشاندان دژ بەو بڕیارەی کۆماری ئیسلامی لە ناوخۆ و دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستی پێ کرد کە هەتا ئێستاش درێژەی هەیە. ئەوەش یەکەم جار نەبوو کە چالاکانی کورد و پارێزگارانی مافی مرۆڤ لە سەرانسەری دنیا، بە بێ بیرکردنەوە لەو ئینتما سیاسییەی کە کۆماری ئیسلامی لە بەندکراوانی کوردی دەدا، دەڕژێنە سەر شەقامەکان و نارەزایەتی "گرفتێکی سەرەکی ئێمە تێروانینمانە بە ژیان و شەهید. تا ئێستاش، تا ئەمڕۆش، گیانی ئینسان لە لای ئێمە وەک کەرەسە بۆ سەرکەوتنی کاری سیاسی چاوی لێدەکرێت. ڕژیم گیان دەستێنێ کە خەڵک بترسێنێ و ئۆپۆزیسیۆن پێیوایە کە بە شەهیدی زیاتر دەتوانێ زیاتر خۆی بەرحەق بنوێنێ. لە حالێکدا حەقانیەتی ئێمە لەوەدایە کە ئێمە وەک گەلێک سەرەتاییترین مافەکانمان لە ژێر پێ دەندرێت و دەبێ شەهیدیان بۆ بدەین."

دەردەبڕن. بەڵام لەم نێوە دا هەڵوێست و هەڵسوکەوتی لایەنە سیاسیەکان زۆر جار کەوتۆتە بەر ڕەخنەی چالاکانی کورد.

شەهلا دەباغی یەکێک لە چالاکانی کورد لە دەرەوەی وڵاتە. ئەو لە بابەت دوا هەڵوێستی پژاک لەمەڕ حەبیبوڵڵا لەتیفی دەڵێ: "هیچ دەوڵەت و دەسەڵاتێک مافی ئەوەی نییە پێشمەرگە و گریلا، دیلی شەڕ یان چالاکی سیاسی و مەدەنی و تەنانەت هەر ئینسانێک بە هەر تاوانێک ئیعدام بکا. ئەوە کە ماهییەتی جمهوری ئیسلامی چییە و چۆن مافی نەک هەر ئینسان بگرە سروشتیش لە ژێر پێ دەنێ، جێگای گومان نییە و هەموو دەسەڵاتێک کە تۆزقالێک ویژدانی هەبێ لەو کردارانە دووری دەکا. بەڵام ئەوە کە ئۆپۆزیسیۆن بە کام ئەخلاقی سیاسییەوە، کار و پڕۆژەی سیاسی خۆی دەباتە پێش، بە لای منەوە زۆر گرینگترە لە ئەخلاقی بەرامبەر واتە کۆماری ئیسلامی. بێئەخلاقی ڕژیم لەوپەڕی نزمی دایە بەڵام بێ ئەخلاقی کۆماری ئیسلامی حەقانیەت بە هەموو ئەخلاقێکی ئێمە نادا."

دەباغی لە سەر هەڵوێستی پژاک لەم بارەوە دەڵێ: " هەر رێکخراو و حیزبێک مافی خۆیەتی چالاکی بکا بەڵام بەداخەوە دوێنێ شەو لە نەورۆز تیڤی دا هیچ پرینسیپێکی ئەخلاقی لە لایەن سەرۆکانی پژاک بۆ زیندوومانەوەی ئینسانێک ڕەچاو نەگیرا. چەندین ڕۆژە هەموو رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و ئینسانەکانی دژ بە ئێعدام ، کورد و غەیری کورد، هەوڵی خۆیان وەگەڕ خست تا حەبیب زیندوو بمێنێ کەچی پژاک لە راگەیاندنەکانی خۆی دا پەروەندەی سازکراو لە لایەن دەزگای بێدادیەوە مۆر دەکەن. بۆ دەبێ حەتمەن لاوانی ئێمە ئیعدام بکرێن تا ئێمە حەقانیەت بۆ خۆمان تۆمار بکەین؟" ئەو پێیوایە "حەقانیەتی کورد لەو زوڵم و زۆرە دایە کە لێی دەکرێ نەک لە کاری نادروستی هێندێک لە حیزبەکان."

زۆر جار هەواڵی بەرخودانی زیندانیانی سیاسی لە زیندانەکانەوە بڵاو دەبێتەوە و هاوکات بە تایبەت پژاک پێیوایە کە دەبێ "خاوەنداری" لە بەندکراوانی بکات. شەهلا دەباغی لەم بارەوە دەڵێ: "ئەوە کە زیندانیانی سیاسی و مەدەنی زۆر بە ورەی بەرز و قارەمانانە لەو شەوەزەنگەدا بریاری " ئەوە کە زیندانیانی سیاسی و مەدەنی زۆر بە ورەی بەرز و قارەمانانە لەو شەوەزەنگەدا بریاری بەرخودان و ڕاوەستانیان لە بەرامبە ئەشکەنجەگەران و سێدارە دا داوە هەم جێگای ڕێزە و هەم مایەی شانازی نەتەوە، بەڵام ئەو بریارە لە لایەن خودی زیندانیانەوە دەدریت و نابێ هیچ سەرۆک، حیزب و کەسێک ئەوە بۆ خۆی تۆمار بکا. زیندانیانی سیاسی بریار لە سەر ژیانی خۆیان دەدەن بەڵام دەکرێ ئەو ڕاوەستان و بەرخودانە تەنیا بە ئێعدام و نەمانی ڕۆڵەکانی کورد کۆتایی پێ نەیە. "

بەرخودان و ڕاوەستانیان لە بەرامبە ئەشکەنجەگەران و سێدارە دا داوە هەم جێگای ڕێزە و هەم مایەی شانازی نەتەوە، بەڵام ئەو بریارە لە لایەن خودی زیندانیانەوە دەدریت و نابێ هیچ سەرۆک، حیزب و کەسێک ئەوە بۆ خۆی تۆمار بکا. زیندانیانی سیاسی بریار لە سەر ژیانی خۆیان دەدەن بەڵام دەکرێ ئەو ڕاوەستان و بەرخودانە تەنیا بە ئێعدام و نەمانی ڕۆڵەکانی کورد کۆتایی پێ نەیە. ئەوان ئەگەر ئێعدامیش نەکرێن بۆ من هەر قارەمانن و جێگای ڕێز. هەوڵی ئێمە لە دەرەوەی زیندان و دەرەوەی وڵات دەبێ ئەوە بێ کە گیانی ئەوان لە سێدارە ڕزگار بکەین نە ئەوە کە بریارەکانی ڕژیم مۆر بکەین یان ڕێژیم بۆ ئیعدامی زیاتری لاوانی کورد تەحریک بکرێ. ئەوە کە تاک بریار دەدا لە زیندان چ بکا، مافی خۆیەتی بەڵام ئێمە مافی ئەوەمان نییە کە بە پرۆژەی سیاسییەوە و ئاگاهانە گیانی هیچ ئینسانێک لە خەتەر باوێین." ئەو پێی وایە کە بارودۆخ بە تایبەت بۆ بەندکراوان لە ئێران و تورکیا فەرقیان هەیە و لەم بارەوە دەڵێ: "ئێران تورکیە نییە و بریا حوکمی ئێعدام و سەنگسار و دەستپاچین و ... لە ئێران بۆ هەمیشە نەمابا. ئەو کات دەکرا ڕووداوەکان جۆرێکیتر چاولێبکەین."

شەهلا دەباغی نایشارێتەوە کە مامەڵە بە گیانی بەندکراوانی سیاسی و مەدەنی تەنیا تایبەتی یەک حیزب نییە و دەڵێ: "گرفتێکی سەرەکی ئێمە تێروانینمانە بە ژیان و شەهید. تا ئێستاش، تا ئەمڕۆش، گیانی ئینسان لە لای ئێمە وەک کەرەسە بۆ سەرکەوتنی کاری سیاسی چاوی لێدەکرێت. ڕژێم گیان دەستێنێ کە خەڵک بترسێنێ و ئۆپۆزیسیۆن پێیوایە کە بە شەهیدی زیاتر دەتوانێ زیاتر خۆی بەرحەق بنوێنێ. لە حالێکدا حەقانیەتی ئێمە لەوەدایە کە ئێمە وەک گەلێک سەرەتاییترین مافەکانمان لە ژێر پێ دەندرێت و دەبێ شەهیدیان بۆ بدەین. من ڕێزم هەیە بۆ هەموو شەهیدان لە هەر چوار پارچەی کوردستان بەڵام نابێ و ئەخلاقی نییە کە خۆشمان کارێکی وا بکەین کە ریزی شەهیدەکانمان زیاتر بکەین. بە پێچەوانە دەبێ هەرچی کەمتر ڕۆلەکانمان لە ناوبچن و هەزینەی ئەو خەباتە کەم بکرێتەوە. بە تایبەت چالاکان و حیزبەکانی ئێمە کە لە دەرەوەی وڵاتن دەبێ زۆر مەسئولانە کار بکەن کە گیانی خەڵک لە ناوەوە لە مەترسی نەکەوێ. ئەگەر رژێمەکان ناچار بکرێن کە ئیتر ڕوڵەکانی ئێمە لە سێدارە نەدەن و زیندانی نەکرێن، ئەوە سەرکەوتنێکە بۆ کورد. بۆ دەبێ ئەوها بێ مبالات بە هەڵوێستی نامسئولانە، لەوە زیاتر گوشار بۆ بنەمالەکان و زیندانیان دروست بکەین. دیسان دووپاتی دەکەمەوە کە رژێم بێ پرینسیپە، بەڵام ئێمە لە کوێ ڕاوەستاوین و چۆن چاو لە گیانی ئینسانەکان دەکەین، پرسیار ئەمەیە."

شەهلا دەباغی وێڕای ئەوە کە هەڵوێستی زۆربەی حیزبەکان و ڕێکخراوەکان لە ماوەی چەند ڕۆژی رابردوودا بۆ نەجاتی گیانی حەبیب زۆر باش هەڵدەسەنگێنێ و ماندوو نەبنینیان لێ دەکا، پێیوایە کە زۆر جار گیانی بەندکراوانی سیاسی کورد دەخرێتە ناو کێشە و ناکۆکی نێوان حیزبە سیاسیەکان و ئەو کێشانەی کە لایەنە سیاسیەکان لە گەڵ یەکتردا هەیانەو لەم بارەوە ئاماژە بەو دوو گرفتەی خوارەوە دەکا:

"یەک ئەوە کە بەشێک لە حێزبەکان لە بەرامبەر گیانی ئەندامان یان زیندانیان خۆیان بەرپرس نابینن و هەڵوێستێکی وەک شەوی رابردوو دەگرن. گرفتی دووهەم ئەوەیە کە زۆر جار بەخاتری ئینشعابی ناو حیزبەکان و کێشەی ناو ئۆپۆزیسیۆن هێندێک پرینسیپ بەرامبەر بە ئەندامانی لایەنی دیکە لەژێرپێ دەندرێت. ئەو کەسە کە تا دوێنێ هاوڕێت بوو ئەمرۆ بە دەنگی بەرز بە دوژمن دەلێ کە ئەوە ئەندامی دەستەی من نییە بەڵکو ئەندامی ئینشعابییەکانە. گەلۆ کوا ئەوە ئەخلاقە و کوا ئەوە سیاسەت!"

سەرچاوە: وێبلاگی پەراوێزی بیر - ڕێکەوتی: ٢٩ی سێپتەمبەری ٢٠١٠

## ئامانجەکانی ٨ی مارس تا چ رادەیەک بەدی هاتوون؟

### وتوویژی فەریبا محەمەدی

لە ١٠٠ ساڵی ڕابردوودا، ژنان زۆر مافیان وەدەست هێناوە: مافی دەنگدان، مافی کارو دەرس، مافی راگرتنی منداڵ و تەڵاق و هتد. کە ئەوەش بەرئەنجامی خەباتی خودی ژنان بووە. بەڵام نابێ لە بیرمان بچێ کە ئێستا ژنان چ داواکاریێکیان هەیە. بەداخەوە، ئێستاش ئەو بەرامبەریە کە ژنان داوای دەکەن، لە زۆر شوێن لە کردەوەدا نییە. بازاری جیهانی سێکس، بە میلیۆن کچ و ژن قوربانی دەکا. شەڕ، فەقیری و بێکاری ئێستاش زۆرتر ژنانو منداڵی ئەوان قووت دەدا. حەقدەستی ژنان لە زۆر بەش و بڕانشدا ئێستاش لە پیاوان کەمترە. زۆر کار هەن کە ئێستاش "کاری ژنانەن". لە هەموو جیهان دا، تەواوی ڕەدەکانی باڵای دەسەڵاتی سیاسی و ئێکۆنۆمی لە دەست پیاوان دایە.

ئەگەر هەڵسەنگاندنێک بکەین نیسبەت بە ١٠٠ ساڵ پێش، هێندێک شت، باشترە. بەڵام دیسانیش دەبێ کارێکی زۆر لە هەموو جیهاندا بکرێ تا کۆمەڵگای بەشەری، ببێە کۆمەڵگایەکی سەد لە سەد بەرامبەر و ژن وەک ئینسان چاوی لێبکرێت نەک وەک جنس.

***پرسیار: چ بکرێت تا خەباتی ژنان بۆ دەستەبەر کردنی ماف و ئازادیەکانیان بە واتای دژایەتیی پیاوان لێک نەدرێتەوە؟ ئەرکی پیاوان لەو خەباتەدا چیە؟***

***وەڵام:*** زۆر جار خەباتی ڕەوای گرووپێک یان گەلێک، بە دژی لایەنێکی تر لێکدەدرێتەوە. ئێمە چ وەک کورد بۆ مافی ڕەوای خۆمان و چ بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ژن لە کۆمەڵگادا نابێ بترسین. ئەوە کە بزاڤی فێمێنیستی، هێندێک جار بە دژی پیاو لێکدەدرێتەوە، زۆرتر لە لایەن پیاوەکانە. من خۆم بە دژی پیاو، وەک ئینسان، دانانێم، بەڵکو من دژی سیستێمێکی فکری - سیاسیم کە ئینسان و دەسەڵات لە ڕووی فیزیکەوە، دابەش دەکا. ژن وەک گرووپ، بێدەسەڵاتە و لە خوارووی هێرەمی دەسەڵاتدا ڕاوەستاوە. گۆڕانی نۆڕمەکانی پیاوسالاری کارێکی دژوارەو پرۆسەیەکی درێژخایەنە. ئێمە چ ژن چ پیاو، دەبێ بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی ئینسانی هەوڵ بدەین.

ئەگەر لە کۆمەڵگایەک دا ژن بەختەوەر نەبێ ، ئایا پیاو بەختەوەرە؟ نا. کەوایە پیاوانیش دەبێ لەو خەباتە نەسڵەمێنەوە. هەروەها لە بیرمان نەچێ کە ژنانێکیش هەن کە خاوەنی بیری پیاوسالارن.

***پرسیار: ئەورۆ لە کوردستاندا خەباتێکی نەتەوایەتی لە گۆڕێدایە. ژنان چۆن دەتوانن خەباتی خۆیان بۆ وەدەست هێنانی مافەکانیان وەک ژن، لەگەڵ ئەو خەباتە نەتەوایەتی‌یەدا گرێ بدەن؟***

هەمیشە کاری و زەحمەتی ژنان بەشێکی هەرە گرینگ لە خەباتی گەلی کورد بووە. بەڵام بەداخەوە، ئەو ڕاستییە لە ژێر سێبەری هێندێک فاکتەرو سیستێمی بیرکردنەوەی پیاوسالاردا، شاردراوەتەوە. ئێستاش، خەباتی ژنان هیچ دژایەتێکی لە گەڵ خەبات بۆ مافی گەلەکەمان نییە. بەداخەوە، هەڵگرانی هێندێک بیر و یان گرووپی جۆراوجۆر، دەخوازن وا نیشانبدەن کە ئەو دوو مافە، لە مەرحەلەی ئێستادا، دژی یەکن‌و ئێمە دەبێ ڕاوەستین تا کورد دەگاتە ئاوات. سەردەمانێکیش بوو کە لە لایەن چەپەکانی مارکسیستی ئۆرتۆدۆکس دەکوترا ژنان دەبێ هیچ نەڵێن تا سۆسیالیزم دێتە دی. ئێستاش هێندێک دەڵێن تا کورد دەبێتە خاوەنی سیاسی ماڵی خۆی، نابێ ئێمە ژنان هیچ بڵێین. بەهانەکان هەر یەک ڕیشەیان هەیە واتە پیاوسالاری، کە هەر دەبێ ڕۆژێک وەک سیستێمی فکری - کۆمەلایەتی - سیاسی، لە ناو بچێ.

من پێموایە خەبات بۆ مافی ئینسانی ژن، نابێ بچێتە ژێر سێبەری هیچ شتێکی‌تر. مومکینە کە بە هۆی فاکتەرەکانی سیاسی و دەرەکی، ئێمە وەک گەل، نەتوانین ببینە دەوڵەتێکی سەربەخۆ، بەڵام خۆ دەتوانین پێوەندی نێوان ئینسانەکان باشتر کەین. سەرکەوتنی ژنان، سەرکەوتنی پێوەندیەکانی ناو گەلە. کێشەی ژن، کێشەیەکی سیاسی - کۆمەڵایەتییە و دەبێ لە چوارچێوەی کار بۆ دابەشکردنی دەسەلات دا چاوی لێ بکەێن. ڕاوەستانی فکری لە بەرامبەر ئەو کەسانەش کە دەڵێن جارێ دەبێ ئێمە خەباتی خۆمان ڕاگرین، بەشێکە لە خەباتی فێمێنیستی، هەم بۆ دابینکردنی مافی ژنان و هەم بۆ مافی ڕەوای گەلەکەمان.

***پرسیار: عەداڵەتی ئابووری لە نێوان ژن و پیاودا، تەنیا ئەو کات دابین دەبێت کە ژن و پیاو بۆ کاری وەک یەک مووچەی وەک یەک وەربگرن. بە لەبەرچاو گرتنی ئەو ڕاستی‌یەی کە لە وڵاتێکی پێشکەوتووی وەک سوئێددا هێشتا ژنان لە هێندێک بواردا، بۆ کاری وەک یەک مووچەی وەک یەک وەرناگرن، گەیشتن بەو ئامانجە لە کوردستاندا چەندە لە ڕاستی‌یەوە نێزیکە؟***

***وەڵام:*** کاری وەک یەک، مووچەی وەک یەک، دروستترین دروشمە. جا لە هەر کوێەکی ئەم جیهانە بێت. کورد دەتوانێ لە ئەزموونەکانی وڵاتانی تر کەڵکوەرگرێ. ئەگەر لە سوید ئێستاش کەموکوری هەیە، نیشانەی دروستبوونی دیاردەکە نییە. بەڵێ ئێستاش لە سوید، زۆر خاڵ ماوە کە باشبکرێت. هەر بۆیە جوڵانەوەی فێمێنیستی لە سوید، زۆر بەرچاوە. لە سویدیش ژن لە زۆر بوواردا، مافی لە ژێر پێدەنرێت. لێدان لە ژن، کەڵکوەرگرتنی نارەوای سێکسی لە ژنان و کچان، فشاری رۆحی لە لایەن ماسمێدیاو بازار بۆ سەر کچان، کەمتربوونی مووچەی ژنان لە مووچەی پیاوان، لە هەموو جیهاندا، چارەسەرێکی تەواویان بۆ نەکراوە. (بۆ وێنە لە سوید، ساڵی نزیک بیست و پێنج هەزار ژن  بە گوێرەی ئاماری رەسمی، لێیان دەدرێ. هەڵبەتە ئەو رادەیە زۆر زیاترەو باس ناکرێت. یان لە هێندێک شوێنی کار، مووچەی ژنان ١٠ تا ٢٥% کەمتر لە پیاوانە.)

***پرسیار:*** *ئێمە دەبێ ئەوەی کە بە مافی پیاوی دادەنێین، بۆ ژنیشی رەوا ببینین. "کاری وەک یەک ، موچەی وەک یەک" لە کوردستانیش رەوایە. لە بیرمان نەچێ کاتێک کە ژن کار دەگرێتە ئەستۆ، زۆر جار، باشتر لە پیاوان ئەنجامی دەدا. کەوایە بۆ دەبێ مووچەی کەمتر بێ؟ مەگەر سەنگی مەحەک توانایی‌و  چۆنێتی بەرێوەبردنی کار نییە؟*

***وەڵام:*** خەبات بۆ وەدیهێنانی عەدالەت چ لە باری ئابوری‌و چ لە باری سیاسی و کۆمەڵایەتیەوە، ئەرکی هەموومانە. بۆ من گرینگترین شت، دابەشکردنی دەسەڵاتە لە هەموو بوارەکاندا. لە کوردستانیش دەکرێ لە پرۆسەیەکدا، بەلام نە بە خاوەخاوی و تەمبەڵی، زۆر کار بکرێت. ئێستا ١٠٠ ساڵ پێش نییە ودەتوانین لە ئەزموونەکانی جیهانی کەڵک وەرگرین.

من دەڵێم با هەموومان، ژن و پیاو پێکەوە، بۆ ئەستاندنی مافی کورد، بۆ دابەشکردنی دەسەڵات، بۆ ئازادی بیرورا، بۆ هەبوونی نان لە سەر هەموو سفرەیەک و بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی ئینسانی‌تر، هەوڵ بدەین.

***زۆر سوپاس شەهلا خانم بۆ بەشداری کردن لەم دیمانەیە دا***

**سەرچاوە: ماڵپەڕی پێشمەرگەکان  -  رێکەوتی: ١٧ی نۆڤەمبەری ٢٠١٠**

# ژن لە ئەدەبیاتی کوردیدا

## وتووێژی فەریبا محەمەدی

***شەهلا دەباغی: نەک هەر ئەدەبی کوردی بگرە لەهەموو جیهاندا نووسینی وا هەن کە دژی ژن نووسراون‌و لەزمان‌و دەسەڵاتدا توندوتیژیی کولتووری‌و زمانی بەرهەمدەهێننەوە.***

**لەماوەی چەند ساڵی رابردوودا چاپ‌و بڵاوکردنەوەی کتێب بەزمانی کوردی زۆر زیاتر لەجاران پەرەی سەندووەو ژمارەی نووسەران‌و ئەدەبیبانی کورد لەپەرەسەندندان، کە ئەمەش بۆخۆی جێگای خوشحاڵییە. بەڵام یەک مەسەلە کە لەم نێوەدا گرنگەو ئێمەی ژنان دەبێت گرنگی پێ بدەین ئەوەیە کە تا چەند ئەم کتێبانە لەخزمەت کۆمەڵگەی کوردیەو چەندە توانیویەتی یارمەتی بەپرسی ژن بکات. ئایا نووسەران‌و بەتایبەت نووسەرانی ژن توانیویانە ئەدەبیاتێکی جیاواز بهێننە ئاراوە کە پێگەو کەسایەتی ژنی تێیدا زەق کرابێتەوە، چونکە بێمافی ژنان‌و ئەو شێوە نووسینانەی کە لەدژی ئەوان یان بەشێوەیەک سوکایەتی بەکەرامەت‌و پێگەی ژن کراوە لەهەندێک لەکتێب‌و شیعرەکاندا، کاریگەریی هەبووە لەسەر بیرو هزری کۆمەڵگە، هەربۆیە پێچەوانەی ئەمەش واتە گرنگیدان بەپرسی ژن‌و بایەخ بەمەسەلەی فێمنیزم دەتوانێت کاریگەری هەبێت لەسەر گۆڕینی هەندێک بۆچوونی نادروست دژ بەژنان. ئەمە وەک مەسەلەیەکی گرنگ دەبێتە تەوەرەیەک لەژیانەوە تا بتوانین بەچاوپێکەوتن‌و وتووێژ لەگەڵ ژمارەیەک ئەدیب‌و نووسەرو شاعیر دەرگا بەڕووی ئەم مەسەلە بکەینەوە. لەتەوەرەی ئەمجارەماندا وتووێژێکمان هەیە لەگەڵ بەڕێز شەهلا دەباغی نووسەرو چالاکی بواری ژنان.**

***پرسیار: لەچەند ساڵی رابردوودا بەرادەیەکی زۆر کتێب و چیرۆک و شیعر بەزمانی کوردی بڵاوبووەتەوە، بەگشتی ئەگەر سەیری ئەدەبیاتی کوردی بکەین تا چەند نووسەران و ئەدەبیانی ئێمە گرنگیان بەمەسەلەی یەکسانیخوازی داوە؟***

***وەڵام:*** **دەبێ لەسەرەتاوە یەک خاڵ باس بکەم ئەویش ئەوە کە من بەهۆی دووری جوگرافیایی لەکوردستان، زۆر گۆڤارو کتێب کە لەناو کوردستان چاپ دەکرێن، بەدەستم ناگاتو لەرێگەی ئینترنێتەوە هەندێک شت دەتوانم**

پەیداکەمو بخوێنمەوەو جاروبار هەندێک کۆپەر (کتێب) وەدەستم دەکەون. (خوێندنەوە بەپەرتووکو خوێندنەوە لەرێگای ئینترنت تارادەیەک جیاوازییان هەیە) بەس دیسان کە بەپێ ئەو کۆمەڵە شتانە کە بەدەستم دەگەن دەتوانم بڵێم کە:

* بەگشتی جۆرێک لەهوشیاریو ئاگایی لەکۆمەڵگەو لەناو نووسەراندا سەبارەت بەزەوتکردنی مافەکانی ژنانو زەبرو زەنگ بەرامبەر بەژنان دەبیندرێت، بەڵام ئەو وشیاربوونەوەیە هێشتا نەبووەتە بەشێکی دەروونیو نیهادینە لەناو کۆمەڵگەو تاکداو لەناو سیستمی زمانداو هێشتا زۆرمان ماوە بۆ یەکسانی. واتە هێشتا زۆرمان ماوە بۆ یەکسانی. واتە هێشتا نۆرمەکانو کۆدەکانی زمانی باوکو سیستمی پیاوسالار دەسەڵاتی بەسەر گشت ئەدەبی کوردیدا دەشکێت. لەو هێرەمە دەقیو زمانییەدا، نووسەران زۆرجار ناهۆشیارانە هەمان کۆدو چەمک بەکاردەهێننەوە کە ژن دەخاتە بازنەی تەنگو تاریکی سیستمی پیاوسالارو چەوسێنەرەوە.

* خاڵێکیتر ئەوەیە کە هەر نووسەرێک، زمانو جیهانی تایبەتی خۆی هەیەو رەنگدانەوەی بۆچوونەکان لەسەر کێشەی ژنان دەبێت لەتێکست، واتە دەقی دیاریکراو لەدیالۆگی ناو دەقەکاندا هەڵسەنگێندرێت، بۆوێنە کاتێک ئێمە رۆمانەکانی عەتا نەهاییو بەختیار عەلی دەخوێنیتەوە، دەبێ لەدەقی رۆمانی ئەواندا چۆنیەتی زمانو دیدی نووسەر لەسەر کێشەی ژنان بێنینە بەر باس، یان کاتێک شێرکۆ بێکەس لەشیعرێک کە بۆ شەهیدانی مانگی ئاپریلی ئەمساڵ باسی شیرین عەلەم هولی دەکات بزانین شاعیر چۆن باسی شیرین یان پێوەندی (خود)ی شاعیر لەگەڵ ژن دەکا. یان کاتێک ژنانی شاعیر باسی هەستەکانی خۆیان دەکەنو هتد... دەمەوێ بڵێم کە دەبێت دەقەکان بخوێنینەوەو ئانالیزیان بکەین کە لەکوێو چۆن، زمانو وشەو مانا، لەپێکهاتەیەکی پیاوسالار دەچێتە دەروەوە یان ئەو پێکهاتەیە رادەگرترێتو چۆن کێشەی ژن یان کێشەیەکیتر دێتە ناو دەق.

* خاڵی سێهەم ئەوەیە کە مۆتیڤو زمانی نووسەرو شاعیری ژنو پیاو لەکوێ خۆیان جیا دەکەنەوە، کام جیاوازیان لەنێواندا دەبیندرێتو کام بابەت زیاتر لەلای هەر کام لەوان بەرۆژە کراوە یان دەکرێ. ئایا پیاوان لەزمانو هەستەکانی ژنان نزیک بوونەتەوەو یان ژنان لەزمانی باوکسالار دوور کەوتوونەتەوەو زۆر باسی تر.

***پرسیار: تاچەند ژن و پێشێلکردنی مافەکانی ژن زەق کراوەتەوەو بەشێوەیەکی پۆزەتیڤ باس لە ژن کراوە؟***

***وەڵام:*** زۆر کەس لەرۆمانەکانی خۆیانداو زۆر شاعیر هەم لەرۆژهەڵاتو هەم لەباشوور، هەر کام بەشێوەی خۆیان

باسی کێشەکانی ژنانو ئەو زوڵمو زۆرە دەکەن کە ژن تێیدا دەژی. بەڵام باسێکی پۆزەتیڤ کە بناغەکانی هەستیو مەعریفی کۆمەڵگە راچڵەکێنێ، باسێکی ترە. بەگشتی هەمیشە زمانی باوکو جیهانی پیاوە کە دەقو نووسینەکان داگیردەکەنو زۆربەی جار ژنێکی کوژراو، ئیدەئالێ و میسالی لەژن دەمێنێتەوە. رەنگە ئەوەش رەنگدانەوەی واقعی ئێستای کۆمەڵگە بێت کە مەیدانو ئیمکانی بڕیاردانی ژن لەسەر ژیانی خۆی بەهەزاران تاڵی دیارو نادیار بەرتەسک دەکرێو لەئاکامدا ئێمە شاهیدی ئەو نەهامەتییەین کە ژن دەبێ خۆی بسوتێنێ یان دەکوژرێت. دیارە کە ئەوە ئەرکی نووسەرانە باسی ئەو نەهامەتییانە بکەن، هاوکات ئەوەش ببینن کە (ئانت)ی (جان شیفتە)ی رۆمانی رۆڵان تەنیا لەفەرەنسادا نییەو لەکوردستانیشدا نمونەیان هەیەو دەکرێ نووسەری کورد (ئانت) کوردیش بخوڵقێنێت.

***پرسیار: خودی ژنانی نووسەرو شاعیری کورد چەندە بایەخیان بەم مەسەلەیە داوەو توانیویانە بەبیرۆکەیەکی ژنانە بنووسنو بایەخ بەژن بدەن؟***

***وەڵام:*** نووسەری ژن وەک رۆماننووس رێژەی زۆر کەمە، بەتایبەت ئەو نووسەرانە کە بوێرانە خۆ لەکێشەکان بدەن. ئینجا بیرمەندیشمان زۆر زۆر کەمن واتە ئەوانە کە بەرهەم هێنەری بیر بن لەبواری غەیری ئەدەبیو یان ئەدەبیداو لەسەر کێشەکان بەواتای فارسی (نظریە پرداز)بن. ژنان لەنووسیندا زیاتر لەبواری شیعر کار دەکەن. ئەوەی کە دیارە ئەوەیە کە زۆربەی ژنانی چالاک بەشێوەی بەرینو زیاتر لەرێکخراوەکانی ژناندا کار دەکەن. دەمەوێ ئەوە بڵێم کە ژنانی نووسەری کارامە کە بتوانن پێکهاتەکانی زمانو کۆمەڵگە لەرێگای نووسینەوە بشکێنن زۆر کەمن. بەڵام بەرێژەیەکی باشتر شاعیرانی ژن باسی ئەزموونەکانی خۆیان دەکەن دیارە دەقی هەندێکیان زیاتر خۆسانسۆری پێوە دیارەو هەندێک تارادەیەک ئازاتر دەنووسن. لەرۆژهەڵاتی کوردستان ئەو ئازادییە نییە، ئەمەش خۆی فاکتۆرێکە کە دەبێ زۆر بەوردی وەبەرچاوی بگرینو بۆ وێنە چاو لەوە بکەین کە نووسەری دانیشتووی رۆژهەڵات چۆن نووسینەکانی لەنووسەری باشور جیا دەبێتەوەو باسەکانیان لەسەر چین. یان کاتێک نووسەرێکی رۆژهەڵات لەباشوور نیشتەجێ دەبێ چ ئاڵوگۆڕێک لەنووسینیدا پێکدێت، ئایا هەموو بۆ وێنە باسی خۆسووتاندنو قەتڵی ناموسی دەکەن یان نا کێشەیتریش دێنە بەر نووسینو هتد...

سەرجەم دەتوانم ئەوە بڵێم کە چەند نووسەرێکی ژنو پیاو باسی کێشەکانی ژنانیان کردووە بەس تەنانەت لێرەشدا لەبواری رۆمان پیاوان چالاکتر بوونو هەڵبەت ئەمەش زۆر هۆی هەیە.

***پرسیار: ئایا دەکرێت بڵێین کە لە ئەدەبیاتدا جۆرێک توندوتیژیی بەرانبەر بەژنان کراوەو بەتوندوتیژیی ئەدەبی ناوی لێ ببەین؟***

**وەڵام:** نەک هەر ئەدەبی کوردی بگرە لەهەموو جیهاندا نووسینی وا هەن کە دژی ژن نووسراونو لەزمانو دەسەڵاتدا توندوتیژیی کولتووریو زمانی بەرهەمدەهێننەوە. توندوتیژیی تەنیا دەستووری راستەوخۆی کوشتنو لێدان نییە. بۆ وێنە ئەگەر چاو لەپەندەکانی پێشینیان بکەین یان ئەو شیعرە (هجوا)نە کە لەزمانی پیاو نووسراون یان زۆر بەرهەمی تر، زۆربەی کات ژن وەک سێکس ئۆبجێکت باسی لێکراوە. تەنانەت ئەوە تێڕوانینە لەلای زۆربەی شاعیرو نووسەران تا چەند ساڵ لەمەوە پێش هەر درێژەی بووە کە ژن بۆ ئەوان خولقێنەر و سەرچاوەی (جوانی) بێ. دەزانین کە چەمکی جوانی لەئەدەبدا هەمیشە لەڕوانگەیەکی پیاوسالارەوە پێناسە کراوە. لەو چەند ساڵی دواییدا جۆرێک لەئاگایی بەهۆی کارو چالاکی زیاتری ژنانو هەندێکیش لەپیاوان لەسەر چەمکەکان دروست بووەو هەوڵدراوە کە چەمکەکان لەڕوانگەی ترەوە ببیندرێن. بۆ وێنە ژن تەنیا دایکی پێشمەرگەی قارەمانی پیاو نەبێ بگرە خودی ئەو دایکە وەک فاعل (بکەر) بێتە ناو باس. یان ژن وەک سێکس ئۆبجێکت باسی نەکرێ بەڵکو وەک ژنێکی خاوەن ئیرادەو بیر باسی بکرێت. دیارە نووسین هەمیشە هەڵگری هەستو بیری ناخودئاگای نووسەر و کۆمەڵگەیەو دەبێت زۆر ساڵ لەسەر ئەو چەمکانە کار بکرێت.

***پرسیار: ئەگەر سەیری مێژووی کوردو ئەدەبیاتەکەی بکەین، ئێوە پێتانوایە لەنووسەرانو شاعیران چ کەسانێک دەووری کاریگەریان هەبووە لەئامانجی یەکسانیخوازیدا؟***

**وەڵام:** سەلیقەی ئینسانەکان جیاوازەو هەر کەسێک دەتوانێ لەنووسەرێکدا خۆی ببینێتەوەو لەنووسینی کەسێک چێژ ببینێ. بەڵام بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە با پێشتر باسی دوو خاڵ بکەم:

**یەک:** پرەنسیپ کە زۆر بۆ من گرنگەو بەداخەوە زۆرکەس رەچاوی ناکات ئەوەیە کە نووسینی کەسێک چ ئەو نووسینە باش بێ یاخود خراپ، ئەگەر نەتخوێندبێتەوە نابێ قسەی لەسەر بکەی. من نووسینێک کە نەمخوێندبێتەوە قسەی لەسەر ناکەم بەتایبەت کە دیسان دەڵێم بەهۆی دوور بوونم زۆر شت بەدەستم ناگات.

**دوو:** دیارە لەنووسینەکانی ئێستادا زۆرجار زمانو کۆدی باوک - پیاو بەسەر دەقدا زاڵە یان لەباری زمانو

گراماتیک دەکرێ پاراوتر بکرێن بۆ وێنە لەنووسینەکانی بەختیار عەلی دا زۆرجار چەند بابەت تێکەڵ دەبن‌و کەڵک وەرگرتن لەهەندێک وشە یان گراماتیک دەقیق نییە. ئێمەی کورد بەداخەوە تائێستا ئەوا کار ناکەین کە بۆ وێنە چەندکەس پێش چاپ بەنووسینەکاندا بچنەوەو زۆربەی کارەکان هەر لەسەر شانی خودی نووسەرە، ئەوە لەحاڵێکدایە کە لەجیهانی رۆژئاوادا نەک ئەوە شەرم نییە کە پێویستەو دامودەزگای چاپەمەنییەکان بەنووسینەکاندا دەچنەوە. بۆ وێنە کاتی نووسین، رەنگە نووسەر هەڵەکانی تایپی خۆی نەبینێ. زۆرجار لەلای ئێمە شتەکان چاپ دەکرێن بێ ئەوە هەڵەکانی نووسین‌و زمانی چاک کرابێن. هەر ئێستا رەنگە لەو وەڵامانەی مندا وشەگەلێک بە هەڵە نووسرابێ (بەتایبەت ئێمە کە چەند رڕ، وو، ڵ ل، ێ ی...مان هەیە)و ئەوکەسانە کە ئەو دیمانەیە چاپدەکەن پێیدا دەچنەوە. گرفتێک ئەوەیە کە ئێمە کوردی بۆ خۆمان فێر بووین‌و ئێستا زمانی ستانداردمان نییەو لەرۆژهەڵات ئێستاش خەڵک بەفارسی دەخوێنن. دیارە مەبەستی من ئەوە نییە نووسینی کەسێک دەست تێوەر درێت. بەڵام ئەگەر بمەوێت تەنیا باسی ناوەرۆک بکەین، ناوەرۆکی رۆمانەکانی بۆ وێنە بەختیار عەلی‌و عەتا نەهایی توانیویانە تا رادەیەکی باش کێشەی ژنان‌و کێشەی تاکی کورد بێنە بەر باس. دیارە کەم تا کورت لێرەو لەوێ شتی تر دەخوێنمەوە، بەڵام چونکە زۆربەی نووسینەکانی نووسەرەکانم لەبەر دەست نییە نامەوێت هیچ حوکمێک لەسەر خەڵکانی تر بدەم. ئەو دوو نووسەرەش بەو هۆیە ناویان هات چونکە چەندین نووسین‌و رۆمانم لێ خوێندونەتەوەو بەپێی ئەوە باسیان دەکەم. شاعیران زیاترن‌و بەتایبەت ژنانی شاعێر بەپڕی‌و خەستی باسی ئەزموونەکانی خۆیان دەکەن. لێرەدا بۆیە ناوی هیچ ژنێکی نووسەرو شاعیر ناهێنم چونکە بەگشتی ژنان هەموو باسی کێشەکان دەکەن، بەڵام من ئارەزوو دەکەم روودانێکی باش لەجیهانی پیاودا پێک بێت‌و پیاو کێشەکە بەکێشەی خۆی بزانێت. چونکە لەڕاستیدا کێشەی ژن کێشەیەکە کە پیاو سازی کردووەو دەبێ زۆرترین کارو هاوکاری بۆ بکات بۆ دۆزینەوەی چارەسەرەکان. ئەوە بەو مانایە نییە کە ژنان نابێت کار بۆ کێشەی ژنان بکەن یان ژنان زۆر جار هەمان بیرو میتۆدی پیاوسالار بەکار ناهێنن. ئەوەی راست بێ تائێستاش هەر زیاتر ژنان دەنگیان بەرامبەر بەو زوڵمانە کە لەناو کۆمەڵگەدا هەیە هەڵبڕیوە. دەمەوێ تۆپەکە بخەینە مەیدانی پیاوان، فەرموون ئەوە کێشەی ئێوەیە کە ناتانەوێ دەسەڵات دابەش بکەن، لەهەموو بوارەکاندا. بابزانین چەندە لەپیاوان ساختاری زمانی باوکسالار - پیاوسالار دەشکێنن‌و چەندە خۆیان‌و ژنان بەجۆری تر دەبینن. بۆ وێنە ئەگەر رۆژێک بەپیاوێک بوترێت تۆ ژنی ئیتر شەرم ناکاتو بێژێ: بەڵێ من ژنم، یان وەڵامێکی هەر نەبێت وا بداتەوە کە بەشێکی گرنگی هەستو جەستەم هەڵگری لایەنی ژنانەیە. ئەوە دەبێ لەئەدەبدا رەنگ بداتەوە. تا زەمانێک پیاو شەرم بکات خۆی هاوشانی ژن ببینێ ئەو پیاوسالارییە لەئەدەبیشدا رەنگدەداتەوە.

***پرسیار: بەڕای ئێوە کۆمەڵگای ئێمە چەندە پێویستی بەبایەخدان بەمەسەلەی ژنانە لەئەدەبو نوسینداو ئەمە بەئەرکی کێ دەزانن؟***

***وەڵام:*** تازۆر ساڵانی تر دەبێ کار بکرێت، چونکە یەکەم: کێشەی ژنـان کێشـەیەکی جیهانییـەو ژنـان لەسەرانسـەری جیهانـدا وەک جنسـی دووهـەم دەبینـدرێنو لەهەنـدێک وڵات وەزعـی ژنـان لـەبارودۆخێکی وەهادایـە کـە دەکـرێ بەکارەسات ناوی بەرین، بۆ وێنە هەر ئێستا لەسومال رۆژ نییە چەند ژن بەناوی سیخور لەسەر شەقامەکان ئیعدام نەکرێن. دووهەم: کێشەی ژنان لەکۆمەڵگەی کوردیدا ئەوە چەند ساڵێکە خەریکە وەک کێشە دەبینـدرێتو سێهەم ئەوە کە تاکۆمەڵگە ژنو پیاوی یەکسان نەبێت، ئەو کۆمەڵگەیە نەخۆشە، هەربۆیە ئەرکی هەموو ئینسانێکی بەهەستو ئازادیخوازو یەکسانیخواز، چ ژنو چ پیاو، خەبات بۆ کۆمەڵگەیەکی ئازاد، دادپەروەرو یەکسانە. ئەو خەباتە بەداخەوە زۆر درێژخایەنەو کۆسپی زۆری لەسەر رێگایە. بۆیە ئەرکی چالاکانی مەدەنیو کولتووری، تی ڤی و میدیاکان، نووسەرانو هتد... زۆر قورسەو دەبێ بەردەوام کار نەک تەنیا بۆ کێشەی ژنان بەڵکو بۆ زۆر کێشەی تر بکرێت. دیارە ئەوە ئەرکی سەرجەم کۆمەڵگەشە کە کار بۆ کێشەکان بکاتو لەو شوێنانە کە کورد دەسەڵاتی هەبێت ئەرکی دامودەزگاکانی کوردی بەتایبەتی زۆر گرنگ تر دەبێت، چونکە لەئاکامدا کێشەی ژنان کێشەیەکی سیاسییەو دەبێت لەناوەندی دەسەڵاتدا لەسەر چارەسەرەکان بریار بدرێت. تەنانەت کولتوور لەپرۆسەدا بەهۆی هەندێک بریار گۆرینی بەسەردا دێ. فەرەنسا وڵاتێکی لائیک نەبوو، بریاردرا کە ساختاری دەسەڵاتی سیاسی لائیک بێو ئەوەتا دینو دەوڵەت جیاواز کاری خۆیان دەکەن. دەمەوێ ئەوە بڵێم کە کێشەی ژنان لەکوردستان بەخاوەخاو ناچێتە پێش. کۆمەڵگەیەک کە ژن تێدا بەختەوەر نەبێت پیاوەکەشی بوونەوەرێکی بەدو بەدبەختە. ئەرکی نووسەرو ئەدەبیات ئەوەیە کە کێشەکان زەق کاتەوە. من باوەڕم بەهونەر تەنیا بۆ هونەر نییە. هونەر هەمیشە هەڵگری ئەرکو پەیامێکی کۆمەڵایەتییەو کاریگەرترین کەرەستەیە بۆ هێنانە ژێر پرسیاری دەسەڵاتەکان. بۆ وێنە یەک شانۆ، یەک رۆمان یان یەک تەنز دەتوانێ بەڕادەیەکی زۆر باش هەستو شعوری خەڵک بجوڵێنێتو لەدروستکردنی کۆمەڵگایەکی دادپەروەرو یەکساندا رۆڵ بگێڕێت. هونەر سەروکاری لەگەڵ دەقە، یەک وێنە، یەک حەیران، یەک پەیکەر، هەموویان دەقێکن کە قسەمان لەگەڵ دەکەن. ئێمە پێویستیمان بەدەقی قوڵو سازەندەیە. کاتێک عەتا نەهایی رۆمانی گرەوی بەختی هەڵاڵە ئاوەها دەست پێدەکاتو دەڵێ: ئەوە چارەنووسی تۆیە هەڵاڵە، کە خەنجەرێک شاخەو شاخ، شارەو شارو وڵاتەو وڵات شوێنت بکەوێ، تا لێرە، لەستۆکۆڵم لەگەڕەکی فلەمینسبێرگ، نهۆمی چوارەمی باڵەخانەی ژمارە هەژدە لەسنگت بچەقێ...

نەهایی بەدەقی خۆی نیشاندەدا کە چارەنووسی هەلاڵە چۆن بەدەست دابونەریتو کولتوورو پیاوسالاری تەنانەت لەوڵاتێکی ئەوروپایی بڕیاری لەسەر دەدرێتو بەقەڵەمی خۆی لەگەڵ ئازارو نەهامەتیەکانی ژنان دەمانبا، تا دوور.... بەشێکی ئەرکی ئەدەب کە دەبێ بمانبا تا دوور. دوورتر.... تا رزگار.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ژیانەوە - ڕێکەوتی: ٢٨ی نۆڤەمبەری ٢٠١٠

## سپاس بۆ ئەوە کە بیرت هێنامەوە کە پیاوی کوردی مێهربان و بەئەمەگ کەم نین....

## بۆ کاوە سوور

ئاخرین ساتەکانی نیوەشەو، ئیمەیلەکانم چاو لێکرد. مەرزە جەوانمەرد، هاوڕێی ئازیزم، ئیمەیلێکی بۆ ناردبووم کە ئادرەسی لینکی سایتێکی تێدا بوو. سایتی پێنووسەکان.

چرکەم کردە سەر لینکەکە. نەفەس لە سینگمدا پەنگی خوارد. کەمێک حەبەسام....

دیتم کەسێک بە ناوی کاوە سوور بابەتێکی نووسیوە: "بۆ شەهلا دەباغی....." بابەتەکەم خوێندەوە. فرمێسک بە ڕوومەتمدا هاتنە خوار. نە بە خاتری ئەوە کە لەو پەخشانە جوانە پڕ لە وشەی نایاب و پاراوی کوردیەدا، نووسەرێک بە ڕیزەوە باسی منی کردبوو (کە ئەمەش جێگای خۆشی خۆی هەیە) بەڵکو بە خاتری ئەو بیر و هەستە ئینسانییە کە چەندین ساڵە ئێمە ژنان کاری بۆ دەکەین.

کاوە سوور ڕاست قامکی لەسەر ئەو وشەیە دانابوو کە من لە نووسینەکانمدا بە دوایدا وێڵم. بە قەولی کاوە، ئەوسا کە منداڵانی کەم تەمەن، دوور لە چەمکەکانی ژنایەتی - پیاوەتی، وەک ئینسانی بەرامبەر چاو لە یەکترین دەکەن. وشەی "ئاواڵ":

زۆر گەرام لە کوردیدا وشەیەک هەڵکرێنم کە بۆ بانگ کردنی مرۆڤ، بۆنی پیاوەتی قۆززەڵقۆرت و ژنێتی ژەهری ماری لێ نەیەت و بەو ناوە بانگت بکەم. بەڵام لە وشەی ئاواڵی منالی کە لە نێرینە و مێینە تێناگەن و دەست لە ملی یەکتر دەکەن وبەدەوری خۆیان هەڵدەبەزێن وگۆرانی "ئەمن و تۆ ئاواڵین ... لە سەر پەین وپاڵین دەڵێنەوە. پێم وایە ئاواڵی منالی تەنیا ئەو وشەیە کە ئەو بۆنە شێرپەنجاوی لێ نایەت. (١) دەق لە کاوە سوور، سایتی پێنووسەکان.

کاتێک ئەو پەخشانە پر لە بیری یەکسانیخوازیەم دەخوێندەوە، دیمەنی چەند منداڵێکی کچ و کوڕ لە پێش چاوم بوو کە دەست لەسەر شانی یەکترین پێیان لە زەوی دەکوتا و دەنگیان هەڵبڕیبوو:

*ئەمن و ئەتۆ ئاواڵین*
*لە سەر پەین و پاڵین*
*لە سەر جوتەی دەستماڵین...*

بەس هاوکات لە گۆشەیەکیتری ڕووحمدا، ڕەشبەڵەکێکم هاتە بەرچاو و "هێمن"ی شاعیری شینگێری شەهیدانم لە پێشچاوان بوو کە دەیکوت:

*گیژ و کوڕ بگرن لە دەوری گۆڕی هێمن ڕەشبەڵک*
*من کە شێنگێڕی شەهیدانم لە کۆێ شینم دەوێ*

هەر ئەو کچ و کوڕە کوردانەی، بە جێگای ئەوەکە لە سەر سایت و جیهانی مەجازی و ژیانی ڕاستیدا لەبەر یەک هەڵچن، دەبێ لە ڕەشبەڵەکی خەباتدا پشتیوانی یەکتر بن.

کاوە سوور بەردەوام دەبێ و دەنووسێ کە چۆن وەک تاک هەوڵدەدا پێ لە دەسەڵاتخوازی نێرینەیی خۆی بنێ و ئەو مافە بە ژنانیش دەدا کە ڕەنگە هێندێک جار بخوازن جێگای "میری پێشوو" بگرنەوە، و وەبیری دێتەوە کە چۆن ژنێک کە ساڵیانی ساڵ زوڵمی لێچوو بوو بۆ تۆڵەساندن، بە لینگە کەوش لە پیرەمێردەکەی دەدا.

***ئاواڵە دوورەکەم!***

ئەو ڕۆژە کە دەستم کردە بڵاوکردنەوەی دەقەکانم، چ شێعر، چ وتار، چ لێکۆڵینەوە، ڕوانگە و ڕەخنە، بڕیارمدا کە لە گەڵ ڕووحی خۆم دڕۆنەکەم و لەگەڵ خوێنەر ڕاستگۆ بم و هەر ڕۆژێک ئەوەم پێنەکرا، پێنووسەکەم دانێم و خەیانەتی پێنەکەم.

ئەوەی کە هەموو ئـاواتی منە هەر هەمـان ئارەزووەکـانی منـداڵانن کە دوور لە ئـاواتی گەیشـتن بە "دەسـەڵات بـۆ دەسەڵات"، دەست لەملی یەکترین تەنیا خودی کایەکردنەکە شادیان دەکا نەک ئەوەکە کامییـان باشتر پـێ لە زەوی دەکوتێ و لە داهـاتوودا دەسەڵات دەگرێتە دەست. ئەگەر لە نووسینەکانمدا چەمکی دەسـەڵات بەکـاردێنم و باسـی دابەشکردنی دەسەڵات دەکەم، وەک باسێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی بۆ گەیانـدنی پەیـام کەڵکی لێوەردەگرم. ئەگینـا خـۆم وەک ئینسـان بە ئـاواتی ئەوەم ڕۆژێـک دوور لە هەمـوو "جیهـان و مافیهـا" ئەو ئـاخر سـاڵانەی تەمەنـم لە گونـدێکی کـوردەواری بە نووسـین بەرمە سـەر. هەر موحتـاجی دەسـتی کەس نەبـم چـم نـاوێ و بە قەناعـت بەڵام ڕووحێکی پاک بژیم، بۆ من بەسە. بەس کەس نازانێ چەرخی گەردوون چت بەسەر دێنێ، ئایا سەربڵند دەمرم یـان سەرنەوی.

هەرگیز ئارەزووی من نییە کە ژن بۆ تۆڵەسەندن بە تەقتەقیلە لە پیاوێکی پیر بدا. بـا لەگەڵ تـۆ و خوینەریش ڕاستگۆبم کە لە جیهانی مندا، تەنانەت ئێعدامکردنی کەسانی جەلادی وەک خومەینی، ئەفسەرەکانی تورک، سـەدام و تـارق عزیز" یش کارێکی ناڕەوایە چ بگـا بە لێدانی پیرەمەردێکی کورد. ڕوانگەشم بـۆ ئەوە زۆر سـاکارە: ئەگەر ئینسانێک زوڵمی کرد، تۆ نابێ بە تۆڵە و زۆڵم وڵامی بدەیتەوە.

نە لەبیری ئەوەدام مێرێکیتر لە جنسی "ژن" دەسەڵات بگرێتە دەست و نە خـۆم لەو ڕێگـایە بە نانێک بگەم، هەر بۆیە تەنـانەت ئەندامی ڕێکخراوەیەکی نووسـەران یـان ژنـانیش نیم. ئـازادم وەک هەور. لە کـوێ بـمهەوێ دەبـارم. بەڵام هاوکات هێندێک جار وەک هەر کوردێک ئەسیری دەستی بام بۆ کۆم بەرێ... گرینگ، ئەوەی کە هەمیشە فانووسی ڕێگام بووە، وێژدانی خۆمە و بەس.

تەنیا خۆشی ژیانم لە ناو دەریای بەرینی خەمەکانمدا، نووسینە. کاتێک دەنووسم وەک باڵندەیەک ڕەها دەبم و

ئارەزوودەکەم هەمووومان بگەینە شوێنێک کە تاکی کورد لە وڵاتی خۆیدا حەساوە بێ و ئینسانەکان لە ڕێگای گفتوگۆ کێشەکان چارەسەربکەن. گەرچی تەنانەت خودی منیش هێشتا زۆر دوورم لەوە. هێندێک جار نزیکترین ئینسانەکانی دەوروبەرم بە وتەیەکی ناحەق دەمخەنە ناو مەیدانێک کە خۆم نامهەوێ. بەڵام بەردەوام هەوڵدەدەم فێربم چۆن لە بەرامبەر ئەوانەی کە بە ناڕەوا بریندارم دەکەن سەبووربم و من زوڵم لەوان نەکەم. بەڵام بەداخەوە نابێ ئەوەمان بیر بچێ کە لە کۆمەڵگای ئێستای جیهاندا ئەوانەی کەس ئازار نادەن، خۆیان زیاترین ئازار دەبینن. بەس ویژدانم بەوە ڕاحەتە کە هەوڵ دەدەم کە لە "زاڵمەکان" نەبم.

کاتێک نامە ئینسانییەکەی جەنابتم خوێندەوە، هەر بڵێی دوای چەند ڕۆژ ڕێگاڕۆیشتن بە سەحرایەکدا، ماندوو، شەکەت و لێوبەبار، گەیشتوومەتە کەنارەکانی مێرگێکی کوێستانی کوردەواری و لەوێ مامە قالەیەکی مێهربان شمشاڵ بۆ خەڵکی خۆی لێدەدا. کەچی دیسان بریندار بوومەوە.

هەر چەند ڕۆژ پێش بوو کە لە تیڤییەکی کوردیدا ژیانی مامە قالەیان نیشاندەدا. لە فیلمەکەدا مامە لە شەقامێک دانیشتبوو و شمشاڵی لێدەدا و خەڵکی ڕاگوزار، پارەیان بۆ لە سەر دەستماڵێک لە سەر زەوی دادەنا. ئیتر لێرەدا "ئەمن و ئەتۆ ئاواڵ نەبوون" مامەیەکی پیر کە خەڵکێک سەدەقەیان پێدەکرد. ئەوە لە کاتێکدایە کە هەرنەبا هێزێک یان دەوڵەمەندێکی کورد دەیتوانی پێشی ئەو بێڕەحمییەی ژیان بگرێ. هەیهات بۆ بەناو ڕۆشنبیرانی ئێمە... ئەو ڕۆژە دەتکوت بارستای پرچە سپییەکانی شمشاڵی مامە، پیربووم.

دەردەکان یەک و دوو نین. هەموو ڕۆژێک بە هەزاران جار بریندار دەبینەوە، بەڵام دیسان بە هومێدی ئەوە دەژین و دەنووسین کە ڕۆژێک ئەو گەلە لە نەکبەتی نەجاتی بێ.

***ئاواڵەکەم!***

گەرچی ئێمە یەکترمان قەت نەدیووە و نەناسیووە، و بۆ ئەوە کە تاجەگوڵمان لە مل کرێ نانووسین، و هیچ پێویستمان بەوە نییە کە بە شان و باڵی یەکدا هەڵبڵێین، و ئەو کارانە کە دەکرێن هەموو ئەرکی سەر شانمانە، بەڵام دیسان بە ئەرکی خۆم زانی سپاست بکەم.

سپاس بۆ ئەو هەستە ئینسانیە کە لەو ئاقارەدا پیاوانێک هەن کە پێ لە نێرینەیی خۆیان دەنێن و لەگەڵ ژنان هاوڕێن، کەسانی وەک جەنابت، هێدی، جەلیل ئازادیخواز و هەیاس کاردۆ... کە لەو چەند ڕۆژەدا پشتی حەق، مافی ڕەوای ئازادی نووسینتان گرت و بۆ بنیاتنانی ولاتێکی دوور لە چەوسانەوە هەوڵتاندا. چەوسانەوە لە ژێر هەر ناوێک، نەتەوە بێ یان جنس یان چێن یان ...

سپاس بۆ ئەوە کە بیرت هێنامەوە کە پیاوی کوردی مێهربان و بە ئەمەگ کەم نین و ئەوانیش ڕۆژانە لەگەڵ جەنگێکی سەخت تێکەلاون. ئەگەر بۆ ئێمە ژنان ئەم خەباتە دژوارە، ئەوە بۆ پیاوەکانیش قورسە، چونکە ئەوە ئەوانن کە دەبێ پێ لە هەستە سەرکەشەکانی نزمی خۆیان بنێن. پێلەخۆنان، هەمیشە سەختە. کار بۆ کۆمەڵگایەکی ئینسانی هەر وەک ئەوێنە. کاتێک تۆ ئاشق بۆی بە خاتری ئەوێن بەردەوام پێ لە خۆت دەنێی. گەیشتن بە یەکسانیش هەروایە. پیاوانی ئێمە دەبێ بەشێک لە دەسەلاتی خۆیان بدەنە دەست بەرامبەر و پێلە خۆیان بنێن و ئەمەش کارێکی ئاسان نییە.

سپاس کە بیرت هێنامەوە کە لە کوردەواریدا زۆر داب و نەریت هەن کە دەبێ پشتییان پێ ببەستین و لێیان فێربین. سپاس کە بیرت هێنامەوە کە تەنیا نین:

*ئەمن و ئەتۆ ئاواڵێن*
*لە سەر پەین و پاڵێن*

باوەشێک مێهربانی و ڕێز

خوشکت، شەهلا دەباغی

سەرچاوە: وێبلاگی پەراوێزی بیر - ڕێکەوتی: ١ی دێسەمبەری ٢٠١٠

## خوێندنەوەیەکی خێرا لە "من قەحبەم" و لە چەند بۆچوونێک

شێعری "من قەحبەم" سەرەتا بە زمانی فارسی و بە ناوونیشانی "من فاحشەام" لە لایەن باران میلان وە نووسراوە و لە فەیسبووکی خۆیدا بڵاو بۆتەوە. تا ئێستا دوو کەس، هێدی و جەلیل ئازادیخواز، وەریانگێڕاوەتە سەر کوردی و حەسەن قازی دەقی هێدی بە پیتی لاتین نووسیوەتەوە. لێرەدا باسی وەرگێڕانەکان و کام وەرگێڕ توانیوێتی مانای دەقە فارسییەکە، فۆرم و پێکهاتەی هەڵبەستەکە باشتر ڕابگوێزێ، ناکرێت. ئەوەی کە لێرەدا مەبەستی ئەو نووسینەیە هەڵسەنگاندنی پەیام و مانای شێعرەکەیە و کەمێک وردبوونەوە لەسەر هێندێک دژایەتی لەگەڵ ئەو شێعرە. دیارە بە هۆی ئەوە کە شێعرەکە لە سایتی ڕۆژهەڵات تایمز دا هەیە و بۆچوونی لەسەر نووسراوە، هەر هەمان دەقەکان، وەک سەرچاوە بەکاردێن.

چەند کاتژمێرێک لە بڵاوبوونەوەی ئەو شێعرە تێپەڕنەببوو کە لایەنگران و دژبەرانی ئەو شێعرە بیروڕای خۆیان لە سەر فەیسبووک و سایتی ڕۆژهەڵات تایمزدا نووسی و تا ئێستاش ئەو نووسینانە بەردەوامە. ئەوە کە کەسانێک دژ بە ئەو تێکستە هێندێک تێبینی و ئارگۆمێنت (دەلیل و بورهان) دێنە گۆڕ جێگای سرنجە. دیارە هەر ئینسانێک بۆی هەیە و مافی خۆیەتی کە دەقێکی پێ جوان بێ یان پێ جوان نەبێ، پێ شێعر بێ یان پێ شێعر نەبێ. من قسەم لەسەر ئەوە نییە. من قسەم لەسەر دەلیلەکانی دژایەتییە. با هەوڵ چەند بۆچوون بهێنینیەوە و بزانین کە ئەو کەسانەی کە دژایەتی ئەو شێعرە دەکەن چ دەبێژن:

شایان 15:13 - Nov 2010

### تەواری بەریز

من هەرگیز موافیقی توند و تیژی نیم سەبارەت بە ژنان. ئەو کچە کوردەی کە کوژراوە لە سوید ڕەنگە من و تۆ نەزانین کە لە سەر چی بووە.بنەماڵەکە بۆ خۆت باشتر دەزانی لە سەر چی بووە.من هیوادارم کە سایتی ڕۆژهەڵات ئەو ڕەستەیەی من سانسۆر نەکا بۆ وەی کە هەموو ژنیک بیخوینیتەوە. تەوەر خانم ئەگەر دەتزانی ژنە کورد بە داخەوە لە ئۆروپا چی دەکەن، قەت وات نەدەگووت. من لە نزیکەوە دەیانبینم کە لە ئۆسلۆ و ستۆکهۆلم چ باسە، و

من دەزانم کە لە باقی وەلاتەکانی دیکە چ باسە . زۆر زۆر بە داخەوە ژنانی کورد بە جحریکە دیکەبەرداشت دەکەن لە سەر ئازادی وماڤی ژن. من شەرم دەکەم ئەگەر باسی وردەکاریەکانی ژنی کورد بکەم لە ئۆروپا

شایان Nov 2010 - 15:13

رووناک خانم منیش پیم وایە کە جەنابت لەم شیعرە تێ نەگەیشتووی. یانی بە واتایەک بە بۆچوونی خۆت و بۆچوونیکی ژنانە لی تی دەگەی.

ئیوە پیتان وایە هەموو شیعریک دەبی باس لە ژنە کوردان بکا. بەلام جەنابت ئیستا لە ئوروپا دەژی پیم نالیی لە چ شتیکت کەمە کە وا باسی مەزلومیەتی ژنە کورد دەکەی. پیم نالیی کە ئیوە چیتان بە سەر میردەکانتان هیناوە لە ئوروپا. ئەزانن ماڤی ژن چیە بەراستی؟

دەگەل داوای لیبوردن من دەلیم کە ژنی کورد بە داخەوە جۆریکی تر لە ماڤ وئازادیەکان بەرداشت ئەکا

Hemin Nov 2010 - 00:13

بەڕاستی شێعرێکی بێمانایە. ئێمە بۆ دەبێ بەم شێوەیە پێشوازی لە ناحەزترین شێوازی ناساندنی کەسایەتی ژن بکەیین. ئەوە بێنرخکردنی ژنە و بەس. ئەوە تەنیا لاسایکردنەوەیەکی بێمانایە. ئەگەر ژنێک ئازا و بەتوانا بێت، هیچ پێویست ناکا لە بەرامبەر پیاوێک کە مافی پێشێل دەکات پەنا بەرێتە بەر ئەم شێوازە دەربڕینە. من بەم خانمان دەڵێم کە بۆ وەدەستهێنانی مافەکانتان هیچ پێویستیتان بە قاحبەتی و بانگەوازی قاحبەتی نییە. ئێوە پێویستە لەوپەڕی لێهاتوویی لە بوارەکانی زانستی و خۆ پێگەیاندنەوە بیسەلمێنن کە هیچتان لە پیاو کەمتر نییە نەوەک لە ڕێگەی قاحبەتییەوە.

پێشمەرگە Nov 2010 - 22:26

سڵاو بۆ بەریوەبەرانی رۆژهەلات تایمز برایانی ئازیز توخدا بریک بەزەییتان بە فەرهەنگ و ئەدەبیاتی کوردی

دابیتە و کورد کەی وە لە کوی ئەو ٤ پارچەیە دا ئاوا بووە ئێستاکە ئیوە چون دەتانن ئەو جورە عەیبوو عارانە بڵاو بکەنەوە یان کچە کوردیکی روو توو قوت بە ناوی دا هینەری تازەوە یان ئەو شیعرە بۆ سایتیک کە بەریوە بەرەکەی کورد بێ زۆر عەیبە بۆیە وەک لایەنگرێکی ئەو سایتە ئەو دوو بابەتە بە توندی مەحکووم دەکەم؟

Nov 2010 - 21:45 Serok Bokani

هۆنراوەیەکی گەلێک ناحەز و بێ واتە بوو کە ئەسلەن لەگەل داب و نەریتی کوردانەدا ناگونجێ

من نازانم چی خەریکە رودەدا بەسەر ژنانی کورد! ئەوە لە مژدێن کە بە شەخسیەتی ژنانی کورد لە بەر چاوی هەموو دنیا کایە دەکا و ئەوەش باران میلان هۆنراوەیەکی ئاوا دەنووسێ

کاوە Nov 2010 - 20:15

ئەمن هیچ لەو نووسراوەیە حاڵی نەبووم، تەنیا شتێک کە بەرچاوم کەوت ئەدەبیاتێکی زۆر ناحەز و سووکە کە ئەسڵەن شیاوی زمان و ئەدەب و پاراوی کوردی نی‌یە. زۆر بە داخم کە ئەدەبیاتێکی ئاوا بە زمانی کوردی دەبینم.

سەرچاوە: http://rojhelattimes.org/read.php?id=1549

شێعری من قەحبەم - من فاحشەام باس لە چی دەکا و بۆ شاعیر ڕاستەوڕاست وشەی "قەحبە" بەکار دێنێ؟ شاعیر دەیهەوێ چ پەیامێک بداتە خوێنەری خۆی؟ با هەوڵ بزانین هۆیەکانی دژایەتی لەگەڵ ئەو شێعرە لە سەر سایتی ڕۆژهەلاتتایمز دا چۆن باسکراون:

*١- سوکایەتی بە ئەدەبی پاراوی کوردی*

*٢- نەگونجان لەگەڵ ئەدەبی کوردی*

*٣- نەزانینی ئەوە کە خەریکە چ بە سەر ژنی کورد دێ*

*٤- مژدە کایە بە شەخسیەتی ژنی کورد دەکا و باران هۆنراوەی ئەوا دەنووسێ*

*٥- کورد چوارپارچەیە و سایتی ڕۆژهەڵات تایمز عەیب و عار بڵاودەکاتەوە*

***٦- لاسایی کردنی بێمانا و بێنرخکردنی ژنی کورد***

***٧- بۆ وەدەست هێنانی مافەکان، ژنان نابێ بانگەوازی ئەو ئاکارە بکەن***

***٨- شەرم کردنی بۆچوننووس لە ئەو کارانە کە ژنانی کورد لە ئوروپا، لە ئۆسلۆ، ستۆکهۆلم و باقی ولاتانی ئوروپا دەیکەن....***

**من لێرەدا تەنیا زۆر بە کورتی چەند خاڵێک لە سەر ئەو بۆچوونانە دەنووسم. نووسەرانی ئەم بۆچوونانە پێیانوایە کە ژنانی کورد لاسایی ژنی ئوروپایی دەکەنەوە و دەرپێ لە سەر شان بە شەقامی ئوروپادا دەگەڕێن و هەر کەس و ناکەسێک کە ویستی دەتوانێ لەگەڵیان تێکەڵبێ.**

**هاوخوینەکانم ئێوە زۆر هەڵەن. نە ژنی ئوروپی و نە ژنی کورد، لینگیان نەکردۆتەوە تا هەرکەس بە پەنایان تێپەڕی دەستێکی بۆ بێنن. بە پێچەوانە، ژنانی کورد و ئوروپایی توانیوایانە وەک تاکی ئاگای کۆمەڵگا لە دروستکردنی کۆمەڵگایەکی ئینسانی دا ڕۆڵی خۆیان بگێڕن و لەو چەند دەیەدا زۆر کاری بنەڕەتی کراوە کە تاکەکان ژیانێکی ئینسانیتریان هەبێ. هەر ئەو ژیانە کە کەسانی وەک ئێوە بۆچوونووسان کە لە ئوروپان لەبەری حەساونەتەوە و لە ماڵی گەرم، بێکار و بێعار قسە بە ژنی کورد و ئوروپایی دەڵێن. جێگای داخ ئەوەیە کە هێندێکتان هەر نەبێ بە قسە پێتانوایە کە کچی کورد چونکە هێندێک کاری کردووە دەبێ بکوژرێت. (دیارە کە قسە بەشێکە لە کردەوە) ئەوەیە خاڵی ڕەشی کولتوری ئێمە کە بەشێک لە ئێوە (هەم ژن، هەم پیاو) لە ئوروپاش هەڵتانگرتووە، ئەمەش لە ژێر ناوی پاراستنی زمان، کولتور، ئەدەب و "شەڕەف".**

**ئەوەندەی من خەبەرم بێ، ژنانی کورد بۆ وێنە لە ستۆکۆڵم کە من لێرە دەژیم، نزیک سەد لە سەدیان خەریکی کار و خۆپێگەیاندنن. دیارە لە هەر کۆمەڵگایەکدا چ ژن و چ پیاوانێک هەن کە لە ڕێگای نادروستەوە بەڕەی خۆیان لە ئاو دێنەدەر. گەرچی تەنانەت ئەوانەش زۆر جار، لە هەوەڵەوە، بێکاری، نەداری و هەژاری بە ئێرەی گەیاندوون. ماموستایانی ئەخلاق و خاوەن "شەڕەف"، زگی برسی هەر چەند ڕۆژ دەتوانێ بە برسێتی سەر بنێتەوە!**

**ئەو پیاوانە کەوا نیگەرانی ئەدەبی ڕەسەنی کوردین چۆنە شێعری شێخ ڕەزا برێشکەی سەر زاریانە بەڵام بە ئازاد دەربڕینی هەستێکی ئینسانی ژنێکی کورد دەپرینگێنەوە. چۆنە لە کۆڵان و شەقامی کوردستان کچی منداڵکاری جوانکیلە کاتێک تێپەڕدەبێ هەزار قسەی ناشیرینی پێدەوترێ و دەجار دەستی بۆ دەبردرێ و هیچ پیاوێکی بە**

شەرەفتان لە جێگای خۆتان ناجوڵێتەوە کە لەبەرامبەر ئەو دیاردە ناشیرینەی کۆمەڵگادا ڕاوەستێ بەڵام لێرە لە ئوروپا بە شێعرێک کە لە سایتێکدا بڵاو بۆتەوە "شەرەف"تان لەکەدار بووە؟

بۆ مەگەر وشەی "قەحبە" ڕۆژانە بە میلیون جار لە شەقام و کۆڵانی کوردستان بەکار نایە و کاتێک پیاوان پێکەوە بەشەڕدین بە یەک ناڵێن " دایک قەحبە... خۆشکت والیدەکەم ... " و هتد. ئەوە بیست ساڵە لێرە دەژیم تەنانەت یەکجار شاهیدی ئەوە نەبووم کە ژنێک لە شەقام دەستی بۆ بەرن کەچی هەر ئێستاش ئەو کچانە کە بۆ سەردان دەچنەوە کوردستان کاتێک کە دێنەوە باس لەوە دەکەن کە چون پیاوی کورد ئیزن بە خۆی دەدا لە شەقام دەست بۆ ژنان و کچان بەرن. ئێوە بە شەرەفن یان پیاوی ئوروپی لە کاتێک فستیواڵێک دەبێ و خەڵک لە شار کۆدەبنەوە و بە میلیون ئینسان پاڵ بە پاڵی یەک ڕادەوەستن یەک ژن دەستی لێنادرێ و ئەگەر بێتو ئەوکارە بکریت ئەوە وەک تاوان دەبێندرێت. لەوە گەڕین کە لە هەموو شۆێنکی جیهاندا چەند لەسەدێک ئینسانی نەخۆش هەیە و دەستدرێژی دەکاتە سەر ئینسانیتر. من باسی ئەوە ناکەم. من باسی کولتوری زۆرینە و پیاوسالار دەکەم کە لە ئوروپا بە شێوەیتر خۆی نیشاندەدا و لێرەدا باسی ئەوە نییە و لە زۆر نووسینیتر دا من ئاماژەم پێکردووە.

بەڵام لەو بۆچوونانەدا یەک ڕاستی دەبێندرێ: کەسێک بەناوی سەرۆک بۆکانی دەڵی نازانێ چ بە سەر ژنی کورد دێ. بۆ کاک سەرۆک ەکان، ئەوەی کە بەسەر ژنی کورد دێ ئەوەیە کە دەیهەوێ دەسەڵات دابەش بکات. ژنی کورد خۆی دۆزیوەتەوە و دەیهەوێ کۆمەڵگایەکی تازە بنیاتبنێ. جا یان پیاوان لەو پرۆسەیەدا بەشدار دەبن و ئەرکی ئینسانی خۆیان، هەوەڵ بە خاتری خۆیان، ئەنجام دەدەن و یان ژنانی کورد ڕێگای خۆیان هەر دەبڕن. چ بە نووسین، چ لە ڕێکخراوەکان و چ لە بنەماڵەدا تا کاتێک کە چۆک بە دەسەڵاتی پیاوسالاردابێنن.

بەڵام با بێنە سەر ئەسڵی بابەت: باران لە شێعری "من قەحبەم" دا چ پەیامێکی هەیە؟ ئایا ئەو شێعرە هەمان بەردەوامی چالاکی ژنان نییە بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی ڕەوایان؟ مەگین باران هەمان زمانی ئێوە و هەستی ئێوەی نەکردۆتە دەقێک کە هەمووتان پێهەڵبەزیونەتەوە؟ با بزانین پەیامی باران چییە:

## من قەحبەم

*شەرەفی " پیاو"ەکەم دە نێوگەڵمدا ئاویلکە دەدا.*

*هەموو ڕۆژێ لە ڕۆژی بەرێ قەحبەترم،*

*هەموو ڕۆژێ ژنایەتییەک دە مندا دەمرێ،*

*هەموو ڕۆژێ ژنێک لە بەرەی من بە خەنجەری نامووس دەپێکرێ.*

*لەباتی هەموو ژنانی دنیا،*

*من بکووژن.*

*شاعیر - باران هەر لەسەرەتادا چەند خاڵ دەست نیشان دەکا:*

*١- شەرەفی پیاوان لە گیانەڵا دایە، دەورانی پیاوسالاری بەرەو تەواوبوونە، ئەو شەرەفە کە هەزاران ساڵە ژنیان پێکووشتووە*

*٢- ژن بەرەو ئازادی دەڕوا. هەموو ڕۆژێک، هەموو ساتێک. کەوایە هەموو ڕۆژێک پیاوانی بەناو خاوەن شەرەف ژن قەحبەتر دەبینن*

*٣- هەموو ڕۆژێک ئینسان بوون لە ژێر ناووی شەرەف دا دەکوژرێت، ڕۆژ نییە ژنێک نەکوژرێت یان خۆی لەدەسەت ئەو زەبروزەنگە کە تێیدادەژێ، نەسووتێنێ*

*٤- لەباتی هەموو ژنان، من - شاعیر بکوژن. لێرەدا شاعیر هەم خۆی لە جێگای ژنانیتر کە دەکوژرێن دادەنێ و هەمیش وەک هەستێکی ئینسانی لە ئەو هەموو ژنکوشتنەماندووە و ئارەزوودەکا بە جێگای هەموویان بکوژرێت و ئیتر ژن نەکوژرێن.*

**بە واتایەکیتر شاعیر باس لەو گرفتە دەکا کە ژن و پیاوی کورد لە کولتورێکی نەخۆش دا تێدادەژین. "قەحبە" وشەیەکە کە "بۆ "بێپرینسیپی ئەخلاقی" بەکاردێ واتە کاتێک کەسێک لە نۆڕمەکانی دیاریکراوی کۆمەڵگا لابدا کە زۆربەی جار بە ژن دەوترێ. بەڵام پرسیار ئەوەیە کە خودی ئەو "ئەخلاقە" کێ دیاریدەکا؟ بۆ ئەو نۆڕمانە بۆ پیاو هێندێک خەت و نیشانی کورتەباڵای هەیە و بۆ ژن هێندێکیتر؟ بۆ ئەگەر کوڕێک بە مۆبایل لەگەڵ کچێک قسەبکا "پیاوە" و هەمان کچ "قەحبە"؟ بۆ ئەگەر پیاوانی پارەداری کورد سێکس بکرن "قەحبە" نین بەڵام ژنی لەشفرۆش کە بۆ خۆبەخێکردن ئەو کارە دەکەن بێناموسن؟**

**"لەشفرۆش" هەمیشە "قەحبە" نییە واتە لەباری ئەخلاقییەوە سووک نییە، گەرچی خودی وشەی سووک و قەحبە**

جێگـای باسـن. زۆر جـار ئەو کەسـانە کە لەشفرۆشـی دەکەن ناچـارن بـۆ پەیـداکردنی نانێـک بـۆ منـداڵێان یـان بەخێـوکردنی خۆیـان لە کۆمەڵگـایەکی نائینسـانیدا ئەو کـارە بـکەن. ڕەنـگە کەسـانێک هەبـن کە برسـی نەبـن و پێیانخۆشبێ لەشفرۆشی بکەن بـۆ وێـنە بـۆ گەیشـتن بە ماشـێنێکی لـۆکس، بەڵام ئەوانە زۆر زۆر کەمن. کە تـازە لێرەشدا دەبێ نۆرمەکانی کۆمەڵگایەک کە ماشێنێکی لوکس و دارابوون دەکاتە پێوەر بخەینە ژێر ڕەخنە.

ئێمە دەبێ لە سەر دیاردەی لەشفرۆشی لە کۆمەڵگای کوردیدا و لە ئەدەبی کوردیدا زۆر کار بکەین. بۆ بە ژنێک کە لەشـی دەفرۆشـێ دەڵـێن قەحـبە بەڵام بەو پیـاوە کە سـێکس دەکـڕێ نـاڵێن قەحـبە. خۆتـان و خواتـان، کامیـان قەحبەترن؟ خۆ ئەگەر ئیمزاشی ناکەن کە ژنی کورد وەک قەحبە دەبێندرێت واتە وەک کەسێک کە هەمیشـە پـێ لە جەستە و ڕووحی دەندرێت و بەقەولی شاعیر خەنجەری لەسەر ئەوکە، چ ئەوکـی جەسـتەیی بـێ و چ ڕووحی. ئەوە لە کردەوەدا ئیمزا کراوە و پێویست بە ئیمزای سەر کاغەز ناکـا. بەڵام شـاعیر دەڵـی درۆ مەکەن و ئیمـزای کەن بـا وەک یاسا بکری چارەسەرییەکی بۆ ببینینەوە.

**باران - شاعیر دەڵێ**:

*دەگەڵ قۆنداغەی تفەنگی تۆ،*

*دەگەڵ بێ داهاتووییمان،*

*دەگەڵ بێوڵاتیمان،*

*دەگەڵ کیفی بەتاڵی قوتابخانەی قوتابییەکەم،*

*دەگەڵ دەرد،*

*دەگەڵ برین،*

*دەگەڵ ئاخ،*

*دەگەڵ خەونی خۆشییەکان،*

*دەستم تێکەڵ کردووە.*

*بمکووژە!*

*لە من قەحبەتر،*

*لە ژنی کورد قەحبەترت لێ هەڵناکەوێ.*

## بۆ لە ژنی کورد قەحبەتر نییە؟

لێرەدا شاعیر قامک لە سەر ڕاستیەک دادەنێ کە هەر ئینسانێکی ڕاستگۆ و دادپەروەر دەزانێ ئەمە حەقیقەتی ژیانی ژنی کوردە: ژنی کورد هەموو ڕۆژێک پێ لە سنوورەکانی خۆی دەنێ بەخاتری منداڵ، بەخاتری خاک، بەخاتری نەتەوە و تێکەڵاوی دەرد و مەینەتی خاک، نەتەوە و پیاو دەبێ، بەڵام پیاوی کورد بە جێگای ئەوە قەدری ئەو هەموو ڕەنج، لێبردووی و پاکییە بگرێ زیاتر پێ لە مافەکانی ژن دەنێ، جا چ لە بنەماڵەدا بێ چ لە ڕێکخراو و چ لە کۆمەڵگادا. شاعیر کاتێک دەڵێ "من قەحبەم" قامک لە سەر پارادۆکسێکی ژیانی ژنی کورد دادەنێ:

هەم باسی ئاگایی خۆی وەک ژن و هەم باسی ئەو دژایەتیە کە پیاوی کورد چۆن لە جەستەی ژن کەڵک وەردەگرێ بەڵام بە چاوی نزم چاوی لێدەکا.

ژنی کورد ئاگا بۆتەوە بەڵام زۆر جار لە ڕاستیدا وەک لەشفرۆشێک بەخاتری منداڵ، نەتەوە، خاک دیسان حازرە لەگەڵ ئەو کەسەی کە خۆشی ناوێ تێکەڵبێ بە هومێدی داهاتوویەکی باشتر. بەڵام هاوکات دەزانێ کە یان بە "شکست" دەگا یان خۆی لەناودەچێ و بە خوێنی خۆ ڕۆژێک ڕزگار دەبێ و یان لەو پرۆسەیەدا پیاو هاوکاری دەبێ بۆ ڕزگاری. دیارە کاتێک ژنی نووسەر دەڵێ من قەحبەم هەم دیفاع لە ژنانی لەشفرۆش وەک ئینسان دەکا، بێ ئەوە لەشفرۆشی بە کاری باش بزانێ، و هەم وەک نووسەر دەبێ لە باری" قورسی وشە کەمکاتەوە و مانایەکیتر بداتە وشە. کەمکردنی باری وشەکان و گەیاندنی پەیام ئەرکێکی چەتوونە و هەمیشە لە سەر شانی نووسەرە.
خاڵێکیتر ئەوەیە کە لە باسێکی ئەوها ئەستەمدایە کە کارەکتەری ئاڵۆز و ڕاستەقینەی پیاو دەردەکەوێ و لە ژێر هیچ ناوێکی سیاسی و فێمینیستیدا ناتوانێ خۆی بشارێتەوە. ئەو ئاڵۆزیە تەنیا کاتێک ڕوونتر دەێتە بەرچاو و دەکرێ ئاسانتر بسەلمێندرێت کە پیاوانێک بڵێن دەست خۆش باران، حەقیقەتی کولتوری زاڵی ئێمە پیاوان ئەوەیە. ئەگینا بە بێ هاوکاری پیاوان بڕینی ئەم ڕێگایە واتە گەیشتن بە یەکسانی، زۆر دوور و دژوارتر دەبێ.
ئەگەر کاتم بێ خوێندنەوەیەکی دەقی "من قەحبەم" لە باری ئەدەبی فێمینیستیەوە دەکەم و هیوادارم کەسانیتریش خۆ لەو باسە گرینگە بدەن. بەس تا ئەو کات ماڵتان هەر ئاوابێ.

سەرچاوە: وێبلاگی پەراوێزی بیر - ڕێکەوتی: ٢٩ی نۆڤەمبەری ٢٠١٠

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١١ ، ٢٠١٢ و ٢٠١٣

# پشتیوانی لە دوو هەنگاوی پێویست

بارودۆخی ژنانی ڕۆژهەڵات لەمێژ ساڵە ئەوە دەخوازی کە ژنان و یەکسانیخوازانی چالاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەوری پلاتفۆرمێک کۆبنەوە و هەنگاوی هاوبەش بۆ گەیشتن بە مافەکانی ژنان و کۆمەلگایەکی یەکسان هەلێنەوە، بەلام داخەکەم تا ئێستاش هەموو ئێمە یەکسانیخوازان نەمانتوانیوە کە لە دەوری چەند خاڵ کۆببینەوە و هاوکاری بەرچاوی یەکتری بکەین. هۆیەکانی ئەمە دەتوانێ زۆر زۆر بێ، لەوانە: نزم بوونی ڕادەی ئاگایی لە ناو کۆمەلگا و ژنان دا، هەست نەکردن بە زەرورەتی بوونی پلاتفۆرمێک لە لایەن خودی ژنان و یەکسانیخوازن، باوەڕی زیدەی هێندێک لە ژنان و پیاوان بەوە کە حیزبەکانی سیاسی دەتوانن مافەکانی ژنان دابین بکەن، کاردانەوەی کولتور و رۆڵی پیاوسالاری و شەڕی دەسەلاتی ناو حیزبەکان لە سەر کاری ژنان، نەگونجاوی خودی ژنان هێندێک جار لەگەڵ یەکتر، نەبوونی ئیمکانات و فەزایەک بۆ هەنگاوی عەمەلی و زۆر خاڵی دیکە. هەروەها دەبێ ئیشارە بەوە بکرێ کە پێشتر ئەگەر هێندێک ژن بە ناوی "ژنی کورد" قسەیان دەکرد دەکەوتنە ژێر ڕەخنە و بەداخەوە زۆر جار هەمان قسەی کە لە زاری ژنێکی کورد دەهاتە دەر بە ئەندازەی ئەو قسە کە بۆ وێنە لە زاری ژنێکی فارس و یان پیاوێک دەهاتە دەر پشتیوانی لێنەدەکرا کە بگرە لە ژێر ناوی ناسیۆنالیزم و یان دژی پیاوبوون دەکوترا.

خۆشبەختانە لەو چەند ساڵەی دواییدا زۆربەی ژنان بە بیروڕای جیاواز، بەو ئاکامە گەیشتووین کە "وەک ژنی کورد" و وەک "یەکسانیخوازانی کورد" دەبێ لە "دەوری چەند خاڵێک" کە بتوانێ هەرچی زیاتر هێز و توانایی ژنان وەگەربخا، کێشەکانی ژنان بەرجەستە کاتەوە و ڕیگای چارەسەری درێژخایەنیان بۆ بدۆزێتەوە، کۆبنەوە و هاوکاری بکەین. لە چەند مانگی ڕابردوودا چەندین دەستپێشخەریمان لە لایەن ژنانەوە دیت کە دلخۆشمان دەکا بە هەنگاوی جیدی و عەمەلی بۆ گەیشتن بە ئاسۆیەکی ڕوون بۆ ژنی کورد، لەوانە:

*** گەلالەی پلاتفۆرمێکی هاوبەش لە لایەن ڕێکخراوی مافی ژنی کورد مافی مرۆڤ بلاو بووە،**

***هەواڵـی گرتنـی کۆنفرانسێکی ژنـانی ڕۆژهەڵات مـان بیست ، کە دەکـرێ ببێتە پـلەی یەکـم بـۆ هاوکـاری نێـوان یەکسانخوازانی ڕۆژهەڵات،**

***هاوکاری چاردە ژن لە کۆمیتەیەکدا لە ژێر نـاوی کۆمیتەی کەمپێنی پشتیوانی لە کەبودوەنـد بـۆ خـەڵاتی ئاشتی نۆبێلی ساڵی ۲۰۱۱. ئەو ژنانە بە کردەوە نیشانیاندا کە ژنان توانایی ئەوەیان هەیە کە بـۆ گەیشتن بـە ئـامانجی دژوار، هاوکاری یەکتری بکەن و هەنگاوی جیدی هەڵبگرن. هاوکاریەک لە سەر بنەمای ڕێز، بەشداری هەمەلایەنـە و ئامانجێکی هاوبەش.**

**جێگـای خۆیـەتی کە ئـاماژە بەوە بکـری کە لـە سـاڵانی ڕابردووشـدا چەنـد سیمینار و کۆنفرانسـی جیـا جیـای دیکـە گێـراون کـە زۆربـەی جـار زۆر لایـەن بـە بیـروڕای جیـاواز، چ لـە پانێلـەکان دا و چ وەک گـوێگر، بەشـدار بـوون و کەسانێکی سەربەخۆ و یان سەر بـە حیزبـەکان چالاکـانە و بە دڵفراوانـی لـە گفتوگۆکانـدا بەشدار بـوون. هـەمووی ئەمانە ئەوە دەستنیشاندەکەن کە کەش و هەوایەک بۆ دیالۆگ و بنەمایـەک بـۆ هاوکـاری لـە داهـاتوودا هەیە و چ لەوە باشتر کە بەردی ئەو بناخەیە لە لایەن خودی ژنانی کوردەوە دابندرێت و من بەش بە حـاڵی خـۆم سـەرجەمی ئەو هەنگاوانە بە کارێکی باش دەزانم و پشتیوانی لە هەموو جۆرە هاوکاریـەک بـە گشـتی دەکەم و بـە تـایبـەتیش پێموایە کە**

**۱- نـاوەرۆکی پلاتفۆرمی پێشنیارکراوی ڕێکخـراوی مـافی ژنـی کـورد مـافی مرۆڤ بـۆ ئەوە دەبـێ کە ببێـتە کەرەسـەی بەرنامەیەک بۆ هاوکاری لە دەوری چەند خاڵێک، ۲. کۆنفرانسی ژنانی ڕۆژهەڵات کە زۆربەی لایەنەکان و چەندین کەسی سەربەخۆش لەو کۆنفرانسەدا بەشدارن دەتوانێ ببێتە سەرەتـای هاوکاری زیـاتر لە کردەوەدا.**

**لە دوو بابەتە زیاتر شی دەکەمەوە.**

***۱- پلاتفۆرمی پێشنیارکراو هەڵگری چ تـایبەتمەندییەکە؟**

**بەڕیزانی نووسەری ئەو پلاتفۆرمە باوەڕییان وایە کە یەکگرتن لە سەر چەند خاڵی سەرەکی پێشمەرجی یەکەمە بۆ هاوکاری. ئەوان ئاماژە بەوە دەکەن کە پێشنیارەکان بـۆ چارەسـەریەکان ڕەنگە جیـاواز بن بەڵام ڕێگـا بـۆ دیـالۆگ دەکەنەوە و پێیان وا نییە کە قسەی ئـاخر دەبـێ ئەوان بیکەن و بـانگەشـەی هەموو لایەنێک دەکەن بـۆ هاوکـاری. واتە بایەخ دەدەنە: دەست نیشانکردنی گرفتەکان و داوای هاوکاری هەمە لایەنە بۆ هاوکاری لە دەوری چەند خاڵ.**

گەلالەکە هەمان سات کە دەستنیشانی هەبوونی بیروڕای جیاواز دەکا پێ لەسەر ئەوەش دادەگرێ کە گرفتی هاوبەش ژنانی کورد بە یەکەوە گرێ دەدا و دەبێ لە ڕێگای دیالۆگ بە هاوکاری بگەین. نووسەرانی ئەو پلاتفۆرمە بۆ چارەسەری کێشەکانی ژنان قامک دەخەنە سەر ئەوە کە بە هاوکاری لایەنە جیاوازەکان و پلاتفۆرمێکی گشتی کە کۆمەڵێ خاڵی هاوبەش بگرێتەوە خۆ، دەکرێ سەرکەوتن وەدەست بێ.بە ڕای من ئەو بۆچوونە نوختە حەرەکەتێکی زۆر دروستە کە ژنانی کورد دەبێ لە چەند خاڵی گشتی و سەرەکی را هەنگاو بۆ هاوکاری زیاتر بنێنەوە جا چ لەوە باشتر کە هەوەڵ خاڵی هاوبەش هەمان ڕێکەوتنامەی جیهانی نەتەوە یەکگرتووەکان بێ کە دژی هەموو چەشنە هەلاواردنێکە لە بوارەکانی سیاسی، یاسایی، ئابووری، کۆمەلایەتی، کولتوری، مەدەنی کە لەسەر بنەمای جنسییەت بێ. ئەوە خاڵێکی سەرەکییە کە هەر ئێستا زۆربەی دەوڵەتان، ڕێکخراوەکانی سیاسی و مەدەنی لە پلان و کارەکانی خۆیاندا ڕەچاوی دەکەن.

## پرەنسیپ و هێڵی سەرەکی

*ئەو پلاتفۆرمە پێشنیارکراوە هەڵگری چەند پرەنسیپ و هێلی سەرەکی و گرینگە لەوانە:*

- هەر لە سەرەتاوە بە خاڵێکی زۆر ئەرێنی و حەق دەست پێدەکا واتە دوپاتەکردنەوەی ئەوە کە ژنان بەردەوام لە جووڵانەوەی چینایەتی و نەتەوەییدا بوون و بەم شێوەیە کەسایەتی و ڕەوایی ژنی کورد، خەباتی ژنی کورد بە تایبەت و هەموو کورد بە گشتی سەقامگیردەکا.
- بیرو هزری ئەو پلاتفۆرمە بەو ئاقارەدا دەروا کە چەند سیستێم وەک سەرچاوەی گرفتەکان ببینێ واتە سیستێمی پیاوسالاری ناوخۆیی، سیستێمی بالادەست کە نەتەوەی کوردی لە ژێردەستەیی دا ڕاگرتووە و ئەو تایبەتمەنییانە کە ڕژێمی کۆماری ئیسلامی هەڵگرێانە.

- قامک دەخاتە سەر ئەوە کە لایەنگرانی یەکسانی دەبێ هاوکات لە چەندین بواردا تێبکۆشن واتە هەروەک نووسەرانی پلاتفۆرمەکە باس دەکەن "خەبات بۆ دادپەروەری کۆمەلایەتی، خەبات دژی سیستێمی پیاوسالارانە، خەبات دژی بندەستی نەتەوەیی و خەبات دژی کولتوری کۆنەپەرەستانەی کۆماری ئیسلامی" دەبێ دەست لە ناو دەست پێکەوە بچێتە پێش.

**- سەرئەنجام نووسەرانی پلاتفۆرمەکە ئاماژە دەکەن کە خەبات لە دژی بندەستی ژنانی کورد ناکریت لە خەبات بۆ رزگاری لە ژێر بندەستی نەتەوەیی جیابکرێتەوە، بەڵام هاوکات پێداگرێکی ڕەوای پلاتفۆرم لە سەر ئەوەیە کە "سەروەری نەتەوەیی و رزگاری چینایەتی، خۆی لە خۆیدا دەستەبەرێک نین بۆ رزگاری ژنان." هەر بۆیە پێیانوایە کە "(..) دەبێ ویستی یەکسانی نێوان ژنان و پیاوان، ئاوێتەی ئەم خەباتانە (بێ) و بەم چەشنە ناوەرۆکیان دێمۆکراتیکتر (بکریت)".**

**- ئەو پلاتفۆرمە گرینگی دەداتە باری فیکری و کولتوری کە چلۆن بەردەوام ژن وەک جنس بەرهەم دێنێتەوە و وێنەی ژن لە خۆی دەبێتەوە بەشێک لە هۆکارەکانی ئەوە کە نایەکسانی چەندبارە بەرهەم بێتەوە. هەروەها گرینگی دەداتە بڵاو بوونەوەی زانیاری و پەروردەی ژنان، هەوڵدان بۆ ئەوە کە ژنان ببنە خاوەنی خوێندنەوی خۆیان لە ژیان، سیاسەت، کۆمەڵگا و کێشەکانی نەتەوەیی، جنسی، کولتوری و هەوڵدان بۆ هاتنەدەر لە نەخش و ڕۆڵەکانی نەریتی کە بەردەوام ژن وەک ژێردەستە چاو لێدەکا.**

## ناوەرۆکی گەڵاڵەی پێشنیارکراو

### *داواکاری و ناوەرۆکی پلاتفۆرمی پێشنیارکراو لە چەندین خاڵ دا کۆ کراوەتەوە:*

**- پلاتفۆرمی پێشنیارکراو پێکهێنانی دەوڵەتێکی سێکۆلار و سیستێمێکی دێمۆکراتیک وەک پێشمەرجێک دەبینێ بۆ بەدیهێنانی یەکسانی ژن و پیاو.**

**- پلاتفۆرم داوا دەکا کە ژن و پیاو لە دارشتنی چوارچێوەی سیاسی کۆمەڵگە و دەسەڵاتدا بەشداربن و لەبەرامبەر یاسادا یەکسان. هەروەها داوا دەکا کە "هەموو یاساکانی دژی ژن بنبڕ بکرێت و بۆ "بنبڕ کردنی ڕەفتارە کولتوریەکانی دژی ژنان، پاڵپشتی یاسایی ساز بکرێت."**

**- پلاتفۆرمی پێشنیارکراو داوادەکا کە "ئیمکاناتی کاریی یەکسان بۆ ژن و پیاو لە بازاری کاردا دابینبکرێت"، مافەکانی ئینسان وەک مافی جیابوونەوەی ئازادانە، دابەشکردنی یەکسانی داریی، مافی یەکسانی سەرپەرشتی منداڵ، بە ڕەسمی دەناسێ و هاوکات داوادەکا کە "بۆ بنبڕ کردنی ڕفتاری کۆمەڵایەتی کە مافەکانی ژن لە خێزاندا**

پێشێل دەکات"، هەوڵبدرێ.

سەرئەنجام بە ڕای من گرینگترین خاڵی ئەو پلاتفۆرمە کە تا ئێستا زۆر بە کەمی لە ناو پلاتفۆرمەکانی سیاسی و حیزبی و کولتوری کوردا باسی لێکراوە و یان ئەگەر باسیش کرابێ بە جیدی وەرنەگیراوە، باس لە سەر جەستەی ژنە کە دەبێ ژن خاوەنی جەستەی خۆی بێ. لە گەڵاڵەدا هاتووە کە: "بەشێکی زۆری رەفتاری دژبە ژن کە لە کۆمەڵگەدا راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پەسەندکراون، دەگەڕێنەوە سەر مافی ژن لەسەر جەستەی خۆی، کە [...] ئاوێتەی هێما، تێڕوانین، ڕەفتار و دامەزراوەکانی کۆمەڵگەن و بەرەنگار بوونەوەیان پێویستی بە دارشتنی پلانێکی درێژخایەن و ئاڵوگۆری بنەڕەتی و پاڵپشتی یاسایی هەیە کە دەبێ هەموو خانەکانی ژیانی رۆژانە بگرێتەوە".

## خاڵە لاوازەکانی پلاتفۆرمی پێشنیاری:

- ئەو پلاتفۆرمە لە لایەن تەنیا یەک ڕێکخراو و لە لایەن ژنانی چالاکی دەرەوەی وڵات نووسراوە، - هێشتا پشتیوانی یاسایی، دەوڵەتی، رۆشنبیران، حیزبەکان و سەرجەمی کوردی لە پشت نییە. چارەسەری ئەوش تەنیا بەوە دەکرێ کە پشتگیری زۆربەی خەڵکی کورد لە رۆژهەلات بە گشتی و پشتگیری هەمە لایەنەی رۆشنبیران، ڕێکخراوەکانی ژنان، ڕێکخراوە مەدنییەکان و حیزبەکانی بێتە پشت و خەڵک پێشنیاری خۆیان بۆ تەواوکردنی بنێرن.

- خاڵەکان هێشتا گشتین و دەبێ لە داهاتوودا بۆ وردکرنەوەی داواکاریەکان و هەرچی زیاتر دەقیقکردنی ماف و یاساکان هەوڵ بدرێ. دیارە ئەوش هەر دەگەڕێتەوە سەر ئەوە کە ئەمە هەوڵ هەنگاوە و لە داهاتوودا دەبێ کارناسانی یاسایی، سیاسی و کولتوری هاوکاری نووسەرانی پلاتفۆرمێکی هاوبەش بکەن.

- ئەو پلاتفۆرمە لە ناو دەق دا بە کورتی ئاماژە بە دوو چەمکی "ئازادی" و "ماف لە سەر جەستە" دەکا. بە ڕای من گەورەترین گرفتی ژنان هەر ڕاست و ڕاست ئەو دوو چەمکەیە. نووسەرانی پلاتفۆرم دەبێ زۆر ڕاشکاوانەتر و نەترسانەتر باس لە چەمکەکانی ئازادی بیروڕا و ئایین، ئازادی بەیان و قەڵەم، ئازادی بریار لە سەر جەستە بکەن و دەبێ هەر لە ئێستاوە بناخەی ئەو پلاتفۆرمە وا دابرێژێت کە لە داهاتوودا هیچ حیزبیکی چەکدار، هیچ گرووپێکێ ئایینی، بنەماڵە و مێرد و هیچ دەوڵەت و دەسەلاتێکی سیاسی نەتوانێ لەژێر پێیان بنێ و ڕێگا بۆ هیچ

تەفسیرێک نەمێنێتەوە کە بە دژی ئازادی ئینسانەکان و مافی ژنان بێ.

## گەڵاڵەی پێشنیارکراو دەبا حەتمەن هەڵگری ئەو دوو خاڵەش با:

- پێداگری لە سەر ئاشتی و دەستەبەر کردنی لە لایەن هەموو هێزەکانی چەکدار و هەوڵی بێوچان بۆ دابینکردنی تا خەلک بتوانێ لە کەش و هەوایەکی دوور لە زەبروزەنگ بە دەربڕینی ئازادانەی بیرورا، بۆ مافەکانی خۆیان هەوڵ بدەن،

- پێداگری لە سەر ئەوە کە بۆ دابینکردنی یاسا نابێ دەسەڵاتەکانی داهاتوو خۆیان مافەکانی سروشتی ئینسان بۆ وێنە لە ڕێگای زیندانی کردنی خەڵک بە هۆی بیرورا و یان ئێعدام لە ژێر پێ بنێن واتا دژایەتی لە گەڵ ئێعدام هەر لە ئێستاوە دەبێ لە لایەن هەموو ڕێکخراوەکانی ژنان پەسەند بکرێ.

- ریزبەندی خاڵەکان و ڕێزمانی نووسینەکە لە داهاتوودا دەبی زیاتر ڕێک وپێک بکرێ و سرنجی بدرێتێ.

### ٢. کۆنفرانسی ژنانی ڕۆژهەڵات

بۆ "کۆنفرانسی ژنانی رۆژهەڵات" دەتوانێ ببێتە هەنگاوی یەکەم بۆ هاوکاری و ساخبوونەوە لە سەر هێندێک خاڵ و بەوجۆرە دەتوانێ سەرکەوتوبێ؟ بە چەندین هۆ، لەوانە:

* لە سەر خاکی نیشتمان دەگیرێ و لە ڕۆژانی کۆنفرانس دا زۆربەی لایەنەکانی ناو و دەرەوە دەتوانن بەشدار بن،

* زۆربەی بەشداران تا ڕادەیەک بە کێشەکان ئاشنان و هوشیارێکی تا ڕادەیەکی باش لە ناو چالاکانی سیاسی و مەدەنی دا هەیە، هاوکات کە دەزانین گرفتەکانیش زۆرن،

* لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا بە گشتی لە زۆر کات و شوێن باس لەوە کراوە کە دەبێ هەموو لایەنەکان بەرەو هاوکاری بڕۆن و زۆربەی زۆری بەشداران بە هەستی هاوکاری هاتوونەتە مەیدان و دەچنە کۆنفرانس،

زۆر کەس وەک تاک پێیانوایە کە ئەگەر پرنسیپەکانی دیمۆکراسی، رووحی دیالۆگ و هاوکاری کاربکا، ئەوە کۆنفرانس شوێنێکی باشە کە هاوکاری لەوێرا دەست پێبکا،

***پلاتفۆرمێک بۆ هاوکاری پێشنیارکراوە کە دەکرێ کەڵکی لێ ورگیرێت.***

* کەسانێک جا چ حیزبی و چ سەربەخۆ لەو ساڵانە دا بەردەوام هەوڵییان داوە کە بە دڵفراوانی رێگای لێکنزیک بوونەوەی هێزەکان خۆشکەن و بە شداری چالاکی خۆیان لە هەموو شوێنەکان سنوورەکانی دەستکرد ڕادەن و ببنە پردیک بۆ هاوکاری.

* هەروەها بەشدارانی کۆنفرانس زۆربەیان پێشینەی کارکردنیان هەیە و ئەگەر بیانهەوێ دەتوانن ڕێگا بۆ هاوکاری خۆش بکەن و چارە سەری بۆ گرفتەکان بدۆزنەوە. ئەگەر زۆربەی بەشدارن لەو قەناعەتەدابن کە هاوکاری لە سەر خاڵی هاوبەش دەکرێ نەک لە سەر جیاوازی و جیاوازییەکان لە ڕادەی پێویست گەورەتر نەکرێت، ئەوە مەیدان، فەزا و کەرسەی پێویست بۆ هاوکاری لە ئارادایە.

***ڕەچاوگرتنی ئەو خاڵانە مەرجی سەرکەوتووی کۆنفرانس دەبێ:***

* بەشدارانی کۆنفرانس بە بیروڕای جیاواز کاتییان پێبدرێ کە باسەکانی خۆیان بێنە بەر تاووتوێ و تەنیا لایەنێکی سیاسی و یان فیکری دەست بە سەر کاری کۆنفرانس دا نەگرێ،
* هیچ لایەن و تاکە کەسێک بە خاتری بیروڕا لانەدرێ و حەزف نەکرێ،
* هەوڵبدرێ لە ڕێگای دیالۆگێکی سازندە و بە رووحی دیمۆکراسی کارەکان بچنە پێش،
* کۆنفرانس هەوڵبدا کە بۆ گەیشتن بە پلاتفۆرمێک یان چەند خاڵی هاوبەش کاربکا و پلاتفۆرمی پێشنیاری ڕێکخراوی مافی ژنی کورد مافی مرۆڤ بکرێتە ماتریاڵی باس بۆ گەیشتن بە پلاتفۆرمێکی هاوبەش، وهەموو لایەنەکان بتوانن بەو پلاتفۆرمە زیاد بکەن و یان گۆڕانکاری پێویستی تێدا بکرێت،
* کاربکرێ بۆ ئەوە کە ئەو کۆنفرانسە لە داهاتوودا بەردەوام بێ و ئەو لایەنانە کە بانگ نەکراون لە داهاتودا بانگبکرێن و یان ئەگەر خۆیان بەشدار نەبوون بزاندرێ کە هۆی بەشدارنەبوونیان چییە. بۆ ئەو مەبەستەش:
* دەستەیەکی کارگێر لە هەموو هێزەکان و بیروڕاکان پێک بێ تا هەوڵ بدا بۆ کۆنفرانسی داهاتوو،

* پرینسیپەکانی دیمۆکراسی لە کاردا لە سەر بنەمای پلاتفۆرمیکی هاوبەش ڕەچاو بگیرێت،

* کارەکان بە ئاشکرایی و ڕوون بچێتە پێش،

* لە هەموو ئەمانە گرینگتر ڕاستگۆیی و ویژدانی کاری دوور لە ڕەقابەتێکی ناساز و دژ بە ئەخلاق، پرەنسیپی سەرەکی هاوکاری نێوان لایەنەکان بێ.

لە ئاخردا ئەو باوەڕەم دووپات دەکەمەوە کە ژنان ئێستا تا ڕادەیەکی زۆر ئامادەی هاوکارین و لە کردەوەدا زۆر جار دڵفراوانییان لەخۆیان نیشانداوە. با هەموو پێکەوە ئەو دەرفەتە لە کیس نەدەین.

بە هیوای ڕۆژانێکی پڕ بەروبۆ، پڕ لە ڕووحی هاوکاری و ڕاستگۆیی

سەرچاوە: ویبلاگی پەراوێزی بیر - ڕێکەوتی: ٨ی ئەپریلی ٢٠١١

## بەیانی‌یان

*کە پڕەبم لە تاسە بۆ منداڵانی وڵات*
*بۆ گوڵاڵە سوورەی سەر شاخان*
*بۆ جریوەی کانیاوان*
*بۆ ئاوەنگ*
*بۆ خۆری ئاڵا*
*بەیانی‌یان کە پڕەبم لە نیشتمان*
*لە زێدێکی دوور*
*شەوان کە پڕەبم*
*لە بوغزی ناو گەروو*
*تروسکەی ئەستێرەی سەر چیام نابینم*

بەیانی، شەوان
ڕقم لە نیشتمان دەبیتەوە
تا بە سەر عەشقیدا زاڵ بم
نیشتمانێک کە هێندە بێدڵە
منداڵی خۆی تووردەدا....

سەرچاوە: وێبلاگی پەراوێزی بیر - ڕێکەوتی: ٩ی ئەپریلی ٢٠١١

## بۆ خوشکەکانم خاتوو ڕەخشەندە و یایی مرێم

ئەوە کە ئینسانێک لە دەوری کام خۆر دەسوڕێ و وێنەی خۆی لە ئاوێنەی کام ئەستێردا دەبینێ، هەرگیز لەمپەرێک نییە بۆ خۆشویستنی....

ئەو کات کە تولەنەمامەکانی شارخەرمان خەرمان لە پشت "کاخی جەوانان" لە خوێندا شەتڵدەکران
ئەو کات کە شار خاپوردەکرا
ئێوە کۆتری نامەبەری نەهێنییەکان
ماندوو و نەحەساوەشاخ و داختان کردە ماڵ...
ئێوە جانتای خەمەکانتان بە کۆڵ هەڵگرت و دێ بە دێ، شار بە شار و وڵات بە وڵات، غەریب، بوونە "شۆڕەبی شۆرەکات" ،
تا ڕێبواری تینووی لێوبەباری ماندوو لە ژێر سێبەرتان وەحەسێ*
ساڵ هاتن و ساڵ چوون
من چاوەڕوانی نیگار کێش و نووسەرێ...
کەس نەهات باڵای ڕەنجی ئێوە بە ڕەنگێکی سێحراوی بکێشێتەوە
شاعیرێک نەبوو تا شێعرەکانی خۆی بە سەربردەتان بنەخشێنێ

هیچ دوربینێک ژیانی ئێوە و هەزارانی وەک ئێوەی نەکردە بەڵگە، بۆ مناڵانی سبەینێ....

من لێرەوە، دووراودوور، جار نا جارێ

دوای هەر دیدارێکی شەرمنی دوورەپەرێز

خەمەکانی ئێوەم لە ئامێز گرت و لەگەڵ خۆم هێنامە ناو هێلانەکەم و وتم: ئەمڕۆ نا سبەی...

دیسان هەر کەس نەبوو قەڵەمی وەگەڕکەوێ

تا منی کۆڵەواری پەنجەشکاو، بە چەند وشەی قەتیس‌ماو و ژاکاو

نەیەم باسی شەپۆلەکانی زریای خەمی ئێوە بکەم

ئاخرمێرگی مێهربانی ئێوە کە سەرای بەیبوون و ڕێواس و گەزیزەیە

باڵای سەرفەرازتان کە هێلانەی مانگ و تەوارە

کوا بە من دەنەخشێ؟

کەی حەیرانی من دەتوانێ، پڕ بە دڵ، پێتان هەڵبڵێ؟

چاو لە فەڕشی ناتەواوی چندراوم کەن

هەیهات

کوا ئاوریشم، تا ڕێگای بڕیوی ئێوەی پێ بچندرێتەوە؟

هەیهات

ڕەنجی ساڵیانی ئێوە لە کۆ بە من کۆدەکرێتەوە؟

ئازیزەکانم!

ئێستاکە من

بە بارستای ڕەنج و تەمەنتان

کە شەوەزەنگ دەبڕێ

بە بارتەقای ڕوونی نیگا و دڵتان

سەر بۆ گەورەیتان دادەنوێنم

با هەناوی ئەو هەستە پەرێشانەم

تەنیا گوڵێک بێ بۆ بەرۆکی پڕ لە ڕازو دڵفراوانیتان

با ئەمڕۆ کرنۆش بەرم بۆ هەموو ئەو سات و کاتانە

کە "نا" تان وت بە نابەرابەری و نایەکسانی

*با ئەو دێرانە، تەنیا زەرەیەک بێ*
*لە ئەمەگداری من بۆ ئێوە*
*گەورە خوشکەکان!*

* لە شێعری "تۆ دەریامی"، نەمر سوارە ئیلخانی زادە وەرگیراوە

سەرچاوە: وێبلاگی پەراوێزی بیر - ڕێکەوتی: ٢٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠١١

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٢

## با ٨ی مارس تەنیا بەهانەیەک بێ بۆ پێداچوونەوەیێکی کورت

با ٨ی مارس تەنیا بەهانەیەک بێ بۆ پێداچوونەوەیێکی کورت بە هەموو نەهامەتیەکان کە دەست و پێ کۆمەڵگای گرتووە، ئەگەر ژن دەزانێ دەچەوسێتەوە بەڵام سیستیمی پیاوسالار و زۆربەی پیاوانمان نازانن کە ئەوە خۆیانن هەرەسدێنن یان دەزانن و سروشتی دەسەڵات تا ئێستا هەر ئەوەیە...

-----------------

لە زۆر جێگا دەنووسن و پێمدەڵێن کە ئێوە فێمینیستەکان دژی پیاون، تیئۆری ڕۆژئاوایی دێنە ناو وڵاتێک کە زۆری ماوە بگاتە ڕۆژئاوا و یان ئێوە لە ئورووپا را باسی کێشەکان دەکەن و ژنی کارامە بە تایبەت لەناو حیزبەکان دا نییە و بۆ ناچیتە ناو حیزبێک و هەوڵ نادەی...

پێمخۆشە باسەکە لە کەشوهەوای بیر و تیئۆری را بێنمە سەر زەوی و ژیانی ڕۆژانە، چونکە ژیانی ڕۆژانە باشترین

تێئۆری دەداتە دەست...

١. ئەگەر ئەو کۆمەڵگایە جیاوازە بۆ پیاوەکەش جیاوازە و هێستا فێری دیموکراسی ڕۆژئاوایی نەبووە، چاو لە مێژووکەمان بکە، و ئەگەر فێمینیزم دیاردەیەکی ڕۆژئاواییە، خۆ مارکسسیزم و لیبرالیزم و هتد... هی ڕۆژئاوان، بۆ پیاوەکانمان بۆ ئیدئۆلۆژیەکانی ڕۆژئاوایی کوردستانیان کردە مەیدانی تاقیکردنەوە بەڵام بۆ فێمینیستەکان ناشێ؟ بەداخەوە یان فێمینیزم زۆر ئاگایانە چەواشە دەکرێ و یان زۆر کەس خوێندنەوەی چەوتیان لە فێمینیزم هەیە. بۆ من فێمینیزم یانی یەکسانیخوازی و ئینسان لە دەرەوەی جنس دیتن.

ژن لە نێوان بوونێکی فیزیکی و جەستەیی و نەبوونێکی کۆمەڵایەتیدا دەژیت. ئەوەی راستی بێ من ئەوا بیردەکەمەوە کە پێکهاتەی کۆمەڵگای پیاوسالار لە سەر بناخەی زوڵم و لەپەڕاوێز هاویشتنی زۆربەی بێدەسەڵاتانە. واتە ئەم ئۆلگۆیە بۆ ئەوە ناشێ کە ببێتە ئیدەئالی یەکسانیخوازان. من پێموایە کە بە ڕوانگەیەکی "فراجنسیتی" واتە بانتر لە ژن - پیاو دەبێ بناخەیەکی هزری و هەستی و کۆمەڵاتی دیکە بەردەرێژ بکەین. ئارەزوی من ئەوەیە کە لە جەستە بێنە دەر و بۆ ئەوە لە جەستە رەها و ئازاد بین هیچ چارەیەکمان نییە جگە لەوە کە خودی "ڕوانگەمان بۆ سەر جەستە" بێنینە ژێر ڕەخنە. هەر کات ئینسانی کورد بەوە گەیشت کە "جەستەی ژن و پیاو مافی بەرامبەری هەیە" ئەو کات بە روانگەیەکی "فراجنسی" واتە تێرونینی بانتر لە جنس دەگەین و ئینسان نرخی ئینسانی خۆی وەردەگرێ.

٢- ئەگەر یەکسانی بە تەواوی لە ئوروپاش سەقامگیر نەبووە مانای ئەوە نییە کە جارێ لە کوردستان ڕاوەستین تا ڕۆژئاوا بە ئاکام دەگا و ئەو کات باسی کێشەکان بکەین.

٣- ئەوەی کە من یان کەسانێک لە دەرەوەی وڵاتین خۆ لە شەرعیەتی قسەکان کەم ناکاتەوە، هەڵبەت ئەگەر قسەکان حەقیان تێدابێ، و نابێتە شەرعیەت دان بە ئەوە کە کێشەی یەکسانی هەر بە خەڵکی ناوەوە گرێ دراوە.

٤- ئەوە کە ژنانی بە توانا لە ناو حیزبەکان دا زۆر نین، پێموانییە پیاواکانیش زۆر لە ژنەکان بە تواناترین، بەس بۆ پیاوەکان ڕەوایە و ژنەکان بەردەوام تواناییان دێتە ژێر پرسیار. ئەو ڕایە لە خۆیدا گرفتێکی هەیە و ئەویش ئەو پرسیارە دێنێتە پێش کە کۆمەڵگا و دەسەڵاتەکان کام بواری بۆ ژنان ڕەخساندووە و کام ئاسانکاری و

پەردووەردەی ساخی دارشتووە کە ژنان خۆ لە بەرپرسایەتی نەدزنەوە. بە پێچەوانە ژنان هەمیشە ئەستونگەی سەرەکی هەڵگرتنی باری کۆمەڵگا بوون و لە هەر کۆێ زەرە ئیمکانێک بووە ژنان کاریان کردووە و توانایی خۆیان نیشانداوە.

٥- ئەوە کە بۆ زۆر کەس ناچنە ناو حیزبێک و کار ناکەن، دەبێ بڵێم کە هەر کەس بە شێوەیەک کاردەکا و بە گوێرەی توانا و هێز هەوڵدەدا. شەرت نییە لە ناو حیزبێک دا ئەندام بی تا ئەو کات مافی ئەوت هەبێ وەک هاووڵاتییەک قسەی خۆت بکەی. ئازادی ڕاوبیر بۆ هەر شارومەندێکە و ڕوانگەی ئێمە بۆ "هەوڵدانی تاک" و "ماف" دەبێ بگۆڕێت.

با باسەکە دیسان بێنمە سەر ژیانی ڕۆژانە بۆ وینە لە پانتایی سیاسەتدا لەو ڕۆژانە ٧ کەس لە پلنۆمی حدک دا بوونە ڕاوێژکار کە هەر هەموویان پیاون. دیارە کە دەبێ هەڵبژاردنی هەر کەس بۆ هەر بەرپرسایەتییەک و بۆ هەر کارێکی حیزبی و غەیری حیزبی بە پێ توانایی بێ. بەڵام پرسیار ئەوەیە کە بۆ وێنە هەر لەو ٣٠ ساڵەی دوایی ژیانی کوردا چەند لە سەدی پیاوان بە پێی توانایی کارەکانیان پێ ئەسپێردراوە؟ ئەگەر بە پەیمانە بێ، ئەدی ئەو هەموو کەم و کۆڕییە چییە؟ کاتێک پیاوان بۆ هەر کارێک هەڵدەبژێردرێن کەس ناپرسێ ئەو پیاوانە بە توانان یا نا و شەرتی پیاوبوونیان گارانتییەوە بۆ کارکردنیان و کاتێک باس دەکرێ کە بۆ ژنان لە ناوەندەکانی دەسەڵات نین دەوترێ کە نابێ بە خاتری ژن بوون بێنە سەر کار و دەبێ بە پێ توانایی بێ، کە دیسان من لەگەڵ ئەوە هەم. بەڵام من باوەڕم وایە کە ژنان ئەگەر بە تواناتر نەبن ئەوە وەک پیاوان هەر دێنەوە و باوەڕم وایە ئەگەر ژنان زیاتر دەسەڵاتیان هەبا وەزعی حیزبەکانی ئێمە و وەزعی سیاسی کورد ئەوە نەبوو کە ئێستا هەیە.

حەق وایە ئەو پرسیارە زۆر بە جێدی بکرێت بە تایبەت پیاوان ئەو پرسیارە لە خۆیان بکەن کە چەند لە سەدی پیاوانی دەسەڵاتدار بە توانان؟ ئەگەر ئینسان بە سرنج و سەداقەتەوە باسەکان بێنێتە بەر باس، ڕەنگە ئەو کات نمرەیەکی زۆر باش بە خۆتان نەدەن. ئەگەر کۆمەڵگا "نیوەی بێ توانایە واتە ژنەکان" دەبا بێن و بیرێکی بۆ بکەینەوە و ئەگەر ئەو بۆچوونەی من کەمێک لە ڕاستی تێدابێ کە "زۆربەی پیاوانیشمان بێ توانان" ئەوە هەر دەبێ لە بناخەوە پیداچوونەوێکی تازەمان هەبێ لە سەر هەموو پراکتیک و چەمکەکان.....

سەرچاوە: وێبلاگی پەراوێزی بیر - ڕێکەوتی: ١٠ی مارچی ٢٠١٢

## کتێبی ئۆقیانووسێک لە تاوان

لێکۆلینەوەیەکی کۆمەڵایەتیە. ئەم کتێبە بەرئەنجامی کاری ئەزموونی تیمێکە کە تۆژینەوەی لە سەر دیاردەی لەشفرۆشی لە باشووری کوردستاندا کردووە.

*ستافی تۆژینەوەکە کاری خۆی بەو شێوە پێناسەدەکا:*

" ستافی تۆژینەوەکە توانیویانە تێکەڵەیەکی گرنگی کۆمەڵایەتیو زانستی تیۆری و مەیدانی لەم توێژنەوەیەدا بەرهەمبهێنن، ئەوەش لە نێوان توێژینەوەی کلاسیکیەوە تا دەگاتە بەکارهێنانی گراوندید تیۆری، کە یەکێکە لە تیۆریە نوێکان ...." (ل.١٧)

توێژینەوەکە وەک کارێکی مەیدانی بێلایەنانە کراوە، بەڵام ستافی توێژینەوە خۆی بە بێلایەن لە بەرامبەر ئەو دیاردەیەدا نابینێ و دەخوازێ "هەموو هۆکارو ڕێگاکانی ئەم گرفتە بە ڕێگەی توێژینەوەیەکی زانستی (دیاریکرێن) و چارەسەری گونجاوی بۆ (بدەۆزنەوە) و یان لایەنی کەم کۆمەڵە پێشنیار و ڕاسپاردەیەک (بخرێنە) بەردەست کاربەدەستان سەبارەت بەم کێشەیە لە کۆمەڵگاکەماندا." (ل. ٢١)

کتێبەکە باسی سرووشتی توێژینەوەکە و کۆسپ و گرفتەکانی دەکا و دواتر باسێک لە سەر بنەمایەکی تێئۆری بۆ دیاردەی لەشفرۆشی، دەربارەی سەرهەڵدانی لەشفرۆشی لە مێژوودا، لە سەر سێکسۆلۆگی و جۆرەکانی لەشفرۆشی و چەند ئامارێکی جیهانی سەبارەت بەو دیاردەیە، بنەما دەروونی - ئابووری - کولتوری و کۆمەڵایەتیەکانی لەشفرۆشی، دێنێتە ئاراوە. دواتر باسەکە لە سەر کاریگەریەکانی لەشفرۆشی لە سەر کۆمەڵ و مافی مرۆڤ دەڕوا. دواتر ڕاستیەکان لە زاری لەشفرۆشان ٨ کەس، لە زاری دەڵاڵەکان ٦ فرۆشگا و موشتەریەکان ٤ کەس، دەهێندرێنە بەرچاو.

کتێبەکە، لە سەر بنەمای وتوێژەکان، باسێک لە سەر تێئۆری و واقعی لەشفرۆشی لە کۆمەڵگای توێژینەوەکەدا وهەروەها دەروازەی لێکدانەوە و سەلماندنی گریمانەکان و باسێک لە سەر گۆڕانی کولتوورو مامەڵەکردن لەگەڵ

کێشەی لەشفرۆشی پێشکەشدەکا.

ئـاخر بەشی کتێبی ئۆقیانووسێک لـە تـاوان بـە کورتەیـەک لـە توێژنەوەکە و چەنـد پێشنیارو ڕاسپاردە کۆتـایی پێدێ.

-----

لێرەدا نامهەوێ باسی کەم و کورتییەکانی کتێبەکە وەک ڕێزمان و ڕێنووسی کتێبەکە، هەڵـەی چـاپ، هەڵبژاردنی هێندێک لە وشەکان، و یان باسی تێئۆریەکان و هتد بکەم. هەروەها نامهەوێ دووبارە قامک بخەمە سەر ئەو فاکت و گرفتانەش کە نووسەری کتێبەکە و یان ڕاویەکان لە زۆر شوێن ئاماژەی پێدەکەن. لەوانە:

١- نەبوونی سیتێمێکی زانستی پەروەردە لە کوردستان
٢- نـەبوونی ڕوانگەیـەکی ئینسـانی بـۆ دیتنـی کێشـەی لەشفرۆشـی و هـەروەها نێگـاتیڤ بـوونی ڕوانگـەی کۆمـەڵگای پیاوسالار سەبارەت بە جنسی مێ و دیتنی ئەو وەک سێکس
٣- نەبوونی شوێنی چاکسازی و ئاسانکاری بۆ ژیانێکی ئینسانی بۆ ئەو کچانە
٤- بـاری نالەبـاری ئابووری وڵات، فەقیری و بێدەرەتـانی هێندێک لە بنەماڵەکان و فرۆشتنی کچانی خۆیان
٥- ڕۆڵـی پۆلیس، زیندانەکان و دامودەزگای نـاو دەسەڵات و ساحێبانی پـارەی زۆر، کـە بـە گـوێرەی ئـەو کچانـە بـە حیمایەوە دەچنە لایان ویان لە ناو خۆدی زیندان کەڵکیان لێوەردەگرن
٦- کەموکووڕی ڕێکخراوەکانی ژنان
٧- ڕۆڵی نێگاتێڤی خۆدی ژنان لە پەرەسەندنی ئەو دیاردەیەدا
٨- کەڵکوەرگرتن لە کاناڵە ئاسمانییەکان بۆ پەرەسەندنی ئەم دیاردەیە
٩- پێوەندی ئەو کێشەیە بەو زوڵمە کە لە هەموو جیهاندا لە ژن دەکرێ و ژن لە بـازاری جیهانیـدا وەک سێکس و کەرەسە دەبیندرێ
١٠- دووبـلـمۆڕاڵی کەسـانێک بـە نـاو "ڕۆشـنبیر" کـە بـە کڕینـی سێکس، کـە بـە گـۆێرەی ڕاوییـەکان هێندێکیشـیان تەنانەت لـە تـیڤـییـەکان دەرکـەوتوون و یـان لـە نـاو کۆمـەڵگادا ناسـراون، لـە دەرئـەنجامی تێکۆشـانی ژنـان ئیتـر

ناتوانن ڕاستەوخۆ دژی مافی ژنان ڕاوەستن بەڵام بە شێوەیەکی دووفاقەیی کار دەکەن. نووسەر ئۆقیانووسێک لە تاوان ئەم ناتەباییە لە ڕوانگەی خۆیەوە بەم چەشنە دەردەبڕێ:

"... وەک یەکێک لە دەرئەنجامەکانی پێشکەوتنی ڕوشنبیری لە کوردستاندا داکۆکی و داوکاری لە مافەکانی ژنانیش چۆتە پێشەوە هەر بۆیە خەڵکانی ڕۆشنبیر ڕوبەڕووی شەرمێک، ڕووبەڕووی قسەی خۆیان دەبنەوە و ناچن ژنی دووەم و سێهەم بهێنن و پەنا دەبەنە بەر سێکسی نامەشروع کەلەخۆیدا هەرزانترە، کەم کێشەترە مەسئوولیەتیشان ناکەوێتە سەر... تەنانەت وەکو ڕوویەکی پێشکەوتنیش بە ئازادی سێکسی لەقەڵەمی دەدات ...."
لە تێبینیەکانی نووسەر(ل. ٣٣٣)

-----

ئەوەی کە هانی دام لە سەر ئەو کتێبە بنووسم، ٢ لاپەڕە لە سەرگوزەشتی تاڵی کچێکە کە چۆن لە ناو کۆمەڵگای کوردیدا وەک بەرخی قوربانی هەم بۆ شایی پیاوانی پۆڵدار دەبردرێت و هەم دەبێتە جەستەیەک بۆ سەنگسارکردنی لە ڕێگای وشە. لێرەوە دەبینین کە چۆن هێندێک بە ناو ئینسان، کە گەرچی ڕەنگە دەستیان لە هەزار تاواندا بووبێ، خۆیان لە ناو بازنەی بە ناو "ئەخلاق" و پارێزگاری لە ئەخلاق دا دەبیننەوە:

بەسەرهاتی چوارەم

ناو: ب. ر. ح

تەمەن: ١٩ ساڵ

دانیشتووی: شاری هەولێر

ماوەی لەشفرۆشی: ٥ ساڵ

ڕێگای فێربوون: لە ئەنجامی زەبروزەنگی باوکی و بە زۆر بەشوودانی پەرتەوازەی سەر شەقامەکان دەبێت. (ل. ١٦١)

دوای ٣١ لاپەرە بەسەرهات، (ب) باسی ڕۆژێک لە ڕۆژە تاڵەکانی ژیانی خۆیمان لە خەستەخانەیەک بۆ دەکا:

".... ئیتر ڕۆیشتم بۆ خەستەخانەی ولادە چونکە دەترسام زگم بێ دوو مانگا زیاتر بوو عادە نەبوو بووم. کە چووم

فەحسی میزیان لە بۆکردم و پرسیارو جواب ئیتر کەشف بووم زگم هەیە... لە ماڵی (دەلاڵەکان) ئەوەندەشیان ئیسفنج پێ هەڵگرتبووم هەمووی چوبووە ناو ڕەحمم، سۆنەریان لەبۆمکرد و تووش بووم... ئەوجا وتیان: "کوا مێردت؟ با بێت دەبێ عەمەلیات بکرێی... ئەتۆ رۆحمت شتی تێدایەو منداڵ لە زگت بە سێ مانگان مردووەو هەی هووووووو.

ئیتر گیرام، چ مێردم نیە... بابم نیە... زانیان وەڵلا هەر لەوێ گیرام و پۆلیسیان بۆکردمە حەرەس و عەمەلیان کردم... دوکتۆر هات وتی: "ناتانن چاوەڕێ کەن تا بابی دێ و ئیمزا دەکات ئەوە خەریکە دەمرێ بە خۆی با ئیمزا بکات"... بەلآن تۆ نازانی لەخەستەخانەی ئەو دکتۆرو سستەرە بێ حورمەتانە چ دەردێکیان دامێ پاشی ئەوەی زانیان ئەمن کەسم نییەو زگمیان پرکردوە... بڕوابکە ئەو عالەمەی... نەخۆشی سەر قەرەوێڵە... سستەر... فەڕاش.. دکتۆر... موزەفەکان و تەنانەت پۆلیسی بەر دەرگاکەش وەجبە وەجبە دەهاتن تەماشای منیان دەکرد سەیریان دەکردم و دەیان وت: " ئەوە کچە حیزەکەیە"... یەکێ دەهات و دەیوت: "قەحبە زگت لە کام قوندەرە بوو، بۆ قسەناکەی؟"... وای بابە ماڵە (دەلاڵەکان) زۆر خۆشتر بوو. ئەمنیش هاوارم دەکرد توخوا دەرزیەکی ئازارم لێدەن مردم... دکتۆرەکە دوو دەرزی بۆم نوسی کەچی سستەرەکە وتی: " بیدەم لە بەراز نایدەم لەتۆ، بافەسڵم کەن، تۆ بێ ئەخلاقی من شت بۆ بێئەخلاق ناکەم"، وای چەند قسەی ناشرینیان پێم وت... ئیتر منیش هاوارم کرد... هەزار جنێوم دا.... سەیردەکەم زیاد لە دەکەس هاتون ئیشارەت دەکەن و پێدەکەنن... فسکە فسک پیاوی دکتۆر و هەندێک نەخۆش، کانیۆلایان لە دەستابوو.... هاتبوون سەیری من بکەن... ئەمنیش پڕجنێوم کردن وتم چیتان دەوێ خۆتان (بێ ئەخلاقن) خۆ من سینەمانیم ئێوە وەها دێن تەماشام دەکەن من بۆ (بێ ئەخلاقم)؟ بە خۆتان (بێ ئەخلاقن) خۆ سەگ لەگەڵە من (سێکسی) نەکردووە مەگەر ئێوە خۆتان نین سوارمان دەبن؟ ئەی بۆ خۆتان (بێ ئەخلاق نین)؟... ئەوجا زگم ئاوسابوو کە ژنەکان قسەیان دەکردوو دەیان وت: "کچ بۆ مردن باشە، سەگت بێ کچت نەبێ کە بووت زینە بەچاڵی کەی.... ئەستەغفیرەڵلا؟"

ئەو شەوە هەموو عالەمەکە لە من بوونە خواو پێغەمبەرو موسڵمان.... مەگەر هەر پیاوی موسڵمان منیان فێرە (بێ ئەخلاقی) نەکرد خۆ پیاوی جولەکە و فەلە نەبوون... ئیتر ئەمن لەداخان هەند گریام شێت بووم هەزار جوێنم دا بەو خۆریانە. یەک کوڕ نازانم هاتبوو بۆ لای ژنەکەی سەری لێ بدات بەزەیی پێمدا هات ... وتی: " وازی لێ بهێنن خوادەزانێ ئەوە نەگبەتی نەبێت وای بەسەر نایەت خوا دایک و باوکی بگرێ کچ لەخۆڕا واناکات"...

منیش ئەوەندە زگم بەخۆم سوتا تێر گریام هاتە پێش لێم و وتی مەگری خوشکم خوا گەورەیە وەڵڵا (٢٥) هەزاری لەو پارە تازەیە پێدام لەگەڵ پاکەتێک دە سرو پەرداخێ.

بروابکە لە پاش عەمەلیات کە بەنج بەری دام چاوم کردەوە بەردەمی دەرکەی غورفەکە زیاد لە 100 کەس وەستابوون هەموو قسەیان بە من دەوت... وام دەزانی خەوە... یەک سعات هاواری قومێ ئاوم کرد یەک کەس پیی نەدام.... ((ئالێرەدا زۆر دەگریاو هەناسەی هەڵدەکێشاو بگرە زۆری ویست تا هەموو قسەکانی گێڕایەوە))... گوێم لێیان بوو دەیانوت: "با بمرێ... شالا خۆی بمردایە بەسەر زگکەیەوە... بۆ بژی ئەوە بێ ئەخلاقە". ئیتر پاشی پێنج ڕۆژ منیان مێنایە ئەو سجنەی هەر ڕۆژەی (دەلالێک) دێت... حاشا لەڕوت وەکی هەولێر، پێم دەرێن: "کەفیلت بۆ دەهێنم بەس دەبێ بێی لە ماڵی من ئەو ئیشەم لە بۆ بکەی"

(ل. ١٩٢-١٩٤)

-----

هەر ئینسانێکی خاوەن ویژدان بە خوێندنەوەی ئەو کتێبە، بە تایبەت بەڕای من ئەو چەند لاپەڕەیە، دادەچڵەکێ و ئینسان دەبێ لەخۆی بپرسێ : بۆ کۆمەڵگای ئێمە بەو ئاقارەدا دەڕوا؟ چۆن بەها بەنرخەکانی بەشەری بەو چەشنە لەژێر پێ دەندرێت؟

ئەوەندەی کە هەموومان دەزانین، دەبێ و دەبایە شوێنێکی وەک خەستەخانە، ئەو هێلانەیە بێ کە هەموو تاکێک، چ دۆست چ دوژمن، تێدا هەست بە ئارامی بکا و دوکتور و پەرستار و کارمەندانی، ئەرکەکانی ئینسانی خۆیان بەجێبگەێنن و هەوڵ بۆ پاراستنی ژیانی تاک بدەن. بەلام داخەکەم تەنانەت بیمارستانەکانی ئێمە ئەرکی ئینسانی خۆیان ناناسن و بەجێگەی ئەوە کە چەند ساتێک ئینسانێکی ماندووی وک (ب) تێدا وەحەسێ، دەبێتە دادگا و جەهەنەمێک. لێرە ئێکرانێکی سینما خەریکی نمایشی بەربەریتەکانی کۆمەڵگایە و تەنیا کەسانێک کە لە پەنجەکانی دەست تێپەڕ نابن، ئامادە نین لەو نمایشەدا هاوکاربن.

پەرستارێک کە دەبێ بە ئەرکی ئینسانی خۆی هەستێ، ڕۆڵی "پارێزەری ئەخلاقی" دەگێڕێ. خەڵکانێک کە ڕەنگە خۆیان نانیان لە زاری چەندان منداڵی سەغیر ساندبێ، ئەو کچە بە "بێئەخلاق و حیز" ناو دەبەن. هەر ئەو پیاوانە کە خۆیان ڕەنگە سێکسیان کڕیبێ لەوێ دەبنە ئەسحابە. لەو هەموو ئینسانە کە تەماشاچین، تەنیا یەک

ئینسان پەیدا دەبێ و دڵێ کە لێیگەڕێن. ڕەنگە گەورەترین گرفتی کۆمەڵگای ئێمە هەر ئەوەش بێ  کە زۆربەمان چاو لە گرفتەکان دەکەین و لە سەد کەسمان تەنیا یەک کەس دژی دیاردە نائینسانییەکان دەنگی هەڵدەبڕێ.

هەر بۆیە "حەقیقەت" هەر لە زاری خۆدی ئەو کچە دێتە دەر و لە ناو ئازار و تورەیدا دەڵێ: خۆتان (بێ ئەخلاقن)... خۆ سەگ لەگەڵە من (سێکسی) نەکردووە مەگەر ئێوە خۆتان نین سوارمان دەبن؟ ئەی بۆ خۆتان (بێ ئەخلاق نین)؟

هەر ئەو پیاوانە کە خۆیان کریاری سێکسن و هەر ئەو ژنانە کە جنسی ژن بە کەم دەبینن و لە ڕوانگەی ئەوان دەبێ کچان "زیندەبەچاڵ" کرێن، لێرەدا جۆرە دەسەڵاتێکی کولتووری و کۆمەڵایەتییان پێدەبەخشدەرێ بۆ تاوانبارکردنی لەشفرۆشێک و شاردنەوەی تاوانەکانی خۆیان.

ئەو کچە باس لەوە دەکا کە چەند بێپەنایە و تەنانەت کاتێک ئەو کچانە دەکەونەوە زیندانیش، دیسان دەڵالەکان لە ناو زینداندا تووشی لەشفرۆشیان دەکەنەوە و خۆ ئەگەریش وا نەبی ئەوە هەلومەرجێکی وایان نییە کە بتوانن ژیانێکی ئاسایان هەبێ. بەداخەوە پۆلیس و دامودەزگاکان، لەبری یارمەتیدان و پشتگیریان، وەک گەڵای پاییز بە دەستی تۆفان ڕەهایان دەکەن و هێندێکیان دەبنەوە بەشێک لەو کەسانە کە کەڵکی جنسی لەو کچانە وەردەگرن.

ڕاستێکی تاڵ ئەوەیە کە لەشفرۆشی، دیاردەیەکی جیهانیە و گرێدراوی بازار و ژنیش تا ئێستا هەر وەک جنس و سێکس دەبیندرێ تا ئینسانێکی بەرامبەر لە گەڵ پیاو. بەڵام دەکرێ قامک بخەینە سەر ئەوە کە لە هیچ وڵاتێکی پێشکەوتوودا، هەلوومەرجێکی ئەوا ناکەوێتە سەر ڕێگای کچێکی لەشفرۆشی ١٩ساڵانە، بەم شێوەیە لە خەستەخانەیەک.

*لە وڵاتانی پێشکەوتوو، گەرچی ژن وەک جنس دەبیندرێ و لەشفرۆشیش هەیە، ئەگەر ژنێکی لەشفرۆش داوای یارمەتی بکا هەرنەبێ:*

١- ئەو ئینسانە شاراوە دەمێنێ و ناوی نازرێ.

٢- ئەگەر بخوازێ ئۆرگانی یارمەتیدەر هەن کە یارمەتی پێویستی بدرێتێ.
٣- ئەگەر نەخۆش کەوێ، وەک هەر تاکێکیتر، کارمەندانی نەخۆشخانەکان، خزمەتەکانی پزشکی و ئینسانی خۆیان دەریغ ناکەن.
٤- ئەگەر منداڵی بێ، منداڵەکە، وەک منداڵێ هەمووی ئێمە، مافیەکانی ئینسانی پارێزراوە.

(زۆر خاڵیتر کە دەکرێ پسپۆرانی ئەو بابەتە کۆمەڵایەتییە قسەی لەسەر بکەن.)

***دوای چەند رۆژ تێپەڕبوون بە سەر خوێندنەوەی ئەو کتێبەدا، ئێستاش دەنگی (ب)م لە گوێدا دەزرینگێتەوە:***

"پاش عەمەلیات کە بەنج بەری دام چاوم کردەوە بەردەمی دەرکەی غورفەکە زیاد لە سەد کەس وەستابوون هەموو قسەیان بە من دەوت... وام دەزانی خەوە... یەک سعات هاواری قومێ ئاوم کرد یەک کەس پیی نەدا.

---------------

* شایانی باسە کە لە ساڵی ١٩٩٩وە، لە وڵاتی سوید، ئەو کەسانەی کە سێکس دەکڕن، تاوانبار دەناسرێن و سزادەدرێن، نەک لەشفرۆش.

سەرچاوە: تریبونی فێمینیستانی کورد - رێکەوتی: ١١ی مای ٢٠١٢

## پێداچوونەوەیەک بە سەر نووسینێک، "دوو چالاکوانی ژنی کوردی ناسراوە دیاربەکر لە ستۆکهۆڵم"

بە هۆی ئەو خۆشبینییە کە هەمە و هەر قسە و کارێکی باش بۆم جێگای پشتیوانی و رێزە، من لە نووسینێکی پێشتردا هەڵسەنگاندنێکم کرد لە چالاکییەکانی ژنانی باکووری کوردستان کە لێرەدا وێڕای پشتیوانی لە کارە باشەکان، هێندێک خاڵ بە نووسینەکەم زێدەدەکەم.

لە ٥ی مانگی مای ئەمساڵدا، فیغان کەپالان و گوڵتەن کیشناک بەداوەتی ژنانی حیزبی چەپی سوئد لە بەرنامەی "فۆرۆومی فێمینیستی"لە ستۆکۆڵم بەشدار بوون و باسی چالاکییەکانی ژنانیان لە باکوور کرد. من لە نووسینێکی پێشوومدا چالاکییەکانی ژنانی باکوورم بە نرخ دانا کە دیارە ئێستاش شێوەی کارییان لەو ناوچانە کە د.ت.پ. تێیدا چالاکە و توانیویانە کارگەلێک بکەن بە نرخ دەزانم، بە تایبەت ئەوەکە هەر بڕیارێک تا بە تەسویبی ژنان نەگا، جێگای ئیعتیبارنییە و لە ناوچەکانی سەر بە د.ت.پ. ڕادەی کوژرانی ژنان لە ژێرناوی "ناموس" تا ڕادەیەکی زۆر دابەزیوە.

بەڵام کۆنگرەی نەتەوەی ژنانی کورد لە هەولێر بەداخەوە دیسان ئەوەی وەدەرخست کە ژنانی کورد بە گشتی، لە باکوور، لە باشوور و ڕۆژهەڵات ئێستاش مافەکانی ژنان دەخەنە پەڕاویزی کێشەکانی نێوان حیزبەکان. تازەترین نمونە ٢٢ی مانگی مای ژنانی باکوور و باشوور لە کۆنفڕاسنێکی دووڕۆژەدا لە هەولێر بەشدارییان کرد. ئەو کۆنفرانسە چەند ڕۆژ پێشتر لە لایەن ژنانی سەر بە هەشت حیزبی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بایکۆت کرا. هۆی ئەو بایکۆتکردنە لە ڕاگەیندراوێکی هاوبەشدا ڕوونکراوەتەوە.

ئەوەی کە بۆ من جێگای سرنجە ئەوەیە کە چۆن ژنانی کورد لە ژێر ناوی کۆنگرەی نەتەوەیی دا هەڵگری هەمان ئاجێندای حیزبەکانی خۆیانن. دیار و ڕوونە کە ژنی کورد دەبێ لەسەر باسەکانی سەبارەت بە چارەنووسی نەتەوە و بارودۆخی حیزبەکان ڕای خۆیان دەربڕن، بەڵام ئەوی کە لە کۆنگرەی هەولێر ڕوویدا، لە ڕاستیدا کێبەرکێ حیزبەکان بوو کە لە ژێر ناوی کۆنگرەی ژنان دا خۆی دەنواند. ئەگینا چۆنە کە ژنانی باکوور بە خاتری ئەوە کە خاڵێک تەرخان نەکراوە بۆ کێشەی بەڕێز ئۆجەلان، کێشەکانی ژنان لەبیردەکەن و هۆڵ جێدەهێڵن. ئاخۆ بۆ ژنانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات بە خاتری هێندێک هۆ، تەنانەت ئەگەر داوکانیان حەقیش بووبێ، کۆنگرە بایکۆت دەکەن؟ ئەگەر کێشەی حیزبەکانی باکوور و ڕۆژهەڵات سایەی نەخستبێتە سەر ئەو بڕیارانە؟ چۆنە کە ژنان هەمان مێتوودی حیزبەکان بۆ تەریک خستنی یەکتر لە ئاخرساتەکان دەگرنە پێش؟ ئایا دیالۆگ سەرەڕای بیروڕای جیاواز و کۆبوونەوە لە دەوری خاڵی هاوبەش هێندە نامومکینە؟

بەداخەوە ئەو کۆنگرانە کە لە ناو وڵات و لە ژێر کاریگەری حیزبەکان و بە یارمەتی ماڵی ئەوان پێکهات و پێکدێ هەرگیز ناتوانێ ئەو جۆرە کە پێویستە کێشەکانی ژنان بکەنە ئاجێندای خۆیان و سەربەخۆ و دوور لە کێشەی حیزبەکان بڕیاری هاوکاری و خەباتی هاوبەش بدەن.

ژنانی کورد و ژنانی هەموو حیزبەکانی کوردی، تا ئێستا، روو بەدەرەوە و لە سەفەرەکانی نێونەتەوەیی دا سیمایەکی فێمینستیانە و یەکسانخوازانە لەخۆیان نیشاندەن لە کاتێکدا لە ناو خۆ ئەوەی کە بڕیاردەرە، داکۆکی لە مافەکانی ژنان نییە بەڵکو بەرژەوەندی حیزبەکان دەبێتە خاڵی بڕیاردەر بۆ چۆنێتی مامڵەکردنییان لەگەڵ یەکتر. ئەگەرچی زۆر جار خودی ئەو بەرژەوەندییانە نە لە خزمەت ژنان و نە لە خزمەت نەتەوەدایە.

دیارە هەر ئەوەکە ژنان لە دیاربەکر و هەولێر لە دەوری یەک کۆدەبنەوە هەنگاویکی یەکجار گەورەیە کە هەڵگیراون بەڵام هێستا، تا کۆکردنەوەی هێزی ژنان بۆ دابینکردنی مافەکانی رەوا و ئینسانی ژنان زۆر کەندوکۆسپ هەن کە دەبێ بە ئارامی و دڵفراوانی و دیاکۆگ رێگاچارەیان بۆ بدۆزرێتەوە. هەوەڵێن رێگاچارە، گەیشتنی هەموو رێکخراوەکانی ژنان و چالاکان بەو قەناعەتەیە کە دەبێ لە دەرەوەی ئاجێندای حیزبەکان و کێشەی نێوان ئەوان، ژنان خۆیان بە پلاتفۆرمیکی هاوبەش و دیالۆگی خۆشکانە، ئاجێندای ژنان برنە پێش.

سەرچاوە: وێبلاگی پەراوێزی بیر - رێکەوتی: ٢٧ی جانێوێری ٢٠١٢

## زمان و دەسەڵات

### لەگەڵ سلاوێکی گەرم بۆ خوێنەران

من ئەمرۆ لەگەڵ برادەرێک هەر ئاوا خۆبەخۆ باسی ئەم قسانەی کاک سلێمانمان بوو کە

رووداوێکی زەمانی دکتۆر قاسملووی بۆ گێرامەوە رۆژێکیان پێشمەرگەییەک بێحورمەتی بە دکتۆر قاسملوو دەکا و بازداشتی دەکەن شەهیدی نەمر رەگوزەر بەوێ دادێت و دەپرسێت بۆ یەم برادەرە لەبازداشت داییە بردەران دەڵێن ئەم برادەرە بێحورمەتی بەجەنابت کردووە شەهیدی نەمر دەفەرمێت کە بێحورمەتی بەمن کردووە یان بەحیزب لەجواب دادەڵێن بەجەنابت دکتۆر قاسملوو دەڵێت هەرئێستا ئازادی کەن ئەگەربێ حورمەتی بەمن کردووە دەی بەخشم بەڵام بێ حورمەتی بەحیزب کردباییە نەم دەبەخشی.

**باشە بەچەندین کەس هەن کە بێ حوورمەتی بەحیزب دەکەن بۆبۆوان هیچ سەزاییەک نییە.**

*پەندێکی پێشینیان هەییە کەدەڵێت:*

*بزن هەمیشە قووزی بەدیارەوە*
*رۆژێک چاوی بەئی مەر کەوت لێی لەهەڵا دەدەات*

**جامەبەست بۆخۆتان حاڵین من هیچ دفاع لەکاک سلێمان ناکەم بەخوانەدیومە ونەناسیومە بەلام ...**

**سەرچاوە: http://rojhelattimes.org/read.php?id=4903**

**ئەم بۆچوونەوە لە ژێر بابەتێک بە ناوی "داوای لێبوردن و روونکردنەوەیەک سەبارەت بە قسەکانم" لە سایتی رۆژهەلات تایمز لە مانگی فورییەی ئەمساڵ ٢٠١٢ داندراوە. ئەو بابەتە بەدوای کێشەیەک کە لە نێوان ئەندامانی**

**دوو باڵی حیزبی دێموکرات روویداوە، نووسراوە. بە پێ هێندێک باتەتی دیکە لە سەر هەمان سایت و بۆچوونەکان، وادیارە کە لە ژورێکی پاڵتاکی لە نێوان دوو کەسدا شەڕەجنێوێکی سیاسی و توهین بە شەهید د.قاسملو روودەدا و دواتر کێشەکە بە سایتەکانیش دەکێشرێت. ئەوە کە لە پاڵتاڵک چی روویداوە جێگای باسی ئەو بابەتە نییە. بەلام ئەوەی جێگای باسی ئەو نووسراوەیە ئەوەیە کە چۆن ژن و سێکسوالیتێتی ژنانە دەبێتە کەرەسەیەک لە نێوان شەڕەدووندووکەی پیاوان لە پانتایی سیاسەتدا. ئەو بۆچوونە لە چەند روانگەوە جێگای سرنجە: کێشەکانی پیاوان و دەسەلات بە سێکسوالیتێتی ژنانەوە گرێ دەدرێن لە کاتیکدا ژنان لە ناو کێشەکەدا نین گرفت و عەیبی پیاو بە سێکسوالیتێتی ژنانەوە دادەپۆشرێ پێوەندی زمان، سێکسوالیتێت و دەسەلات لە کاتێکدا هەموو بکەرانی رووداو پیاون.**

## زمان و دەسەلات

**زمان سیستێمێکە لە نێوان ئینسانەکان بۆ پێوەندی و ئینسان لە منداڵییەوە لە ساڵانی هەوەڵی ژیان فێری دەبێ. قسەکردن، ئیشارە و یا نووسین هەموویان دەتوانن هەڵگری پێوەندیەکانی زمانی بن. لە ڕێگای زمانەوەیە کە**

ئینسان بیرەکانی دێنیتە سەر زار و دەیانناسێنێ و شتی کۆنکرێت، چەمک و مەبەستەکان، ئیدە وهەڵسووکەوتەکان بەشێکن لە توانایی "شناختی" ئینسان.(١) زمان نە تەنیا "ئامرازی پێوەندی"یە کە خۆی دەبێتە ئەو کاناڵە کە هەموو ڕووداوەکان بە ڕاستا و بە ئیمکانی ئەو فرموولەدەکرێن و دەبێنە پێوانەی بوون و نەبوونی هەموو بیرەکان لە پانتای ژیاندا.

کارین فرانسێن باس لەوە دەکا کە پێکهاتەی دەسەڵات لە هەوەڵەوە بە مانای ژێردەستبوونی ژنە کە ئەوە بەو مانایەیە کە سەلیقە و زەوق، حەقیقەت و جوانی لە بناخەوە لەلایەن پیاوەوە مانا دەکرێ.(٢) هەروەها کاتێک فۆکۆ چەمکی دەسەڵات تەوسیف دەکا، نیشان دەدا کە چۆن دەسەڵات پێناسەی کەسایەتی دروست دەکا. بە بڕوای فۆکۆ ئایدێنتیتی لە پرۆسەی کۆمەڵایەتی- سیاسی دا شکل دەگرێ. لە سیستێمی پیاوسالاردا ئەمە بەم مانایەیە کە نەتەنیا پێکهاتەی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی ڕەوایی بە بندەستی ژن دەبەخشی، بەڵکو زمان، ڕوانین و هەڵسوکەوت و جیهانی بیر و ئەندێشەمان لە ژێر کاریگەری دەسەڵات - دەسەلاتەکانە.

بەکارهێنانی وشەکانی پێوەندیدار بە سێکسوالێتە لە "حەوزەی گشتی" لە لایەن پیاوانەوە چ بۆ سەرکوتکردنی بەرامبەر و چ بۆ تەنز و شۆخی و چ لە شێعر و ئەدەب و چ لە دونیای سیاسەتدا، ئیزنی کۆمەڵگای لەسەرە. بەڵام هەرگیز ژنان ناتوانن بێن و لە حەوزەی گشتیدا ئەو وشانە بەکار بێنن. سێکسوالیتەو وشەکانی پێوەندیدار تابویەکە کە سنوورەکانی ئاخافتن و ئاکاری ژنان دەستنیشاندەدەکەن. نەک هەر ژنێکی ئاسایی کە بگرە ژنێکی چالاکی سیاسی کورد ناتوانێ بێت و لە سەر سایت و دەزگایەکی ڕاگەیاندن لەو وشانە کەڵک وەربگرێ. باس لە باشی یان خەراپی کەڵکوەرگرتن نییە کە هەمووماں لەسەر ئەوە کۆکین کە کەڵکوەرگرتن لەو وشانە بۆ بە لاڕێبردن و شێواندنی ڕێگاچارەسەری گرفتەکان شیاو نییە. بەڵام پرسیار ئەوەیە کە بۆ پیاوان دەتوانن بێگرفت و بێ ئەوە بترسن ئەو کارە بکەن. ئەوە کام دەسەڵاتە کە ئەوان لەدەستیان دایە؟

لە سی ساڵی ڕابردوودا کە ئێمە خۆمان شاهیدی زیندووی ڕووداوەکانین، بە سەدان جار دیومانە کە پیاوان لە کاتی شەڕە حیزب و شەرە ئیدئۆلۆژی، دایک، ژن و خوشکی یەکتریان داوتە بە پلار، یان بۆ گەیاندنی مەبەست لە پەندی پێشینیان کە زۆربەی جار بۆنی سێکسوالیتێتی لێوەدێ کەڵکیان وەرگرتووە. وێنەی بۆچوونێک کە لە ڕۆژهەڵاتتایمزدا هاتووە، نیشاندەدا کە پیاوی سیاسیکار، ئاگایانە و یان نائاگایانە، بۆ بەراوەردکردنی دوو لابالی کێشەیەک لە سێکسوالیتێکی ژنانە کەلک وەردەگرێ وعەیبەکانی بەرامبەر بە ڕووتی بزنێکی مێ کە بە هۆی

سروشتییەوە مێینەیی دیارە دەشوبهێنێ. ئەگەر بمانهەوەی بە هەمان زمانی پیاوانە، ڕاستی گرفتەکە لێکبدەینەوە باشتر وابوو بووتری "بزن هەمیشە گونی بەدیارەوە بوو، ڕۆژێک چاوی بە هی مەڕکەوت لێی لەهەلادا" چونکە لە ڕاستیدا ئەوە پیاوانن کە خاوەنی کێشەکەن نەک ژنان. دیارە بەراوەردکردنی کێشەکان لە ڕوانگەی سێکسوالیتێتەوە لە لایەن پیاوانەوە بە تایبەت لە دەرەوەی سێکسوالیتیتی پیاوانە، جۆرێک لە بە نزم نرخاندنی کێشەکانە.

کاتێک کێشەیەک بە ئەندامی زایەندەیی مێینە دەشوبهێندرێ، لەشی پیاو یاخۆ ناوناهێندرێت و یان بە گرینگتر لە لەشی مێینە سەیری دەکرێت. لەشی مێینە ئەگەر بەدیارەوە بێ، جیگای شوورەییە و تا ئێستا نەبیستراوە کە ئەندامی پیاو بۆ شورەیی و بەکەم دیتنی لایەنی بەرامبەر وەک شوبهاندن بەکارهاتبێ. بەکارهێنانی تەنیا کاتیکە کە پیاو بکەر/ سابجێکتە کە بەرنگار دەبێتەوە و یان کاریک ئەنجامدەدا. ئەو کات هیچ جێگای شەرم نابێ ئەگەر پیاوەکە بلێ "دایکت/خوشکت/ ژنت..." چونکە ئەو کارە بۆ پیاو دەشێ و ئەو زمانە جۆرێک بەکار هێنانی دەسەلاتە.

هەروەک وترا ڕۆڵی تاک لە کۆمەڵدا، ئاکامی پرۆسەیەکی سیاسی کولتورییە کە لەڕێگای زمانەوە بەرهەم دێتەوە. هەمووومان بە جۆرێک بەرهەمی پراکتیزەکردنی دەسەلاتین. زمان لە مێژووی ئینسانیدا وەک ئامرازی سەرەکی پێوەندی لە گەمارۆ و دەسەلاتی پیاواندا بووە و لەو سۆنگەوە، ئەو جۆرە بۆچوونانە کە لە سایتەکاندا دەبیندرێن، دیاردەیەکی کاتی و بە هەڵکەوت نین و پیاوی خاوەن زمان دەتوانێ هەر وشەیەک هەر جۆر کە بخوازێ بەکار بێنێ. پیاوان دەتوانن لە ماڵ، لە بازار، لە میدیا و هتد، بێ پەروا و ترس، لە وشەکان ئەو جۆرە کە مەبەستیانە کەڵک وەردەگرن. بۆیە زۆربەی جار لە شەقامێک و یان شوێنێک کاتی شەڕ لە نێوان دوو پیاودا دەبینین کە جنێو بە دایک و خوشکی یەکتردان هەوەڵین مەیدانی شەر و تاقیکردنەوەی هێزەکەیانە. پیاو دەتوانێ ژنانی بنەماڵەی بەرامبەر بکاتە سێکس ئۆبجێکت کە بە کەیفی خۆی پەلاماریان دەداتێ. پەلامارخستن بۆ سەر "جنس"ی ژنانی بنەماڵەی بەرامبەر وەک پەلامارخستنە بۆ سەر شەرەف، ئایدێنتیتی و هەموو "بوون" ی حەریف. شکانی پیاو لە ڕێگای زەفەربرن بۆ جنسی ژنانی بنەماڵەکەی هەستانەوە لێی گەڵێک چەتوونە.

1. http://sv.wikipedia.org/wiki/Spr%C3%A5k

.2. Aiolos, Det sköna. Nr. 25-26. 2005

سەرچاوە: وێبلاگی پەراوێزی بیر - ڕێکەوتی: ١٢ی فێبریوێری ٢٠١٢

## یادداشتێکی ڕۆژانەی ژنێکی بە ڕواڵەت فێمینیست

بەیانییە و تازە لە خەو هەستاوم. مێشکم پڕن لەو بیرانە کە ماویەکە دێن و دەچن و دەبێ کاتێکیان بۆ بدوزمەوە کە بیانهێنمە سەر کاغەز... بێحەوسەلە بەرەو کار دەڕۆم. سەرما هەموو گیانم دەێشێنێ....

لە ناو قەتاردا بیر لەوە دەکەمەوە کە ئایا نەدەکرا وەک بەشەران وڵاتێکمان هەبا، ئازاد، و هەر ئەو کارەی کە لێرە دەیکەین لە وڵاتی خۆمان کردبامان، لەگەڵ خەڵکی خۆمان، بە زمانی خۆمان و بەردێکمان لەسەر بەردێک دانابا... یان وەک شارومەندێکی ئاسایی ژیانمان بردباسەر...

لەسەر کار وەک هەر کەسی دیکە هەوڵدەدەم کە ئەرکەکانم بە ئەنجام بگەیێنم.... کاری دەرەوە زۆربەی کاتی من، وەک هی هەموو خەڵکانی دیکە، دەخوا. لە هەشتی بەیانی تا پێنجی ئێوارە... لەو ڕۆژانەدا لە سەر کار باسی ئەوە بوو کە بۆ هاوکارە پیاوەکان مانگانە مووچەی زیاتر وەردەگرن.... هههمم

ئێوارە ماندوو دەگەڕێمەوە ماڵ. دەڵێی جندۆکە کایەیان لە ماڵدا کردووە. جل و بەرگ لەوبەر و ئەوبەر فڕێ دراون. قاپ نەشۆراون، کاغەز و ڕێکلام لە سەر میزەکان پڕش و بڵاون.... ئاخر مێردەکەم دەبێ هەموو کاغەزەکانی لەبەر دەست بێ، تەنانەت ڕێکلام... وەک هەموو پیاوانی دیکە....

بە خۆم دەڵێم ئای سەرمایەداری، چۆن ژنت هێنا ناو بازاڕی کار... لە خۆم دەپرسم ئەرێ ئەوە کامە فێمینیستی پارەدار بوو وتی ژن دەبێ لە دەرەوەش کاربکا؟ ڕاستە کە بە حەق لەبیری ژناندابووە کە لە باری ئابوورییەوە لەسەر پێی خۆیان ڕاوەستن و کەسایەتییان نەکەوێتە ژێر سێبەری پیاو.... بیر لە دایکم دەکەمەوە کە ئەگەر لە باری ئابوورییەوە دەستی بە شوێنێک ڕاگەیشتبا ڕەنگە مەجبور نەبا کە شوبکاتەوە... تووڕە لەو فێمینیستە فەقیرە، بە بزەیەکی تاڵەوە دەڵێم کە ئەو فێمینیستە نەیدەزانی کە تا ۱۰۰۰ساڵی دیکە ژن ئەگەر کاری دەرەوەش بکا دیسان کاری ماڵی لەسەر شانە و کاتی بۆ خۆپێگەیاندن کەمە... ڕۆژنامەکان بۆ هەشتی مارس نووسیبوویان کە ۸۰% خەڵک دەڵێن کە هێشتا یەکسان نین... دیسان دەپرسم دی ئەوە کامەمان بوو وتی با

پیاوانیش بێنە ناو ڕیزی یەکسانیخوازان و ئەو نایەکسانییە کێشەی پیاویشە... ڕەنگە ئەمیان نەیزانیبێ کە "پیاو" لە دەرەوە لافی یەکسانیخوازی لێدەدەن و لە ماڵ کوێخان... دیتم من خۆم لەوان بووم کە وتم با پیاوان لەگەڵ بن....

شەو دوای کۆکردنەوەی ماڵ و قاپ شۆردن و لێباس هەڵخستن و حەمام خاوێن کردنەوە و هتد.... لە ڕێگای ئینتێرنێتەوە چاو لە کاناڵێکی کوردی دەکەم. دەبینم کابرایێک بە دوای نووسینی دوو بابەتی زۆر بێتام و بڵاوکردنیان لە سایتێک دا، ناوەی وەک نووسەر هاتووە... دیسان هممم

### *ئەرێ بۆ ژنانی نووسەر لە ژێر ناویان دەنووسن "چالاکی مافی ژنان"؟*

کەمێک بە ناو سایتەکاندا دەخولێمەوە و چاوم بە شەڕە دندووکەی ئەندامانی حیزبەکان دەکەوێ. لە ژێر یەک لە بابەتەکان بۆچوونێکی زۆر نووسراون. دەبینم برادەرێک بۆ کوتانی حیزبی بەرامبەر نووسیوویەتی "بزن هەمیشە قووزی دیار بوو و ڕۆژێک هی مەڕی دیت و لێ لە هەڵا دا"... بەخۆم دەڵێم کوڕەکەم، بابی بابم، لەو شەڕە پیاوەدا ئەوە گونی پیاوانە کە دیارە و باشترە خەتاکانی خۆتان ببین و بە ناوی ژنانی نەنووسن....

لە سەر فەیسبووک خەبەری کوشتنی چەند ژن و لەزیادبوونی لەشفرۆشی لە ئیران و کوردستان و چەند بابەتی دیکە دەخوێنمەوە. خەمەکانی خۆم بیردەچنەوە...

کاتژمێر نۆی شەو مێردەکەم کاناڵی یەکی تلویزیۆن چاولێدەکا. کاتی ڕووداوەکانە... وڵاتێک نیشاندەدا کە لەوێ منداڵی برسی وەک پووشێک لە سەر زەوی کەوتوون و چاوروانی مەرگن.... هەموو تیئۆریەکانی جیهان بۆم بێمانا دەبن.... ئاخە کامە تیئۆری دەتوانێ ئینسانی برسیم هەرئێستا بۆ ڕزگاربکا؟

تا دێم بیرەکانم کۆکەمەوە و شتێک بخوڵقێنم دەبینم هەیهات کە چەندە پرش و بڵاوم... تا وەخۆ دێمەوە دەبینم دەبێ بخەوم تا بەیانی بچمەوە سەر کار... دەڵێم شەمە یان یەکشەمە... هەڵبەت ئەگەر کاری ماڵ، بۆڵەبۆڵی مێرد، منداڵ و... سەد کاری ورد و درشت کە هەر تەواو نابن، لێمگرێن.....

لای دەی شەو هاورێیەکی ئازیزم لە وڵاتێکی دیکەڕا، دوای ماوەیەک تلفونم بۆ دەکا و دوای کەمێک باس، دەپرسێ ئەرێ فلانی بۆ ئێستا کەم دەنووسی؟ من هەمیشە پێموابووە کە تۆ قەڵەمێکی ڕەوان، دڵسۆزانە و ڕاستگۆت هەبووە... شەرم دەکەم. چی بۆ شەرح بکەم... منگە منگێکی دەکەم و دەڵێم کاردەکەم و پێڕاناگەم ئەو جۆرەی کە دڵم دەیهەوێ بنووسم....

هەر کات بیر لە نووسین دەکەمەوە و دەبینم پەپوولەی بیرەکانم تا بگەنە سەر کاغەز زووتر دەمرن، دڵم پڕدەبێ... وەک شێتەکانی شار خۆم عەوداڵ دەبینم... خۆم وەک ئەو منداڵە ڕەش پێستە دێتە پێش چاو کە برسی ڕاکشاوە...

سەرچاوە: وێبلاگی پەراوێزی بیر - ڕێکەوتی: ٢٧ی جانێوێری ٢٠١٢

---

## بەشێک لە نامەی شیرین عەلەم هولی

**وەرگێڕ**: شەهلا دەباغی

**بەندی ژنان زیندانی ئەوین، ٢٨ - ١٠ - ١٣٨٨**

هێندێک لە گزیرەکانی نیزامی و لیباس شەخسی لە تاران گرتیانم و راست بردیانمە بنکەی سپا. هەر کە چوومە ناووە، بێ پرسیار و وڵام، دەستیان کرد بە لیدانم. سەرجەم ٢٥ رۆژ لە سپا مامەوە. ٢٢ رۆژیان لە خواردن مانم گرت و تەواوی ئەو ماوەیە وەبەر ئەشکەنجەی رووحی و جەستەیی کەوتم. لێپرسەرەکان پیاو بوون و منیان بە کەلەبچە بە تەخت بستبووە. بە باتومی بەرقی، کابڵ، مست و پێلاقە لە سەر، دەموچاو،ئەندامەکانی جەستە و بەری پێمیان دەدا. من ئەو کات تەنانەت باش فارسی تێنەدەگەیشتم و نەمدەتوانی قسەی پێبکەم. کاتێک پرسیارەکانیان بێوڵام دەماوە دیسان وەبەر لێدانیان دەکەوتم تا لە دەبوورامەوە. دەنگی بانگ کە دەبیسترا بۆ نوێژ دەرۆیشتن و تا گەڕانەوەیان کاتیان دەدامێ تا بە واتەی وان بیر بکەمەوە. کە دەگەڕانەوە دیسان لیدان، بێهۆشی و سەهۆڵاو و...

کاژێر کاژێر لە ژوری لێپرسینەوە، دڵۆپ دڵۆپ ئاوی سارد بە سەر سەرم دەتکا و شەو دیسان دەیانبردمەوە بۆ سلوولەکەم.

رۆژێک بە چاوی بەستراو لە سەر کورسی دانیشتبووم و لێیاندەپرسیمەوە. بازجو سیگارەکەی لە سەر دەستم گوژاندەوە، رۆژێکی دیکە بە پێڵاوەکانی هێندە پێمی گوشاردا تا نینۆکەکانم رەش هەڵگەڕان و کەوتن یا ئەوە کە تەواوی رۆژ منیان لە ژورێک لە سەر پێ ڕادگرت و بێ هیچ پرسیارێک دادەنیشتن و خشتەی وشەیان پڕدەکردەوە. خولاسە هەرچی لە دەستییان دەهات دەیانکرد...

سەرچاوە: وێبلاگی پەراوێزی بیر - ڕێکەوتی: ٧ی جانێوێری ٢٠١٢

## بەشیک لە نامەی فەرزاد کەمانگەر

بە ڕاست ئەو هەموو نابەرابەری و جیاییە کەی دەستی پێکرد؟

لەو کاتەوە کە حەوا بە بێزوویەکی یاخیانە پشتی لە "امر و نهی" خواکەی کردو زەوی بۆ رەنجکێشان هەڵبژارد؟ یا لەو ساتەوە کە بۆ هەوەڵ جار کیژۆڵەیەک پرچی بە دەست با، ئەو سووکە بەرەڵایە، ئەسپارد و با بە هەوەسەوە دەستی بە قژی دا هێنا و ڕازی پەریشانی قژی کیژۆڵەکەی کولان بە کۆڵان، بە گوێ کێو و داردا خوێند و ئەو "ئابڕۆچونە مەزنە" بوو بە هۆی تووڕەیی هۆز؟

یا نا، لەو کاتەوە کە کانیاو باڵای جوانی کچێکی لە ئاوێنەی خۆیدا بینی و خافڵ لەو گوناحە گەورەیە، ئاشقی کیژۆڵە بوو و گۆرانیەکی بۆ جوانی کچە بە گوێ رووباردا چرپاند و رووباریش مەست و زەنگی لە حەدیسی ئەوینی کانیاو، ئەو چیرۆکەی بۆ دەریا باسکرد و ئەو بە دزیدیتنانە، "غیرەتی پیاوانەی مێژوو" ی شلەژاند و کیژۆڵە خانەنشین کرا؟

**داخ، که نەیانهێشت تەنانەت بۆ ئاخر جار یەکتر ببینینەوە تاکو لە پشت میلەکانی زیندان شکۆ و ئەوینی ژیان لە چاوکانت دا بخوێنمەوە، لە کاتێکدا تۆ لە ژێر نیگای قورسییان هێستا بووکە چینی چکۆلەکەت بە نیشانەی پەیمان و دڵبەندی بە هاوڕێ کەت لە دەستدا دەگوشی و ئەوینەکەت نکۆڵی ناکەی.**

**هەنووکە بۆ ڕێز و سپاس لێنان لە هەزاران ساڵ ڕەنج و نابەرابەری ژن بوونت، بۆ سپاس لە هەزاران یاد و خەونی ناتەواوت، بە یەک واژۆ دێمە ناو کەمپینی بەرابەری بۆ ژنان ، یەک واژۆ بۆ سپاس لە ژنبوون و ژن مانەوەت.**

**هاوڕیی منداڵی سارا**

**فەرزاد کەمانگەر**

**بەندی عفونی زیندانی رجایی شهر کرج**

**سەرچاوە: وێبلاگی پەراوێزی بیر - ڕێکەوتی: ٧ی جانێوێری ٢٠١٢**

## بەخۆم نییە



***هەر جارێک ئەو وێنەیە یان وێنەی نزیک بەمە دەبینم، فرمێسکەکانم دێنە خوار***

***بیرلەوە دەکەمەوە: کێ دەتوانێ خەیانەت بەوانە بکا؟؟؟***

*کێ دەتوانێ بەخارتی کورسی، پارە و مەقام ئەوانە لە ژێر پێ بنێ؟؟*

*من ئەندامی هیچ کام لەو حیزبانە نیم، بەڵام چ فەرق دەکا کە ئەو پێشمەرگەیە کە جەستەی هاورێ شەهیدەکەی دەباتەوە مەقەرِ*

*و ئەو شەهیدە سوارە کە خوێنی بە سەر ئەو دەشت و مەزرایەدا دەرژێ،*

*هی کام حیزب و بنەماڵە و شارن*

*تۆ بڵێ کەسانێک هەبن ئەوانە لەبیرکەن*

*ئەو هەموو فرمێسک و کوێرەوەرییە*

*ئەو هەموو خوێن و شەهیدە*

*توخوا لۆمەم مەکەن و مەڵێن بۆ هێندە دڵناسکی، ئاخر پەڵە هەورێکیش لەو ئاسمانە دا نابیندرێ تە برژێتە سەر جەستەی شەهید، دڵۆپە ئاوێک نییە بۆ فێنکای چاوە سۆرەکانی هاورێی*

*بەدەست خۆم نییە، با فرمێسک برژێ وەکرِووباری بەهار*

*با دڵم کەمێک تەسکین بێ و ئەو شورەسوارانە لەو دەشت و لێرەوارانە تەنیا نەبن*

سەرچاوە: وێبلاگی پەراوێزی بیر - رێکەوتی: ٤ی ئاگۆستی ٢٠١٢

## *بۆ مانگرتووانی باکووری کوردستان*

### ئازیزانی بەندی لە زیندانەکانی تورک

لە ١٢ سێپتامبرەوە، رۆژی کودەتای فاشیستەکان تا ئەمرۆ، جەستە و نەستی خۆتان لە رێگای مانگرتن لە خواردن لەگرەوناوە. لەو ماوەیەدا دەنگتان بە هەمو جیهان گەیشت. دڵی هەر دایکێک لەگەڵ چرکەساتەکان لە ترسی لەدەستدانی ئێوە لە خورپە و راچلەکیندابووە.

ئەمشەو لە ٥٥مین شەوی مانگرتندا ئەو ترسە یەکجار بەرینتر و دڵتەزێنترە.

ڕاستە ئازادی قوربانی دەوێ بەڵام ئێوە بەشی خۆتان قوربانیتان داوە. ئەگەر بتوانم سەری سپیتان دێنمە ڕجایە و داواتان لێدەکەم کە دەست لە مانگرتن هەڵبگرن با شاهیدی کارەساتی لە دەستدانی ئێوە نەبین.

ئەگەر دەسەڵاتدارانی تورک ئێوەیان بە مەرگەوە دەوێ، من و میلیۆن دایک و خۆشک و کەسی دیکە دەنگی ئێوەمان بیستووە و ئێوەمان بە زیندوویی دەوێ. تکایە دەست لە مانگرتن هەڵبگرن و بمێنن.

***بمێنن با ببنە چقڵی چاویان***

***بمێنن با نەیاران بە مەرگتان شاد نەبن***

***بمێنن چونکە ئێوە پێویستن***

***بمێنن، بمێنن، بمێنن، بمێنن***

سەرچاوە: وێبلاگی پەراوێزی بیر - ڕێکەوتی: ٤ی نۆڤەمبەری ٢٠١٢

## چۆن دەتوانین نووسینێکی نزیک بە "نووسینی زانستی" بنووسین

لە بەردەوامی نووسینەکەی شەماڵدا، "دیمانە وەک مێتۆدێک بۆ ڕووخستن و دەرخستنی ئەزموونی ژنان" سەبارەت بە کەمنووسینی ژنان و پێشنیارەکانی بۆ چالاکتربوونی ژنان لە بواری نوسیندا، دەکرێ پرسیارێک ئەوەبێ کە ئاخۆ هۆیەکی کەمنووسینی ژنان ناتوانێ ئەوە بێ کە ژنان دەترسن کە نووسینەکەیان ئەو جۆرەی کە دەخوازن نەتوانن پەروەردە بکەن؟ ئەگەر هۆکارێک ئەم ترسە بێ، دەکرێ تا ڕادەیەک ڕێگاچارەی بۆ هەبێ. لێرەدا بە کورتی من ئەزموونی خۆم و چوارچێوەیەکی گشتی، کە چۆن بنووسین تا بابەتەکەمان خۆ لە نووسینێکی بە کوالیتە و زانستی نزیککاتەوە، لەگەڵ خوێنەر دێنمە بەرباس.

کاتێک خوێنەر بابەتێکی بە ناو لێکۆڵینەوەیی دەخوێنێتەوە، پرسیارێکی گرینگ بۆی ئەوەیە کە ئایا نووسراوەی بەردەستی "زانستی"یە یا نا. تا چەند دەکرێ باوەڕ بە ناوەرۆکی نووسینەکە بکا؟ ئەگەر قسەکانی شەماڵ وەک

پێشفەرزێک دابنێن کە "نووسین نە ئیلهامی پێویستە و نە توانستێکی تایبەتی، و هەموو کەس بۆی هەیە فێری بێت و نووسین تەکنیکێکە کە جگە لە زمان، پێویستی بە کات و بەتایبەت بە پراکتیزە کردن هەیە"، ئەوە دەشێ دۆزینەوەی بەستێن و شێوازێک لە شێوازەکانی نووسین و نزیکبوونەوە و ناسینی مەرجەکانی نووسینی زانستی، یارمەتیمان بدا تا باشتر بنووسین.

هەر ئەو جۆرە کە شەماڵ باسی کرد نووسین دەتوانێ بە شێوازی جیاواز وەک نامە نووسین و مۆنۆلۆگ، نامەگۆڕینەوە، کۆکردنەوە و شرۆڤە، وتوویژ و دیمانە، هتد بێ. ئەوەی لێرەدا مەبەستی منە نووسین لە چوارچێوەیەکی دیاری کراودایە، واتە چۆن دەکرێ سەرەڕای ئەوە کە نووسەری بابەت نووسینەکەی بۆ زانکۆ یان لێکۆڵینەوەیەکی باڵا ئامادەنەکردووە، نووسینەکەی لە نووسینێکی زانستی و ئاکادمی نزیک کاتەوە؟ چۆن نووسینەکانی ژنان لەباری ناوەرۆک و داڕشتنەوە بەپێزبکرێن؟

پڕدیارە کە تەنیا ئەو نووسینانەی لە چوارچێوەی دونیای ئاکادێمیدا دەنووسرێن نووسینی باش نین، بەڵام زۆربەی زۆری نووسینەکانی ئاکادێمی "زانستی"ین. بەس ئەوەمان بیربێ کە زۆر جار نووسینێک لەو چوارچێوەیەدا نەنووسراوە، بەڵام بە پێز و سرنجڕاکێشە، یان ڕۆمان و شێعر ناچنە خانی نووسینی ئاکادێمی. ئەوەی کە گرینگە ئەوەیە کە نووسین لە چوارچێوەی هەر ژانرێک دا بێ، نووسینێکی دەوڵەمەند بێ و لە ئەزموونەکانی پێش خۆی کەڵکی وەرگرتبێ. بۆ وێنە ئەگەر کەسێک بیهەوێ کتێبێک لە سەر "مێژووی موسیقای شارەکەی خۆی" بنووسێ، تەنیا چونکە موسیقای پێخۆشە ناتوانی بابەتێکی زۆر بە پێز لەو بوارەدا بنووسێ. بۆ نووسینی بابەتێکی وا، نووسەرە دەبێ زانیاری لە سەر مێژووی موسیقا، موسیقای گەلەکەی و جیهانی، کاریگەری موسیقا لە شوێن و کاتی تایبەت و هتد هەبێ و دەستی بە سەرچاوە و ماتێریالی پێویست ڕابگا.

***بۆ ئەوە لە چۆنییەتی - کوالیتی و جێمەتمانە بوونی لێکۆڵینەوەیەک ئەرخەیان بین، دەبێ:***

ئاگاداری چەند مەرجێک بین. یەکەم ئەوەکە چ کەسانێک و چۆن نووسینەکەیان هەڵسەنگاندووە و لە کوێ بڵاوکراوەتەوە. ئایا کەسێکی پسپۆڕی بوارەکە نووسین و لێکۆڵینەوەکەی چاوەدێری کردووە یا نا. ئەگەر لێکۆڵینەوەیەک لەژێر چاوەدێری بۆ وێنە پرۆفسۆرێکی بوارەکە سەرپەرستی کرابێ ئەوە ڕادەی متمانەمان بە زانستیبوونی ئاکامەکانی زیاتر دەبێ.

***پرسیاری سەرکی ئەوەیە کە خۆدی زانست چییە؟***

ئەوە کە زانست چ تاریفێکی هەیە و چییە خۆی تا ڕادەیەکی زۆر بەستراوەتەوە بە "تاویل - خوێندنەوە ی ئێمە، سیستێمی ئەرزشدانان و مەیدانە جیاواز و نەریتە جیاوازەکان. هەروەها ئەوە کە چ شێوازێک بۆ بڵاوکردنەوەی لێکۆڵینەوەیەک هەڵدەبژێرین دیسان بەستراوەتەوە بە بوار و حەوزەی کارەکەمان. لە زانستەکانی سروشتی دا وتارە بۆ بڵاوکردنەوە گونجاوە و لە زانستەکانی کۆمەڵایەتی و هۆمانیستیدا زیاتر لە کتێب و راپۆرت کەڵک وەردگیرترێ. بە گشتی لێکۆڵینەوەکانی زانستی بە شێوەی جۆراوجۆر بڵاودەکرێنەوە. وەک وتار، ڕاپۆرت، نووسینی بڕوانامەی دوکتوڕا، پەرتووک، برووشور بۆ کۆنفرانسەکان و هتد.

***بۆ ئەوە بزانین ئایا نووسین و لێکۆڵینەوەیەک هەڵگری تایبەتمەندییەکانی کارێکی ئاکادێمیکە، چەند خاڵ دەبێ لەبەرچاوبگرین:***

- نووسینەکە لە زانکۆ یان ناوەندێکی لێکۆڵینەوە نوسرابێ،
- ئانالیز و شێکردنەوەی بابەت وڵامی پرسیاری لێکۆڵینەوەکە دەداتەوە
- سەرچاوەکان، ڕێفێرێنس و ئەو مەتێریالە کە کەڵکێ لێوەرگیراوە دیاری بکرێ و نیشان بدرێ، کە لە ئاخری نووسین و لێکۆڵینەوەدا و یان لە ئاخری هەر فەسڵ/ کاپیتالێک دێ،

***تایبەتمەندیەکانی نووسینی زانستی***

لێکۆڵینەوەیەکی زانستی بە گشتی خاوەنی چوارچێوەیەکە سەبارەت بە باتێک/کێشەیەک. ئەو چوارچێوەیە ئابستراکت - وێنایەکی گشتی، پێشەکی، ماتێریاڵ و مێتۆدی لێکۆڵێنەوە و دەرئەنجام و ئاکام لەخۆدەگرێ.

**ئابستراکت**

کۆی باسەکە بە کورتی: لێکۆڵینەوەکە چ مەبەستێکی هەیە، لێکۆڵینەوەکە لەسەر چی بووە، ئاکامی لێکۆڵینەوەکە و دەرئەنجامەکان چن.

**پێشەکی**

وتار - لێکۆڵینەوە بە پێشەکییەک دەستپێدەکا واتە دەروازەیەک بۆ چوونە ناو باسەکەیە. لە پێشەکیدا دەکرێ باسی بیرۆکەی لەدایکبوونی نووسینەکە بکرێ. زۆرجار باسی لێکۆڵینەوەکانی پێشووتر لێرەدا دەکرێ. ئەوە کە چ پرسیارێک دەورۆژێندرێ و هەروەها سنوورەکانی لێکۆڵینەوەکە چین، دەکرێ لەو بەشەدا باسکرێن.

لە پێشەکیدا ناراستەوخۆ یان ڕاستەوخۆ بە خوێنەر ڕادەگەێندرێ کە فەرقی ئەو نووسینە لەگەڵ ئەوانی پێشوو چییە و بۆ ئەو نووسینە گرینگە و لە چ ڕوانگەیەکەوە ئەو بابەتە دەورۆژێندرێ، بۆ وێنەی ڕوانگەی جێندەری، فێمینیستی، هونەری، فەلسەفی و ئایینی و هتد. هەڵبەتە ئامانج و پرسیاری لێکۆڵینەوە، سنوورەکانی لێکۆڵینەوە، لێکۆڵینەوەکانی پێشتر، دەکرێ یان جیابکرێنەوە و یان بێنە ژێر خانی پێشەکی بە تیتری خۆیانەوە.

## ماتێریال و مێتۆد

لەو بەشەدا شێوەی لێکۆڵینەوەکە و ئەوەکە لە چ کەرسە و ماتێریالێک کەڵکوەرگیراوە، ڕوون دەکرێتەوە. شێوەکاری لێکۆڵینەوەکە بە وردی باس دەکرێ تا کەسانی دیکە بتوانن جێمەتمانەبوونی لێکۆڵینەوەکە پەسەند بکەن و هەڵیسەنگێنن. لێرەدا بۆ وێنە دەبێ بگوترێ کە مێتۆد دیمانە و وتوویژ بووە یان ئانکیت بڵاوکردنەوە و شێووازی کوانیتاتیڤ. ئایا وتوویژەکان بە گشتی لە کاتی قسەکردن دا نووسراونەتەوە یان هەوڵ هەموو دیمانەکە زەبت کراون و دوایە هاتوونەتە سەر کاغەز و هتد.

## گریمانە، تێئۆری و چەمکەکان

لەو کەرتەدا تێئۆری و چەمکەکانی پێوەندیدار، هیپۆتێز و گریمانەکان کە دەتوانن پرسیارەکە زیاتر ڕوونبکەنەوە و یان بناخەی فکری باسەکە پتەوبکەن، دەناسرێن. ئەوە کە چ گریمانەیێکمان هەیە، هیپۆتێز و گریمانەکەمانچۆن پێوەند دەدەین بە مەبەست، یا چۆن خوێندنەوەیەکمان لە چەمکەکان هەیە و گرێیان دەدین بە باسەکە، لەو بەشەدا باس دەکرێن.

## شیکردنەوە و ئاکام

لەو بەشەدا ئاکامی لێکۆڵینەوەکە شیدەکرێتەوە. ئەگەر پێویست بە ڕوونکردنەوەی زیاتر بێ، دەکرێ بۆ نمونە لە

**نمودار و دیاگڕام کەڵکوەرگرتریٚ.**

## دەرئەنجام و گفت

**لەو بەشەدا ئاکام و میٚتۆدۆلۆژی لیٚکۆڵینەوەکە هەڵدەسەنگیٚندریٚت و دیٚتە بەر باس و گفتوگۆ. هەروەها ئاکامی لیٚکۆڵینەوەکە لە بەراوەرد کردن لەگەڵ لیٚکۆڵینەوەکانی پیٚشودا دیٚتە بەر ڕووناکی.**

### *سەرچاوە و ریٚفیٚریٚنس:*

**لیستی تەواوی کتیب، وتار، گۆڤار، سایت... و بە گشتی هەموو سەرچاوەکان و ڕیٚفیٚریٚنسەکان بەپیٚی ڕیزی ئەلف و بیٚ و ناوی نووسەران دەنووسریٚ.**

**خاڵیٚکی گرینگ ئەوەیە کە پەڕاویٚز و شیکارییەکانی ناو دەق، دەبیٚ لە بەشی پەڕاویٚزی هەر لاپەڕەیەک و یان ئاخری فەسڵەکان دا بیٚن.**

**ئەگەر نووسەر ئەو خاڵانەی سەرەوە، وەک چوارچیٚوەیەک بۆ کارەکەی خۆی دابنیٚ، ڕەنگە نووسینەکە خۆی لە نووسینیٚکی زانستی نزیک بکاتەوە. دیارە هەر کام لەو خاڵانە دەکریٚ زیاتر باسییان لەسەر بکریٚ و یان دابەشکردن و شیکردنەوەی پیٚشەکی، پرسیار، سنوور، ئامانج، میٚتود، تیٚئۆری، ئاکام، بە پیی باس و ڕشتە کەمیٚک جیاوازییان هەبیٚ. لیٚرەدا تەنیا ئامانج ئەوەبوو کە هیٚڵ و زانیارییەکی گشتی سەبارەت بە نووسینی زانستی بدریٚت. بە هیوای ئەوە کە ژنان زیاتر بنووسن و لە نووسین نەترسیٚن.**

**سەرچاوە: ویٚبلاگی پەراویٚزی بیر - ڕیٚکەوتی: ٢٨ی نۆڤەمبەری ٢٠١٢**

## ڕاسەڵ - واقع، ڕاستی - حەقیقەت و ژنان

بە پلیکانەکاندا دەهاتمە خوار، چاوم بە گۆشەیەکی مێترۆ کەوت. بۆ چەند چرکەیەک حەبەسام و شوێنەکەم نەناسیوە، وامزانی کە بە ڕێگایەکی هەڵەدا ڕۆیشتم. ترسام و شڵەژام کە نەگەمە سەر کار. دەبا چم کردبا، گەڕابامەوە و بە شوێنێکی دیکەدا ڕۆیشبام؟ پلیکانەکە لە ڕۆیشتنی خۆی بەرەو سەرەوژووری بەردەوامبوو تا هەموو مێترۆم لێوەدیارکەوت. هەمان شوێنی هەمیشەیی و ڕێگای چوونم بۆ شوێنی کار.

### ڕێگای هەموو ڕۆژەم بۆ نەناسییەوە و بۆ ڕاسەڵ - واقع م لێ تێکچوو؟

ئەو کورتە ئێپیسۆدە لە ژیانی ڕۆژانە نیشاندەدا کە چۆن مرۆڤ دەتوانێ "ڕاستی/ حەقیقەت" و "ڕاسەڵ/ واقیعیەت"ی لێبشێوی. ئەوسا کە ئەو گۆشەیە لە مێترۆم نەناسییەوە و وامزانی لە شوێنێکی دیکەم و هەڵەم کردووە، هاوکات راسەڵ و ڕاستی لە من گۆڕا و ئەو ڕاستییەی کە ڕۆژانی پێشتر لە بینینی ڕاسەڵێک وەدەستم هێنابوو کەوتە "گومان"وە. لە ڕاستیدا مێترۆ هەر لە شوێنی خۆی بوو و ئەوە سیلە/ زاویەی دیتنی من بوو کە گۆشەیەکی تری نیشاندام کە تا ئەو کات نەمدیبوو یا نەمناسیبوو.

تێکەڵبوونی "ڕاستی" و "ڕاسەڵ" و هەروەها گومانی ئێمە لە زانینی ڕاستی بۆ بڕیاردان دەتوانی لە سەر خودی بڕیارمان کاریگەری هەبێ وشێوەی ژیانمان بگۆڕێ. وێنەی ئێمە لە ڕووداوەکان کە بۆ ئێمە ڕاستی - حەقیقەتن، شەرت نییە کە لە ڕاستیدا وەک "ڕاسەڵ - واقع" هەبێ. ئەگەر ڕاسەڵ لەوێ بۆخۆی هەیە و ڕوویداوە ئەوە هەست، بیر و ئەندامەکانی لەش "تاویل - تەرجەمە"ی دەکەن و دەیکەنە "ڕاستی - حەقیقەت" ی "خود". لەورا کە خودەکان جیاوازن و لە سیلە نیگای جیاوازەوە چاو لە ڕاسەڵەکان دەکەن، "ڕاستییەکان"یش دەگۆڕدرێن. هێندێک یان لە ڕاسەڵ دووردەبنەوە و هێندێکیش وەک خودی ڕاسەڵ وەردەگرن واتە کۆپییەک لە واقع. ئەو جارانە کە ڕاسەڵ هەر بوونی نییە بەڵام ئێمە ڕاستییەک دادەتاشین، ئەوە یان خەریکی خۆفریودانین یان بە مەبەستیک ڕاستییەکان دەشێوێنین.

ئایا بڕیارەکانی ئێمە لە مەڕ هەڵسوکەوتی تاک و گرووپ و یان دیاردە کۆمەڵایەتیەکان لە سەر بناخەی

ڕاستییەکی ڕەهان؟ ئایا دەرک و ناسینی ئێمە لە ژیان و سیاسەتدا، هەموو بە پێی سەرچاوە و زانیاریەکی ڕاستەقینەن؟ ئایا هەست و بیر، ئەزموونی ڕوحی و جەستەیی ئێمە توانایی پێویست دەدەنە ئێمە تا بگەینە ڕاستی و ڕاسەڵەکان باش بناسین؟

دەمهەوێ ئەو باسە بە ژیانی ڕۆژانەی ژنانەوە گرێ بدەم. زۆر جار ژن، ئاگا یان نائاگا، لە ژیانی ڕۆژانەدا دەبێ بە هۆی ڕاسەڵەکانی ڕۆژانە (واقع امر) یان ڕاستیەکانی درۆیی (حقیقت ناروا - حقیقت کاذب) بڕیاربدا. ئەو بڕیارانە بە هەزاران تانوپۆی دیار و نەدیار گرێدراون و زۆر جار زانیاریەکانی ئەو ساتی ئینسان یان بڕناکەن و لەکەمی دەدەن، یان سەرچاوەکانی زانیاری ناڕاستن و یان خود بڕیاردەر ناچارە بڕیارێک بدا.

ژنان لە کۆمەڵگای کوردەواریدا وەک پیاوان بەرهەمی کۆمەڵگای خۆیانن بەڵام زانیاری و سەرچاوەکانی زانیاری بۆ ژنان زۆربەی زۆری جاران زۆر کەمترە لە پیاوان یان سەرچاوەکانی زانیاری زیاتر وادەکەن کە ژن لە نۆڕمی "ژنانەدابوون" بەرهەمبێتەوە. هەر ئێستا ئەگەر بە دڵفراوانی و ڕاستگۆیانە چاو لە کۆمەڵگای خۆمان و شێوە ژیانی ژنان چ لە ناو وڵات و چ لە دەرەوەی وڵات بکەین دەبینین کە ژنانی کورد بە گشتی بەردەوام لە هەمان چوارچێوە و نۆڕمی دەسەڵات، کۆمەڵگا و حیزبەکاندا بەرهەم دێنەوە. هەرکام لەو دامەزگایانە ڕاستییەکانی خۆیان دەخوڵقێنن. چونکە ڕاسەڵ و ڕاستیەکان لە چوارچێوەیەکی تایبەتدا بەرهەمدێنەوە و ژنیش بەرهەمی کۆمەڵگایە، کاتێک بڕیاردەدەن یان سیلەی نیگای ژنان بڕناکا، یان لە هەمان سیلە ڕوانینی باودا ڕاوەستاون. زۆر کەم ژنانێک پەیدادەبن کە جێگە پێ و سیلەی ڕوانینیان بگۆڕن. بۆ ئەوە کە ژنان بتوانن ڕاستی و ڕاسەڵەکانی کۆمەڵگا بگۆڕن دەبێ سەرچاوەکانی زانیاری و سیلەی ڕوانینیان بگۆڕن و مەیدانی زانیاری وەدەستهێنان پەرەی پێبدەن.

ئێستا جوڵانەوەی ژنانی کورد دوای هێندێک کار لە ١٥ ساڵی ڕابردوودا، لە ئاستانەی چاخێکە: یا ژنان بەردەوام دەبن لە بەرهەمهێنانەوەی هەمان ڕاسەڵ و ڕاستی کە جیهانی دابەش کردووە بە ژن - پیاو، هەژار - دەوڵەمەند، من - ئەو و یان ژنان دەبنە ئەو هێز و ئەهرۆمە کە دەتوانن بە ڕوانینی تازە ڕاستیەکان و ڕاسەڵەکان بگۆڕن. کەموکوڕیەکانی بزوتنەوەی ژنانی کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستان دا ئەوەی نیشاندا کە بە داخەوە هێشتاش بەشێک لە ژنان چالاکی ئێمە لە چوارچێوەی ڕاسەڵەکانی باندبازی، ناوچەگەری، حیزبایەتی و گەیشتن بە دەسەڵات ئەویش لە جۆری دەسەڵاتی پیاوانە دا کاردەکەن.

ڕاستە ژن دەبێ بگاتە ناوەندی دەسەڵات بەڵام جوڵانەوەی ژنان نابێ بۆ گەیشتن بە دەسەڵات کاربکا، بەڵکو ئەرکی جوڵانەوەی ژنان هەمیشە ڕەخنە لە "ڕاسەڵ و ڕاستی" سەپێندراوە بۆ هەرچی زیاتر گەشەکردنی کۆمەڵگا و تاک و وەدەست هێنانی ڕاستیەکی ڕەها دوور لە فاکتەرەکانی کورسی و دەسەڵات. ئێلیتی فکری ئەو جوڵانەوەیە دەبێ لە پێگەی ئۆپۆزیسیۆن دا بمێنێتەوە بۆ ڕەخنەی دلسۆزانە لە ڕاستیەکانی داسەپاو دا.

ئایا ڕاستییەکی ڕەها لە " بوونی دەسەڵات"ەکاندا دەتوانێ هەبێ؟ ئەمەیان دەکرێ باسی زیاتری لەسەر بکرێ کە چۆن کاربکەین کە بتوانین نۆرم و ڕاستیەکانی داسەپاو لادەین و بگەینە ڕاستییەک کە لە خۆیدا ڕاستی بێ نەک بە پێ بڕیاڕی دەسەڵاتەکان.

سەرچاوە: وێبلاگی پەراوێزی بیر - ڕێکەوتی: ٢٨ی نۆڤەمبەری ٢٠١٢

---

## حەفتا و دوو پەری و پیاوێک، ژنێک و هەموو پیاوان

چەند ڕۆژ پێش بیرم لەوە دەکردەوە کە بەهەشت لە نووسراوەکانی ئیسلامیدا شوێنێکە کە لە هەر گۆشەیەکی پیاوێک لەگەڵ حەفتاو دووژنە، جا ئەو پیاوە سوپێرمەنە چۆن بەوە ڕادەگا، خۆی پرسیارە و ئەوە کە ئەو هەموو ژنە چۆن ئەو بەربەرییەتە قەبووڵدەکەن، خۆی پرسیارێکی گەورەتر. ئەم وێنەیە لە پیاو نە تەنیا ڕێزی پیاو کەمدەکات، کە بگرە قێزهێنەرە. ئەو پیاوە دەکرێ "ناسرالدین شای قاجار" بێ کە هەشتاوچوار ژنی لە حەرەمدا هەبوو(١) و یان ئاخوندێکی ئێرانی بێ کە سیغەی تا بێنەهایەت بە حەڵاڵ دەزانێ.

دوو ڕۆژ دواتر لەگەڵ ئاشنایەک بەدەم ڕێگاوە قسەماندەکرد. من زۆر ساڵە لە کوردستان دوورم و ئەو هەموو ساڵێک سەردانی کوردستان دەکاتەوە. من ئارەزووی گەڕانەوە بۆ کوردستان دەکەم و ئەو باسی ئەوەی دەکرد کە چەندە بۆی سەختە کە دەگەڕێتەوە وڵات و قسە و باسی خەڵک چەند سەیر و سەمەرەن. بۆ وێنەی باسی ئەوەی دەکرد کە خەڵک بە گشتی کاتێک باسی ژنانی تاراوگە دەکەن، واتێگەیشتوون کە هەر ژنێک لەگەڵ چەندین پیاوە و بە واتای ئەوان، هەموومان "بەرەڵاین". پرسیم بۆ وا بیردەکەنەوە؟ ئاشناکەم وڵامی داوە کە "خەڵک لەو فیلمانە

ڕا پێیانوایە کە ئێمە هەموومان لە دەرەوە تەنیا خەریک سێکس لەگەڵ هەر کەسێکین". من پرسیم ئایا خۆیان "ئەو فیلمانە" چاولێدەکەن؟ وتی بە پان و بەرین پیاوان ئەو کارەدەکەن.

نازانم ئەو بیرۆکە ناشازە کە "ژنانی تاراوگە هەموو بەردەوام و بە گشتی خەریکی سێکسن، ئەویش لەگەڵ چەندین پیاو" ئایا دەتوانێ لەو "فیلمانە" ڕا سەرچاوە بگرێ یا نا، بەڵام تەنیا ئەوە دەڵێم کە فیلمی پۆرنۆ تاقمێکی تایبەت لە ئوورووپا چاویلێدەکەن. ئەوەندە کە من ژنانی چالاک لە بواری یەکسانی و سیاسی بناسم نەک هەر دژایەتییان هەیە لە گەڵ بەرهەمهێنانی ئەو فیلمانە، کە لە باری ڕووحی و ژیانی تاکە کەسی خۆشیان، هێندە خەم و گرفتی دیکەیان هەیە کە چاولێکردن لەو فیلمانەیان هەر بەخەیاڵدا نایە. بە قەولی کوردی با هەوەڵ ئەوی ماڵەوە دامرکێنن جا دوایە نۆبەی پیاوانی بێگانەیە. ئەگەر لە ناو ژنانی کورد کەسانێک هەبن و ئەو فیلمانە ببینن، لە ڕوانگەی منەوە، لە قامکەکانی دەستێک کەمترن، بەڵام تەنانەت ئەگەر راست بێ، ئەوەش مافی هەر کەسە و ڕادەی هوشیاری هەر کەسێک تەعیندەکا کە لەگەڵ بەرهەمەکانی جیهانی سەرمایەداری چۆناوچۆن هەڵسووکەوت بکا. من هەڵسەنگاندنی ئەو بابەتە بە پسپۆرانی بواری سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتی دەسپێرم.
تەنیا گرینگە ئەوە بڵێم کە لە سوێد نووسینم دیوەو و یان لە سیمیناران لە پسپۆڕان بیستوومە کە باس لەوە دەکەن کە لە ناو لاواندا ئەو فیلمانە ماوەیەکی کورت چاو لێدەکرێن بەڵام بە گشتی دواتر جەزابییەتێکیان نامێنێ و بە تایبە کچان بە دوای دیتنی ئەو فیلمانە هەست دەکەن کە بێڕێزی بە ژن و کەسایەتی دەکرێ و دواتر بە گشتی چاو لە پۆرنۆ ناکەن. دیارە دیسان خەڵکانێک هەن کە چاو لە پۆرنوو دەکەن. با بگەڕێینەوە سەر تەوەرەی ئەو نووسینە:

مەبەستی ئەو نووسراوەیە داکۆکی لە "شەرافەت"ی ژنی کورد نییە کە بێین و سوێندبخۆین کە ئێمە ژنانی تاراوگەنشین ناچینە قاڵبی ئەو پروپاگەندەیە کە ژنی کورد لە تاراوگە بەرەڵایە. خودی وشەی بەرەڵا و بەرەڵایی چییە و کێ و چۆن تاریفی دەکا خۆی باسێکە. بۆ نووسەری ئەو دێڕانە گرینگ ئەوەیە کە هەر ئینسانێک ئازادە لە گەڵ ژیان و جەستەی خۆی چۆن مامەڵەدەکا و ئەو مامڵەکردنە گرێدراوی تاکە. هەروەها مەبەست ئەوەش نییە کە بڵێم کۆمەڵگای ئورووپی بێ کەموکووڕییە و ژنانی تاراوگە پاکن. پاک کێیە و چۆنە ڕەنگە بۆ من ئەوە بێ کە ژن یا پیاوێک مافی خۆی بێ کێی خۆش بووی و لەگەڵ کێ سێکس بکا و هەر پاک بێ بەڵام هەمان ژن یا پیاو دەست بۆ نانی خەڵک ببا و ژێر پێی خەڵک بەتاڵ بکا ناپاک بێ. بۆ کەسانی دیکە ڕەنگە ئەگەر کچێکی جەوان چاو لە کوڕێک بکا بە ناپاک بیبینن. گرفتەکە ڕوانگەی زاڵی کۆمەڵگایە بۆ سەر جەستەی ژن کە ئیزن بە خۆی دەدا ژنی

کورد لە تاراوگەش هەڵسەنگێنی بۆ دەستەبەرکردنی دەسەڵاتی پیاو و بەردەوامی کۆیلەتی ژن لە ناو وڵات.

مەبەستی ئەو یادداشتە سەدپاتەکردنەوەی ئەوەیە کە لە کۆمەڵگایەکدا کە منداڵی دوازدە سێزدەساڵە بەزۆر دەدرێتە پیاوێک کە بە بابی دەشێ، لە کۆمەڵگایەک کە پیاوان بە خڕی چاو لە پۆرنۆ دەکەن و لەو کۆمەڵگایە کە لە پیاوانی ناو دەسەڵات ڕا بگرە تا پیاوانی ئاسایی دەتوانن چەند ژنیان هەبێ، لە کۆمەڵگایەک کە وێنەیەکی مۆبایل دەتوانێ ژیانی ئینسانێک لەناوبەرێ، لە کۆمەڵگایەک کە ڕۆژ نییە ژن نەکوژرێ و یان خۆی نەسووتێنێ و ئەو ژنە وەک جەستە و خاکێک دەبینـدرێ کە پیـاو دەبێ پارێزگـای "شـەڕەفەکە"ی بکـا و لە کۆمەڵگایەکـدا کە کێبەرکێی هێزەکانی دەسەڵاتدار مەیدانی بۆ هێزە پاشکەوتووەکانی ئیسلامی سیاسی واڵاکرد، لە کوردستانێکدا کە ژن هیچ نرخی نییە و هەموو ڕەنجی مایەپوچ دەردەچێ، دەبێ پڕوپاگاندەی وا سەبارەت بە ژنانی کوردی تاراوگەنشین، کە دەرگای ڕوانینێکی تازەیان بۆ کراوەتە، لە ناوخۆ پەرەپێبدرێ تا ئامانجی نایەکسانیخوازی خۆیان بپێکن و دەسەڵاتی نێرمەزنانە بەرهەمبێنێتەوە.

ئەوە کە جەستەی ژن چ لە مەیدانی زمان و ژیانی ڕۆژانەدا و چ لە مەیدانی دەسەڵاتی سیاسیدا، مەیدانی شەڕ و زورانبازی نێرسالاران، پیاوسالاران و دەسەڵاتدارانە، ئاکامێکی هێندە نائینسانی لێکەوتۆتەوە کە ڕەنگە لە داهاتوویەکی نزیکدا شاهیدی ئەوە بین کە ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە جیهان، هەرێمی کوردستان وەک ناوچەی نائەمنی ژیان بۆ ژنان بناسێنن.

کاتێک ئەو ئاشنایە باسی ئەوەی کرد کە چ ڕوانگەیەکی نادرووست لە سەر ژنی تاراوگە هەیە بیری قسەیەکی "ئەحمەدینژاد" کەوتم کە چەند ڕۆژ لەمەوبەر گووتبووی "بۆ خەڵکی ئورووپا و ئابووری ئەوان نارەحەتە"، ئەوە لە کاتێکدایە کە ئابووری ئێران خۆی تێکڕماوە. چۆنە پیاوانێک کە خۆیان بە خڕی چاو لەو فیلمانە دەکەن دێن و ئەوها باسی ژنی تاراوگە دەکەن. دیارە ئەگەر ژنانی تاراوگە و یان ژنانی ناو وڵات لە سەر جەستەی خۆیان بڕیاربدەن مافی خۆیانە و هەر کەس ئازادە ئەو جۆرەی دەخوازێ ژیانی خۆی بەرێتە سەر، بەڵام دیارە بڵاوکردنی ئەو پڕوپاگەندەیە بە قازانجی ئەو نێرسالارییە کە ئێستا لە کوردستان حوکم دەکا و لە ڕێگای ئایین و یاسا ئەو نایەکسانییە کە هەیە بەرهەمدێنێتەوە. بەس تەنیا بۆ زانینی ئەوانەی کە کارە ناشایست و دژی ئەخلاقییەکانی خۆیان دژ بە ژنان بەو چەشنە مەشرووعییەت دەدەن ئەوە بڵێم کە بە گشتی کولتوری هاوجووت بوون لە وڵاتانی ئورووپاییدا، لە سەردەمی یۆنانی کۆن و ئیمپڕاتوری ڕۆم تا ئێستا، هەم بە هۆی داب و نەریتی کۆمەڵایەتی و هەم

بە هۆی کاریگێڕی ئایینی مەسیحی کە لەسەر ڕێچکەی کولتوری باستان ڕۆیووە، زیاتر مۆنۆگامی - تاک هاوسەری بووە و گەورەکانی ئایینی مەسیحی وەک ئاگۆستینووس، کەلوین و لۆتێر، زەختییان لە سەر ئەوە دەکرد کە پۆلۆگامی ناچیتە ناو چوارچێوە و نۆڕمی دینی مەسیحییەت. لە کاتێکدایە کە لە وڵاتانی ئیسلامی و عەرەبی هەم وەک کولتور و هەم وەک ئائین، پۆلۆگامی ئاسایی و یاساییە و لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی دا پراکتیزەدەبێ.

خاڵێکیتر کە دەبێ ئاماژەی پێبکرێ ئەوەیە کە لە مەسیحییەتدا بە گشتی ڕوانگەیەکی نێگاتیڤ هەبووە لە سەر سێکسوالیتە، لە کاتێکدا کە سێکسوالیتە لە ئیسلامدا بە قازانجی پیاو فورموولەکراوە و پیاو دەتوانێ هاوکات چوار ژنی ڕەسمی و چەندان سیغە و سەدان کەنیزی هەبێ. هەر ئەو گشتیبوونە تا ساڵانێک لەمەو پێش( لە چەند دەیەی دوایدا کولتوری جیاواز لە هەموو بوارەکاندا زیاتر لەپەنای یەکتر دەژین) بۆتە هۆی ئەوە کە سیستێمی مۆنۆگامی لە ئورووپا و پۆلۆگامی لە وڵاتانی ئیسلامیدا زیاتر پێکهاتەی نۆڕمی هاوجووت بوون دیاری بکەن.

هەر ئێستا بە گوێرەی نووسینەکانی ڕۆژنامەکانی ناو هەرێم و سایتەکان، عێراق یەکەمین وڵاتە لە چاولێکردنی پۆرنۆ کە ئەوە ستاتیستیکە - ئەژماردەیە واتا کوردستانیش لەخۆ دەگرێ(٢) و هەروەها یەک لە چواری پیاوانی ناو پارڵمانی کوردستان دوو ژنەن و یان هەیە کە سەرۆک حیزبە و زیاتر لە دوو ژنیان هەیە(٣). لە هەلوومەرجێکی ئەوهادا، باشتر وایە کە ئەو کەسانەی کە دەیانهەوێ حەقانییەت و مشرووعییەت بدەنە نایەکسانی جنسی و نیرسالاری و دەسەڵاتی نارەوا، بە خۆیاندابچنەوە، نە ئەوە ژنانی تاراوگەنشین کە لە ئاستانەی خۆناسین و بۆنکردنی ئازادین، بکەنە تابلۆی تیرهاویشتنی نارەوا!

پەراوێز

١- ماوەیەک پێش تیڤی بیبیسی فیلمێکی نیشاندا لە سەر ژیانی ناسرەالدین شای قاجار و ٨٤ ژنەکەی.

٢- لە کاتی نووسینی ئەو بابەتەدا هاوڕێیەکم ئەو خەبەرەی بۆناردم. دیارە ویستم کە خەبەرەکە وەک سەرچاوە و ناوئاخن لە ناو باسەکەدا بگونجێنم بەڵام هاتمە سەر ئەو قەناعەتە کە خودی خەبەرەکە خۆی فراوانترین باس و ئانالیز دەداتە دەست. ئەوەش خەبەرەکە:

بەگوێرەی بەدواداچوونێکی NAWA دەرکەوتوە کە لەریزی پێشەوەی ئەو سایتانەی هاوڵاتیانی عێراق سەیری دەکەن، زۆرترین پێشوازی لە سایتە سێکسیەکان دەکرێت.

لەو بەدواداچونەدا پشت بەستراوە بە زانیاریەکانی ماڵپەڕێکی جیهانی کە تایبەتە بە تۆمارکردنی ئاستی خوێنەرانی سایتەکان لە هەر وڵاتێکدا و ئاشکرا بووە کە لە ریزی پێشەوەی ئەو پێگە ئەلەکترۆنیانەی لەلایەن هاوڵاتیانی عێراقەوە زۆرترین سەردانیکەریان هەیە ٣ سایتیان تایبەتن بە بڵاوکردنەوە بابەتی وروژێنەر، دەریشکەوتوە لەو رووەوە وڵاتی عێراق پلەی یەکەمی وڵاتانی جیهانی هەیە.

لە سێ وڵاتی ئیسلامی، سایتە سێکسیەکان لە ریزی پێشەوەی ئەو سایتانەن کە زۆرترین سەردانیکەریان هەیە و لە نێویشیاندا وڵاتی عێراق بە پلەی یەکەم دێت بەو پێیەی دووای تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانی facebook، youtube و هەردوو سایتی google و yahoo و سایتە پۆرنیەکان زۆرترین سەردانیکەری هەیە لەعێراق.
ئەو دیاردەیە تایبەت نییە بە وڵاتانی ئیسلامی و وڵاتێکی وەک ئیتالیا لەو ڕووەوە پێش ئەو سێ وڵاتە کەوتوە.
لە ئێستادا بۆ ئەوەی بزانرێت ئاستی خوێنەر و سەردانی سایتەکان چۆنە و ریزبەندی هەر سایتێک لە ناو ئەو سایتانەدا کە لە وڵاتێک سەردانیان دەکرێت چەندە، پشت دەبەسترێت بە خزمەتگوزاریەکی بواری زانیاری ماڵپەڕەکان کە یەکێک لەوانە لە لایەن سایتی alexa وە پێشکەش دەکرێت.

لە گەڕانێکی NAWA دا بەناو زانیاریەکانی ئەو سایتە دەرکەوتوە کە ماڵپەڕەکانی facebook، google، youtube و yahoo لە ئاستی جیهانیدا زۆرترین پێشوازیان لێدەکرێت و ئەو چوار ماڵپەرە لە ئاستی زۆرینەی وڵاتانی جیهانیشدا کاتێک بە جیاجیا سەیری تۆمارەکانیان دەکرێت ، لە پێشەوەی سایتە یەکەمەکاندان.

لەم وردبوونەوەیەدا کە بەتایبەتی لە سەر ئەو سایتانە کراوە کە لە عێراق سەردانیان دەکرێت چەندین خاڵی جێگەی سەرنجمان بۆ دەرکەوت.

لەگەڵ ئەوەشدا کە هاوشێوەی زۆربەی وڵاتانی جیهان لە عێراقیش سایتەکانی facebook، google، youtube و yahoo لە ریزبەندی پێشەوەن، بەڵام ئەو وڵاتە تاقە وڵاتی جیهانە کە لە دوای ئەو سایتە جیهانیانە سایتێکی پۆرنی یان سێکسی زۆترین بینەری هەیە و پێشوازی گەرمی لێدەکرێت.
جیا لەوە خاڵی سەرنج راکێش ئەوەیە کە لە ناو ٣٠ سایتی یەکەمی ریزبەندی ئەلێکسا لە عێراقدا ناوی ٣ سایتی سێکسی دەبینرێت کە پلەکانی ٦، ١٦ و ٢٠ یان هەیە.

ئەگەر بازنەکە فراوانتر بکەین هەڵسەنگاندن بۆ ٦٠ سایتی یەکەمی عێراق بکەین بۆمان ئاشکرا دەبێت ئەو ژمارەیە دەگاتە ٥ سایت بەو پێیەی لە پلەی ٤٣ و ٥٧ دا ، ناوی دوو سایتی تری سێکسی تۆمار کراون.

دووای عێراق وڵاتی جەزائیر بە پلەی دووهەم دێت بەو واتایەی لە ٣٠ سایتی یەکەم ٣ سایتیان سێکسین کە ئەوانیش لە ریزبەندی ١٦، ٢٥و ٢٧ دا جێیان گرتوە.

لە پلەی سێهەمیش مەغریبە کە دوو سایتی پۆرنی لە ریزبەندی ١٢ و ٢٣ دا لە نێو ئەو ٣٠ سایتەدان کە زۆرترین سەردانیان دەکرێت لەو وڵاتەدا.

وڵاتی ئیتاڵیاش کە لە نێو ٣٠ سایتی پێشەوەی ریزبەندەکەی ئەلێکسادا ٢ سایتیان کە لە پلەکانی ٢٠ و ٢٣ دان پێگەی ئەلکترۆنی وروژێنەرن.

ئیتالیا لە پلەی یەکەمی وڵاتانی جیهاندایە کە زۆرترین خواستی تێدا تۆمارکراوە بۆ کردنەوە سایتە سێکسیەکان، ئەگەر بێت و چاوێک لە ٦٠ سایتی پڕ بینەری ئەو وڵاتە بکەین دەبینن کە ٦ سایتیان لەو بوارەدا چالاکن.

ئەوەی جێگای دڵخۆشی بوو لە کاتی وردبینی کردنی ریزبەندی پڕ خوێنەرترین سایتەکانی عێراق بەدیکرا کە ٦ سایتی کوردی کە تایبەتن بە هەواڵ و بابەتی هەمەڕەنگ لە ناو ٣٠ سایتی پێشەوەی ریزبەندی ئەلێکسان.

سایتی alexa بە گوێرەی زۆرترین سەردان کە هەر سایتێک لە هەر کام لەوڵاتان هەیەتی ریزبەندێکی ئامادە کردوە و خوێنەران یان خاوەنی سایتەکان دەتوانن بە رێگای نوسینی ناونیشانی سایتەکەیان بزانن کە لە چ پلەیەکدان.

جیا لەوە هەر بەرێگای ئەو سایتە دەتوانرێت بزانرێت کە کامانەن ئەو سایتانەی لە ئاستی جیهاندا زۆرترین خوێنەر و سەردانکەریان هەیە بە جیاجیاش دەتوانرێت ئەو رێژەیە لە هەر وڵاتێکدا بەدواداچونی بۆ بکرێت.

www.knewsdaily.org/Direje.aspx?Jimare=3133

٣- هاوسەری سێیەمی محەمەدی حاجی مەحموود سکرتێری حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان

http://www.knewsdaily.org/Direje.aspx?Jimare=3228

سەرچاوە: وێبلاگی پەراوێزی بیر - ڕێکەوتی: ٢٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٢

## هونراوە:

ئەگەر ژینێ هەبێ لە دوای ئەم ژینە
بگەڕێمەوە سەر ئەم گۆیە شینە
هەموو ڕۆژێک ئاشق دەبم
ڕۆژێک ئاشقی دڵفراوانێ
یا ئاشقی دەستی مێهرەبانێ
بە ئەشق ڕادەبم هەموو ڕۆژێ
هێندە ئاشق کە پێم دەڵێن موعتادی عەشقە
و هەر بە ئەشق دەرمان دەکرێ
ئەگەر ژێنێ هەبێ لەو پەڕی مەرگ
ئاشق دەبم
ئاشقی باڵای شیرین و پرچی فەرهاد
ئاشقی پێلاوەکانی شەهیدان
ئاشقی هەموو کوڕە هەژارەکانی شار
کە بێتاوان چوونە سەر دار
هێندە ئاشق تا
بە جێی هەموویان من دەدرێم لە دار

دەزانم هیچ شێعرێک
نابێتە هەتوان بۆ دەردی کەسێ
دەزانم وشەکان
نابنە پارە و نان، تێرناکەن زگی کەسێ
دەزانم پێنوسم نابێتە خەنجەر
ناپسێنێ تەنافی دار
دەزانم خۆشم ناگەڕێمەوە خوان
بەس هەر دەڵێم
ئەگەر ژینێک هەبێ لە دوای ئەم ژینە
پێم‌خوشە ببمە خوایێکی هێندە ئاشق
بخوڵقێنم بە جۆرێکی‌تر ئەم کەونە

سەرچاوە: وێبلاگی پەراوێزی بیر - ڕێکەوتی: ٢٨ی نۆڤەمبەری ٢٠١٢

---

## دەستنیشانکردنی چەند خاڵێک لە کاری ئەو چەند ڕۆژەدا.!

**پێشەکی دیسان وەک جارانی پێشوو دەڵێم براکانم ئافەرین و دەست خۆش بۆ بوێریتان.**

**خاڵەکان:**

**١- ئەوە جوڵانەوەیە نەک کەمپین. جوڵانەوە بەو مانایە کە حەرەکەتەکە مەبەستێکی هەیە و خەریکە خۆی ڕێک دەخا و هەرچی زیاتر خەڵک پێوەستی دەبن. زۆر گرینگە هاوکات ئەو جوڵانەوەیە زیندانیانی سیاسی و کێشەکانی دیکەی کۆمەڵایەتی لەبیر نەکا و هەمووە بەیەکەوە گرێ بدرێن. دیارە ئەو کارانە یەک ڕۆژە ناکرێن.**

**٢- بیر و ئیدەی هەوەڵی ئەو جوڵانەوەیە لە دەنگهەڵبڕینی چەند خاتوون لە ناو جەرگەی دەسەڵاتی تاوانباری**

ئیسلامی دا سەریهەڵدا (ڕێزم بۆتان خۆشکانم) و دواتر لە لایەن ژنانێک لە دەرەوەی وڵات داواکرا پیاوان لیباسی ژنان لەبەر بکەن و نۆرم بشکێن. ئەگەر ئەو جوڵانەوەیە بگاتە ئەو شوێنە کە "پیاوەتی" دیسان بەرهەم بێتەوە و ئەو جوڵانەوەیە بکرێتە کەمپینێک کە گوایە پیاوان دەستییان پێکرد، ئەخلاقی - سیاسی و مێژوویی دەبێ بێتە ژێر رەخنە. دیارە پیاوانی کورد بۆ هەوەڵ جار لە بەرامبەر سیستێمی پیاوسالاری لیباسی ژنانەیان لەبەر کرد، بەڵام ئیعتراز، داواکە و بیرۆکە لە لایەن ژنانەوە هاتە گۆ، گەرچی گرینگ گەیشتن بە ئامانجە بەس دیسان وەک کارێکی ئێۆریک و مێتۆدیک گرینگە کە ڕۆڵی ژنان بەرجەستەکرێتەوە و بوترێ کە ئەوە ژنان بوو کە "داهێنەری جوڵانەوە و بیرەکە" بوون.

٣- لە ماوەی ئەو چەند رۆژەدا پیاوانێکی زۆر پێوەستی ئەو جوڵانەوەیە بوون، ناسراو و نەناسراو. کاتێک چاو لە لاپەڕەی "ژن کەرەسەی سووکایەتی کردن بە هیچ کەس نییە" دەکەین دەبینین کە وێنەی پیاوانێکی ناسراو بە دەیان و سەدان جار شێرکراوە، لە حاڵێکدا پیاوانێک هاتوونەتە ناو ئەو خەباتە ئەستەم و دژوارە کە کولتوری عەشیرەی خۆیان و ناوچەیان هێناوەتە ژێر پرسیار و خۆیان خستۆتە بەر شەلاقی لۆمە. ئەگەر نووسەرو چالاکی مافی مرۆڤ لیباسی ژنانە لەبەر بکا ڕەنگە جێگای شاگەشکەبوون نەبێ، چونکە ئەوە ئەرکی پێشڕەوانە، بەڵام کاتێک پێشمەرگەیەکی قەدیمی کە دەیان ساڵ بە سیستێمی پیاوسالاری هەنگاوی هەڵێناوە و لۆمەی خزم و ڕەفیق دەکرێ ئەوە دەستبردنە بۆ ئەو تاروپۆییە کە دەبێ ئامانجی ئەو جوڵانەوە بێ. ئێمە دەبینین ئەو ئینسانە بەڕێزانە زۆر بە کەمی خەڵک وێنەکانییان شێردەکا. لە کاتێکدا دەبێ مەبەستمان ئەوەبێ جوڵانەوە گشتگیربکەین، نەک تەنیا چەند ژن و پیاوێک بەرجەستە بکەینەوە.

جگە لەمە بۆ وێنە پیاوێک کە هەر سەرەتا وە لە فەیس بووکی خۆی پشتیوانی لەو بیرە کرد زۆر بە کەمی بیندرا ئەویش چونکە خاوەنی مێدیا و... نییە. ئەو خاڵە کە مێدیا چۆن کاردەکا لە کاتی شیاودا زیاتر باس دەکرێ.

٤- بە پێچەوانەی ئەوە کە پێمانووایە پیاوانی روناکبیرو شاعیر و حیزبی دەبێ ئۆتۆماتیک خۆیان لەو جوڵانەوەیەدا ببیننەوە، ڕاست هەر ئەوان دێن و دەڵێن "ئەوە جوڵانەوەیەکی بێخەتەرە لە ئوروپارا" یان دەڵێن "من خۆم وەک تاک ئەهلی هیچ جۆرە هەڵوێستگرتنێک نیم تەنانەت بۆ کارێکی پیاوانە."

وڵام ئەوەیە کە ئەزقەزا هەر لە کاتی وادا ئینسانەکان دێنە مەحەک کە چەندە باوەڕییان بە مافی ژنان و

گرووپەکانی لەپەراوێزداماو هەیە. لە کاتی وادایە کە دەبێ هێزی پێشرەو خۆی نیشان بدا. دەبینین زۆر کەسی نەناسراو کە دەزانێ مانای زۆڵم چییە ئامادەترن تا رۆشنبیرەکان. بۆ؟ چونکە ئەو لە دەستدانی ناو و کەبکەبەی خۆی دەترسێ....

٥- رۆڵی حیزبەکان و پێوەندییان بە گرفتەکانی ناو وڵات لەو کات و ساتانەدا بەرجەستە دەبێتەوە. حیزبەکان دەبا هەر لە ساتەکانی هەوەڵدا ئامادەبان. بەڵام بۆ وانییە. ئایا ئەو کولتورە پیاوسالارەی کە باسی لێدەکرێ تانوپۆی ئەوانیش نەگرتۆتەوە؟ یان پرسیاری دیکە ئەوەیە کە بۆ حیزبەکانی ئێمە ناتوانن زوو خۆیان پێوەستی جوڵانەوەی ناو وڵات بکەن.

هاوکات بیرمان نەچی کە کاتێک چاو لە سایتەکان و نووسینەکانی فەیس بووک دەکەین، زۆر کەس دەیهەوێ ئەو حەرەکەتە بەلای خۆیدا بیشکێنێ. هەر ئینسانێک کە باوەڕی بە بەرابەربەری ژن و پیاو هەبێ دەبێ تەنیا ئامانجی لەو کارانەدا پێشچوونی جوڵانەوەی ژنان بێ نەک ئیستفادەی سیاسی و شەخسی.

٦- رێکخراوەکانی ژنان دەبا تا ئێستا زۆر کارییان کردبا، بەڵام بە داخەوە رێکخراوەکانی ژنانیش دووچاری هەمان گرفتەکانی حیزبەکانن و دەست و باڵی خۆیان بە گرێدانی حیزبی بەستۆتەوە. چەند رێکخراوەیەکی سەربەخۆش کە هەن لە ڕاستیدا زیاتر قسەی دەوری میزدەکەن.

٧- ژنانی سەربەخۆ و نووسەر دەبا تا ئێستا زۆر چالاکانە لەو جوڵانەوەیەدا بەشداربان. گرفتەکانی ئەوان چییە کە نەیانتوانیوە رۆڵی خۆیان ببینن. ئایا ژنی نووسەر کەمە یان دەنگییان لە ناو حەجمی خەبەرەکاندا ون دەبێ؟

٨- هەر ئێستا لە ناو وڵات باسی ئەوە کراوە کە ئەو بڕیارە سەرەڕۆیانە بووە. ئەوە پاشگەزبوونەوەیەکی ئاشکرای ڕژیمە. بەڵام دەبێ ئەو جوڵانەوەیە بتوانێ دەستت بباتە ئەو بناخانە کە بۆ بڕیارێکی سەرەڕۆیانە دراوە. ئەو حەرەکەتە دەبێ لەسەر ئەوە کاربکا کە چۆن ئەو کۆمەڵگا دینسالار و پیاوسالارە دەتوانێ تەنانەت لە دەرەوی یاساکانی زشتی خۆی، کارێکی سەرەڕۆیانە بکا. پیاوسالاری بەو جوڵانەوەیە تەواو نابێ و تازە هەوەڵێ رێگایە و هەڵبەت ئەگەر بە هەموو ئامانجەکانیش نەگا دیسان مێژوویی چەند هەنگاو بەرەو پێش بردووە....

٩- لە باری تکنیکی باشتر وایە کە وێنەکان لە لایەن لاپەڕەکەوە یەکجار دابندرێ و خەڵک لایک و کۆمێنت دابنێ و خەڵک وێنەکان شێر نەکەن چونکە کاتێک چوار هەزار کەس خەریکی شێری وێنەکان دەبن، باسەکان و کۆمێنتەکانی نووسراو زۆر کەمتر دێنە بەرچاو لە حاڵێکدا زۆر گرینگە ئانالیزی تەواوی نووسینەکان و جەمبەندی بۆچوونەکان بکرێت.

١٠- ئەو جوڵانەوەیە دەبێ بەربڵاو کرێتەوە تا ڕادەیەک کە خەڵکی ولاتانی دیکە بێتە پشتی. ئەو جوڵانەوەیە دەتوانێ ببێتە پاڵەپشتێکی گەورە بۆ گۆڕانی کولتوری دژەژن و ببێتە بناخەی ڕوانینێکی باشی ژێندێری بۆ یاساکانی داهاتووی کۆمەڵگای کوردەواری. هاوکات دەبێ بەڕێوەبەرانی سایت و لاپەڕەکان شوناسی ئەو جوڵانەوەیە، جوڵانەوەی ژنی کورد، بپارێزن و نەکەونە ژێر کاریگەری ئەرێنی دۆستانی بە ناو ڕۆشنبیری نەتەوەی باڵادەست.

١١- کاتێک باسی ئێعدام دەکەین هەموومان بە حەق زۆر زوو هەڵوێست دەگرین و بە جیهانی دەکەین بەڵام بیرمان نەچێ کە هەمیشە گۆشە تاریکەکانی سزا و تاوان کە لەوێدا مافی ئینسان و تاک دەچنە ژێر پێ، بۆ هەموو لایەنگرانی مافی مرۆڤ زۆر ڕوون نییە . لە جمهوری ئیسلامیدا دەیان جۆریتری سزا هەن کە بە هەمان شێوە کەرامەتی ژن دەبەنە ژێر زەختی خۆیان.

*ئاخر وتە:*

جوڵانەوەیەکی فێمینیستی دادپەروەرە. بەداخەوە لەو چەند ڕۆژەدا زۆر کەم باسی چەند خاڵێک دەکرێ: "تاوان"، "سزا" و "مافی تاوانبار" و شکاندنی کەسایەتی تاوانبار.

هەموو ئەوانەی کە بۆ داکۆکێکی لە بەرابەری ژن و پیاو کاردەکەن دەبێ تێکەڵاوی کێشەیەکی ژێندێری و کێشەیەکی ماف لە "گرداندن یک اوباش در مریوان" بەدیقەت بێنە بەر باس و ئەوەیان لەبیرنەچی کە نەک هەر توهین بە ژنان کراوە کە بگرە مافی ئینسانێکش کە ئەویش هەر کوردە لەژێر پێندراوە. ئەو ئینسانە لەژێر کاریگەری ئەو سزایە چی بەسەر دێ ئەویش خۆی باسێکی ترە. ئێمە کۆمەڵگایەکی تێکشکاوین و بە هەزاران کەس دەبێ لە پرۆسەیەکی ئینسانیدا یارمەتی بدرێن.

سەرچاوە: وێبلاگی پەراوێزی بیر - ڕێکەوتی: ٢١ی ئەپریلی ٢٠١٣

## شەهلا دەباغی چەند پرسیارێک رووبەڕووی کوێستان فتووحی دەکاتەوە

***شەهلا دەباغی**: وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی چ گرفتێک لە ڕێگای ژنان لە ناو حیزبەکان بە تایبەت لەرادەی ڕێبەری دا دێتە سەر ڕێگاتان و دەیبینی؟*

***کوێستان فتوحی**:* لەو کۆمەڵگایەی ئێمەدا ژن لە هەر پۆست و مەقامێکدا بێ و هەر کارێک بکا، بەبێ شک گیرو گرفت لەسەر ڕێیەتی. کۆمەڵگەی ئێمە کۆمەڵگەیەکە پیاوسالارە، حیزبەکانی ئێمەش هەڵقولاوی ئەو کۆمەڵگایەن. تاکەکانی نێو ئەو حیزبانە هەڵگری کۆمەڵێک نۆرم بەهای کۆمەڵایەتین کە زەحمەتە بە ئاسانی وازی لێ بێنن. ئەمە راسییەکە و کەس ناتوانێ حاشای لێ بکا کە فەرهەنگی پیاوسالاری ناتوانێ روانینێکی موسبەتی هەبێ بۆ رۆڵی ژنان لە هەر کارێک و بوارێک دا. ئەگەر بە ڕاشکاوانە وڵام بدەمەوە، دەبێ بڵێم لە نێو حیزبەکانی کوردستاندا دیارە بە هێندێک جیاوازییانەوە، نەتوانراوە کێشەی ژن چارەسەر بکرێ. ژن هەمیشە وەک پاشکۆیەک سەیری کراوە. خەڵک دروشم و وشە و رستەی جوانی لەسەر ژن لە حیزبەکان بیستوە. بەڵام کە دێیە نێو حیزبەکەوە، سەیردەکەی لەگەڵ واقعییەتێکی دیکە بەرەوروو دەبی. ئەویش لەپەراوێز خستن، گوێ لێ نەگرتن و بەهێندنەگرتن و....

دیارە گرفتەکە لە خودی ئەو روانین و بۆچوونەدایە کە بەشێکێ زۆر لە رێبەری حیزبەکان سیاسەت و خەباتیان هەر لە چوارچێوەی رێژیمە داگیرکەر و ماف پێشێلکەرەکانی کوردستاندا دەبینن و لە چوارچێوەی پرسی نەیەوەییدا خەباتی لێبڕاوانە دەکەن. لە حاڵێکدا هەوڵدان بۆ گەشەی کۆمەڵایەتی و ئازادیی تاکەکان بەشێکی گرنگە لە خەبات کە حیزبەکان تارادەیەک پشت گوێیان خستوە.

حیزبە نەتەوەییەکانی کوردستان ئەگەر نەڵێم هەموویان، زۆربەیان دەبینین ساڵەهایە باسی رۆڵی ژنان لە خەباتی نەتەوەیی‌دا دەکەن، بە شانو باڵی ژنان دا هەڵدەڵێنو بانگەشەی یەکسانیخوازی دەکەن. لەهەمان کاتیشدا ئەگەر چاو لە موناسباتی نێوخۆییان دەکەی ئەوندەیان گوێ بە رۆڵی ژن نەداوە وەکی لە قسەو دروشمەکانیاندا هەیە. زۆر بە کەمی ژنانیان لە بڕیاردانەکان دا شەریک کردوە، کەمترین بەرپرسایەتییان پێ سپێردراوە. لە راگەیەندنو هەڵوێستەکانیاندا بەرامبەر بە کێشەکانی ژنان زۆر بێتەفاوەت بوون.

لە نێو ریزی حیزبەکاندا بەهۆی ئەوەی تا ئێستاش رێژەی ژن کەمترە لە پیاو، روانگەی پیاوان زاڵترە بەسەر ژنان دا. ئەم هێزە زاڵە تا ئێستاشی لەگەڵ بێ بە چاویلکەی رەگەزی دەڕواننە ئەرکەکانی ژن. ئەو چاویلکەیە هەمیشە وێنەی لاواز لە ژن دەبینێ و وێنەی بەهێز لە پیاو. تەنانەت پیاوە بێ توانا و بێ ئەزموونەکانیش لە ژنانی بەتوانا و بەئەزموون، سەنگیان زیاترە. زۆر لە پیاوەکان وەک باوڕ قەبووڵیان نەکردوە، کە ژنیش هەیە توانای ئەرک و بەرپرسایەتیی حیزبیی هەبێ. پێیان وایە ئەوەندە ژنە کە - لە هێندێک حیزبدا ئەویش رێژەیان بۆ دیاری کراوە - رێیان کەوتۆتە پۆستی رێبەری، جێگەی پیاوانیان گرتوە و وەک غەدرێک لەوان کرابێ دەیبینن. بێشک ئەم روانینە هەڵە و نادروستە، ئەرکی ئێمەیان قورستر کردوە. کەمترین ئیراد لەکاری ژنێکدا هەبێ بە چەندقات گەورەی دەکەنەوە. جگە لە کار و بەرپرسایەتی ئۆرگان و بەشەجۆراوجۆرەکان لە حیزبدا، دەبێ بەردەوامیش شەڕی کەلتوور بکەین. لەم وڵاتانەی ئێمە ژن لە هەر کوێ و لە هەر جێیەک کارێک بکا گیروگرفتی تایبەت بە خۆی هەیە، بەتایبەتی کاری سیاسی ئەویش لەنێو ئەم کەلتوورەدا بەڕاستی گیان و جەرگی سەختی دەوێ. هەوڵدان بۆ ئەوەی پرسی یەکسانی لە قالبی دروشم بێتەدەرێ و ببێتە باوڕ لە بیرو ناخی تاکەکاندا، کارێکی ئاسان نیە.

لە کوردستان کەس ناتوانێ ئەو ئیددیعایە بکا و بڵێ لە حیزبەکەی مندا موناسباتی پیاوسالاری سڕدراوەتەوە و ئێمە بێ گیر و گرفتین. ئەگەر کەسێکیش هەبێ وا بڵێ، ئەوە راستی نەوتوە. بەداخەوە هێندێک ژنیش کە لە رێبەریی حیزبەکاندا حزووریان هەبووە، لە جیاتی ئەوەی فەرهەنگی هاوسەنگی و یەکسانی دروست بکەن، بۆخۆشیرین کردن بووە لای پیاوان یان بۆ ئەوەی پۆستی رێبەری بەلایانەوە شیرین بووە، هەروەک پیاو بیریان کردۆتەوە و سێبەری ئەوان بوون. زۆر خۆیان لە قەرەی کێشەکانی ژنان نەداوە. ژن بۆخۆی حوزووری کەمە لە رێبەریی حیزبەکاندا، کە ژنی ئاواشی لێ هەڵکەوت، هەلەکان بەهەدەرچوون و گرفتەکان ماونەتەوە. چونکە زۆر لە پیاوان ئەو ژنانەیان قەبووڵە - هەڵبەت ئەگەر قەبووڵیان بێ.

***شەهلا دەباغی: گرفتی سەرەکی ئێستای ژنانی کورد چییە و لە کام بواردا دەبێ چالاکییەکان کۆکرێنەوە؟***

***کوێستان فتوحی:*** ئەگەر باسی گرفت بکەین، دەبێ باسی دۆخی ژنی کورد لە کوردستان بکەین. با خۆمان هەڵنەفریوێنین و لەگەڵ خۆمان راستگۆ بین. ژنی کورد یەکجار زۆر گرفتی هەیە. رۆژ نیە ئێمە شاهیدی خۆکوژی و کوشتنی ژنی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان نەبین، شاهیدی ئازار و ئەزیەتی ژنان لە لایەن پیاوانەوە

نەبین. یەکێک لە تراژیدییەکان ئەوەیە رووناکبیری کورد بەم دۆخەی ژنان لە کوردستان راناچڵەکێ. کەس دەمی ناکاتەوە قسەیەک بکا بیرێک بۆ ئەم دۆخە نالەبارە بکاتەوە. ئەم هەموو گۆڤار و رۆژنامە و بڵاوکراوەیە دەردەچێ، بابەتێکیان لە سەر دۆخی نالەباری ژنی کورد تێدا نیە، خوێنەر تووشی راچڵەکان و سەرسامی بکا. ئەم هەموو کوژرانی "نامووسی"یە دەبیسرێ و دەدیترێ هەموومان وەک فیلمێک سەیری دەکەین و ئاسان بەلایدا تێدەپەڕین. کەس بەبەرپرسیارەییەوە لەم کارەساتەی بەسەر ژنان لە کوردستان دێ، ناڕوانێ و لە هۆکارەکان ناپرسێتەوە. ئاستی کولتووری و روشنبیری خەڵک لەسەر پرسی یەکسانی زۆر لەخوارێیە. لە باشووری کوردستان ئازادییەک هەیە ئەگەر کەڵکی لێ وەر بگیرێ دەبێتە نموونە بۆ بەشەکانی دیکەش. توێژەرێک، خوێندکارێک نایەت لێکۆڵینەوە و توێژینەوەیەک لەسەر خۆکوژی و کوشتنی ژنان، لەسەر بەزۆر بەشوودان، لەسەر خەتەنە و زۆر دیاردەی دژ بە ژنان بکا. لە سەر شەقام پیاو بەشەڕ دێن، دایک و خوشک و هاوسەری یەکتر وەبەر هێرشی جوێن و قسە سووکەکانیان دەدەن. بەڵام بەردەوامێش لە راگەیەنە کوردییەکانەوە وشەی جوان لەسەر ژن دەبیسین و باس لە کەلتوور و دابونەریتی جوانی کوردەواری دەکەن! کە سەردانی رێکخراوێکی ژنان دەکەی و باس لە کارو چالاکییەکانی خۆیانت بۆ دەکەن، دەڵێی کوردستان لە سایەی کارەکانی ئەوانەوە چ بەهەشتێکە بۆ ژنان! کەچی لە رۆژێکدا ٢ ژن لە ناوچەیەک دەکوژرێن، کەس نەهاتە شەقام، رێکخراوێکی ژنان هەڵوێستێکی جیددی نەگرت. پارلمانتارێکی ژن دەنگی هەڵنەبڕی. ئەو یاسایانەی کە توسقاڵێک مافی ژنی پاراستوە لەلایەن دابونەریت و کەلتوورەوە خەریکە هەڕەشەیان لێدەکرێ. دەسەڵاتی کورد لە بەشە ئازادکراوەکەی کوردستان هەر لەبیری دروستکردنی ویلا و شاری خەونەکان دایە، بەڵام بیر لە گۆڕینی ئەو کەلتووره ناکەنەوە کە هەموو رۆژێ لاشەی بێ گیانی ژنێکمان بۆ فڕێدەداتە نێو قەبرستانەوە. پێم وایە بچووککردنەوەی ئەم کێشانە ئاکامی ترسناکتری لێدەکەوێتەوە کە بە زیانی تەواوی کۆمەڵگەی کوردە دەبێ. ئەم واقعە تاڵە دەبێ قەبووڵ بکەین کە کە وەزعی ژنی کورد زۆر جێگای رەزامەندی نیە. سیاسەت و حیزب و دەسەڵاتی کوردییش لە ئاست کێشە کەلتوورییەکاندا کەمتەرخەمن. حیزبەکان کێبەرکێیانە لەسەر کێ نەتەوەیی ترە و کێ دڵسۆزترە بۆ کورد، کەچی ساڵانە بە دەیان و سەدان ژن دەکوژرێن و خۆدەکوژن خۆیان ناکەن بەخاوەنی ئەم کێشەیە.

رەنگە بڵێن قسەکانم ئێغراقیان تێداتە، بەڵام من نگەرانم لە وەزعی ژنان لە کوردستان. چونکە هێزێکی تەبلیغی بەربڵاو نەتەنیا لەلایەن ئیسلامییەکانەوە لە دژی چالاکانی ژنان دەبینم، مەبەستم ئەو چالاکانەیە کە بەڕاستی ناترسن و راستگۆیانە کاردەکەن بۆ مافەکانی ژنان، نەک هێندێک لەو ژنانەی لە رێکخراوەکاندا کە هەر بەناو چالاکی ژنانن بەڵام ئامادە نین تەنانەت لە نێو بنەماڵەکەی خۆیاندا بەهاکانی یەکسانی بپارێزن. بەشێک لە

مەلاکانی کوردستان لە مینبەری مزگەوتەکانەوە دەستیان کردوە بە تەبلیغاتی رەش دژی بەرابەری ژن و پیاو. هەر ژنێک بە کەمترین ئاگاییەوە گوێ لە قسەکانیان بگرێ، مەحاڵە هەستی بریندار نەبێ. بەهۆی ئەم پێکهاتە کۆمەڵایەتییەی کوردستان کە زۆربەی خەڵکەکەی موسڵمانن، تەبلیغاتی مەلائاینییەکان رۆڵێکی گرنگ دەگێڕێ لە بیناکردنی کەسایەتیی مێرمنداڵان و گەنجەکان، بەتایبەتییش دەبینین ئێستا ئەو توێژانە چۆن روویان لە مزگەوتەکان کردوە. دەسەڵات بێدەنگە لە ئاست تەبلیغاتی ئەو مەلایانەدا، کوردستانی باشوور دەبوو ببوایەتە نموونەیەکی جوان بۆ بەشەکانی دیکەی کوردستان، کەچی بەداخەوە ئێمە پێچەوانەکەی دەبینین. جوانکردنی روخساری شەقام و شارەکان چ نرخێکی هەیە کە کەلتوورەکەمان پاک نەکەینەوە لە دیاردە ناحەزەکان.

***شەهلا دەباغی: ئایا ئیمکانی هاوکاری بەرین لە ناو ژنان بە بیری جیاواز، هەیە و ئەگەر نا، گرفتەکانی سەر رێگا چین؟ ئەگەر خۆشت بابەتێک بە گرینگ دەزانی کە پێتوایە دەکرێ باسی بکەی، بینوسە؟***

***کوێستان فتوحی:*** بەڵام لە کام بواردا چالاکییەکانمان کۆبکەینەوە؟ ژن دەبێ بیری کۆمەڵگە بوروژێنێ. ژن دەبێ بە ئامانجی ئازاد بوون و رزگاربوون لەو دۆخەی تێیدایە خەبات بکا و لە هەموو بوارێکدا چالاک بێ. لە سیاسەت، کار لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا، نووسین، لە هەر بوارێک دا دەبێ بە ئامانجەوە هەنگاو هەڵێنێتەوە. ژن دەبێ لە سیاسەت و دەسەڵات دا بەشدار بێ، هێز بێ بۆ ئەوەی لە دارشتنی بڕیار و قانووندا شەریک بێ. ئێمە نابێ دڵمان خۆش بێ بە دانانی رێژە بۆ ژنان لە دەسەڵات و رێبەریی حیزبەکان دا، بەڵکوو دەبێ دڵمان بە ژنی ئاگا و نەترس خۆش بێ کە رێیان دەکەوێتە پۆستە بەرزەکان. با هەر نەڵێن ژن بێ و بەس. هەوڵ بدەین ژنانێک رێیان بکەوێتە ئەو شوێنانە کە دەنگی راستەقینەی خۆمان بن هەڵبەت لێرەدا باسی مەسەلەی ژنە، ئەگینا لە مافدا ژن و پیاو جیا ناکرێنەوە.

هەروەها پێم وایە بواری کەلتووریش زۆر گرنگە. ئاستی رۆشنبیری و کەلتووریمان بەداخەوە لە سەر مافەکانی ژن، منداڵ و لاو سەقەتە. بۆ ئەوەی ئەم کێشانە قسەیان لەسەر بکرێ. ژنانی چالاک و ئازا بەتایبەتی لەم بەشە ئازادکراوەی کوردستان دەبێ کارێک بکەن ببنە هێزی فشار بۆ سەر دەسەڵاتداران، حیزبەکان، راگەیەنەکان، رووناکبیران وهەموو ئەوانەی خۆیان بە خەمخۆری مافەکانی مرۆڤ دەزانن. ئەرکی ژنی ئازا و رووناکبیر ئەوەیە تابۆ و شتە چەقبەستووەکان بخاتە بەردەم رەخنە. بە ئاگایی ئازایەتیی و وریاییەوە دەبێ بەرپەرچی تەبلیغاتی نێو مینبەری مزگەوتەکان کە دەبنە هۆی سووکایەتی بەژن بدەنەوە. ژنان و رێکخراوەکانییان پێویستە یەکگرتوو

**بن لە ئاست کۆنەپارێزاندا و نەیەڵن منداڵان و لاوەکان بەقسەی کەسانێک هەڵفریوێن کە بۆ ئەم دنیایە ناژین. ژنان یەکسانیی و دادپەروەرییان بۆ ئینسانەکان دەوێ. با ئەو یەکسانییە و داد پەروەرییە لە بنەماڵەی خۆمانەوە دەست پێ بکەن. لە شەقام، ماڵ، شوینێ کار و هەر شوێنێک ئەگەر ناهەقییەکمان لەگەڵ کرا بێدەنگ نەبین. لە هەر شار و شارۆچکە و گوندێک ژنێک کوژرا، دەبێ ڕێکخراوەکان هەڵوێستی جیددی بگرن. ڕێکخراوی ژنان دەبێ کێشەکان بێنێتەبەرباس. بە یەکگرتوویی و جیدییەتی هەموولایەکە دەتوانرێ داهاتوویەکی باشتر بۆ ژنان لە کوردستان دابین بکرێ.**

**سەرچاوە: وێبلاگی هانای کوێستان - ڕێکەوتی: ١٦ی ئەپریلی ٢٠١٢**

---

## ***شەهلا دەباغی: ئێمە خوێندنەوەمان بۆ کێشەکانی خۆمان لاوازە***

**دیمانە: کوێستان فتوحی**

***سەکینە محەممەدی ئاشتیانی لە ساڵی ٢٠٠٦ی زایینی دا بە تاوانی پێوەندی «نامشروع» لە لایەن دەزگای قەزاییی کۆماری ئیسلامییەوە حوکمی بەردبارانی بەسەردا سەپاوە، هاوینی ئەمساڵ جارێکی دیکە دوای پێداچوونەوە بە حوکمەکەیدا دیسان لەلایەن دەزگای قەزاییەوە حوکمی سەنگسار بۆ ناوبراو تەئید کرایەوە.***

***حوکمی درندانەی سەنگسار لە دژی سەکینە و هۆکاری سەرنج و نارەزایەتی کۆمەڵگەی جیهانی و کۆر و کۆمەڵەکانی مافی مرۆڤ لە دژی ئەم حوکمە درندانەیە و کۆمەڵێک پرسیاری دیکە لە وتوێژێک لەگەڵ خاتوو شەهلا دەبباغی چالاکی سیاسیی دانیشتووی وڵاتی سوئێددا***

***کوێستان: هەروەک ئاگادارن حوکمی سەنگسار لەدژی سەکینەی محەممەدی ئاشتیانی دنیای دەرەوەی هەژاندوە. ئێوە چ هۆکارێک دەبینن کە دنیای دەرەوە بەم شێوەیەی ئێستا سەرنجی داوەتە مەسەلەی سەنگسار لە ئێران و ئەو حوکمەی بەسەر سەکینەدا سەپاوە، لە حاڵێکدا حوکمی دڕندانەی سەنگسار یەکەم جار نییەدەدرێ و تەنانەت لە***

***ئێران لەماوەی دەسەڵاتدارەتی ئەو ڕێژیمەدا کەسانێکی زۆر بەردباران کراون؟***

***پێتان وایە ئەو کەمپەینەی کە بەدژی سەنگسار وەرێ خراوە، کاریگەری بووە لە ناساندنی ئەم جینایەتە لە دنیای دەرەوەدا؟***

**شەهلا:** ئەوە هەوەڵ جار نییە کە حوکمی سەنگسار دەدرێ و زۆر کەسیش بە داخەوە بەو حوکمە بەربەری و نائەخلاقییە گیانیان بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە لێ هەستێندراوە. بێ ئەخلاقی کۆماری ئیسلامی. یش تەنیا لە سەنگساردا نامێنێتەوە و شێوەکانی بەربڵاوی گیانهەستاندن وەک ئێعدام، تیرباران و لە ژێر ئەشکەنجەدا کوشتن، هەموو جۆریتری ترساندنی خەڵکن.

ئەمەش ڕاستە کە وڵاتانی دەرەوە بەپێی بەرژەوەندی ئابووری خۆیان زۆر جار نایانهەوەێ لە ژێرپێنانی مافی ئینسانەکان لەناو ئێران و کوردستان لە لایەن ڕژیمی ئیسلامییەوە ببینن. بەڵام هەر کات و ساتێک، هەر کەسێک لەم جیهانە پڕ لە زوڵمە، دەنگی خۆی بخاتە پاڵ دەنگی زوڵم لێکراون و زیندانیان و هەر ساتێک هەر دەوڵەت یان خەڵکی وڵاتێک دژ بە حوکمی وا ناشایست ڕاوەستن، ئەوە هەم ئەوان ئەرکی خۆیان وەک ئینسان بەجێ گەیاندووە و هەم دەنگی زوڵملێکراون و چالاکانی مافی ئینسان بە ڕادەیەکی زۆرتر دەگاتە خەڵکی دونیا. ئەم کەمپەینە توانی زۆر باش کاریگەری بکاتە سەر رای گشتی و هەڵوێستی دەوڵەتان. بۆ وێنە هێندێک ژورنالیست زۆر چالاک بوون. لێرە خانمێکی فۆتۆگراف ڕۆیشبوو بۆ ئێران و کە هاتەوە وتووێژی خۆی لەگەڵ کوری سەکینەخانم بڵاو کردەووە کە لە سوید کاردانەوەیەکی زۆر باشی بوو یان لە فەرانسە کۆشنێر زۆر باشی هەڵوێست گرت. وەکیل مستەفایی تا ئێستا زۆر کاری کردووە بۆ لابردنی ئەو حوکمە. ئەمانە هەموو کاری زۆر باشن و جێگای ڕێز.

هۆیەکی سەرەکی ئەو کەمپەینە خودی کێشەکە، حوکمەکە، خەڵکانی ناوەوەو دەرەوەی وڵاتن. چالاکی وەکیلەکان و ئەو گرووپانەکە بۆ مافی ئینسان کار دەکەن و توانیان لە ڕادەی جیهانیدا کار بکەن.

هۆیەکیتر، حەساسبوونی جیهانی دەرەوە بەهۆی گەیشتنی زۆرتری خەبەرەکان دوای ئەو جووڵانەوەیەیە کە بەناوی جووڵانەوەی سەوز ناسرا. من خۆم ئەو جووڵانەوەیە وەک جووڵانەوەیەک دەبینم کە تێدا چ لەناو و چ لە دەروە زۆر هێزی لایەنگری مافی ئینسان تێدا چالاکن و دەنگی خەڵک بە جیهان دەگەیەنن. دیارە پێشتریش چالاکانی مەدەنی

و مافی مرۆڤ، بۆ گەیاندنی دەنگی خەلک هەوڵێیان زۆر داوە و هەمووی ئەوانە نەتیجەی کارێکی بەردەوامی چەندین ساڵەیە.

خاڵێکیتر ئەوەیە کە ئەگەر سەردەمانێک کۆماری ئیسلامی کوردستانی قەتڵ و عام دەکرد، ٥٩ نەفەری ئێعدام دەکرد، یان قارنا و قەلاتانی ژێنوساید دەکرد یان زیندانیانی لە ساڵی ٦٧ بەکۆمەڵ لەناو دەبرد ئەو کات نە ماسمێدیا بەو شێوەی ئێستا بەربلاو لەبەر دەستدابوو و نەدەنگی خەڵک ئەوها زوو لە ڕێگای مۆبایل و نێت و ... دەگەیشتە دونیای دەرەوە. تێکنیک توانیوێتی ڕۆڵێکی زۆر ئەرێنی - پۆزێتیڤ هەبێ.

هەموومان دەزانین کە زۆر جار بە پێی بەرژەوەندی، دەوڵەتان بێدەنگن لەڕاست جەنایەتەکانی کۆماری ئیسلامی و ڕەخنەش لەدوبڵ مۆڕالی ئەو جۆرەسیاسەت کردنەی ڕۆژئاوا دەگرترێ، بەڵام کاتێک کە دەنگیان بەرز کردەوە نابێ بڵێین بۆ ئەوە ڕاست ئێستا دەنگییان بەرز کردۆتەوە. دیارە کە زۆر جار یان باشترە بڵێیم هەمیشە بەرژەوەندییەکانی ئەوان بڕیاردەرە و ئێمە دەبێ بەردەوام کار بکەین و نەیەڵین کە بەهۆی بەرژەوەندی ئابووری وڵاتان، مافەکانی ئینسان و گەلانی ناو ئێران لەبیربچێتەوە.

***کوێستان**: بەربەرەکانی لەگەڵ سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی ئەرکێکە کە هەموو ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیم بە گرنگی دەزانن، بەڵام لەوەها کەمپەینێکدا دەبینین هێندێک لایەنی ئۆپۆزیسیۆن سەرنجێکی ئەوتۆی نادەنێ، واتە بە مەسەلەیەکی حقووقی و تایبەتی دەزانن و کەمتر لە ڕاگەیەنەکانیاندا باسی لێدەکەن لە حاڵێکدا ئەوە سیاسەتی ئەو ڕێژیمەیە و مەسەلەیەکی سیاسییە نابێ تەنیا وەک مەسەلەیەکی حقووقی و تایبەتی چاوی لێبکرێ. ئێوە وەک چالاکێکی مافەکانی ژنان لەو بارەیەوە چۆن بیر دەکەنەوە؟*

***شەهلا**:* من لە دەرەوەی وڵاتم و خەبەرم لەزۆر شت نییە بەڵام ئەوەندە کە من خەبەرەکان بخوێنمەوە زۆربەی ڕێکخراوەکان ئەو شێوەحوکمانە مەحکووم دەکەن و لە بەرامبەری دا ڕاوەستاوون. ئەگەر کەسانێک یان ڕێکخراوەیەک هەبێ و حوکمی سەنگساری بۆ گرینگ نەبێ ئەوە تووشی هەڵەیەکی ئینسانی و سیاسی دەبێ. مافی ئینسان جیهانشموله و بەکات و شوێن نابێ ببەسترێتەوە. هەموو ڕێکخراوەیەک کە خۆی بە پێشکەوتوو دەزانێ دەبێ پاراستنی مافی ئینسان و حەقی ژیان خاڵی سەرەکی خەباتی بێ و لە هێچ کاتێک ئەوە قوربانی هێندیک شتیتری نەکا. ئەگەر وانەبێ ئەوە کۆمەڵێکە هۆی هەیە کە گرینگترینیان چەقبەستنی سیاسییەو تێروانینێکی دواکەوتوو بۆ

مافی ئینسان. دیارە ئەگەر کەس یان ڕێکخرواێ وا هەبن ئەوە نەیانتوانیوە بەشیوەیەکی مۆدێرن و ئینسانی خۆیان گەلاڵەبکەنەوە و ئەمەش جێگای ڕەخنەیەکی زۆرە.

ئێمە دەبێ بەردەوام کار بۆ ئەوە بکەین کە»پاراستنی مافی ئینسان و حەقی ژیان» ی تاکەکان، تەنانەت ئەگەر ئەو کەسە موخالیفی فکری ئەویتر و خۆمان بێ، ببێتە کولتوور و لە چوارچێوەی حیزب و ئیدئۆلۆژی بێتە دەر و پاراستنی ئەو مافە، بە ئەرکی خۆمان بزانین.

***کوێستان:** ئەوە بۆ هێندێک لایەن بۆتە پرسیار کە بۆچی دنیای دەرەوە بۆ حوکمی سەنگسار دژی سەکینە محەممەدی ئاشتیانی دژکردەوەیەکی زۆری نیشان داوە، بەڵام بۆ نموونە بۆ ئێعدامی ٥ تێکۆشەری سیاسی کورد، یان کوشتاری خەڵکی زەحمەتکێشی کورد لەسەر مەرزەکان، هەڵوێستێکی لەم شێوەی نەبوو؟ هۆکارەکەی چیە پێتان وانیە کورد بۆخۆی لەمبارەیەوە کەمتەرخەمە لە ئاست ناساندنی کێشەی خۆیدا؟ یان خەڵکی جیهان ئێستا دەرکی بەوە کردوە کەکێشەکان لەگەڵ ئێران تەنیا مەسەلەی پرسی ناوکی نیە، بەڵکوو کۆتایی هێنانە بە هەموو ئەو کارەساتانە کە لەلایەن ئەو ڕێژیمەوەبەسەر خەڵکی ئێراندا دێ؟*

***شەهلا:*** بەداخەوە تا ئێستاش کێشەی کورد وەک کێشەی بۆ وێنە فەلەستینیەکان نییە. هەر بۆ وێنە لە سوید ڕۆژێک دوای کێشەی تورکیە و ئیسرائیل و کوشتنی چەند کەس لە ناو ئەو کەشتیە کە بەرەو فەلەستین دەچوو، تەواوی خەڵکی سوید هەڵوێستی گرت و خەڵکێکی زۆر هاتە ناو مەیدانی مەرکەزی ستۆکۆڵم. تا ئێستاش کە من نزیک بە بیست ساڵە لێرەم هەڵوێستی خەڵکم بەو فراوانییە بۆ گرفتەکانیتر نەدیووە ڕەنگە حیزب یان دەوڵەتان هەڵوێست بگرن بەڵام من باسی ڕای گشتی دەکەم. تەنانەت نە دوای جووڵانەوەی سەوز و نە بۆ کێشەکانی کورد ڕای گشتی خۆی بەشێوەیەکی ئاوا ئاشکرا نیشان نەداوە.

ئێستا ئێرانییەکان زۆر چالاکن و هێندێک ماس مێدیاش هەیە کە دەتوانن دەنگی خۆیان بگەیەنە دەرەوە، بەڵام ئێمەی کورد تا هەنووکە زۆر گرفتمان هەیە. ئێمە هاودەنگ نین، چ وەک تاک و چ وەک ڕێکخراو و حیزبەکان. تا ئێستاش نەمانتوانیوە هاودەنگی لەناو خۆماندا پێک بێنین. ئەمە لایەکی گرفتەکەیە. لای دیکەی کێشەکە وڵاتانی دەورەوەن کە ئەوانیش بەپێ بەرژووەندی خۆیان کار دەکەن. بەڵام بۆ ئەوە ئێمە بتوانین زۆرترین کاریگەریمان هەبێ دەبێ لەناو خۆمان یەک دەنگ بین و بەشێوەی تۆڕێکی سەراسەری کار بکەین. جیهان تا ئێستاش زۆر

حەساسیەتی لەسەر ئێمە نییەو دەبێ کاری بۆ بکەین و کێشەی کورد بکەینە کێشەیەکی جیهانی و ڕووی ئینسانی و جوانی گەلەکەمان و ئەو زوڵمە کەلە نەتەوەکەمان دەچێ، نیشان بدەین.

مەسەلەی بێدەنگی دنیای دەرەوە لە ئاست ئێعدام و کوشتاری تێکۆشەرانی سیاسیی کورد لەلایەن ڕێژیمی ئێرانەوە باسێکی دیکەیە، بەڵام خەمساری کورد تەنانەت ڕێکخراوەکانی ژنانی کوردیش لە ئاست مەسەلەی حوکمی سەنگسار، ئەم کردەوە وەحشیگەرییە، باسێکی دیکەیە حەز دەکەم بیرکردنەوەی ئێوە لەم بارەیەوە بزانم.

کەم چالاکی بۆ کێشەی ژنان چەندین هۆی هەیە چ لە ناو وڵات و چ لە دەرەوە. گەورەترین گرفت نەبوونی خوێندنەوەیەکی ڕادیکاڵ و ئەساسی بۆ کێشەکە و نەبوونی ئێلیتێکی چالاکی ژنانە کە بتوانێ لە ناو و دەرەوە، چ بە نووسین و چ بە بەشداری لە کۆڕوکۆمەڵەکان لە ڕادەی جیهانیدا کێشەی ژنانی کورد بناسێنێ.

ئەو ژنانە کە چالاکن یان دوای ماوەیەک ژیانی ئاسایی و گرفتەکانی ژیان دەیانتۆنێتەوە یان حیزبەکان و ڕێکخراوەکان پشتی ئەو ژنانە ناگرن و تەریک دەکەون و یان جۆرێک لە کێشەی «کێبەرکێ و دەسەڵاتداری» لەناو خودی ڕێکخراوەکانی ژنان ڕوودەدا و لەو ناوە ئەوانە کە ئەهلی هێندێک شت نین خۆدەکشێنەوە و ناچنە ناو ڕێکخراوەکان و وەک تاک دەمێنەوە. زۆر جارئەوانەی کە لەناو ڕێکخراوەکان دەمێنەوە یان بۆ وێنە لە باشوور لە شوێنی کلیدی دا کاردەکەن، توانایی فکری و ئەزموونییان نیە یان کەڵک لە ئەزموونەکان وەرناگرن و یان پێشیان پێدەگیرێ. زۆر جار ڕۆڵی حیزبەکان و پیاوەکانیش ڕۆڵێکی زۆر نەرینی - نیگاتیڤە و کێشەکانی حیزبەکان ڕاستەوخۆ کاریگەری لە سەر کێشەکانی ژنان هەیە.

ئەگەر بێینە سەر باسی ناوەوە: نەبوونی فازایەکی ئازاد کە هەر چالاکییەک خەفە دەکا و کە دەگاتە ڕێکخراوەکانی ژنانی کورد، زەختەکە چاند قات دەبێ و زیندان و گرفت دێتە سەر ڕێگای چالاکان. بەشێکیتر ئەوەیە کە ڕێکخراوەکانی ژنان زۆربەیان لە ناو ئێران و کوردستان نین و ڕێکخراوەکانی ژنان زۆرتر سەر بە حیزبەکانن و وەک ژێرمجموعەی ئەوان دەبێندرێن. یان لە باشوور هێندێک خاڵیتر هەن کە گرینگی زیاتری پێدەدرێ. گەرچی هەموو گرفتەکانی ژنان گرینگن و دەبێ کاریان بۆ بکرێت.

لە دەرەوەی وڵات چەندین گرفت هەن کە پێش بە چالاک بوونی فراوانی ژنان دەگرێ: یەکەم ئەوە کە ژنان ئەگەر

خاوەنی مێرد و منداڵ بن نیوەی ئەرکی ئابووری ماڵیان جگە لە کارەکانی‌تر لە سەر شانە و ئەگەر بە تەنیا بژین هەموویان لە سەر شانە. ئەوە واتە خۆبەخێوکردن کات و هێزێکی زۆری ژنان دەگرێ و کات بۆ چالاکی سیاسی و کۆمەڵایەتی زۆر کەم دەمێنێتەوە.

گرفتێکی‌تر ئەوەیە کە بە گشتی هەموو ژنانی دەرەوە بە هۆی دووربوون لە وڵات هەمیشە هەموو خەبەرەکان نابیسین گەرچی ئینتێرنێت و تی‌ڤی‌کان هەن بەڵام شەرت نییە هەموو کەسێک هەموو ڕۆژێک بەداوی خەبەرەکاندا بڕوا. ڕووبەرێکی‌تری کێشەکە ئەوەیە کە هەستیاری ئینسانەکان کە خۆیان لە کێشەکان دوورن کەمتر دەبێ و ئەمەش بەشێکە لە سرشتی تاراوگە.

هەروەها چالاکانی ڕێکخراوەکان هەموویان ناتوانن وەک ئەکتیویستێکی زۆر چالاک کاربکەن مەگەر ئەوە کە هێندێک ڕێکخراو هەبن کە لەو ڕێگاوە خۆشیان بەخێوبکەن و لە دەوڵەتەکان یان حیزبەکانی خۆیان یارمەتی وەرگرن. ئەوانەش زۆر کەمن.

گرفتێکی‌تر ئەوەیە کە بۆ وێنە ڕێکخراوەیەکی بەشێکی کوردستان هەستیاری بۆ بەشەکانی‌تری کوردستان کەمترە. کە بەداخەوە ئێستاش ئێمە ئەو جۆرە کە لازمە پشتی یەکتر لە چوارپارچەی کوردستان ناگرین.

هەروەها کێشەی ژنان وەک زۆر شتی‌تر، بۆ زۆر کەس دەبێتە بازار و وەک هەموو شتێک کە ماوەیەک هێندێک کەس باسی دەکەن و دواتر یان لەبیری‌دەکەن یان بۆیان گرینگ نامێنێ، ئەوە لە حالێکدایە کە کێشەی ژنان تەنانەت بە دروستبوونی دەوڵەتێکی کوردیش دوایی نایە و دەبێ بەردەوام کاری بۆ بکرێت.

سەرجەم دەکرێ بڵێین کە هێندیک ڕێکخراو و تاک چالاکن بەڵام ئەو جۆرە کە دەبێ بی نییە، هەم ئیمکانت کەمە و هەم خودی ژنان و پیاوان کەمترخەمن. دیارە ئەوە تەنیا کێشەی ژنان ناگرێتەوە و بە گشتی هەموو کێشەکان دەگرێتەوە و ئێمە ئەو جۆرە کە پێویستە چالاک نین.

ئێمە خوێندنەوەمان بۆ کێشەکانی خۆمان لاوازە و لە دۆزینەوەی مێتود و شێوەی کاری تازە بەرپرچی خۆمان و یەکتر دەدەینەوە. بریا بە جێگای ئەوە ڕێگامان بۆ یەکتر خۆش کردبا، پشتیوانی یەکتر باین و یەکترمان هاندابا

کە کاربکەین، چونکە هێندە کێشەکان زۆرن جێگای هەموو کەس بۆ کارکردن دەبێتەوە. با هەموو هەبن، ڕێکخراوی سەربەخۆ، ڕێکخراوی‌تر و تاکەکان. با هەموو پێکەوە یەکتر کامڵبکەین و لە بەرامبەر ئەو گرفتانە ڕاوەستین بەڵکو گۆشەیەک لە دەردی خەڵک چارەسەر بکرێت.

دەبێ بیرمان بێ کە کاتێک ئینسانێک سەنگسار دەکرێ یان کەسێک لە ژێر ئەشکەنجە شەهید دەکرێ چەند ئاسەواری نێگاتیڤی لە سەر کۆمەڵگا، بنەماڵە و تاکەکان دەبێ و ئەوەمان لەبیرنەچێ کە هەر کەسێک دەتوانێ ببێتە قوربانی ئەو بەربەرییەتە. ئێمە لە شوێنێکی پر لە گرفتی ئەم جیهانەدا دەژین (تەنانەت ئەگەر لە دەرەوەی وڵات بین ڕووحمان هەر لە کوردستانە) و گەلی ئێمە لە ژێر زوڵمی ڕژێمێکی دڕندە دا دەژیت. ئێمە دەبێ خۆمان بەو بیرە پەروەردە بکەین کە مافی ژیان مافی هەموو کەسە و دەبێ بیپارێزین.

سەرچاوە: وێبلاگی هانای کوێستان - ڕێکەوتی: ١٥ی ئەپریلی ٢٠١٢

---

## هەوڵدانی هەمەلایەنە بۆ دروست بوونی روحێکی خوشکانە لەناو ژنانی کورد خاڵێکی گرینگە دەبێ فێربن

بەبۆنەی ٨ی مارس رۆژی جیهانی ژنان شەهلا دەباغی ژنە چالاکوانی سیاسی و مەدەنیی رۆژهەڵاتی کوردستان تایبەت بە ماڵپەڕی نینا ئەدوێت و تیشک دەخاتە سەر پرسەکانی ژن لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەشداری کارای ژنان لە ڕاپەڕینەکاندا.

لەلێدوانەکەیدا بۆ ماڵپەڕی نینا ژنە چالاکوانی سیاسی کورد شەهلا دەباغی لەئاستی بەشداری ژنان لە پرۆسەی بەدیموکراسی کردنی ناوچەکەدا دەڵێت"ڕادەی بەشداری ژنان لە پرۆسەی بە دێموکراتی کردنی کۆمەڵگەکان لە وڵاتانی جیاوازدا دەگۆردرێ.

بۆ وێنە لە ئێران ڕادەی بەشداری ژنان لە چالاکییەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی بۆ گۆڕینی پێکهاتی یاسا

داسەپاوەکانی جمهوری ئیسلامیدا زۆر بەرفراوانە و تەنانەت دەکرێ بلێین کە پایەی ئەساسی ئەو جوڵانەوەی کە بە جوڵانەوەی سەوز ناسراوە ژنانن و لە هیچ خۆپێشاندانێک دا نییە، کە ڕادەی بەشداری ژنان، کەمتر بێ لە هی پیاوان. تەنانەت ڕادەی توانایی ژنان لە داڕشتنی بیرو تیۆریەکان، بۆ یەکسانی و خەباتی مەدەنی لەم پرۆسەیەدا بەرچاوە. کەچی دەبینین لە وڵاتانی دیکەی وەک لیبیا ڕۆڵی ژنان لە سەر شەقامەکان وەک ژنانی ناو ئێران یان تەنانەت میسر نییە. دیارە هۆیەکانی ئەوە زۆرە، لەوانە ڕادەی خوێندەواری، پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، پێشینەی مێژوویی و هتد".

هەر لە لێدوانەکەیدا بۆ ماڵپەڕی نینا دەباغی ژنان ومناڵان بەقوربانیی سیستەمە پیاوسالارەکان دەزانێت و ڕونی دەکاتەوە کە "نابەرابەری جنسی و نەبوونی دادپەروەری کۆمەڵایەتی، قورسایەکی زۆر زیاتری خستۆتە سەر شانی ژنان لەو وڵاتانەدا کە سیستێم پیاوسالارن و ئەوە ژنان و منداڵانن کە زۆر جار قوربانی ڕاستەوخۆی توندوتیژی کۆمەڵگای خۆیانن. هەر بۆیە ژنانی ئەو نەوەیە بۆ ڕزگاری خۆیان زۆر چالاکتر لە نەوەکانی پێشوو هەنگاودەنێن".
ئەو ژنە سیاسیەی کورد وتیشی"پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا کە گەیشتۆتە هەموو جیهان و ئەو وڵاتانەش، بۆ نموونە:

بوونی مۆبایل، ئینترنێت و شەبەکەکانی جیهانی خەبەری، هەمووی ئەوانە بە بەردەوام ڕۆژانە پەیام و زانیاری لەو وڵاتانە بڵاودەکەنەوە. ئەو پرۆسەیە بۆتە هۆی ئاگایی زیاتری کۆمەڵگا بە گشتی و ژنان بە تایبەتی. ئاگایی هەمیشە لەگەڵ خۆی داوکاری تازە دێنێتە پێش".

ئەگەرچی دەباغی پێی وایە کە "ژنانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئافریقا ئێستا لە پرۆسەی گۆڕانکاری دا ڕۆڵی زۆر زیاتریان لە بەراوەرد لەگەڵ ڕابردوودا هەیە و ڕادەی زیاتری بەشداری ژنان دەبێتە هۆی کاریگەری زیاتر ی ئەوان و گۆڕان لە پرۆسەکاندا". بەڵام گومانی لەوەش هەیە کە ژنان لە ئاڵوگۆڕی سیستەمەکان بتوانن پشکی خۆیان وەربگرن بۆیە دەڵێت" شەرت نییە دوای گۆڕانی ڕژیمەکان حەتمەن بەشێک لە دەسەڵات بدرێتە ژنان چونکە لە ڕاستیدا گۆڕانی کولتوری ئەو وڵاتانە بۆ وێنەی کولتوری عەشیرەتی لیبی زۆر زیاتر کاتی دەوێ. بەڵام بەشداری ژنان و دەنگ هەڵبرینیان هەمیشە ڕیگا خۆش دەکا بۆ گەیشتن بە ئامانج و دابەشکردنی دەسەڵاتی سیاسی کولتوری".

شەهلا دەباغی لە لێدوانەکەی بۆ ماڵپەڕی نینا لە چارەسەری پرسەکانی ژن تەئکید لەوە دەکاتەوە" ژنان دەبێ بە

چەندین شێوە کاریگەری و مۆری خۆیان لە سەر ئەو ئاڵوگۆڕانە بدەن. لەوانە بە جەماوەریکردنی بیری یەکسانییە واتە بڵاوکردنەوەی ئاگایی لەناو ژنان و پیاوان سەبارەت بەو زوڵمە کە لە ژنان بە هۆی ئەو جیاوازی جنسییە کە لە نێوان دوو جنس دا هەیە دەکرێ و هەرچی زیاتر بەشدارکردنی ژنان و پیاوانی یەکسانیخوازە، لە پرۆسەی کارکردندا. نەوەستان و بەردەوامی لە چالاکیەکاندا، پێکهێنانی کۆنفرانس و سێمینار لە بواری جۆراوجۆر و لە سەر بابەتی جیاواز و بایەخدان بە پەروەردەکردن لایەنێکیترە".

دەباغی کاری فکری و زانستی لەدەرەوەی پرۆسەچاکسازیەکە نابینێت و دەڵێت"هەروەها کاری توێژینەوە، نووسین و کاری فکری بەشێکی گرینگی ئەو خەباتەیە کە دەبێ بکرێت. کۆک بوونی ژنان و چالاکوانانی ژن لە سەر یەک پلاتفۆرمی هاوبەش شەرتێکی دیکەیە بۆ نزیک بوونەوە لە ئامانجەکان. هەوڵدانی هەمەلایەنە بۆ دروست بوونی روحێکی "خوشکانە" واتە ئەوەی کە لە سویدی پێدەوترێ "سیستێرسکاپ" لە ناو ژنانی کورد دا خاڵێکی گرینگیترە کە ژنان دەبێ فێربن، دەبێ لە کاری باش و چالاکی یەکتر دا سەرەڕای بیروڕای جیاوازی سیاسی پشتگیری یەکتر بکەن. هەروەها نابێ لەبیرمان بچێ کە بەردەوام ژنانی ناو حیزبەکان هان بدەین کە هەم لە ناو حیزبەکانیان و هەم لە دەرەوی حیزبەکان بە شێوەی جۆراوجۆر پشتگیری لە بیری یەکسانیخوازی بکەن".

لە خستنە ڕوی زیاتری ڕێگا چارەکاندا شەهلا دەباغی،هاوکاری نێونەتەوەیی و دروستکردنی پەیوەندی لە گەڵ هێزەکانی پێشکەوتوخوازی سەرانسەری جیهانی بۆ چاکسازی ژیانی ژنان، منداڵان و هەموو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و کەڵکوەرگرتن لە ئەزمونەکانی جیهانی بۆ هەرچی پوختکردنی بەرنامەی کارو لە ئەنجامدا مۆری ژن لە دەسەڵات وەک لایەنێکی تر دەبینێت لە هەوڵەکان بۆ چارەکردنی پرسەکانی ژن و دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی یەکسان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی سەنتەری نینا - ڕێکەوتی: ٣ی ئەپریلی ٢٠١٣

## بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی

لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا، بەردەوام داوا و ئارەزووی هەر تاکێکی کورد ئەوە بووە کە هێزەکانی کورد یەکگرتووبن، توانای خۆیان بۆ نزیک بوونەوە و وەدەست هێنانی ئامانجەکانی گەلی ژێردەستەی کورد، بە ڕووحی هاوکارییەوە وەگەڕ بخەن. ڕەنگە یەک لەو ئامانجانە ئەگەر پەسەندی هەموولایەنەکانیش نەبێ بەڵام ئارەزووی زۆربەمانە، ئەوەیە کە گەلی کورد مافی ڕەوای خۆیەتی کە بۆ وەدەست هێنانی سەروەری سیاسی هەوڵ بدا و ڕۆژێک کوردستانی دابەشکراو وەک چلتیکەیەک لێکبدرۆێتەوە.

لەو سۆنگەوە هەواڵی پێکهێنانی کۆنگرەی نەتەوەیی سەرەڕای پرسیارگەلێک کە تا ئێستا بێ وڵامن، جێگای شادی و هومێدە کە بتوانێ چەند هەنگاوێک کورد لە ئامانجەکانی خۆی نزیک کاتەوە. دیارە پێکهێنانی کۆنگرەیەکی نەتەوەیش، هەر نەتەوەیەک بێ، بە بێ بەشداری نیوەی کۆمەڵگاکەی واتە ژنان ناکرێ و نابێ.

کاتێک کۆمیسیێۆن و لێژنەکان دیاری کران هەر بە چاو خشاندنێکی سەرپێی دیترا کە زۆربەی هەرە زۆری ئەندامان لە حیزبەکانن و زۆربەی نزیک بە سەدی ئەوان پیاوەکانن. گەرچی ئەوە لە خۆیدا هەڵگری زۆر کەم و کوڕییە و بەم جۆرە ژنان ناتوانن کاریگەری خۆیان هەبێ، بەڵام بۆ نزیک بوونەوە لە ئاواتی باڵای نەتەوە، و بۆ پلەی یەکەم دیسان ئەو هەنگاوە پێشوازی لێکراوە، بەو هومێدە کە حیزبەکان بتوانن ڕۆڵێ ئەرێنی خۆیان بگێڕن و لە داهاتوودا بیرۆکەی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی بە بەشداری هەموو لایەنەکان و بەشداری بەرچاوی ژنان و چالاکانی کۆمەڵگای مەدەنی، کوردانی تاراوگە، ناو ڕۆژهەڵات و تەنانەت کوردانی سەرزەمینەکانی دیکە، وێڕای نوێنەرانی حیزبەکان کە هەر زۆرینە دەبن، پتەوتر کرێ.

گەرچی دەکرا کە هەوڵ هەنگاوەکانی لێژنەکانی ئامادەکاری، تەنیا حیزبییەکان و زۆربەیان پیاوان نەبان (گەرچی بەداخەوە لە ناو حیزبەکانیش دا لە زۆر توانایی و کەسایەتی ناو خۆیان کەڵکیان وەرنەگرتوە) و دەبا لە پسپۆڕانی هێندێک بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ناو و دەرەوە کەڵک وربگرترێ، بەڵام دیسان سەرای ئەو کەمایەسییانە، دەبێ بە دڵی فراوان بەرەو ئەو دانیشتنە برۆین، ئەویش بە هومێدی دەستکەوتی فراوان و پتەو. ئینسان بە بێ هومێد ناژی و نابێ بێ هومێد بێ.

بە پێی ئەو گریمانەیە کە بەشدارانی ئەو کۆنگرەیە هەوڵییان ئەوە دەبێ کە یەکگرتووی کورد بپارێزن و هێندێک خاڵی بنەڕەتی بۆ داهاتووی سیاسی و کۆمەڵایەتی کورد دەستنیشان دەکەن، وەک تاکێکی کورد هەوڵدەدەم ئەو خاڵانە دەست نیشان بکەم کە پێموایە دەبێ بە پەسەندی کۆنگرە بگەن ئەگینا هەر دەستکەوتێک بەبێ ئەو خاڵانە زیاتر لە کارتۆن دەچن تا بناخەیەکی ئینسانی و نیشتمانی. بەبێ ئەوە زیدە لە سەر هێندێک بابەت بڕۆم، ڕاستەوخۆ دەچمە سەر ئەو خاڵانە کە پێموایە گرینگی تایبەتییان هەیە بۆ داهاتووی کورد و ئینسانی کورد.

١- کۆنگرەی نەتەوەیی دەبێ نوێنەرانی فکری گشت پارچەکانی کوردستان، چ حیزبی و چ سەربەخۆ، کوردی تاراوگە و تەنانەت کوردی وڵاتانێک وەک ئەرمەنستان و ئیسرائیل و نوێنەرانی کورد لە ناو ڕۆژهەڵات لەخۆ بگرێ و نزیک بە نیوەی ئەندامانی کۆنگرە لە ژنان پێک بێ و ژنان دەبێ ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆیان لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی کورد دا بگێڕن.

٢- کۆنگرە دەبێ هەوڵبدا کە دەستورێکی بنچینەیی نەتەوەیی پەسەند بکا و لەودا جیایی دین لە دەوڵەت سەرەڕای ڕێز بۆ هەموو ئایینەکان بەردی بناخەی ئەو بنچینەیە بێ.

٣- یاسا دەبێ سەروەر بێ و هەموو تاک، لایەن و دام و دەزگایەک بەرامبەرن و دەبێ یاسا بپارێزن.

٤- کۆنگرە دەبێ لە سەر ئالا و سروودی نەتەوەیی، گوتار و هەنگاوی هاوبەش بە ئاکام بگا و هەموو لایەنەکان بەڵێن بدەن کە بەو گوتارە هاوبەشە پابەند بمێنن.

٥- هەموو لایەنەکانی بەشداری کۆنگرەیە دەبێ هاوپەیمانی ئەخلاقی و ئینسانی ببستن کە شەری ناوخۆ بە تاوان بناسرێت و بە پێی ئەخلاقی سیاسی ئەو پەیمانە بپارێزن. هەوەها ئەو پەیمانە ببستن کە یەکتر لە بەرامبەر بێگانەدا بپارێزن.

٦- کۆنگرە پێداگری لەسەر ڕووحی هاوکاری و ئاشتیانەی کورد بۆ چارەکردنی کێشەکانی ناوچە و ڕۆڵی خۆی وەک نەتەوەیەکی خاوەن سەروەی خۆی ببینێ.

٧- کۆنگرە دەبێ بە پێی پرنسیپەکانی دیمۆکراسی و نەتەوەیی ڕۆڵی کوردانی هەر چوارپارچە بە گرینگ بنرخێنێ و دەستتێوەردانی دەسەڵاتانی ناوچە لە سەر ژیانی کورد کورت کاتەوە.

٨- کۆنگرە دەبێ تێکۆشان بۆ / دابینکردنی بەهاگەلی ئازادی، دیمۆکراسی، مافی مرۆڤ، دادپەروەری کۆمەڵایەتی و یەکسانی جنسییەتی بخاتە سەرووی کاری خۆی. پەیمانی ڕێز و هاوکاری هەموو لایەنەکان بۆ ڕاگرتنی ئەو بەهاگەلە لە هەموو بوارەکانی ژیانی سیاسی کولتوری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا بە پەسەندی هەموو بەشداران بگەیێنێ.

٩- کۆنگرە دەبێ گرینگێ تایبەت بدا بە بواری دابینکردنی مافی مرۆڤ، ماڤەکانی هاووڵاتی و چالاکییەکانی مەدەنی و سەندیکایی و ڕۆژنامەنووسی، دەرپڕینی ئازادانە و پەرەسەندنی دیمۆکراسی، پەروەدەیەکی یەکسانیخواز، پێکەوە ژیانی ئاشتیانە لە نێوان ئائین، زمان و قەومەکانی ناو کوردستان.

١٠- ژنان دەبێ لە پرۆسەی ئاشتی و چارەسەرکردنی کێشەکان دا ڕۆڵی ئەرێنی خۆیان ببینن. ژنانی کورد بە درێژای مێژوو شانیان داوەتە بەر هەموو نەهامەتییەکان و ئەگەر ژنی کورد باوڕە بە خۆیی نەتەوەیی نەبایە، ڕەنگە کورد فەوتابا. ژنانی کورد تا ئێستا بۆ پاراستنی زمان، کولتوور، خاک و خۆشەویستی ئینسان و چەسپاندنی ڕووحی ئازاد لە پێ نەکەوتوون. ژنان داوادەکەن کە هەموو لایەنەکان بەردەوام بن لە پاراستن و پێشخستنی ئەم بەهاگەلە بە پشت ببستن بە پرەنسیپەکانی ئازادی، بەرابەی و دادپەروەری، یەکسانی جنسییەتی و دیمۆکراسی.

١١- ژنان خۆیان بڕیادەربن لە سەر جەستە و ژیانیان. بە تاوان ناسینی هەموو جۆرە توندوتیژی و هەڵاواردنیک لە ناو خێزان، دام و دەزگاکان و کۆمەڵگادا. پاراستنی مافی بەرامبەری نێوان ڕەگەزەکان، هەوڵ بۆ یەکسانی ڕەگەزی و دارشتنی پرۆگرامی خوێندن و پەروەردە بە ڕوانگەی یەکسانیخوازییەوە بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی یەکسان.

١٢- دابینکردنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی بۆ ژنان و منداڵان، خەباتی بەردەوام لە دژی ئەو دیاردە کۆمەڵایەتیانە کە لەواندا ژن چ بە جەستە و ڕووح و چ لە باری ئابووری و کەسایەتییەوە خەسارەت دەبینن، بۆ وێنە دارشتنی بەرنامە و دامەزراوە بۆ نەهێشتنی هەژاری و خۆفرۆشی و هتد. دانانی پلانی تایبەت بۆ سەربەخۆیی ئابووری ژنان

و ڕەخساندنی هەلی یەکسان و دەرفەت بۆ کار و خوێندن بۆ ژنان و هەروەها نەهێشتنی نەخوێندەواری لە نێو منداڵان و ژنانی هەموو توێژەکاندا.

١٣- دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە ئازادی بێ قەید و شەرت هاوکات بە پاراستنی ڕێز و کەرامەتی ئینسانەکان ڕۆڵی سەرەکی ببینن بۆ بونیاتنانی کۆمەڵگایەکی دیمۆکرات و دادپەروەر و خۆشەویستی ئینسان، هێنانەدی ڕوانگەی یەکسانی جنسییەتی و نەهێشتنی هەڵاواردن و توند و تیژی لە دژی ژنان و پەرەسەندنی ڕووحی هاوکاری و دیالۆگ.

١٤- ئازادی هەڵبژاردنی بیرو باوەری ئاینی و سیاسی، جل و بەرگ، سەفەر، خوێندن و کار، هاوسەر و هتد.

١٥- هێزە سیاسییەکانی ئایینی ڕێگە نەدرێن کە مافەکانی ژنان، ڕۆشنبیران، شاعیران و نووسەران، ئەنجوومەنەکان و نیهادەکانی مەدەنی و تاکەکان بخەنە ژێرپێ و لە ئیمکاناتی کۆمەڵگای مەدەنی کەڵک وربگرن بۆ شێواندنی کەش و هەوای ژیانی کۆمەڵگا.

١٦- بە تاوان ناسینی هەر جۆرە توند و تیژییەک کە دەرحەق بە ژنان ئەنجام دەدرێن. هەروەها هەر جۆرە توند و تیژییەک کە دام و دەزگای دەوڵەتی یان بەرپرسی دەوڵەتی و ئیداری ئەنجامی بدەن، وەک تاوان لە قەڵەم بدرێن و لە دژیان تێکۆشانی هاوبەش بکرێت. بە سزا گەیاندنی تاوانبارانی "دژە مافی ژن و مافی ئینسان" و ئەوانەی کە پشتگیری لە تاوانبار دەکەن. جا ئەو تاوانبارانە لە ناو حیزبەکان و سەروک عەشیرەتەکان بن و یان تاکی ئاسایی کۆمەڵگا.

١٧- لابردنی حوکمی ئێعدام و کارسازی بۆ پەروردەکردنی کۆمەڵگایەکی شاد و سالم. کار بۆ لە ناوبردنی گرفتەکانی کۆمەڵایەتی و کەم کردنی تاوان و پەروەردەکردنی تاک.

١٨- هەرەوەزی هەمە لایەنە بۆ نەمانی کولتور و ئاکاری "گەندەڵی" و سڕینەوەی کولتووری گەندەڵی وڵاتانی دراوسێ لە ناو کورد و نەمانی گەندەڵی لە هەر شوینک و لە لایەن هەر کەسێک.

سەرچاوە: ماڵپەڕی "کوردستان وکورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئاگۆستی ٢٠١٣

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٤ و ٢٠١٥

### بارودۆخی ژیانی دانیشتووانی کەمپەکان لە دوای هێرشی داعش

دوای شاڵاوەکانی جینۆسایدکردنی ئێزدییەکان، ئێستا تەواوی ئێزدییەکان لە ئاوارەیی و دەربەدەری کمق و چادرگەو کەلاوەو زۆر شوێن و جێگای نەگونجاو ژیان دەکەن، ئەم راپۆرتەی "شەهلا دەباغی" کە بۆئەمەی ناردوە، بەشێکە لەدۆخی ژیانی ئێزدییەکان لە پاش جینۆسایدکردن، و دەچێتە چوارچێوەی هەوڵەکانی ناساندنی رەهەندێکی تاوانەکە کە ئەویش ئاوارەبوون و ژیانی ئاوارەیی و نێوکامپ و چارگەکانە.



کارەساتی شنگال برینێکی لە ناو قوڵایی ڕووحم دا دروست کردووە. شەو و ڕۆژ هەواڵەکان دەبیسم و دەخوێنمەوە. ڕەنگە بە گەڕانەوە بۆ نیشتمان کەمێک خۆ لە ژانی شنگال نەجات بدەم. دوای ٢٥ ساڵ دووری لە نیشتمان ڕۆژی ٢٤ ئاگۆستی دەگەڕێمەوە کوردستان.

فرۆکە لە هەولێر ئیزنی نیشتنی نییە و بەرەو سولێمانی دەفرێ. هەوڵ ئاڵای شەکاوە کە لە ئاسمانی سولێمانی دەبینم، کوڵی گریان دەمگرێ. لە چەند کاتژمێر مانەوەم لە سولێمانی و کۆیە و دواتر ڕۆیشتن بەرەو زاخۆ، چەند خاڵ بە خێرایی سرنجمیان ڕاکێشا:

*یەکەم:* وەزعی کەمپەکانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات. بە داخەوە ئەندامانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات لە بارودۆخێکی

نالەباردا دەژین. بۆ وێنە ماڵەکانیان هەموو کۆن و بە گڵ دروست کراون. ستانداردی ژیانی پێشمەرگە و بنەماڵەکانیان لەو شوێنانە لە ڕادەیەکی خوار و سەرتایی دایە. ماڵەکان لە لای جادەی پڕ هاتووچوو و پڕ لە مەترسین بە تایبەت بۆ منداڵان. لە چەند ساڵی ڕابردوودا چەندین کەس وەبەر ماشێن کەوتوون و گیانیان لەدەست داوە.

*دووهەم:* لە سولێمانی ڕا هەتا زاخۆ، کۆگای زبڵ لە کەنار شەقامەکانی ناو شارەکان و زبڵی پرش و بڵاو لە قەراخ جادەکانی نێوان شارەکان دەبیندرێ. زبڵی فڕێدراو بە هەڵکردنی با، دێنە سەر جادەکان و پێش ماشێنەکان. زۆر بە کەمی کرێکاری پارێزگایەک دەبینی کە خەریکی کۆکردنەوەی زبڵ لە قەراخ جادەکان بن. ئەوە لە کاتێکدا کە دەزانین ئەو زبڵانە چ ئاسەوارێکی ناتەندرووست لە سەر ژینگە و ژیانی خەڵک دادەنێن و هێندێک زبڵ تا ٥٠٠ ساڵ لە ناو خاک و سروشت دا ناتوێنەوە.

لەو دوو خاڵە گرینگتر، کارەساتێکە کە بە سەر زمانی کوردیدا هاتووە. زمانی کوردی داری بە سەر بەردی دا نەماوە. هەزاران هەڵەی ڕێنووس و ڕێزمانی لە ناو گۆڤارەکان، لە سەر شەقام، دیوار و پەنجەرەی دوکانەکان و هتد دەبیندرێ. هێندێک جار لە یەک ڕستەدا زمانەکانی کوردی، فارسی، تورکی، عەرەبی و ئینگلیزی تێکەڵاو کراون. لە هیچ ڕێکلام و سەر دوکانێک، ئینسان کوردییەکی پاراو و درووست بەدی ناکا. ئەگەر ئەو ڕەهەندە ئەوها و لەسەر ئەو هێڵە بڕوا، بە دڵنیاییەوە تا چەند ساڵی دیکە زمانی کوردی سەراپای بە وشە، دیالێکت، ڕێزمان و ڕێنووسەوە بە تەواوی وێران بووە.

## بەرەو زاخۆ



بەیانی رۆژی ٢٥ ئاگۆستی، کاتژمێر شەش بەرەو زاخۆ وەڕێ دەکەوم. ئاسایش و پێشمەرگە لە ڕێگای نێوان شارەکان لە زۆر شوێن ماشێنەکان دەپشکنن. هێندیک جار هەست دەکەم لەو بارووددۆخە جەنگییەدا دەبا پشکنینەکان دەقیقتر بن. کورد هەمیشە بە سادەدڵی خۆی گەورەترین زیانی پێگەیوە. بە تایبەت هەنووکە کە سێڵاوی خەڵک بەرەو کوردستان سەرەولێژە، دەبێ پشکنین باشتر ئەنجام بدرێن.

لە شوێنێک کە پێشمەرگەکان تاکسی‌یەکەی ئێمە دەپشکنن، باوەش بە پۆلیک پێشمەرگەدا دەکەم و ئیزنیان لێوەردەگرم کە لە گەڵییان وێنە بگرم. دوایە ڕوومەتی هەموویان ماچ دەکەم. ئەوان بە شەرمەوە چاوم لێدەکەن. لە ناو دڵم دا خەم و شادی تێکدەئاڵێن، ترس لە دڵمدا هێلانەی کردووە، دەترسم... نا هومێدم وایە ڕۆژێک ئەو شەڕە نەحسە تەواو بێ.

لە سولێمانی هەتا زاخۆ ئاوارەکانی شەڕ لە قەراخ جادەکان، لە ناو مزگەوت و قوتابخانەکان، لە ناو بینای نیوەچڵ و ناتەواو، لە گوندەکان و بە گشتی لە سەرانسەری کوردستان پرش و بلاون و بە بێ ئیمکانات لە بارودۆخێکی دژواردا ژیان دەبەنە سەر.

## نمونە: کەمپی باجیدکەندالْ

شاری زاخۆ، سەر بە پارێزگای دهۆک لە نزیک سنووری تورکیا، وەک دەڵێن، لە کاتی ئاسایی دا نزیک سەد هەزار دانیشتووی هەیە، بەڵام ئێستا نزیک ١٨٠ هەزار ئاوارە لە زاخۆ و دەوروبەر دەژین. یەک لەو شوێنانە کە ئاوارەکان تێیدا نیشتەجێ بوون کەمپی "باجیدکەندالْ"ە کە تەقریبەن لە ٣٠ تا ٣٥ ک.م زاخۆیە. ئەو کەمپە بە پێی قسەی فەرمانبەرانی کەمپەکە پێشتر پەنابەرانی ڕۆژئاوایی لەخۆ گرتبوو. لە دوای هێرشی داعش بۆ سەر ناوچەکانی شنگال و کۆچی ئیزەدی‌یەکان لە زێدی خۆیان، ئێستا لە شوێنەکانی‌تری کوردستان بۆ وێنە لە کەمپەکانی "خانکێ" و "باجیدکەندالْ" نیشتەجێن.

بە پێی قسەکانی ئەو فەرمانبەرانەی کە لە باجیدکەندالْ کار دەکەن لە نێوان ١٦ تا ٢٠ هەزار کەس کە زۆربەیان منداڵن لەو کەمپەدا دەژین. نزیک چوار هەزار چادر لەو کەمپە لە ژێر گەرمای ٤٦ دەرەجە هەڵدراون.

کەمپی باجیدکەنـدال دوو بەشـە، کەمپـی ژمـارە یەک و کەمپـی ژمـارە دوو. خێوەتەکـان لەمـبەر و ئەوبەری جـادە هەڵدراون. کاتێک بەرەو کەمپ دەڕۆی تەپوتـۆزی سەدان ماشێنی نەفتبەر و کەرەسـە، کە یـان بەرەو سنوورەکان دەرۆن و یـان لە سنوورەکان ڕا دەگەڕێـنەوە تـێکەڵاوی گەرمـا دەبـێ و کەش و هەوای ئاسمانی باجیدکەنـدال وەهـا قورس دەبێ کە ناتوانی هەناسە بکێشی.

لەو سەفەرەدا من پەنابەرم لە ناو مزگەوت، سەر جادەکـان و لە نـاو باجیدکەنـداڵ دا دیـوە، بەڵام بە هـۆی کەمی کات پێڕانەگەیشتم کە بچمە کەمپەکانی دیکە. هەر بۆیە ئەو هەڵسەنگاندنە تەنیا باجیدکەنداڵ و مزگەوتێک لە کۆیە لەخۆدەگرێ. دیارە ئەوانەی کە لە نـاو قوتابخـانە و مزگەوتەکـان دا دەژیـن ژیـانێکی کەم و کورت باشتریان هەیە لەو کەسانەی کە لە کەمپدا دەژین.

ئەگەر کەمایەسییەکانی کەمپی باجیدکەنداڵ وەک نمونە وەربگرین، ئەوا چەند خاڵێک بۆ چاکسازی و هاسانکردنی ژیانی دانیشتوانی کەمپەکان دەبێ باسکرێن. لەوانە:

## حەمام و توالێتەکانی کەمپ

حەمام و توالێتەکان کە زۆر نزیک بە خێوەتەکانن، لەو کاتەدا کە من لە کەمپ بووم، لە کار کەوتبوون. تەنانەت هێندێک لە توالێت و حەمامەکان لە هێندێک شوێن زۆر نزیک لەو چێشتخانانەن کە دانیشتوان خواردنی لێدێنن. ئەو تەواوی توالێتەکان پڕ لە پیسایی ڕاوەستابوون.

حەمام و توالێتەکـان لە قەراخ یەکتـرن و بـۆ ئەوە نـابێ کەس خـۆی لێبشوا. گەرمـا و پیسـایی نـاو توالێتەکـان بۆگەنیان ڕێگـای چەنـد ڕۆژ دەڕۆیشت. ئەو شوێنانە زۆر بە هاسـانی دەتـوانن ببـنە کۆگـای سەدان جـۆرە بـاکتری و نەخۆشی، بە تایبەت کە منداڵان لەو دەوروبەرە بەردەوام لە هاتووچوودان و هیچ جۆرە سـابون و دژە هەوکردنێک/ دژە ئینفێکشون لە لای حەمام و توالێتەکان نییە کە منداڵەکان دەستیان پێبشوون.

## وەرگرتنی خواردن



وەرگرتنی خواردن و شوێنی چێشت لێنان گرفتێکی دیکەیە. زۆر جار منداڵانن کە لە سەفی وەرگرتنی خواردن دا ڕاوەستان ئەوەش لەکاتێکدا کە گەرما دەگاتە ٤٦ پلە و نەخۆشی وەک زگچوون و ڕشانەوە لە ناو کەمپ دا بە گشتی لە ناو منداڵان دا بڵاوە. هەر لە پەنا چێشتخانە، کۆگای زبڵ هەڵدراوەتەوە. نزیکی لە توالێتەکان، نەبوونی ئاو، نەبوونی ئیمکاناتی پاک و خاوێنی مەترسێکی زۆری چ لە باری تەندروستی و چ لە باری ژینگەوە درووست کردووە.

## زبڵێکی زۆر



زبڵێکی یەکجار زۆر لە ناو کەمپ دا پرش و بلاوە. بە هۆی گەرما و پێویستی خەڵک بە ئاو، بوتڵەکانی ئاو لە سەرانسەری کەمپدا کەوتوون. بە پێی لێکۆڵینەوەکانی جیهانی هەر کام لەو بۆتڵانە نزیک ٤٠٠ ساڵیان پێویستە تا لە ژێر خاکدا بتوێنەوە و ئەوەش هۆی زەرەرێکی زۆر بە ژینگەیە. گەرچی با لە حەق لانەدەین و پێشتریش باس کرا کە فرێدانی زبڵ لە کوردستان لە هەر گۆشە و کەنارێک تەنیا پێوەست بە کەمپەکان نییە و لە سولێمانی ڕا هەتا زاخۆ، لە قەراخی هەموو جادەکان زبڵێکی یەکجار زۆر فرێ دراوە و دێمەنی کوردستان بەو زبڵ و زارە بە چەشنێکی بەرچاو ناشیرین کراوە.

پوشەکی منداڵ، پاشماوەی چێشت و زبڵی دیکە لە سەرانسەری کەمپ لە سەر زەوی پرش و بڵاون کە زۆر بە هاسانی دەتوانن ببنە سەرچاوەی دەیان نەخۆشی. تەنانەت کەرەسەی پزشکی لە دوای چارەسەری وەک دەرزی لە

سەر خاک کەوتوون کە دەتوانن پێی منداڵان کە ڕۆژ و شەو لەو ناوەدا دێن و دەچن بریندار بکەن و ببنە هۆی نەخۆشی و بڵاوبوونی لە کەسێک بۆ کەسێکیتر. بەداخەوە تەنانەت لەو شوێنە کە دوکتورەکان لە دوو هۆدەی زۆر بچووکدا خەریکی فەحسی نەخۆشەکانن زبڵێکی زۆر لە سەر زەوی کەووتبوو. کاتێک پرسیم کە بۆ کەمپ وەها پیسە، هەر نەبێ شوێنی کاری دوکتورەکان نابێ وابێ، زۆر بەداخەوە کەسێک وتی: ئەوانە (مەبەستی ئێزەدییەکان بوو) خۆیان پیسن. هەرگیز ئەوەم بیرناچێ کە ڕۆژی دواتر پیاوێکی ئێزەدی هاتە لام و وتی:

خۆشکێ دوێنی من گوێم لێبوو کە بە تۆیان وت ئێمە پیسین، بەڵام من لە تۆ دەپرسم کاتێک ئاومان نییە چۆن پیس نەبین؟

ئەو ڕوداوە وەک خەنجەر ڕووحمی جارێکی دیکە ئازاردا و ئێستاش بە شەرمەوە بیری لێدەکەمەوە.

## کەمی ئاو

ئاو گرفتی سەرەکی کەمپە. ئاو لە شوێنی دیکە ڕا دەبێ بهێندرێ و لە ناو تانکێرەکان کرێ. لولەکانی ئاو بوونەتە ئەو شوێنە کە منداڵان لە دەوری کۆ دەبنەوە تا دەمی پێوە بنێن بەڵکو قەترە ئاوێک هەڵووشن. نەبوونی ئاو بۆتە هۆی پیسی توالێت و حەمامەکان. زۆر نەخۆشی لە ناو کەمپدا بە هۆی نەبوونی ئاوی پێویست و ڕوتینی پاک و خاوێنی ڕۆژانەیە.

## کارەساتێکی ئینسانی



ڕەنگە ئینسان بتوانێ بۆ ماوەیەک بە بێ ژیانێکی ئاسایی و بە سەختی بژیت، بەڵام ئەستەمە ئەو برینانەی کە لە ناو دەروون و ڕووحی خەڵکی شنگال دا جێی خۆیان کردووتەوە تیمار کرێن. کاتێک دەچیتە ناو خێوەتەکان و

لەگەڵ خەڵک قسە دەکەی، بنەماڵە نییە کە چەندین کەسیان لە دەست نەدابێ و کچ و ژنیان ئەسیری دەستی داعشەکان نەبێ. کاتێک باسی دەستدرێژی جنسی بە ژنان دەکرێ، زۆربەیان باس لەوە دەکەن کە تازە ژیان بۆ ئەو ژنانە تەواو بووە و کاتێک ئەوان بگەڕێنەوە ئیتر ژیان بۆ ئەوان مانای نابێ.

خەم لە ناو چاوەکانی منداڵ، ژن و پیاو هێلانەی کردووە. زۆربەی بنەماڵەکان کەسوکاریان بێ سەر و شوێنە و یان بە دەست داعشەکان شەهید بوون.

زۆربەی بنەماڵەکان باس لەوە دەکەن کە تازە "هەرگیز ناگەڕێنەوە شنگال و متمانەیان بە هیچ کەس نەماوە". یەک لەوان وتی: "ئێمە موسڵمان نەبووین بۆیە ئێمەیان بۆ گەینگ نەبوو". ترسێکی هەتاهەتایی لە ناو دڵی گەورە و بچووکی خەڵکی ئیزەدیدا هێلانەی کردووە.

## منداڵە بێنازەکان

دڵتەزێنترین دیمەن لە کەمپی باجیدکەنداڵ، ژمارە یەک، چادرێکە کە ٩ منداڵ بێ دایک و بابی تێیدا دەژین.

ئەو منداڵانە لە نێوان ٢ هەتا ١٣ ساڵن. لە ناویاندا کچێکی تەمەن ٨ ساڵ هەیە کە ڕۆژانە دەچێ و خواردنی منداڵەکان لە چێشتخانە وەردەگرێ. ئەو منداڵانە برازا و خۆشک و بران. چوار لەو منداڵانە، زڕبرایەکی نزیک بە ١٨ ساڵیان هەیە. یەکێک لە شێخە ئیزەدییەکان ڕۆژانە جار جار سەرێکی چادرەکە دەدا. ئەو منداڵانە هیچ کەسیان نییە کە یارمەتیان بدا و ئاگاداریان بێ. بە هۆی نەبوونی گەورە و یان کەسێکی نزیک، جیا لە لەدەستدانی دایک و باب، زۆر بە ئاسانی ئەو مندالانە دەتوانن بکەونە ژێر دەیان مەترسی دیکە کە ئاسەواری هەتا هەتایی لە سەر ژیانیان دابنێ. هەروەها لە باجیدکەنداڵ ژمارە ٢ چەند منداڵیتر هەن کە دایک و بابیان دیار نییە. هێندێک لەو منداڵانە هێندە بچووکن کە تەنانەت نازانن ناویان چییە. کاتێک لێیان دەپرسی دایە و بابە لە کوێن، دەڵێن: "داعش کوشت"!

بەداخەوە تا ئەو کات کە من لە باجیدکەدا بووم هیچ ڕێکخراوێکی حکومی، ژنان، منداڵپارێز و ماڤی مرۆڤ، چ نێونەتەوەیی و چ کوردی، سەری لەو منداڵانە نەدابوو و هیچ هاسانکارییەک بۆ ژیانیان نەکرابوو. تەنانەت تا

ئێستاش کە خەریکی نووسینی ئەو دێڕانەم و پێوەندیم کردووە بە دۆستێک لە زاخۆ، بۆ منداڵانە هیچ کارێکی ئەوتۆ ئەنجام نەدراوە

سەبارەت بە بارودۆخی ئەو زارۆک و منداڵانە کە دایک و بابیان لە کارەساتی شنگال دا لە دەست داوە، بە گشتی پێشیار دەکەم:

١- حکومەتی هەرێم ئامارێکی دەقیق لە ژمارەی ئەو منداڵانە و چۆنێتی باری ژیانیان وەدەست بێنێ.
٢- حکومەتی هەرێم ژیانی ئەو منداڵانە دابین بکا و هەوڵ بدرێ کە ئەو منداڵانە لە لای خزمێکی خۆیان بژین.
٣- پارڵمان لێژنەیەکی تایبەت و چاوەدێر بۆ سەرپەرشتی ئەو منداڵانە هەتا گەورەبوونیان پێک بێنێ.
٤- حکومەت قەرەبووی لە دەستدانی دایک و بابی ئەو منداڵانە بکاتەوە بە جۆرێک کە لە دوای ١٨ ساڵ دا بتوانن ئەو قەرەبوویە وەرگرن و ئەو جۆرە کە خۆیان دەخوازن بەکاری بێنن.
٥- ئەگەر ئیمکانی یاسایی هەبێ، خەڵکانێک لە دەرەوەی وڵات، بە تایبەت بنەماڵەکانی ئێزەدی، ئەو منداڵانە بە منداڵی خۆمان وەربگرین. خۆ ئەگەر چەند خوشک و برا بن نابێ لێکیان هەڵبڕن بەڵکو دەبێ ڕێگایان بۆ بدۆزینەوە کە پێکەوە بژین. خاڵێکی زۆر گرینگ ئەوەیە کە ئەو کات من لە باجیدکەداڵ بووم ئێزەدییەکان دەیانگوت "نامانهەوێ ئەو منداڵانە لە ئێمە هەڵبڕن و دەبێ لە ناو خودمان دا گەورە بن." هەڵبەت لێرەدا ڕۆڵی دەسەڵات و پارڵمان و چۆنێتی مامڵەکردن لەگەڵ ئەو کێشەیە زۆر گرینگە کە هەم ئارەزووی منداڵەکان و ئێزەدییەکان بە گرینگ وەربگرن و هەم منداڵەکان بە شێوەیەکی شێاو گەورە بن.
٦- بۆ کوردانی تاراوگە، هەڵبەت بنەماڵەی شیاو و کەسی خاوەن شەرت، ئاسانکاری بکرێت کە بتوانن منداڵ وەربگرن. هەروەها هەرێمی کوردستان هەوڵ بدا ئەو منداڵانەی دوچاری نەخۆشی سەختن بۆ چارەسەری بۆ دەرەوەی وڵات بنێرێ. ئێستا زۆر وڵات ئامادەن کە هاوکاری کوردستان لەم بوارانەدا بکەن.

## بارودۆخی ژنان

بە پێی گوزارشت و ڕەوایەتەکان، ژنانێکی زۆر بە هۆی دەستدرێژی داعشەکان بۆ سەر ئەوان، خۆیان کوشتوە. ئەو ژنانەی وەبەر دەستدرێژی هاتوون ئەگەر خۆشیان نەکوژن ئەوە لە باردۆخێکی زۆر نائاسایی و سەخت دا دەژین. هەر بۆیە زۆر گرینگە کە:

١- لێژنەی تایبەتی دوکتوری دەروونی، پزشک و یارمەتیدەری کۆمەلایەتی لە هەموو ئەو شوێنانە کە ژنانی شنگالٚ دەژین هەبن کە بتوانن یارمەتی تایبەت بۆ ئەو ژنانە، رۆژانە، دابین بکەن.

٢- حکۆمەتی هەرێم قەرەبووی ژیانی لە دەست چووی ئەو ژنانە بکاتەوە.

٣- لە باری پەروەردە و کۆمەلایەتیەوە ئەو بابەت بە چەشنێک بورووژێت کە تابوی دەستدرێژی سێکسی بشکێ و کەرامەتی ئەو ژنانە بپارێزدرێت.

٤- ئەگەر پێویست بێ ئەو ژنانە بۆ دەرەوەی ولات ڕاگوێزن.

٥- کار بۆ ئەو ژنانە دابین کرێت کە بتوانن لەسەر پێی خۆیان ڕاوەستن و ئەگەر پێویست بێ شوێنی ژیانیان بگۆرن تا کار و ژیان بەردەوام بن.

## بارودۆخی پیرەکان و مندالانی کەم وزە



بەداخەوە پیرەکانمان لەو ناوەدا شاهیدی گەلێک خەمی دەروونی و لاوازی زیاتری جەستەیی هاتوون. دەبێ موچە، داو دەرمانی پێویست، شوێنی تایبەت بۆ ژیانێکی باشتریان بۆ دابین کرێ تا ئاخر سالەکانی ژیانیان بە ئارامی تێپەرکەن، ژیانێک کە شایانی ئەوان بێ. هەروەها ئەو مندالانە کە دووچاری کەم وزەیی فکری و جەستەیین، چاوەدێری تایبەت کرێن و ئیمکانی خوێندن و ژیانێکی نۆرمالییان بۆ برەخسێ.

## ئەو کەمپانە چییان پێویستە؟



به گوێرەی قسەکانی یەک لە بەرپرسانی کەمپ وا وێدەچێ کە دانیشتوانی ئەو کەمپانە تا چەندین ساڵی دیکە لەوێ بمێننەوە. ئەو بۆچوونە دەتوانێ زۆر ڕاست بێ، بە دوو هۆ: یەکەم ئەگەر شەڕ ماوەیەکی درێژ بەردەوام بێ و دووهەم خودی ئێزەدییەکان وەها کارەساتێکیان بەسەردا هاتووە کە دەترسن بەم زووانە بگەڕێنەوە بۆ شوێن و زێدی خۆیان. کەواتە ئاسانکاری بۆ ژیانی ئەوان زۆر پێویستە، ئاسانکاری وەک:

١- هاوکاری، هاوتەریبی و کۆردیناشیۆن لە ناو کەمپ دا زۆر بە کەمی دەدیترا. لە شوێنێکی وەها و دوای کارەساتێکی وا گەورە دەبێ هەموو ڕێکخراوەکانی پێوەندیدار، نەخشەی هاوکاری ڕۆژانەیان دابڕێژن بۆ ئەوەی کارەکانی ناو کەمپ باشتر بەڕێوە بچن.

٢- دابینکردنی کارەبا بۆ کەمپەکان.

٣- وڵاتانی ئورووپی لە بواری دووبارەگەڕانەوەی زبڵ و کەڵکی درووست وەرگرتن لە زبڵ مێتود و ئەزموونی زۆر باشییان هەیە. دەکرێ لە وڵاتانی دەرەوە داو کرێ کە بۆ "دووبارە گەڕانەوە/ بازیافت"ی ئەو زبڵانە کە لە ناو کەمپەکان و دەوروبەر بڵاون، پڵانی کار و کەرەسەی تایبەت، یارمەتی هەرێم بدەن.

٤- بۆ داڕشتنی تۆڕی بەربڵاوی ئاو، حەمام و ئاوەڕۆی کەمپەکان، لە پسپۆڕانی و شارەزایانی ئەو بەشانە کەڵک وەرگرن تا کەمپەکان بە شێوەیەکی بەردەوام ئاویان هەبێ، ئاوەڕۆیان بڕوا و بەم جۆرە ژیانێکی پاک و خاوێن بۆ خەڵکی دانیشتووی کەمپەکان دابین کرێت.

٥- خێوەتەکان جێگای خۆیان بدەنە ماڵ تا دانیشتوانی کەمپەکان لە زستان و هاوێن دا بتوانن ژیانی ئاسایی و شایستە بەرنە سەر.

٦- لە کاتی هاویندا پلەی گەرما لە زۆربەی ناوچەکانی باشوور دەگاتە ٤٦ پلە و خەڵک پێویستی یەکجار زۆریان بە سەهۆڵ هەیە، کەواتە دابینکردنی ماشێن گەڵێک کە سەهۆڵ لە حەجمی زۆردا بەرهەم دێنن، یەک لە پێداویستییەکانی سەرەکی ئەم کەمپانەیە.

٧- هاوکاری ئابووری دانیشتوانی کەمپ بە تایبەت ئەوانەی کە هیچ جۆرە داهاتێکیان نییە و ئاسانکاری بۆ دروستبوونی بازاڕێک کە دانیشتوان بکەونە پرۆسەی کار و داهێنان.

٨- دابینکردنی قوتابخانە، باخچەی منداڵان، مەیدانی وەرزش، نەخۆشخانە، نانەواخانە و هتد. هەروەها دانانی پێرسۆنێل و فەرمانبەرانی بە توانا بۆ کار لە ناو کەمپەکان.

٩- ئاسانکاری بۆ هاتووچوو و دابینکردنی هێڵی هاتووچۆی ئەرزان بۆ شارەکانی دیکە.

١٠- گواستنەوەی کەمپەکان لە قەراخ ئەو جادانە کە شەو ڕۆژ تانکەرەکانی نەوت و کەرەسە تێیاندا لە هاتووچوودان. ئەو جادانە زۆر مەترسیدارن بە تایبەت کە منداڵێکی زۆر لەو کەمپانە دا دەژین. ئەو کات کە من لە کەمپی باجیدکەنداڵ ژمارە دوو، بووم منداڵێکی بچووکم دیت کە وەبەر ماشێن کەوتبوو.



١١- ئاسانکاری بۆ کار دروستکردن لە ناو خودی کەمپەکاندا، بۆ وینە کەڵکوەرگرتن لە خودی هێزی گەنجانی و ماموستایانی دانیشتووی ناو کەمپەکان. بەداخەوە من لە کەسێکم بیست کە لە چایخانەی بەشی فەرمانبەرانی کەمپدا کوڕێکی ئیزەدی کاری دەکرد و چای تێدەکرد کە دواتر کارەکەیان لێهەستاندۆتەوە و گۆایە موسڵمانەکان چای دەستی ئەوان ناخۆن. هیوادارم کە ئە جۆرە تێڕوانینە خاشەبڕ کرێ و ئینسانەکان کەرامەتییان، سەرە ڕای هەر بیر و باوەڕێک، بپارێزدرێ، بە تایبەت کە کوردانی ئیزەدی لە بارووددۆخیکی زۆر ناسک و دڵتەزێن دا دەژین و ساڵیانی ساڵی دەوێ تا دووبارە باوەڕ و هەست بە شادی ڕوویان تێکاتەوە. ئەوەش تەنیا بە نیشاندانی ڕێز و خۆشەویستی هەموو لایەنەکان دەکرێ.

**چەند پێشنیار:**

١- هەوڵ بۆ ناساندنی کارەساتی شنگال وەک "ژێنۆساید بەرامبەر بە ئیزەدییەکان و کورد" و بە جیهانی کردنی ئەو کێشانە.

٢- دابینکردنی وەزارەتێکی تایبەت سەبارەت بە شنگال تا چەند ساڵێک تا ئاوارەکان دەتوانن بگەڕێنەوە زێدی خۆیان و ژیانیان سەقامگیر دەبێ. ئەو وەزارەتە کە شەڕ تەواو بوو و خەڵک گەڕانەوە شوێنی خۆیان و ژیانیان ئاسایی بووە، دەکرێ هەڵوەشێتەوە.

٣- بوونی میدیای چاوەدێر و لیژنەی چاوەدێر لە پارلمان بۆ کۆنترۆڵکردنی چۆنایەتی ژیانی دانیشتوانی کەمپەکان، ژنانی تەنیا و منداڵانی بێ دایک و باب.

## دوا وتە و سپاس

لە بیرمان ناچی کە کارەساتی شنگال بەرپرسایەتییەکی هەمە لایەنەیە. کەسانێک لە هەر چوارپارچەی کوردستان و لە دەرەوەی وڵات، شەو رۆژ بە گیان و دڵ بۆ باشترکردنی بارودۆخەکە کار دەکەن. زۆربەی خەڵکی زاخۆ زۆر مێهرەبانانە ئیزەدییەکانیان وەخۆگرتووە. لە شاری زاخۆ دا زۆر چالاکوان و دوکتوری بەڕێز کە خەڵکی باشوورن شەو رۆژ بۆ باشترکردنی بواری پزشکی و ژیانی ناو کەمپەکان و یارمەتی گەیاندن بە باقی پەنابەران لە شوێنەکانی دیکە دەریخی ناکەن. لە جێی خۆیەتی کە باس بکرێ کە کوردانی ڕۆژهەڵاتیش وێرای کوردانی دیکە لە دەرەوە و لە ناوەوە زۆر چالاکانە ئەو خەمەیان بە خەمی خۆیان زانییوە. هەر ئێستا چەندین دوکتور و پەرستاری ڕۆژهەڵاتی لە سوئێدرا هاتوونەتەوە زاخۆ و لە کەمپەکان و لە ناو زاخۆ کار دەکەن. لەبیرمان نەچێ کە حیزبەکانی ڕۆژهەڵات ئامادە بوون کە لە پێناو ئەو نیشتمانەدا گیان بدەن. من خۆم بە قەرزداری یارمەتی دۆستانێک لە کۆیە دەزانم کە کاتێک من دوای ٢٥ ساڵ گەڕامەوە و هیچ شوێنێکم پێ نەدەزانی ئەوە ئەوان بوون کە یارمەتییان دام تا بتوانم بگەمە زاخۆ. سپاس و پێزانینم بۆ هەموو دۆستان لە زاخۆ کە لە کاتی مانەوەم لە زاخۆ یارمەتی و ڕێنوێنیان دەکردم. هیوادارم کارەساتی وا هەرگیز دووبارە نەبێتەوە گەرچی ئێستاش شنگال برینێکە لە قووڵایی ڕووحمدا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی جینۆسایدی کورد - ڕێکەوتی: ١٥ی سێپتامبری ٢٠١٤

## داعش و ڕەفتاری ئێمە لەگەڵ ئەوان

ئەوەندەی بیرم بێ لە وروژاندنی باسی حەساس نەترساوم. چونکە پێموایە لەو باسانەدایە کە ئینسانەکان دەتوانن بە هێندێک "حەقیقەت" یان باشتر بڵێم "بنەما" بگەن. ڕاستە زۆر بنەمای فکریم لای خۆم ساخ کردۆتەوە بەڵام دیسان ئەوە بەو مانایە نییە کە ئینسان نەتوانی لەگەڵ باوەڕەکانی خۆی "چالش" بکا.

لە ٨ و ١٥ ی ئۆکتۆبردا دوو نوسینم دانا لە سەر ئەوە کە کورد نابێ هەرگیز لە کاتی جەنگ دا وەک داعشەکان ڕەفتار بکا. بەڵام زۆر کەس پێیوایە کە ئەو بیر و بۆچوونە هەوەڵەن لە "منطق اخلاق برده" ڕا دێ و دوهەمەن بۆ وڵاتی سوئید دەبێ نەک ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە داعشی تێدایە. ئەوە بۆ کە چەند دۆست بە نووسین و قسە ڕای خۆیان دەربڕێ. هێندێک دۆست وتیان "بەڵی دەبێ هەر هەمان ڕەفتار بکەین" و هێندێک وتیان "نەخێر نابێ ئێمە وەک داعش بین".

دوای هێنانە گۆڕی ئەو باسە کە "ئایا درووستە کە بە هەمان مێتۆدی داعش لە گەڵ ئەو داعشانەی کە ئەسیر دەبن، ڕەفتار کرێ" لە ٢٤ی ئۆکتوبردا و هێنانە گۆڕی هێندێک باسی حەساس وەک "گون بڕین" و دیسان دوای بیستنی چەندان ڕا و بۆچوون، هەر هاتمەوە سەر "تەشی و ریسەکەی خۆم" و بە قەناعەتێکی زیاترەوە کە:

١- من خۆم ناتوانم ئەو کارە بکەم و پرنسیپەکانی خۆم وەلا نێم و لە نەفسی خۆمدا ئینسانێک نیم بتوانم کەس ئازار بدەم. هاوکات باوەڕم بەوەیە کە "قوربانی" بم باشترە تا "قاتڵ". دەزانم لە ڕوانگەی دەسەڵات و بۆچوونەکانی فەلسەفەی سیاسی، ئەوە بە ئەخلاقی "بەردە" ناو دەبردرێ، بەڵام لەوە ناترسم و هەر پێم درووستە کە کورد لە سەر بنەماکانی ئینسانی خۆی کار بکا و بۆ گەیشتن بە ئامانج دوچاری هەڵەی وا نەبێ چونکە ئەو جۆرە هەڵانە دەتوانن ئاکامی زۆر خەراپیان لە سەر کولتوری ناوخۆیی و پەروەردە هەبێ. کەوایە کارێک کە لە دەست خۆم نەیە بۆ خەڵک تەجویز ناکەم.

٢- ناکرێ ئەو بناخە فکرییە کە چەند ساڵە هەمووامان کاری لەسەر دەکەین وەک بنەماکانی فکری و ئەخلاقی بۆ "مافی مرۆڤ" لە خۆماندا بکوژین چونکە تووشی دوژمنێکی پیس وەک "داعش" بووین.

٣- نابی بە هیچ جۆرێک پەرەبدرێتە "کولتوری بەربەریەت و وەحشیگەری".

هەر بۆیە دوو بۆچوونم کە لە ١٥ و ٨ی ئۆکتۆبردا، واتە پێش ئەو باسە، نووسی بوون، دیسان بڵاو دەکەمەوە.

## پرنسیپەکانی ڕەفتار لەگەڵ ئەسیر و جەستەی کوژراوان

***کورد بە هەڵویستی ئەو چەند مانگە بۆتە جێگای شانازی و کرێنەوەی کەرامەتی ئینسان. لەو ڕوانگەوە:***

١- ئینسان کوشتن لە نەفسی خۆیدا پیسە. ئەوەکە کورد تووشی شەڕ بووە، کورد خۆی نەیویستووە، کەوایە تکایە با ئێمە وەک داعشەکان بەهاکانی ئینسانی و ئەخلاقی خۆمان لە سایەی شەر لە دەست نەدەین.

٢- پێ لە مافی ئینسانی ئەسیر نەنێن تەنانەت ئەگەر ئەو ئەسیرە خوێنڕێژێکی سەربڕی وەک داعش بێ. ئەگەر ئێمەی کورد وەک داعشییەکان ڕەفتار بکەین و بچینە خانی بێئەخلاقی ئەوان ئەو کات فەرقمان چییە؟

٣- بڵاوکردنی ئەوە کە داعش سەر بڕدراوە، بە قازنجی کورد ناشکێتەوە، تەنانەت رۆژئاواییەکان کە ئێستا دژی داعشن سبەی دەتوانن وەک دێکۆمێنت لەو وێنانە بە دژی کورد کە پێی لە بەڵگەنامەکانی جیهانی ناوە، کەڵک وەرگرن.

٤- تکایە ئەو جۆرە وێنانە بڵاو مەکەنەوە. چ هی داعش و چ هی کورد.

***جەنگ، برینەکانی و ئەخلاق***

خۆشم لە ناو ئەو شەڕە دابام ڕەنگە هەر نەمتوانی با بە سەر هەستەکانم دا کە برینداره زاڵ بم. خەمێکی قوڵ ڕووحی هەمووماني ئەنگاوتوە.

لە جەنگدا ئینسانیەت دەمرێ بەڵام نە لە لای هەموو کەس. سرووشتی جەنگ بەدکارە بەڵام هەن کە هەر ئینسان دەمێننەوە. هەن کە لە باری ئەخلاقییەوە ناچنە "بەرەی داعش".

گەلی کورد هەمیشە بە "ئینسانیەت و ئەخلاقی سیاسی" بەرزی کەرامەتی ئینسانی خۆی ڕاگرتووە. ئەو پرنسیپە وای کردووە کە ئەگەر کورد لە باری سیاسیشەوە سەرکەوتوو نەبووبێ بەڵام "ئینسان" ماوەتەوە. هەر بۆیە هیوادارم

کە کاتێک ئەسیری داعش دەگرن و یان کوژراوەکان دەکەونە بەر دەست وەک ئینسانێک کە وەفادارە بە پرنسیپی ئەخلاقی، ددان بە سەر جەرگمان دا بگرن و ئینسانی رەفتار بکەین. لێیان مەدەن، بە پێلاو مەچنە سەر جەستەیان، ڕیشیان مەکێش و هتد... ئەوانیش هەر ئینسانن بەلام ئینسانێک کە "ئینسانیەتی" خۆیان فەرامۆش کردووە. ئێمەی کورد نابێ تەنانەت کاتی شەڕ لەگەڵ داعش "ئینسانیەت"ی خۆمان فەرامۆش بکەین.

٢- پێ لە مافی ئینسانی ئەسیر نەنێن تەنانەت ئەگەر ئەو ئەسیرە خوێنرێژێکی سەربڕی وەک داعش بێ. ئەگەر ئێمەی کورد وەک داعشییەکان ڕەفتار بکەین و بچینە خانی بێئەخلاقی ئەوان ئەو کات فەرقمان چییە؟

٣- بڵاوکردنی ئەوە کە داعش سەر بڕدراوە، بە قازنجی کورد ناشکێتەوە، تەنانەت رۆژئاواییەکان کە ئێستا دژی داعشن سبەی دەتوانن وەک دیکۆمێنت لەو وێنانە بە دژی کورد کە پێی لە بەڵگەنامەکانی جیهانی ناوە، کەڵک وەرگرن.

٤- تکایە ئەو جۆرە وێنانە بڵاو مەکەنەوە. چ هی داعش و چ هی کورد

سەرچاوە: وێبلاگی پەراوێزی بیر - ڕێکەوتی: ٢٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤

## هێرشی داعش بۆ سەر کوردستان

لە ڕوانگەی زۆربەی ئێمەی کورد هۆی هێرشی داعش بۆ سەر کورد زیاتر دەگەڕێتەوە سەر ئەوە کە کورد بە دوای کیانی نەتەوەیی خۆیدا وێڵە و دوژمنەکانی کورد لە دەوروبەر ئامادەن هەرچی لە دەستیان دەێ ئەنجامی بدەن تا کارەسات بخەنە سەر ڕێگای کورد. هەر بۆیە بێ ئەوە تێکەڵاوی باسێکی قوڵی سیاسی و ناوچەیی بین دەکرێ بڵێین کە پرۆژەی داعش کە لە سەرتاوە بە یارمەتی وڵاتانی ڕۆژئاوا بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ڕژیمی بەعسی سوریە دروستکرابوو، دواتر هێزیکی وایان وەبەرنا کە کۆنترۆلکردنی سەخت بوو. هاوکات ئەو هێزە لە ناوخۆدا بە کەڵکوەرگرتن لە باوەڕی دینی و دەست پێڕاگەیشتن بە ئیمکاناتی ناوچەیی توانی خۆی بەهێزتر بکا. بەڵام ناکرێ ئەوە وەبەرچاو نەگرین کە چاڵاوەکان و سامانی بێکەرانی نەوتە کە داعش دەخوازێ بیخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی،

سەرەکیترین فاکتەرە کە داعش دەیهەوێ خۆی بە سەر کورد و جیهان داسەپێنێ. داعش دوای وەدەست هێنانی سامانێکی یەکجار زۆر ئیستا دەولەمەندترین ڕێکخراوی تێرۆریستی جیهانە(١).

داعش بۆ گەیشتن بەو سامانە گەورەیە لە "دین" وەک بەهێزترین ئەنگیزە و کەرەسە، بۆ هاندانی سەربازانی خۆی بۆ ئەنجامدانی هەر تاوانێک کەڵکوەردەگرێ. دیارە ڕۆڵی تاک لەبیر ناچێ و ئەوانەی کە لە گەڵ داعش کاردەکە زۆربەیان ئەو باوەڕەیان هەیە کە دەچنە بەهەشت و لە ڕێگای ئیسلامدا جیهاد دەکەن. هاوکات دەبێ ئەوەش ببینین کە ئەندامانی داعش لە گرووپەکانی سوونەی ناوچەن کە لە دوای بە دەست هێنانی دەسەڵات لە لایەن شیعەکانەوە هەست دەکەن کە زوڵمیان لێکراوە و دەبێ دەسەڵاتی لە دەست چوو بگرنەوە دەست. بەڵام دیسان لەو بەزم و هەرایەدا ئەو پرسیارە دێتەوە ئارا کە بۆ داعش هێرشی کردە سەر کورد، نەک بەغدا؟ وڵامێک دەتوانێ ئەوە بێ (گەرچی سادەکردنەوەی تێدایە) کە ئێران و تورکیە داعش یان هان دا هاوکات کە خودی ناسیۆنالیزمی عەرەبی بە هۆی نەمانی بەعس قینی لە کورد هەڵگرتبوو. ئێران سەری ئەو مارەیە کە "بیری داعش"ی لە ٣٥ ساڵ تەمەنی خۆیدا لە ناوچەکەدا پەروەردە کردوو. ئینجا ڕەنگە ئەو بابەتە بێتە گۆڕ کە بە هۆی جیاوازی مەزهەبی، داعش و ئێران لێک دوورن. لە ڕاستیدا ئەوان دوو جەمسەری یەک هێڵن کە یەکتر تەکمیل دەکەن و بە هۆی رووکەردی مافیایی ئەو جۆرە گرووپانە و وەدەست هێنانی سامانی زۆر، بۆ ئەو جۆرە ڕێکخراوانە هیچ کێشەیەک نییە کە نەتوانن لە پشت پەردە هاوکاری یەکتر بن. لە ڕاستیدا ناسیۆنالیزمی عەرەبی سوونە و شیعە لە نەهایەتدا هەر پێکدەگەن. جا بۆ نەکرێ کە بە فیتی ئێران و تورکیە لە بەغداڕا بەرەو شنگاڵ ڕێ کەون؟
بە هۆی کێشە و قینی لە مێژینەوی بەعسییەکان، دەست تێوەردانی تورکیە و ئێران و بەجێهێشتنی بە پلانی موسڵ لە لایەن فەرماندەکانی بەعسی ناو لەشکری عێراق، هەمووی ئەوانە بەرەو ئەو ئاقارەمان دەبا کە درووست لە کاتێکدا کە بانگەشەی ڕیفراندۆمێک دەکرا، داعش بەرەو کوردستان ڕێ کەوت. پێشینەی مێژوویی دینی و سیاسی و هەروەها بارودۆخی ناوچە لەوان:

فەرماندەهی فێئۆدالی و "ملوکالاطوایفی" ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش
وەدەست هێنانی دەسەڵات، پارە، سێکس بۆ ئەندامانی داعش
باوەر و ئێدئۆلۆژی ئیسلامی سوننە، سەلەفی و ئاواتی خەلافەتی ئیسلامی
پەروەردەی دینی و ڕادیکاڵ، سەلەفی و شەڕخوازی لە ناوچەدا

چاوقوچاندن لە سەر تاوانەکانی داعش لە سێ ساڵی ڕابردووو لە ناوچەکانی ژێردەستیان لە سوریە هەمووی ئەوانە کارئاسانیان کرد بۆ ئەوە داعش هێرش بکاتە سەر کورد و ئاڵقەی لاواز، واتە شنگال. بەڵام دیسان لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە ئارا کە بۆ ڕاست هێرش بۆ سەر شنگال؟

١- شنگاڵ لە باری جوغرافی دەکەوێتە نێوان ناوچەکانی عێراق و سوریە. وەدەست هێنانی شنگال کارئاسانییەکی یەکجار زۆری دەکرد بۆ داعش کە نەوتی خۆی لەوێڕا بگەیێنێتە تورکیە و بازارەکان. ئەو ناوچەیە بۆ داعش ستراتیژیک بوو و هاسانکاری زۆری دەکرد بۆ هاتووچۆی لۆجێستیک، هێنان و بردنی بریندار وبەردەوامی بازرگانی لە ڕێگای تورکیە.

٢- لە کەس شاراوە نییە کە تورکیە هەموو ڕێگاکانی بۆ یارمەتیدان بە داعش ئاواڵە بووە و بە دەیان فیلم لە سەر نێت دەبینین کە یا داعش لە ناو شەقامەکانی تورکیەدا دەخوڵێنەوە، یا لە سەر سنوورەکان سەربازی تورکیە و داعش ڕاوەستاون و یا برینداری داعش لە نەخۆشخانەکانی تورکیەن. تورکیە بە بەهانەی دژایەتی ڕژیمی بەشار ئەسەد هاوکاری خۆی لە داعش دەریخ نەکردووە(٢).

٣- ناوچەی شنگال شوێنی پیرۆزی ئیزەدییەکانە و خەڵکی ئیزەدی بە زۆری دانیشتووی شنگال و دەوروبەرن. لە ڕوانگەی داعشەوە، و تەنانەت هێندێک کەسی دیکە، ئیزەدییەکان کافرن. لە کاتێکدا ئیزەدییەکان وەک موسڵمانەکان باوەڕیان بە "خودای یەکتا" هەیە و خودی ئەوان بە کەسانێک کە باوەڕیان بە خدا نەبێ دەڵێن "کافر". لەو ڕووە داعش پێیوابوو کە بە هێرشکردنە سەر ناوچەی شنگال واتە ناوچەی کافران، هەست و سۆزی خەڵکی کورد ڕەنگە کەمتر بێ و بە ئاسانی بتوانێ ناوچەکە وەدەست بخا. هاوکات داعش لەبیر هێرش بۆ سەر هەولێر بوو و دەویست کوردستان بە تەواوی داگیربکا. داعش پێیوابوو کە:

- بە کارەساتێکی لە چەشنی شنگال یەکەم ڕووحییەی کورد تێکدەشکێنێ و
- دووهەم بە ئاسانی هەولێر وەدەست دەخا و لەو ڕێگاوە سنوورەکانی خەلافەتی خۆی پەرە پێدەدا.

٤- هاوکات کورد بە ئانالیزێک کە لە دۆخەکە هەیبوو، پێیوانەبوو کە داعش هێرش دەکاتە سەر کورد. کورد زیاتر خۆی دەپاراست کە توشی شەڕێکی ڕوودەڕوو نەبێ.

سەرئەنجام لە ڕۆژانی یەکەمی ئاگۆست داعش هێرشی کردە سەر کورد و شنگال. بە هەزارن ئینسان لە ناوچە و گوندەکانی شنگال پەنایان بردە چیای شنگال و جارێکی دیکە ئەوە ڕاستییە هاتەوە ناو میشکی هەموومان کە "چیا تەنیا دۆستی ڕاستەقینەی کوردە". کارەساتەکە هێندە گەورە بوو کە دیسان ساڵی ١٩٩١ و پرۆسەی ئەنفاڵ لە ژیانی سیاسی و تاکی کورد دا زیندوو بووە. ئەو ڕۆژانە گەلێک سەخت بوون. هەر ئەو ڕۆژانە بوو کە ڤیان دەخیل لە پارڵمانی عێراق دا وتی"ان اتكلم هنا باسم الانسانييه..." و باسی کارەساتی شنگالی کرد(٣).

هەروەها بەرکات عیسا ژورنالسیتی "ڕووداو" لە سەر چیای شنگال ڕاستەوخۆ ڕۆژانە باسی کارەسەتەکەی دەکرد کە چۆن بە دەیان زارۆک دەمردن، خەڵک دەیانویست بە بنەماڵەوە وێکڕا خۆ بکوژن.(٤)

بە دوای خۆپیێشاندانەکان، دێکۆمێنتەکان و ڕۆژانێکی سەختلە ژیانی کورد، سەرئەنجام هێزەکانی ئامریکایی هەوڵێان دا یارمەتی خەڵکی سەر چیای شنگال بکەن. هێزەکانی "ی پ گ" و "پێشمەرگە" و هێلکۆپتێرەکانی ئامریکایی ڕێگایەکیان کردەوە و خەڵک پەڕینەوە سوریە و لەوێڕا بەرەو کەمپەکانی باشوور گەڕانەوە. لەو ڕۆژانەدا بوو کە داستانەکانی دەیان کچی ئێزەدیمان دەبیست، ئەو چیرۆکانەی کە بۆ ئەوە دەبن سەدان ڕۆمانیان لە سەر بنووسرێ و بە دێکۆمێنت وەک "تاوانی دژی ئینسانی و تاوانی شەڕ" بدرێنە دادگاکانی نێونەتەویی(٥).

بە پێی نووسینەکانی بەیان عەزیزی ماموستای زانکۆی سەلاحەدین لە بواری یاسایی نێونەتەوەیی تاوانی داعش دەتوانن بچنە خانی "تاوانەکانی شەڕ". بەیان عەزیزی دەنووسێ:

"لە ڕوانگەی یاسای نێونەتەوەیی زەبر و زەنگی جنسی و گرینگترین جۆری واتە دەستدرێژی جنسی لە پەیڕەوی دیوانی نێونەتەوەیی هەم وەک تاوانی دژی ئینسانی و هەم وەک ئەشکەنجە ناسراوە. هەروەها ئەگەر ئەو تاوانە لە کاتی شەڕ و کێشەی چەکداری یان دوای شەڕ و وەک تۆڵە ستاندنەوە ئەنجام بدرێ شامێلی سزاکانی کاتی شەڕ دەبێ.

زەبر و زەنگی جنسی هەر کردارێکی جنسییە دژی کەسێک کە بە زۆر ڕووی دابێ. دەستدرێژی تەنیا کردارێکی فیزیکی و تێنانی ئالەتی پیاوانە یا هەر شتێک چ لە پێش یا پاش یا زار نییە، بەڵکو تەواوی ئەو کردارانەش دەگرێتەوە کە تێدا هیچ پێوەندییەکی جنسی ڕووی نەدابێ. بۆ وێنە ڕووت کردنەوەی ژنێک و مەجبوورکردنی بە

هێندێک کار لە بەر چاوی خەڵک یا لە شوێنێکی داخراو هەر دەچنە خانی دەستدرێژی و قابیلی سزادانە. (...) دادگای سزایی نێونەتوەیی جگە لە دەستدرێژی، ئەسیر و بەردەی جنسی، لەشفرۆشی بە زۆر، دووگیان بوونی بە زۆر، ئەختەکردنی بە زۆر و هەر جۆرە زەبر و زەنگێکی جنسی وەک ئەوانە، بە شەرتێک کە بەشێک لە کرداری بەربڵاو و سازماندراو بن وەک تاوانی دژی ئینسانی دەناسێ(٦)."

چیرۆکی بەربەریەتی مۆغۆلەکان لە مێژوودا نەوە بە نەوە گەیشتۆتە ئێمە. لە دەلاقەی ئەو چەشنە ڕووداوانە ڕا کە لە ناو کتێبە مێژووییەکانی دەرسی قوتابخانەکان دا زۆرن دەتواین بزانین کە کوشتوبڕ و تاڵان کردن سروشتی جەنگە. لە هێندێک جەنگدا کەمتر و لە هێندێ شوێن زیاتر کۆمەڵگا بە کۆ و تاک خەسارەت دەبینێ. دەڵێن کاتێک لە ٦١٦ مۆغۆلەکان گەیشتنە نزیک شاری بۆخارا، ئەو شارەیان سێ ڕۆژ ئالقە دا و دوای داگیرکردنی شار ئاوریان تێبەردا. خانۆکانی شار زۆربەیان لە دار بوون غەیری چەند بینا و مزگەوتێک نەبێ کە بە خشت سازکرابوون، هەر بۆیە هەموو شار سووتا. ئەوان سامانی شاریان تاڵان و خەڵکی شاریان قەتڵ و عام کرد. کەسێک کە توانیبووی ڕابکا وتبووی: "هاتن، وێرانیان کرد، سووتاندیان، کوشتیان، بردیان و ڕۆیشتن".

لە تاوانەکانی هەرە وێرانکەری جەنگەکان، تاوانی دەستدرێژی جنسییە بە ژنان، منداڵان و بگرە پیاوانیش. بەڵام دەبێ بیرمان نەچێ کە دەستدرێژی جنسی بە بەرامبەر تەنیا لە کاتی جەنگ دا ڕوونادا. لە جمهوری ئیسلامیدا بە سەدان ژن پێش ئێعدام دەستدرێژییان پێکرا تا "باکرە" نەبن و نەچنە بەهەشت(٧).

دەستدرێژی جنسی ستراتێژییەکە کە لایەنەکان کاتی جەنگدا بەکاری دەبەن. زۆربەی هەرە زۆری کاتەکان ژنانن کە وەک بەشێک لە ملکی پیاوان وەبەر دەستدرێژی دەکەون. ئامانجی ئەو ستراتێژییە ئەوەیە کە لە ڕێگای جەستەی ژنەوە، ترس بخەیتە بەرامبەر، بەرامبەر دیمۆڕالیسێرا و تەباه بکرێت، گرووپەکانی ئیتنیکی بڕۆخێندرێن یا لە باری سیاسییەوە لەرزۆک بکرێن(٨).

بەراوەرد کردنی کارەساتی شنگال لەگەڵ تاوانەکانی دیکەی لەو چەشنە لە جیهاندا پێویستی بە ئاڕشیو و کارێکی چەند ساڵەیە بۆ ئەوە بە دیقەتەوە بزانین کە خاڵە وێکچوو و جیاوازەکان کامەن. هێندێک لەو جۆرە تاوانانە لە ناو گەل یا دەوڵەتێک دەرحەق بە یەکتر ڕوویان داوە بۆ وێنە کوشتاری خەڵکی شیلی لە کاتی دەسەڵاتداریەتی دیکتاتۆری پینۆشە(٩)،یان کوشتاری زندانیانی سیاسی لە ئێران لە سالانی ٥٨ تا ٦٧. لە شیلی سەرجەم ٣٥٠٠

کەس لە حەفدە ساڵدا کوژران، ١٥٠٠ کەس تا ئێستا بێسەروشوێنن. کۆمیتەیەکی لێکۆڵینەوە لە ساڵی ٢٠١١ دا باسی لەوە کرد کە ٣٨٠٠٠ ئینسان لە کاتی دەسەلاتی پینۆشەدا لە ژێر گوشار و ئەشکەنجە بوون. یان لە ساڵانی ١٣٦٧ی ئێرانی، لە جمهوری ئیسلامیدا تەنیا لە یەک حەفتەدا زیاتر لە ٥٠٠٠ ئینسان ئێعدام کران.

هێندێک لە تاوانەکانی دیکە لە نێوان دەوڵەتان ڕوویداوە وەک تاوانەکانی دوو بەرەی "متحدین" و "متفیقین" لە جەنگی جیهانی دا. جێگای ئاماژەیەکی زۆر گرینگە کە دوای گرتنی بەرلین لە لایەن ڕووسەکان لە ساڵی ١٩٤٥ نزیک بە یک میلیۆن ژنی ئالمانی ڕۆژئاوایی دەستدرێژی جنسییان پێکرا، یان نزیک بە ٢٠٠ هەزار ژن کە زۆربەیان چینی، فیلیپینی، بێرمەیی و کۆرەیی بوون وەک بەردە جنسی لە لایەن ژاپۆنییەکانەوە کەڵکیان لێوەردەگرترا و بە 'ژنانی ئارام بەخش' ناو دەبردران و زۆربەیان دوای دەستدرێژی دەکوژران(١٠).

تەنیا چەکدارەکان و لایەنەکانی شەڕ نین کە دەستدرێژی جنسی دەکەنە سەر ژنان و منداڵان. تەنانەت سەربازانی پارێزەری ئاشتی و کارمەندانی یارمەتیدەر، ئەو تاوانە ئەنجام دەدەن و کەڵک وەرگرتن لە ژنانی لەش فرۆش دەبیندرێ. هەربۆیە "ئێفئێن" هێندێک یاسای لەو بوارە دا بۆ پێشگیری لەو شوێنانە کە کێشە هەیە، داناوە(١١).

(1)http://www.svt.se/nyheter/varlden/kallor-isis-ar-rikaste-terrorgruppen

(2)http://www.youtube.com/watch?v=qARNhiyHvZA

(3) http://www.youtube.com/watch?v=1GI9EBIRiGA

(4 )http://www.youtube.com/watch?v=9tMUKE93FKM

(5) http://openasia.org/item/12122

(6) http://bidarzani.com/18376

(7) http://www.youtube.com/watch?v=If775irQ86I

(8) http://blog.unicef.se/2006/03/08/internationella-kvinnodagen-kvinnor-fortfarande-utsatta-for-vald-och-diskriminering/

(9) http://sv.wikipedia.org/wiki/Milit%C3%A4rkuppen_i_Chile_1973

(10) http://bidarzani.com/18376

(11)http://www.nck.uu.se/kunskapscentrum/kunskapsbanken/amnen/sexuellt_vald/sexuellt_vald_i_krig /

سەرچاوە: ماڵپەڕی کورد کاناڵ - ڕێکەوتی: ١٥ی دێسەمبەری ٢٠١٤

## بابەتەكانى ساڵى: ٢٠١٥

# هاتنى سەحراڕوودى بۆ هەرێم بێ ڕێزى بە هەموو كورد

ئەى نیشتمان بۆ گۆڕى بە كۆمەڵى منداڵانى خۆر بگرێم یا بۆ فەڕشى سوورت لە ژێر پێى قاتڵەكانم؟

"تحقیر سیاسی" یەك لە ڕێگاكانى تۆڵەهەستاندنەوەیە بە بێ بەكارهێنانى ڕاستەوخۆى چەك. جمهورى ئیسلامى كە داعشى تاودا و پێىوابوو كورد بە چەند ڕۆژێك دەشكێ و بە ئاوات نەگەیشت، ئەو جار بە "تەحقیرى سیاسى" و لە ڕێگاى مێكانیزمى دەروونى هەوڵ دەدا كە كورد جارێكى دیكە لێك دڕدونگ بكا. "تەحقیرى سیاسى" دەیهەوێ بێ ڕێزیت پێ بكا، لە ناوەوە بتروخێنى، تووشى "دۆخ"ێكت بكا كە هێژمۆنى، كاریگەرى، خۆشەویستیت لە ناو دەوروبەر لێ بستێنێ و پێگەت بچووك كاتەوە. زۆر جار ئەو كارە دەكرێ كە نیشان بدرێ كە ئەگەر بە دڵى ئەو نەجوڵێتەوە ئەوە "لێت لە هەڵادەدا كە تۆ كارێكت كردووە."

هاتنى لاریجانى ئەگەر بچێتە خانى دیپلۆماسى و هەرێم ناچاربێ هێندێك كار بكا بەڵام بوونى سەحراڕوودى لە ناو شاندەكە دا ئاماژەیە بە:

١- هەڵەیەك پێشتر كراوە و قسە بكەن لێتان لە هەڵا دەدرێ (دابەزین هەوەڵ لە سولێمانى)
٢- بە پێچەوانەى هەر عورفێكى سیاسى و دیپلۆماسى بە شێوەیەكى زۆر بێ ئەخلاقانە "قاتڵ" دێتە سەر خاكت و بێڕێزیت پێدەكا (بردنى سەحراڕوودى بۆ هەولێر).

جمهورى ئیسلامى بەو بێڕێزییە لە ڕاستیدا دا چەندین ئامانج دەپێكێ:

*لە بارى دەروونى تەحقیرت دەكا،*

*هێژمۆنی، خۆشەویستی و کەرامەتت دەستێنێ،*
*لە ناوەوە لاوازت دەکا و هێزت دابەش دەکا،*
*بچووکت دەکاتەوە، بتشکێنێ،*
*بە ئامانجەکانی خۆی دەگا.*

لەو هەلومەرجەدا، سەرۆکی هەرێم (کارم بە سولێمانی نییە) چەندین ڕێگای هەبوو کە ئامانجی جمهوری ئیسلامی پوچەڵ کاتەوە:

- تەنیا سەرۆکی پارڵمان لە گەڵیان دانیشتبا
- سەفەرەکە وا بە ئاووتاو و چرکە بە چرکە مێدیایی نەکرابا
- لە پێوەندییەکانی دیپلۆماسی کەڵکیان وەرگرتبا کە سەحراڕوودی نەچێتە کوردستان و باشترین بەهانەش "ئیمکانی گرتنی ئەوە بە هۆی تێرۆر".

داواکردنی "ڕێفراندۆم بۆ سەربەخۆیی" توانی پێگەی سەرۆکی هەرێم بە شێوەیەکی زۆر ئەرێنی وەک جێگای هومێد بگۆڕێ و پشتیوانی زۆر کەس لە هەر چوار پارچەی کوردستان و هەندەران بۆ خۆی ڕابکێشێ. هێرشی داعش بۆ سەر کوردستان، گۆڕی بە کۆمەڵ و هەزاران شەهید، ئەویش هەر بە دەست و هاندانی دوژمنانی دەوروبەر لەوان ئێران، هەستی نەتەوەیی لە ناو کوردان زۆر زیاتر کرد و پێشمەرگەکانی ڕۆژهەڵات بە خوێن و گیان ئامادەبوون (ئێستاش ئامادەن) کە لە هەرێم و کوردستان پارێزگاری بکەن بەڵام بە داخەوە سەفەری سەحراڕوودی توانی بە زۆر ئامانجی شووم بگا. سەرۆکی هەرێم دەبا ئەوەی لە توانای دابوو کردبای کە جمهوری ئیسلامی نەگاتە ئامانج.

سەرۆکی هەرێم ئێستاش دەرفەتی هەیە کە هەستی بریندراری ڕۆژهەڵاتییەکان سارێژکاتەوە و ئیرادە بکا کە هاوسەنگی "هێز" و "دۆخی مێژوویی" بگۆڕێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاسۆی ڕۆژهەڵات - ڕێکەوتی: ٢ی جانێوێری ٢٠١٥

## برینی سمایل هێستا لە دڵمە....

کە لە مەهاباد شەڕ بوو ١٧ ساڵ بووم و وەک "گروه امداد" لەگەڵ هێندێک لە لاوانی شار کارمان دەکرد. سەدان پیاو، منداڵ و ژن لە حەسارەکانی ماڵ و مزگەوتەکان نێژران. زیاتر لە هەزار کەس شەهید بوون.

قەت لە بیرم ناچێ "سمایل" کوڕێکی ٦ساڵانەی جیرانمان بوو کە بابی نەمابوو و هەمیشە دەهات لای من و برا چکۆلەکەم، هەر ئەو برایەم تاهیر کە ئێستا ١٢ ساڵە لە زیندانی تورکاندایە.

ڕۆژێک لە جەنگەی شەڕدا دایکی سمایل کوتی "شەهلا گیان سمایل م دیار نێ"

وەدوای سمایل کەوتین. سمایل مان دیتەوە.... هەوەڵ جار بوو منداڵێک ببینم کاسەسەری لە پشتەوە ڕا نیوەی بە خۆمپارە پەڕیبێ. سمایل مان بە حەیران کوتن هێناوە و لە حەساری مزگەوت ناشتمان. برینی سمایل هێستا لە دڵمە....

هەوەڵ جاریش کە منداڵێک لە سەر دەستی من بە دونیا بێ هەر ئەو ڕۆژانە بوو. دوکتورەکەی گرووپەکەمان کە کوڕێکی فارسی لە "خەتی سێ"یەکان بوو و لە شاریکی دیکە ڕا هاتبوو بۆ یارمەتیدانی خەڵک چووبوو بۆ ماڵێکی دیکە. تا ئەو هاتەوە، منداڵەکە لە دایک بوو....

ئێستا لە شنگال و کۆبانی نیم بەلام دەزانم ڕووداوەکانی شەڕی مەهاباد و سنە لە کۆبانی و شنگال دووپات دەبنەوە..

سەرچاوە: وێبلاگی پەراوێزی بیر - ڕێکەوتی: ٢٨ی جانێوێری ٢٠١٥

## ئینسانی گەورە لە هەر ساتێک دا دیارە!

٦ی سێپتامبر ٢٠١٤ شەوكەی دەگەڕامەوە سوئید بەڵام دڵم هەر تاقەتی نەهێنا و لە ڕێگای دۆستی ئازیزم كاک ئامانج شاكەلی توانیمان ژمارە تلفوونی هاوڕێ عەزیز وەدەست بخەین. تلفونم بۆ كرد و وتم ڕەنگە هەر منت بیر نەمابێ بەڵام من ئێوە لە بیر ناكەم، ئەگەر كاتت هەبێ دەێمە خزمەتت. نە وتی كاتم نییە و نە وتی كە دەبێ نوبە بگری و نە... زۆر مێهربان و ئاسایی وتی ئێوارە ساعەت چوار وەرن.

ساعەت سی و نیو لەگەڵ ئامانج ڕێكەوتین و ئادرەسەكەمان دۆزییەوە. پێمانوابوو كە ئێستا چەندین نیگابان و دەركەوان و... لەوێن و دەرگامان لێ دەكەنەوە. لە دەرگامان دا. هاوڕێ عەزیز خۆی دەرگای كردەووە. وتی ئەو كوڕەی كە لە لایەتی و ئاگادری لێ دەكا خەوتووە و دڵی نەهاتووە هەڵی بستێنێ... تاوێک بەسەر دا چوو كە هاوڕی عەزیز تلفونی كرد و بە پێكەنینەوە وتی: ئەرێ كاكە چایەكمان بۆ ناهێنی... كەمێک دوایە پیاوێكی جەوان هات و چای هێنا.

گەورەیی هاوڕێ عەزیز لە هەر ساتێک دیار بوو... باسی گەندەڵی كرا و بیرەوەری خۆی گێراوە كە چۆن كاتی لاوەتی كە خۆی لە بەشی ئیداری ئابوری دا وەک كارمەند كاری كردووە و جارێک كە ویستوویانە حیسابی ساڵانە دەستپاک بكەن "نیو دینار" دیار نەبووە. هەموو كارمەندان چۆن چەندین جار بە حیسابەكاندا چوونەتەوە تا بزانن ئەو نیو دینارە بۆ دیار نییە. دوایە كە نیودینارەكە دیار كراوە، ئینجا كارمەندان شیرینییان خواردووە كە سەر بڵند و دەستپاک حیسابیان داوتە ساڵی داهاتوو. هاوڕێ عەزیز حەسرەتی دەخوارد كە بۆ كوردستان وەهای بەسەر هاتووە.

لەو كاتە كە ئێمە لەوێ بووین خانمێک تلفونی بۆ كرد و دیار بوو دەیپرسی كە بۆ هاوڕێ عەزیز دیار نییە و سەریان لێنادا. خۆشترین قسەیەک كە بیستم ئەوە بوو كە هاوڕێ عەزیز لە وڵامی ئەو خانمە دا وتی:

نەک هەر پێم خۆشە سەرتان لێبدەم كە بگرە لەمێژە دەمهەوێ دڵێكتان لێبدەم و كچ و كوڕەكان ببینم... "دڵێكتان لێ بدەم" م هەوەل جار بوو دەبیست.

ئێمە نزیک کاتژمێرێک لە لای هاورێ عەزیز ماینەوە، بەڵام ئەو کاتژمێرە بۆ من دەریایەک بوو. وبیرم هاتەوە کاتێک لە شاخ بووین، پێموایە ساڵی ١٩٨٨ یا ٨٧ بوو، جارێک چوومە هۆدەکەی. کە دانیشتم وتم هاورێ عەزیز هۆدەکەت چەند خاوێنە وەک ئەو جەماعەتی ناسریە و بەغدای نییە... وتی:

کانیاو گیان ئینسانی خاوێن دەبێ دەروون و دەرەوەی خاوێن بێ.

من ئەوهام عەزیز محەمەد ناسییووە.

سەرچاوە: وێبلاگی پەراوێزی بیر - رێکەوتی: ٣١ی جانیۆیری ٢٠١٥

## هونراوە

*وەرزی شەپۆلی خوێنی گەرمە لە سەر بەفر*

*غەریبانە*

*گەورەم!*

*نیگات دەروا تا دوور*

*تێپەڕ دەکا خەنجری شاراوەی ناو قورئان*

*سەرقافڵەی ٢٣١ شەهیدی عەشیرەتی سوورچی*

*گەورەم! تۆ حەلاجەکەی زەمانی*

*"کە خۆر ئاوا دەبێ ڕەنگی هەر زەرد هەڵدەگەڕێ"*

*لەمەودوا سپیدەکان*

*سوور*

*هەڵدەفڕن لە خۆڵەمێشی بوونتا*

*هەزار قەقنەس.*

سەرچاوە: وێبلاگی پەراوێزی بیر - رێکەوتی: ٣١ی جانیۆیری ٢٠١٥

## خوێندنەوەی ویدئۆیەکی داعشی کوردی

لەو ویدئۆیەدا چەند کەسی چەک بەدەست و مەلا شوان مەلاکەی مزگەوتی دارە توو و چەند کەسی چەکدار دەبیندرێن. بۆ من نە مەلا و قسەکانی و نە چەند چەک بە دەستەکە هێندەی ئەو کورە لاوەی کە لە لای ڕاستەوە کێردیکی گەورەی پێیە و کێردەکە لە زار دەنی و هێندێک جار بال فش دەکا، جێگای سرنج نین. پرسیارێکی یەکجار گرینگ ئەوەیە کە ئەو لاوە بۆ چۆتە ناو ئەو هێزە دوزخەییە واتە داعش؟

هێزی نیزامی داعش بە شێوەیەکی سەرەکی لە سوونەکانی عێراق، هێزەکانی پێشووی بەعس و عەشیرەکانی ناوچەکانی ژێر دەستیان پێکدێ بەڵام لە هەندەران و لە کوردستانیش خەڵک چوونەتە ناو داعش. چوونە ناو داعش دەتوانی دەیان هۆی هەبێ، هێندێک لەو هۆیانە دەتوانێ ئەمانە بن:

- سیاسەتی ناسەرکەوتووی ناوەکی و گەندەڵی و درووست بوونی درزی گەورە لە نیوان چینی هەژار و گەندەڵ
- بوونی کەمایەسی ڕەوانی و ئابووری لە لای تاک
- باوەر بە جیهاد لە ناو بنەماڵە توندرەوەکان
- تایبەتمەندییەکانی تاکەکەسی و مەیل بە توندوتیژی و توندڕەوی
- ڕێکلام و پروپاگاندای بە هێزی داعش و کەڵکوەرگرتنی خێرا لە هەموو ڕێگاکانی مێدیایی، سۆسیال مێدیا و سەنتەرەکانی خۆیان وەک مزگەوتەکان و ڕێکخراوە مەدەنییەکانیان
- کەڵکوەرگرتن لە باوەڕی لاوان و میرمندالان لە لایەن داعش بۆ وێنە بڵاوکردنەوە بیری چوونە بەهەشت، وەدەست هێنانی ٧٢ حورییە لەوێ و ژیانی ئەبەدەی
- دژایەتی لەگەڵ ڕۆژئاوا و بیرۆکەی ڕۆژئاوای و ناساندنی بە دژی جیهانی ئیسلام
- هێزی ئابووری و هەڵخەڵەتاندنی خەڵک
- وەدەست هێنانی دەسەلات، سامان و سێکس
- وەدەست هێنانی پێگە لە ناو چاوی و دەوروبەر و وەدەستهینانی"تشخص"ی لە دەست چوو بە هۆی جۆراوجۆر.

لە باری فاکتەری دەروونییەوە داعش دەتوانێ بۆ لاوەکان هاوکات کە زۆر ترسناکە، جێگای کنجکاوی بێ و ئیشتیاق

پەیدا کەن بۆ چوونە ناو داعش و تەنانەت بە جۆرێک ترسی خۆیان لەوان بشێکنن. ترس لە داعش بە چەند هۆیە:

١- ئەندامانی داعش لە چیچین، پاکستان، شاخی ئافریقا، وڵاتانی عەرەبی و زۆر وڵاتی دیکەی غەیری کورد را دێن و زۆربەیان باکگراوندی تاوان لە جەنگیاندا هەیە بە تایبەت لە دوای هاوکاری کردنی ئەوانە لەگەڵ القاعیدە لە ئەفغانستان. ئەوان لە باری هەست و نەستەوە هیچ گرێدراوییەکیان نییە بە خەڵکی کورد و هەست بە نزیکی ڕووحی لەگەڵ خەڵکەکە ناکەن و زۆر ئاسان دەتوانن جەنایەت بخوڵقێنن.

٢- زۆربەیان لە ژیانی خۆیاندا جۆرێک لە "کەمایەسی"یان هەیە کە بە "زەبر و زەنگ" پڕی دەکەنەوە

٣- زۆریان لە چینی هەژار ڕا دێن کە یان بە پارە یان بە باوەڕی مەزهەبی کڕدراون و مێشکیان شۆردراوەتەوە

٤- باوەڕەکانی مەزەبی سووننەی ئەوان ڕیشەی هەزارسالەی هەیە کە مشرووعییەتی لێوەردەگرن

٥- لە تەفسیری جیهادیدا کوشت و بڕ، تالان و ئەسیرکردنی ژنان مەشرووعییەت وەردەگرێ

سەرچاوە: وێبلاگی پەراوێزی بیر - ڕێکەوتی: ٣١ی جانێوێری ٢٠١٥

---

## بۆ نابێ وەک داعش ڕەفتار بکەین؟

### لە پەڕاوێزی وەڵامی ناهید موکری

ناهید لە لاپەرەی خۆیدا نووسیویتی: "زۆر کەس ئەو ماوە بۆمان بوونە مەبادی ئەخلاق! و حەول دەدەن بەردەوام پێژمەرگە و شەرفانی کورد و خەڵکی کورد بکەنە سیمبۆلی لێبوردەیی لە شەڕ دا!... وا وێدەچێت، دەست لە کلتوری "ژنی چاک بوون" و "پیاوی چاک بوون" بە تایبەت بۆ "دوژمنی کورد" هەڵناگرن!"

بۆ من ئێستاش پێدادەگرم لە سەر ئەوە کە نابێ وەک داعش ڕەفتار بکەین؟

١- شەڕ ماڵوێرانکەرە. هێندێک داعشیانە هێرش دەکەنە سەر خاک و نەتەوەیەکی بێ تاوان وەک کورد و هێندێکش وەک کوردی بێ تاوان دەبێ لە کەرامەت و خاک و منداڵی خۆی پارێزگاری بکا. لەو شەڕەدا پاراستنی خاک و کەرامەتی خۆمان لە شیری دایک پاک و حەڵالترە. بەڵام کاتێک پێشمەرگە کەلاکی داعشی دەست کەوت، ئیتر ئەوە جەنگی ئینسان و ئینسان نییە، ئەوە کەلاکی دوژمنە کە دەستت کەوتووە. "یەک لە تاوانەکانی جەنگ" ڕاست ئەوەیە کە چ لەگەڵ کەلاکی دوژمن دەکری. پێشمەرگە وەک ئینسانیترین هێزی جیهان نابێ هەرگیز وەک داعش دوچاری تاوانی جەنگی بێ، گەرچی لە جەنگ دا هەموو شت ڕوو دەدا، بەڵام گرینگ ئەوەیە دەسەڵاتی کوردی ستراتێژی هەبێ بۆ دووبارە نەبوونەوەی تاوانی جەنگی.

٢- دووبارە بوونەوەی "زەبروزەنگ" درووست ئەو ئاواتەیە کە داعش هەیەتی: هەموو ئینسانەکان وەک ئەوان وەحشی بن، بێ بەزە بن، دڵڕەق بن، ئەوان دەیانهەوێ جیهان ببێتە "دوزەخی ئینسان" کە ئینسان دڵی بە ئینسان نەسووتێ. ئێمە دەبێ لە باری فکری و ڕوانینەوە دژی جیهانبینی داعشەکان و خومێنییەکان بین، لە هەموو کات و ساتێکدا...

دووبارە بەرهەمهێنانەوەی ئەو زەبر و زەنگە هەوڵ کارتێکەری ناشایستی لە ناو خودی کۆمەڵگای کوردی دەبێ. منداڵی کورد فێر دەبێ بێبەزە بێ، فێر دەبێ بە زەبر و زەنگ کێشەکان چارە بکا. بەڵام کاتێک منداڵ دەبینێ کە بە کەرامەتەوە لە خاکی خۆیان پارێزگاری دەکەن و دواتر پرنسیپی ئینسانی خۆیان ڕادەگرن، فێرە کەرامەت دەبێ.

٣- ئەو سوئیدە کە من و تۆ لێ دەژین ئەگەر سبەی تووشی شەڕ بێ ئایا بەرد بە جەستەی دوژمنی دادەدا؟ من دەڵێم نا، چونکە ئەوان ڕوانینی ئینسانیان هەیە بۆ گرفتەکان. داعش وەک تاریکترین هێزی جیهانی لە ئاخر دا بەرهەمی هێندیک فاکتەرە. ئێمە دەبێ بنەڕەتی لە گەل ئەو فاکتەرانە خەبات بکەین.

٤- کەرامەتی کوردستان و پێشمەرگە هێندە بەرزە کە پێویست ناکا بەرد بە جەستەی دوژمن دادا و یان سەریان ببرێ. تا ئەمرۆ کورد وەک "ئینسانی گەورە" کە "پارێزگاری لە ئینسانییەت" دەکا ناسراوە. ئایا ڕەوایە بە دەستی خۆمان ریسمان بکەینەوە خوری؟ ئایا ڕەوایە کە ڕەنجمان بە هێندیک کاری ساتی وا بە فیرۆ بدەین؟

**من دەڵێم نا. ئێمە زیاتر کە هەمیشە پێویستمان بە پشتیوانی جیهانی هەیە. دونیای ڕۆژئاوا زۆر ڕاحەت بە بینینی ئەوە کە کوردیش وەک داعش سەر دەبڕێ دەتوانێ ڕوانگەی سەبارەت بە کورد بگۆڕێت. ئێمە لەو بارەوە دەبێ زۆر حەساس بین...**

**٥- سەربڕینی دۆژمن ڕەنگە هەستی رق و تۆڵەیە دامرکێنی، بەڵام دەتوانێ زەبر و زەنگ لە ناو دەروونی خۆمان دا نیشتەجێ بکا... من کوردی مێهرەبان و ئینسانم گەرەکە، تەنانەت دژی دوژمنی خۆی... کێشەی کورد لە ئاخر سەر دا بە تێپلە حە نابێ بەڵکو بە دیالۆگ و کاری بنەڕەتی چارەسەر دەبێ.**

**٦- لە باری ڕەوانییەوە ڕەنگە داعشەکان کە دەبینن سەر و گونیان دەبڕدرێ، بترسن، بەڵام بیرت نەچی ئەوان بۆ ئیسلام و جەنەت و حوری ئەوە دەکەن چ سەر بڕاو و چ نەبڕاو...**

**پاراستنی نیشتمانی بێ تاوانی کورد و گەیشتن بە مافی خۆمان ئەوەندە ڕەوایە کە لەو جیهانە دا هیچ کێشەیەک لەوە ڕەواتر نابینم، بەڵام من کوردم نەک داعش. من هەرگیز ئیزن بە خۆم نادەم ببمە ماموستای کەس و دەرس نالێم بەڵام وەک کەسێکی کورد کە لەو ٧ مانگەدا وێڕای کوردستان فرمێسکم ڕشت لە ئاخر ساتدا تەنیا مێهرەبانی و دژی زەبر و زەنگ ڕاوەستان بە قازانجی کورد و ژنی کورد دەبینم....**

***اسکی حەوت ئەژدهاک تێک هاڵان***

***تا دڵی من گەمارۆ دەن..***

**سەرچاوە: وێبلاگی پەراوێزی بیر - ڕێکەوتی: ١ی فێبریوێری ٢٠١٥**

## هونراوە:

وەرزی شەپۆلی خوێنی گەرمە لە سەر بەفر
غەریبانە
گەورەم!
نیگات دەروا تا دوور
تێپەڕ دەکا خەنجری شاراوەی ناو قورئان
سەرقافڵەی ٢٣١ شەهیدی عەشیرەتی سوورچی
گەورەم! تۆ حەلاجەکەی زەمانی
"کە خۆر ئاوا دەبێ ڕەنگی هەر زەرد هەڵدەگەڕێ"
لەمەودوا سپیدەکان
سوور
هەڵدەفڕن لە خۆڵەمێشی بوونتا
هەزار قەقنەس.

سەرچاوە: وێبلاگی پەراوێزی بیر - ڕێکەوتی: ٣١ی جانێوێری ٢٠١٥

## خەسارناسی، پێوەندی دەق و چالاکی

دەقێک کە نزیک بە ساڵ و نیوێک پێش نووسراوە دێتەوە سەر لاپەرەی سەرەکی فەیس بووک و خەڵک دەیبینن. ئەو دەقە،"ماکەرە فێمینیستەکان" هەڵگری ڕوانگەیەکی ڕاسیستی و سێکسیستیە. لە چاو شێعر و نووسینەکانی تری نووسەر، ڕەسوڵ سوڵتانی، دەقێکە تا بڵێی لاواز، چ لە باری نووسین و چ لە باری ڕەخنە لە بەشێک لە فێمینیستەکان کە سوڵتانی بە ناوی "فێمینیستە ڕادیکاڵ"ەکان ناویان دەبا.

نووسەر ئەساسەن فێمینیزمی ڕادیکاڵ ئاگاهانە یا نائاگاهانە بە هەڵە پێناسە دەکا. چونکە لە بنەڕەتدا ڕادیکاڵ فێمینیستەکان، وەک ڕوانگەیەکی فەلسەفی، جێندێر و هەستی ناسانە، خوازیاری دابەشکردنی دەسەڵات و گۆڕانی بنەڕەتی کۆمەڵگان کە لەوێدا تاک ئازادە ژیانی خۆی چۆن بنەخشێنێ و ژن و پیاو ماف و ئەرکی بەرامبەریان هەبێ. هەیە ڕادیکاڵ فێمینیست کە شاڵواری جین دەبەردەکا و هەیە ڕادیکاڵ فێمینیست کراسی قۆڵدار و هەیە هی بێ قۆڵ لەبەر دەکا. ئەوەی کە ڕادیکاڵ فێمینیستەکان پیاوان دەنێرن جوجکە هەڵێنن، لە ڕاستیدا باسێکی یەکجار لاوەکییە.

سوڵتانی باسی ئەوە دەکا کە ڕادیکاڵ فێمینیستەکان "کلکییان دەبڕنەوە تا هێنەکەیان وەدەر کەوەێ". ئەو خاڵە گرینگییەکی تایبەتی هەیە ئەویش ئەوەیە کە: ئینسان ئازاد لە دایک دەبێ، دواتر پێکهاتە و نۆڕمەکانی کۆمەڵگا ئەو دەکەنە ژن یا پیاو. بەڵام ئینسان لە کۆمەڵگایەکی ئازاد دا دەتوانی بڕیار لە سەر جەستەی خۆی بدا. ژن وەک ئینسان ئازادە کە کلکی ببڕێتەوە تا "قوون"ی دیار بێ یا نەبێ، هەر ئینسانێک خۆی بڕیار دەدا کە چۆن ژیانی خۆی بباتە ڕێ. مافی کەس نییە کە بۆ ئینسانی دیکە بڕیار بدا مەگەر لە کۆمەڵگایەکی تۆتالیتەردا. بۆ ڕادیکاڵ فێمێنیستەکان دەبێ "بڕیار لە سەر جەستە" سەرەکیترین خالی فکری بێ.

ئینجا بە دوای ئەوە دا کە دەقەکە هاتە سەر لاپەرەی گشتی، دەقی نووسەر دەبێتە هۆی ڕاسانی زۆربەی ژنان، تەنانەت من کە باوڕم بە ڕەخنە لە دەقە. بەڵام ئەو ڕاسانە بە چەند جۆر خۆیان نواند. لێرەدا هێندێک لە ژنەکان دەڵێن توهین کراوە کە ئێمە بە ماکەر شوبهێندراوین. هێندێک دەڵێن توهین کراوە کە ئێمە "هێنەکەمان" وەدەر ناخەین و وا نییە. هێندێک بە حەق پێیانوایە کە ڕەفیقی حیزبی نەدەبا بە نووسینێکی وا بێڕێزی بە ژنان بکا. هێندێک هەر هیچ باسێکیان بە پێویست نەزانی.

ئەگەر کەسێک خۆی وەک فێمینیست پێناسە بکا، دەبا هەر لە ساتەکانی یەکەم ڕا نەترسانە قسەی خۆی کردبا، واتە: بە هیچ کەس پێوەندی نییە کە ژنێک چ بڕیارێک لە سەر جەستەی خۆی دەدا. تەواوی هزری ڕادیکاڵ فێمێنیزم بڕیار لە سەر جەستە و دابەشکردنی دەسەڵاتە کە کۆمەڵگایەکی یەکسانیخواز بێتە دی کە ژن و پیاو وەک یەک ماف و بەرپرسایەتییان هەبێ. کێشەیەکیتر ئەوەیە کە لە کولتووری کوردەواریدا وشەی "ماکەر" باری زۆر نێگاتیفی هەیە، بەڵام دەکرا ژنان لێرەشدا ئەو چەمکە بشکێنن و لە باری نێگاتیفی ئاژەڵ کەم کەنەوە چونکە سروشت و ئینسان و ئاژەڵ زنجیرەیەکی نەپچراون.

لە فەزایەکی پڕ لە تووڕەیی، شێوەیەک لە بەرپرچدانەوە دەستی باڵا دەگرێ کە گەرچی حەقە وڵامی دەق بدرێتەوە، بەڵام خۆی تووشی هەڵەیەکی هزری و فکری دەبێ. واتە جوڵانەوەیەکی بەرحەق کە دەیان ساڵ کاری بۆ کراوە لە جیاتی ئەوە "بلوغی فکری" و "بلوغی کار و مێتۆد" لە خۆی نیشان بدا دەبێتەوە قوربانی هەمان شێوەکاری "پیاوسالاری" کە ژنان ڕەخنەی لێدەگرین. لەو ناوەدا پیاوانێک کە خۆیان بە ناشیرینترین شێوە تەنانەت زوڵمیان لە ژنان کردووە، یا ئاگادری زوڵم لە ژنان بوون، لە پڕ دەبنە لایەنگری ژنان و ئیمزاکەرانی کەمپێن، گەرچی دیسان هەر باشە پیاوانی واش گۆڕانکارییان تێدا پەیدا بێ بەڵام نەک بۆ کوتانی حیزبێک یا کەسانێک.

لایەنی دیکەی شەڕەکە دەبێتە کێشەی حیزبێکی ڕۆژهەڵاتی، حدک، کە ئەزقەزا بە ڕەواڵەتیش بووبێ، لە ساڵانی ڕابردوو دا زیاترین مایەی لەخۆی داناوە بۆ ئەوەی ژنان زیاتر بێنە مەیدان، بەڵان وادیارە هیندێک گرفتی دیکە کە لە پێشترەوە کەڵەکە بوون، ڕەقەبەرایەتی حیزبی، کێشەی نێوان حیزبەکان، کەسانێک لە کێشەی ژنان بە نەفعی خۆیان کەڵک وەردەگرن. لێرەدا دیسان کێشەکانی ژنان دەبنە قوربانی کێشەکانی پیاوان.

ئەوەی دەگەڕێتەوە سەر حدک، بەدوای نامەیەک کە لە لایەن ژنانی کەمپێن ئاراستەیان دەکرێ، ئەوان بە درووستی "تووبیخی" نووسەر دەکەن و ئەوەندەی من بیستبێم لە کوردکانال بۆ ماوەیەک لای دەبەن. لە سوئیدیش وایە کە ئەگەر ئەندامی حیزبێک هەڵەیەک بکا و لە مێدیا کێشە بنێتەوە، ئەو کەسە یان بە ئارەزووی خۆی یان بە گوشاری حیزب لە پۆستی خۆی لادەچێ.

جەزابییەتی فەزای مەجازی و نەناسینی سنوورەکانی ئازادی و ڕەخنە، بێدەر و پەیکەری فەزایەکی ئەوها، هەم نووسەری دەقی "ماکەرە فێمینیستەکان"، هەم پیاوانێکی زۆر و هەم بەشێک لە چالاکانی ژن، تووشی جۆرێک لە "مەوج" دەکا و لە بازنەیەکی پڕ لە ناڕەفاقەتی، کینە، هەڵەی ئاگاە یا نائاگاە، نەزانین، دیقەت نەکردن لە پەیامەدەکان، نە تەنیا کێشەی ژنان بەرەو سەرتر نابا بەڵکو تووشی جۆرێک لە پۆپۆلیزمی دەکا. لە دەرەوی بازنەی ژنانی کەمپێن، کەسانێک کە سەرو کارییان لەگەڵ مێدیا و کاری کۆمەڵایەتی هەیە و هەروەها ژنانی تری ناو جوڵانەوەی ژنانی فێمینیستی کورد، شێوەی کەمپێن وەک دەمکوت کردن دەبینن کە زەرەر لە جوڵانەوەی ژنان دەدا.

بە ڕای نووسەری ئەم بابەتە، ژنان باشترین کاتییان بۆ هەڵکەوت کە بتوانن مۆری خۆیان زۆر بە درووستی لە

کۆمەڵگا، هەر نەبێ لە بازنەی ڕووناکبیران، مێدیا و حیزبەکان بدەن. بەڵام بە داخەوە شەڕ، جنێو، ئاگرخۆش کردن، بێڕێزی، لە هەر دوو لا بیندرا و ئەو کۆمەڵە ژنە نەیانتوانی بە ڕەهەند و مێتۆدێکی ڕەخنەگرانە و ڕووناکبیری دا بڕۆن بەڵکو کەمپێن زیاتر بوو بە چالاکی نەک ڕەوتی هزری. دیارە چالاکی لە نەفسی خۆیدا دەتوانی شێوەکار بێ بەڵام هەمیشە نابێتە هۆی پێشکەوتنی باری هزری و تیئۆریک و ئاکامەکانی هەمیشە ئەرێنی نییە. هەر دوای کەمپێن، زۆر پیاو خەراپتر لە جاران چاو لە جوڵانەوی ژنان دەکەن.

ژنان کە لە دەقی ماکەرە فێمینیستەکان توڕەن و دەست بە کەمپین و ئیمزاکۆکردنەوە دەکەن، نامەیەک ڕوو بە حدک دەنووسن کە ئەو کارە لە نەفسی خۆیدا زۆر درووستە. بەڵام کەمپێن و ئیمزا کۆکردنەوە تەنانەت لە بەرامبەر دەقێکی زۆر ناشیرینی وەک "ماکەرە فیمینیستەکان" دا هەڵەیە. چونکە لە جیهانی ئازاد دا دەکرێ کەسێک دەقێکی زۆر خەراپ بنووسێ یا وەک شارلی کاریکاتۆری محەممەد بکێشێتەوە، بەڵام ئینسانی ئازادیخواز وەک ئیسلامییەک تێرۆڕ ناکا، بەڵکو دەکرا بە سەدان ئانالیز و نووسین ئەو دەقە وڵام بدرێتەوە، سیمینار بگیرێ، باسی لە تیڤی بۆ بکرێ، نەک کەمپێن.

نووسەر، سوڵتانی، لە داخی هێندێک لە پیاوانی ناوخۆی حیزب و کەمپین دەکەوێتە بازنەیەکی تەنگتر و لە مەرحەلەی دووهەم دەست بۆ کارێکی هەڵەتر دەبا ئەویش نووسینی چەندین بابەت لە سەر دیواری خۆی کە مەیدان دەداتە پیاوانێک کە ناشیرینترین بێڕێزی بە ژنان بکەن و کەسانێک بە ناوی ڕەخنەگری ئەدەبی، چالاک و هتد پشتی بگرن.

لەو ئاڵقە تەنگ و مەوجەدا، سەرڕای بەرحەق بوونی داواکە کە نابێ ئەندامی چالاکی حیزبێک بێڕێزی بە ژنان بکا، چونکە ئامانجی ژنانی کەمپێن لەو کاتەدا چاکسازی نییە بەڵکو "مۆری خۆت لێدان"ە ، بەداخەوە ژنان شێوەی کار ناگۆڕن. "مۆری خۆت لێدان" دیسانەکە هەر ئەو جۆرە پێشتر باس کرا بەرحەقە و ژنان دەبێ مۆری خۆیان لە کۆمەڵگا، حیزبەکان، یاسا و هتد بدەن، بەڵام لە هیچ کاتێکدا نابێ "چاکسازی" لە بیر بچێتەوە. هەڵەیەکی تری ژنان ئەوە بوو کە پێیان وابوو ئەوان هەوڵ کەسن کە ڕەخنە دەگرن لە کاتێکدایە زۆربەی ئەو باسانە ساڵانی پێشتر کراون و دەکرا ئێستا بە کەڵک وەرگرتن لە ئەزموونی پێشوو، شێوەی بەرپرچدانەوە و کار بە ئەرێنی پەرە بدرێت کە قازانجەکانی بۆ جوڵانەوەی ژنان بگەڕێتەوە.

فێمینیزم و یەکسانیخوازی پرۆسەیەکی یەکجار دوور و درێژە واتە دەبێ هەموو ساتێک زانست و فێربوون و فێرکردن ئامانجی بێ تا گۆڕان بەدی بێ. واتە ژن یا پیاوێک کە توخمی بێڕێزی پیاوسالارانەی لە بیر و هزری دا هەڵگرتووە، دەبێ هەوڵ بدرێ هەڵەکانی نیشان بدەی کە خۆی بگۆڕێ نەک لە بازنەیەکی تەنگ دا حەبس کرێ کە زیاتر و زیاتر بەرەو هەڵە بڕوا. لە ڕاستیدا هەر کەس ئەو کارە بکا، ئیتر ئامانجی چاکسازی نییە بەڵکو تۆڵە یان دەست بە سەرداگرتن بەسەر فەزا و مەیدانە. جوڵانەوەی فێمێنیستی ئەگەر ئامانجی سەرەکی ببێتە دەست بەسەرداگرتن و دەسەڵات تەنیا بۆ "دەسەڵات"، دوچاری هەڵەیەکی جیدی دەبێ. دەسەڵات بۆ گۆڕانە نەک بۆ تۆڵە. دەسەڵات بۆ یەکسانییە نەک دەست بەسەرداگرتن.

لەو ناوەدا ئەوەی بە زەقی خۆی نیشان دەدا ئەوەیە کە چۆن سەدان پیاو لە حیزبی جۆراوجۆر مەجال دەدرێن کە قسە ناشیرینەکانی خۆیان بنووسن. پرسیار ئەوەیە کە ئەگەر ئێمە سوڵتانی مان "تنبیە" کرد، چ لەو سەدان و هەزاران پیاوی دیکە بکەین؟مەگەر نازانین کە زمانی پیاوانەلە هەموو حیزبەکان و هەموو چینەکانی کۆمەڵگادا هەیە؟ ئایا باشتر نەبوو لە یەکەم ساتەکان ژنان بە ئەزموونێک کە لە شێوە کاری پیاوسالاری هەیە، ڕێگای دیکەمان گرتبا بەر؟ واتە شێوەی ڕەخنە، دیالۆگ، ئانالیز و شەڕی فکری. بە واتایەک دەقی "ماکەرە فێمینیستەکان" دەیتوانی ببێتە پلاتفۆرمێک بۆ بردنە سەری ئاگاهی فێمینیستی هەم بۆ ژن و هەم پیاوان و پەڕ و باڵ دانی شێوەکانی کار و ئانالیز و کاریگەری زیاتر لە سەر پیاوان.

گرفتێک کە ئاورەکەی زیاتر گەشاندەوە دروستکردنی ماڵپەڕ و لاپەر بوو کە چەندین هەجوی زۆر ناشایست و ناڕەوای بۆ ژنان بلاو کردەوە. من تەنیا دوو دانە لەو هەجوانەم دی کە تەنانەت نەم توانی تا ئاخر بیانخوێنمەوە، بەڵام ئەو نووسینانە نیشانیان دا کە زۆربەی پیاوان گرینگترین چەکی خۆیان لە "کیریان" دا دەبینن نەک لە بیر و هزر. ئەو هەجوانە کە نووسەرەکانیان تەنانەت شەهامەتی ئەخلاقی ئەوەیان نییە خۆیانی لێ بکەنە سەحاحێب، تەنیا لە مێشکێکی نەخۆش کە پێیوایە بۆتە شێخ ڕەزا سەرچاوە دەگرێ. لە کاتێکدا دەبا ئەوەیان زانیبا زەمانی شێخ ڕەزا بەسەر چووە و ئینسان لە باری ئیدە، سیاسەت، ئەخلاق بەرەو پێش دەچێ نەک بەرەو پاش.

سوڵتانی بە دوو جار نووسی کە ئەو نازانێ کێ لاپەرەکانی درووست کردووە و ئەگەر شتیک ئەو نووسیبێتی، شەرم لە نووسینی خۆی ناکا. دیارە ئەگەر باوەڕ بە قسەی سوڵتانی بکەین دەتوانین شک بکەین کە دەستانێک لە پشت

پەردە ئاگاهـانە چەنـدین مەبەسـتیان بـوو: زەربە لە جـوڵانەوی ژنـان، زەربە لە سـوڵتانی، زەربە لە حـدک و درووستکردنی فەزای ناسالم کە ئینسانەکان لە یەک بکاتە دوژمن.

ئەوەی ماوەتەوە ئەوەیە کە ئەمرۆ چوارشەمبە، سوڵتانی ڕەسمەن داوی لێبوردنی لە "هەموو ژنان" کرد. کەسێک کە داوای لێبوردن دەکا ڕێگای دیالۆگ دەکاتەوە. ئێستا کـاتی ئەوەیە کە ژنـان ئیـدی هێـزی خۆیـان بە هەرز نەبەن و بتوانن مۆری دروستی خۆیان، ڕوانگەی ئینسانی و پێویستی فێمینیستی لە ڕووداوکان بدەن. مۆری فەلسەفی، سیاسی و ئەخلاقی ئینسـانی والا کە بە دوای چاکسـازییە نەک تـۆڵە. بە قەولـی داستایۆفسکی من عەداڵەت لە تـۆڵە دا نابینم.

سپاس بۆ ڕێبوار کەریمی ئازیز کە پێش بڵاوبوونەوە خوێندیەوە.

سەرچاوە: وێبلاگی پەراوێزی بیر - ڕێکەوتی: ٢٤ی جوونی ٢٠١٥

## فەریدوون ئەرشەدی

لە ناو هەموو شێعرەکانی "بۆ 'ش' بێژی بیخوێنێتەوە" کە فەریدوون ئەرشەدی نووسیوونی ئەوەیـانم پـێ جوانترینە. کاتێک ئینسان لە چوارچێوەی نورمەکان و پێکهاتەی ئابووری و سیاسـەت دا خـولْ دەخـوا، چ مەئـوایەک ئـارامتر لە جیهانی شێعر؟ لەو جیهانە دا ئینسانەکان خۆیان دەبیننەوە. شێعرێک بۆ کەسێک لەو سەر دونیا دەوترێ و تۆ لێرە دڵت پێیخۆشە کە خۆتی تێدا دەبینیەوە. بە قەولی شاعیر و ڕەخنەگری شێعر ئێلئـوت، شێعر ئەو هەسـتە تـاکییە کە خەڵکێکی زۆر خۆیانی تێدا دەبیننەوە.

دەڵێن لە سایەی گوڵە گەنمێک سەد گوڵە جو ئاو دەخۆنەوە. منێش وەک گـوڵە جـۆ دڵـم خـۆش دەکەم کە نـاوم بە پیتی "ش" دەست پێدەکا....

**بۆ " ش" . بێژی بیخوێنێتەوە؟**

سپاس بۆ شکۆفەی گێلاس

کە هەوڵ ئەدات لە ناوەڕاستی هاوینا

تامی گۆنات بدات .

هەر چی سنووری دونیاس دوورمان بکاتەوە

تۆ دراوسێی بێستانی ڕۆحمی،

بۆنی شەمامەی سینگت

ئارامیی لە دارچنارەکانی ئێوارە بڕیوە .

هەستێکی نەناسراو

ئێوارانم بەرەو بێدەنگیی بەرد ئەبات .

گوێ لە هەر بەردێک دەگرم،

ترپەی دڵێکی ئاشقی تێدا ئەژنەوم.

هیچ بینایەکی مرۆڤ نیە، وەک بینای گیانی من،

بناغەی لە بەرد نەبێ .

با دڵت لە بەرد بێ، دڵی منی پێ بشکێنی

بەڵام کە قاڵاو گێلاسەکانی زامدار کرد و خاک

باوەشی بۆمان کردەوە،

چاوەڕوانی یەکانی من و

چاوە جوان و پەنجە ناسکەکانت

لەنجە و پێکەنینت، ڕەنگی لێو و سەرگۆی مەمکت

دەپرتووکێن و کاڵ دەبنەوە،

تەنیا دڵە بەردەکەی تۆ

بۆ هەمیشە

دەمێنێتەوە .

سەرچاوە: وێبلاگی پەراوێزی بیر - ڕێکەوتی: ٢٥ی جوونی ٢٠١٥

### بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٦

## ئەزموونی کاری کۆمەڵایەتی و بڕیار لەسەر بوون

**لە ماوەی ساڵانێک ژیان لە سوید و ئاشنا بوون بە کۆلتوری جیاواز توانیومە زۆر دیاردەی کۆلتوری و دینی نەتەوەکانی دیکە بناسم کە پێشتر هیچم لێیان نەدەزانی لە چێشت و خواردن تا کۆلتوری سیاسی و کۆمەڵایەتی، لە هەڵسوکەوتی ژنان و پیاوان، لە چۆنێتی یارمەتیدان بە یەکتر و هتد.**

**ڕەنگە زۆر جار گەلێک هێندێک بۆچوون و ڕوانینی بەرامبەر بە گەلانیتر هەبێ کە بەشێک لەگەڵ ڕاسڵ تا ڕادەیەک یەک بگرێتەوە، یا نا زۆر دوور کەوتبێتەوە.**

**کاتێک لە قوتابخانەی سەرتایی دەمانخوێند زۆر جار وێنەی ژنانی ئافریقایی مان دەدیت بە ڕووتی و ئاڵقەی زڵ لە زار و گوێ کە هەر بڵێی لە هەزاران ساڵ پێشدا دەژین.**

**ئەو چەند ساڵە ژیان لە سوید بەتایبەت کارکردن لە سۆسیال، تایبەتمەندییەکی ژنانی ئافریقایی بە گشتی بە من ناساند کە پێشتر نەمدەزانی. با وێنەیەک باس بکەم.**

**چەند ساڵ پێش بەرپرسی کچێکی زۆر جەوانی وڵاتێکی ئافریقایی بووم. ئەو کچە لە کاتی کۆچ لە وڵاتی خۆی بەرەو ئورووپا لەگەڵ کوڕێک ئاشنا دەبێ و دواتر دوگیان. کە منداڵەکە لەدایک دەبێ کوڕە حاشای لێ دەکا. کچە هەلی بۆ دەرەخسێ کە بێتە ئورووپا. هەر بۆیە منداڵەکەی دەبێ جێ بهێڵێ تا بگاتە دەر و دواتر بیهێنێتە لای خۆی.**

کێ یارمەتیدەری ئەو کچە دەبێ؟ ژنێک. ئەو منداڵەکەی تا ساڵ و نیوێک لە لای ئەو دۆستەی جێدەهێڵێ تا پەنابەری وەردەگرێ و دوایە منداڵەکەی دێنێتە لای خۆی. ژنانی ئافریقایی سەرەڕای سەختی ژیان هەمیشە یارمەتیدەری یەکترن و کۆلتوری پشتگرتنی ژنان لەیەکتر زۆر بە هێزە.

بەداخەوە لە ماوی زیاتر لە پەنجا ساڵ ژیانمدا ئەو کولتوورم لەلای خۆمان یەکجار کەم دیوە. هێندێک جار بیر لەوە دەکەمەوە کە ڕەنگە هۆیەکی ئەو جیاوازییە نزیک مانەوە لە ژیانی سەرەتایی و سروشتی بێ. وڵام هەرچی بێ ئەوە گرینگە کە ئەوان هەر بۆیە سەرەڕای وەپاشکەوتوویی تکنیکی و سیاسی بەدەوڵەت بوون. بە دەوڵەت بوون ڕادەیەکی بەرزی هەستی هاوبەش و هاوکاری نێوان تاکەکانی خۆی گەرەکە. ڕادەیەکی زۆر لەخۆبووردوویی.

ڕووبەڕێکیتری ئەو بیرەوەریە ئاماژیە بە ژانێک. ژانی جیابوونەوە. بڕیاری دایکێکی وەها جەوان بۆ بەجێهێشتنی کۆرپەکەی نیازمەندی قەناعەتێکە، قەناعەت بە هەوڵدان بۆ گەیشتن بە ژیانی باشتر.

یا جێهێشتنی منداڵ لە شوێنێکی ئەمنتر. لە هەردوو حاڵدا جیابوونەوە خاڵی ساخکەرەوە و کاریگەرە لە سەر دۆخەکە. بەڵان جیابوونەوەیەکی وەها تەنیا ڕێگایە بۆ گەیشتن بە ئاسۆی ڕوونتر.

وەک تاکی کورد کە بە چاوی ڕەخنەگرانە چاو لە خۆم و خۆمان دەکەم دەبینم کە ژنی کورد هێشتاش بۆ بڕیاردان ئەو قەناعەت و بوێرییەی نییە. ڕەنگە هۆیەک کە ژنانی ئافریقایی توانیویانە لە زۆر وڵاتدا کاریگەرییان هەبێ لەسەر پرۆسەی ئاشتی، هەر ئەو بوێرییە و بڕیاردانە بێ. ڕەنگە کاتی بوێری و بڕیاری بە کۆمەڵمان هاتبێ. دەبێ لە منداڵ، لەخاک و لە خۆشەویست دابڕین تا بتوانین زنجیر بپچڕین و هەنگاو بنێن.

ئەو کچە جەوانە ئافریقاییە بە منی نیشان دا کە دەکرێ لە گۆشەی جەرگت داببڕی تا بە کەناری بەرینی ژیان، بە ئارامی و سەربەخۆیی بگەین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاسۆی ڕۆژهەڵات - ڕێکەوتی: ٢٥ی ئەپریلی ٢٠١٦

# من لە گەڵ هیچ کام لەو دوو بۆچوونە نیم

من لە گەڵ هیچ کام لەو دوو بۆچوونە نیم کە یەکێکیان دەڵێ کە خەراپترین دەوڵەتی کوردی باشترە لە داگیرکەر، و ئەویتریان دەڵێ کە با دەوڵەتی کوردی نەبێ و سازکردنی دەوڵەتی کوردی فاشیستییە.

نەخێر، دەکرێ هاوکات کە بەرەو دەوڵەتی کوردی هەنگاو دەنێین کۆمەڵگای دێمۆکراتییانە و ئازادی تاکەکان سەقامگیر کرێن و پرنسیپە گرینگەکانی داد، یەکسانی، ئازادی و مافی مرۆڤ "نهادینە" کرێن و هەمیش لە ژێر دەستی دەوڵەتانی داگیرکەر نەمێنینەوە.

ئەرکی ڕووناکبیر و کۆمەڵگای مەدەنی هەر ڕاست ئەوەیە کە بەردەوام ڕەخنەی بونیاتنەر لە دەوڵەتی کوردی بگرێ و نەهێڵێ بەرەو نا- دێمۆکراتی بوون بڕوا.
ئەگەر دەوڵەت بۆ هەموو گەلان ڕەوایە بۆ کورد بۆ حەرام و فاشیستیە؟ تۆ بڵێی دەوڵەتی کوردی لە دەوڵەتانی پەهلەوی، ئاتاتورک، ئێراق و جمهوری ئیسلامی دڕندەترو فاشیستتر بێ؟ ئەو کاتەیەکە دەبێ هەر تاک و ڕووناکبیرێک کاری خۆی بکا.

بەلام گرفت حیزب و ئیلیتی کوردە ئەوەیە کە بە سووک و هاسانی هەر تیئۆریەکی ئەو بەری جیهان قەبوڵ دەکا غەیری ڕێزی ئینسانی خۆی و کاری بەردەوام و ڕەخنەی بونیاتنەر بۆ پیکهێنانی دەوڵەتی کوردی. بونیاتنانی دەوڵەتی کوردی بەمانای کارێکی سەختی هاوتەریبە واتە ڕەخنە و سازکردن.

لە دۆخی ئیستای کوردستان ڕۆڵێ ڕووناکبیران تەنیا ڕەخنە گرتن نییە بەڵکو زاڵبوون بە سەر ترسی هەزاران سالەیە و ئیرادە و نەترسان بۆ هەنگاونان بەرەو دەوڵەت بوون. بەرەو دەوڵەت بوون دەبێ لە هێستاوە تێکەلاوی کۆمەڵگای مەدەنی و ڕووناکبیری کرێ.

تاکی کوردی بێ دەوڵەت تاکێکی بێ کەرامەت، بێ ئاسۆ و ئەسیرە.

سەرچاوە: وێبلاگی پەراوێزی بیر - ڕێکەوتی: ١٧ی مای ٢٠١٦

# گەرمەشین

نە بە بەرزی باڵای کەرامەتی ناختان دەگەم
نە بە پاکی ئەو کانیاوانەی
دوا تینویتان دەشکێنێ
نە دەستم دەگا
کاکۆڵی خوێناویتان لادەم و
ماچی نێوچاوانتان بکەم
نە دەتوانم
خەڵاتێک لە وەنەوشە
بگەێنمە سەر پەیکەری شەڵاڵی خوێنتان
نا شۆڕەسوارانی شەفەق
هاوڕێکانی سپێدە
نازدارانی دڵی خەمینی من
نە دەزانم ناوتان چییە
نە خەڵکی کامە شاری وڵاتی بێکەسن
تەنیا دەزانم
ناوێکی ئەفسووناوین
لەو سەری مێژوو تا ئەم سەری حەقیقەت
نا ڕێبوارانی ئەستمەکات
ئەوسا کە خەنجەرەکانی نامەردی
ئاگر دەبەستن بە ڕووتان لە دەشتی گێلاسان
ئەوسا کە قورعان حوکم دەدا
ئاخردیدارتان
وەک داخ بمێنێتەوە لەسەر بیرەوەریمان

*من دەکەم گەرمەشینێ*
*بۆ هەنگاوی ڕاوەستاوتان*
*بۆ باڵی سوتاوتان*
*لە جەنگەی گەرمەشینی پڕحەسرەتم*
*سەر دادەنوێنم*
*بۆ گەورەیی و لەخۆبوردویتان*

**لە ژمارە ٦٨٢ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە**

**سەرچاوە: کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی جوونی ٢٠١٦**

## *خومایزێ*

**چەلەنگە پەنیری بەهارانی پوورە زلێخام کە دەتکوت کارگی کەمایە و کیتەڵەیەکی بچووک لە هەنگوینی کوێستانانی مەنگوڕایەتی بابە حەمەدم لە کاتی خۆیدا بۆ من دەهاتن. بابە حەمەد کە هەموو ساڵێک مێشەکانی دەبڕییەوە و لە کوێستانێ ڕا دەگەڕاوە لە بەشە هەنگوێنی ماڵە خۆی بەشی منی دەنارد. پوورە زلێخاشم دەیکووت: "هەتا هەبم بەهاران چەلەنگە پەنیری تۆ وەلا دەنێم، ڕیحانە ڕەشە". لە پوورم وابوو کە من دەبێ مێرد بە کوڕەکەی بکەم. کوڕیش چ کوڕ، دەتگووت بەگزادە و عرووسە. چاو کاڵ و پرچ زەرد. بەڵام پوورم خەراپی خوێندبۆوە. کوا من دەمتوانی لە تەقە و شەقەی شار و پێشمەرگایەتی ڕا ببمە ژنی کوێستانان. ئێستاکە بیردەکەمەوە خۆ ڕەنگە لە کوێستانان چاکترم شێعر بۆ هاتبان و بەگەزادەیەکی شوانیشم بەخۆڕایی وەدەست دەکەوت.**

*شەنگە بێری ساڵی ساڵان لەکوێستانێ لە ناو مەڕێ*
*بۆمەڕدۆشین هەڵت دەکرد ئەو باسکی سپی مەڕمەڕێ*

"هێمن"

بەڵام گرفتێک هەبوو. من ئەو کات وەک سویدیەکانی ئێرە پێموابوو کە خاڵۆزا و پورزا و ئامۆزا وەک خوشک و بران و نابێ پێکەوە زەماوەند بکەن و کاکی بەگزادەشم خۆش نەدەویست. چاک بوو نەچوومە ژێربار. کاکی بەگزادە ساڵەها دواتر دوو ژنی هەبوو. دەنا دەبا منیش وەک دایکم چینی و بلوورم بە ئەرز دادابان و تەڵاقم وەرگرتبا.

کە لە شاخ بووین مام مستۆ وەکی بابە حەمەدم جوانترین بەشی شانەی هەنگوینەکەی پێ پێدەفرۆشتم. جاری واش بوو هەر بە خۆڕایی دەیدامێ. ئاخر زۆرم ئاگا لە مام مستۆ بوو. مام مستۆ هێندە پیر بوو جلووبەرگی خۆی بۆ نەدەشۆرا. جارێک لە سەر کانی دیتم خەریکە لیباسەکانی دەشوا، هێندە زگم پێی سووتا دەتکووت ئاورم تێبەربوو. ئەو کات مەقەڕمان لە مسڵۆکێ بوو و مام مستۆ وێڕای ئێمە لە گوندەکەی خۆی کە هەر تاقەماڵێک بوو مابۆوە. مام مستۆ بە خاتری قەبری کوڕەکەی لە گووند مابۆوە، دەنا ژن و منداڵی هەموو چووبوونە دەشتی هەولێرێ. کوڕێکی کاتی خۆی دەچێتە ڕاو و لە سەر شاخ ڕا هەڵدەدێرێ. ئێستا بیر لەوە دەکەمەوە کە دەبێ چیها "سەیدەوان" لەو خاکەدا ژیابن؟

بابە حەمەد و مام مستۆ هەر دوو وک یەک پیر بوون. کە بابە حەمدم نەبوو بۆنی ئەوەم بە مام مستۆوە نابوو. شەوێک لە دیوی کچان یەکێک لە کچەکان گووتی: "کانیاو ئەوە چییە مام مستۆ ئەو هەنگوێنە جوانەکەی بە تۆ دەفرۆشێ و هی من وا جوان نییە؟" ئەوەش ڕاست بوو.

مام مستۆ لە شاخی پشت مەقەڕ - گوندی خۆی هۆدەیەکی گڵی بۆ مێشەکانی سازکردبوو. وەبیرمە ڕۆژێک بانگی کردم:

"هۆ کانیاو هۆ، وەرە!"

کە چووم منی بردە لای هۆدەی مێشەکان. شانەهەنگوینێکی دەرهێنا و بۆمی ڕاداشت. شانەکە دەتگووت هەتاوە و کارەبای لێدەبارێ. غرووری شاهانەم لەو شاخە کە هیچی لێ وەدەست نەدەکەوت فەرمووی: "نا سپاس مام مستۆ،

ناخۆم". مام مستۆ بە سەرم دا نەڕاندی و گووتی: "بخۆ" و بەدەستە پڕلە قەڵشەکانی لەتکێک لە شانەکەی بۆ ڕاداشتم. پێموایە کە خواردم ڕۆژێک برسی نەبووم.

ئەو کات کە هێشتا نەچووبوومە شاخ هەر ئاشقی پەنیری کەمای پوورم و هەنگوینی بابە حەمەد نەبووم. منیش وەک زۆربەی خوێنەرانی مەهابادی ئەو چیرۆکانە، ئاشقی بەتەواو مانای شیرینییەکانی "قەنادی خومایزی" و نان خامەیی "گوڵاڵە سوورە" بووم. ئاخر تا شیرینی خومایزی و نان خامەیی لەوێ بێ ئینسان "غورابی" و "مینو" و "بیسکویت" دەخوا؟ وەکی دەڵێن ئێستاش شیرینییەکان بە "خومایزی" مەنشوورن و کەسێک بە کەسێک دەڵێ "بڕۆ خومایزی بکرە" واتە بۆ خۆی بۆتە مارکە. هەر چۆن بچی کراسێکی "ئارمانی" بکرێ. ڕۆژێک لەو ڕۆژانەی ڕابردوو، لە"ڕووداو"دا دیتم کە سەرکارگەری قەنادی خومایزی وتی کە ٢٧ ساڵە لەوێ کاردەکا. ئۆی، ئۆی، ٢٧ ساڵ تەمەنێکە. بەڵام کارمەندانی ڕووداو هەر چۆن زمانی کوردییان تێکوپێک داوە و وێرانیان کردووە هەر ئاواش نازانن کە من ٣٣ ساڵە لە مەهاباد نەماوم و نازانن ئەو خەبەرە چەندە شادی کردم.

ئاغای خومایزی پیاوێکی بە خۆوە و خۆینشیرین بوو. چەند کوڕی جەوان لە قەنادیەکەیدا کە لە خوار چواڕای ئازادی ڕوو بە بازاڕ بوو شیرینی و زولوبیا و بامیەیان سازدەکرد. بۆنی شیرینی خومایزی تایبەتە و نابێتەوە یا ڕەنگە من شیرینی هەندەرانم نەدیبوو و پێموابوو کە تایبەتە. هەڵبەت ئێستاش لەو ستۆکهۆڵمە کە دەچم شیرینی بکرم بە خۆم دەڵێم ئای "خومایزی"گیان لە کوێ.

بەڵام خۆشەویستی خومایزی وای لێنەدەکردم کە لە ماڵان و لە میوانییان هەر خومایزیم دیتبا دەستی بۆ بەرم. ئەبەدەن. بارستای ئیشتیای شاهانەم، غرووڕێکی شاهانەم هەبوو. هێندە بۆ خواردن لە ماڵە خەڵک شەرمێون بووم کە زۆر جار دەستم بۆ هیچ نەدەبرد.

ماڵە مامم کە وەزعییان باش بوو و هەمیشە خومایزی لێبوو یەک لەو شوێنانە بوو کە غرووڕەکەم بە سەر ئیشتیاکەمدا زاڵ دەبوو. ئەوەش هۆی هەبوو. هاوژینی مامم یەکجار کابان و پاک و خاوێن بوو بەڵام زۆر ڕشت(قەڕنیس) واتە خەسیس بوو. هەر جار چووبامە ماڵێیان، منی مەغروور دەستم بۆ یەک دەنکە شیرینی نەدەبرد و وەک سەرباز ئاگاداری کەرامەتی نەفسی خۆم بووم.

ئەو هەستە تەنانەت لەو سویدەش خۆی دەنوێنێ. ئەگەر بچمە دوکانێک بۆ جل کڕین یا شتێکی دیکە و کەسێک لە لام ڕاوەستابێ و هاوکات دەستی بۆ بەرێ لادەچم و بۆی بەجێدەهێڵم. ئەزقەزا لە خۆشەویستیشدا هەر وابووم. یەک دوو جار کە کوڕ هاتنە سەر ڕێگام و دەمزانی کچی دیکە چاویان لەسەریانە بۆم بەجێ هێشین.

لەو چەند ڕۆژەدا ئەوە چەند جار ئێدیۆمی "ئیشتای شاهانە"م لە چەند شوێن دووپات کردۆتەوە. ڕەنگە لە داهاتوودا بۆتان باس بکەم کە ئیشتیای شاهانەم بە چاک و خەراپ چۆن لە سەر ژیانی من شوێنی خۆی دانا.

تەنیا لێرە ئەوەندە دەڵێم کە ئیشتیای شاهانەم "ژوورێکی بۆ خودی خۆم" لێ هەستاندووم. هەر ئەو ژوورەی کە بە بڕوای نووسەری بەناوبانگی ئینگلیسی ویرجینیا وڵف، بۆ ژنێکی نووسەر یەکجار گرینگە. ئیشتیای شاهانەم زۆر جار تاقە چرکەیەکی بۆ خۆم نەهێشتۆتەوە. لەو کاتانەدا وەک سەگێک کە لە تینویەتی لاسکە لاسکێ دەکا بەدوای شوێنێکی ئارام بۆ خۆم دەگەڕێم تا وەک ژنێکی دوگیان بارەکەم دانێم.

لە هەموو ئەو ساڵانەی کە نووسیوومە زۆر جار بە شەونخوونی کێشان و لە خۆشی و سەفەر گوزەران کاتم بۆ نووسین قۆستۆتەوە. ژیانی هاوبەشی ئیشتیای شاهانەم هەمیشە سنووورداری کردووم بەڵام نەیتوانیوە نووسینم تێدا بکوژێ. ئاخر لە دوورگەیەکی دوور ڕا نووسین بانگم دەکا. کەوایە چوارچێوەی ئیشتای شاهانە دەرەقەتی ئەو دەنگە دووره نایە.

تا پێش چوونە شاخ دایکم هەمیشە هەوڵی دەدا تا ئەو جێیەی بۆی دەگونجێ لە چەند شتدا کەمایەسی نەهێنین. بە تایبەت خومایزی و جەرگ و کەرەسەی خوێندن. خومایزی کە هەمیشە ئیشتیام دەکرد؛ جەرگەکە بۆ عیلاجی کەم خوێنییەکەم بوو؛ خوێندنەکەش کە بە ڕای دایکم ئەگەر دنیاش خەراپ بوایە نەدەبا وەپشت گوێی بخەین.

دەورانی دوای هاتنەسەر کاری خومەینی کە دایکی ڕەفیقێکم هەمیشە دەیکوت"هەی لە ڕیشی میزم" تەنیا کەوا پاتۆڵ لەبەرکردن، دەمانچە بە قەدهەڵاوەسین، سوارە جیب و ئاشقی پێشمەرگە بوون نەبوو. دەرس خوێندنی بە قۆنە قۆن بە هۆی دۆخی کوردستان و سەرەڕای ئەوە هەر جار نا جارێک قوتابخانەکان دادەخران بەشێکی دیکە لە ژیان بوو. دایکم شمشیرەکەی لەسەرمان ڕاگرتبوو کە هەر دەبێ بخوێنین. قوتابخانە و دەرس بۆ دایکم لە شیرینی خومایزی گرینگتر بوو. دایکم کوتبووی هەر وەخت دیپلۆمت وەرگرت بۆ هەر کوێ دەچی بچوو. بە پێی ئەو فەرمانە

دەبا دیپلۆمەکەم وەرگرتبا. ئەو دیپلۆم وەرگرتنە داستانی خۆی هەیە و ڕۆژێک لە داهاتوودا یا لێرە یا لە ڕۆمانێکدا بۆتان دەگێڕمەوە.

هەر لە سەروبەری دیپلۆم وەرگرتندا زڕبراکەم کاکە ر. ئاشق ببوو. ڕۆژێک هات و کووتی: "شەهلا گیان دابچوو قسەیەک لەگەڵ ک. بکە و ئەو نامەیەم بۆ بەرە. ئەمنی ئاشق‌پیشە، ئاشقی ئاشق بوونی ئاشقانیش بووم.

کچە چکۆڵەکەم لەو خاڵەدا ڕاست لە خۆم دەچێ. شەو و ڕۆژ خەریکی حەلکردنی ئیشق و ئاشقی ڕەفیقەکانێتی، سارا وای کوت و ستێڤان واچوو. دەڵێم ڕۆڵە گیان، کەمێک سەرت بە کاری خۆتەوە مەشغوڵ بێ، ئەمنیش وەک تۆ بووم. تارا دەڵێ: "جا ئەوە خەتایە؟" منیش بیردەکەمەوە کە ڕەنگە باش نەبێ. ئاخر ئێستا یەکجار کەم پێوەندیم لەگەڵ خەڵک و دونیای دەرەوەی خۆم هەیە و پێمخۆشە دەیان ڕۆژ لە ژوورێک بە تەنیا دانیشم و بنووسم. بەڵام بۆم دەست نادا. ئیشتیای شاهانەی بنەماڵە و کچەکانم ڕاست ئەو بەشەی لە من هەستاندوە.

کە کاکە ر. بە وردی بۆی باسکردم ک. کێیە و ماڵیان لە کوێیە، واردی کار بووم و لە دەبیرستان لە کچە نزیک بوومەوە. پێموایە کچەش وردەشکێکی کردبوو.

لەو ڕۆژانەدا ک. تلێفوونی بۆ کردم و کوتی: " شەهلا گیان ئاگایەکت لە کوڕەکەم بێ هاتۆتە ستۆکهۆڵم. ئەرێ شەهلا گیان وەبیرتە چۆن کاکت بۆ من دیتەوە." کوتم: "بەچاوان، نا زۆرم وەبیر نییە، بەس ئەرێ کوڕی چاکم بۆ پەیدا نەکردی؟" کوتی: "ئەرێوەڵا، ڕەبی دەستت خۆش بێ. ئەرێ شەهلا وەبیرتە ڕۆژەکەی هاتیە کلاس نامەم پێبدەی؟ کە هاتی دەرسی ئەدەبیاتمان هەبوو، "قافیە و ردیف"، هەتا ئاخر دانیشتی و چاک گوێ دایە، جا دوایە نامەکەت دامێ. ئەمنیش کوتم ئەدی بۆ زووتر نامەکەت نەدامێ؟ ئەتۆش کوتت ئاخە دەمهەویست هەوەڵ گوێ بدەمێ، ئەیش نەکا ببمە شاعیر." کوتم: "نا، ک گیان. وەبیرم نایە، بەس سپاس کە وەبیرت هێنامەوە، ئاخە خەریکی نووسینەوەی خۆمم."

ڕەنگە وا بووبێ و حەتمەن ڕاست دەکا. ئەو کات بەڕای خۆم شێعری جوانم دەنووسی. داخەکەم دواتر دەفتەرە شێعر لەگەڵ هاڵاتنی من بۆ دەرەوە سوتێندران و بوونە مشتێ خۆڵەمێش. تازە ئێستاش شێعری ئەو کاتم وەبیرنایەنەوە.

تا لەبیرم نەچۆتەوە ئەوەش بڵێم کە ماموستای ئەدەبیاتەکەمان لە ساڵێ سێی دەبیرستان بۆ ئیمتحانی ئاخری ساڵ نمرەی بیستی پێدام چونکە شێعری "ئێوارەی پاییز"م لە هەوەڵ تا ئاخر بۆ لەبەر خوێندەوە.

کە کاکە ر. و خانم ک. زەماوەندییان کرد بە زۆر لیباسی کوردییان لەبەرم کرد. کاتێک شایی بوو هێندە لەو لیباسانەدا نائارام بووم دەتکووت ئەوە هەموو چاویان لەم من بریوە. ئاخر لیباسی کوردی بە کۆڵێک خرینگە و پرینگەوە کوجا مەرحەبا و کەواپاتۆڵی خاکی کوجا. هەر لێرە لەبیرتان نەچێ کە لە داهاتوودا وەبیرم بێننەوە کە چەند ساڵ دواتر کاتی زەماوەندی خۆم لە شاخ چم دەبەرکرد و مەلا برایمی جەهانگیری چی بەسەرم هێنا. وابوو، ئەو کات هەمیشە زیاتر لە کەواوپاتۆڵدا هەستم بە ئەمنیەت دەکرد. ڕەنگە ئەوەش هۆی خۆی بووبێ کە دواتر بۆتان باس دەکەم.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژهەلاتی کوردستان - ڕێکەوتی: ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦

## "هێمن" و "هەژار"




کەمێک دەگەڕێمەوە پێش بەشی هەشت و دوایە هەمیسان دەگەڕێینەوە بۆ ئاخر ڕستەکانی بەشی هەشت. ئەو جێگایەی کە بۆ دەجلوبەرگی ژنانەدا هەستم بە ئارامی نەدەکرد، بەڵام بە پێچەوانە دەکەواوپاتۆڵدا بە چەقڵەسەما دەڕۆیشتم.

که منداڵ بووم وێنەیەک لە قاپێکی کۆن لە بن میچ لەسەر دیوار هەڵاوەسرابوو. هەر ڕاست بن میچ تا دەستی کەسی نەگاتێ. وەک چۆن کەس نابێ دەستی بگاتە خوا و پیسی نەکا. پیاوێک کە پاڵتۆیەکی لەبەر بوو و جامەدانی لەسەر بوو،

*چاوی لە تۆ بڕیبوو. هەر جار ناجارێک لە زڕبابم دەبیست:*

*"بارزانی خودا نییە، بەڵام لە خوداش کەمتر نییە."*

چەند ساڵ دواتر وێنەیەکی دیکە لەپ دنای پیاو جامانە بەسەرەکەوە زیاد بوو. کابرایەکی بێ پێچ و کڵاو بە کۆت و شاڵوارەوە. دیارە من هیچ کامیانم نەدەناسی و خەریکی هەڵبەزدابەزی ناو کۆڵانی خۆم بووم. هێندە نەبێ دایکم بۆ ئەو برایەم کە ئێستا بە بەهانەی کوشتنی پۆلیسێک ئەویش بە دەمانچە ١٤ ساڵە بێگوناح لە زیندانی تورکیەیە "هەی لایەلایە"ی دەخوێند.

ساڵی ١٩٧٤ هات. شەوێک کوچە و کۆڵانی شار پڕ بوون لە خەڵک و شار داگیرسا. مزگەوت جمەی دەهات. کوڕە جەوانەکان بە ماڵاندا دەگەڕان و خۆراکیان کۆ دەکردەوە. نیوەشەو لە مزگەوت "پەنابەرەکانی گەرمێنێ"یان بەسەر ماڵاندا دابەش کرد. هەر ماڵێک چەند کەسی دەبردەوە ماڵە خۆی و جێی دەدان. ماڵە ئێمە بنەماڵەی ئەفسەرێکی بارزانی وەبەر کەوت. ئەوان دواتر ناردرانە کەرج.

١٩٧٤ ئەو ساڵە بوو کە من هەوەڵ جار زانیم کوردی واش هەیە کە شەڕ دەکەن و ئێستا ئاوارە بوون. ئەو ژن و منداڵانەی وەبەر ماڵە ئێمە کەوتبوون هەموو دەتگوت پەری و فریشتەی نێو کارتپۆستاڵن، هێندە جوان بوون. پرچ زەرد و چاو شین و بە زاراوەیەکی دیکە قسەیان دەکرد.

دوای هاتنەسەرکاری خومەینی (من ناڵێم ئینقلاب، دواتر دەڵێم بۆ) من بە شێعر و شاعیری ئاشنا بووم. ئینجا کابراکەی ناو عەکسەکەم ناسی، هەر ئەوەی کۆت و شەڵواری دەبەردابوو. زانیم ئەوە "ماموستا هەژار"ە و شاعیری شێعری "لایەلایە".

بەڵام لە سەروبەندی دوای بەناو "انقلاب" ئەوەی منی گرفتاری خۆی کرد، "هەژار" نەبوو، بەڵکوو هاوڕێ و هاودەم و هاونەفەسی "هەژار" واتە "هێمن" بوو. بەهەر حیسابێک با کە بەداخەوە ئەمڕۆش باوە و بە پێی ئیدئۆلۆژی و حیزبایەتی و ڕەفیقایەتی و باندبازی هەموو شتێک هەڵدەبژێردرێت، دەبا من هەژارم هەڵبژاردبا نەک هێمن. چونکە وێنەی هەژار لەبن میچی ماڵێ بوو. ئەوەش بەو مانایە نییە کە مامۆستا هەژارم خۆش ناوێ، نا زۆریشم خۆش دەوێ بەتایبەت کە دەگەمە وەرگێڕانی "خەیام" کەی کە شاکارە، بەڵام جیهانی ڕووحی من هێندە لە هێمن نزیک بوو - هەیە هەر دەتکوت ئەمن لە تفنگی ئەو بەر بوومەتەوە. هێمنم هێندە خۆش دەویست - دەوێ کە ئیستا کە ئەو دێڕانە دەنووسم لە داخی شوڕای شاری مەهاباد خەریکە وەزگ دەم. شوڕای شاری مەهاباد دەستی بردووە بۆ شوێنەواری مێژوویی مەزار و کێل و بەردی شاعیران و هونەرمەندانی مەهاباد.

نازانم "مبتکر"ی شێواندنی ئاسەواری مێژوویی کێیە، بەڵام من قەت لێرە لە هەندەران نەمدی شوێنی مێژوویی خۆیان تێک بدەن. لێرە لەو وڵاتە سارد و تاریکەی سوئێد کۆڵەکە وەبەر کەچە دیواران دەدرێ تا بینایەک ڕابگیردرێ. کۆنە خانوویەک لە شونێک بۆ شوێنێکی دیکە وەک خۆی ڕادەگوێسترێ. بەردێکی دۆزراوە کە نووسراوەیەکی چەند خەتی لەسەرە ناهێڵن کەس دەستی لێبدا تا پاک نەبێتەوە.

دیارە خۆ مەزاری "هێمن" و "هەژار"یش لەوێ نەبا هەر ئەو کارە نارەوایە بەڵام هێمن و هەژارێک کە هەموو ژیانیان پڕ بوو لە چەرمەسەری، هەر ئەوە مابوو بەسەریان بێنن و ماڵی ئاخیرەتیشیان پێ ڕەوا نەبینن. جگە لەوە ناوەکەشیان کە هەڵبژاردەی خۆیان و نوێنەری خەم و ئازارەکانی نەتەوەکەیانە وا هەڵکەندراون وەک ئەوە مێرووله بەسەر گاشەبەرددا ڕۆیشتبێ.

وەبیرم نییە کە مامۆستا "هەژار" کەی و چۆن گەڕاوە مەهاباد، بەڵام کە "هێمن" گەڕاوە، شەقام جێگای دەرزی هەڵاویشتنی نەبوو. لەناو شەپۆلی خەڵکدا هەر وەک کەوبارێک بە دوای ئەو ماشێنەی "هێمن"ی تێدا بوو هەڵدەهاتم تا ئەوەندە ماندوو بووم کە ئاخری لەسەر لێواری "بلوار" دانیشتم.

زۆر باوە کە لە شاعیر و نووسەران دەپرسن چۆن بووی بە شاعیر و نووسەر. ئەوانیش لاقێک لەسەر لاق و بە فیگوورێکی تایبەتەوە باس لەوە دەکەن کە چۆن بوونەتە شاعیر و نووسەر و چۆن بۆدێلەر، نێرۆدا و مایاکوڤسکی کاریگەرییان لەسەریان بووە. بەتایبەت ئەگەر شاعیری باشووری بن ئیدی باسی هەرە سەرەکییان ئەوەیە کە چۆن

"شاملو" و"سپیری" و "فرۆغ" کاریگەرییان لەسەریان بووە. (ناشڵێن سپێهری و فرووغ. دەڵێن سپێری و فرۆغ) با منیش لێرە بڵێم کە چۆن فێرە کوردی بووم.

دوای گەڕانەوەی "هێمن"ەکان بۆ وڵات، غەیری شیرینی خومایزی پوڵەکانی من بۆ شتێکی دیکەش خەرج دەکران؛ کتێب. لە ١٨ ساڵیدا ئیدی چەندین ڕۆمان و دیوانی شێعرم کڕیبوون و خوێندبوومنەوە. دواتر کە هەڵاتمە شاخ، دایکم لە ترسی سوپای پاسداران ئەو کتێبانەی کە کڕیبوومن و دەفتەرە شێعرەکەمی سووتاندبوو تا نەکەونە بەر دەست و نەبنە بەهانە بۆ گیرانی کەس.

لە دوای بەناو "انقلاب" هەر جارێک چووبامە کتێبفرۆشیەکان کتێبم دەکڕیێ. ڕۆژێک چوومە "کتیبفرۆشیی سەیدییان". پرسیم: "ئاغای سەیدییان کتێبی تازە چت هەیە؟" ئاغای سەیدییان بە موسیقایەکی کێشراو گوتی: "شەو نییە خەونتان پێوە نەبینم و ڕۆژ نییە لێتان تورە نەبم". ئەمنیش گوتم: "دەی باشە ئاغای سەیدییان شۆخیمان پێ مەکە". ئاغای سەیدییان لەسەر پاشنە وەک سەماکارێکی زوبدە دەورێک بە دەوری خۆیدا سووڕا و دوایە ڕۆیشت کتێبێکی هێنا و گوتی: "نا بابە گیان، شۆخی چێ، فەرموو." کتێبێکی شێعری دا دەستم؛ " شەو نییە خەونتان پێوە نەبینم، چاپی بەغدا". کە چوومەوە ماڵ دانە دانەی شێعرەکانم لەبەر کرد.

نازانم پاش و پێشی ڕووداوەکان چۆناوچۆنە، چونکە دەبێ بۆ چەندەمەمین جار ئەوە بڵێم کە من ڕووداوەکانم بە ڕیز وەبیر نییە هەر بۆیە تەنیا هەستی بەجێماوی ئەوان کە لەسەر خەیاڵدانی ڕووحمدا هەڵکەندراون دەنووسمەوە.

جارێک مامۆستا "هێمن" هاتە دەبیرستانی کچان لە شەقامی "وەفایی". من بەرنامەکەم دەگێڕا. ماموستا "هێمن" لە ژووری مامۆستاکانی قوتابخانە دانیشتبوو. پەنجەرەکانی ژوورەکە ڕوو بە حەساری قوتابخانە کرابوونەوە. باڵای کورتی من نەدەگەیشتە سەر پەنجەرەکە تا ناو حەسارەکە ببینم. دەبا مامۆستا لە پشت بڵندگۆی سەر پەنجەرەکە شێعری ڕوو بە حەساری پڕ لە کچ خوێندباوە. دوای سڵاو و پێشەکی گوتم: "ئێستا مامۆستا هێمن شێعرێکتان بۆ دەڵێ". مامۆستا "هێمن" لەبن گوێم گوتی: "بۆ دەڵێ هەڵەیە، دەبێ بڵێی بۆتان دەخوێنێتەوە." جاری دووهەم هەڵەکەم ڕاست کردەوە. ئەوە هەوڵ جار و ئاخر جار بوو کە من مامۆستا "هێمن" ببینم، بەڵام وا لەگەڵ شێعرەکانی مامۆستا هێمن تێکەڵاو ببووم کە تەواوی "تاریک و ڕوون" و "ناڵەی جودایی" م تەقریبەن لەبەر بوو و دواتریش

دەمزانی "پاشەڕۆک" ڕستە بە ڕستە باسی چییە. لە شاخیش شێعری "بارگەی یاران" م وەدەست کەوت:

*دێت و ڕادەبرێ وەکوو سەروی ڕەوان من چ بکەم؟*
*کە بە قوربانی نەکەم ڕووحی ڕەوان من چ بکەم؟*

من هەر بە کتێبەکانی هێمن و پەشێو فێرە کوردی نووسین بووم. بۆیە بە قەولی"پەشیو"ی گەورەم "ئەگەر ئەمجارە بێمەوە" هەوڵ دەچمە سەر مەزاری "هێمن" و "هەژار" و دواتر بەرەو قەنناتی "خومایزی" دادەگەڕێم، بەڵام نازانم کتێبخانەی "سەیدییان" و "موفەقی" ماون یا نا.

لێرەدا ئەو باسە دەبەستم و دەگەڕێینەوە بۆ باسی پێشووترمان کە بۆ دە جلوبەرگی ژنانەدا هەستم بە ئارامی نەدەکرد، بەڵام لەبیرتان بێ کە لە داهاتوودا دیسان دەچمەوە لای "هێمن".

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات تایمز - ڕێکەوتی: ٢٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦

## ئینشعاب - کۆنگرەی چوار




*جوبڕان خەلیل جوبڕان دەڵێ: "من تۆیەکانی دڵم چاندوون بێ ئەوە هومێد و چاوەڕوانییەکم هەبێ."*

لەو بەشەدا لە دەقی ئەدەبی دەردەچم و هەوڵدەدەم بۆچوونی خۆم لە سەر کێشەیەکی سیاسی کە ژیانی زۆر کەس و بە تایبەت ژیانی منی گۆڕی باس بکەم. دوای چەند ڕۆژ بیرکردنەوە پێموایە ئەو بەشە لە نووسینەکانم ناتوانێ فۆرمێکی دیکە بە خۆوە بگرێ جگە لە ڕاست و ڕەوان گوتن و شیکردنەوەیەک. ئەم بەشە چیرۆکی پیواز و ڕۆنەکە نییە کەم سوور بێتەوە یا زۆر، ئەمە گرینگترین کەرتی سیاسی ژیانم بووە کە ئامادەم بە ڕاستگۆییەوە لە ڕوانگەی خۆمەوە تاوتوێ بکەم بەڵکوو ببێتە پەند بۆ نەوەی داهاتوو.

ساڵی ١٣٥٨ کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دێمۆکرات لە مەهاباد لە ساڵۆنی "سینەما ئومێد" گیرا بەڵام دوای چەند مانگ حەوت کەس لە ڕێبەرایەتی و کادرەکانی سەرەوە لە بەهاری ١٣٥٩دا بە ناوی "پیڕوان کنگرە ٤" ئینشعابیان کرد کە دواتر زیاتر بە گرووپی ٧ کەسی ناودەبردران. حەوت کەسەکە بریتی بوون لە فۆزیە قازی، غەنی بلووریان، ئەحمەد عەزیزی، فاروق کەیخوسرەوی، نوید موعینی، دوکتور ڕەحیم سەیف قازی و مامۆستا هێمن. مامۆستا هێمن زیاتر وەک ئەندامی ئیفتیخاری لە کۆمیتەتی ناوەندیدا بوو نەک وەک ئەندامی ئیجرایی و کاریگێڕ. هەروەها کادرێکی باڵای حیزب محەمەدئەمین سراجی.

لە بگرە و بێنەی دابڕاندا کۆڵتم تەحویلی حیزب واتە لایەنی د. قاسملو دایەوە. بە هەموو بێئاقڵی خۆم دیسان ئەقڵم بەوە گەیشت ئێستا کە دەمهەوێ بە "مسالمت جویی" و بە "راه رشد غیر سرمایەداری" بازدەمە سۆسیالیزم ئیدی کۆڵت پێویست ناکا. ئێستا دوای ئەو هەموو ساڵە پرسیاری هەرە گرینگ بۆخۆم ئەوەیە کە بۆ لەو لێکدابڕانەدا من لەگەڵ کۆنگرەی چوار کەوتم؟ ئەوە پرسیارێکە کە تا ئێستاش بۆ خودی خۆم وڵامی سەد لە سەدی دیار نییە بەڵام هەرچی زیاتر تێیدا نووقم دەبم زیاتر ئەو فاکتانە دێنە بەر چاوم کە بە ڕاستگۆییەوە باسیان دەکەم:

بە گشتی من ئینسانێکی ئەهلی شەڕ نیم و بە دیتنی هەر وێنە، فیلم، ڕووداوێکی دڵتەزێن فرمێسکەکانم لەبەری دەستمە. لەو سویدە ئارامە کە لە ناو ئیستگای قەتار لە نێوان دوو کەس شەڕ دەبێ دەترسم چ بگا بە شەڕە تەیارە و دەمانچە. تەواوی دەورانی منداڵی و گەنجیم گەرچی زۆر شلووق بووم و گەیشتمە هێزی بەرگری و کۆڵتێک کە قەت تەقەی پێنەکرا، بەڵام تا ئێستاش کە ئەو ڕستانە دەنووسم هەوڵم نەداوە هەوڵ هەنگاو بۆ شەڕ لەگەڵ کەسێک باوێژم. زۆر جار کە شەڕیان پێفرۆشتووم هەوڵم داوە بە جۆرێک لێی هەڵێم. ڕەنگە ئەوە خاڵی لاوازی کەسایەتی من بێ. ڕەنگە زۆر جار شەڕ پێویست بێ بە تایبەت کە دەگاتە مان و نەمانی گەلێک. بە تایبەت کە

دەبێ لە بەرامبەر هێندێک ئینساندا ڕاوەستی. بەڵام من زۆربەی کات هەڵاتن هەڵدەبژێرم. ئێستا لە دونیای تکنیک و سۆسیالمیدیا دا کە بزانم باسێک دەبێتە مەکۆی ئاڵۆزی، ڕۆیشتن و ئیگنۆڕ هەڵدەبژێرم. جارێک کچە گەورەکەم گوتی: "دایە تۆ هەمیشە لە کۆنفلیکت هەڵدێی". ڕاستیش دەکا. ڕەنگە ڕوحیەی من بۆ شەڕ ساز نەکرابێ، گەرچی دەیان جار تووشم بە تووشی بووە. ڕەنگە ئەو کات کە "دایک" توورە بوو و چینیەکانی بە ئەرز دادا و من بە فرمێسک دەمهەویست چینی شکاوەکان لێک گرێدەمەوە لە ناو ڕوحم دا بێزاری لە هەرچی شەڕە درووست بووبێ. بەڵام واش نییە هەر قەت شەڕ نەکەم. ئەگەر کەسێک وێم هەڵڕۆسکێ خۆ هەر پاڵێکی پێوە دەنێم، قابیلە؟ بەڵام داخەکەم بە پێچەوانە من کۆنگرەی چوارم هەڵبژارد کە زیاترین شەڕ و کێشەی سیاسی لێکەوتەوە لە کاتێکدا من پێموابوو بە ڕێگای ئاشتیدا دەڕۆم.

دووهەمین فاکت کە پێموایە زۆر لە هەڵبژاردنەکەمدا دەوری بوو هەستی من بۆ ئەدەبیات و خویندنەوە بوو. من ئەویندار دەقی ئەدەبی و فکری بووم و لەو بوارەدا هێندێک کەسایەتی کاریگەری زۆریان لەسەر من بوو. شێعرەکانی هێمن و ئەدەبیاتی نووسەرانی حیزبی توده وەک "بەآذین، طبری، تنکابنی، حیدر مهرگان"، چاپەمەنییەکانی حیزبی توده و ڕۆمانەکانی جیهانی ئەو کات زیاترین کاریگەرییان لە سەر مێشک و ڕوحی من هەبوو. من خۆم زیاتر "هێمن"ی ئاشقە نیشتمان و "آنت"ی "جان شیفتە" دەهاتە پێش چاو تا کچێکی سادەی منداڵ. دوای لێکدابڕانی کۆنگرەی چوار دەیان جار لە خۆمم دەپرسی کە:

***چۆن "هێمن"ی مێهربان و شاعیری نەتەوەی دەتوانێ هەڵە بکا؟ مەحاڵە.***

***چۆ ن"کسرایی" و "ابتهاج" دەتوانن دژی ئینسان بن؟ نابێ.***

***چۆن فەلسەفە، مەندی و ئارامی ناو دەقەکانی "طبری" دەتوانن دوور بن لە ڕاستییەکان؟ تەبەری باڵاترین ئینسانە.***

***چۆن "نقدی بر آرش"ی "مهرگان" ناتوانێ وڵامدەری کۆمەڵگا بێ؟ ئەوە کولتوورێکی ناب و تاکە بۆ گۆڕانکاری.***

***چۆن حیزب لە ڕێگای سیاسەتی "انتقاد و پشتیبانی" ناتوانێ ڕێگایەکی ئاشتیخوازانە بگرێتە بەر؟ ئاشتی دەبێ سەرکەوێ.***

***ئەو هەموو شەهید و شەڕی ناو شارە کوا توانیویێتی گرفتی کورد حەڵ بکا؟ ئیدی نابێ شەهید بدەین و شار وێران بێ.***

هەموو ئەو پرسیار و وڵامانە وایان دەکرد من بەرەو کۆنگرەی چوار، واتە بەرەی لایەنگرانی حیزبی تودە لە ناو حیزبدا بڕۆم کە خۆی بە ئاڵاهەڵگری ڕێگای ئاشتیخوازانەی کێشەی کورد ناساندبوو. من پێمواب‌وو دەکرێ شەڕ تەواو بێ و چیدی خەڵک نەکوژرێت. هەمیسان ئەو پرسیارانە لە ناو مێشکی مندا خولی دەخوارد:

ئەدی فەوزیە خانم کچی پێشەوا چی؟ بڵێی ئەو دژی ڕێگای باوک و نەتەوەکەی بێ؟ من زۆر جار هاتوچووی ماڵە فەوزیە خانمم دەکرد. دوکتور ڕەحیم یش کە لە ڕووسیە دەرسی خوێندووە و زۆر زانایی وەدەست خستووە! ئەدی برای کاک سولێمان موعینی؟ ئایا ئەو خەیانەت بە ڕێبازی براکەی دەکا؟ هەمووی ئەوانە بە جێگای خۆی، ئەدی مامە غەنی کە ٢٥ساڵ تەمەنی لە زینداندا بەسەر برد چۆن دەتوانێ سیاسەتی هەڵە هەڵبژێرێ؟

بەڵێ، واقعی فکری و دەروونی من ڕاست ئەوها بوو، من ئەو کەسانەم دەناسی نەک د. قاسملو. بچووک چاو لە دەوروبەر و گەورەکانی خۆی دەکا. بەڵی دەیان جار ئەو پرسیارانە لە ناو مێشکی منی هەستیاردا هەڵدەتۆقی کە چ بکرێ کوردستان چیتر شاهیدی خوێن و کوشتار نەبێ.

لە دەورانی هێزی بەرگری و "سازمانی لاوان"یشدا لەگەڵ زۆر کوڕی باش کە هەموویان هەر بە ڕاستی وەک برای خۆم بوون ئاشنا ببووم. شەهید محەمەد زەنگەنە، کاک حەسەن حاتەمی و لە هەموویان نزیکتر کاک جەعفەری کەڕووبی. سازمانی لاوانی مەهاباد ئەو کات زۆربەیان لەگەڵ کۆنگرەی چوار کەوتن.

فاکتێکی دیکەی کاریگەر ئەوە بوو کە ڕاست لە سەروبەندی ئینشعابدا من لە "میرەسێ" لە لای "مەلا محەمەدی جوانڕوویی" بووم و کاک "ئەحمەد عەزیزی"شیان بە بریندار هێنا بۆ میرەسێ. ئەوان لەگەڵ چەند پێشمەرگەی دیکە لە سنە برینداربیوون و لە میرەسێ لە سەر تەخت لاقییان هەڵوەسرابوو. هەڵبەت لە سنە چەند کەسیش شەهید ببوون. من ئەو کات لە گەڵ چەند پێشمەرگەی دیکە لە میرەسێ بووین و ئاگامان لە بریندارەکان بوو. کاتێک ئینشعاب کرا و کاک ئەحمەد لە میرەسێ بەرەو مەهاباد گەڕایەوە منیش لەگەڵ کاک ئەحمەد بەرەو مەهاباد هاتمەوە. چۆن کەسێک کە خۆی بریندارە دەتوانێ دژی حیزب بێ؟ جگە لەوە لە ژێر کاریگەری حیزبی شیووعی و کادرەکانیان کە ئەو کات زۆر جار دەهاتنە مەهاباد بیری چەپ و شیووعیەت لە لای من زۆر بەهێزتر بوو. کەسی وک "ابو تارا" ش کەمی بۆ حیزبی دێمۆکڕات نەکردبوو.

جگە لەوانە ئیدەئالەکانی من کچ و کوڕی ناو فیلمەکانی دژی شەڕی وەکی "وقتیکە لک لکها پرواز میکنند" بوون. من هیچ "کهن الگو" یەکی دیکەم نەبوو کە ولامدەری هەستەکانی پڕشۆرم لە دونیای سیاستدا بێ. من خۆم بە چەپ دەزانی و دەبا بەرەی چەپم هەڵبژاردبا. ئەگەر لە مۆسکۆ باران بارببا دەبا ئێمەی تودەیی لە مەهاباد چەترمان هەڵدابا. ئەوە ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگر بوو. تازە "خودی د. قاسملوش زەمانێک تودەی بووە و دواتر بە دەستووری حیزب هاتۆتە ناو دێمۆکرات تا زیندووی کاتەوە و ئەوە دوکتورە کە لە حیزب لایداوە." بەڵێ وا بە ئێمە دووترا. کەوایە بە پێی هەموو ئەو قسانە نابێ حیزبی تودە حیزبێکی خەراپ بێ.

ئێمە/ من ئەو کات هەر هێندەمان لە ڕابردووی کەسایەتییەکان و حیزبەکانمان دەزانی.

ئێستا زیاتر لە ٣٣ ساڵ تێپەڕ بووە. ماوەتەوە کۆمەڵێک حوکمی خەڵک و خۆم دەرحەق بە خۆم. من نە لە ڕابردووی خۆم شەرمم هەیە و نە دەستم بە خوێنی کەس سوور بووە. ئێستا کە خۆم دەنووسمەوە زەختی هیچ کەسم لەسەر نییە جگە لە ویژدانی خۆم. هەر ئەو کاتیش لە شەڕی ناو شارەکان و ئێعدامی خەڵکی بێگوناح دا هەزارپارچە و چاو بە فرمێسک بووم. ئێستا دوای ئەو هەموو ساڵە ئەو پرسیارە ئاوالەیە کە ئەگەر هەموو حیزبەکان یەک سیاسەتییان گرتبا بەر، ئایا هیچ دەگۆڕا؟ من نازانم. من مێژووناس نیم. من تەنیا لە ئەزموونی ئەو ساڵانە ئەوەندەم بۆ هەڵدێنجرێ کە نەخێر. بە تێپەڕبوونی کات جمهوری ئیسلامی ڕۆژ بە ڕۆژ ماهیەتی خۆی زیاتر نیشاندەدا کە چ ڕژێمێکی تاوانبار، تۆتالیتەر، فاشیستی، مافیای، سێکتی ئایینیە. بناخەکانی جمهوری ئیسلامی لە شوێنێکی دیکە ئاویان دەخواردە و ج.ا. هەرگیز بە پرنسیپەکانی ئاشتی و دێمۆکراسی و مافی ئینسان پابەند نەبوو و نابێ. مەگەر نابینین کە جمهوری ئیسلامی تەنانەت ڕەحمی بە "خودی"یەکانی خۆشی نەرکرد و هەزاران ئینسانی بێتاوان، ئازادیخواز، چەپ و لیبێڕاڵی لە زیندانەکاندا ئەسیرکرد و لەناوی بردن.

دیسان ئەو پرسیارە کراوەیە کە ئەگەر ئینشعابی - دابڕانی ک. ٤ ڕووی نەدابا، حیزب بە گشتی بەرەو کوێ دەڕۆیشت؟ بۆ دواتر ئینشعابی دیکە لە ناو حیزبدا ڕۆیان دا؟ و دەیان پرسیاری دیکە کە دەبێ ڕێبەرانێک کە لە هەر دوو لا بڕیادەر بوون بە ویژدانەوە و بە پێی فاکت وڵامی بدەنەوە. نە بۆ ئێمە کە بۆ خۆیان.

ئێستا کە دانیشتووم و بیردەکەمەوە دەبینم من ئێستاش چەپم بەڵام ئینشعابی کۆنگرەی چوار گەرچی سیاسیترین ئینشعابی ناو دێمۆکراتەکان بووە هەڵەیەکی یەکجار گەورەی سیاسی و ئەخلاقی بوو. هەڵەیەکی ئەخلاقی بەو

مانایه کە ڕاستە ئێمە لایەنگرانی کۆنگرەی چوار بە گشتی هیچ کاممان جاسووس نەبووین و لە حەوزەی حیزبیدا کارمان کتێب خوێندنەوە بوو نە زیاتر، بەڵام هەر ڕاست ئەو کات کە ڕژێم شار و گوندی دەسوتاند و خەڵکی قەتڵ وعام دەکرد، منداڵی بێگوناحی ئێعدام دەکرد، دەستدرێژی دەکردە سەر زندانیانی سیاسی، حیزبی توده لە ئۆرگانی ڕەسمی خۆیدا باسی "کمکهای قاسملو از ناتو و آمریکا"ی دەکرد. هەر ئەو کات سیاسەتی گشتی حیزبی توده هێندە جێگای شەرم بوو کە زۆر جار وڵامێکمان بۆی نەبوو، هەر ئەو جۆرەی ئێستا سەدان هەڵە لە لایەن حیزبەکانەوە دەکرێ و کەس نییە یەخەیان بگرێ. هێندێک حەشدی شەعبیمان بۆ دەکەنە برا، یەک لەگەڵ سوریە دۆستە و ئەویتر لەگەڵ فلان و فیسارە حیزبی ئێرانی دادەنیشێ بەڵام هیچ کام ئامادە نین لەگەڵ یەکتر دانیشن.

بۆ شاهیدی مێژووش بێ دەبێ ئەوە بڵێم کە لەناو ئەندامانی کۆنگرەی چواردا زۆر کەس خۆیان بە کورد و تەنانەت لەبەرامبەر دوکتور قاسملودا خۆیان بە ئاشقی پێشەوا دەزانی. بەڵام ئەوە حەل نەبوو، سیاسەتی گشتی حیزبی توده و دیفاع لە "خط ضد امپریالیستی امام" هێندە هەڵە بوو کە بە حەوت ئاو ناشۆرێتەوە.

ئەوە تەنیا بەشێکی گرفتەکە بوو. بەرەی دوکتۆر قاسملووش بە هەزار جور پاڵی وە فراکسیۆنی بەناو چەپ دەنا کە بڕواتە دەر. کێبەرکێی نێوان تاکەکان یەکجار توند بوو. گرفتەکانی حیزبی دێمۆکڕات لە دوای کۆمار و ئەحمەد تۆفیق دەیان ساڵ بوو لە دەرەوەی وڵات کەڵەکە ببوون. ڕاست وەک ئێستا. بەداخەوە حیزب ئەو کات و ئێستاش هەوڵی نەداوە تا بە پێداچوونەوەیکی ڕخنەگرانەی مێژوویی و سیاسی و بە ڕوانگەیەکی نەتەوەیی، زۆر گرفتی ناو حیزب و مێژووی خۆی هەڵسەنگێنێ و خۆی دووبارە درووست کاتەوە و خۆی لەم دۆخە دەرباز بکا. ئەوە لەمەڕ کۆمەڵەکانیش هەر درووستە.

داخەکەم دۆخی کوردستان و هاتنە سەرکاری ڕژێمی داعشیی جمهوری ئیسلامی شیرازەی هەموو کۆمەڵگای تێک و پێک دابوو. ئەوانەش کە لە ڕێبەرایەتی حیزبەکاندا بوون، بە هەموو حیزبەکانەوە، پەروەردەی زەمانی خۆیان بوون. هەر ئەو جۆرەی ئێستا دەبینین کە هەمیسان دۆخی حیزبەکانی ڕۆژهەلات بە دەست کورسی پەرەستی، تاک و ڕێبەرایەتی ناکارا چۆن زەلیلە لە کاتێکدا ئێستا ئەزموونێکی ٣٥ ساڵەشمان هەیە، ئەو کات ئەوەشمان نەبوو.

ئەم بەرەش کەمی خەسارەت نەگەیاندۆتە کێشەی کورد. ئەوان کە دەبا لە ئەزموونی ٤٠ ساڵی ڕابردوو کەڵک وەرگرن، دەیان کەسی ناو حیزبەکانیان بێگوناح شوێنەون کرد، ڕقی شەخسی حیزبەکانی فەلەج کرد، دوکتۆر

قاسملوو سەهل و ئاسان شەهید کرا، شەڕی براکوژی دیمۆکڕات و کۆمەڵە بە خەراپترین شێوە ڕووی دا، دەیان جار حیزبەکان دابەشکران، کەسانێک کە وەک ئەوان بیریان نەدەکردەوە تێرۆرکران و هتد. ئەدی هەمووی ئەوانە دەچنە کام خانەوە؟

بۆیە بە دڵێکی پڕ لە خەم تەنیا ئەوە دەڵێم لای کوردی بەشمەینەت گرفت و نەهامەتییەکان چەندپاتە دەبنەوە و کەس دەرسیان لێوەرناگرێ. منیش یەکێک لە ڕۆڵەکانی سەردەمی خۆم بووم. هێندێک بوونە پێشمەرگە و هێندێک بوونە کۆنگرەی چوار. ئێستاش هێندێک گیان دەدەن و هێندێک لایەنگری ئێران و حەشدی شەعبین.

دوای ئەو هەموو ساڵە تەنیا دەتوانم ئەوە بڵێم کە ئەگەر سەرجەم حیزبەکانی ئێمە لە ڕۆژهەڵات نەتوانن لە ناو تەشکیلاتەکانی خۆیاندا دیمۆکراسی ڕاستەقینە و ئاشکرایی بخەنە جێ، ئەگەر لە دەرەوەی حیزبەکان مکانیسمێک نەبێ بۆ کۆنترۆڵ و ڕەخنە لە تاک و حیزبەکان، ئەگەر شەڕە کورسی بەردەوام بێ، ئەو حیزبانە هەمیسان تووشی لێکدابڕان دەبن هەر ئەو جۆرە کە ئێستا شاهیدین. دیارە فاکتێکی بە هێزی دیکەش بۆ خەسارەتی زیاتر، دووری لە وڵات و نیشتەجێ بوون لە تاراوگەیە. ڕاست وەک ئەو ساڵانەی حیزب و ئەندامانی لە زیندان یا بەغدا و لە دەرەوە بوون و کەس وە کەسی هەڵ نەدەکرد و دیالۆگێک لە نێوانیان دا نەمابوو.

بەڵام دیسان وێڕای هەمووی ئەوانە دەبێ چەندپاتی کەمەوە کە تاوانەکانی ڕژیمی بە ڕێبەرایەتی کەسێکی کینەای وەک خومێنی قەت نەدەبا بە تیئۆری "راه رشد غیر سرمایەداری" داتاشراو توجیە کرابان. داخەکەم ئەوە سیاسەتێک بوو کە لە دەرەوە واتە ڕووسیە بەسەر حیزبی توودەدا داسەپابوو. زۆربەی داڕێژەرانی دکترینی حیزبی توودە لە دەرەوەی وڵات تێکەڵاوی سیستێمی گەندەڵی ئیتلاعاتی ڕووسیە و مافیایەکی دەسەڵات ببوون. ئەوان ئیدی فریان بەسەر چەپ و کۆمۆنیزمەوە نەبوو. کەسان و سیاسەتێک کە هەرگیز نە لەناو "احزاب براد"دا و نە لە خودی حیزبی کۆمۆنیستی شۆڕەویدا نەیاندەتوانی ڕەخنە لە "کرملین" بگرن. "احزاب برادر" کۆمەڵگای خۆشیان نەدەناسی و تیئۆرییان بۆ لە دەرەوەڕا دادەتاشی. کرملین کە پۆتانسیێلی گۆڕانی تێدا نەبوو و تا سەر ئێسقان گەندەڵ، مشەخۆر و دیکتاتۆڕ بوو بڕیاردەری خەتی فکری حیزبەکانی ناوچەی ئێمە بوو. هەر ئەو جۆرەی چین و مائۆ بڕیاردەر و ئۆلگوو بوو بۆ هێندێک حیزبی دیکە.

فاکتێکی دیکە بە ڕای من ئەوە بووە کە "تشیع" لە خوێنی چەپەکانی ئێرانی دا کارکەردی هەبوو و هەیە. ئەوانیش

منداڵی کولتووری سەقەتی خۆیان بوون و زۆربەی ڕێبەرانی چەپی ئێرانی تێکەڵاوییان لەگەڵ "تشیع"ێک بوو و هەیە کە نەیانتوانیوە خۆی لێ ڕەها بکەن و ئەوەش لە دیفاع لە جمهوری ئیسلامیدا خۆی نیشانددا.

جیا لەو چەند فاکتە، فاکتێکی هەرە گرینگی دیکە زاڵبوونی هیماکان و هەناسەی شووێنیزمی فارس و باڵادەست بوو بە سەر کەمە نەتەوەکان و ئێلیتەکەیان. بۆ لایەنگرانی چەپی "ایران بزرگ" ئاسان بوو کە هەمیشە "صورت مسئله" ی پاک کەنەوە و بە شانتاژ و چەند قسەی زلی ناو کتێبان کادرڕ و لایەنگرانی کورد و بەلووچ و هتد بەلاڕێدا بەرن. ئێمەی کوردیش کە قەت هەوڵی پەروەردەی خۆمان نەداوە و هەر لە فلان و فیسار بێگانە فاکت دەهێنینەوە. بەناو ڕووناکبیری فارس ئەزموونی سەد ساڵەی دوای "مشروطه"یان هەبوو بەڵام ئێمە چمان هەبوو جگە لە ئاسەواری ژێنۆسایدێکی بەردەوامی فکری و ئەخلاقی کە تاکێکی لاوازی بێ فکری لێ درووست کردبووین.

ئێمە هەموومان قوربانی بێ ئەزموونی، نەگووتنی ڕاستییەکان لە لایەن ڕێبەران و سادەدڵی خۆمان بووین. هەر حیزبێک بەسەرهاتێکی هەیە و دەبێ ڕۆژێک بە ڕاستگۆیی بنووسرێنەوە. ئەوانەی بڕیاردەر بوون و ئێستاش زیندوون دەبێ ڕۆژێک وڵام بدەنەوە. بە کەس نا بە خۆیان.

دواتر زەمەن نیشانی دا کە نە کۆنگرەی چوار ئەوە بوو کە من ئارەزووم دەکرد و نە وەک تاک تێیدا بەختەوەر بووم. بەدوای گرتنی ڕێبەرانی حیزبی توده و دواتر گرتنی کادر و ئەندامانی لە کوردستان، هەلی ئەوە ڕەخسا هێندێکمان بچینە شاخ، ئەو هەلە تەنیا دەربازبوون لە ئەگەری زیندان و ئێعدام نەبوو کە بگرە خۆقوتارکردن بوو لە سیاسەتێکی یەکجار هەڵە. شاخ بۆ من دەرگایەک بوو بۆ نەجاتی هەستەکانم.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات تایمز - ڕێکەوتی: ٢٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦

# ناسۆری دەوران




بریا ئێستا ئەو دێڕانە مزگێنی بان. مزگێنی بارانی پەڵە هەورێک لە هاوینێکی گەرمدا. یا تینی هەتاو لە زستانێکی سارد بام و ئێوە گوتباتان: ئۆی ئۆی ئۆی، ژیان چەند مێهرەبانە.

پێمخۆش بوو مەزرایەکی گەنم لەبەر شنەی شەماڵێک بام کە کرویشکە دەکا و ئێوش لە سەر بڵندایی ڕاوەستاون و بیردەکەنەوە: ئەک، چ مەزرایەکی پر خێر و بەرەکەتە، بەزیاد بێ.

پێمخۆش بوو کانیاوێکی سارد و فێنکی بەرقەدی شاخێک بام کە ئێوە بە ڕێبواری بەپەنامدا تێپەڕ دەبوون و دەست و دەموچاوتان دەشۆرد و تینویتان دەشکاند.

پێم خۆش بوو جوانترین جلوبەرگی زێدەکەم دەبەر دەکرد و دوو دەستماڵ لە دەستدا لە ناوەڕاستی چوارڕای ئازادیy شارەکانتان وەکی دێوانەیەک سەمام کردبا.

پێم خۆش بوو ئێستا لە هەرەتی گەنجیم بام و دووبارە ئاشق دەبوومەوە و مەعشووقەکەم دەیگوت: ئۆی، ئۆی، ئۆی شەهلا، لەو زێدە ئازیز و ئازادەدا خۆشەویستنت، جەستەی ناسک و ڕوحی پاکت چەند بەختەوەرم دەکا. و من تەنیا بەو یەک ڕستەیە شاگەشکە ببام و وامزانیبا جوانترین ئەڵماسی بەختەوەری جیهانم خەڵات کراوە، بەڵام ئێستا ڕاوەستاوم و چاوم لە گەڵای وەریوی پاییزێکی سارد بڕیوە کە با هەڵیدەسووڕێنێ. وەکی عیسا خاچی گوناحە نەکردووەکانی هەموومانم لەسەر شانە.

لاوی و گەنجی ئێمە کەوتە دەست تەقدیرێکی شووم. هێندێکمان لە شەڕدا شەهید کراین، هێندێکمان لە زیندان داشکاین و کەرامەتی ئینسانیمان لەژێر پێ نرا، هێندێکمان لایەکی جەستەمان لەکار کەوت، هێندێکمان تووشی خەمۆکی بووین، هێندێکمان جوانترین ئازیزانمان لەدەست دا، هێندێکمان خۆمان فرۆشت و بووینە جاش و "ئازاد و کاوە"مان دا دەست دوژمن.

ئێمە بووینە مەلعەبەی دەورانێک کە بە "شۆڕشی گەلانی ئێران" ناسرا. شۆڕشێک پڕ لە خوێن و ڕەنج و ئەوەی بە دیاری بۆمانی نەهێنا مزگێنی ئازادی و شادی بۆ گەلان بوو. سێکتی "تەشیع" لە دوای ١٤٠٠ ساڵان مۆتەکەیێکی کردە نوێنەری خوا و خەڵک کە جگە لە کینە و قەتڵ هیچ هەست و ڕەفتارێکی دیکەی نەدەناسی. مۆتەکەیەک بە درووشمەکانی خوڕافەئاسای چەند میلیۆن ئینسانی نەزان، بە هاوکاری چەپێکی بێئەزموون و بێسەواد، هاوکات لەباربوونی هەلومەرجی ناوچەیی بوو بە کاریزما. کاریزمایەک کە ٣٧ ساڵ دواتر "ابوبکر بغدای"یەکی دیکەی درووست کرد.

ڕاست لەو کاتەدا دەسەڵاتێک هێژمۆنی گرتە دەست کە لە غارەکانی ژێر زەوی دونیای مەرگەوە دەهات. هات تا بە مێکانیسم و شێوەکاری تایبەتی خۆی، مان و نەمانی هەزاران هەزار ئینسان لەدەست بگرێ. مۆتەکەیەک کە زیاتر لە وێنەی زەحاکێکی دوو مار لەسەر شان دەچوو تا ئینسان. ڕەنگە ترسناکترین غەریزەکانی هەزاران ساڵەی هەرچی ئینسانی تاوانبارە، هەرچی قین و زوڵمە، لەو مۆتەکەیەدا کۆببووە تا بڕیار لە سەر ژیانی دانە دانەمان بدا. مۆتەکەیەک بە ناوی "خمینی" بنیاتنەری سیستێمێکی دڕندە بەناوی "جمهوری اسلامی".

ئێمە لە باشترین تاکەکان هەتا لاوازترینمان کەوتینە ژێر کاریگەری دەسەڵاتی زەحاک. ڕاستە هێزی کوردی و تاکی کورد هەموو هەوڵی خۆمان دا ئەو سەربردەیە بگۆڕین و هەزاران خۆشەویستمان لەدەستدا، ڕاستە بۆ کەرامەتی خۆمان سڵمان نەکردەوە، ڕاستە هەست و نیستمان دانا تا ئەو مۆتەکەیە هەر نەبێ کەمێک بسەکنێ بەڵام هێزی تاریکی ئەو لەسەر شەقامەکانی تاران زیاتر بوو. ئەو توانی خاکمان تەخت بکا، منداڵمان ئێعدام بکا، دەستدرێژی بکاتە سەر ژن و کچ و تەنانەت پیاوی پیرمان، گوند و شارمان وێران بکا، کێلی قەبرمان بشکێنێ.

سەرەڕای خەباتی ئێمە هێزی ڕووخێنەری ئەو زیاتر بوو، بەڵام دیسان ئێمە بووینە ماسی و مەلەمان کرد، بووینە باڵندە و فڕین، بۆینە ئاسکی ڕەوەکان. هەر بۆیە سەدان سەیدەوان لە سەر چیا بۆ ئاسکی خۆیان گریان. بە

هەمووی ئەو خەم و ناسۆرانەوە دیسان ورە و باوەڕمان بەر نەدا. کورد ئەگەر بوونی هەیە بەو باوەڕە زیندوویە. باوەڕ بە مافی ئینسانی خۆی و خەبات لە پێناو مافەکانیدا.

ساڵانی ٥٧ هەتا ٦٢ دەورانی نوشتەنووسینی جادووگەر بوو بەڵام وەبیرمان بێ هەزاران ئینسان چوونە سەردار و مێژوویان خوڵقاند. ئەو دەورانە سێحرکراوە بە چاک و خراپەوە تێپەڕ بوو بەڵام ئەزموونی ئەو دەورانە چەند دەرسی یەکجار گرینگی پێدام:

*یەک،* کورد هەمیشە بە دڵفراوانی و سادەیی و باوەڕ کردن بە بێگانە زیاترین کارەسات بۆ خۆی دەخوڵقێنێ. هەر لەو دەورانەدا شومەدا بە هۆی باوەڕکردن بە بێگانە، کەسانی نەجیب و خۆشەویستی وەک سەرگورد عەباسی و سەروان چەڵەبی لە ٢٣ی ئاگۆستی ١٩٨٠دا بە دەست پاسدارانی هێزی تاریکی تێرۆڕ کران. ئەم باوەڕپێکردنە هەمیسان دواتر و دواتر تەنانەت لە دیمۆکڕاسی ئورووپادا سەخترین کارەساتی بۆ کورد خوڵقاند.

*دووهەم،* هەر لەو دەورانەدا بەهۆی گرفتی سیاسی، چەند ئینسانی بێگوناح و بێتاوان تەنیا بە هۆی جیاوازی بیر تێرۆڕ کران. من دوو کەسیانم تا ئێستاش فەرامۆش نەکردووە؛ مستەفا شارویرانی، کوڕێک لە چینی هەژار کە هێندە وەزعی ماڵ و ژیانیان خەراپ بوو کە لە خانووی مزگەوتدا دەژیان. چەند ساڵ پێش لە زمانی کەسێکی باوەڕ پێکراو بیستم کە بەداخەوە هەمان ڕۆژ کە قەرار بووە شەو تودەییەکان تێرۆڕ کرێن بە جۆرێک بە کوڕە دەوڵەمەندەکان دەگوترێ کە شەو لە ماڵێ نەمێنن بەڵام گرووپی تێرۆڕ ئەوە بە مستەفا ناگەێنن. مستەفا کوڕە هەژار بوو و کوژراباش بۆ سازمانەکان گرینگ نەبوو. ئەوان خۆیان بە نوێنەری چینی هەژار دەزانی بەڵام لە هەژاران نەدەترسان. مەبەست ئەوە نییە کە دەبا کوڕە دەوڵەمەندەکانیش تێرۆڕ کرێن. نا تێرۆڕ هێندە کارێکی دزێو و دژ بە ئەخلاقی سیاسییە کە قەت نابێ دووپات بێتەوە. بەڵام لە هەلوومەرجی نابەرامبەردا دیسان ئەوە چینی هەژارە کە زیاترین خەسارەت دەبینێ. مەگەر هەر ئێستا لە بەرەکانی شەڕدا منداڵی هەژاران، هەزار هەزار شەهید نابن؟

دووهەم کەس کاک جەعفەر کەڕووبی وێڕای براکەی کاکە عەلی کە کارگەر بوو (کاک عەلی هەر ئەسڵەن سیاسی نەبوو). کاک جەعفەر پێشمەرگەی لاو و ئازای حیزب بوو بەڵام بە هۆی لایەنگری لە کۆنگرەی چوار وێڕای براکەی لە مانگی ٧ی ١٣٥٩دا تێرۆڕ کران و دایکێک و دوو خوشکی بێکەس و بێدەرەتان بۆ بازی بێڕەحمی زەمانە تەنیا

مانەوە. زۆر جار بیر لەوە دەکەمەوە ئایا ئەوانەی لە ناو حیزبدا وەکی دەڵێن "بێ دەستوور و سەرەڕۆیانە بڕیاری ئەو تێرۆرەیان داوە" قەت بیریان لەوە کردەوە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان کاک جەعفەر دەیتوانی کەسێکی گەلێک قارەمان بێ؟ خۆ ڕەنگە هەر ئەوەش دەلیلێک بێ کە ئینسانە بەتواناکان دەبێ لەناو بچن تا جێگە بۆ هێندێک کەسی دیکە خۆش کرێ. ئاخر کاک جەعفەر لاوێکی هەتا بڵێن کوردپەروەر و بە بەهرە بوو.

*سێهەمین* و گرینگترین دەرسی ئەو دەورانە بۆ من ئەوەیە کە کورد نەتەوەیەکی بێکەسە و هاوکات لەناوخۆشیدا نەحاواوە. ڕێبەرانی ئێمە بە جێگای ئەوە یەکگرتووبن و ڕیزی هێزەکانیان پتەو بکەن تا بەلەمی پڕ لە برینمان بە کەنارەکانی ئارامی بگەیێنن بەداخەوە تا ئێستاش لە هەموو شت دەچن جگە لە ڕێبەری نەتەوەیەکی زوڵملێکراو.

نووسینەوەی ئەو دەورانە پێویستی بە "گابریل گارسیا مارکز"ێکە تا بە ڕیئالیسمی جادوویی خۆیی بینووسێتەوە. ئەو دەورانە ئەوەندی دوژمنێکی کینەیی وەک خومێنی قەڵاچۆی کردین، ئەوەندەش خۆمان ستەممان دەرحەق بە یەکتر کرد. ڕژێم ویستی لە خوێندا نوقممان بکا و بۆخۆشمان وێکمان هەڵنەدەکرد. ڕاست وەک ئێستا.

بەڵێ خۆشەویستەکەم، بریا ئێستا من ئەو باڵندەیە بام کە شاخە زێتونی ئاشتیم لەم ترووپک بۆ ئەو ترووپک دەبرد. بریا ئەو دەشتی گەنمە بام کە ئەسپی شاسواران بەسەرمدا تێپەڕ دەبوون. بریا ئەو کانیاوە بام دەرژامە ناو قومقومەی ئاوی پێشمەرگەیەک. تەنیا بە یەک مەرج کە وێکمان هەڵکردبا و یەکگرتوو باین. من ئامادە بووم زەوی هەمووتان بە نینۆکەکانم بکێڵم تا تۆوی خۆشەویستی نیشتمان تێیدا نەشونەما بکا.

ئێستا دڵتەنگ و خەمۆک لە گەڵا وەریووەکان دەڕوانم و ئاسۆی مانگ و ساڵی داهاتوو زۆر ڕوون نابینم. ئێستا لە زەردەپەڕی ژیاندا مام هێمن گوتەنی هێستاش "چاوم لە سامڕەندە". لە تەنیایی تاراوگەدا گیانم هەپروون بە هەپروون دەبێ و هێستاش پێموایە ڕێژنەیەکم لێبدا، "هێمن" ئاسا "بەرەو ژوان دەبمەوە"، بەڵام نە کاریزمایەک هەیە و نە هەستێکی هێندە بەهێزی نەتەوەیی تا ئەو بەلەمە بگەیێنێتە کەنار.

دەنووسم. با هەر نەبێ بە نووسینەوەی هەستەکانم بەلەمی شکاوی ڕوحم بگاتە کەناری ئارامی.

وێنەکانی سەرەوە:

١- شەهید جەعفەر کەڕووبی و خوشک و دایکی.

٢- شەهید سەرگورد عەبباسی.

٣- شەهید سەروان چەڵەبی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات تایمز - ڕێکەوتی: ٣٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦

## لە ژێر کاریگەری هیچگەرایی بکت

*"ای کاش می شد باز شوند، این کلمه های کوچک، باز شوند و مرا ببلعند."*

ساموئل بکت، متن هایی برای هیچ.

ئێستا کە مەرگ دەوروەمانی تەنیوە بیرلە هیچ ناکەمەوە، نە لە حیزبەکان، نە لەوانەی بەدوای دەسەڵاتدا دەجەنگن، نە لە نیشتمان، نە لە ئەشق. یا لە ڕاستیدا ئەوەی بیری لێدەکەمەوە تەنیا "هیچ"ە و هیچیتر.

"هیچ" بۆتە ناوەندی بیرکردنەوەم. ئێمە لە "هیچ"ەوە دین و بەرەو "هیچ" دەڕۆینەوە. لە سووڕانی پەڕەڤوویەک لە نێوان ئەو دوو "هیچ"ەدا هیچ شتێک مانایەکی ئەبەدیمان ناداتە دەست جگە لە خودی "هیچ".

تا دوێنێ لەگەڵ هەر شەهیدێک دەمردم، لەگەڵ هەر خەیانەتیک بە نیشتمان دەمردم، لەگەڵ هەژارانی برسی دەمردم، لەگەڵ تەواوبوونی هەر ئەوینێک دەمردم، لەگەڵ هەر ژنێکی ژێردەستی داعشەکانی زەمانەدا دەمردم.

ئێستا دەزانم کە لەمێژ ساڵە مردووم، هەر ئەو کات کە شەهید مانای خۆی لەدەست دا، هەر ئەو کات کە خەیانەت لە نیشتمان کرا، هەر ئەو کات کە هەژاران برسی کران، هەر ئەو کات کە پاسدارە داعشەکان دەستدرێژییان کردە سەر هەووڵ ژنی زیندانی، هەر ئەو کات هەووڵ ئەوین مرد.

هەر ئەو کات زانیم کە نە حیزبەکان گەل و نیشتمانیان بۆ گرینگە، نە خائینەکان وەخەبەردێنەوە، نە زەگزلەکان بیر لە هەژاران دەکەنەوە، نە دواعش دەبنە بەشەر، نە کەس بە ئەوین وەفادارە. بەدوای مەرگی جوانییەکان ئیدی بیرم لە هیچ نەکردەوە. "هیچ" بوو بە ناوەندی بیرکردنەوەم. "هیچ" وای کرد کە هیچ بیرێک نەتوانێ ڕامکێشێت و بکماتە کۆیلەی خۆی و هیچ ئەوینێک نەتوانێ برینداری کات.

هیچ وای لێکردم ئیدی چاوەڕوانییەکانم لە گەل، نیشتمان، حیزب، ڕووناکبیر و خۆم تەواو بێ. ئیدی ئیستا چاوەڕوانی "مانا" نیم و دەزانم هیچ ناگۆڕدرێ چونکە چاوەڕوانی مانای نییە.

بەڵام هەمیسان چاو و هیچ تێکدەئاڵێن و پێموایە کە دەبێ شتێکی تازە بقەومێ و هیچێک ببێتەوە ناوەند و لە هیچەوە بە "هەموو" بگەین. هەموویەک پێکهاتوو لە هەموو هیچەکان بەرەو نیشتمان، پێشمەرگە، هێز، ئەوین. دیارە ئەو کاتیش ڕەنگە هیچ شتێکی وا نەگۆڕدرێ جگە لە وەدیهاتنی هومێدێک. ئەوسا هەموو دەبنەوە مێرگ و کەرویشکە دەکەن، هەموو دەبنەوە دەست و سەما دەکەن، هەموو دەبنە هێز و وەگەڕ دەکەون و هەموو هەر چی هیچە مانا دەکەن.

من چاوەڕوانیم لە هیچە و هیچ چاوەڕوانە. چاوەڕوانی و هیچ بوونەتە هومێدێک لەسەر بناخەی هیچ.

ئێستا بیر لە بێکت دەکەمەوە....

## ٢

### ئێستا بیر لە نیشتمان دەکەمەوە!

ئەوسا دوای کار شەکەت دەرگا دادەخەم و بە لۆژە لۆژ دەڕۆم تا لەناو بیرەکانم دا بخنکێم، ئەوسا کە وژەوژەی قەتاران دادەسکنێ، ئەوسا کە تاریکی بەسەر شاردا باڵ دەکێشێ، ئەوسا کە بەفر لە ژێر پێیان خەریکە ببێتە سوهۆڵ و کرمەی دێ، بیر لە نیشتمان دەکەمەوە.

نیشتمان چییە کە تەنیا هی هێندێکانە؟ ئەوانەی خەریکی بگرە و بەردە لەگەڵ یەکن. هەوای نیشتمان چ بوو کە بەشی بێگانانی کرد ڕۆڵەکانی خۆی نەبێ؟ خەتای "مەل بوو یا هێلانە"؟

ئێستا بیر لەوانە دەکەمەوە گۆڕغەریبن. بیر لەوانە دەکەمەوە نیشتمان دەبێتە حەسرەتێک کە پێوەی دەتلێنەوە و نەخۆشی "خەمی دوور لەزێد"ی دەیانکوژێ.

بیر لە نیشتمان دەکەمەوە؛ دەکرا دەستەکانی چەندە مێهرەبان با، برینی تیمار کردبا، وەکی شیری گەرمی دایک گیانی وەبەرنابایەن.

بیری نیشتمان هێندێ جار وەکی چاوگی ئاگر دەمسووتێنێ. خۆڵەمێش! هێندێ جار تورەم دەکا و دەمسووتێنێ. خۆڵەمێش!

هێندێ جار کاسم دەکا. بیر لەوانە دەکەمەوە ئەو هەموو فەلسەفەبافییە و ڕەخنە لەناو مێشکیان نەهات و نەچوو و بێپەروا و بێ چاوەڕوانی نیشتمانیان پاراست. ئەوان ئەویندارانی ڕاستەقینە بوون سەرەڕای دیتنی هەموو کەمووکوڕییەکان.

بیر لە "لە چاوەڕوانی گۆدۆ" دەکەمەوە. ئەوانەی چاوەڕوانن شتێ بقەومێ.
بیرلەوە دەکەمەوە بۆ ئەوە شتێ ڕووبدا و هەوای نیشتمان هی هەمووان بێ دەبێ بیر لە نیشتمان بکەینەوە....

سەرچاوە: وێبلاگی پەراوێزی بیر - ڕێکەوتی: ١٧ی نۆڤەمبەری ٢٠١٦

## خوێندنەوەی شارێکی ون لە نووسینی مریەم قازی

### دۆخی تاراوگە لە جیهانی خەیاڵدا

ڕۆژێک بوو ڕۆژێک نەبوو، ژنێکی نووسەر کە دەریایەک بیر و خەم ئاوێتەی ژیانییە و جیهان لە ڕۆانگەیەکی جیاواز دەبینێ، دەنووسێ:

"ڕۆژێک لە ڕۆژان کچێک کە فێر بوو بەیانان زوو لە خەو هەستێ، لە خەودا ماوە، کە وەخەبەرهاتەوە دیتی کەس لە ماڵێ نەماوە..." و نووسەر لە ڕێگای هەوەڵین وشەکان دەمانخاتە جیهانی حیکایەت و سیمبۆلەکان.

لە چرکەساتی یەکەمدا بە "ڕۆژێک لە ڕۆژان کچێک..." خوێنەر وا هەست دەکا ئەوە شەوێکی زستانە و لە ژێر کورسی دانیشتووە و لە دەرێ بەفر دەبارێ و گوێی بۆ دەنگی دایکێکی مێهرەبان هەڵخستووە تا خەوی لێبکەوێ. بەڵام کەمێ دواتر دەردەکەوێ حەکایەتی شارێکی ون لە چیرۆکی پەری دەریاییەکان یا هەزار و یەک شەوی شەهرزاد ناچێ و مەبەستی نووسەریش لە نووسین پەندێکی ئەخلاقی نییە. بۆیە زوو ئەو پرسیارە دێتە گۆڕ کە کارەکتەری سەرەکی "کچێک کە فێر بوو بەیانیان زوو لە خەو هەستێ" کێیە و بۆ ون دەبێ؟ تێمی ئەو کورتیلە چیرۆکە چییە؟ پیرێژن و پیرەپیاوەکە و... کێن؟

ئەگەر لە حیکایەتە کلاسیکەکاندا کێبەرکێی نێوان خێر و شەڕە و لەئاخردا قارەمان دێوزمەکە دەکوژێ و خێر سەردەکەوێ، ئەگەر قارەمانی کچی ناو جیهانی "سفیدبرفی و سیندریلا" دوای سەفەرێک لەگەڵ شازادەیەک دەگەڕێنەوە، ئەوە لە شارێکی ون دا لەگەڵ جیهانێکی سێحراوی و پڕ لە ڕاز ڕووبەڕۆین. شارێک کە بە گوێرەی مەلی ناو چیرۆکەکە "شارێکی سەمەرەیە، لە پشت هەر شتێکەوە بۆشاییەک هەست پێدەکرێ، کات و شوێنێکی دیاری کراوی نییە"، و هەر ڕۆژە یەکێک لە خەو هەڵدەستێ و واهەست دەکا هەموو کەس و کاری ون بووە.

ڕەنگە پێمانوابێ کە نووسەر تەنیا کایە بە خەیاڵ دەکا و چۆتە شاری حیکایەتەکان تا دوای هێندێک گەمەی خەیاڵی کچە ونبووەکە بگەڕێتەوە و بنەماڵەکەی ببینێتەوە، بەڵام کاتێک ورد دەبینەوە، چیرۆکەکە دەمانباتە سەر چوارڕێیانێک، هەرچۆن کچە بچکۆلانەکە دەکەوێتە سەر چوارڕێیانێک و ئەو پرسیارە دەخوڵقێ کە شارێکی ون کوێیە؟ ئایا ئێمەی خوێنەر لەو دەقەدا خۆمان دەدۆزینەوە و دەکرێ لەو شارەڕا هاتبین؟ (١) با چیرۆکەکە سادە بکەینەوە و بزانین لەناو دنیای خەیاڵ دا چ دەقەومێ:

کچێک بەیانییەک درەنگ لە خەو هەڵدەستێ و دەبینێ دایکی، بابی، هەشت خوشک و برای نەماون. دوای ماوەیەک چاوەڕوانی بە دڵەکوتە دەڕوا و بەدوایاندا دەگەڕێ بەڵام ون دەبێ. لە ڕێگای گەڕان بەدوای بنەماڵەدا لە هێندێک کەس و بوونەوەر پرسیار دەکا تا بزانێ کەس ئەوانی دیوە، بەڵام کەس وڵامێکی وای ناداتەوە، هێندە نەبێ کە هەموو هەر بیستوویانە کە ئەوان بەوێدا تێپەڕ بوون. ئەو خەڵکە بۆخۆشیان سەرگەردان و ونن. شەو بەسەر دادێ

و لە کاتی گفتوگۆ لەگەڵ مەلیک کە زۆر شت لەبارەی شاری کچەکە دەزانێ و بەسەر شاری کچەکەدا فڕیوە، کچەکە باسی ئەوە دەکا کە ئەو بە ڕاستی بنەماڵەیەکی هەیە و باسی باوکی دەکا کە "دەریایەکی بێبنی بێدەنگە و قەت نەیتوانی لێی تێبگا". کچەکە دوای گێڕانەوەی بەسەرهاتەکان لە زار باوکی خەوی لێدەکەوی. کە لە خەو هەڵدەستێ هەموو ون بوون و کەس لەوێ نەماوە. بەمجۆرە ڕاوی دەمانباتەوە بۆ ڕستەکانی سەرتای شارێکی ون ١ و یا زۆر پێشوتری مێژوو کە چەند خۆشەویستی لێ ون دەبن. دواتر دەبینین باڵندەکەش نەماوە بەڵام دوو کرمە شەبتابەکە، نیشانەی زەڕە هومێدێک لە تاریکیدا، ڕێگای نیشانی کچەکە دەدەن.

ئەو حەکایەتە چی مەبەستە؟ بۆ کچە ون دەبێ و ژنێکی پیر خەریکە گوڵە ئەتلەسی ژاکاو دەفرۆشی؟ ئەو پیاوە پیرە بۆ هەر پێڵاوەکانی خۆی چاک دەکاتەوە؟ قولاپی ماسیگرتنی ئەو پیاوانەی دەم چۆماوێکی لێڵ لەباتی ماسی بۆ زبڵیان پێوە دەبێ؟ لە بەشی ١دا بۆ دایکەکە لە خۆشترین کاتدا کە هەموو منداڵەکان لەلای کۆبوونەتەوە کۆچ دەکا؟ بۆ ئەو شارە بۆشایی دەوری گرتووە؟ شارێکی ونی ١ و ٢ جیاوازییان چییە؟

وەک خوێنەرێکی ئاسایی دەتوانین بڵێین لە شارێکی وندا لەگەڵ چەمکێکی زۆر بەرفراوانتر و قوڵتر لە "حەکایەت" ڕووبەڕووین. دڵەکوتەکانی کچێک کە دایک و باب و هەشت خوشک و برای لێونبووە و کەس لەو شارە بۆشەدا پێی ناڵێ ئەوان بۆ کوێ چوون، ئەو پرسیارە دێنێتە گۆڕ ئاخۆ ئەوە هەر خودی ئێمە خوێنەر نین کە لە خۆشەویستەکانمان دەگەڕێین؟ ئەوە تاکەکانی هاوتەمەنی نووسەر نین کە بەم جیهانەدا بڵاو بوونەتەوە؟ لە ڕاستیدا شارێکی ون ١ و ٢ هاوکات و هاوشوێنە و قارەمان لە پانتایی ئەم جیهانی خەیاڵییەدا لەم سەر بۆ ئەو سەری دێت و دەڕوا، تاراوگە بێ یا نیشتیمانێکی بۆش و ئەسیر، هەموومان تێیدا وێل و ئاوارە و ونین. ون لە بۆشاییەکانی کات و شوێندا، بەدوای خۆ دیتنەوە و بەدوای نیشتمان دا دەگەڕێن، و ئەوانی ناو زێدیش حەسرەتی ئەوەیان هەیە کە هەر نەبێ بە مەرگی خۆیان کۆمان بکەننەوە و ڕۆژێک بگەڕێینەوە. ئەو ئازیزانەی چاو لە دەرگا بەرەو دنیای مەرگ دەفڕن، ئەو دایک و بابانەی منداڵەکانیان لە شارەکانی جیهان دا بلاون و بە حەسرەتی دیدارێک سەردەنێننەوە. هەر بۆیە کچەکە وای لە بیرە "شەوێک، یان لەوانەشە ڕۆژێک هەموویان لێک خڕ بوونەوە، نیشان بەو نیشانەی هەر یەکە دیارێکیان هێنابوو، کاکم شینترین ئاسمان، براکەی دیکەم خۆشترین ئاوازی جیهان و خوشکەکانیشم گوڵ و سەما و پێکەنینی کریستاڵی و دایکیشم لە خۆشیان بۆ هەمیشە بێدەنگ بوو...."

شکاندنی کۆدەکان لە شارێکی ون دا کارێکی هاسان نییە و ڕەنگە هەر کەس ئەو کۆدانە بە جۆرێک تەعبیربکا.

بەڵام بۆ كەسێك هەواڵەكانی مانگەكانی ڕابردووی بیستبێ دەزانێ ڕۆژێك لە ڕۆژانی زۆر دوور، كچێك كە پڕ بوو لە ژیان و چالاكی و بەیانیان زوو لە خەو هەڵدەستا، بە هۆی دیكتاتۆری و بۆشایی شار، بەدوای شەهیدبوونی برا و كەوتنی یاران لە زیندان، ناچار دەبێ ڕێگای تاراوگە هەتا زۆر دوور، هەتا ئەو سەری دنیا بگرێتە بەر. بەڵام تاراوگە بۆ كەسێك كە بەردەوام هەناسەكانی لە پەراوێزی لێدانی دڵی نیشتماندا، بەمانای دابڕان هەر نەبێ لە جیهانی خەیاڵدا نییە. ئێمە هاوتەمەنەكانی نووسەر، خوشكی نووسەر، خودی نووسەر لە دوای دەورانێكی شوم، چ لەناو وڵات و چ لە دەرەوەی وڵات بەردەوام لە تاراوگەدا ژیاوین و بەدوای یەكتردا دەگەڕێن. تاراوگە بۆ ئێمە شوێنێك نییە بەڵكوو دۆخێكە، دۆخێكی ڕوحی سەخت و تەنیا. لە زێد بێ یا لە هەندەران.

لە سەر ڕێگای كچی قارەمانی چیرۆكەكەمان ژن و پیاوێكی پیر لە سەر چوارڕێیانێكن بەڵام نازانن بنەماڵەی كچەكە بۆ كوێ ڕۆیشتوون؟ بۆ چوارڕێیانێك؟ مەگەر نە ئەوەی نیشتمانی ئێمە بەسەر چوار وڵاتدا دابەش كراوە و نازانین كام ڕێگا بەرەو ڕزگاری و ئازادیمان دەبا؟ یان ئەو گوڵە ئەتڵەسییانە چمان پێدەڵێن؟ مەگەر نە ئەوە ژنانی بەرەی پێشوو هومێدیان بوو كە خۆیان و كچەكانیان، گوڵە ئەتلەسییەكان، هەمان گوڵ كە كچی ناو چیرۆكەكە لە حەوشی خۆیاندا هەیانبوو و خۆشی دەویست، بخەمڵێن؟ بەڵام گوڵەكان ژاكاو بەسەر دەستی پیرێژنەكەی سەر چوارڕێیانەكەدا دەمێنێتەوە. ڕەنگە ئەوگوڵ و پیرێژنە نوێنەری هەموو ژنانی كورد بن كە لە جەوانیدا بە جێنۆساید و ئەنفال، یا بە خەمی لەدەستدانی شەهیدان و منداڵەكانیان زۆر زوو پیر بوون، یا نەوەی ئێستا كە بەردەوام بەدەست داعش، داگیركەران و یا لە تاراوگە دەژاكێن.

لە وڵاتێك كە هەموو هێزەكان هەرز دەبن و ئینسانەكان ئەزموونەكانی خۆیان تەنیا بۆ پینەكردنی پێڵاوی خۆیانە نە زیاتر، لە وڵاتێك كە سیاسەتێكی لێڵ هیچی جگە لە زبڵ بۆ خەڵك پێ نییە، دیارە كەس ناتوانێ وڵامی پرسیاری منداڵێك بداتەوە كە بۆ بنەماڵەكەی ون بووە و ئەویش هەڵوەدا دەكا. سەرەڕای ئەوە بۆشایی و زیندانی شار هێندە دڵتەنگی خستۆتە دڵ و ڕوحی خەڵك كە هیچ ڕێگایەك جگە لە كۆچێكی بەرفراوان و ڕۆژانە نامێنێ. خەڵك دەستە دەستە كۆچ دەكەن و كەس نازانێ بە كام ڕێگادا و بۆ كوێ دەڕۆن. تەنانەت داوێنی پاك و مێهرەبانی دایك و بابان ناتوانێ پێشی ئەو كۆچە بگرێ.

بەڵام كۆچ و تاراوگە بە مانای لەبیركردنی خۆشەویستان نییە و لە هەندەرانیش یادی ئەتلەسییەكان و یادی هەشت خوشك و برا لە بازنەی خەیاڵدا بە شەپۆلی بیرەوەرییەكان بەرەو ڕابردوومان دەباتەوە:

"برایەکم حەزی لە ئاسمانی شین بوو و دڵی بەو ئاسمانە ئێڵە دەگیرا، خۆشکیکم حەزی لە گوڵە ئەتڵەسییەکانی حەوشەکەمان دەکرد و بەوەی کە ماوەییێک بوو هەر بە ژاکاوی دەکرانەوە خەفەت دایدەگرت، برایەکی دیکەشم دەنگ و ئاوازێکی پێبوو لە ڕەنگی هەناسە کە لە ژووری شارەکەماندا دەشکا، برایەکی دیکەم ئاشقی پێکەنین بوو و بەردەوام دەستێک بە نیشانەی بێدەنگ کردنی قامکی لێ لەسەر لێوی دادەنا، خوشکێکی دیکەم پەیکەرەی جوانی هەر لە سەرەتاوە بۆ سەما و چۆپی کێشان داڕێژرابوو و بە دەنگی تەقینەوە وەش جوانترین چۆپی دەکێشا بەڵام لە هەمووکاتدا دەیگوت ئەم مۆسیقایە ناڕێکە، خوشێکی دیکەم دەتگوت کریستاڵە دەدرەوشاوە کەچی هەر دەیانشاردەوە. دایکم و بابم ببوون بە داوێنێکی گەورە و هەموومانیان حەشاردەدا کە چی هەر نەدەکرا و هەرجارە یەکیان دەفڕین".

بۆ ئینسانی تاراوگەنشینی ناو زێد نووسین و بۆ تاراوگەنشینی هەندەران ڕەنگە تەنیا مەرگ بتوانێ فرسەتێک بڕەخسێنێ تا دووبارە لەگەڵ خۆشەویستەکانی کۆی بێتەوە. ئەوسا کە زیندووبوون لەناو وڵات بەحسی سەرە، حەکایەتەکان دەنووسینەوە. ئەوسا کە ناتوانین بە ئازادی بگەڕێننەوە نیشتمان، لە تاراوگە دەمرین تا جەستەمان بگەڕێتەوە. هەر بۆیە فەریبا یاکچەکەی ناو چیرۆکەکەمان "جەستەکەی دەسپێرێتە سەر باڵی سێ فڕۆکەی زەبەلاحی مرچ و مۆن و ڕوحەکەشی دەبێتە پەپوولە پاییزەیەک" و لە ئوستراليا ڕا دەگاتەوە لای مەزاری دایک و برای شەهید و باوەشی نیشتمان تا لە ون بوون و ئاوارەیی بێتە دەر و بحەسێتەوە. بەمجۆرە باوکی کە دەریایەکی بێبنە، چیرۆکی چەندەها ساڵ و چەندەها بەرە دەگێڕێتەوە. باری ئەو هەموو خەمەش، باری ژانی نیشتمان، باری گێڕانەوەی مەرگ لە تاراوگە و ژانی هیجر لە نووسینێکی کورتی چڕوپڕدا حەکایەتی شارێکی ونی مریەم قازی هەڵی دەگرێ....

----

١- خوێندنەوەی "جیهانی ڕۆمان" لە نووسینی دوکتور هاشم ئەحمەدزادە وەک سەرچاوەیەکی تێۆریکی بۆ تێڕوانین لە سەر جیهانی نووسین و خەیاڵ، کاریگەری لەسەر شکڵگیری ئەو نووسینەم بووە. واتە ئایا خوێنەر دەتوانێ خۆی لەناو دەقدا ببینێتەوە، شوێنی ڕووداو لە دەقدا بناسێتەوە و کات لەناو دەق دا چۆناوچۆن مامڵەی لەگەڵ دەکرێ. ئەو پرسیارانە و چەندین پرسیاری گرینگی دیکە لە "جیهانی ڕۆمان" دا وروژاون. جیهانی ڕۆمان، ٢٠١٥، سولێمانی.

سەرچاوە: وێبلاگی پەراوێزی بیر - ڕێکەوتی: ١٤ی دێسەمبەری ٢٠١٦

## خوێندنەوەیەكی نێوان دەقی Intertextuality سازی ناساز

### پێشەكی

چەند ساڵ پێش لە هەولێر لە كاتی خەڵات كردنی شاعیری پایەبەرز مامۆستا هێدی، شاعیر دەچێتە پشت بڵندگۆ و دەفەرمێ: دەڵێن مردوو كە مرد لینگی درێژ دەبێ، هێمن كۆچی كرد و لینگی هەر درێژ نەبوو. ئەو خەڵاتە دەبا درابا بە هێمن. هێمن دەبا چی دیكەی بۆ نەتەوەكەی كردبا تا قەدری گیرابا؟ (نەقڵ بە ناوەرۆك)

بە ڕاست هێدی گوتەنی هێمن دەبا چی دیكەی بۆ نەتەوەكەی كردبا زیاتر لە پاراستنی زمانی كوردی، ئاوارەیی و دەربەدەری لە پێناو سەربەرزی نیشتماندا، جێخستنی بیرۆكەی ئینسانگەرایی، ئازادیخوازی و داد، خەملاندنی هەستی نەتەوەیی، نرخدانان بۆ ژن و كەرامەتی و پاراستنی مافی ئینسانی ئەو؟ ئایا ئەمانە بەس نەبوون بۆ گەورەیی هێمن؟

سەرەڕای ئەو پرسیارە دڵم بەوە خۆشە كە هێمن لەو شاعیرانەیە ئەگەرچی ئێلیتی سیاسی ئەو جۆرەی كە دەبا قەدریان نەگرت و تا زیندانی حیزبیش ڕۆیشت، بەڵام لەناو كۆمەڵانی بەرینی خەڵكدا هەمیشە خۆشەویست بوو. ڕازی ئەو خۆشەویستییەی لە لای ژن و پیاو، گەنج و پیری كورد چییە؟ ئەو پرسیارە دەكرێ زۆری لەسەر بوترێ، بەڵام ئەم نووسراوەیە جێگای ئەم باسە نییە. تەنیا ئەوەندە دەڵێم كە هەر ئەو خۆشەویستییە بۆتە هۆی ئەوە زۆر شێعر و هەڵبەستی هێمن سینە بە سینە لەبەردەكرێن و لە خۆشی و ناخۆشیدا، بە بزە و فرمێسك دەگوترێنەوە. هەموو نیشتمانپەروەرێك، هەر نەبێ هەر تاراوگەنشینێك، كە بیر لە خاك دەكاتەوە بەدڵنیاییەوە "ئەمن ئەی نیشتمان تۆم هەر وەبیرە"ی دێتەوە یاد.

ئەگەر هێمن هیچ شێعری دیكەی بێجگە لە تۆم هەر لەبیرە، ناڵەی جودایی، عیشق و ئازادی، ئێوارەی پاییز، فرمێسكی ڕنوو و سازی ناسازی نەگوتبا بەڕای من دیسانەكە دەیتوانی بەو چەند شێعرە لە ڕیزی شاعیرانی گەورەی كورددا جێی خۆی بكاتەوە. كەم نین ئەوانەی كە تەنیا بە چەند گۆرانی، چەند شێعر، چەند وێنە ناوی خۆیان بۆ هەمیشە لە ناو كولتووری نەتەوەكەیان تۆمار كردووە.

بابەتی سەرەکەی ئەم لێکۆڵینەوەیە سازی ناسازە. شێعرێکی کورت، بە کەمترین ئاراێش و تیفتیفەی ئەدەبی. شێعرێکی کورت، بەڵام هەڵگری زیاترین پەیام لە ڕێگای نیشانە و وێکچوون.

ساڵی ٢٠٠٧، لە لێکۆڵینەوەکەی خۆم لە کاتی دەرس خوێندن بۆ ماجستێر لە زانکۆ لەسەر شێعری ناڵەی جودایی هێندێک بابەتم لە ناڵەی جوداییدا وروژاند بەڵام هەمیسان پێموایە کە لەناو شێعرەکانی هێمن دا سازی ناساز (١٩٧٥)، هەشتەمین شێعر لە دیوانی ناڵەی جودایی، (١٩٧٩، بەغدا، لاپەرەی ٤٠ تا ٤١)، لە بەراورد لەگەڵ شێعرەکانی دیکەی شاعیردا دەکرێ بگوترێ کە سەرەڕای کورت بوونی، کامڵترین شێعری شاعیرە. دیارە بە ڕای تاکەکەسی خۆم جوانترین شیعری شاعیریشە. لەم کورتە نووسینەدا هەوڵدەدەم زیاترین باسم لەسەر "تەواو - کامڵبوون"ی سازی ناساز بێ و زیاتر لەگەڵ خوێنەرانی ئەم بابەتە دیالۆگ بکەم.

بۆ هەڵسەنگاندنی شێعری سازی ناساز بیرم لە زۆر مێتۆد کردەوە تا بە باشترین شێوە پەیام و ناوەرۆکی ئەو شێعرە بناسین. سەرئەنجام شیاوترین مێتۆدی خوێندنەوە بۆ ئەم شێعرە، خوێندنەوەیەکی ئینتێرتێکستوال - بینامتنی- فەلسەفی - فێمینیستی بە شیاو دەبینم.

لەسەر چەمکی جوانی ساخبوونەوەیەکی یەکلاکەرەوەیی نییە و ئەو چەمکە لە ئێستێتیک - جوانناسیدا زیاترین مشتومڕی لە سەردەمی باستانەوە هەتا ئێستا لەسەرە. ئەگەر لە لای فەیلەسووفەکانی ئانتیک شێعر دەبا نمایشێکی موزیکاڵی با ئەوە لە دنیای فەلسەفی ئەفلاتوون بەرەو "اعلا" ڕۆیشتن گرینگ بوو. ئەفلاتوون پێیوابوو کە بۆ هەر شتێک کە لە جیهانی زەمینیدا دەیبینین ئیدەیەک لەوبەری جیهان هەیە. ڕەنگە ئەوە بۆ شێعر بە جۆرێک ڕاست بێ کە شێعر لەوبەری ژیانی ڕۆژانەی شاعیرەوە واتە لە خەیاڵەوە دێ و دواتر لە ڕێگای زمانەوە فورمولە دەکرێ، بەڵام لە بیرمان نەچی کە بە پێی دەروونشیکاری و پسیکۆئانالیتیکێرەکان ئەزموونەکانی ژیان بەشێکی هەرە گرینگی دەقەکانن. دەق ڕەوانی شاعیرە، یان ڕەوان دەبێتە دەق.

جوانی چییە؟ شێعری جوان چییە؟ ئەو پرسیارانە تا ڕادەیەی زۆر وڵامەکەیان ڕێژەییە. ئەو دەقەی لای خوێنەرێک - کەسانێک جوانە، ڕەنگە لای تاک - گرووپێکی دیکە لە بەراورد لەگەڵ دەقێکیتر، یان هەڵسەنگاندنی هەمان دەق جوان نەبێ. ڕەنگە هەر کەس چەند شێعرێکی شاعیرێکی پێ جوان - جوانترین بێ لە کاتێکدا کەسانی دیکە شێعرێکیتریان پێ باشترین شێعری شاعیر بێ. زەوق و سەلیقە، باکگراوندی ئەدەبی، توانایی هەڵسەنگاندنی دەقی

ئەدەبی، خوێندەواری و هتد دەتوانن لە هەڵسەنگاندنی خوێنەر وەک سابجێکتی چالاک ڕۆڵ بگێرن. ئیدی لەوە گەڕێ کە هێندێک خوینەر و ڕەخنەگر بە پێی "با" و نرخی ڕۆژ دەق - شاعیریان خۆش دەوێ، یان خۆش ناوێ و بەو پێیە بڕیار لەسەر دەق دەدەن. دیارە ئەو جۆرە لە بڕیاردانە ناتوانێ تا سەر بژی، چونکە هەمیشە کەسانێکی دیکە پەیدا دەبن تا دوبارە دەقەکان بخوێننەوە و دوبارە مانایان بکەنەوە.

سەرەڕای ئەمانە، ئەوی ئەمڕۆ جوانە ڕەنگە دوێنێ جوان نەبووبێ هەر چۆن ژنانی سەدی١٧ بە هۆی لەشولاری قەڵەوە جوان پێناسە دەکران و ئەمڕۆ کەمەری ناسکی شل باوە. ئەگەر تا دوێنێ "سینگی دەڵێی بەفری کوێستانە" بە جوان دەدیترا ئەمڕۆ خەڵک پارە دەدەن کە پێستیان برۆنزە بکەن. بەڵام یەک شت لە ڕەوتی مێژوودا بەردەوام گرینگ بووە: ئێمە بۆ ناسینی زۆر چەمک دەگەڕێنەوە سەردەمی باستان، بۆ جوانییەکەی ئادۆنیس ئەو کات خودایان بەردەوام دەستەویەخە بوون تا دەسەڵاتی خۆیان بپارێزن. کەواتە ئێمە بەردەوام ئاوڕ لە ڕابردوو دەدینەوە، بەدوای جوانیدا دەگەڕێین تا هەستی پێبکەین، دوبارە فۆرمی پێبدەین و دوبارە مانای بکەینەوە.

## ٢- تیۆری و میتۆد

جولیا کریستێڤا پۆست ستروکتورالیست لە ساڵی ١٩٦٦ چەمکی "ئینتێرتێکستوالیتی" هێنا ناو زانستی ئەدەب و لینگویستیک - زمانەوانی بۆ خوێندنەوەی دەق - ڕەوان. بە ڕای کریستێڤا هیچ دەقێک بە تەنیا بوونی نییە و هەموو دەقەکان لە پەنای یەکتر، لەناو یەکتر، بەدوای یەکتردا لە پێوەندیدان. دەق لە هەلومەرج - کۆنتێکستدا دەنووسرێ و هەمیشە دەکرێ لەگەڵ دەقەکانی دیکەدا بەراورد بکرێ. لە ڕوانگەی جولیا کریستێڤاوە دروست بوونی سابجێکت و خودی شاعیرانە لە دیالۆگ لەگەڵ دەقەکانی دیکەدا دەخوڵقێت و کاریگەری دەقەکانی پێشتر و سەردەمی لەسەرە.

ئەگەر ئەو تیۆرییەی کریستێڤا بۆ خوێندنەوەی دەقەکان بەقەرز وەرگرین بەمانای ئەوەیە کە هەر دەقێک کارتێکەری دەقەکانی تری لەباری ڕوحی، ڕەوانی و کولتووری لەسەرە. واتە لە نێوان دەقەکاندا دەقی تازە شکڵدەگرێ. هەموو دەقێک وەک پۆلیفۆنییەک لە دەقی جۆراوجۆر، ئەو ئیمکانە بە دەنگی شاعیرانە دەدا کە ببێتە شاهیدی مێژوویی.

هەروەها بەڕای کریستێڤا زمان هێترۆژێنە و هەڵگری تایبەتمەندی هەر دوو جنس، واتە خود نەک لە ناو نەزمی

زمانی و كولتووردا، بەڵكو زووتر لە پێوەندی سێمیۆتیكی نێوان دایك و منداڵ دا دروست دەبێ. ئەو كات كە منداڵ لە زگی دایكیدا گوێ لە ڕیتم و دەنگی دڵی دایكە. خودی شاعیرانە خودێكی ئاڵۆز و لەگۆڕاندایە و زمان بۆ شاعیر تەنیا سیستم و هێما نییە، بەڵكوو هەڵگری جەستەی دایكانە، سێمیۆتیك/ ڕەمزیشە كە بەرانبەرە لەگەڵ سیستم. زمان تەنیا "دانش" نییە، بەڵكو هەست، ڕیتم، ئاهەنگ و گەرمایە. هەموو دەقێك وەرگێرانی ئەزموونەكانی سابجێكتە و ساختاری زمان و ڕەوان دەگۆڕێ. هەست، زایەڵە و ڕەمزی نێو دەق لە توخمی دایكانەیە و مانا دەدەنە دەق. شاعیر لە سیستمی زمان دێتە دەر و دەچێتە ناو دنیای ڕەمز.

### ٣- هێرمێنوتیك وەك میتۆدی خوێندنەوەی دەق

هێرمێنوتیك باس لە كردنەوەی تێكست - دیاردە دەكا بۆ دۆزینەوەی پەیام، نیشانە و مانای تازە. ئاندێش ئوولسۆن لەسەر ئەو باوەڕەیە كە وەڵامێكی تەیارمان بۆ دەق نییە. ئوولسۆن .Den Okända texten, Olsson 1998 ) وەكی گادامێر خوێندنەوەی دەق بە دیالۆگ دەبینێ. خوێندنەوەی دەق ئەگەرچی وەك بازنەیەكە، بەڵام ئێمە تەنیا گومانێك دەكەین. ئێمە پێوەندی و دژایەتی "گشت" و "پاژ - جزء" لە دەق دێنینە بەر ڕۆشنایی و لە دێر و بەشەكان - پاژ بەرەو مانای گشتی - كل دەڕۆین. كاتێك ئێمە دەقێك دەخوێنینەوە، هەوڵدەدەین كە بەرداشتێك هەڵێنجین كە ئەو بەرداشتە بە مانای بەرداشتی كۆتایی و تاكەخوێندنەوە نییە. هەمیشە ئیمكانی ئەوە هەیە كە مانای تازە بدۆزینەوە، بەتایبەت كە ئەو كەسانەی دەق دەخوێننەوە جیاوازن و پێشینەی جیاوازیان هەیە و بە توانایی كولتووری و پێشزێهنییەتێك كە هەیانە لە خوێندنەوەی دەقدا بەشدارن.

هێرمێنوتیك وەك میتۆدی لێكۆڵینەوەی دەق هەوڵ نادا بە حەقیقەتی ڕەها بگا، بەڵكو تەنیا مەودای تێگەیشتن و خوێندنەوەی دەق فراوانتر دەكا، چونكە مەجالی تێگەیشتنی جیاواز لە دەق هەمیشە هەیە. بەڕای ئوولسۆن خوێنەر دەبێ كاتی خوێندنەوەی دەق كۆنتێكست - دۆخی نووسەر ڕەچاوبكا. ئێمە هەرچەند لە لێكۆڵینەوەدا بمانەوێ بێلایەن بین، بەڵام دیسان وەك سابجێكت دەق دەخوێنینەوە و شیدەكەینەوە. (ئەو بەشە لە لێكۆڵینەوەكەی خۆم لە سەر ناڵەی جودایی ٢٠٠٧ ، وەرگیراوە.)

### ٤- شێعر لە ڕوانگەی Thomas Stearns Eliot

ئێلیوت (١٨٨٨- ١٩٦٥) لە "دەربارەی شێعر، ١٩٥٨" دا دەنووسێ لە شێعرێكدا دەكرێ پەیامی زۆر زیاتر لەوە

هەبێ کە شاعیر ویستویەتی باسی بکا. شێعر Social function/ کارکردی کۆمەڵایەتی هەیە و کاتێک باس لە کارکردی شتێک دەکەین بیر لەوە دەکەینەوە کە دەبا چ کارکردێکی هەبا نەک ئێستا چ کارکردێکی هەیە. دەتوانین بڵێین ئەگەر شێعرێک لە ڕابردوودا کارکردێکی نەبووبێ لە داهاتووشدا ناتوانێ هەیبێ.

ئێلیوت بەردەوام دەبێ و لە نێوان کارکردی گشتی و کارکردی تایبەتی شێعر جیاوازی دادەنێ. بەڕای ئێلیوت شێعر دەتوانێ ئامانجی ئاگاهانە و بە بەرنامەی هەبێ. لە فۆرمی سەرەتایی/ پریمیتیڤدا ئامانجەکە ڕوون بوو بۆ وێنە نمایشەکانی ئایینی زەمانەکانی دوور، یان سێرمۆنییەکانی یونانی باستان کە لەباری پراکتیکییەوە کارکردیان هەبوو. لە سەرەمی مودێرنی شێعردا ئەو کارکردانە بە شێوەیەک هەر ماون، بەڵام فۆرمی دیکەی نووسین بۆ هێندێک بوار زیاتر بەکاردێن. ئێمە دەتوانین بەردەوام باسی کارکردە جیاوازەکانی هەر کام لە شێعری فەلسەفی، سیاسی، پەروەردەیی، ئایینی، درامایی بکەین، بەڵام باسی کارکردی شێعرمان دەورلێدابێ و باسمان نەکردبێ. هێندێک جار خەڵک شکیان لە شێعرێکە کە ئامانجێکی تایبەتی هەیە و دەڵێن ئەمە شێعر نییە، ڕەنگە دێڕێکی زۆر خەراپ بۆ ماوەیەک بتوانێ لەلای خەڵک گرینگ بێ، بەڵام شێعری ڕاستەقینە تەنیا بۆ ماوەیەک لە لای خەڵک زیندوو نییە، بەڵکو دواتریش هەر دەمێنێتەوە.

بەڕای ئێلیوت هەموو گەلێک دەبێ شێعری خۆی هەبێ، چونکە شێعر مانایەکی تایبەتی بۆ کۆمەڵگا هەیە، تەنانەت بۆ ئەوانەی شێعریان خۆش ناوێ. ئەگەر لە قوتابخانە ناچاربێ بە زمانێکیتر دەرس بخوێنی، بەڵام فێر نەبی بەو زمانە هەستەکانت باس بکەی ئەوە زمانەکەیتر فەرامۆش نەکراوە و لە ڕێگای شێعرەوە دەگەڕێتەوە، چونکە شێعر زمانی هەستە. دەکرێ بیرێک بە زمانێکی دیکە وەک خۆی بنووسرێتەوە، بەڵام نەک هەست.

هەست لە ڕێگای زمانی خەڵکەوە بە باشترین شێوە دەردەبڕدرێ واتە زمانێکی هاوبەش. ڕیتم، پێکهاتە، ئاهەنگ لە زمانی هاوبەشی خەڵکدا خۆیان دەنوێنن. کاتێک باسی هەست لە شێعردا دەکرێ مەبەست ئەوە نییە کە شێعر نیاز و پێوەندی بە هزر، بیر و ئینتێلێکت نییە، بەڵکو مەبەست ئەوەیە کە دەربڕینی ئاگای ئینسانەکان بۆ قووڵترین هەستەکان لە ڕێگای شێعر و زمانی خۆیانە. ئەوەش بەو مانایە نییە کە شێعر تەنیا لە چوارچێوەی هەستدا دەمێنێتەوە.

ئەگەر شاعیرێک چەند خوێنەری جیدی لە سەردەمی خۆیدا هەبێ ئەوە لە داهاتووشدا هەر خوێنەری دەبێ. شێعر

لە درێژخایەندا بۆ زمان، هەستەکان، تاکەکەس، هەموو هاوولاتییەک، نەتەوەیەک، چ ئەوانەی شێعر دەخوێننەوە و شێعریان خۆش دەوێ چ ئەوانەی شێعر ناخوێننەوە گرینگە و کاریگەری هەیە.

کاریگەری شێعر لە سەر خەڵک ناڕوون و ناڕاستەوخۆیە و نیشاندانی سەختە، وەک فڕینی باڵندەیەک بە ئاسمانی شیندا کە دورتر و دورتر دەبێتەوە. شێعر کاریگەری هەیە لەسەر نەتەوە و و زمان و هەست. ئەو زمانەی ئێمە قسەی پێدەکەین لە ئاخریدا شاعیران بڕیاری لەسەر دەدەن. بەڵام ئەو قسەیە هەروا سادە نییە، چونکە کولتوور زۆر پێچوپلۆچترە لەوە و شێعر پێوەندی بە زمانی خەڵکەوە هەیە.

یەکەمین ئەرکی شاعیر ڕاگرتنی زمانە. شاعیر شتێکی جگە لە زمانی خۆی کە لە دەوروبەری قسەی پێدەکرێ نییە، ئەگەر زمانەکە لە پێشکەوتندا بێ ئەوە بە قازانجی شاعیرە ئەگەر نا شاعیر دەبێ هەوڵبدا باشترین کەڵک لە زمان وەربگرێ. شێعر دەتوانێ جوانی زمان ڕابگرێ، زمان وەپێش بخا و ببێتە کەرەسەیەکی دەقیق بۆ ئامانج. بەڵام زمانی خەڵک دوور لە نەتەوەکانی دیکە نییە. ئێلیوت پێیوایە کە ئەدەبیات لە باستانەوە هەتا ئێستا و کولتووره جیاوازەکان لەسەر یەک کاریگەرییان داناوە، تەنانەت یونانی باستان کاریگەری لە میسر و ئاسیا وەرگرتووە. کولتوور بە تەنیایی بوونی نییە. بە پێچەوانە لە ڕەوتی مێژوودا ئەدەبیاتی گەلان کاریگەرییان لەسەر یەکتر بووە و کەڵکیان لە یەکتر وەرگرتووە و فرەچەشنی ئەدەبیی‌یان دروست کردووە.
(Om Poesi. Stockholm,1958)

### ٥- شیکردنەوە

بۆ ئانالیز/شیکردنەوەی سازی ناساز لە میتۆدی هێرمێنوتیک کەڵک وەردەگرم. شیکردنەوە دێڕ بە دێڕ واتە لە "جزء - پاژ" بۆ "گشت - کل" دەبێ و پەیام و مانا شاراوەکانی ناو دێڕەکان دێنە بەر باس. دیارە ئەم خوێندنەوەیە حەقیقەتێکی ڕەها نییە و دەکرێ کەسانی دیکە بەرداشتی دیکە و تەنانەت دژبە خوێندنەوەی منیان هەبێ. بەرداشت - خوێندنەوەی سازی ناساز بەدەر لە دۆخ/کۆنتێکستی ژیانی شاعیر نابێ و منی خوێنەر هەوڵدەدەم خۆم بخەمە هەمان دۆخ - کۆنتێکست کە شاعیر شێعرەکەی تێدا نووسیوە.

کە باس لە دەق دەکرێ مەبەست هەم دەقی نووسراوەیی خودی مامۆستا هێمن و شاعیر - نووسەرانی دیکەیە و هەم

مێـژوو وەک دەق. تێکهەڵکێشــی دەقەکــان، کاریگەرییــان لەســەر یەک واتە خوێنــدنەوەیەکی نێــواندەقی یەک لە ئامانجەکانی ئەو نووسینەیە. ئینجا بەراوردێک لەگەڵ شێعرێکی پێشتری شاعیر نـالەی جودایی ١٩٧٤ دوهەمین شێعر لە دیوانی نالەی جودایی ١٩٧٩ دەکرێت.

هەر ئەو جـۆرەی لە پێشـەکیدا باسـم کـرد ســازی ناســاز لە ڕوانـگەی مـنەوە شـێعرێکی"تەواو"ە. بـۆ تەواوە؟ ئەو پرسیارەش لە چەند ڕوانگەی فەلسەفی، نەتەوەیی، دڵەکوتەکانی تاک و جێندێری وەڵام دەدرێتەوە.

## خوێندنەوەیەکی هێرمێنوتیکی

لە خوێندنەوەیەکی ئاسایی سازی ناساز دا دەتوانین بێژین کە شاعیر خەمۆک و تەنیـا لە بەغدایەکی گەرم، دوور لە یاران، لە ژێر دەسەڵاتی بەعس و دوور لە زێد دانیشتووە و هەستەکانی دێنێتە سەر کاغەز.(١) دیـارە هەر ئەم هۆیانە بۆخۆیان بە تەنیایی دەتوانن ببنە هەوێنی شێعرێک کە کـاریگەری ڕاستەوخۆ لەسەر خوێنەر دابنـێ، بەڵام کاتێک ئێمە هەڵبەستەکانی زۆربەی شاعیرانی کورد بخەینە نـاو دەقـی مێژوویی و بـارودۆخی کورد و بە قـووڵایی مێـژووی کـورددا ڕۆبچین دەبینین شێعری زۆربەیـان ڕاستەوخۆ کاریگەرییـان لە ڕووداوەکـانی سیاسی- کـۆمەڵایەتی وەرگرتووە. هەر بەو پێیە، ئەگەر ئێمە سازی ناساز بخەینە کۆنتێکستی کوردستان لە ساڵی ١٩٧٥ دەبینین ڕاستە کە ســازی ناســاز هەڵگـری توخمەکـانی ژیـانی واقعـی شـاعیرە، واتە دووری لە زێـد و شـاعیر دوور لە یـارانە و هەوڵـدەدا لە ڕێگـای دەقێکی ڕۆمانتیک و وێـنەی شێعرییەوە وێنەیەکـی "تـایبەت و تـاقـانە" لە "خـود"ی دەروونـی نمایش بکا بەڵام پێموایە کە ئەو خوێندنەوەیە بە تەنیایی حەقی خۆی بە یەکێک لە جوانترین شێعرەکانی هێمن واتە سازی ناساز نادا.

سازی ناساز هەشتەمین شێعری نالەی جودایی ساڵی ١٩٧٥ نووسراوە. لەو شێعرەدا بیـر، هەست و سروشتدا وا کە شاعیر بە "گێڕانەوە"ی دۆخی دەرونی خۆی خوێنەر ناچاردەکا هەنگاوێکی دیکە بۆ تێگەیشتن لە ئازارەکانی تاک و نەتەوە بهـاوێ. لێـرەوە دەق بـازنەیەک دروست دەکـا کە خـوێنەر و شـاعیر بەدوای یەکدا دەڕۆن و هەستەکانی شاعیر دەڕژێنە ناو دەمارەکانی خوێنەر. شاعیر بەم جۆرە دەست پێدەکا:

*بولبولی باڵشکاوی وەختی گوڵم*
*هەر شەپۆلان دەدا دڵی لەکوڵم*

*کوردی بەندیی بەیانی نەورۆزم*
*گڕی گرتووە دەروونی پڕ سۆزم*

بۆ شاعیر - بولبول(٢) باڵی شکاوە؟ بولبول کە دەبا لە کاتی بەهار و گوڵاندا بە دەنگە خۆشەکەی خوێنەر - گوێگری سەرمەست کردبا بۆ هەر لە سەرەتاوە دەست بە وێکچواندنی دەرونی خۆی بە بوونەوەر و سروشتێکی خەمۆک دەکا؟ بۆ "خود"ی دەرونی شاعیر لە بەرەبەیانی نەورۆزدا بە جێگای ئازادبوون بەندییە؟

هەروەک گوترا ئەم شێعرە ساڵی ١٩٧٥ نووسراوە و زۆربەی خوێنەران دەزانن لە مانگی ئازار - مارسی ١٩٧٥ شۆڕشی باشوور و بارزانی تووشی نەهاتی دەبێت و پەیمانی نێوان ئێران و ئێراق دەبەسترێ. بەس هەر ئەوە نا، لە دوای کۆماری کوردستان دیسان لە سەرەتای مانگی خاکەلێوە پێشەوای کوردان لە ڕۆژهەلات لە سێدارە دەدرێ.

ئەوەندەی ئێمەی کورد وەبیرمان بێ نەوروز و بەهاران کە دەبا تاکی کورد بە جلوبەرگی گەشەوە بە دەشت و دەردا بلاوببنەوە و هەڵپەڕکێ بکەن بە گشتی وەرزی خێرنەدیوی بۆ کورد و بۆ شۆڕشگێران بە تایبەتی وەرزی باڵ شکاوی بووە. شاعیر/بولبول لە نەست/ناخودئاگای خۆیدا ئەوە دەزانێ کە دوژمنان هەمیشە نەورۆزی کوردیان تێکەڵاوی فرمێسک و گریان کردووە. لە بەهار و نەوورۆز دا بەردەوام کورد بۆتە نیچیری داگیرکەران و پەیامی دڵتەزێنیان بۆ کورد پێ بووە.

ئەو دەقە - سازی ناساز بە قەولی ئێلیوت تەنانەت لە دوای ساڵانی ١٩٧٥ موعتەبەرە. بۆ مەگەر هەڵەبجە ١٩٨٨ و کۆڕەوی ١٩٩١ یش هەر لە بەهاردا ڕوویان نەدا؟ کەوایە لە سەد ساڵی ڕابردوودا گەلێک جار مانگی نەوروز بۆ کورد تێکەڵاوی کارەسات بووە و کاریگەری کارەساتەکان لەناو ڕوح و ڕەوانی شاعیراندا پەنگی خواردۆتەوە. خوێنەری کوردیش لە ساڵانی پێش و دوای ١٩٧٥ بگرە هەتا ئێستاش بەردەوام وێکچوون لەنێوان ئازاری خۆیان و شاعیران دا دەبینن. هەتا ئێستاش ئەوانەی پێیانوایە کە ڕۆژێک کورد دەبێ لە ژێردەستەیی ڕزگاری بێ بە تێکشکانی کورد لە هەر پارچەیەکی کوردستان هەست بە باڵ شکاوی دەکەنەوە. شاعیر/بولبول دەنگی هەمووانە. لە سەردەمی نەورۆز و گوڵاندا بولبول کە دەبا لەم چڵ بۆ ئەو چڵ فڕیبا و دەنگی خۆی بۆ گوڵان چریبا لە شکستی کورد تەنیا و پەککەوتە لە بەغدا دڵی لە شەپۆلی خەم دا دەکوڵێ.

**لەناو نەتەوەکانی دیکەش کەم نەبووە کە دیکتاتۆرەکان ڕاست کاتی شادی و خۆشی بەهاران ماڵە خەڵکیان وێران کردووە. هەروەک بڵێی دیکتاتۆڕ و داگیرکەران زۆر هوشیارانە هەرچی شادییە ڕاست لە بەهاردا لە خەڵکی دەستێننەوە. ئەوەتا چەند ساڵ دواتر ١٩٨٤ "هوشنگ ابتهاج" یەک لە گەورەترین شاعیرانی غەزەلنووسی فارس لە زیندانی جمهوری ئیسلامیدا دەنووسێ:**

## ارغوان

*این چه رازیست که هر بار بهار با عزای دل ما می‌آید؟*
*که زمین هر سال از خون پرستوها رنگین است*
*اینچنین بر جگر سوختگان*
*داغ بر داغ می‌افزاید*
*ارغوان پنجه‌ی خونین زمین*
*دامن صبح بگیر*
*وز سواران خرامنده‌ی خورشید بپرس*
*کی برین دره غم می‌گذرند؟*

**لە خوێندنەوەیەکی ئاساییدا دەکرێ بڵێن شاعیر/هێمن بۆ یارانی ناو زیندان دڵتەنگە، بەڵام دیسانەکە هەستی نەتەوەیی شاعیر و ڕەوانی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانی دورتر. ئەوکات کە شاعیر یاری وەفاداری پێشەوای کۆمار بوو. پێشەوا و یارانی لە ڕۆژانی نەورۆزدا بەندیین و ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوە لە سێدارە دەدرێن. ئەگەرچی ئەو شێعرە ١٩٧٥ نووسراوە، بەڵام بۆ ئێمەی خوێنەر لە ساڵی ٢٠١٦ کە شاهیدی دووپات بوونەوەی مێژووی دڵتەزێن بووین و دیتمان لە بەرەبەری نەورۆزی ١٩٧٩دا سەدان کەس لە شارەکانی ڕۆژهەڵات ئێعدام کران، هەر موعتەبەرە.**

*شاعیر بەردەوام دەبێ:*

*موغی بێئاگری شەوی یەڵدام*
*چاوەڕێ چارەنووسی ناپەیدام*

بۆ شاعیر خۆی بە مۆغ ناوزەد دەکا؟ بۆ باخەوان، یان سۆفی یا هەر شتێکی‌تر نییە؟ شاعیر لێرەدا خۆی بە موغ، پارێزەری ئاتەشکەدەکانی ئایینەکانی میترایی و زەردتشتی دەچوێنێ. موغێک/ پێشەوایەک کە خۆشەویستەکەی واتە ئاگرەکەی بڵێسەی نایە و کوژاوەتەوە. کام ئاگر؟ ئاگری ئایینەکانی میترایی کە لەدوای ئیسلام کوژاوەتەوە، ئاگری نەورۆز کە داگیرکەرانی کوردستان ناهێڵن بەهاران جێژنی کوردان پیرۆز بکا، ئاگری شۆڕش کە بە پیلانی دوژمنان بەردەوام لە بەهاراندا دەکوژێتەوە. شاعیر وەک موغی ئاتەشکەدە ڕووخاوەکان کە ئیتر ئاگریان تێدا هەڵناکردرێ هیچ هومێدێکی نەماوە و دەبینێ ئاگری شۆڕش لە باشوور و لە ڕۆژهەڵات کوژاوەتەوە. دوای پەیمانی نێوان دوو داگیرکەر شاعیر نازانێ ئەو شەوە یەڵدایە کە بەسەر کوردستان داکشاوە کەی تەواو دەبێ و کورد چی بەسەر دێ، هەربۆیە چاوەڕێی چارەنووسی ناپەیدایە.

با هەر لێرە ئەوە بڵێم کە ڕاستە هێمن وەکی مامۆستا هەژار نزیکی بە پارتی و بارزانی نەمر نەبووە، بەڵام بۆ هێمن هەموو کوردستان و هەموو شۆڕشێک بەشێکی دانەبڕاو لە ڕوح، هیوا و هومێدی شاعیر بوون. شاعیری "خەستە و دەردەداری هەرچی دەرد" لە هەر کوێ شایی و شینی کوردان بووبێ بە ڕوح لەوێ بووە و کاریگەری ڕاستەوخۆیی لە کارەسات و سەرکەوتنەکان وەرگرتووە. هەر دوو دیوانی تاریک و ڕوون و ناڵەی جودایی شاهیدی بۆ ئەم حوکمە دەدەن.

لە بەیتی چوارەمدا شاعیر کەوێکی بێ دەنگە، پێشمەرگەیەکی شاخ لە خوێندن کەوتووە و ناتوانێ لە نەو بەهاراندا بخوێنێ. شاعیر هەر چۆن لەسەرەتادا خۆی بە بولبول ناوزەد کردبوو هەمیسان باسی کپ کردنی دەنگی ڕزگاریخوازی کورد دەکا. شاعیر گوڵێکی بێ ڕەنگە و چاوی لە شۆڕشێکی‌تر/بارانە تا بەڵکو ئاوپرژێنی بکاتەوە.

*کونجی جێ ژوانی چۆڵ و خامۆشم*
*سێبەری نازەنینی ڕەشپۆشم*
...
*کێلی گۆڕی شەهیدی گومناوم*
*تاکە داری کرووزی بێ ئاوم*

بۆ ئەو هەموو ئینسانە شۆڕشگێرەی کە لە شۆڕشەکاندا شەهید بوون، دوای شۆڕشی ٤٦ - ١٣٤٧ و شەهیدبوونی کاک

سمایل شەریفزادە، کاک سولێمان موعینی و مەلا ئاوارە، شاعیر مات و دڵبریندارە هەر بۆیە خۆی وەک "کێڵی گۆڕی شەهیدی گومناو" و "سیبەری نازەنینی ڕەشپۆش"ی دوای شەهیدان دەناسێنێ. ئەو شەهیدانەی "پەشێو" گوتەنی لە ژێر هەر گەزێکی ئاسمان و لە کەناری هەر جۆگەیەک، بێناو و بێ نیشان خەوتوون. ئەو شەهیدانەی بە ڕەسمی ڕۆژگار، ڕەنگە کێلیان هەبێ، بەڵام کەس نازانێ کێن و لە کوێ لەدایک بوون. ئەوەی دوێنێ لە سنە و مەهاباد لە دایک بووە ڕەنگە سبەی لە کۆبانی و شنگال شەهید بێ و کەس نەزانێ کێیە.

شاعیر تاکە داری کرووزی بێئاوە. کوردستان تاکە نەتەوەیەکە لە سەر گۆی زەوی کە بێ دەوڵەتە. کوردستان تاکە دارێکە کە کەس ئاو - سەروەری پێ ڕەوا نابینێ، تاکە دارێک کە بەردەوام وەبەر بۆمباران و سووتمان دەکەوێ.

*کونی گیراوی کۆنە شمشاڵم*
*خەونی ئاڵۆز و خاتیرەی تاڵم*

کوردستان وەک یەکێک لە کۆنترین شارستانییەتەکانی جیهان هێشتا نەبۆتە دەوڵەت تا سروودی نەتەوەیی کوردستان لە بۆنە و یادەکان بە شمشاڵ بژەنن. بۆ شمشاڵ؟ شمشاڵ/ نەی ئامێرێکە کە بە نەفەس - دەم و هەوا دەژەندرێ. واتە دەم و هەوا نەبێ ئایا ئینسان دەتوانێ بژی؟ شاعیر کونی گیراوی کۆنە شمشاڵە کە تەنەگە نەفەسە، هەوای پێ ناگا و ناتوانێ ئەو جۆرەی دەیەوێ سەربەخۆ مۆسیقاکەی بە جیهاندا بڵاوبێتەوە. لە دەقی ناڵەی جودایی شدا هەمان نەی مەولانا حزووری هەیە:

*بشنو از نی چون حکایت میکند*
*از جدائیها شکایت میکند*
*تا مرا از نیستان ببریدەاند*
*از نفیرم مرد و زن نالیدەاند*

پەژارەی شاعیر کە لە وڵاتی خۆی دابڕاوە لە ڕێگای شمشاڵ - نەی ڕەوایەت دەکرێ. شاعیر دەیەوێ بە نەفەس و ڕوحی خۆی شمشاڵ لێبدا، بەڵام شمشاڵەکەی ڕێگای لێگیراوە. شمشاڵ، ئامێرێکی سروشتی، بۆ گێڕانەوەی بەسەرهاتە تاڵەکانی نەتەوەیەک باشترین ئامێرە ،چونکە نەی زامی جودایی لە نەیستان چێشتووە و ئەو زامە

دەناسێ.

پێشتر ئاماژە کرا کە شێعر پێوەندی ڕاستەوخۆی بە خەون و خەیاڵی شاعیرانەوە هەیە. ئەوانەی سەروکاریان لەگەڵ شێعرە دەزانن کە بیر و وێنەی شێعری زۆر جار لە زیندەخەودا دەخوڵقێن. هێمن ساڵی ١٩٧٥ لە دۆخێکی تا بڵێی ناخۆشدا ژیاوە. دوور لە زێدەکەی، پێشەواکەی سالەها پێشتر لە سێدارە دراوە، ڕەفیقەکانی دوای کۆمار پەرتەوازە بوون و ئەوانەش کە چوونەتە گەرمێن، یان لە دەرەوەی وڵاتن ،یان لێی دوورن. ئاخۆ خەیاڵدانی هێمن لە دۆخێکی وەها لە زیندەخەودا دەتوانێ ئاسودە بێ و خەونی ئارام و شیرینی لێ بتکێ؟ شاعیرێکی "دڵناسک" لەو دۆخ و فەزایەدا کوا دەتوانێ بێ خەیال و بێ خەم بژی؟

## خوێندنەوەیەکی فەلسەفی

بەڵام بۆ شاعیر "سازێکی ناساز"ە؟ سازی ناساز هەم لە کۆنتێکست - دۆخی تاکەکەسی و هەم لە دۆخی نەتەوەیی شاعیردا دەکرێ بەم جۆرە مانا بکرێتەوە:

لە دۆخی تاکەکەسیدا شاعیر وەک تاک دوور لە یارە، حیزبەکەی لە بارودۆخی سەختدا و شاعیر زۆر جار وەک هاوڕێیانی حیزبی بیر ناکاتەوە و سازێکی ناساز و نەگونجاوە، هەربۆیە گەلێ جار تەریک و تەنیا دەمێنێتەوە، لێیان تورە و زیز دەبێ و ئەوانیش هێمن پشتگوێ دەخەن. لە دۆخی نەتەوەییدا شاعیر دەبینێ کورد تاکە نەتەوەی جیهانە کە سازەکەی لێنادا و لە نێوان داگیرکەران دا هەڵپەسێردراوە و دابەشکراوە. کەواتە شاعیر هەموو بەهانەیەکی هەیە کە خۆی وەک سازێکی ناساز پێناسە بکا. ئیتر لەمەودوا شاعیر ژینی خۆی وەک زەردەپەڕ و خۆر کە بەرەو ئاوابوون و نەمان دەڕوا دەبینێ. ژینێکی وەها کە تەنانەت نازانێ هەیە یا نییە.

لێرەدا دەکرێ ئەو پرسیارە بێتە گۆڕێ ئایا ماموستا هێمن لەگەڵ پرسیارە گرینگەکەی هاملێت "بوون یا نەبوون" ئاشنایی بووە یا نا؟ بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە دەتوانین لێکدانەوەیەکی وەهامان هەبێ:

دەقەکانی شێکسپیر تا ئەو کات لە وڵاتانی عەرەبی وەرگێڕدابوون، کەواتە هاملێت لەسەر شانۆکان نمایش کرابوو. هاوکات هێمن لەگەڵ شانۆکار و ڕوناکبیری کورد ئەحلام مەنسوور دۆستایەتی بووە و ناکرێ ئەحلام ئاشنایی بە

دەقی هاملێت نەبووبێ و لەگەڵ هێمن پێکەوە باسیان نەکردبێ. بێجگە لەمانە هێمن فارسی بە باشی زانیوە و ئەو کات نووسینەکانی شێکسپیر هەر نەبێ هێندێکیان کرابوونە فارسی. بەڵگەی دیکەمان ئەوەیە کە هێمن زۆر پێشتر لە شێعری خاوەنی زێڕ(٣) لە دیوانی تاریک و ڕوون ساڵی ١٩٤١ دا بەم جۆرە ناوی شێکسپیر دەهێنێ:

*لەبار و قیت و قۆزە خاوەنی زێڕ*
*ئەگەر کوورە و وەگەر گۆجە و شەل و گێڕ*
*بەژن باریک و شووش و شۆڕەلاوە*
*ئەگەر پیرێکی خوێن تاڵە و ورگ تێڕ*
*دەڵێن زانا و ئەدیب و خوێندەوارە*
*ئەگەر نەیخوێندبێ شەش پیت و دوو دێڕ*
*بەڵام زێڕت نەبێ سووکی ئەگەر تۆ*
*بدەی دەرسی هەزاری وەک شکسپێر*

کەواتە حەتمەن ساڵی ١٩٧٥ هێمن زۆر زیاتری دەربارەی شێکسپیر زانیوە (٤) و هەر نەبێ بە پرسیارەکەی "بوون و نەبوون"ی هاملێت ئاشنا بووە.(٥) بەڵام ئەوەی لێرەدا گرینگە ئەوەیە کە هێمن پرسیاری بوون یا نەبوون ناکا، بەڵکو "شک لە خودی بوون" دەکا:

*چۆن دەتوانم بە تۆ بڵێم ئەمن چیم*
*خۆم گومانم هەیە کە هەم یا نیم*

لە دەقی هاملێت دا گرینگی پرسیاری پاڵەوان ئەوەیە کە بڕیار بدا هەبێ یان نەبێ. لە دەقی سازی ناسازدا لە بناخەوە خودی بوون و نەبوونەکە لەژێر پرسیارە: ئایا خودی تاک - شاعیر هەیە یا نییە؟ واتە ئێمە لەگەڵ پرسیارێکی گەردوونی و هەستیناسانە ڕووبەڕوو دەبینەوە. ئەم بوون و نەبوونە، لە دوو پانتایی فەلسەفی و هەست و نەستی نەتەوەییدا هاوتەراز دێن: تاک - شاعیر شکی لە بوون و نەبوونی خۆی هەیە و هاوکات دیار نییە نەتەوەیەک بوونی هەیە یا نییە.

ئەگەر لێرەدا بمانەوێ بەراوردێک لەگەڵ شێعری ناڵەی جودایی بکەین، دەبینین کە لە ناڵەی جودایی دا شاعیر لە "دگردیسی"یەکدا لە تاکی شکاو و تەفروتونا ڕا دەبێتە ئاونگاردێکی باڵندە. شاعیر سەرەتا لەبەر ساقی دەپاڕێتەوە، بەڵام دواتر لە ڕێگای شێعرەوە دەبێتە شۆڕشگێڕێک کە بە سەر شاخ و هەرد دا دەفڕێ و بەرەو نیشتمان باڵ دەگرێ. فڕینێکی هێندە بەرز کە ئیتر مەرگ مانای نامێنێ و ئەگەر شاعیر بشمرێ، نیشتمان خۆش بێ. ناڵەی جودایی جۆرە وەڵامێکە بە مەولانا و بە شادی کۆتایی دێ، بەڵام لە دەقی سازی ناسازدا بە پێچەوانە شاعیر لە قەیرانێکی شاعیرانەدا، بەدوای پەیمانی نێوان داگیرکەران، لە دۆخێکی هێندە ساردا خۆی دەبینێتەوە کە لە بنەڕەتدا بوون و نەبوونی خۆی و نەتەوەکەی دێنێتە ژێر پرسیار و ناتوانێ وەڵامێکی بۆ خوێنەر - پرسیار هەبێ.

لە کاتێکدا لە ناڵەی جودایی "خود" لە بۆشایی، تەنیایی و وێرانی ڕا دەگاتە یەکگرتن و کۆ، لە سازی ناسازدا بە پێچەوانە "خود" بەرەو شک و گومان لە بوون و نەبوون دەڕوا، واتە جۆرێک لە نێهێلیسم و بۆشایی. کریستێڤا ئاماژە بەوە دەکا کە "خودی شاعیرانە" لەناو دەقدا دەخوڵقێ. لە سازی ناسازدا شاعیر وەک تاکێکی تاقانە کە لە کەسانی دیکە ناچێ و بە درۆ دڵ خۆش ناکا و ئەگەرچی بەردەوام بۆ خەمی کۆ - نەتەوە دەتلێتەوە، بەڵام وەک هەستی تاکەکەسی بە "هیچ" دەگا و ناتوانێ "بوون"ی خۆی لەوەها دۆخێکدا مانا کاتەوە. شاعیر لە گێڕانەوەی بێ دەسەڵاتی خۆی بۆ خوێنەر و دوای دیتنی ئەو هەموو ئازارەی نەتەوەکەی پێیدا ڕۆیشتووە دەگاتە ئەو نوقتەیە کە شک لە هەموو شتێک دەکا و لە دەقێکی ڕۆمانتیکیدا ژیان و شێعر لێک گرێدەدا و دەقێکی "شەکاک" دەخوڵقێنێ، شێعرێک کە تێیدا تاک و نەتەوە، پرسیاری هەستی ناسانە و نێهێلیسمی شاعیرانە لێک دەبەسترێنەوە و شاعیر لەو پەڕی ناهومێدیدا تەنیا لە ڕێگای هونەرەوە ناتەواوییەکان تەواو دەکا و دەخوازێ "خود" لە ڕێگای شێعرەوە لە ڕەنج و دەرد ڕزگاربکا.

## خوێندنەوەیەکی جێندێری

هەروەک لە پێشەکی دا ئاماژەم کرد شێعری سازی ناساز شێعرێکی تەواو - کامڵە. کامڵ بوون لە ڕوانگەی منەوە چییە؟ ئەگەر بۆ لاکان زمان هێما و سیستمە بۆ کریستێڤا زمان هەم پێکهاتە و هەم ڕەمز و نیشانەیە. دەق خوڵقاوی هەم نیشانەکانی باوک و هەم ڕەمزەکانی دایکە. بە ڕای کریستێڤا زمان و پێکهاتەکەی هاوکات هەڵگری سیستم، ڕەمز، ریتم، ئاهەنگ و گەرمایە.

با دیسان دێڕ بە دێڕ بە شێعرەکەدا بڕۆینە خوار و بزانین بۆ وێنە چ وشەگەلێک لە شێعرەکەدا دێنە سەر شانۆ: بولبول، دڵی لەکوڵ، کوردی بەندی، موغی بێ ئاگر، کەوی بێ دەنگ، گوڵی بێ ڕەنگ، کونجی جێ ژوان، سێبەری نازەنینی ڕەشپۆش، دەستی بەربووی کچی گەڕی شایی، هەستی خنکاوی لاوی سەودایی، کێلی گۆڕی شەهیدی گومناو، شەمی سەر گۆڕ، باوکی فرمێسک، کوڕی ژان، باڵی سووتاوی پەروانە، شووشەی بادە، چڵە ڕێحان، سازی ناساز، تکە ئاوەنگ، گەڵای زەرد، شاعیری پیر.

***ئینجا ئەو وشانە بە سێ دەستە دابەش دەکەین:***

***دەستەیەک کە هەڵگری تایبەتمەندیی پیاوانەن***

***دەستەیەک کە هەڵگری تایبەتمەندیی ژنانەن***

***دەستەیەک کە دەکرێ نێئۆتراڵ - بێڕەگەز بن، یان بۆ هەر دوو جنس - ڕەگەز بەکار بێن.***

چەند وشەی هەڵگری تایبەتمەندیی پیاوانە: موغ، لاوی سەودایی، باوکی فرمێسک، کوڕی ژان، شاعیری پیر.
چەند وشەی هەڵگری تایبەتمەندیی ژنانە: گوڵی بێ ڕەنگ، کونجی ژوان، سێبەری نازەنینی ڕەشپۆش، دەستی بەربووی کچی شایی، شەمی سەر گۆڕ، چڵە ڕێحان، تکە ئاوەنگ، گەڵای زەرد.

چەند وشەی بێ لایەن، یان هەڵگری تایبەتمەندیی هەر دوو ڕەگەز: بولبول، دڵی لە کوڵ، کوردی بەندی، کەوی بێ دەنگ، شووشە بادە، ساز.

ئەگەر سرنج بدەین لە بەیتی یەکەمەوە شاعیر نە ژنە نە پیاو، یان هەر دووکیانە. لێرەدا دەبینین شاعیر بە نوێنەرایەتی هەم ژن و هەم پیاو دەتوانێ بولبولێک بێ کە دڵی لە تەوژمی خەم و ئازاران وەشەپۆلدان کەوتووە. لەم دەقەدا تایبەتمەندیی ئینسانی شاعیر بەردەوام لە نێوان دوو جنسی ژن و پیاودا لە هاتووچوو دایە، جارێک شاعیر ژنە، جارێک پیاو و جارێک هەر دووکیان. لە هێندێک بەیت و دێڕدا شاعیر تایبەتمەندیی ژنانە دەگرێ یان تایبەتمەندیی ژنانە و پیاوانەی شاعیر هاوکات و هاوتەراز دەبن، بەڵام هێندێک جار تایبەتمەندیی ژنانە دەستی باڵای هەیە. بنواڕە: سێبەری نازەنینی ڕەشپۆش و دەستی بەربووی کچی گەڕی شایی دەبنە نوێنەری ئەو ژن و کچانەی کە بە درێژایی مێژوو شاردراونەتەوە و باسیان نەکراوە.

شاعیر خۆی بە "سێبەری نازەنینی ڕەشپۆش"، "کچی شایی"، "شەمی سەر گۆڕ" و "چڵە ڕێحانی دووره دێراو" کە هەڵگری تایبەتمەندیی ژنانەن دەشوبهێنێ و هەست و ڕوحی ژنانە دێنێتە ناو دەق. شاعیر بێ دڵەڕاوکێیەکی پیاوانە خۆی بە تایبەتمەندیی ژنانەوە دەبەستێتەوە و هەستی ژنانە لەناو دێڕ بە دێڕی سازی ناسازدا شەپۆلان دەدا، ڕاست وەک ئازار و خەمەکانی ژنانی کورد.

لە جیهانی شێعری کوردیدا زۆر کەم شاعیر هەن خۆیان بە گوڵ، یان دەستی بەربووی کچی گەڕی شایی، نازەنینی ڕەشپۆش، چڵە ڕێحان، تکەی ئاوەنگ کە هەڵگری تایبەتمەندیی ژنانەن بشوبهێنن. هەروەک دەزانین لە ئەدەبی کوردیدا گوڵ، ڕێحانە، ئاوەنگ بە ژن نیسبەت دەدرێن واتە گوڵ و ئاوەنگی نیشتووی سەر پەلکی گەڵا ڕەمزی ژنانەن.

سازی ناساز دەقێکی تەواوە بە تایبەتمەندییەکانی هەر دوو ژن و پیاو. لە کاتێکدا موغ، هەستی خنکاوی لاوی سەودایی، باوکی فرمێسک، کوڕی ژان، شاعیری پیری تووڕە و زیز بیرمان بۆ لای هەستی پیاوانە دەبەن، گوڵ، سێبەری نازەنینی ڕەشپۆش، چڵە ڕێحان، تکەی ئاوەنگی سەر گەڵا، نیگامان بۆ لای نەستی ژنانە ڕادەکێشن.

وەک پێشتر ئاماژەم کرد هێندێک لە وشەکانیش دەتوانن "بێ ڕەگەز" واتە نە ژنانە و نە پیاوانە - هەم ژنانە و هەم پیاوانە بن کە هەمیسان ئەوەش لە خاڵە بەهێزەکانی دەقی شاعیرانەی سازی ناسازە. تۆ چاو لە "کوردی بەندی" بکە. ئەگەرچی زۆربەی کات پیاوان لە زینداون، بەڵام ژنانی زیندانیش کەم نەبوون. تاکە داری کرۆز، دەفتەری شێعر، خەونی ئاڵۆز، ژیلەمۆ و گرینگتر لە هەمووان، سەردێڕی شێعرەکە واتە سازی ناساز هەڵگری تایبەتمەندیی هەر دوو ڕەگەزن. سەردێڕی شێعرەکە لە دوو وشە دروست بووە، ناو و ئاوەڵناو، یا ناو و ئاوەڵکردار. هەر چۆن ئینسان لە دوو نیوە پێکدێ. لە جیهانی موسیقیدا سازی ناساز بە سازێک دەوترێ کە لە دەرەوەی ڕیتم/ ناموزون لێدەدا. لێرەدا سازی ناساز هاوکات هەڵگری حاڵەتی ڕوحی هەر دووک ڕەگەز واتە هەم ژن و هەم پیاوە. هەم ژن و هەم پیاو دەتوانن وەک سازێکی ناساز، دەنگی ناسازگار، دەنگی ناڕازی، دڵتەنگ بن و وا هەست بکەن لە گۆشەیەک هەڵپەسێردراون و لە گرووپ و ئۆرکێسترایەکدا لێنادرێن و تواناییەکانیان بەکار نایە و هەست بە بێ کەڵکی و هەرەس هێنان بکەن.

ئەگەر بە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانەی جێندێری چاو لە کۆمەڵگا بکەین، تەنانەت ئەم سازی ناسازە زۆرتر ژنان

لەخۆ دەگرێ کە هەڵدەپەسێردرێن و بەکار ناهێندرێن و تەریک دەکرێن. لێرەدا نەک هەر دووک ڕەگەز شان بە شان دەڕۆن، بەڵکو گرینگی تایبەت بە هەستی ژنانە دەدرێ. جیا لەوانە دەشێ هەم ژن و هەم پیاو ساز لێبدەن. لێرەشدا دیسان جیاوازی نێوان دوو جنس پاک دەبێتەوە.

کەواتە لە ڕوانگەیەکی جێندێرییەوە لە شێعری سازی ناساز دا تایبەتمەندییەکانی پیاوانەی شاعیر دەستی باڵایان نییە و بگرە نەک هەر ڕیتم و هەست، بەڵکو وشە و زمانیش تایبەتمەندیی ژنانە، یان تایبەتمەندیی هەر دوو ڕەگەز بە خۆوە دەگرن و شێعرێکی کامڵ بە بوون و حزووری هەم ژن و هەم پیاو دەخوڵقێ. لە سازی ناساز دا زمانی شاعیر لە سیستمی زبر و ئەبستراکتی پیاوانە دێتە دەر و کۆنکرێت و نەرم وەک موسیقا لەسەر دڵی خوێنەر دەنیشێ. ئیدی شاعیر نەک هەر لە ڕەخنە ناترسێ کە بگرە باس لە شک و گومانی خۆی دەکا و ئەزموونەکانی ژیان بەکاردێنێ. بەمجۆرە دەقی سازی ناساز لەو دەگمەن دەقانەیە کە شاعیر تێدا ئینسانێکی کامڵە و دەق هەڵگری تایبەتمەندییەکانی هەر دوو جنس - ڕەگەزە.

## ۶- ئاکام

سازی ناساز ساڵی ۱۹۷۵ دوای بەستنی پەیمانی نێوان ئێران و ئێراق نووسراوە. ئەم دەقە یەکاویەک دوای پەیمانەکە نەنووسراوە، بەڵام وەک زۆربەی شێعرەکانی دیکەی شاعیر کارێگەری دەقی مێژوویی لە خەیاڵدانی شاعیر و لە نەستی - ناخودئاگای دا ماوەتەوە و هاتوونەتە سەر کاغەز.(٦)

ئەگەر بچینە سەر باری فەلسەفی و "هستی شناسی" دەقی سازی ناساز شێعرێکی کاملە، چونکە شاعیر تەنیا بە مەبەستی جوانناسی و هونەری شێعرەکەی نەنووسیوە، بەڵکو شێعر لەلای هێمن کارکردی هەیە. شاعیر لە دەقەکەدا پرسیاری گەردوونی دەخوڵقێنێ و هەمان کات کە ئەرکی ئینسانی و هونەری خۆی بەرانبەر بە ئازارەکانی نەتەوە بەجێ دەگەیێنێ جێگا بۆ شک و دڵەکوتەکانی خۆی دەهێڵێتەوە و ئەو مافە بە خۆی دەدا کە بە تەواوی لە ناو کۆ - نەتەوەدا ون نەبێ و دەنگی سەربەخۆی خۆی هەبێ.

*کامڵ بوون لە سازی ناسازدا وەک دەق - ڕەوان بەم شێوە نەشوونما دەکا:*

١- شاعیر جیهانبینی هەیە و ڕووی گەردوونی شێعر بیرمەندانە نیشاندەدا،
٢- شاعیر خۆی بە کۆیەکی گەورەتر، نەتەوە گرێ دەدا،
٣- شاعیر تایبەتمەندیی تاکەکەسی خۆی ڕادەگرێ و خاوەنی هز، بیر و نەترسی تایبەتی خۆیەتی و شک و گومان دەخولقێنێ،
٤- ژن و پیاو هاوتەریب و هاوتەراز لە دەقدا دەڕۆنە پێش،
٥- چەندین دەق تێکەڵ بەیەک دەبن.

بۆ من وەک خوێنەرێکی دەقی ئاکادێمی و فێمینیستەکانی ڕۆژئاوایی کە زیاتر لە ژێر کاریگەری جولیا کرێستێڤادام، لایەنێکی دیکەی کامڵ بوونی دەق جیا لە پێکهاتە بریتیە لە ڕیتم و زایەڵەی ناو دەق کە خوێنەر، چ ژن و چ پیاو، هەر دووک خۆیانی تێدا ببیننەوە. ئەو شاعیرە لە لای من وێنەیەکی تەواو دەداتە دەست، و دەق/ ڕەوانێک لە لای من کامڵە کە هەڵگری تایبەتمەندییەکانی هەم ژن و هەم پیاو بێ. ئینسانیک کامڵە کە خوێندنەوەی بۆ کێشە و ڕووداوەکان ئینسانی بێ و هەستەکانی هەردوو لا بە گرینگ بزانێ. شاعیرێک کە ڕووبەری ژن بوون یان پیاو بوونی خۆی لە دەقدا نەشارێتەوە و هەر دوو لایەنی ئینسانی لەخۆیدا کۆبکاتەوە. بەو پێیە سازی ناساز لەو دەگمەن دەقانەیە کە وەک باڵندەیەک "بە هەر دوو باڵ" دەفڕی و خوێنەر، چ ژن و چ پیاو، خۆیانی تێدا دەبیننەوە.

ئەوە ماوەتەوە کە بپرسین کارکردی شێعر لەلای شاعیر چییە؟ ئەگەر شێعری شاعیرانێکی وەک هێمن، هێدی، هەژار، مەحوی، ئاغایی، پەشێو، بێکەس و هتد نەبا کورد لە ئەنفال و جێنۆسایدی داگیرکەراندا کە هەوەڵ ئامانجیان لەناوبردنی زمانە، چۆن خۆی ڕزگار دەکرد؟ ئەگەر شاعیرانمان زمانی کوردییان لە ڕێگای ئافراندن و نووسین لە هێرشی داگیرکەران ڕزگار نەکردبا کێ باری قورسی ئازاری نەتەوەیی بەردەوام بە کۆڵ کێشابا؟ کوردی بێ ماڵ، بێ بیرمەند و بێ فەیلەسووف، ئەگەر شێعر کۆی نەکردباوە ئێستا لەمێژ بوو هەرنەبێ بەشێکی زۆری زمانەکەی فەوتابوو.

لە خوێندنەوەیەکی زمانەوانیدا دەکرێ کاری شاعیران بە قەولی ئێلیوت بەو جۆرە هەڵسەنگێنین کە شاعیر لە ڕێگای دەقی شێعریەوە گەل و هەست کۆ دەکاتەوە و زمانی خەڵکیش لە سەر دەقی شاعیر کاریگەری دادەنێ. ئێلیوت گوتەنی شاعیران کاریگەرییان لەسەر خەڵکە و زمان لە ڕێگای شاعیرانەوە پەرە دەستێنێ.

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین خوێنەرانی شێعر، وشە و زمان لە دەقەکان فێر دەبن، هەستی نەتەوەیی لە لایان قایمتر دەبێ و بیر و هزر لەلایان دەخوڵقێ بێ ئەوە بیریان لە ڕۆڵی شێعر و شاعیر کردبێتەوە. شاعیر بە دەق و ئافراندن هەستی ون و شاراوەی تاک، مێژوو، خەون و خەیاڵەکانی نەتەوە بەردەوام بەڕۆژ دەکاتەوە تا لەبیرنەچنەوە و نەمرن، هەر بۆیە هێمن خۆی دەفەرمێ: "مان و نەمانی من موهیم نییە، ئێوە بمێنن، زمانی کوردی بمێنێ، من دەبێ ڕۆژێک هەر بمرم، بەڵام نە کورد دەمرێ و نە زمانەکەی."(٧)

--------

**پەراوێز:**

١- بەڕێز گوڵاڵە پێشنەماز یەک لەوانە بووە کە لە منداڵییەوە مامۆستا هێمنی ناسیوە و لە باشوور لە نزیکەوە ئاشنایی لەگەڵ بارودۆخی نالەباری ژیانی مامۆستا بووە. پێشتر پێشنەماز لە کامنتێکدا لە سەر دیواری فەیسبووکی من باسی بارودۆخی ژیانی مامۆستای لە بەغدا بەم شێوەیە نووسیووە:

"بە بڕوای من دەگەڕێتەوە سەر وەزعی ئەو کاتی کە مام هێمنی تێدا بووە کە ئەویش دەورانی چەند ساڵێک پێش ئینقلابی ئێران ئەوەندەی من لەبیرم بێ و بەگوێرەی نامەکانی و یا هەر گێڕانەوەی ئەوکاتانە کە ئەودەم مامۆستا هێمن لە گەڵ ئەندامانی حیزب ماڵێک یا بڵێین مەقەرێک هەبو لە بەغدا لەوێ دەژیان لەژێر سایەی حیزبی بەعس کە زۆر فشاری بۆ دێنان. حیزب لە وەزعێکی نالەباردا بوو. ئەندامان ناکۆکیان پێکەوە زۆرهەبوو. بنەماڵە حیزبییەکان هەمو باری ژیانیان زۆر سەخت بوو. بەعس زۆر بیانوی پێ دەگرتن بۆ نموونە ئێمە شەش حەوت بنەماڵەی حیزبی لە کۆیە دەژیاین. لە پڕ ڕۆژێک هەموومانیان تێکەوە پێچا تەبعیدیان کردین بۆ ڕومادی ئەوسەری عێراق. تا چەند ڕۆژ بێ سەروشوێن ماین تا دوایە بنکەی حیزب ئاگادار کرا. ئەوە نموونەیەکی چکۆلە بوو، بێجگە لەوەی کە چەند پێشمەرگە و ئەندامی حیزی ،یان گیران و بێ سەروشوێن دەکران ،یان زەمانی پێشتر تەحویلی ئێران دەدرانەوە ... جا ئەو کاتە کە مام هێمن لە گەرمای ٤٠ و ٥٠ دەرەجەی بەغدا دەژیا و ئەوکات ئەندامانی حیزب بۆ کاری سیاسی سەفەری ئوروپایان دەکرد. زۆر جاران ئەو بەتەنیا دەماوە جا هەر ئەو وەزعە نالەبارە و گەرما و تەنیایی و دوور لە وڵات و خۆشەویستانی دەتوانێ ببێتە هەوێنی ئەو شێعرە لەسەرووی هەموان دورە پەرێزی و دوایەش ناهەمواری ناو حیزب و بێ ڕێزییەکانی حیزبی بەعس ." کامێنتی گوڵاڵە پێشنەماز، ٢١ی نوامبری ٢٠١٦ لەسەر دیواری فەیسبووکی نووسەر.

٢- لە دیوانی نالەی جودایی ١٩٧٩ دا وشەی "بولبول" بە "بلبل" نووسراوە، بەڵام لە سەر ئینتێرنێت ئەو وشەیە بە دروستی لە زۆر سایت و ماڵپەردا "بولبول" هاتووە. منیش وشەکە هەر بە بولبول دەنووسم کە لە باری ڕێنووسەوە دروستە.

٣- لە ڕا و بۆچوونێک لەگەڵ بەڕێز شاعیر و وەرگێڕ کامیل بۆکانی لە بەشی پەیام دا هێندێک لینکی کتێبی وەرگێڕدراوی شکسپێری بە فارسی بۆ ناردوم کە نیشاندەدا ئەو کات زۆربەی دەقەکانی شکسپێر وەرگێڕ درابوونە سەر فارسی. هەروەها کاک کامیل دەقی شێعری خاوەنی زێڕی بۆ ناردم. من خۆم تاریک و ڕوون-م لە لا نییە.

٤- چەپکێ گوڵ، چەپکێ نەرگیز. مەهاباد ١٣٧٨. وتووێژی مامۆستا هێمن لەگەڵ فەرهاد شاکەلی ساڵی ١٩٨٥. بەڕێز فاروق فەرهاد وێنەیەکی لە دەقی ئەو وتووێژە لە کتێبەکەدا بۆ ناردم. لەو دەقەدا مامۆستا هێمن باسی ئاشنایی خۆی لەگەڵ هێندێک دەقی شکسپێر لە ڕێگای زمانی فارسییەوە دەکا.

٥- هاملت بۆ یەکەمجار ساڵی ١٣٣٦(کە مامۆستا هێمن لە ڕۆژهەڵات دەبێ) لە لایەن مسعود فرزادەوە کراوە بە فارسی و چاپ و بڵاوبۆتەوە، هەروەها ساڵانی دواتر چەند کەسی دیکە وەک مەحموود ئیعتمادزادە(بە ئازین) ، داریوش ئاشوری، و دوای شۆڕش چەند کەسی دیکە کردوویانە بە فارسی، بۆیە بە دڵنیاییەوە مامۆستا هێمن کاتی خوێندنی "سازی ناساز"، ئاشنایی تەواوی لەگەڵ شێکسپیر و دەقەکانی و لەوانە هاملێت هەبووە." ئەوە کامێنتی بەڕێز خەلیل غەزەلی، بەرپرسی ماڵپەڕی هەڵوێست لە سەر دیواری فەیسبووکی نووسەرە.

بۆ وەڵامی ئەوە کە ئایا هێمن ئاگاداری لە دەقی هاملێت بووە یان نا، من لە سەر دیواری فەیسبووکی خۆم داوام لە خەڵک کرد کە ئەگەر زانیاریان هەیە و سەرچاوەیان لایە ئاگادارم بکەنەوە. دیارە چەند دۆستی بەڕێز لەوان کاک خەلیل و کاک کامیل باسی ئەوەیان کرد کە کامە کتێبی شێکسپیر ئەو کات بە فارسی چاپ کرابوون. من خۆم ئەو زانیاریانەم نەبوو.

٦- مامۆستا هێمن خۆی لە نامەیەکدا بۆ دۆستێکی دەنووسێ کە هەوا زۆر گەرمە و لە بەغدایە و شێعری سازی ناسازی نووسیوە. مامۆستا هێمن و نامە و دیکۆمێنتەکانی. کۆکەرەوە و ئامادەکار: فاروق فەرهاد، ٢٠١٦.

٧- مامۆستا هێمن و نامە و دیکۆمێنتەکانی. کۆکەرەوە و ئامادەکار: فاروق فەرهاد، ٢٠١٦. ئەو ڕستەیە بە گوتەی خودی کاک فەرهاد لە گۆڤاری گزینگ ژمارە ٢٣ وەرگیراوە. کامێنتی کاک فەرهاد لەسەر دیواری فەیسبووکی نووسەر:

"ئەو رستەیە وتووێژی مامۆستا هێمن لەگەڵ سەید سمایل حوسێنی لە شاری کرمانشاە کە گۆڤاری گزینگ ژمارە ٢٣ بەهاری ساڵی ١٩٩٩ بڵاوی کردۆتەوە."

*سەرچاوە و کتێبەکان:*


١- ناڵەی جودایی. بەغدا، ١٩٧٩

٢- لێکۆڵینەوە لەسەر ناڵەی جودایی، خوێندنەوەیەکی فەلسەفی- فێمینیستی. شەهلا دەباغی، ٢٠٠٧، زانکۆی سۆدێرتۆرن.

٣- مامۆستا هێمن و نامە و دکۆمێنتەکانی. کۆکەرەوە و ئامادەکار: فاروق فەرهاد، ٢٠١٦

٤- چەپکێ گوڵ، چەپکێ نەرگیز. مەهاباد 1378. وتووێژی مامۆستا هێمن لەگەڵ فەرهاد شاکەلی ساڵی ١٩٨٥.

5. Den Okända texten.Olsson, 1998.

6. Fasans makt. Julia Kristeva, 1990.

7. Stabat mater. Julia Kristeva, 1992.

8. Om poesi. Eliot, 1958.


**هاوپێچ: سازی ناساز، هێمن ١٩٧٥**

*بولبولی باڵشکاوی وەختی گوڵم*
*هەر شەپۆلان دەدا دڵی لەکوڵم*
*کوردی بەندیی بەیانی نەورۆزم*
*گڕی گرتووە دەروونی پڕسۆزم*
*موغی بێ ئاگری شەوی یەڵدام*
*چاوڕێی چارەنووسی ناپەیدام*

کەوی بێدەنگی نەو بەهارانم
گوڵی بێرەنگی چاو لە بارانم
کونجی جێ ژوانی چۆل و خامۆشم
سێبەری نازەنینی ڕەشپۆشم
دەستی بەربووی کچی گەڕی شاییم
هەستی خنکاوی لاوی سەوداییم
کێلی گۆڕی شەهیدی گومناوم
تاکە داری کرووزی بێ ئاوم
دەفتەری شێعری شاعیری ڕووتم
شەمی سەر گۆڕ و داری تابووتم
کونی گیراوی کۆنە شمشاڵم
خەونی ئاڵۆز و خاتیرەی تاڵم
ژیلەمۆی ئاگری بەیانانم
باوکی فرمێسک و کوڕی ژانم
باڵە سووتاوەکانی پەروانەم
شووشە بادەی بەتاڵی مەیخانەم
چڵە ڕێحانی دوورە دێراوم
سازی ناسازی هەڵپەسێراوم
تکە ئاونگی سەر گەڵای زەردم
خەستە و دەردەداری چی دەردم
ئاخرین تیشکی خۆری پاییزم
شاعیری پیری تووڕە و زیزم
چۆن دەتوانم بە تۆ بڵێم من چیم؟!
خۆم گومانم هەیە کە هەم یا نیم؟!

سەرچاوە: وێبلاگی پەراوێزی بیر - ڕێکەوتی: ١٢ی دێسەمبەری ٢٠١٦

## "دەنگ" لە گۆڕستان دا

### خوێندنەوەی چیرۆکی گۆڕستان لە نووسینی خەبات ڕەسووڵی

**با هەوەڵ چیرۆکەکە بخوێنینەوە:**

**گۆڕستان، ٢٣ی نومبری ٢٠١٦**

**من گوتم: ئەگەر بێ بۆ خۆم دەیکوژم. لەڕێوە ملی دەگرم و بەم عەرزەی دادەدەم و تا هەناسەی لێ نەبڕم بەری نادەم. نا.... نا ئاوا زووش نابێ بمرێ. گوریسێک لە ملی دەکەم و بەدوای خۆمدا رایدەکێشم تا دەخنکێ و لاشەی هەپروون بە هەپروون دەبێ.**

**من گوتم: ئەی ئەگەر نەهات؟ کێ دەڵێ پاش بیست ساڵ زیندان هەڵدەستێ و دێ بۆ ئێرە؟ خۆ بە خۆشی پێی خۆش بێ، کوڕەکانی ناهێڵن. تازە هەرچی بووە، بووە. شەیتان بە نەحلەت بکە و سەرت بەردەوە و ژیانی خۆت بکە. نایا بە تەما مەبە.**

**من گوتم: ئەو کات منداڵ بووم، دەی خۆ ئێستا منداڵ نیم. ئەو نایا من دەچم.**

**من گوتم: وەڵڵا لەتوپەتت دەکەن. هەر سەگەکانی بەردەرکەیانت تێ بەردەن بەسە.**

**من گوتم: باشە ئەو دینم گاوانە بۆ بەریاندا؟ بۆ وەک سەگ نەیان تۆپاند؟**

**من گوتم: دەی دوای ڕاپەڕین کەس لە زیندان نەما هەموو بەربوون، ئەویش هاتۆتەوە.**

**من گوتم: خۆ منیش نەیکوژم مامەکانم هەر دەیکوژن.**

**من گوتم: وەڵلا هیچ گونیشیان پێی ناچێ. تۆ ئەو کات منداڵ بووی، ئەوان پیاوی ژن و منداڵدار بوون. بیانویستبوایە بیکوژن هەر ئەو کات دەیانکوشت.**

**من گوتم: نا فریا نەکەوتن حکوومەت زوو هات و گرتیان.**

**من گوتم: خۆت فریو دەدەی. تا گرتیان سێ رۆژ وەک کەڵەگا لە نێو ئاواییدا خولاوە و قەڵسەی گێڕا. چما پیاو هەبوو بڵێ پشت چاوت برۆیە.**

**من گوتم: باشە من چ بکەم؟ بیکوژم دەمکوژنەوە، نەیکوژم ئەی خوێنی باوکم کێ تۆڵەی بکاتەوە؟**

من گوتم: بیست ساڵ زیندان تۆڵەی خوێنی باوکتە. ئەو کە گیرا جحێڵ بوو. ئێستا هەموو سەرورِدێنی سپی بووە.

من گوتم: نەیکوژم حەیام دەچێ. دەڵێن کورِەکەی پیاو نەبوو، تۆڵەی خوێنی بابی بکاتەوە.

من گوتم: کێ وادەڵێ؟

من گوتم: خەڵک.

من گوتم: کێ؟

من گوتم: خەڵک، دەروجیران. خزمەکان. چووزانم ئەوەی ئاگای لەم باسەیە.

من گوتم: دەی ئەگەر کوشتت و تۆیان کوشتەوە دوایە، ئەو خەڵکە دێن منداڵەکانت بە خێو بکەن؟

من گوتم: من چۆن گەورە بووم، منداڵەکانیشم هەروا گەورە دەبن.

من گوتم: تۆ لە قوون دەرکەی ماڵان گەورە بووی. دایکت دوای مردنی باوکت شووی کردەوە و تۆ مایەوە و ئاوارەیی.

من گوتم: باشە تۆ دەڵێی من چ بکەم؟

من گوتم: من هیچ ناڵێم. تۆ دەبێ بریار بدەی.

من گوتم: ئەو دێ و داوای گەردن ئازادی دەکات. من دەڵێم برِۆ لەو دێیەدا نەتبینمەوە و ملت بشکێنە دەچی بۆ کوێ بچۆ.

من گوتم: ئەی ئەگەر وای نەکرد؟ دەیکوژی؟

من گوتم: نا ئەگەر بیکوژم دوایە دەمکوژنەوە.

چیرۆکی گۆرِستان لە زمان تاکێک - من باسی قەتێڵێک دەکا کە بەر لە بیست ساڵ روویداوە. بابی "من" پێش راپەرین کوژراوە. بکوژ بیست ساڵ لە زیندان بووە و ئێستا سەر و ردێن سپی ئازادکراوە. "من" ئێستا لە مۆنۆلۆگێکدا لەگەڵ "خۆ"ی لە گفتدایە و لەگەڵ خودی خۆی کەوتۆتە نیقاش و سەروبەری هەستەکانی خۆی لێکدەداتەوە. Crisis - قەیرانێک کە چنگی بەسەر خوددا گرتووە نە بێباوکی بیست ساڵەیە، نە باری قورسی"شەرەف و تۆڵەهەستاندنەوە" کە کوران دەبێ "تۆڵە"ی بابەکان بە "خوێن" یا بە "خوێنرشتن"ێکی دیکە بستێننەوە دەنا لە لایەن خەڵکەوە "بێشەرف" دەناسرێن. قەیرانی خود لە ناو گۆرِستان دا نە خودی سوژە - قەتڵەکەیە، نە مێژووی بیست ساڵە. ئەوەی لە دەقی گۆرِستان دا گرینگە "دەنگ"ەکانن. من - بابکوژراو دەبێتە "دەنگ"ێک بۆ بەشانۆکێشانی قەیرانی دەروونی "خود" خۆی.

دەنگەکانی ناو ئەم دەقە لە راستیدا بریتین لە سێ دەنگی سەرەکی و دەنگێکی شاراوە:

*دەنگی "من"ی یەکەم،*

*دەنگی "خود"ێک کە لەگەڵ تاک لەشەڕدایە، دەنگی "من"ی دووهەم،*

*دەنگی "ترس"،*

دەنگی شاراوەی کۆمەڵگا و خەڵک، کام خەڵک، هەمان خەڵک کە ڕەنگە خۆیان ئامادە نەبن بە دەست بردن بۆ قەتڵ ژیانی خۆیان تێکبدەن بەڵام بەردەوام چاوەڕوانن کەسانی دیکە لەکەی نەنگ بە قەتڵ و خوێنڕشتنێکی دیکە پاک کەنەوە و زنجیرەی قەتڵەکان بۆ سەقامگیربوونی کولتوورێک بەردەوام بێ.

لە ڕێگای مۆنۆلۆگی نێوان تاک و خودی دەروون، کە شکڵی دیالۆگێک بەخۆوە دەگرێ و لە نێوان خەتەکانی دەقدا چیرۆکێک دەخوێنینەوە: بابێک دەکوژرێ و منداڵێک دوای ئەوەی بابی کوژراوە و دایکی شوو دەکاتەوە، بە سەختی و لەقون دەرکان گەورە دەبێ و ئێستا قاتڵی بابی گەراوەتەوە و "من" - تاک دەبێ بڕیار بدا کە بکوژێت و بچێتە زیندان یا ڕەنگە لە شەڕی دەستەویەخەدا بکوژرێتەوە. سەردێڕی چیرۆکەکەش، گۆڕستان، هەر ئاماژەیە بە ئەوە کە لە هەر حاڵەتدا بڕیارێکی هەڵە ڕەنگە بە گۆڕستان کۆتایی بێ. چ گۆڕستانی ڕاستی و چ زیندان.

لە گۆڕستان دا ئەوە "دەنگی خود - دەروون"ە کە بەردەوام بۆچوونەکانی "من"ی یەکەم دێنێتە ژێر پرسیار و لە ڕێگای گفت، شک و گومان لەلای دروست دەکا و بەمجۆرە دەبێتە ڕێنوێن. بەڵام گرینگتر لە ئەم دوو دەنگە ئێمە لە ڕێگای دەنگی ئەوان گوێمان لە دەنگێکی بەهێزتر، دەنگی "ترس"ە. دەنگی ترس لە پانتایی و قوڵایی ڕستەکانی ئەو دەقەدا تانووپۆی گێڕانەوەکەی داگیردەکا. ترس لە قسە و باسی خەڵک، ترس لە کوشتنی ئینسانێکی دیکە، ترس لە مردن و کوژرانی ئیحتیمالی و ترس لە دووبارە بێ باوک بوونی منداڵێکی دیکە کە لەقون دەرکان گەورە بێ، ترس لە نارِوونی و ناچاری، و ترس لە داهاتوو. سەرئەنجام ئەو هەموو ترسە تاک دەباتە ئەو نوقتەیە کە بڕیار بدا و بڵێ: "نا ئەگەر بیکوژم دوایە دەمکوژنەوە".

لە ڕاستیدا ترس تێمای سەرەکییە بۆ ئەوە نووسەر قارەمان بکاتە دژە قارەمان. لە ئەدەبیاتی نەتەوەیەک کە بەردەوام "کۆ" بڕیاردەرە، باسکردنی تابۆکان و دڵەڕاوکێی تاک یەک لەوان ترس ڕەنگە پرسۆناژ لە قارەمانێتی بخا و بیکاتە "ناخۆشەویست". تاک - خود بە باسکردن لە ترسی دەروونی خۆی، پێش بە قارەمان بوونی تاکی خۆی دەگرێ: قارەمان هەم بە مانای کلیشەیی لە ڕوانگەی خەڵکێک کە چاوەڕوانە هەنگاو بنێ و خوێن بڕێژێ و

هەم لە ڕوانگەی ئەدەبی کلاسیک کە پاڵەوان دەبێ نەترسانە هەڵسووکەوت بکا تا خۆشەویست و ئەبەدی بێ.

سەرەڕای ئەوە ڕەسووڵی داهێنەری دەنگ - پرسۆناژێکە کە خەریکە باس لە تابۆکان - ترسەکانی دەروونی خۆی بۆ خوێنەر دەکا. ترس لە گۆڕستان دا مەیدانێکی زۆر زیاتر لە تۆلە و شەڕەف لەنێو دەقدا داگیردەکا. هەر بۆیە دەکرێ وشەی "گۆڕستان" خودی ترس لە خەڵک بێ کە تەریکت بکەن و بێشەرەف چاوت لێبکەن.

دەنگی تاک، خود و ترس وەها لەناو دەقدا تێکەلاو و هاوکاتن کە خوێنەر بۆ خوێندنی زیاتر ڕادەکێشن تا بزانێ سەرئەنجام چ بڕیارێک دەدرێ، ئایا ترسەکانی ڕەوا و ئینسانی تاک سەردەکەون یا دەنگی دەرەکی خەڵک کە چاوەڕوانیان لە تاک هەیە خوێن بڕێژێ؟

لە لای خەبات ڕەسووڵی نووسەری دەیان چیرۆکی دیکە باسکردنی تابۆکان شتێکی تازە نییە و بەردەوام ترسەکانی ئینسان، لاوازی و تایبەتمەندیەکان تاک ناوک و ناوەرۆکی چیرۆکەکانن. ئایا تاکەکان بڕیار دەدەن نێوکی خۆیان لە نۆڕمەکانی بالادەستی کۆمەڵگا ببڕن یا هێژمۆنی کولتوور بەسەر تاکدا دەشکێ؟ ڕەسووڵی لە ڕێگای دەقی ئەدەبیەوە پردێک ساز دەکا بۆ باسکردن لە سەر قوڵترین زامەکانی تاک کاتێک دەکەونە دژایەتی نۆڕمەکانی کۆمەڵگا. جار هەیە باسی پیاوێکمان بۆ دەکا کە دەیتوانی ئاشقی ژنێکی خۆفرۆش با(١) و جار هەیە باسی کوڕێک کە پێخۆشە کچ بێ(٢) و دایکی پەرێشان دەکا.

دیارە وەک زۆربەی نووسەرانی پیاو، نەستی پیاوانەی ڕەسووڵی لە هێندێک ڕستەدا بە سەر "هوشیاری جێندێری"دا زاڵ دەبێ بەڵام دەکرێ هەمان ڕستە وەک "ڕاستی کۆمەڵایەتی"یش باس بکرێن بێ ئەوە باوەڕی خودی نووسەر بن. بە شێوەیەکی گشتی ئەوەی لە لای ڕەسووڵی گرینگە نووسینەوەی بەسەرهاتەکان چ خەیاڵی و چ ڕاستییە تا لە ڕێگای دیالۆگ لەگەڵ خوێنەر پرسیار درووست بکا و تاک بتوانێ بەسەر دڵەڕاوکێی خۆیدا زاڵبێ و لە سەر ژیان و جەستەی خۆی بڕیاربدا، یا هەر نەبێ شک بکا لە نۆڕمەکانی دەوروبەر.

هەر بۆیە گۆڕستان بە گۆڕستان کۆتایی نایە بەڵکو تاک بڕیار دەدا نە بکوژێ و نە بکوژرێت. ئەقڵ و تاکی پڕلە ترس لە ڕێگای پرسیار و شکەکانی خودی دەروونەوە بڕیاری نەهایی دەدەن. لێرەدا ڕۆڵی نووسەر وەک ڕووناکبیرێک دەردەکەوێ و دەیەوێ کاریگەری لە سەر خوێنەر و کۆمەڵگا دابنێ تا کارەساتەکان چەندبارە نەبنەوە.

### ١- منیش وەک داپیرە

"... لەو رۆژەوەی دراوسێیەکەی سەرەوەمان پێی گوتووم داپیرە بە ججێڵی لەشفرۆش بووە جار جارە بیر لە داپیرە دەکەمەوە. جاری وایە بە چاوی کڕیار سەیری دەکەم. کڕیارێک کە لە ڕابردوودا دەیتوانی لە گەڵ لەشفرۆشێک ڕابوێرێ، لە ڕابردوودا عاشقی لەشفرۆشێک بێ. داپیرە هەموو کات بێ دەنگە و هەر سەیری هیچ دەکات. لەوانەیە بیر لەو پیاوانە بکاتەوە کە لە گەڵیان بووە، ئەگەر رۆژنامەنووس بوایەم پێم خۆش بوو بە بیانوویەک چاوپێکەتنی لە گەڵ بکەم، بیوگرافینووسیش بوایەم ژیاننامەکەیم دەنووسییەوە، ئەگەر دەرهێنەری سینەماش بوایەم ژیاننامەی داپیرەم دەکردە فیلم، بەڵام من هیچیان نیم. هەڵدەستمە سەرپێ و لە کونی دەرکەوە چاوێک لە داپیرە دەکەم. هەر وا ڕەق لە سەر کورسییەکەی دانیشتووە و زەق زەق چاو لە هیچ دەکات." ٢ی ئاپریل ٢٠١٦، دیواری فەیسبووکی خەبات ڕەسووڵی.

٢- لەچکەیەکی سووری گوڵ زەرد، ١٠ی ئاگۆستی ٢٠١٥، دیواری فەیسبووکی خەبات ڕەسووڵی.

سەرچاوە: وێبلاگی پەراوێزی بیر - ڕێکەوتی: ٨ی دیسەمبەری ٢٠١٦

## ڕۆژێک دێ کە شێعرەکەی "واڵت ویتمان Walt Whitman

*١٨١٩ - ١٨٩٢" کە بۆ "ئابراهام لینکۆن" ی نووسی لە زار پێشمەرگەکان بەشێکی ئەوها بگوترێتەوە:*

*کاپیتان، فەرماندەکەم،*
*وا سەفەرە پڕخەتەرەکەی ئێمە کۆتایی هات*
*کەشتی ئەمن گاشەبەردەکانی تێپەڕکرد*
*....*
*بەندەر نزیکە، گوێم لە دەنگی زەنگەکانە*

خەڵک بە شانازی و دەنگەدەنگ
لە پاپۆڕ ڕاماون، کەشتی چڵکن و سەرسووڕهێنەر
بەڵان ئەی دڵ، ئەی دڵ، ئەی دڵ!
ئەی دڵۆپە خوێنەکان کە دەڕژێنە
سەر سینگی(عەرشە) پاپۆڕ،
کاپیتانی من لێرە کەوتووە
سارد و مردووە
ئەی فەرماندە، کاپیتان هەستەوە و گوێ بگرە لە دەنگی زەنگەکان
هەستەوە! بۆ تۆ ئاڵاکان دەشکێنەوە، بۆ تۆ شەیپوورەکان لێدەدرێن
بە خاتری تۆیە دەستە گولەکان، ئاڵقە گوڵەکانی خەباتکارە سەرکەوتووەکان
بەخاتری تۆیە هەمهەمەی کەنار
ئەو هەموە، بە چرپە تۆ بانگ دەکەن، بە تاسەوە ڕوو وەردەگێرن
گوێ بگرە کاپیتان، باوکی ئازیز
سەر لەسەر ئەو باسکە دانێ
ئەوە تەنیا خەونێکە کە تۆ لە سەر سینگی پاپۆڕ
سارد کەوتوو و مردووی....

سەرچاوە: وێبلاگی پەراوێزی بیر - ڕێکەوتی: ٢٢ی دێسەمبەری ٢٠١٦

## "بۆ قەقنەسەکان"

ئەی دڵ
ئەوان لەوپەڕی کەوشەنەکانن
ڕەنگە دیسان
باڵ بگرن و بەهاران وەک هەلاڵە بێنەوە

وەک وەنەوشە لە کەنارەکان شین ببنەوە
وەک باڵندەکان لە تەشقی ئاسمان کە دەبنە هۆی بزە
تەماشا کە!
وەک ئەستێرە جریوە دەدەن
وەک خۆر گەرما بە لەشی ساردمان دەبەخشن
ئەوان دەبنە هۆی ئەوە ئێمە هەست بە بوون بکەین
ئێمە سەرنەوی بە ڕێگا دا نەڕۆین
نا من مافی ئەوەم نییە فرێنی ئەوان بە گریان بکوژم
من بۆ ئەوە زیندوو نیم هەر شین بگێرم
تا دوژمن بە فرمێسک و شینم قاقا لێبدا
ڕاستە ئەوە دڵی منە دەرژێ
ڕاستە ئەوە منم حەسرەت قوتم دەدا
ڕاستە ئەوە منم سەرم بە خەمتان سپی دەبێ
بەڵام من قەرزدارم
قەرزداری ئەو هەلۆیانەی وا سەری منیان لە جیهان دا بڵند کرد
قەرزداری خوێنی سەر چیای شنگال
قەرزداری خوێنی کچانی ناو شەقامەکانی کۆبانی
قەرزداری قەقنووسەکانی بەر دەرکی قەڵا و
قەرزداری لالۆی مەریوان
من قەرزدارم بۆ بەردەوامیی ڕێگایان
ئەوانەی وا ئەستێرەیەکی سووریان لەسەر سینگ بوو
ئەوانەی وا ئاڵای کۆمارییان هەڵدا
ئەوانەی وا تەنیا تاوانیان مێهرەبانی و خەون بوو
ئەوانەی تاوانیان تەنیا کوردبوون بوو
نا، بە خۆم دەڵێم: بەسە فرمێسک!
هەستە سەر پێ!

*چاو لەو دایکانە بکە لەبەرەکانی شەڕ چەند شەهیدیان بۆ دێتەوە*
*نا تۆ مافی ئەوەت نییە ئاواتی فڕین بمرێنی*
*تۆ مافی ئەوەت نییە*
*مەرگێکی مەزن بکوژی.....*

**سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات تایمز - ڕێکەوتی: ٢٣ی دێسەمبەری ٢٠١٦**

## بۆ کۆچی دوایی کاک ناسر ئێرانپوور

*کاکە گیان ئۆغرت خێر بێ!*
*کاکە گیان،*

**نە دۆستی بنەماڵەیی بووم و نە زیاتر لە جارێک دیومی. بەڵام ئۆریانا فالاچی گوتەنی هێندێک ئینسان بە بیست دەقە دانیشتن لەگەڵیان وەک ئەوە وایە یەک تەمەنە دەیانناسی و هەستی نزیکایەتیان لەگەڵ دەکەی.**

**وەبیرمە دوای ساڵیانی ساڵ پەرتەوازەیی و هەر کام کەوتنە وڵاتێک، جێژنی ٥٠٠ ساڵەیی دوکتور تاهیر حیکمەت - ئازاد بوو بە بەهانەیەک تا هەموو ڕەفیقان و ئاشنایان لە دەوری یەکتر لە ئاڵمان کۆبینەوە.**

**لە سوید سی چل کەس وێکڕا وەڕێ کەوتین. لە سەر بەرزاییەک ساڵۆنێک گیرابوو تا ئازاد بە شادی پێ بنێتە تەمەنی دوای پەنجا. بەڵام لە ڕاستیدا هەر ئەوە نەبوو کە ئازادمان خۆش دەویست و دەمانویست ئەو شاد بکەین، بەهانەی گەورەتر دیتنی ئەو هەموو خەڵکە بوو کە لە دەوری یەکتر کۆدەبوونەوە.**

**من لەوێ ئەو شەوە کۆخەیەکی پیس کە جار جار یەخەم دەگرێ لەکۆڵم نەدەبووە و هەناسەی پێ تەنگ کردبووم و لەسەر کورسییەک دانیشتبووم. تۆ هاتی بۆ لام و گوتت: "سڵاو شەهلا خانم، من ناسرم، خۆشحاڵم لە نزیکەوە**

دەتبینم". منیش هەمیشە کاتێک کەسێکی لە خۆم زاناتر و بە تواناتر دێتە لام شەرم دەکەم (و بە گشتی هەموو کەس زانا و بە تواناتر لەخۆم دەبینم) بە شەرمەوە وتم: سڵاو کاک ناسر گیان. منیش یەکجار شادم بە ئاشنایتان و نووسینەکانت بەردەوام دەخوێنمەوە. و پێکەوە کەمێک قسەمان کرد.

دوایە هەڵپەڕین دەستی پێکرد. دیتم لە ناو ئەو خەڵکە دا زۆر بە سادەیی و خۆمانی دەستت دا تەپڵ و لەناوەڕاستی بازنەکەدا تەپڵت لێدەدا و خەڵکیش هەڵدەپەڕێن. منیش لە سەر کورسی دانیشتبووم و بیرم دەکردەوە:

*خودایە ئەوە کاک ناسرە، نووسەر، جوانترین وتارەکان دەنووسێ،*

*خودایە چ دەبوو هەموو ئینسانێک ئەوا سادە و ساکار و هەمان کات خاوەن بیرێکی قوڵ با،*

*خودایە چ دەبا ڕێبەرانی ئێمە نیو هێندەی ئەو زانا و باسەواد بان و ئەوا ڕوحسووک و سادە،*

*خودایە ڕاستە کە ئینسانە زاناکان تا دێت زیاتر وەک شۆڕەبی دادێنەوە.*

*ئەدی کاکە گیان، تۆم تەنیا یەکجار ئەو شەوە دیت، هەر ئەو یەکجارە بەس بوو بزانم لە کام خێڵ و تەباری.*

*تۆ لە قەبیلەی ئەوانەی "کە بە دیتنت غارنشینەکان دەبنە ئینسان". ٭*

*تۆ لەو کەوشەنانە ڕا دوای تەمەنێک ئەزموون گەڕابویتەوە کە دەتزانی ژیان کورتە و نووسین و زانایی بۆ ئەوەیە وەک شۆڕەبی دابیتەوە.*

*کاکە گیان،*

*تۆ دەتزانی دەبێ دڵی ڕەفیق شاد بکەی نە پۆزی لەسەر لێبدەی،*

*تۆ دەتزانی هەمان کات کە دەکرێ نووسەرێکی بە توانا بی بەڵام زۆر سادە و خاکی بژی.*

*کاکە خاکییەکەم،*

*مەرگت بوو بە حەسرەتێکی دیکە لەو زستانەدا،*

*بوو بە برینێکی دیکە لە سەر ژانی ماتێمێکی دیکە،*

*نەبوونت غیابی نەجابەتە،*

*کەم بوونەوەی دڵێکی سادەی پڕ ڕەحم لە جیهانێکی زۆر نامێهرەباندا.*

*کاکە ناسر گیان،*

*بە پاسی هەموو نووسینەکانت،*

*بە پاسی مێهرەبانیت بۆ هەرغەریب و ئاشنایەک،*

***بۆ مەرگی ناوەختت دەڵێم: ئۆغرت خێر بێ ئەی کوردی نەحەساوە....***

*** لە شێعرێکی شاملو بۆ آیدا وەرگیراوە.**

**سەرچاوە: وێبلاگی پەراوێزی بیر - ڕێکەوتی: ٢٤ی دێسەمبەری ٢٠١٦**

---

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٧

---

## پێشکەش بە حەمەڕەسوڵ کەریمی



**لەسەر سەنەدڵییەک دادەنیشم و چاوەڕێی قەتارم. شاڵگەردنەمەم سەروچاومی داپۆشیوە و سەرم لەبەرە خۆم ناوە. بیر دەکەمەوە. خەیانەتی ناو خۆییش بارستای کڵاوی ئامریکا و ئورووپا ئازارم نادا. ئەوان ویستبایان کورد وای بەسەر نەدەهات. من بۆ لە ئورووپام؟ قلپەیەک لە ناو گەرووم دێتە دەر و کۆڵێک فرمێسک بە لێشاو دێنە خوار. قەتار دێ. دەچمە گۆشەیکی چۆڵ و دەست دەکەم بە یادداشت کردن. بەڵام فرمێسکەکانم هەر بەخوڕ دێنە خوار هۆی ئەوەیە لەماڵێ کەمتر دەگریم تا هەموویان لەوە زیاتر ئازار نەدەم.**

**ئەمڕۆ کە چاوم لە ئاوێنە کرد دیتم ئاسەواری زەلزەلە و سووتانی خورماتوو دەبێ هەر ئەو وێرانییەی سەر**

دەموچاوی من بێ. بیرم کردەوە چۆن دەتوانم خۆم نەجات بدەم؟ تەنانەت ڕۆمان خوێندنەوە ئارامم ناکا. ڕستەکانی قەڵای دمدم تێکەڵاوی ڕووداوەکانی دووز و کەرکووک دەبن.

ئێوارە لەسەر سەکۆی قەتار لە تاریکی دا بە لێشاو فرمێسک دێنە خوار. هێندە هەنیسک دەدەم خۆم پێم سەیرە. لە گۆشەیەکی چۆلی قەتار ئارەزوو دەکەم کەسێک تلفونم بۆ بکا بەڵکو ژێر بمەوە. کێ تلفون بۆ شکاو دەکا؟ خۆم دەست دەبەم بۆ تلفون. وەک سەردارێکی شکاو بۆ ئەوە ڕێگایەکی نەجات ببینێتەوە. عەتا دەڵێ:

*- سەلام سەلام.*

*هەوڵ دەدەم دەنگم بگۆڕم و ئاسایی قسە بکەم.*

*عەتا: دەڵێ خەریکی چی؟*

*دەڵێم لە قەتاردام.*

*دەڵێ: چ بووە؟*

*دەڵێم: هیچ.*

*دەڵێ: دەگری؟*

*بە هەنیسکەوە دەڵێم:*

*- عەتا هەرچی دەکەم خۆم بۆ کۆنترۆڵ ناکرێ.*

*دەڵێ: وامەکە لە خۆت، هەموو ڕۆژێ مستێک ژەهر دەخۆی، دەمری.*

*دەڵێم: خەبەرەکانت دیت؟*

*دەڵێ: نا چ بووە؟*

*دەڵێم: وەزیری نەفتی ئێران و ئێراق باسی نەفتی کەرکوەک....*

*دەڵێ: دەی دیارە.*

مێشکم خەریکە بتەقێ. بیر دەکەمەوە ئالای ئێراق لەبەر با لەدەست پەیکەری پێشمەرگە نراوە، ئالای ئێراق لەسەر یادبوودی ئەنفال داندراوە. بیر دەکەمەوە نەفتی کورد بۆ ئێران. ئا ڕاستە پارەی ئەو نەفتە ڕەنگە بەشێک بە گەندەڵی خەسار ببا، بەلام خۆ بەشێکی هەر بۆ کورد دەبوو. بیر لەو هەموو ساڵانە دەکەمەوە کورد دەیتوانی پلانی هەبێ.

**نازانم بۆ لەناو هوروژمی بیردا، بیر لە کاک حەمەڕەسوڵ، لە دەستی، لە جەستەی پڕ لە برین و ئاسن و تیکە تۆپ و خۆمپارەی دەکەومەوە.**

**پێمخۆش بوو ئێستا سەرم لە کۆشی کاک حەمەڕەسول نابا و تێر بە گابۆڕ گریبام. دەبێ حەمەڕەسوڵ بەسەر جەستەی چەند هاوڕێی شەهید دا گریابێ. دەبێ چەند بیری لە سەربەخۆیی کردبێتەوە. دەبێ چەند بەو خەیانەتە تلابێتەوە.**

**دڵم بە بارزانی دەسوتێ، هەست دەکەم بارزانی، من، تۆ، کاک حەمەڕەسوڵ و هەزاران سەرەڕای هەموو هەڵەکانی ژیانمان بە دڵ کوردمان خۆش ویست و ئامانجی سەربەخۆییمان هەبوو.**

**هێندە گریاوم کە گلێنەی چاوەکانم ژان دەکەن، بیر لە خۆڕاگری حەمەڕەسوڵ و هەزاران پێشمەرگە دەکەمەوە....**

**سەرچاوە: فیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٨ی دێسەمبەری ٢٠١٧**

## وشەی "داگیرکەر" لە سێ دەقی ئەدەبی دا

**هێمن، برایم ئەحمەد، سوارە**

**بە گشتی ئاگایی بەوە کە ئێمە "داگیرکراو"ین زۆر لەمێژ نییە و باسی ئەوە کە کوردستان "مستعمره"یە، لە بواری ئاکادێمی و بیر و هزرییەوە باسێکی بە واتایەک تازەیە.**

**مستعمره / کۆلۆنی لە سەردەمی باستانەوە هەتا ئێستا بووە. لە سەردەمی باستان دا مێژوو شاهیدی هێژمۆنی و دەسەڵاتی بەرینی فنیقییەکان، ئێرانییەکان، یونانییەکان و میسرییەکان بەسەر قەوم و وڵاتانی دیکەدا بووە. دواتر لە سەدەکانی ١٤٠٠ بەملاوە، ئورووپییەکان (فەرانسە، پورتغال، ئیسپانیا، هۆلەند، بریتانیا) بە فراوانی**

دەستییان بە سەر قارە و دوورگەکانی دنیادا گرت: ئافریقا، هیند، ئامریکای لاتین، ئاسیا. ئینجا لە دوای شەڕەکانی جیهانیدا هێندێک وڵات تۆقی ئەسارەتیان لە مل دارنی، ئەلجەزایر، تونێس، مەراکش، هیند... بەڵام کوردستانی ئێمە کە جارێک لە دوای شەڕی چاڵدران (ئاگۆستی ١٥١٤) دا و جارێکی دیکە لە شەڕی جیهانی یەکەمدا بە سەر وڵاتانی داگیرکەردا دابەش کرا (سایکس پیکۆ ١٩١٦) هەتا ئێستا ڕزگار نەبووە. (نەتەوەی بە کۆلۆنیال کراوی دیکەش هەن بەڵام ئەو پێناسەیە دەبێ لە لایەن خودی ئەوان قەبووڵ کرێ، بۆ وێنە بەلوچەکان کە لە نێوان پاکستان و ئێران دابەش کراوەن)

زانینی ئەوە کە کوردستان "مستعمره"یە و ئێمە کۆلۆنیال کراوین ڕەنگە ئێستا کەمێک ڕوونتر بێ لە جاران، بەڵام هێستا زۆری ماوە تاکی کورد خۆی لە کۆلۆنیالیزم و دەسەڵات و هێژمۆنی نەتەوەی باڵادەست ڕزگار بکا. بەتایبەت لە ڕۆژهەڵات بە هۆی نزیکایەتی زمانی کوردی و فارسی، ئەو هەستە لە لای زۆر کەس هەیە کە ئێمە یەک نەتەوەین و بە یەک زمان دەدوێین، هەر بۆیە ڕزگاری لە مکانیزمی کۆلۆنیالیزمێک کە دەستی بەسەر ئەدەبیات و ڕوح و هەستی ئێمەدا داگرتووە، زۆر دژوارترە.

بەڵام لەو ناوەدا ئەوەی جێگای سرنجە شاعیرانن کە بەردەوام لە دەقی خۆیاندا ئاماژە بە ئەوە دەدەن کە کوردستان داگیرکراوە و دەبێ ڕزگار بکرێ. لە هەست و نەستی شاعیرانی کورددا "داگیرکەر"ێک هەیە کە وڵاتی کوردانی داگیر کردووە. ئەوان گەرچی خۆیان زۆربەیان شێعری عەرەبییان لەبەر بووە و دەسەڵاتیان بەسەر ئەدەبی فارسیدا شکاوە بەڵام ئەو "داگیرکارە"یان فەرامۆش نەکردووە کە شاخ و بەندەنی کوردی ئاگرداوە، ڕۆڵەی کوردی لە سێدارە داوە و کچی کوردی بە کەنیز گرتووە. شاعیران بەردەوام بۆ خوێنەری کورد و بۆ خۆیان جیهانێکی بێ داگیرکەر ئاواتە خوازن.

شاعیرانی کورد لە خانی مەزنەوە هەتا مەلەکشا، بەردەوام ئەرکی ئێلیت، سیاسیکار و فیلەسووفیان گێڕاوە. زۆربەی شاعیران بێ ئەوە لەگەڵ تیۆرییەکانی فەلسەفەی سیاسی یا خودی فەلسەفە لە زانکۆکان دا مامەلەیان کردبێ لە ئەزموونی ڕۆژانەی خۆیانەوە وەک کورد (جیا لە جوانناسی و هەستی گشتی ئەوین و باس لە تایبەتمەندییە جوانەکانی ئینسانی) بە هێندێک ئاکام گەیشتوون و لە ڕێگای شێعرەوە هەستی کوردایەتی‌یان پەرە پێداوە و ویستوویانە "داگیرکەر"ەکان لە وڵاتی کوردان بڕۆنە دەر.

بەڕای من کەڵکوەرگرتنی زۆر شاعیر لە وشەگەلی وەک "داگیرکەر"، لە نەست و هەستی "ئاگا"وە سەرچاوە دەگرێ، کە لە قوڵایی ڕوحی نەتەوەیی و ئەزموونی مێژووئیییەوە دێ، و دەبێتە زانیارییەکی گرینگ کە وەک "نەتەوە داگیر/ کۆلۆنیالیزە" کراوین.

*مامۆستا هێمن لە شێعرە جوانەکەی خۆیدا "شەنگەبێری" لە ئاخروئۆخری شێعرەکەدا دەڵێ:*

*زۆری نەماوە بێتە بەر نەمامی هەوڵ و خەباتم*
*لە داگیرکەر پاک بیتەوە خاکی پیرۆزی وڵاتم*
*چەک دادەنیم، کۆچانەکەی جارانم هەڵدەگرمەوە*
*تۆ هەر بێری بە، من هەر شوان، فریشتەی تاسە و ئاواتم*

*هەروەها مامۆستا برایم ئەحمەد لە سرووده بەناوبانگەی خۆیدا وشەی داگیرکەر ئەوها دێنێتە ناو دەق:*

*داگیرکەری دڵ پڕ لە قین*
*دڕندەی بێ ویژدان و دین*
*ناتوانی واکەی کـــورد نەبین*
*هەر کـورد بوین و هەر کورد ئەبین*
*لە پێش ئاگــــر پەرستی دا*
*لە پێش موسوڵمانێتی دا*
*لە دیلی و لە سەربەستی دا*
*هەر کـورد بوین و هەر کـورد ئەبین*
*نە عەرەبم نە ئێرانیم*
*نە تورکێکی شاخستانیم*
*نەک هەر من خۆم مێژووش ئەڵێ*
*کە کوردم و کوردستانیم*

و سوارەی مەزن لە "دووی ڕێبەندان" دا باسی کۆمار و داگیرکەر ئەوا دەکا:

بیرەوەریی دووی ڕێبەندان
دەمخاتە سەر بەستە و بەندان
ڕێبەندانی ڕێنوێنە
لە داگیرکەر سەرشێوێنە
هەڵات هەڵات لە هەموو دیاران
پێ پلیکەی دێو، تەختی تاران
دوژمنی کورد جێ پێی لێژە
با بگێڕین گەڕەلاوێژە.

سەرچاوە: وێبلاگی پەراوێزی بیر - ڕێکەوتی: ٤ی سێپتەمبەری ٢٠١٧

---

## بە ڕای من، دوای ڕووخانی سەدام دەبا کورد بڕیاری سەربەخۆیی دابا

شەهلا دەباغی: بە ڕای من، دوای ڕووخانی سەدام دەبا کورد بڕیاری سەربەخۆیی داباسەرەتای حەوتووی داهاتوو ڕێکەوتی ٢٥ سپتامبر بەرانبەر بە ٣ی ڕەزبەر، بۆ یەکەم جار لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕێفراندۆم بە مەبەستی سەربەخۆیی باشووری کوردستان لە وڵاتی عێراق بەڕێوە دەچێت.

ئاژانسی کوردپا، لەو پەیوندییەدا لەگەڵ کۆمەڵێک لە کەسایەتییە سیاسییەکان و مامۆستای زانکۆ چەند وتووێژێکی ئەنجام داوە، کە ڕوانگە و بۆچوونی ئەوان سەبارەت بە پرسی ڕێفراندۆم لە هەرێمی کوردستان لە خۆ دەگرێت.
وتووێژی دووهەم و کۆتایی لەگەڵ شەهلا دەباغی لێکۆڵەری ئەدەبی و دانیشتووی وڵاتی سوید ئەنجام دراوە.

***ئاژانسی کوردپا: بۆ لەم هەلومەرجەدا سەرکردایەتی کورد لە باشووری کوردستان بڕیاری ڕێفراندۆمیان دا؟***

***شەهلا دەباغی:*** هەموو شێوازەکانی هاوکاری لەگەڵ دەوڵەتانی داگیرکەر و دەوڵەتی بەغداد تاقی کردووەتەوە، بەڵام ئەوان هیچ جۆرە بەڵێن و قەراردادێکیان ڕەچاو نەکردووە و هەموو ڕێگاکانیان بەردەوام بە لەژێر پێنانی مافەکانی ڕەوای کورد، بەستووە. گەرچی بە ڕای من تەنانەت ئەگەر هەموو پەیمانەکانیان ڕەچاو گرتبا دیسان ئەوە مافی ڕەوای کوردە کە سەربەخۆ بێ.

ئێستا سەرکردایەتی کورد لە باشوور هەست بە خەتەرێکی گەورە دەکا، کە دوای تەواو بوونی شەڕی داعش داگیرکەرانی کوردستان لە دۆخێکی نەخوازراوی دیکە بهاوێن. بەڕای من، لە دوای ڕووخانی سەدام دەبا کورد بڕیاری سەربەخۆیی دابا. جاری دووهەم کە دەکرا سەربەخۆیی ڕاگەیاندرابا، ساڵی ٢٠١٤ دوای هێرشی داعش بوو. ئێستا کورد لە هەلومەرجێکی دیکەدا کە ئەگەر ئەو کارە نەکرێ ڕەنگە هەرگیز ئەو هەلە نەڕەخسێتەوە کە کورد داوای سەربەخۆیی بکاتەوە.

جیا لەوە هەرێمی کوردستان بەردەوام وە بەر شاڵاوی هێرشی ڕۆحی، ئابووری، نیزامی و سیاسی دەوڵەتی بەغدادە، کە ئەو نیوە سەربەخۆییەش لە کورد بستێننەوە. دەوڵەتی عێراق بە پشتیوانی داگیرکەرانی دیکە، بە تایبەت ئێران، سازدانی حەشدی شەعبی و دەستدرێژی بۆ ناوچە کوردنشینەکان لە دەوروبەری شنگال، کەرکووک و خانەقین و مووسڵ، بەردەوام دەیەوێ بیانوو ببینێتەوە بۆ هێرش کردن بۆ سەر کورد. بناغەی مێنتالیتێتی بەغداد لەسەر هەمان بیرۆکەی بەعس و فاشیزمە، کە هەر ساتێک ئامادەن کورد دووبارە ئەنفال بکەنەوە. بە لە کەناردانانی هەموو ئەو فاکتانە، ڕێبەرایەتی کورد بڕیارێکی دروستی داوە کە ڕێفراندۆم ڕاست ئێستا بەڕێوە بچێ.

***ئاژانسی کوردپا: دەرفەت و بەربەستەکان لە بەردەم سەربەخۆیی چییە؟***

***شەهلا دەباغی:*** دیارە بڕیاری سەربەخۆیی و دابڕان لە داگیرکەران بڕیارێکی هاسان و بێڕیسک نییە. ئەگەر لە لایەک کورد دەتوانێ وەک قەوارەیەکی سیاسی و وڵاتێکی سەربەخۆ بێتە پانتایی دنیاوە، ئەوە لە لای دیکەوە ڕیسکی هێرشی داگیرکەران، بەزاندنی سنوورەکانی ئەخلاقی، سیاسی، ئابووری هەیە. بۆ وێنە هەر ئێستا بە هەزاران کورد لە بەغدا دەژین و خەتەریان لە سەرە و پاراستنی گیانی ئەوان یەکجار گرینگە. ڕەنگە ئێران و

تورکیە سنوورەکان بۆ ماوەیەک ببستن و کوردی ئەو پارچانە گوشارێکی زۆریان بێتە سەر و یا خودی زلهێزەکان لە ئەنجامی بێ ئەخلاقێکی سیاسی و بە خاتری بەرژەوەندی خۆیان و مەسڵەحەت لەگەڵ داگیرکەران، کورد بە تەنیا بهێڵنەوە. ڕەنگە بە هۆی کێشەکانی ناوخۆ و گرفتە شەخسی و سیاسییەکانی نێوان حیزبەکان، دەنگی بەڵێ ئەوەندە نەبێ کە بە قورس و قایمی دەنگمان بە دنیا بگات. بەڵام سەرەڕای ئەوانە دیسان ئێستا خاڵی وەرچەرخانی کێشەی کوردە و بە قەوڵی کوردی یا دەبینە خانی خانان، یا دەبینە تۆزی بانان.

**ئاژانسی کوردپا: مەترسییەکانی پاش ڕێفراندۆم پاش سەربەخۆیی لە چیدا دەبینی؟**

***شەهلا دەباغی:*** مەترسییەکان هەروەک پێشتر ئاماژەکرا دەتوانێ هێرشی سیاسی، ئابووری و نیزامی داگیرکەران و ناپەیمانی زلهێزەکان بێ. هەروەها هێرشێکی بەربڵاوی داگیرکەران لە سەر کوردەکان لە هەر چوار پارچە و بەربەست بۆ چالاکانی مەدەنی لە تورکیە و ئێران دروست بکەن.

جیا لەوانە هێندێک باس لەوە دەکەن کە لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا ئەوکات نەوت بە باشی دەفرۆشرا و دۆخی ئابووریی باشوور باش بوو، کورد فێری جۆرێک خۆشگوزەرانی ئابووریی بوو، کە کەمێک تەمبەڵی لەگەڵ خۆی هێنا. لە ئەگەری هێرش و بەستنی سنوورەکان ڕەنگە نەوەی نوێ زۆر تاقەتی ئەو دۆخە سەختەی نەبێت، بەڵام بە ڕای من لە ماوەی ئەم دوو مانگەدا دیتمان کە پێشوازی خەڵک لە بڕیاری ڕیفراندۆم زۆر بەرینە و ئەو خەڵکە خۆی بۆ هەر ئەگەر و هێرشێک ئامادە کردووە. تاک و نەتەوەی کورد بە پرۆسەی ئەنفال و ژینوسایددا تێپەڕیوە و "حافظە تاریخی" (بیرگەی مێژوویی) کورد هەڵگری هێندە کارەساتە کە لە ڕۆحی هەر کوردێکدا ئازادی و ڕزگاری گرینگتر لە بەربەستەکان و ڕیسکەکانە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردپا - ڕێکەوتی: ٢١ی سێپتەمبەری ٢٠١٧

# جیهانی دیۆنیسی دەق بۆ لەقاودانی مێژوو

## خوێندنەوەیەکی "نامەکانی غوربەت"ی فەریدوون ئەرشەدی

### پێشەکی

**نامە نووسین بە شێوەی دەقی ئەدەبی لەلایەن شاعیران، سیاسەتمەداران و نووسەران بۆ خۆشەویستێک، کە وجوودی واقعی هەیە یا خەیاڵییە، زۆربەی جار ڕووبە کچان، باوە. نامەکانی جەواهێرلەعل نێهرۆ بۆ کچەکەی ئیندیرا گاندی، نامەی چارڵی چاپلین بۆ کچەکەی ژێراڵدین چاپلین، نامەی ئۆریانا فالاچی لەژێر ناوی "نامە بۆ منداڵێک کە لە دایک نەبوو" و هتد، لەو نامانەن کە بە ملیۆنان کەس لە جیهاندا خوێندویانەتە. ڕەنگە ئەو پرسیارە بێتە گۆڕ کە بۆ زۆربەی نامە ئەدەبییەکانی ناسراوی دنیا ڕوو بە ژن/کچێکن؟ ژن چ کارکردێکی هەیە کە ئەو نامانە ڕوو بە ئەوان دەنووسرێن؟ بۆ زۆر بابەتی هەستیار بە شێوەی نامە دەنووسرێن؟**

**لەناو کوردا بە دەقیقی نازانم چەند دەقی وەها هەیە یا نووسراوە، بەڵام دەکرێ لە نامەکانی شەهید فەرزاد کەمانگەر بۆ خۆشەویستەکەی، ئەو نامانەی پێشمەرگەکان لە شاخ نووسیویانە و دواتر هێندێکیان لە ڕادیۆی حیزبەکان بڵاو بوونەتەوە، نامە هاوسەنگەران بۆ هاوڕێیانی شەهیدیان، یا هێندێک نامەی زندانیانی سیاسی پێش ئێعدام ناو بەرین. ڕەنگە زۆربەی ئەو نامانە فەوتابن و یا لە ئارشیوی حیزبەکان دا مابن. ڕەنگە ڕۆژێک لە ڕۆژان زۆر نامە لە کەشێکی ئازاد دا بڵاوکرینەوە.**

***بەهەر حاڵ ئێستا "نامەکانی غوربەت"ی فەریدوون ئەرشەدی، کۆمەڵە شێعرێک ڕوو بە "یەسنا"ی کچی، لەبەر دەستمە. وەبیرمە نامەی چارڵی چاپلین بۆ کچەکەی ژێراڵدین بەمجۆرە دەست پێ دەکا:***

***"کچەکەم ژێراڵدین! ئێرە شەوە، شەوێکی نۆئێل."***
***"نامەکانی غوربەت"یش بەمجۆرە دەست پێدەکا:***
***یەسنا***

*عاشقان بێ سەر و شوێن ڕۆیشتن*

*کەس نەیزانی*

*خەیاڵی کام ئەستێرە بردیانی.*

*لێرە یەسنا*

*خزر و زەردەشت*

*یادێکن لە تەنیایی دڵی تەنگی مەینۆشێکدا. (یەسنایی ١)*

ئەم کورتە شێعرانە ئەو پرسیارەم لا خوڵقا کە بۆ ئەرشەدی ئەو نامانە/شێعرانەی نووسیوە؟ ئەرشەدی بۆ "ڕووبە یەسنا" نامەکان دەنووسێ؟ هەروەها ئەو پرسیارە بۆخۆی شوێنێکی کردووتەوە کە ئەو شێعرانە چ ڕۆڵێکیان لە ئەدەبی کوردی ڕۆژهەڵات دا هەیە و دەبێ؟

بەگوێرەی پێشەکی خودی شاعیر، بەشێک لەو کورتەشێعرانە لە ساڵی ١٣٧٥ بەملاوە بەناوی 'یەسنایی' نووسراون و دواتر دوای نیشتەجێ بوونی شاعیر لە باشوور دەبنە "نامەکانی غوربەت".

نامەکانی غوربەت پێکهاتووە لە دوو بەش: ٨ یەسنایی و ٩ نامە و بە کورتەدەربڕینی شاعیرانە هەوڵێکە بۆ بە داکیمێنت کردنی مێژوویەک؛ مێژوویەکی پڕ لە خەم و نابەسامانی، ئەوسا کە دیکتاتۆڕی لەدوای ١٣٥٨ لە جوغوڕافیای ئێران دا جێ پێی مەحکەم دەبێ و کەس ناتوانێ بەسەرهاتەکان ڕاستەوخۆ بنووسێتەوە، بگێڕێتەوە و گوزارشت بکا. ئەوکات کە تەنیا شاعیران بە سێحری وشەی خۆیان دەتوانن نهێنییەکان تۆمار و سەبت بکەن. ئەوسا کە خەڵکی جیهان هێشتا دەستی بە ئینتێرنێت نەگەیشتبوو تا لە چرکەیەکدا سامناکترین هەواڵەکانی قاڕنا و قەلاتان، شەهیدبوونی پێشمەرگە لە شاخ و ئێعدامی سەحرایی لاوانی سنە و مەهاباد بڵاو بێتەوە و جیهان بهەژێنێ. ئەوسا کە تەنیا شێعر بە ڕەمز و سیمبۆل دەیانتوانی بەسەرهاتەکان، ڕووداوەکان و هەواڵەکان لە کەلێنێکی نیشتمان بۆ قولینچکێکی دیکە ڕاگوێزن. ئەوسا کە تەنیا شاعیر بە نووسینی دەقێکی شاعیرانە دەیتوانی شاهیدی لەسەر ڕووداوەکان بدا و مێژووی دیکتاتۆڕی لەقاو بدا.

نیچە بە پێی "وەهای گووت زەردەشت" پێیوایە کە ئینسان مانیفێستێکە لە "موسیقای خواست". بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەش، نیچە لە دوو مێتافۆری ئاپۆلۆ و دیۆنیسۆس کەڵک وەردەگرێ. دەکرێ ئەو دوو عنصر/ توخمە، وەک دوو

جیهانی جیاوازی هونەری خەون و مەستی ببینین: لە خەونا ئەو دوو خوایە، ئاپۆلۆ و دیونیسۆس، خۆیان بە ئینسان نیشاندەدەن. هونەرمەندی خوڵقێنەر، لە واقیعی جیهانی خەونا دەمێنێتەوە و بە دیقەتەوە چاوەدێری دەکاتە سەر وێنەکانی جیهانی خەون و بەرداشتی خۆی لە ژیان وەردەگێڕێ/ دەخوێنێتەوە.

دیۆنیسۆس نوێنەری بێفۆڕمیە لە ژیان دا، بەڵام هاوکات بناخەیە بۆ هەموو فۆڕمەکان. ئاپۆلۆ هەوڵدەدا تا جیهانێکی سەقامگیرلە سەر شێواوی سازبکا. دیۆنیسۆس هەم دەرد و هەم مەرگ لەخۆدەگرێ کە سەرچاوەی هێزی ژیانە. ئاپۆلۆ نیقاب/دەمامکی دیۆنیسۆسە. ئەو دووانە پێکەوە هاوکاری و یەکتر چاوەدێری دەکەن. لە جیهانی دیۆنیسۆس دا، ئینسانی داهێنەر ئاڵقە/واسطەیەکە بۆ تێپەڕاندنی بەردەوامی "ویست". هونەرمەند دەبێتە سابجێکتێکی ڕەها و بە ڕای نیچە لە دووانەکردنی جیهان دا، شێعر دەبێتە ڕێگاچارە.

بەشداریکردن لە جیهانی مەستانەی دیۆنیسۆسی یەکگرتنێکە کە دەگەڕێتەوە بۆ "یگانگی و وحدت"ی سەرچاوەی هەستی. مۆدێلی ئەو ئیدەئالەش تراژیدیای یۆنانی باستانە کە لەودا، ئاپۆلۆو دیۆنیسۆس، موسیقاو ئاواز، یەکدەگرن. نیچە پێیوایە کە کۆمەڵی ئینسانی دەکارێ لە سەر ئەو مۆدێلە دامەزرێت. مەبەستی نیچە ئەوەیە کە یۆنانییەکان ترس و هەراسیان لە دەسەڵاتی پڕسامی سرووشت تەجرووبە دەکرد و بۆ ئەوە بتوانن خۆیانی لێدەربازبکەن کایەی خەیاڵی ئۆلەمپیادیان ڕێکدەخست. هونەر، وەک کایەی خەیاڵی ئۆلێمپییەکان، بۆ ئەوەیە کە بتوانی بەردەوام بی لە ژیان. ئەو خواستە بۆ یەکگرتن لە گەڵ هەستی و سرووشت وادەکا کە ئاوازێکی خەمگین ببێتە ستایشی ژیان.

نیچە خۆشبینە بۆ ژیان و دەڵێ کە هەستی و بوون لە خۆیدا پیرۆز و جوانە. لە ڕێگاچارەی نێچەدا، خواستی هونەرمەندانەی دیۆنیسۆسی، جیهان دەکاتە بەرهەمێکی شاعیرانە. خواستی ئازاد "آکت"ێک دروستدەکا. شێواوی وەک پایەی سەرەکی هەستی، لە شێعر و موسیقادا، جیهان دەکاتەوە یەک. هونەرمەند وەک جۆرێک "دوزیست" بە تایبەتمەندی دووفاقەیی - دوگانە وە، لە شۆڕەکاتی دونیای مۆدێرنا خۆڕادەگرێ و هونەر ڕۆڵێکی پێویستە بۆ زیندوومانەوەی.

هەروەها بە ڕای کریستێوا کاری شاعیرانە لە سنوورەکانی نێوان ڕەمز و کولتوردا خۆدەبینێتەوە، و شاعیر بە ئافەرینێشی هونەری هەوەڵدەدا "دیسکۆرسی مێژوویی" دەق لەقاودەدا. هەموو دەقێک، وەرگێڕانی ئەزموونەکانی

سابجێکتە، ئەو ئەزموونانە کە لە سەر شانوو دادندرێن و ساختاری هەم زمان و هەم ڕەوان دەگۆڕن. دەقی ئەدەبی، کارێکی بە مانایە کە ئەزموونە هەستییەکانی سابجێکت خۆیان لە پڕۆسەیەکدا نیشاندەدەن.

هەروەها کریستێوا دەنووسێ کە تێکست - دەق لە دیالۆگ لە گەڵ تێکستەکانیتر دەخولقێت و ئەمەش بەو مانایەیە کە هەموو دەقێک کارگێڕی لە تێکستەکانیتر وەردەگرێ: ڕۆحی- ڕەوانی و کۆلتووری، واتە لە "نێوان دەق"دا تێکستێکیتر شکڵدەگرێ و بەمجۆرە هەر تێکستێک دەبێتە تێکستێکی تازە.

کریستێوا لە بەردەوامی دەقی خۆیدا دەڵێ کە ئێمە نابێ "نێواندەق" وەک "نقد منبع" ببینین، بەڵکو هەموو تێکستێک دەبێ وەک جۆرێک "پۆلیفۆنی لە تێکستی جۆراوجۆر، بە ڕادەی جیاواز" بخوێندرێتەوە کە ئەو ئیمکانە بە دەنگی شاعیرانە دەدا کە شەهادەت لە سەر مێژوو بدا.

**ئانالیز - شیکردنەوە**

**نامەکانی غوربەت بەم جۆرە دەست پێ دەکا:**

*یەسنا*
*عاشقان بێ سەر و شوێن ڕۆیشتن*
*کەس نەیزانی*
*خەیاڵی کام ئەستێرە بردیانی.*

و بەم دێڕانە شاعیر دەست بە ڕەوایەتی دەورانێک لە مێژوو دەکا: مێژوویەک کە قەرار بوو عاشقانی ئەستێرەکان، لاپەڕەیەکی نوێ هەڵدەنەوە، بەڵام خۆیان لەسایەی دیکتاتۆریدا بێ سەروشوێن دەچن، یا دەکەونە شاخ و تاراوگە. لە دۆخی دوای نەمانی هێزەکانی کورد لەشار و لە دەورەی ڕکوود دا، شاعیر لە خەمی ئاشقان کە خەیاڵی مەزنیان هەبوو دەست دەکا بە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکانی شار لەدوای چۆنە شاخی پێشمەرگە، لە ڕێگای ڕمز و سیمبۆلەکان.

شاعیر لە خەمی نەبوونی حزووری خزر و زەردەشتەکان/پێشمەرگە، دەبێتە ئەو مەینۆشە کە ڕاوی یادەکانە.

مەینۆشێک کە لە نەبوونی پێشمەرگە لەشاردا، بێ بەهانە وەک باران دادەکا. کە کۆڕی ئاشقانی ئەستێرە نەمابێ ئەشێ گریان جێگەیان پڕکاتەوە. شەنگە سوار و سوارچاکانی نەترس لە تاریکی و تەپۆتۆزی زەمانەدا ون بوون و کەس نییە وەکی ئەوان - پێشمەرگە ئازا و نەترس ڕچەی بەفری یەکشەوە بشکێنێ. کەوایە بەهانە زۆرن بۆ گریانێکی بەخۆڕ:

*لێرە یەسنا*

*خزر و زەردەشت*

*یادێکن لە تەنیایی دڵی تەنگی مەی نۆشێکدا.*

*ئیتر هیچ کەس باش نازانێ*

*ڕچەی بەفری یەک شەوە*

*چۆن دەشکێ.*

*وەرە یەسنا*

*گریانیش وەک باران*

*بێ بیانوو خۆشترە. (یەسنایی ١. ل. ٩)*

لە دوای ٥٧ کە قەرار بوو بە نەمانی ڕژیمی شا، نەتەوەکانی نیشتەجێ جەغرافیای ئێران بە مافەکانیان بگەن، هەموو ئارەزووکان لە دوای هاتنە سەر کاری ڕژیمێکی تاوانکار - بایەکی ڕەش، ڕەنگی ناهومێدیان گرت. بەدوای شەڕی ٣مانگەی کورد لەگەڵ دەوڵەتی ئێران و هاتنی سپای ئیسلام و فەرمانی جیهاد بۆ سەر کوردان، کچان و کوڕان نەیاندەتوانی ئێواران کەسک و سوور بە شەقامەکانی شاردا پیاسە بکەن و کەس نەیدەوێرا پەنجەری ماڵ بکاتەوە. خەونە کۆترییەکان، توانای فڕینیان بە دوای ئەستێرەکاندا نامێنێ، بەڵام شاعیری ناو قەفەس، دەیهەوێ هەرنەبێ "یەسنا"ی کچی لەبەر تیشکی ئەستێرە سووتاوەکان کە گیانیان بۆ نیشتمان بەخت کرد، خەونی کۆترین، خەونی ئازادی و فڕین ببینێ:

*با - بوو یەسنا*

*بایەکی ڕەش.*

*نەمانوێرا لە پەنجەرەی ئێوارەوە*

*باش بڕوانین.*

*زریان بوو*

*نەمانزانی لە کوێ مشتێ خاک هەڵگرین*

*بۆنی کۆتر و*

*شوێن پێی ئەستێرەی لێوە بێت.*

*وەرە یەسنا*

*لە بەر تیشکی ئەم ئەستێرە سووتاوەدا*

*خەونی کۆتر ببینە! (یەسنایی ٢. ل. ١٠)*

**ساڵی ٥٧ هێستا یەسنا لەدایک نەبووە. ئەو کات قەرار بوو بۆنی بەهار بە نیشتمانی کورد دا بڵاو بێتەوە و حەوشەکان پڕ گوڵ بکا و سەرچڵی دڵان جێگای کۆترەکان بێ. بەڵام دوابەدوای هاتنە سەر کاری ڕژێمی ئێران وەک بایەکی ڕەش لە جاڕی دڕکەوە، هەموو جوانییەکان کەوتنە بەر پەلاماری هێزەکانی تاریکی و سەرپەنجەی باران دەقرتێندرێ. ئەو ئاڵوگۆڕە ئاخۆ دەکرێ چ ناوێکی لێبندرێ؟ "چارەنووس"؟ کورد دەبێ بڕیار بدا، یا هەڵوێست لەبەرامبەر تاریکی دا؛ سەفەر و شاخ، و یا جامی شۆکەران و مەرگ:**

*تۆ نەبووی*

*هەر تەنیا بەهار بوو*

*هاتوچۆی ئەم حەوشەی دەکرد و*

*سەچڵی دڵمانی*

*بۆ کۆتر خۆش دەکرد.*

*لە جاڕی دڕکەوە*

*بایەک هات*

*- ڕەش و رووت -*

*دەنووکی کۆتر و*

*سەرپەنجەی بارانی دەقرتاند؛*

*چارەنووس،*

*یا سەفەر*

*یا جامی شۆکەران ! (یەسنایی ٣. ل. ١١)*

لە دەورانی خۆپێشاندانەکانی دژی ڕژێمی شا، خەڵک بە هەزاران ئارەزوو دەهاتنە سەر شەقامەکان، ئاخوندەکان درۆزنانە باسیان لە ژیانی باشتر بۆ خەڵک دەکرد. شاعیر بە تەعبیر لەو دەورانە باس لەوە دەکا کە چۆن خەڵکی بێ تاوانی ئارەزوومەند، پەپولەئاسا، شان بە شانی با/هێزەئیسلامییەکان بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکان دەڕۆیشتن. لەو دەورانەدا هێستا هێزەکانی ئیسلامی باش نەناسراون و "گورگ و مەڕ" پێکەوە ئاوایان دەخواردەوە، خاک و ئاو شێعری بەهارییان پێکەوە دەنووسی و قەرار بوو گیا و گوڵ بڕوێ. خەڵک ئەفسوون کراو عەوداڵی خەونی زێڕین بوون. دواتر دەسەڵاتی ئەهریمەنی کە دێتە سەر کار و پێشمەرگە دەچێتە شاخ، زۆر کەس بە دەیان هۆ، شەکت و ناموراد دەبن و قەت خەون نابیننەوە و دەست لەخەبات بەردەدەن:

*- لە تافی لاویدا*

*باخێکیان نیشان داین*

*پەپولە شان بە شان - با - دەڕۆیشت.*

*گورگ و مەڕ پێکەوە شەونەمیان دەنۆشی*

*خاک و ئاو*

*شێعرێکیان دەنووسی بەهاری.*

*ئاخ یەسنا ئەفسوونی ئەو خەونە*

*زۆر کەسی عەوداڵی هەردان کرد.*

*زۆر کەسیش*

*شەکەت وماندوو هاتنەوە و*

*قەت خەونیان نەبینی.*

*بۆ ئەوەی کە باران*

*فرمێسکت نەبینێ*

*بە شێعر چاوانت داپۆشە. (یەسنایی ٤. ل. ١٢ - ١٣)*

ئەو نامرادییە هێندە کاریگەری کردۆتە سەر ڕوحی شاعیر، و ڕەنگە یەسنای بچوکیش بەرگەی ئەو خەمە نەگرێ، هەوڵدەدا بە یەسنا بڵێ بۆ ئەوە باران فرمێسکەکانی نەبینێ، چاوەکانی بە شێعر داپۆشێ. ئاخر تەنیا شێعرە کە دەتوانێ مەرحەمی ڕۆح بێ لە تاریکەسەلاتدا.

ئێواران بە بیستنی هەواڵەکان و شەهیدبوونی ڕێبوارانی وەدواکەوتووی ئەستێرەکان، هەموو قومرییەکان دێنە حەوش - خەیاڵی شاعیر. قومری و کۆترەکان کە سەدان نەغمەی نەگوتراویان پێبوو، لەناو خەیاڵی شاعیردا هێلانەیان کردووە، بەڵام ئەهریمەن ترسی خستۆتە ناو دڵی هەموو کەس و شاعیر. ئێواران بە بیستنی هەواڵی کۆچێ ڕێبواران شاعیر داوا لە یەسنا دەکا کە پەردەکە لابدا و سەروگوێ یەک ئاو بدا و بزانێ ئەوە کێیە سۆز دەکا و بە نەهێنی بۆ ڕێبوارێک فرمێسک دەڕێژێ. یەسنا هەر نەبێ منداڵە و بێ ترس یا بێ ئەوە شک بکەوێتە سەری، ڕەنگە بتوانێ هەواڵێک وەدەست بخا:

*ئێواران*
*سۆزی گریانێکی نهێنی*
*چی قومرییە*
*دەیهێنێتە ئەم حەوشە :*
*مەگەر تۆ بتوانی*
*پەردەکە لادەیت و*
*بۆم بڵێی*
*کێ سۆز دەکا و*
*چەن قومری هێشتا نەهاتوون.*
*ئاخ یەسنا !*
*حەوشێکی پڕ قومری،*
*سۆزێک و*
*ترسێکی نهێنی؛*
ئەمانەن سامان و داراییم. (یەسنایی ٥. ل. ١٤)

لەو دۆخە دا هەموو هومێدەکان دەکوژرێن. ڕێبوارانی خەباتکار لە دۆخی شکست دا کە هیوا و هومێدێکیان نەماوە، گوێ نادەنە دەنگی ئاشقان. شاعیر و یەسنا لەو دۆخەدا وەک مانگ جگە لە دەرد و ڕەنگ زەردی هیچیان بۆ نەماوە و نازانن دەبێ چ بکەن:

*مانگیان برد*
*لە باتی شتێکیان داپێمان*
*نە تریفەی دەباراند*
*نە قسەی عاشقانی دەبیست.*
*ئاخ یەسنا !*
*چی بکەین من وتۆ ڕەنگ زەرد و دەربەدەر*
*من و تۆی خامۆش و نامراد !؟ (یەسنایی ٦. ل. ١٥)*

لە دۆخی نوشستی دا، جوانترین زاوا دەگلێ و شەنگترین نۆبوکیش دەتوێتەوە. شاعیر لە زەردەپەڕدا، ئێواران کە خۆر دەنیشێ، خەمی ئەو ئەسپانە دایدەگرێ کە بێ سوار و زین دەگەڕێنەوە و هەواڵی شەهیدێکیان پێیە و بەهەر هەواڵێک بەشێک لە خۆشی دەمرێ:

*خەیاڵ بوو یا مەحاڵ*
*کە ئەسپی یاڵ و ناڵ خوێناوی*
*جوانترین زاوای ئەم سەردەمەی گلاند و*
*شەنگترین نۆبووکیش*
*پێ بە پێی خۆرنشین توایەوە ؟*
*ئاخ یەسنا*
*خۆرنشین دەردێکە*
*هاتنەوەی ئەسپی بێ زین و سوار*
*مەرگێکە! (یەسنایی ٨، ل. ١٧)*

لەدوای هەشت "یەسنایی"یەکان، ئینجا نامەکان دەنووسرین. ئەو نامانەش هەر ڕووبە یەسنا، لە دوای نیشتەجی بوونی شاعیر لە باشووری کوردستان نووسراون، بەڵام شێوازێکی دیکە، وتارەشێعر، بەخۆوە دەگرن. شاعیر خۆیی دەڵێ: "لەم شێعرانەدا، دەمویست لە باری فۆرم و دارِشتنەوە، بگەم بەو دەربڕینەی پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی هەبێت دەگەڵ باوەڕی ئەو کاتە و ئێستاشم سەبارەت بە ڕەوان بێژی و نزیک بوونەوە لە شێوازی دارِشتنی شێعری فۆلکلۆری کوردی بە تەکنیکێکی تایبەت بە خۆم.

[...]

دوورکەوتنەوەم لە کەش و هەوای شێعری لای خۆمان و ژیانی غوربەت و ئەزموونی فەزایەکی تری سیاسی و فەرهەنگیی، ئەو شێعرە کورتانەی لێ کردمە " نامەکانی غوربەت". (ل.٧ - ٨)

دوای چوونە شاخی پێشمەرگە، هەورەکان بێ بارانن و گورانیبێژان بێ سەروشوێن، بەڵام باوک بە کچ دەڵێ کە "بە یادی فەتانە هەنارێک دان بکات یا چریکەی ئەشق بە خوینیدا بگەڕێ، یا دارستانەکان بیناسن و ئەستێرەکان لەگەڵی بدوێن، چونکە بێ سەوداسەرانی ئەستێرە، فەڕشەکان بۆ هەمیشە بێ گوڵ دەمانەوە." ئیدی کەس نازانێ ئەم کۆچ و شاخچوونە چەندە دەخایەنێ، وکەی سەفەری جادەکان کۆتایی دێ". شاعیر بێقەراری "چڵێ زەردەپەڕی کەلی ئاریز"ە، بەڵکو یەسنا بۆی هێنابا. غوربەت خۆڵ بارانێکە بەسەر دنیای غەریباندا، و هەست دەکا تەمەنی دوور لە باران چەند خێرا تێپەڕیوە، بەڵام هەر بە هیوایە کە ئەو - شاعیر، یەسنا و پەپولەی ئاشقی گوڵی سەر کراسی یەسنا کودەتایەک بەسەر ئەو دۆخەدا بکەن و غەریبی ببەزێنن. شاعیر کەوتۆتە تاراوگە و یەسنا هێستا لەوبەری سنوور، لە کەنار زرێبار دەژی. تاراوگە واتە تێکچوونی کەش و پێکهاتەکانی ژیان. بۆیە شاعیر نازانێ لە غوربەتدا شتەکان تێکەڵاون یا چاوی غوربەت خێلە و تێکەڵیان دەکا:

*با هەورەکان ڕادەژەنێ و ناشزانێ*
*شتەکان ئاوێتەن یان چاوی غوربەت خێلە! (ل. ١٩)*

بەڵام یەسنای ئەوبەر سنوور بەهانە و هۆیە بۆ بەردەوامی ژیان. یەسنا بناخەیەکی پتەوە بۆ بوون، و سێحری پەنجەکانی یەسنا زەمانەتە بۆ سەقامگیری شتەکان، بۆ ئەوە خۆر لەسەر مەداری خۆی بخولێتەوە و گەردوونی شاعیر لەسەر هێڵی خۆی بسووڕێ. هەناسەی یەزدانی یەسنایە کە 'با' مانا دەکات:

*تۆم بۆ چی بوو یەسنا*
*لەم دونیا ناهەموارەدا تۆم بۆچی بوو*
*گەر نیگات بەرەو شینایی ژیانی نەدەبردم*
*گەر بیانوو سادەکانت*
*بە نیشتمانی فرمێسک ئاشنای نەدەکردم.*
*مەگەر بە سێحری پەنجەکانی تۆ*
*شتەکان بچنەوە جێگای خۆیان*
*مەگەر بە تەماشای نێرگزییانەت*
*ئاو ببێتەوە ئاو*
*خۆر بچێتەوە مەداری خۆی.*
*بە هەناسەی یەزدانیی تۆ نەبێت*
**با، با نییە. (نامەی یەکەم، ل. ١٩ - ٢٠)**

**بەدوای نیشتەجێ بوونی شاعیر لە تاراوگە، خۆزگەی گەڕانەوە بۆ زێد سەردەردێنێ، هەناری جیهانی دڵتەنگی شاعیر تەنیا بە زەردەخەنەی یەسنا دەم دەکاتەوە. شاعیر نیگەرانی یەسنایە و بیری دێتەوە کاتێک بۆ دیداری مانگ دەچووە سەر بان، دایکی یەسنا نیگەران لێی توڕە دەبوو، ئاخر پاسدارێک دەتوانی بە قەناسە سەری تەنانەت منداڵێک بپێکی. شاعیر دەزانێ کە جارێ یەسنا لەوە منداڵترە کە مانای غەریبی بناسێ، و بزانێ تاراوگە "چ ژارێکی بێڕەنگە":**

*نازانم دڵخۆشییەکانت گۆڕدراون*
*یان بۆ دیتنی مانگ لە ئاسمانی پڕ ئەستێرەدا*
*هەڕەشەی دایکت پشت گوێ دەخەی؟*
*دەبێ نەختێ گەورەتر بی تا بزانی*
*غوربەت چ ژارێکی بێڕینگە (ل.٢٢)*

**لە نامەکانی غوربەت دا شاعیر بەردەوام نیگەرانی یەسنایە. شەو بە مۆتەکەوە دەخەوێ و چەندین جار باب داوا**

لە یەسنا دەکا کە ئاگای لە خۆی بێ. جار هەیە نیگەرانی ئەوەیە کە یەسنا ئاشقی کەسێک بێ کە نازانێ چۆلەکە چەند جار ئاشق دەبێ، و یەسنا باوەڕ بە کەسێکی ناشایست بکا و بەرەوڕووی پێبکەنێ، و خەتەری بۆ لە لایەن ئەوانەی وا دۆستی کۆتر و قومری نین، دروست بێ. جاریش هەیە نیگەرانی ئەوەیە کە یەسنا بکەوێتە دەست چڕنووکی نامەردان و گوڵی سەر کراسەکەی هەڵوەرێ. ئاخر کەم نەبوون ئەو کیژۆڵانەی بە دەستی چەپەڵان لە زیندانەکانی ئێراندا گوڵی سەرکراسیان دەستدرێژی پێکرا:

*ئاگات لە گوڵی سەر کراسەکەت بێ ئەسنا*
*نەکا بە چڕنووکی پاییزێکی نامەرد*
*هەڵوەرێن.*
*نەکەی بەرەوڕووی کەسێ پێبکەنی*
*نەزانێ چۆلەکە چەند جار ئاشق دەبێ و*
*قومری لەبەرچی حەوشەیەکی پڕ سنەوبەر*
*بەجێ دێڵێ!*
*شەو کەم کەم دادێ*
*دەبێ خۆم بۆ مۆتەکەی خەونێکی دیکە ئامادە بکەم*
*ئاگات لە خۆت بێ! (نامەی دووهەم، ل. ٢٤)*

دوای کۆچی خەڵکێکی زۆر لە ڕۆژهەڵات بەرەو باشوور تەنیا ڕێگای پێوەندی هەر ئینسانەکانن کە دەتوانن سنوور ببڕن. هێندێک لەوانە جێگای متمانەن بەڵام هێندێک ناکرێ ئیدی باوەڕیان پێ بکرێ. ئەو کات کە نامەکان لە غوربەت دەنووسران، زەمەنی ئینتێرنێت نەبوو تا نامە بە چرکەیەک سنوورەکان تێپەڕبکا. ئەوکات دەبا نامەکان لەمبەر ئەوبەری سنوورەکان بە دەست و بە قاچاخ بنێردرێن. شاعیری بەردەوام نیگەران، پێ لەسەر ئەوە دادەگری کە نابێ یەسنا باوەڕ بە هەموو کەس بکا و بە کەسی پێشوودا کە ئێستا سەرلێشێواە و ئیتر جێگای باوەڕ نییە، نامە نەنێری، بەڵکو نامەکان بداتە دەست کەسانێکی جێگای متمانە. سەردەمی نامەناردن بە کۆترەکانیش نەماوە بەڵام ئەوە هێستا قومری و کۆترەکانی نامەڕەسانن کە نامەکان لەم بەری سنوور بۆ ئەو بەری سنوور دەبن:

*سەردەمی نامەناردن بە کۆترا نەماوە یەسنا*

*ئەگینا کۆترێک شک دەبەم*
*زمانی غەریبان دەزانێ و*
*شارەزای بڕینی سنووره*
*وەک ئەو قومرییەی*
*ئێواران دەهاتە حەوسەکەمان*
*ئەفسانەی سەفەری بەفر و تەنیایی زەمینی*
*بۆ تۆ دەگێڕایەوە.*
*(نامەی ٢، ل. ٢١)*

**غوربەتیش تەنگی بە شاعیر هەڵچنیوە و یادەوەری شاعیر بۆ زێد، پڕە لە حەسرەت؛ حەسرەتی هاوڕێیان وێڕای هەنسک. لەو دۆخی ئێکسیل و بێمتمانەییەدا تەنیا ناوی" یەسنا"یە کە دەتوانێ تلیسمی غوربەت بەتاڵ بکا:**

*گەر شەوێکی بێ مانگەشەو*
*لە دەرگایان دا*
*ئامانە یەسنا، ئامانە دەرگا نەکەیتەوە*
*ئەوانەی پەپوولەی خەونت هەڵدەوەرێنن*
*نامەی منیان پێ نییە و ناشزانن*
*نامەکانی من بە ناونیشانی سەرپەنجەکانی تۆ نووسراون.*
*یەسنا... یەسنا*
*مەگەر بەناوی تۆوە تەلیسمی ئەم غوربەتە بەتاڵ بکرێتەوە*
*ئەگینا*
*باخچەی غوربەت*
*نە بەیبۆنی لێ دەڕوێ. نە گوڵەبەڕۆژە*
*باخچەی غوربەت پڕ لە حەسرەتی قومری و پڕ لە هەنسکی کانییە (ل. ٢٦- ٢٧)*

**هەموو ئەوانەی ڕۆژێک کەوتوونەتە غەریبی دەزانن چۆن دووری لە زێد دڵی ئینسان کاول دەکا و بە کەسانی دیکە**

پێشنیاردەکەن خۆیان نەخەنە غەریبی. غەریبی هەرگیز جێگای نیشتمان ناگرێتەوە و هیچ گوڵەباخ و بەرامەی پاش بارانێک نابێتە نیشتمان. بۆیە شاعیر/باوک کە خۆی تامی غەریبی چێشتووە داوا لە کچەکەی دەکا نەکا ڕێگای غەریبی بگرێتە بەر:

*نەکەی مەلیچەکی دڵەکەت بە غەریبی شەیدای جادەکان بسپێری*

*دڵی غەریبان جگە نیشتمان*

*نە گوڵەباخ دەناسێ*

*نە بەرامەی پاش باران*

*نیشتمان یەسنا*

*نیشتمان دڵی هەموو غەریبانی کاول کردوە (ل. ٢٨)*

شاعیر لە غەریبایەتی دا نابێ متمانە بە کەس بکا. دەستی ڕەشی تێرۆر تا دوور تا گەرمین دەڕوا و بە سەدان کەس لەناو دەبرێن. بەس دیسان کەسانێک، لە ڕەنگی خودی شاعیر، هەن کە نیگەرانی ڕۆژهەڵاتی‌یەکانن و بە شاعیر دەڵێن کە باوەڕ بە کەس نەکا:

*شاعیرێکی غەمگین لە چایخانەی تەمگرتوودا پێی وتم:*

*ناونیشانی خۆت بە کەس مەڵێ*

*لە قاقری نوێژی باران و لە سیاسالی پەرستنی گوڵدا*

*ئەوانەی دێنە دیدارت*

*نە موسیقا دەناسن، نە سێبەری دارمیخەکیان خۆش دەوێ. (ل. ٢٨)*

لەدوای هاتنە سەرکاری دەسەڵاتی مەلاکان ترس و تاریکی پەل داوێتە هەموو کەلێن و قوژبنێک و ناخی تاکەکان. ترس زەفەری بردۆتە تەنانەت ناو دەروونی شاعیر. بێسەروشوێن‌بوونی ئەوانەی وا لە سەرەتای نامەکانی غوربەت دا کە شاعیر باسیان دەکا، واتە ئاشقانی ئەستێرە، هێندە کاریگەری لەسەر شاعیرە کە دەترسێ یەسنا وەکی ئەوان بە دوای ئەوینی ئەستێرەیەک بکەوێ و بۆ فڕین بگەڕێ و ون بێ. یەسنا منداڵە و ڕەنگە بێ پەروا باسی گیرۆدەیی قارەمانان بە ئەستێرەیەکی گەش بۆ ڕێبوارانی مەست بکا و ئەوانیش وەشوێن ئەستێرەیەک بکەون و

**تێکڕا نەگەڕێنەوە:**

***ئاخ یەسنا***

***ترس و تاریکی***

***هەموو کۆڵانەکانی شاری قۆرخ کردوە***

***نەکەی شەوانە***

***شوێن پێی ئەستێرە هەڵبگری و***

***بۆ دەنگی باڵی کۆتر بگەڕێی.***

***نەکەی بە ڕێبوارانی مەستی سپێدە و باران بڵێی***

***- هەر قارەمانێ گیرۆدەی ئەستێرەیەکی گەشە- ! (ل. ٢٩)***

**ترس، غوربەت، تاسەی زێد و گیرۆدەیی ئامانجێک، تێمای سەرەکی "نامەکانی غوربەت"ن. ترسێک کە لە دوای ساڵانی ١٣٥٧ و هاتنە سەرکاری مەلاکان لە ئێران و داگیرکردنی خاکی کوردان لەناخی تاکەکانی ژێردەستی حاکمییەتی ئاخوندەکان نیهادینە دەبێ و هێندێک ناچار بە تەرکی زێد دەبن و تاراوگەنشین دەکرێن. غوربەتێکی بەناچار دەست پێدەکا و کەس نازانی کەی ئەو غوربەتە کۆتایی پێدێ. لەو ترس و غوربەتەدا ئینسانی شاعیر کە گیرۆدەی ئامانجێکە، دەست دەکا بە نووسینی نامە لە غوربەت ڕوو بە کچەکەی یەسنا، و باسی ئەوە بۆ یەسنا دەکا کە چۆن زۆر کەس کە گیرۆدەی ئەستێرە بوون، چۆن قومری و کۆترەکان بەدوای ئەوینێک دا وێڵ بوون، هەر هەموو ون بوون و نەگەڕاونەتەوە و خەمی ئەوان شاعیر وادار دەکا کە ڕووبە یەسنا حەکایەتی ئەوان قارەمانان بگێڕێتەوە.**

**یەسنا دەبێتە مەئاوا بۆ هەموو خەمەکان و دەردی تاراوگەنشینی و یادەوەری وەدواکەوتوانی ئەستێرەکان. یەسنا دەبێتە گوێگری ئەفسانەکان تا دواتر ببێتە ڕاوی ئەوینی ئاشقانی ئەستێرە. یەسنا ئیدی دەزانی زۆر سیاسەتمەدار تەنیا وتاربێژێکن و باران و جوانی بارگەوبنەیان تێکناوە. زۆر کەس ڕویشتوون و نەگەڕاونەتەوە، زۆر قمری کپ بوون، زۆر کەس دڵیان بەدەست کارەساتەکان کاول بووە:**

***کەچی خەیاڵی ئەم ئەستێرەیە***

*ماڵ و دڵی کاول کردین. (ل. ٣٠)*

*دەزانم تۆش وەکو من و*

*ئەم بەفرە تەنکە و ئەم دارکاژە خەمگینە*

*چاوەڕێی کارساتێکی*

*کارەسات پیرمان دەکا و*

*کارەسات دەمانمرێنێ*

*تەپ و تۆزی کارەسات*

*بەرچامانی تەنی و نەمانزانی*

*جریوەی مەل و گمەی کۆتر و بۆنی باران*

*گرینگترە لە تەقەی تفەنگ و*

*جوانترە لە وتاری سیاسەتمەدارێکی سەرقاڵ. (ل. ٣١)*

**لە ڕاستیدا یەسنای بەردەنگ ڕاگوێزەری ئەزموونەکان و ڕاوی ئەفسانەکانە لە داهاتوو. یەسنا وێنەی کچێکی کوردە بۆ چڕانی حەیرانەکانی سەردەم لە ئایندەدا. یەسنا دەبێ لە دەست نامەردان ڕزگاری بێ و نەکەوێتە بەر دەست داگیرکەران و نەمرێ تا ئەم ڕەوایەتانە بە گوێ جیهان دا بدا. یەسنا دەبێ بەسەرهاتی ناموردانەی ئاشقان، لە گەمەکەوتنی کوترەکان و عادەتکردنیان بە دەنگی تفەنگ لە سەردەمێکی تایبەت دا، کە سەردەمی جەهل و تاریکی بووە، بۆ داهاتوو بگێڕێتەوە:**

***ئاشقان یەسنا***

***ناموردانە دەسووتێن و لایان وایە***

***لە ماسییەکی بە قولاپەوە بوو بەولاوە***

***هەر پەپوولەیەک لە ئاگر بترسێ،***

***کافرە . (ل . ٥٨)***

**بەڵام شاعیریش بەدوای ئاوازێک، ئاوازێک چەشنی دابڕانی بەرد - شاعیر لە کوێستان - پێشمەرگە، دا دەگەڕێ، و شاعیر دڵنیایە کە سەرئەنجامی مێژوو هەر جوانییە و تفەنگ ئاخرقسە ناکا و باڵای گوڵ هەمیشە لە باڵای**

**تفەنگ بەرزترە:**

***سێبەر تا هەمیشە سێبەر نامێنێ***
***یەسنا***
***باڵای تفەنگ لە باڵای***
***گوڵە هێرۆیەک***
***کورتترە.***

**سەرچاوە:**


**١- نامەکانی غوربەت، فەریدوون ئەرشەدی، چاپەمەنی مانگ ٢٠١٥.**

**٢- Kvinnovetenskaplig tidskrift 2-3, ”Den främmande kvinnan**

**٣- Franzén, Att översätta känslan, en studie i Julia Kristevas psykoanalytiska poetik (1995)**

**٤- Julia Kristeva, Fasans makt (1992)**

**٥- Nietzsche, Så talade Zarathustra (1999)**

**٦- Nietzsche, Samlade skrifter, Tragedins födelse (2000)**


**سەرچاوە: وێبلاگی پەراوێزی بیر - ڕێکەوتی: ١٥ی جوولای ٢٠١٧**

# هاوڕێ عەزیز زۆر ناساز بوو



ئازیزترین هاوڕێ کێ لەدوای خۆت....

زانیم جارێکی دیکە ناتبینمەوە. گوتت: نازانم چۆن هەڵەنگوتیم و کەوتم و قاچەکەم شکا. ئای چەند خۆشە هاتوی و منت وەبیرە.

گوتم: چۆن بە هەولێردا تێپەڕم نایمە خزمەتت. ئەگەر بۆ ساتێکیش بووبێ.

گوتت: کانیاو گیان، ٩٢ ساڵ و یازدە مانگم. لە زیادی دەژیم، ڕەفیقی من هەموو لەژێر گڵن. چەند جارێک بە ڕووداو گەڵێک دەبا نەمابام، ئەوە لە پاشی ڕەفیقان هەر ماوم.

گوتت: هەر کەس لە هەوایکە، هەردەبی یەکبگرن.

زۆر شتت گوت. زۆر شتت فێر کردین. فێرێ ئەوە کە هیچ ئیدئۆلۆژی و حیزبێک لە کورد و هەژارەکانی گرینگتر نییە. ئەوە کە نیشتمانمان بێ مەرج خۆش بوێ.

کێ لەدوای خۆت وەفا، پەیمان، کورد بوون، لێبوردووی و خەمی هەژارانمان بیرخاتەوە؟

خۆ من قەت تاقەتی وێنەگرتنم لەگەڵ زۆرکەس نییە. ئەدی بۆ وا وێنەگرتن لەگەڵ خۆتم پێ شانازی بوو؟

خەوی خێرت بێ ئازیزترین عەزیزی دنیا!

نامری تۆ گیانەکەم، نا، نامری...

سەرچاوە: وێبلاگی پەراوێزی بیر - ڕێکەوتی: ٥ی مای ٢٠١٧

## بەشێک لە نووسینێکم لە سەر "من غوربەتم"

بەشێک لە نووسینێکم لە سەر "من غوربەتم" لە نووسینی ئارام فەتحی، کە بە زوویی لە گۆڤارێکی ناوخۆی وڵاتدا چاپ دەبێ:

ئێمە منداڵی زەمەنێکی سەیر و سەمەرەین بە ئەزموونێکی غەریب. زەمەنێک کە ستەمی بە هەر هەموومان ڕەوا دیت. بێگانە ژیان، نیشتمان ئێمەی نەپێکا، لەباوەشی نەگرتین و گۆڕغەریب بووین. کەوتینە تاراوگە بەڵام ئەوە ئێمە بووین وەفادارماینەوە و نیشتمانمان لەبیر نەکرد و بە پێی "ئەمن ئەی نیشتمان تۆم هەر لەبیرە" لە تاراوگەش نەحەساینەوە و نیشتمانمان وەک دڵۆپەکانی خوێن لە بست بە بستی جەستەدا هەڵگرت. ئێمە لە ناوەند و لە چاخێکی غەریب دا غەریبانە ژیاین، بەڵام ڕانەوەستاین و بەردەوام ڕێگا بووین. لە هەر کوێ کە بووین و هەین، ئەشقی نیشتمان داگیرمان دەکا و هەڵماندەدێرێتەوە ناو کارەساتەکانی وڵات و هەمیسان جگە لە سڵاو نازانین. فەتحی لە ئەزموونی خۆی ڕا ئەوها باسمان دەکا:

*"من خاڵی وەسەتی ئەم غوربەتەم*
*وەرە بمپێکە ئەی نیشتمان*
*من ئەتوانم لێرە فووت تێکەم و*
*تیزانگێک بە حەواوە*
*هۆشت بێ نەتەقم*
*هۆشت بێ منی ڕێگا*
*بۆ بێتاقەتی نابم*
*منی ئاو*
*بۆ ئاکواریۆم*
*چی ماسییە لە بەرمایە*
*چی کڵاوە لە سەرتایە*

**چی غوربەتە سڵاو!" (ل. ٥١)**

**لە دوای شاعیرانێکی وەک هێدی، هەژار، هێمن، مارف ئاغایی، جەلال مەلکشا، ڕامان سۆفی سوڵتانی و تاد، کە زیاتر بەو ڕێزمانە دەنووسن کە بە ستانداردی موکریانی ناسراوە، شاعیرانێک لە نەسڵی نوی لە ناوچەکانی دیکەی کوردستان دەستیان بە نووسین کردووە کە زیاتر پێوەندی زمانیان بە هاونەسڵی خۆیان و ناوچەی ژیانی خۆیان هەیە. ئەوە دەکرێ جێگای باس بێ کە ئایا زمانی نووسین دەبێ یەکدەست بێ و یەک ستانداری نووسینمان هەبێ یا دەکرێ چەند ستانداردمان هەبێ و نووسەرانی هەر ناوچەیەک زاراوەی خۆیان بەکار بێنن. دیارە خودی ئەزموونەکانی ژیان بۆ وێنە ئەزموونی غوربەت دەکارن کاریگەری جیاوازیان لە سەر فۆڕم و ستایلی نووسین دابنێن بەڵام فۆرم و ستایلی جیاواز نابێ لە سەر پوختی زمان کاریگەری نێگاتیڤی هەبێ. شاعیرانی بەرەی پێش گەرچی لە فۆڕم و ستایل دا زۆر گۆڕانکارییان نەکردووە بەڵام پوختی زمان لەگەڵ هەڵکشانی تەمەنیان زیاتر بووە. ئێمە لە لاپەرەکانی هەوەڵی من غوربەتم دا زمانێکی یەکدەست نابینین، بەڵام هەرچی بە لاپەڕەکانی ئاخر نزیک دەبینەوە زمان زیاتر بەرەو پوختی دەڕوا.**

**سەرچاوە: وێبلاگی پەراوێزی بیر - ڕێکەوتی: ١٤ی مارچی ٢٠١٧**

## دڵم بۆ مەهاباد تەنگە.

**دڵم بۆ مەهاباد تەنگە. وەختە سوێم بچێ. بەتایبەت بۆ حەمامێکی قەدیمی ژنان. پڕ لە ژن. باریک، قەڵەو، پیر، جەوان، مەمک داچۆڕاو، قیت و قۆز، زگهەڵدڕاو. خاڵی هاوبەشیان ژن بوون و خەمەکانیان. منداڵ لە زیندان، لە تاراوگە، شەهید، نەخۆش. بەهەزاران ئارەزوو، پڕ لە خەم و شادی.**

**منیش لەسەر سەکۆیەک دانیشتووم و گوێم بۆ ئەو هەموو چیرۆکە هەڵخستووە.**

**ئارەزووی ساتێک گەڕانەوە بۆ ئەو شارە پەتالێدراوە دەکەم. دەزانم هەم من گۆڕاوم هەم شار، دەزانم نۆستالژییە،**

دەزانم بچمەوە پڕ دەبم لە خەم، بەڵام.....

دەزانم کە "کەڵکی بەگزادان" وەدەر کەوت قلپی گریان دەمگرێ، دەزانم دڵم وە تەپە تەپ و چۆکم وەلەزین دەکەون. هەوڵ دەچمەد سەر قەبران. سەر گۆڕی هەژار و هێمن، ئەوانەی فێری خویندن و نووسینی کوردییان کردم. دوایە دەچمە قوتابخانەی "محسن". دەرگاکەی ڕوو بە شەقامی وەرەهرام و پشتی لە چاکە چکۆلەیە. دەچم لە مودیری مەدرەسە دەپرسم ئاخۆ خانم "مبلغی" ماوە. مامۆستای کلاسی یەکمم. هێندە ورد و لاواز بووم کە لە باوەشی دەکردم و بە سەر تەناف دا "شمع گل پروانه" مان دەکرد.

دەچمەوە ماڵە خانم "مکەای" و دەڵێم ئەوە شەهلایە هاتۆتەوە، وەک جاران جایزەی دەیە. دوایە بە پەنا ماڵە "ئاغالە شەرەفکەندی" دا دەڕۆم و چاو لە حەسارە پڕ لە گوڵە ڕۆزەکانی دەکەم. باغبانیکی مێهرەبان و بە کەرامەت، برای "هەژار و دوکتور سەعید" کە باری هەموو خوشک و براکانی کێشا.

ئینجا بە شەقامی "جامی جەم" دا دەڕۆمە خوار بۆ لای قەنادی "گوڵاڵە سوورە". بە دوای ئەو کوڕە دا دەگەڕێم کە کوتی: کەچێ ڕەشە خۆ زۆر جوانی. دەچمە "مەیدانی ئارد" لای ئەو پیرە پیاوەی کە دەستی تیمار کردم. قەڵەم قامیشی مەشقی خەت قامکمی بڕی و ئیلتهابی کرد. شەو تا بەیانی لە ژان نەخەوتم. چوومە لای و بە حەوت گیایان هەویرێکی ساز کرد و گوتی ئەمشەو لەسەری بێ. بەیانی کە هەویرەکەم لابرد ژان و چڵکی قامکم تەواو ببوو.

هەروا دەڕۆم تا دەگەمە "شێرەخورشید" و ماڵە پێشەوا و دەچمە سەر کانیاوەکەی حەساریان کە دیانگوت سەرێکی لە بن شاخی لای سەربازخانە دێتە دەر. دەچمە لای "تاقەدار" بزانم ماوە. بزانم ئەویش وەک من تەنیایە. بزانم ئەو کە هەزاران ڕاز و چیرۆکێ لە دڵ دایە بۆ کێیان دەگێڕێتەوە. بە بن گوێچکەی دەڵێم وەر هەموویان بۆ من باس بکە، کەس وەک خۆم ڕازدارت نییە.

دەچمە چوارڕای "ئازادی" و "چوارچرا". دەچمە "مەحمودکان" و سەر "خەزایی". وەسەر خەزایی دەکەوم و دیسان لە مارە قەف زلەکە ڕادەکەم کە لەسەر بەردێک پۆپەکی خواردبوو. دەچمە "هەمزئاوا" و لەگەڵ منداڵەکانی خاڵەکانم مەلەی دەکەم. بە قەراخ سەددا دەڕۆمە "کەوتەر" و سەرێک لە قەبری پورە زلێخام دەدەم. دەڵێم پورێ، گەڵێک

ئیشتیام لە پەنیری دەستی تۆیە. بریا پورێ هەر ببامە بووکی خۆت، تا لەو غەریبی‌یە هێندە خەمم نەخواردبا. پورێ ئورووپا و ئەو هەموو کتێبانە نەیانتوانی بە ئارامیم بگەیێنن. پورێ لەسەر تەندوورێ کورسییەکم بۆ داخە با لەژێر گەرمای کورسی بحەسێمەوە....

سەرچاوە: وێبلاگی پەراوێزی بیر - ڕێکەوتی: ١٢ی مارچی ٢٠١٧

## خەون

هەموو لە خەونێک ڕا دەستی پێکرد، خەونێک کە تۆ دیتت. دەنا خۆت دەزانی کە ئەو تۆی دەپەرست. پێش ئەو خەونە بە دەستە نەرمەکانی پشتتی خاوێن دەکردەوە. نینۆکی قامکەکانی پێتی بۆ دەکردی و دوایە پێیەکانتی دەشۆرد و ماچی دەکرد.

تۆ دەتگوت "دە مەکە". شەوانە وەک گوڵێک لە پەنات ئارام ڕادەکشا و بۆنی تۆی دەکرد. ئەوەش بۆ ئەو بەس بوو. هەموو لەو خەونە ڕا دەستی پێکرد، خەونێک کە دواتر بە زمانی داگیرکەر نووسراوە. تۆ دەتگوت "ژیان هیچ نییە، ئینسانەکان خو بە یەکتر دەکەن". بۆ ئەو وانەبوو. بۆ ئەو "خوبەهەرکەسکردن" بە مانای "بێئەوینی" بوو. ئەو پێی‌وابوو کە ئینسانی ئەویندار "خو" بە هەر کەس ناکا. ئەو تەنیا لەگەڵ ئەوین دەیتوانی بژی و پێی‌وابوو ئینسان نابێ لەگەڵ هەر کەس بژی.

هەموو لەو شێعرەڕا دەستی پێکرد. دوای ئەو شێعرە ئیدی وەک کیسەڵ چووە ناو قاپێلکی خۆی. ژیانی بوو بە ڕوتینێک کە دەبا ئەرکەکانی لە چوارچێوەی خێزاندا ئەنجام بدا. لە دوای ئەو شێعرە، تۆ کە هەمیشە بە چێژێکی تایبەت دەتگوت "چەند نەرم و خۆشی"، وەک گوڵ نەدەپشکوت. ئیدی وەک چۆلەکە دەمی بە دەمتەوە نەدەنا و جریوە جریوی نەدکرد.

هەموو لەو ڕۆژەوە دەستی پێکرد، لە دوای ڕەوایەتێک. لەدوای ئەو ڕەوایەتە هەموو هەستەکانی برینداربوون. زانی کە سالیانی ساڵ لەگەڵ کەسێک ژیاوە کە لە بناوانی خەیاڵیدا مەعشوقێکی دوور هێلانەی بووە. هەستی بە

ژانێکی قوڵ لەناو هەناوی دا کرد. هەستی کرد ئەو هەموو ساڵە تەنانەت وەک مەعشووقیکی دوور، جێگای لەخەیاڵی تۆدا نەبووە. ئەو دەیتوانی تەنانەت ئەوە ببەخشێ بە مەبەستی سێکس بڕۆیتە لای کەسێک، بەڵام دوای ئەو شێعرە وەک خۆیی لێ نەهاتەوە و ژیانی بێ مانا دەدی، بەڵام دیسان پێیوابوو کە ئەگەر ئەرزشێک لە هەستی دا هەبێ، ئەو ئەرزشە تەنیا "ئەوین"ە.

دوای ئەو خەون و شێعرە زانیبووی کە هەزاران ئینسان لەگەڵ یەک دەژین بێئەوە "ئەوین"ێکی دوولایەنە لە نێوانیاندا هەبێ. کە بیری لێدەکردەوە شوێنێک لەناو ڕوح و دڵی وەژان دەکەوت. بۆیە بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشائییە ئەوینی خۆی بە دەربڕینی مێهر بۆ دەوروبەر نیشان دەدا. هێندێک جار ئەو مێهرە وەک نەخۆشی دەبیندرا. هەڵبەتە نەخۆشی بوو. نەخۆشی پڕکردنەوەی چۆڵەوانی بێئەوینی. ئەو دەژیا، وەک لەتکە کەشتییەکی ڕەها لە ناو شەپۆلەکانی ژیانیدا.

دەیدیت ڕەفیقەکانی بە ژن و پیاوەوە باسی خۆشەویستی کۆنیان دەکرد. بۆخۆشی باسی ئەوینەکانی پێشووی دەکرد، بەڵام کاتێک ئاشقی تۆ ببوو خۆشەویستی ئەوانی کۆکردەوە تا بیکاتە خەڵاتی تۆ. بیرەوەرییەکانی پێشووی ژیانی ئیدی وەک هەستی ڕەفیقانە بوون نەک ئەوین. تۆ تەنیا بەردەڕەشی تەوافی ئەو بووی. ئەو لەخۆی ڕا دەیڕاونییە تۆ. بەڵام تۆ ئەوت لە باوەش دەکرد و خەونت بە کەسی دیکەوە دەدی. لەو ڕۆژەوە کە تۆ ئەو خەونەت نووسییەوە، ئەو ڕووخا. بوو بە ئاسکێکی تینوو لە سەحرایەک.

دوای ئەو خەون و شێعرە، هەستی دەکرد قەت میوانی خەونەکانت نەبووە. قسەی خۆمان بێ ئەو گەوجە دەبا زانیبای کە تۆ خەونێکی وا دەبینی، ئاخر کەسێک "خوبەهەرکەس‌بکا" دەبێ خەونێکی وەهاش ببینێ.

دوای جیابوونە لەتۆ هەوڵیدا ڕەنگ و بۆنی ئەوین پەیدابکاتەوە، بەڵام ئەوەی لێیدەگەڕا زیاتر لە مەحاڵ دەچوو. هەموو جارێکیش خەڵکی لەگەڵ تۆ بەراوەرد دەکرد و نەیدەتوانی دڵ بداتە کەس. ڕۆژێک کەسێک پێی وت "ئەوین هەڵسەنگاندن و سەرتر و خوارتر دیتنی بەرامبەر نییە. ڕەنگە ئەوەی هاتۆتە خەونی وەک تۆ باش نەبێ، خۆ لەگەڵی نەژیاوە، ئەوە نییە لەگەڵ تۆ دەژی." ئەو لە وەڵام دا وتی"نا، حەتمەن باشترە بۆیە خەونی پێوە دەبینێ".

بەڵام ئەو نەیدەتوانی لەگەڵ هەر کەسێک بژی. دەی کێ لە خۆت باشتر؟ تۆش خەونێکی وەهات دیت و پرشوبڵاوت کرد. ئیدی جوانییەکەی خۆی بۆ گرینگ نەبوو. زۆر سادە دەچووە دەرەوە. ڕۆژێک کەسێک کە خۆشی ویستبوو پێی گوتبوو "تۆ قەڵایەکت بە دەوری خۆتدا ساز کردووە". ڕاستی دەکرد ئەو قەڵایە هێندە دەرگا و دیواری بەهێزی هەبوو کە کەس ڕێی تێنەدەچوو مەگەر ڕۆژێک خۆی ویستبای. دەبا ڕۆژێک ئەو قەڵایە بە دەر و دیوارەوە هەڵوەشابا و ڕووخابا. دەبا ڕۆژێک تامی ئەوینێکی دوولایەنەی چێشتبا. ئەوینێک کە جێگای هەموو کەسی بۆ پڕکردباوە. بەڵام باوەڕکردن بە دنیای دەرەوە ڕیسکی گەورەی لەگەڵ بوو و ڕوحی ناسکی ئەو ئامادە نەبوو جارێکی دیکە خۆ بداتە دەست خەونەکانی بەرامبەرێکی بێئەوین. بۆیە تەنیا دەستی کرد بە گێڕانەوەی خەونەکانی خۆی....

سەرچاوە: ویبلاگی پەراوێزی بیر - ڕێکەوتی: ٢٦ی فێبریوێری ٢٠١٧

## زامستان، دال و مەدلوولی "ئەوین" لە شێعری جەلیل ئازادیخوازدا

### بەشی یەکەم

"مێژوویەکە ئەشق وەکوو هەموو دیاردە و ڕووبەرەکانی دیکەی بوون، لەلایەن مرۆڤەوە هەتک دەکرێت، بەڵام دیسان لە باڵای نەمامێک و بزەی کۆرپەیەک و تیلەی شەنگەژنێک و نیگای تاساوی مرۆڤی ماندوو لە جەنگ و برسێتی و کارەسات دا، مانا بە بوون دەبەخشێتەوە. بۆیە دەڵێم جیهان جیلوەی ئەشقە و ئەشق تەنیا مانای ژیان."
ج. ئازادیخواز، دیواری فەیسبووکی شاعیر.

لە جیهانێک کە تەنانەت هەناسەدان بە سیاسی کراوە، لە دنیایەک کە بە میلیۆنان ئینسان لە نەگبەتی ویکنەحاوان ئاوارەن و شەڕ و خوێنڕێژی بۆتە نۆرم و خوی ژیانیان، ئاخۆ جێگە و پێگەی هەستێکی بنەڕەتی و ئەزەلی وەک "ئەوین" لە لای تاکی ڕۆژهەلاتی/شرقی لە کوێیە؟ ئەو هەستەی کەوا لە چڕترین تاریکەسەلاتدا تروسکەی ژیان دەخاتە بەر گیان.

لە جیهانێ مۆدێرندا کە شەپۆلەکانی ماسمێدیا فرسەتی بیرکردنەوەیان زەوت کردووە و کاریگەری ڕووداوەکان لە سەر ڕوحی تاک و کۆمەڵگا بە خێرایی تێپەڕدەبێ و هەستەکان زۆر کورتخایەن و کاتین، ئاخۆ ئەوین لە جۆرێک "نەخۆشی" ناچێ؟ واتە ئاشق وێنەیەکی ئیدەئالی و خەیاڵی لە مەعشوق درووست دەکا و دەیوێ بە هەر جۆرێک بێ وەدەستی بخا (هەر نەبێ شاعیران لە دەقدا)، واتە جۆرێک لە "اختلال وسواسی و عقلی" و نەخۆشی شەخسییەتی. ئایا لە سەردەمی ئێستادا کە برا تینووی خوێنی برای خۆیەتی و چەخماخەی تیر و وشەی دژبەیەک هەمیشە ئاگری پێکراوە، ئەشق مانای هەیە و ئایا ئاشق شێواو - ڕەوانپەریش ناوزەد ناکرێن؟

ئەو نووسینە بە هیچ جۆرێک نایەوێ خۆ لە باسێکی دەروونناسانە بدا، ئەوین و تاکی ڕۆژهەڵاتی تاریف بکا، یا ساخی - ناساخی ئەویندار لە دۆخی جیاوازدا نیشانبدا. لێرەدا تەنیا نووسەر و خوێنەر پێکەوە خوێندەوێکمان دەبێ لە چۆنێتی دەربڕینی هەستی بناخەیی ئەوین لە شێعری برای گەورە و پڕتوانام جەلیل ئازادیخوازدا. ئازادیخواز ڕای خۆی سەبارەت بە ئەوین لە کورتە پەخشانێکدا بەو شێوە دەربڕیوە:

"ئێستا لە هیچ تێغێک ناتارێم، جەستەم هەمووی زامستانە. زامستانێک کە هیچ زامێکیتر ڕێگای نییە. گازندەی ئەم ئازارە شیرینە ناکەم. ئازار دیالیکتیکی ئەشقە. دیالیکتیکێک کە هەر دوو ئاستی دابڕان و تێکلاوبوونی هەر خولقان و ئافراندنە. کە برکی دابڕان و کۆچی هەناسە لە هەناوا هەڵدەتۆقن ئافراندنێک باڵدە گرێت. کە تاقگەی حەز و بارانی بوون تێکە ڵ دەبن چ خولقانێ سەرهەڵدە دات؟ ئەمەیە دیالیکتیکی زامستان."

لەو کورتە پێشەکییەڕا دەچینە سەر پرسیاری "ئەوین لە شێعری ئازادیخوازدا چ تایبەتمەندییەکی هەیە؟" بۆ وڵامی ئەو پرسیارە هەوڵدەدەم دەرگای باسێک بە یارمەتی سێنێک لە فیلمی "Devedas" بکەمەوە.

لە ڕوانگەیەکی هونەرییەوە زۆربەمان ڕەخنەگری فیلمەکانی بالیودین. سەرەڕای هەموو ڕەخنەکان فیلمی هێندی بە هۆی تایبەتمەندی هاوبەشی ڕووحی - کۆمەڵایەتی گرینگی تایبەتی لە لای بینەری ڕۆژهەڵاتی و لەوان کورد هەیە. بۆ خودی من فیلمەکانی هیندی زیاتر لە ڕوانگەی شێعری گۆرانییەکانیان جێگای سرنجن. بەڵام جار هەیە هێندێک لە فیلمەکانی هیندووستان نرخێکی تایبەتی ڕەخنەگرانەی کۆمەڵایەتییان هەیە، وەک فیلمی "ئاو" کە وەک چەقۆ ڕوحی ئینسان دەبڕێ.

بەڵام من ئێستا دەموێ لە فیلمێکی زۆر ئاسایی ئاشقانە، دێوێداس، بۆ باسەکەی خۆم کەڵک وەربگرم.

دەبێ هێندێک لە خوێنەرانی ئەم نووسینە فیلمی دێوێداس - یان دیتبێ. لەو فیلمەدا سێنێک هەیە کە جێگای تێڕامانە. فیلمی دێوێداس باسی خۆشەویستی کچێک - پارۆ و کوڕێک - دێوێداس دەکا کە لە تەمەنی منداڵییەوە یەکتریان خۆشویستووە. کچێک لە کاستی خوارتر و کوڕێک لە کاستی ئەشراف. ئەوان بە هۆی جیاوازی کاستی و دژایەتی بنەماڵەی کوڕەکە ناتوان بەیەک بگەن و سەرئەنجام وەک زۆربەی فیلمەکانی هیندی کوڕەکە دەمرێ و کچەکە دەبێتە هی کەسێکی دیکە. سەرەڕای ئەوە، فیلمی دێوێداس لەباری دیالۆگ، شێعر، سەما و گورانی فیلمێکی یەکجار جوانە.

شەوێک پارۆ - کچەکە لە تاو ئەوینی خۆی، ڕووی خۆی دادەپۆشێ و لە ژێر ڕێژنەبارانێکی توند دەچێتە ماڵە دێوێداس. لەکاتی قسەکردن لەگەل خۆشەویستەکەی کە "وەرە پێکەوە هەڵبێێن"، باوکی دێوێداس دێت و قسەی ناشایست بە پارۆ دەڵێ کە وا "سووک هاتۆتە ماڵە بێگانەیەک". دێوێداس لە ڕووی باوکی دەوێستێ و دەڵێ: "ئەدی ئەگەر ئەوینی پارۆ هێندە گەورە بێ کە نەکرێ پێشی بگرترێ؟"

لەو ڕستەیە ڕا دەچمە سەر چەمکی ئەوین لە شێعری جەلیل ئازادیخوازدا. بەڕاست ئەوین لە زامستانی ئازادیخوازدا چ مەودا و کارکردێکی هەیە کە بەردەوام زایەلەکەی بە وێنەشێعری جیاواز، خوێنەری ماندوو لە کارەساتەکان لەگەڵ خۆی دەبا؟ قوڵایی ئەوین لە ڕوحی شاعیردا چەندەیە کە وەک پارۆی ناو فیلمی دێوێداس بەهۆی تاو و هێزی لە ڕادەبەدەری بەردەوام دەچێتە ماڵی یار، واتە شێعر؟ بۆ ئازادیخواز شێعر دەکاتە ماڵی یار؟

ئەگەر چاوێک بە شێعرەکانی جەلیل ئازادیخوازدا بخشێنین، پشکی هەرە گەورە وەبەر "تاسە" و "ئەوین" دەکەوێ. ئازادیخواز هەم تاسە و هەم نادیاری یار دەکاتە هەوێنی ئافراندن. خۆ کاتێک باسی بیرەوەرییەکانی پڕ لە چێژیش دەکا، هەمیسان کەوشەنی ئافراندنە کە مەودای بەرفراوانتر دەبێ. تاسە بۆ ئەوینێکی لەدەست چوو، خۆشەویستێکی بێوەفا وا لە ئازادیخواز ناکا کە باوەڕ بە ئەوین لەدەست بدا. چونکە لە لای شاعیر ئینسان جەوهەرێکی ئەزەلی و ئەبەدی "ئەوین"ی تێدا کە بە هیچ کام لە بێوەفایی یار و بیرۆکەکانی مۆدێڕنیتە لانادرێ. لە ڕاستیدا سەرەڕای خێرایی مۆدێڕنیتە، ئەوین تەنیا چەمکی هەمیشە بەردەوامی ئامادەیە کە خۆ بەدەستەوە نادا تا فەرامۆش بکرێ و بکوژرێ.

ئەوین لە یوسف و زلێخا، عیسا و ماریا ماگدالێنا و لاس و خەزاڵی نامراد ڕا دەگاتە ڕۆمێئۆ و جولییێت و ئێستامان کە بە دەست زۆر خاڵی نەرێنی مۆدێڕنیتەوە دەناڵێنین. ئاخر ناکرێ ئینسان سووک و هاسان هەستێکی

**بناخەیی و باستانی لە خۆیدا لەناو بەرێ. دەکرێ ئەو هەستە هێندێک مۆدیفای/تعدیل و گۆڕانی تێدا بکرێ، بەلام بە هیچ جۆرێک ناکرێ بکوژرێ.**

***با هەوڵ کەمێک زیاتر لەسەر دال و مەدلوول بدوێن و وێنەیەک بێنینەوە:***

**لە ساختارگەرایی - ستروکتورالیسم دا زیاترین گرینگی پێدانی ئەو شاخەیە زمان و پێکهاتەیە. زمان سیستێمێک لە توخمەکانی "دەنگ" کە لە دال (تصویر آوایی یا ذهنی) و مەدلوول (تصویر مفهومی) و نیشانە (پێوەندی داڵ و مەدلوول) پێکدێ. داڵی ( دا ی ک) مفهومێکە لە "دایک" لە مێشکی ئێمەدا. نیشانە بۆخۆی مانای نییە و ماناکەی پێوەندی هەیە بە نیشانەکانی دیکە. (١) بۆ وێنە کاتێک دەڵێن "داد" لەبەرامبەر "بێدادی" دا مانای هەیە.**

**ئەگەر بڵێن "سێو"، ڕەنگە هەر تاکێک بە بیستنی وشەی سێو، سێوێکی تایبەتی بیر بێتەوە. ڕەنگە کەسێک بیری بێتەوە کە لە گەڵ خۆشەویستەکەی سێوێکیان دوولەت کرد و خواردیان. کەسێکی دیکە بیری بێتەوە کە لە ڕێگای پەنابەریدا برسیان بوو و تاقە سێوێکیان پێ بوو کە دایانە منداڵەکەیان تا برسی نەبێ. پێوەندی دال و مەدلوول هەمیشە دەلالەتێکە. دال و مەدلوول وەک جەستە و ڕەوانن کە بێ یەک مانا و بوونیان نییە.**

**کاتێک ئێمە دەڵێن "ئەوین" (دەنگ - وێنەی ئەوین مەبەستە)، ئاخۆ مەدلوولەکانی ئەو دەنگ و وێنەیە ئاماژە بە چ دەکەن؟ ئایا ئەشی مەدلوولی ئەوین هەر خودی "ئەوین" بێ یا دەکرێ ئاماژە بداتە زۆر لایەنی دیکە؟ لە دەورانی مۆدێڕندا مەدلوولەکان بە تایبەت لە بەشی چەمک، مانا و "مەفهوم"ەکاندا یەکجار بەربڵاون و هەر کەس بە پێی نیاز و بار و توانایی فکری خۆی لە مەدلوولەکان هەڵدێنجێ. بەو پێیە ئەبێ مەدلوولی داڵی ئەوین لە لای ئازادیخواز چی بێ؟**

**١- سوسور، ١٩٨٣. ( ص. ٦٧، ١١١، ١٢، ١٤-١٥، ٦٦)**

**https://sv.wikipedia.org/wiki/K%C3%A4rlek .2**

## زامستان، دال و مەدلوولی "ئەوین" لە شێعری جەلیل ئازادیخوازدا

### بەشی: ٢ دنیا جیلوەی ئەوین

وەک زۆربەی شاعیرانی کورد تێمی سەرەکی شێعرەکانی ئازادیخواز خاک - نیشتمان، دایک و ئەوینە. ئەم سێ توخمە وەک سێ کۆچکەی شێعرەکانی ئازادیخواز دەکرێ وەستانیان لەسەر بکرێ، بەڵام لەم کورتە نووسینەدا وەک لە سەرەتاوە باسکرا زیاتر باس لە توخمی ئەوین دەکرێ و ناپرژێمە سەر تێمی نیشتمان و دایک.

با هەوڵ کورتەباسێکمان هەبێ لەسەر خودی چەمکی ئەوین و پۆلێندبەندی ئەوین. لە ویکیپیدیادا چەمکی ئەوین بەم جۆرە تاریف کراوە:

ئەوین بریتییە لە تەیفێک لە هەست و جۆری ڕوانین کە لە ڕێگای مێهر، بەخشین، خوکردن، وابەستەبوون، ویست و قوربانیدان خۆی دەنوێنی. ئەوین دەتوانێ ڕوو بە بابەتی ئابستراکت - مجرد بێ وەک هونەر و نەتەوە، یا کۆنکرێت وەک سرووشت، ماڵ، ئاژەل و ئینسانێکی تایبەت و نزیک. لە پرۆسەی مێژوویدا، بۆچوونێکی گشتی و ناسراو لەسەر چەمکی ئەوین هەیە و بە چەند دەستە دابەشکراوە: ئەوینی بێ مەرج - ئەفلاتوونی (کاریتاس)، ئەوینی خوشک و برایانە - دۆستانە (فیلیا)، ئەوینی ڕۆمانتیکی/ئێرۆس، ئەوینی ئێگۆئیست - خۆویست (کە زیاتر بە دەسەڵاتەوە گرێ دراوە) و لیبیدۆ - سێکسی کە بەڕای فرۆید زیاتر هێزی سرووشتییە بۆ بەردەوامی نەسڵ و لە جۆری بیۆلۆژیکە. بە ڕای Robert Sternberg دەروونناسی ئامریکایی سێ کۆچکەی سەرکی ئەوین بریتین لە هەستی ئاشقانە، ئینتیم - نزیکی جەستەیی و پەیمان و وەفا.(٢)

ئەگەر گەرانێک بەناو دەفتەری شێعرەکانی ئازادیخواز دا بکەین، بە فراوانی تاسەیەکی ڕۆژانە و ئامادە دەبینین کە بەردەوام ڕووبە بەرامبەر دێتە گفت. لە شێعری ئازادیخوازدا بەزم و هەرای ڕۆژانەی ژیانی مۆدێرن هێستا زەبریان بەوە نەشکاوە تا ئەوین فەرامۆش کرێت. لەوچەند شێعرە کە لێرەدا وەک نمونە دەهێندرێن، دەبینین کە شێعرەکان هیچ تەفسیرێکی دیکە هەڵناگرن جگە لە خودی ئەوین و ناتوانین بۆ وێنە بڵێن لێرەدا شاعیر مەبەستی نیشتمانە، یا دایکە یا هاوڕێیەکە، چونکە تایبەتمەندییەکانی یار - تۆ، هەمان تایبەتمەندین کە لە کاتی ئەویندارێدا

دەبیندرێن.

لە شێعری ئـازادیخواز دا "تـاسـە" شـوێنێکی تـایبەتی هەیە. تـاسـە نـاوی دیکەی ئەویـنە. لە  بەر"نەزەر"ی شـاعیر کاتێک "تـاسە هەڵوەریوەکانی خۆی" و "هەموو سمڵی هەناسەکانی" یـار دەهـۆنێتەو، هەمـوو شەقام و دار و درەخت، جیلوەیەکن لە مەعشووقێکی بێوەفا، یـا خود ڕەنگە (غیـابەتی دایک) کە ڕۆیشـتووە و هەوای گەڕانەوەی لەسەردا نیـیە و شـاعیر تـاسـەی دەکـا. بەڵام بێوەفـایی یـار و ئەو تـاسـە قـوڵە نـابێتە هـۆی گـازنـدەی و یـا قـین کە خۆشەویستەکەی لەبەر چاوی ڕەش بکا. ئاخر شـاعیر بە مەرج خۆشەویستی ناکـا و بە پێچەوانە خۆشەویستی ئەو لە چەشنی خۆشەویستی ئەفلاتوونییە بۆ خودی ئەوین. ئەوین دەبێتە زریایەکی بێسنوور تـا مەعشووق بە دڵی خۆی تێیدا شەپۆلان بدا و بێت و بچێ. هەموو جەستە و ڕوحی شاعیر کە لە پرۆسەی ژیاندا بۆتە "ڕێگایەکی نەبڕاوە"، ئارەزوومەندە خۆشەویستەکەی بێت و ئیستێکی تێدا بکا.

شاعیر بەردەوام بە هێنانە گۆڕی پرسیار ڕووبە یار دەیـوێ وەڵامی حەسرەتی دەروونی بـداتەوە تـا هەر نەبێ لە ڕێگای دەقی شێعرییەوە پارێزەری ئەوین بمێنێ. هەربۆیە کۆی هەست و وشـەی شـاعیر لە دەقەکانـدا وەفـادارییەکی یەکجـار سەیر، لەم جیهـانە بێ ئەوینەدا، بە ئەویـن نیشـان دەدەن کە ڕیشـەی لە ئەزموونی ژیـان و ڕوانـگەی بـۆ هەستی و خودی ئەوین دایە. ژیانێک کە یار دەڕوا و تەنیا جیلوەی خۆی لە یاد و بیر و دەقدا دەهێڵێتەوە و خـۆی دەنوێنێ:

*تـا کوێ دەڕۆیت؟*

*نایەیتەوە؟*

*ئەم بۆنی سەفەرە*

*تـا کوێ ڕوحم دەکات هێلانەی دابڕان؟*

*سروشت تـامی تۆران دەدا*

*بۆ منت کردۆتە ڕێگایەکی نەبڕاوە*

*لە هیچ کوێنەی ئیشتیاقی بێکۆتـاییم ئیستێک ناکەیت؟*

*من هەواری هەموو ساتەی*

*تەنیایت و هەموو ناز بێنازەکانی دوێنێتم*

*چۆن دەتوانی هێندە هاسان*
*لەبیرم کەی؟*
*شەقام چاوی پڕە لە تریق*
*شار لە بۆنی سیوی هەناسەت*
*درەخت تەوقەیەکی قژتی پێیە.*
*نایەیتەوە؟*
*شەپۆلی تریقە و مەزرای سێو و خەرمانی ئەگریجە*
*بەم نیشتمانەت بەیتەوە.*

ئازادیخواز بە پێچەوانەی زۆربەی پیاوانی شاعیر کە یار بە نیشتمانی خۆیان ناوزەد دەکەن تا تێیدا بحەسێنەوە، خۆی بە نیشتمان یار دەزانێ، تا بەڵکو یار بێت، ئیستێک بکا و لەسەر کۆشی بحەسێتەوە. ئەشێ ڕۆژێک یار هەر بگەڕێتەوە و دووبارە لە "سێو و خەرمانی ئەگریجە"کەی نیشتمان پڕکاتەوە. بەڵام سەیر ئەوەیە کە ئێمە لە هیچ کوێ وڵامێک لە یار نابیسین. لە ڕاستیدا لە مۆنۆلۆگ و پرسیاری شاعیر ڕا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە مەعشووق "نادیار"ە و تەنیا پێشتر هەستی درکاندوە. بەڵام ئەوە شاعیرە کە یار "دیار و لەبەر نەزەر" دەبینێ و بەردەوام لەگەڵی دەدوێ و لە خەیاڵی شاعیردا "بۆنی بەهێ و مێخەک" دەدا و لە کازیوە دا بە پەنایدا تێپەڕ بووە. لە ڕوانگەیەکی هەستیناسانەوە، ئەو گفتوگۆیە جۆرێک لە "ئەوینە موڕادی من" زیاتر دەتوانێ تەفسیری بکا تا گەیشتنێکی جەستەیی بە یار. دەقی شاعیرانە بە خەیاڵ و ئەوینەوە زیندووە و لە نەبوونی ئەوین دا تەنانەت سروشت تامی تۆران دەدا:

*"من هەواری هەمووساتەی تەنیایت بووم "*
*تاکوێ دە ڕۆیت ؟*
*نایەیتەوە ؟*
*ئەم بۆنی سەفەرە؛*
*تاکوێ ڕۆحم دەکات هێلانەی دابڕان؟*
*سروشت تامی تۆران دەدا !*
*بۆ منت کردۆتە ڕێگایەکی نەبڕاوە!*

*لە هیچ کوێنەی ئشتیاقی بێکۆتاییم ئستێک ناکە یت ؟*

*من هەواری هەموو ساتەی،*

*تەنیایت و هەموو ناز بێنازەکانی دوێنێتم!*

*چۆن دەتوانی هێندە ئاسان*

*لە بیرم کەی؟*

*شەقام چاوی پڕە لە تریقە!*

*شار لە بۆنی سێوی هەناسەت!*

*درەخت تەوقەیەکی قژتی پێیە!*

*نایەیتەوە؟*

*شەپۆلی تریقە و مەزرای سێو و خەرمانێ ئەگریجە*

*بەم نیشتمانەت بەیتەوە!*

**تاسە، ناوی دیکەی ئەوین، و دووری یار دەبنە هۆی گۆڕانی تێڕوانین لە ژیان. گوڵباخەکان تامی عەتری دووری دەدەن و باخچە مەلووڵ دێتە بەر چاو. تاسە لە ڕوحی دەقدا ڕووبەرێکی هێندە گەورە دەگرێتە خۆ کە کۆی کەوشەن تەنیا دەبێتە ناوی یار:**

*گوڵباخەکان،*

*تامی عەتری دووری دەدەن!*

*بەدەم هەناسەی باوە ئاوادەبن!*

*باخچە مەلووڵ و بێ ڕەنگە!*

*سەری ناوە بە سەرشانی مەراقەوە!*

*باڵای تاقگە تا هەواری خەم هەڵدەکشێ!*

*کەوشەن هەموو وشەیەکە!*

*ئەویش تەنیا ناوی تۆیە!*

**شاعیر بەردەوام ئەو ئاشقە بە بەڵێن و بەوەفاییە کە باخەڵی پڕن لە گوڵ و ئامادەیە ببێتە کام پێدەشت تا**

یاری کارمامز بێتە مێرگی، دەتوانی ببێتە کام لوتکە تا یار بەسەریدا بباریێ، و چاوەڕێیە ببێتە دارە سێو تا ماچی حەوای سەرگەردان چرۆ بکا:

*تۆ زریانی!*
*لە کام لوتکە دادەباری؟*
*ببمە لوتکە!*
*تۆ ماچێکی سەرگەردانی هەڵفڕیووی لێوی حەوای!*
*لە هێلانەی دەمی کام*
*سێو چرۆدەکەی؟*
*ببمە دارسێو.*

ئەوین هێندە قوڵ بە هەست و بوونی شاعیردا ڕۆچووە و خەیاڵ هێندە دڵتەنگ و تاسەباری یارە کە هیچ چیرۆکێکی خەمین و مێژووی هیچ هەورێکی پڕباران ناتوانی قەرە لە ونبوونی یار و دڵی تەنگی ئاشق بدا و ئەگەر گەڕانەوەیێکیش هەبێ ئیتر لە کاتی خۆیدا نییە و درەنگ بووە:

*بە بوونما وا چک چک ڕۆچوویت!*
*نە چیرۆکی باران و نە مێژووی هەور،*
*ڕوایەتی کۆچت ناگێڕنەوە!*
*....*
*خاک دەمی پڕە لە شەرابی تاسە*
*بۆ؟*
*بۆ هێندە دێر گەڕایتەوە؟*

**بەرئەنجام**

ئەگەر بەو پێیە کە "پێناسەی سەرکی ئینسان ئەوینە" چاو لە شێعرەکانی ئازادیخواز بکەین، لەم چەند کۆپلە

شێعرەدا دەکرێ بەو ئەنجامە بگەین کە ئەوین لە شێعری شاعیردا بریتییە لە هەستێکی ئەبەدی و نەگۆڕی ئینسانی کە بە شەرت و مەرج خۆشەویستی ناکا. دالّی ئەوین لە هەست، خەیالّ و زمانی شێعری شاعیر دا مەدلوولێکی هەیە و ئەویش هەر خودی ئەوینە. ئەوینێکی بێمەرج و بێشەرت کە تێدا تەنیا "گفت" نیشانەی وەفا و پەیمانە. هەر ئەو جۆرەی شاعیر خۆی باسی کردووە ئەوین بە هەر دوو ڕووبەری تاسە و گەیشتن هەر دەبێتە دەرفەتێک بۆ خولّقان و ئافراندن. ئەوین لە ناخی خۆیدا هەلّگری دیالێکتیکە، دیالێکتیکی ژان و چێژ. چ لە ژان و تاسەدا و چ لە چێژ و هەناسەدا، هەم بێ وەفایی یار و هەم وەفای شاعیر دەبنە خالقی ئەوین تا شاعیر بێ خۆری نیگای یار - ئەوین نەتوێتەوە:

*بێ خۆری نیگاکانت*
*ئارام لە کۆشی ئازا*
*دانە دانە مێخەکبەندی*
*تاسە هەلّوەریوەکانی*
*خۆم و*
*هەموو سملّی*
*هەناسەکانی تۆ دەهۆنمەوە*
*ئاوێزانمکە بە ملوانکەی*
*پاییزەبۆنی گەردنتەوە*
*کە بێ خۆری نەرمە تاوی*
*تیلەکان*
*دەتووێمەوە.*

زەمەن دەتوانێ هەستەکانی ئینسانی کەم و زیاد بکا، جۆری دەربڕینیان بگۆڕێ، بەلاّم هەرگیز مەرگەساتی فەرامۆشی ناتوانی جەوهەری سەرکی ئەوین لە ئینسان دا بکوژێ. تا ئینسان هەیە، ئەوین دەبێ بمێنێ. ئەگەر ڕۆژێک ئەوین نەما، ئەوە بزانە کە خودی هەستی و بوونی ئینسان گۆڕاوە و دەبێ جۆریکیتر ئینسان پێناسە بکەین. ئینسانی مۆدێڕن و سەردەم لە ژێر کاریگەری دەیان فاکتەر "ئەوین هەتک دەکا"، بەلاّم سەرەڕای ئەمە تا ئەوین هەبێ، شاعیری ئاشق، دەق و خەیالّ دەکاتە مالّی یار تا خودی ئەوین فەرامۆش نەکرێ.

**ئازار و غوربەت گیانی شاعیر دادگرسێنی، خەیاڵ ئەوکی دەگرێ، ماڵی شێعر دەرگا بۆ خەیاڵی یار دەکاتەوە تا بەڵکو "باوان گیان بە گفتی جاران وەرە با ببینەوە بە میوانی مەریوان و زرێبار". بەمجۆرە داڵێ ئەوین هەر بۆ مەدلوولی خۆی واتە ئەوین بەردەوام بە ناز و تاسەوە دیت و دەروا. و بەمجۆرە بیر، خەیاڵ و وشە، داڵ و مەدلوولی یەکتر، وەک جەستە و ڕوح تێکدەهاڵێن و لێک جیا ناکرێنەوە:**

***ئێستاش هەر بیرت دەکەم!***
***بیرت دەکەم!***
***چۆن هەتکی ڕێواست کرد و***
***پێ شێلی چنوری باوەڕ!***
***چۆن***
***ئەم قامەتی ئەشقەت،***
***بە ماچەکانی ئیبلیس سپارد و***
***کچێنی بەفرت***
***بە چڵکی شەقامەکانی***
***درۆ پیس کرد!***
***بیرت دەکەم چۆن***
***ئەم ساباتی بارانەت***
***بە کرێوەی شەوانەی بیابان بەخشی و***
***باخچەکانی وەرز بە داسی مەراق!***
***بیرت دەکەم!***
***ئێستاکە چۆلەکەیەکی ماندوو!***
***لە مەزاری هێلانەیەکی شێواوا دەمرێ!***
***بیرت دەکەم!***

**سەرچاوە: وێبلاگی پەراوێزی بیر - ڕێکەوتی: ٢٣ی فێبریوێری ٢٠١٧**

## ئەوەندەی نووسینەکانی پەری کەریم نیام...

ئەوەندەی نووسینەکانی پەری کەریم نیام خوێندبێتەوە، پەری زیاتر چیرۆک دەنووسێ. مانگی ڕابردوو لە ئاڕشیوی ماڵپەرەکەیدا چاوم بە شێعرێکی پەری* کەوت:

بەڵێ! ئەی پێشمەرگە ڕەزا شیرینەکەم
لە یادی نەکەی کە چاوەکانت بهێنیتەوە بۆ ماڵێ،
من جلێکی هەتاوی ئەکرم
پڕ لە گوڵە بەرۆژە
دەبێت چاوەکانت گوڵەکان خڕ کاتەوە

بەڵێ! ئەی پێشمەرگە دەستە پیاوەکەم
لە یادی نەکەی کە دەستەکانت بهێنیتەوە بۆ ماڵێ،
ئێستا مناڵە شیرینەکەمان بە زەوقەوە گاگۆڵکە دەکات
دڵسۆز، دەست لە ناو دەست دەستێکی بەرێ

بەڵی! بەڵێ! ئەی پێشمەرگە هەنیەکەم،
لە یادی نەکەی کە لێوەکانت بهێنیتەوە بۆ ماڵێ،
لە مارچدا، ئێمە ژیان دەبەخشینەوە بە مانگە هەنگوینە پرچێژەکەمان
من پێویستم بە لێوەکانی تۆیە کە بە دەور لێوی تینووم‌دا مارش بڕوات.

لە یادی نەکەی
ئەمە بەس بیرهێنانەوەیەک نییە
من سواڵت لێدەکەم...
دێسامبری ٢٠١٢

لەو شێعرەدا داوای گەڕانەوەی خۆشەویستێک کە پێشمەرگەیە دەکرێ. داوا دەکرێ تا خۆشەویستەکە بە جەستەیەکی ساخ و تەواو بگەڕێتەوە، بە دەست و قاچ و چاو و لێو. داواکە ڕوونە: خۆشەویستەکە دەبێ "لە یادنەکا" کە گەڕاوە وا بگەڕێتەوە کە چاوەکانی بتوانن گوڵەبەڕۆژەکانی کراسە هەتاوییەکەی ژنەکە کۆکەنەوە. دەستەکانی باوکەکە بتوانن لەگەڵ منداڵەکەیان کایە بکەن. لێوەکانی پیاوەکە بتوانن لە دەوری لێوی تینوی ژن بە ماچ مارِش بروا.

بە خوێندنەوەیەکی فێمینیستی، ڕووت و ئاشکرا باسکردن لە هەستەکانی ژنانە و هەستی جنسی بەرامبەر بە خۆشەویستەکەی لەو دەقەدا بە تایبەت کاتێک باس لە کۆکردنەوەی گوڵەکانی کراس و مارِشی ماچ دەکری، بەرچاوە. بەڵام ئەوە خاڵە کە تازەیە لەبەراورد لەگەل کۆلتوری کوردیدا کە زۆر جار خاڵی شاراوە بوو و لێرەدا وەڕوو دەخرێ ئەوەیە: بۆ یەکەم جارە ژنێکی نووسەر ڕاستەوخۆ داوای ئەوە دەکا کە ئیدی چیدی دوای شەڕەکان جەستەی شکاو و کەمئەندامی پیاو نەگەڕێتەوە و بەشی ژن هەر نەهامەتی نەبێ، بەڵکو پیاوەکە بە تەواوی و ساخی بێتەوە. ئەو داوایەش بە پێچەوانەی دابی هەمیشەییە کە "هەر بگەڕێوە، گرینگ نییە قاچیکیشت نەبێ".

***دیارە ئەو داوایە لەناو ئەو دەقەدا چەند ڕووبەری هەیە:***

یەکەم لە ڕوانگەیەکی هۆمانیستییەوە گەڕانەوەی هەر ئینسانێک لە شەڕ بە ساخ و سلامەتی ئاواتی هەموو کەسێکە. ژنان بە گشتی لە هەموو جیهاندا دژی شەڕن. ئاکامە نگریسەکانی شەڕ گەرچی زیاتر مەرگی پیاوانی بەدوادا هاتووە، بەڵام زیاتر داهاتووی ژنان و منداڵان دەخاتە ژێر ڕکێفی نەحسی خۆی. ئێمەی کورد باشتر لە هەر کەس دەزانین جەنگ و زیندووگەڕانەوەی پێشمەرگە لە بەرەکانی شەڕ چ مانایەکی گەورەی بۆ دایک، ژن، منداڵ، خزم، کەس و کار هەیە. ئینسان شادە بە گەڕانەوەی کەسەکانی لە بەرەکانی شەڕ، تەنانەت بە کەمئەندامی.

بەڵام لەو دەقەدا داوای ئەوە ناکرێت کە "بگەڕێوە تەنانەت کەمئەندام"، بەڵکو بە پێچەوانەی داب، داوا دەکرێ کە گەڕانەوەیەکی ساخ و تەواوی جەستەیی بێ. ئەوەش نەک هەر بە خاتری هۆمانیسم و خۆشەویستی ئینسان، بەڵکو بە خاتری خودی ژنەکە. بە خاتری هەستەکانی و بەخاتری مانەوەی ژیانێکی "پڕچێژ لە مانگە هەنگوینەکەدا" کە ژنەکە نیازی بە لێوەکانی پیاوە تا پڕی بکا لە ماچ، تا چاوەکانی پیاو گوڵەکانی کراسە

کۆکەنەوە و بگاتە جەستەی ڕووتی ژن.

ئیدی لێرەدا ژن ناپارێتەوە "تۆ هەر بگەڕێوە، گرینگ نییە..."، بەڵکو ژنەکە دەست و چاو و لێوی پیاوەکەی بە ساخی دەوێ. دەنا ژنەکە چ لە جەستەیەکی بریندار کەمئەندام بکا؟

لەسەر ئەو باس و دەقە، لەگەڵ پەری زۆر ئەو بابەتەمان تاوتوی کرد. پرسیاری سەرەکی من لە پەری ئەوە بوو: هاتوو "خۆشەویستەکەت" کەمئەندام گەڕاوە، ئایا ئەو خۆشەویستییە نامینێ یا نابێ بمێنێ؟ هاتوو خۆشەویستەکەت دەستی و چاوی نەما و لێوەکانی شکڵ و فۆرمی لە ژێر کاریگەری ساچمە و فیشەک فەوتا، چ دەبێ بکرێ؟ ئایا هەستی ئینسانی نێوان دوو ئاشق بە جەستە و فۆرمێکی تەواو و پێشووتر گرێدراوە؟ ئایا جەستە و فۆرمە کە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر پێوەندیەکان و ئەوینە؟ بە ڕاست ئەو هەستەی وا ناوی ئەوینە لە دەرەوەی جەستە و فۆڕم دا بوونی هەیە یا جۆر و ماهییەتی ئەوین ڕاستەوخۆ لە ژێر کاریگەری جەستە و جوانی دایە؟

یەک لە وڵامەکانی پەری ئەوەیە: تا کەی ژنی کورد هەر ساحێبی نەهامەتی و جەستەی شکاو بێ، بۆ مەگەر ژن مافی نییە چێژ لە ژیان ببینێ؟

ڕەنگە هەر ئەو ترسەش بێ کەوا لە دەقەکە دەکا کە لەبەر خۆشەویستەکەی بپاڕێتەوە و سواڵی لێدەکا کە ساخ بگەڕێتەوە تا بتوانن پێکەوە بەردەوام بن لە ژیان و دەڵێ:

***ئەمە هەر بیرهێنانەوە نییە***

***سۆاڵت لێدەکەم....***

لێرەدا گرینگە ئەوە نییە کە ئێمە داوەری بکەین و حوکم بدەین کە دەبا ئەو دەقە وا نووسرابا یا نەنووسرابا، ژن دوای کەمئەندامبوونی خۆشەویستەکەی بمێنێ یا نەمینێ، بەڵکو گرینگە ببینین کە ژنی کورد هەنگاو دەنێتە مەیدانیکی پڕ لە مینی حوکم و پێشداوەری. مەیدانیک کە تا ئیستا ژنی نووسەر خۆی بە پێی "نۆڕمەکانی نەتەوە" فورمولە کردووە نەک لە پێگەی خواست و ئارەزووکانی خودی ژن. مەیدانێک کە ژن لەوێدا هەمیشە جوانی جەستەی بەرامبەری وەلاناوە و بە مانای ژیانێکی "پشتیوانیکراوی کۆلتوری" سەرەڕای هەموو نەهامەتیەکان ڕازی بووە. ئیدی

لەو دەقەدا "کمالگەرایی" جەستەییە کە دەستی باڵا دەگری نەک واڵاگەرایی هەستی نەتەوەیی کە ژن دەبێ خۆی فیدا بکا.

ئەم دەقە، چەمکی نەتەوە و فیداکاری فەرامۆش نەکردووە، بەڵکو بە هیوای گەرانەوەیەکی سەرکەوتوانە وێرای جەستەیەکی ساخە. ئەم دەقە بۆ پێشمەرگە نووسراوە کەواتە بەشێکە لە دەقی ژن بۆ پێشمەرگەی نەتەوەکەی.

ژنانی هەموو شەڕەکانی مێژووش ڕەنگە هەر ئەو ئاواتەیان بووبێ و تا شەڕی نگریس هەبێ ئەو پرسیارە بەردەوام کراوەیە کە هەر کام لە ئێمە ئەگەر بکەوینە دۆخێکی وەها ئاخۆ چۆن مامڵە لەگەڵ گرفتەکە دەکەین. ئایا بە پای حورمەتی ئەوینی ڕابردوو دەمێنینەوە یا جەستەی شکاوی بەرامبەرمان کاریگەری خۆی لە سەر جۆری پێوەندییەکان دەبێ.

دیارە هێنانە باسێکی وا ئینتزاعی کە ئەگەر خۆشەویستەکەت شەل و نابینا لە شەڕ گەڕاوە چ دەکرێ یا چ دەبێ بکرێ، هەرگیز لێرەدا وڵام نادرێتەوە و پێوەندی نێوان ئینسانەکان زۆر لەوە بەرینتر و پێچوپوڵووچترە کە بە تاکە شێعرێک وڵامی بدەینەوە. ڕەنگە نووسەری ئەم دەقە یا هەر کام لە ئێمە ئەگەر ڕۆژێک، لە کات و ساتێکی وادا ناچار بین بڕیاربدەین هەرگیز خۆشەویستەکەمان دوای شەڕ بە تەنیا جێنەهێڵین، هەر چۆن نمونە یەکجار زۆرن. ڕەنگە واش نەبێ و ئەگەرچی پێشمەرگەکە ساخە، ژنەکە بەدوای ژیانێکی دیکەدا بڕوا و ئەوەش دیسان هەر وێنەی کەم نەبووە. پێوەندی دوو ئینسان بێ شەڕ یا وێڕای شەڕ بە زۆر شتی دیکە بەستراوەتەوە. ئەوەی لەو دەقەدا گرینگە باس لە ئارەزووەکانی ژنانەیە بە پێچەوانەی دابی حاکم.

* ئەو دەقە لە ئینگلیزی ڕا لەسەر داوای من هەر پەری کەریمنیا خۆی کردوویەتی کوردی. دیارە نووسینی دەق زۆر ئاسانترە لە وەرگێڕانی دەقی خۆت.

**Aye! My sweetheart Guerrilla**
**Do not forget to back home your eyes**
**I will buy a sunny dress**
**Full of sunflowers**
**.Your eyes must gather flowerss**

,Aye! My handsome Guerrilla
Do not forget to back home your hands
Now our candy- baby is crawling over the moon
Heartfelt, hand in hand give him hands

,Aye! Aye! My honey Guerrilla
Do not forget to back home your lips
In March, we will give a birth to our delicious honeymoon
.I will need your lips to march around my thirsty lipss

Do not forget....
it is not a reminder
I am a beggar....

سەرچاوە: ویبلاگی پەراوێزی بیر - ڕێکەوتی: ٣ی فێبریوێری ٢٠١٧

## شاتوو

شاتوویەک لە مێشکی مندا ڕیشەی کردووە. شاخ و بەرگەکانی بەرەو پەنجەکانم، قاچ و پێم شۆڕ بوونەتەوە. ڕیشەی لە سەرمدا دایکوتاوە. ڕەنگە بۆیە دونیا سەراونخون دەبینم. لە ڕووداوەکان حاڵی نابم، پێوەندی ئینسانەکان ناتوانم بەو جۆرەی کە هەیە وەرگرم، ناتوانم سیاسەت بە شێوەی داب بکەم. ئەگینا شاتووی سەرم لێم زوێردەبێ و بەری نابێ. خوێنی شاتووکەم دەگەڕێتەوە ئەیامێک کە زۆر جەوان بووم. ئاشقی هەر لاوێکی پێشمەرگەی شەدەبەسەر دەبووم دەبوومە شاتوو. جا کە شەهیدیش بان ئەوە بەحەفتە نانم نەدخوارد. شاتووی سەرم گەلێک لەو جەمسەرە ساردە غەریبە. خۆری وڵاتیان لێ حەرام کرد. بە سیاسیکار، ژورنالیست، نووسەر، حیزب. بەڵام لە هەمووان غەدارتر بۆ گیانی خۆی هەر خودی شاتووی سەرمە. هێندێک جار دەڵێم پەنجە و قاچەکانی لێدەم با ڕیشەی وشک بێ. دوایە دەبینم ئەوینی ئەو شاتوویە هێندە قوڵە ناتوانم بچمە جەنگی. بۆیە هەر سەری لەبەر دادەنوێنم.

## دارە تووی "تەوار" گیان

کچە گەورەکەم ٢٥ ساڵ لەمەوبەر لە کابۆل لەدایک بوو. کاتێک هاتینە سوئێد یەک ساڵ و نیو بوو. کە منداڵ بـوو شـەوانە وەک هەر دایکێـک چیـرۆکم بـۆ دەگـوت. چیرۆکـی کانیاوەکـان، ڕەزەکـانی تەلان و دار بەڕووەکـان، شـاتووەکان کە لە بەرقەدی شـاخە وشک و بەردەڵانەکـان بە سەبووری ڕێبـوارە مانـدووەکانیان شـاددەکرد و دەستی ڕێبوارەکان بە شاتووەکان وەک یاقوت سوور هەڵدەگەڕا..... چیرۆکی بۆمبارانەکان، شەهیدەکان، مناڵانی کوردم بـۆ دەکووت.

زۆر جار دەیکووت: دایە دیسان نەگری....

پێنج ساڵ پێش هاتەوە ماڵ و کوتی دایە دیارییەکم بۆ کڕیوی. لە کاخەز دەریهێنا ڕیشەی دارێکی ساوا بوو.

پرسی: دایە دەزانی چ دارێکە؟

وتم: چ دارێکە؟

وتـی: شـاتوو. چـووم لە لای کشیشـێکی پیـر کە دەیزانـی لە کـۆ ئەو ڕیشـەیە هەیە، سفارشم داوە و بـۆی هێنـاوم، ئەوەش داری کوردستانەکەت.

وەکی دەڵێن دارە توو دارێکی سەبوورە و لە سەخترین ئاووهەوا دا خۆ ڕادەگرێ....

ئەوە بەری دارە تووەیەکەی "تەوار" گیانە. سپاس بۆ تێڕوانینی قوڵت لە ژیان کچم کە زۆر شتت لێ فێر بووم...

دارە تووییەکەی ستۆکهۆڵم

ساڵی٢٠٠٧ لە کەمپێکی منداڵانی ژێر هەژدە ساڵی پەنابەر کارم دەکرد. نزیک ١٥ منداڵی لێبوو. چەند لەوان کورد بوون، خەڵکی مووسڵ، خانەقین، هتد.

کارەکەمان شیفتی بوو. شەوێک کە نۆبە چێشکی من بوو حاڵی کوڕێکی کورد زۆر خەراپ بوو و بە نیوەشەو وەجەنگەڵ کەوت. بە سەد بەدبەختی تا هێنامانەوە و پۆلیس و ئامبولانس هات. من کە کوردیم دەزانی لەگەڵی چوومە نەخۆشخانەی منداڵان. شەو تا سبەی نیوەڕۆ هەر کاری تەواو نەبوو و دوکتور بڕیاری نەدابوو بمێنێتەوە یا بڕواتەوە کەمپ.

منیش زۆر ماندوو بووم و شەو نەخەوتبووم. بە کارمەندەکانم کوت دەچم ساعەتێک لە قەراخ ئاوەکە پیاسە دەکەم.

ئەو نەخۆشخانەیە لە ستۆکۆڵم لە قەراخ ئاو لەسەر بڵیندییە. لەدەوروبەری نەخۆشخانە زەوی بێستانن کە خەڵک لە شارەداری بە کرێی دەگرن تا گوڵ و گیا بچێنن. جاری وایە دەبێ بیست ساڵ لە نۆبەدا بی تا کەسێک بمرێ، بڕوا، ماندووبێ و تیکە زەویەکی بیست سی میتریت وەگیر کەوێ و ببی بە کرێچی.

ئەو شوێنە بە بڵندایییەکەوە لە قەراخ ئاوەکە بەرەو شەقام هەڵدەچێ و خەڵک گوڵ، پیاواز، سەوزەی تێدا شین دەکەن.

بە ناو ئەو بیستانانەدا دەڕۆیشتم کە لە پڕ هەستێکی سەیر دایگرتم. سەرم هەڵێنا لە بن دارە شاتووییەکی گەورە خۆم دیتەوە. ئاخری مانگی جولای بوو و شاتوو پێ گەیشتبوون.

من بیست ساڵ بوو دارە شاتووم نەدیبوو. شاگەشکە ببووم. هەر بە دەوری خۆمدا دەخولامەوە و چاوم لە دارەکە دەکرد و باوەڕم نەدەکرد ئەوەی دەیبینم ڕاست بێ. چاوم لە نووسراوەی ژێر دارەکە کرد، نووسرابوو ئەو ڕیشەدارە لە باشووری سوئیدەوە لە ڕێکخراوی... پێشکەشی ڕێکخراوی بێستانچییەکانی ئەو شوێنە کراوە، ساڵ ١٩٧٢.

دیارە کەس ئیزنی نییە شاتووەکان لێکاتەوە و دەوری دارەکە گیراوە، بەڵام من هەموو هاوینان ئاخری جولای دەچم

و چاو لە دارە شاتووەکە دەکەم.

ئەو ڕۆژەی ساڵی ٢٠٠٧ هەستم کرد لەو تاراوگەیە شتێک هەیە کە بۆنی وڵاتی منی لێ بێ.

ئێوارە من و کوڕە چووینەوە کەمپ. چەند ساڵ دوایە لە مەیدانی شار کوڕەکە کوتی: سەلام دادە.

## دارە توویەکەی مسڵۆکێ

ڕۆژێکی بەهاری ١٩٨٣ لە مەهاباد هاتمە دەر. دایکم وتی: شەو پاسداران سەروبانیان لێ گرتم و من و خوشک و براکانت وەک شەقشەقە دەلەرزاین.

ئەو کات کە دایکم لە ترسان دەلەرزا، من هەورازەکانی شنۆیەم بەرەو ئەودیو دەپێوت. هێندێکمان بەیارمەتی حیزبی شیوعی توانیمان هەڵێین و لە خەتەری زیندانی بوون نەجاتمان بێ. سێ شەو و ڕۆژ ڕۆیشتین.

لە بەهاری ٨٣ی لۆلان تا ئاخری پائیزی ١٩٨٩ و مەقەڕی حیزب لە ئێنزێ تەنیا هاوڕێم سروشت بوو.

سروشت تاکە سوکناییم بوو. شەوانە کە لەبن دارە گوێزێک بە پەتویەکی سەربازی دەنووستین و بەیانی بە هەوڵێن گزینگەکانی خۆر گەرم دادەهاتین، کاتێک لە ڕووبار مەلەمان دەکرد، یان خۆمان وەبەر تاڤگەیەک دەدا، کاتێک لە ژێر دارێک کتێبمان دەخوێندەوە یا دەچوین بۆ ئاور کۆلکە دارمان دەهێنا، یا لە سەرمای زستان لەبەر سۆبە دادەنیشتین، هەموو ساتەکانی ژیانم پڕ بوو لە سرووشت. سرووشت باری خەمەکانمی سووک و نامۆیمی قابیلی تەحمول دەکرد. ئێستاشی لەگەڵ بێ نیشتمان بۆ من کانیاوێک، دارێک، ڕووبارێک، "کێوە ڕەش"ێک، و بەگشتی سرووشتە. نیشتمان سروشتێکە کە من لە ئینسانەکان جیام کردۆتەوە.

لە مسڵۆکێ ١٩٨٥، ئاخرین دەستەی کچان کە توانیبویان لە شارەکانی دەرەوەی زێدی خۆیان جێگایەکی ئەمن پەیدا بکەن و باری ئابووری بنەماڵەیان وابوو کە لە شاری دیکە بژێن، ڕۆیشتنەوە ڕۆژهەلات و من و سێ چوار کچ لەگەڵ سی چل کوڕێک لە شاخ مابووینەوە.

زۆر جار لە مەقەڕ دەچومە دەر و لە گۆشەیەکی سروشت کە هاوینێکی گەرم و وشکی هەبوو خۆم لە جیهانی بچووکی دەوروبەرم دەشاردەوە.

ڕۆژێک ڕویشتم و ڕۆیشتم. گەیشتمە کۆلکەدارێکی وشک هەڵاتوو کە کەوتبووە سەر عەرز. بەدەوری دارەکەدا وەک تەوافی کەعبە دورێکم لێدا. لە پڕ دیم چەند لکوپۆی دارەکە شینە و دەنکە یاقووت لەبەر هەتاو دەدروشێنەوە. کۆلکەداری پیر، دارە توویەک بوو کە کەوتبووە زەوی بەڵام هێشتا هێلانەی ژیان بوو.
ئەی پیرەدارەکە، ڕەنگە تۆ لە کورەی ماڵێک یا ئاگردانی پێشمەرگەکان بۆ چێشت لێنان سوتێندرابی، بەڵام من جەستەی کەوتووت لەسەر خاک کە هێشتا مێهرەبانی تێیدا شەپۆلی دەدا، لەبیر ناکەم.

## دارەتوو و فاڵگیر

هەر شازدە هەفدەساڵ دەبووم. ڕەفیقێکی سەرشێت تر لە خۆم ئاشق ببوو. وتی وەر با بچینە لای فاڵگیرێک.

ماڵی فاڵگیر لە پشت شارەداری لە کۆڵانێکی هەوراز و حەسار ەکەش لە بڵیندایی بوو. ماڵە فاڵگیری پیر تاقە ژورێک لەسەر باڵەخانە ڕووخاوەکەی حەسارەکە بوو. دیاربوو چەندین کرێگرتەی تریش لەو کۆنە حەسار و خانوو ڕوخاوەدا دەژیان. لە حەسارەکەدا دارێکی هەزارساڵەی شاتوو هەبوو کە دەنکە شاتوویەکان وەک یاقوتی ڕەش دەدرەوشانەوە.

چوینە لای مامە پیرەی فاڵگیر و فاڵمان گرتەوە. ماڵێکی هەژارانە کە لە دۆشک و لێفەیەکی کۆن ، کتری و عەلادینێک لە ژورێکی میچ نەوی و گڵ پێکهاتبوو.
دوای فاڵگرتنەوە هاتینە ناو حەسار و بە دیتنی دەنکە شاتوویان کوتمان با بچنەسەر دار. وەک منداڵی هاروهاج وەسەرکەوتین. چەند دەنکمان لێکردبووە و نەکردبووە کە مامە پیرەی فاڵگیر بە گۆچانەوە هاتە خوار. جا وەر ڕاکە. بەڵام ئیدی هەر ئەو چەند دەنکە شاتووە شوێنەواری خۆی لەسەر دەست و لیباس دانابوو.

***ئەی دارەتووکان، بە خاتری خوێنی ناو شادەمارەکانی ئێوەش بووبێ نیشتمان لەبیر ناکەم.***

**سەرچاوە: وێبلاگی پەراوێزی بیر - ڕێکەوتی: ٢٤ی جانێوێری ٢٠١٧**

# لە ژێر کاریگەری هیچگەرایی بکت

*"ای کاش می شد باز شوند،*
*این کلمه های کوچک،*
*باز شوند و مرا ببلعند."*

**ساموئل بکت، متن هایی برای هیچ.**

**لە ژێر کاریگەری هیچگەرایی بکت**

**ئێستا کە مەرگ دەورەمانی تەنیوە بیرلە هیچ ناکەمەوە، نە لە حیزبەکان، نە لەوانەی بەدوای دەسەلاتدا دەجەنگن، نە لە نیشتمان، نە لە ئەشق. یا لە ڕاستیدا ئەوەی بیری لێدەکەمەوە تەنیا "هیچ"ە و هیچیتر.**

**"هیچ" بۆتە ناوەندی بیرکردنەوەم. ئێمە لە "هیچ"ەوە دین و بەرەو "هیچ" دەڕۆینەوە. لە سووڕانی پەڕەقوویەک لە نێوان ئەو دوو "هیچ"ەدا هیچ شتێک مانایەکی ئەبەدیمان ناداتە دەست جگە لە خودی "هیچ".**
**تا دوێنێ لەگەڵ هەر شەهیدێک دەمردم، لەگەڵ هەر خەیانەتیک بە نیشتمان دەمردم، لەگەڵ هەژارانی برسی دەمردم، لەگەڵ تەواوبوونی هەر ئەوینێک دەمردم، لەگەڵ هەر ژنێکی ژێردەستی داعشەکانی زەمانەدا دەمردم.**

**ئێستا دەزانم کە لەمێژ ساڵە مردووم، هەر ئەو کات کە شەهید مانای خۆی لەدەست دا، هەر ئەو کات کە خەیانت لە نیشتمان کرا، هەر ئەو کات کە هەژاران برسی کران، هەر ئەو کات کە پاسدارە داعشەکان دەستدرێژییان کردە سەر هەموو ژنی زیندانی، هەر ئەو کات هەموو ئەوین مرد.**

**هەر ئەو کات زانیم کە نە حیزبەکان گەل و نیشتمانیان بۆ گرینگە، نە خائینەکان وەخەبەردێنەوە، نە زەگزلەکان بیر لە هەژاران دەکەنەوە، نە دواعش دەبنە بەشەر، نە کەس بە ئەوین وەفادارە. بەدوای مەرگی جوانییەکان ئیدی بیرم لە هیچ نەکردەوە. "هیچ" بوو بە ناوەندی بیرکردنەوەم. "هیچ" وای کرد کە هیچ بیرێک نەتوانێ ڕامکێشێت و بکماتە کۆیلەی خۆی و هیچ ئەوینێک نەتوانێ بریندارم کات.**

هیچ وای لێکردم ئیدی چاوەڕوانییەکانم لە گەل، نیشتمان، حیزب، ڕووناکبیر و خۆم تەواو بێ. ئیدی ئیستا چاوەڕوانی "مانا" نیم و دەزانم هیچ ناگۆڕدرێ چونکە چاوەڕوانی مانای نییە.

بەلام هەمیسان چاو و هیچ تێکدەئالێن و پێموایە کە دەبێ شتێکی تازە بقەومێ و هیچێک ببێتەوە ناوەند و لە هیچەوە بە "هەموو" بگەین. هەموویەک پێکهاتوو لە هەموو هیچەکان بەرەو نیشتمان، پێشمەرگە، هێز، ئەوین. دیارە ئەو کاتیش ڕەنگە هیچ شتێکی وا نەگۆڕدرێ جگە لە وەدیهاتنی هومێدێک. ئەوسا هەموو دەبنەوە مێرگ و کەرویشکە دەکەن، هەموو دەبنەوە دەست و سەما دەکەن، هەموو دەبنە هێز و وەگەڕ دەکەون و هەموو هەر چی هیچە مانا دەکەن.

من چاوەڕوانیم لە هیچە و هیچ چاوەڕوانە. چاوەڕوانی و هیچ بوونەتە هومێدێک لەسەر بناخەی هیچ.

ئێستا بیر لە بێکت دەکەمەوە....

سەرچاوە: وێبلاگی پەراوێزی بیر - ڕێکەوتی: ١٠ی جانێوێری ٢٠١٧

---

# دوانەی ڕەنج و شادی

## خوێندنەوەی شێعرێک لە شێعرەکانی ناسر حیسامی

### بەشی ١. پێشەکی

ناسر حیسامی یەکێک لە شاعیرە ناسک خەیاڵەکانی سەردەمە. حیسامی هەر شێعر نانووسێ و خاوەنی چەندان پەخشانی زەنگین، وەرگێڕانی ڕەنگین و شێعری شاعیرانی فارس زمان لەوان شاملو، کەسرایی، سایە، نیما، حافز، ئەبووسەعیدی ئەبولخەیر و هتدە.

حیسامی کوری شاعیری بەناوبانگ و پایەبەرز مامۆستا خالید حیسامی یە و وادیارە سرووشت هەست و خەیالی شاعیرانەی لە باب بۆ کور بە دیاری بردووە. دیارییەک کە ڕەنگە زۆر کەس ئاواتەخوازی بێ، ئاخر لە جیهانێکی واها پڕ دەردسەریدا مەگەر شێعر بتوانێ باری خەممان کەم بکات. ئەگەر باوک هەر لەسەرتاوە خۆی لە بەرەی ناسیۆنالیزمی کوردیدا دیتەوە ئەوە بۆ کوڕ چەندین ساڵ ئەزموون پێویست بوو تا پرسی کورد بە بارستای گرینگی خودی پرسەکە بێتەوە ناو ژیانی سیاسی شاعیر. بەڵام بە قەولی خودی شاعیر ڕوانگەی جیاوازی سیاسی قەت وای نەکرد تا باب بیروباوەڕی خۆی بە سەر کوڕ دا داسەپێنێ.(١) دیارە جیاوازی لە جیهانی شێعری باب و کوڕیشدا دەبیندرێ، بەڵام ئەو نووسینە باسی کوڕە نەک باوک، جا بۆیە تەنیا بەوەندە ئاماژەیە ئەو باسە دەبڕمەوە.

ئەگەر لە من بپرسن کامە پەخشان و شێعری ناسر حیسامیت زۆر پێ جوانە، دەڵێم: "سەفەر"، "ئاوێنەی ئاو"، "باران" کە لەسەر ماڵپەڕی شاعیر، شارستان، هەن(٢)، "ئەم دەشتە تاقەتی بەسەر چوو، لە سەبر و بێدەنگیی تۆ ئەی شاخ" کە لە سەر دیواری فەیسبووکی شاعیر هەیە(٣)، پەخشانێک کە لە ڕادیۆ زایەڵەدا باسی ژیانی خۆی دەکا و ئاوڕێک لە دەورانی منداڵی و میرمنداڵی خۆی دەداتەوە(٤) و ئەم شێعرەی کەوا ئێستا بابەتی سەرەکی ئەم نووسینەیە.

**هەوەڵ شێعرەکە:**

*سەمایەک لە گیانم گەڕاوە*
*لە ڕەنگی ڕووناکی باریکە ئاوێک کە*
*لە جاڕی وشکەپووش بە خاکی تینوودا دەگەڕێ.*
*سەمایەک لە گیانم گەڕاوە*
*لە چەشنی فڕینی کەوێک کە*
*لە دوو باڵی یەکیانی شکاوە*
*لە چەشنی خەونووچکەی منداڵێک*
*کە دەنگێک پێی گوتبێ*
*سایەیەک لە پەنا بێشکەکەت نەماوە.*
*لارەلار، وەک ڕەوتی شەکەتی شێعرێکم کە*

*بوغزی دوا ماچی لە گەروو گیراوە*
*تۆ وەرە و دەستێکم بدەیە*
*لەنگەرێک،*
*هەر هێندەی بە پێوە خۆ بگرم*
*کە خەراپ گرتوومی،*
*سەرخۆشیی ئەو بادەی کە*
*نیوەی زیاتری لە دەستی لەرزۆکم ڕژاوە!*

**هەڵبژاردنی ئەو شێعرە بۆ شیکردنەوە زۆر خۆڕسک دوابەدوای خوێندنەوەی شێعرەکە بوو. من پێشتر زۆربەی شێعرەکانی شاعیرم خوێندبوونەوە، بەڵام کاتێک ئەم شێعرەیانم خوێندەوە هەستم کرد شتیکی تێدا کە بۆ خودی خۆم جێگای پرسیارە:**

*"کە خەراپ گرتوومی،*
*سەرخۆشی ئەو بادەی کە*
*نیوەی زیاتری لە دەستی لەرزۆکم ڕژاوە"*

***ئەو "بادەیە کە نیوەی زیاتری ڕژاوە"*** **ئاماژە بە چ دەکا و سەرخۆشی ئەو بادەیە کە شاعیری گرتووە لە کوێڕا دێ؟**
**ئەگەر ژیان بۆ هەر تاکیکی سەر ئەم گۆیە بریتی بێ لە ڕەنج و شادی، فرمێسک و پێکەنین، تاریکی و ڕووناکی، ئەوە بۆ تاکی کورد ڕەنج و شادییەکان یەکجار پڕ ڕەنگترن. جا خۆ بێتو شاعیر بی، ئەوە دەبێ باری هەموو ئەو ڕەنج و شادییانە ساڵەهای ساڵ بە کۆڵ هەڵبگری تا لە کوێ ڕۆژێ لە ڕۆژان لە ڕێگای وشە و شێعرەوە وەک ژنێکی دووگیان بارەکەت لەسەر زەوی دابنێی.**

**ڕۆژێک لە مانگی ڕابردوو لە ناسر حیسامیم پرسی ئایا ئەوە شێعرە هیچ هاندەری سیاسی بووە؟ وڵامی شاعیر ئەوە بوو:**

**"شیعرەکە ئێستا بە تەواوی لەبیرم نییە زادەی چ هەستێکە. زیاتر تاسە و دڵەخورپەیەکە کە هەمیشە لەگەڵمە.**

ئەوەنـدە دەزانـم هـیچ بزوێنەرێکی سیاسیی نەبـووە. لە جێیەک باسی دڵەڕاوکەی منداڵێک دەکا کە دەنگێک پێـی گوتبێ سـایەیەک لە پەنـا بێشکەکەت نەمـاوە. ئەوەیـان، وا هەست دەکەم منـداڵەکە خـۆمم. بە منـداڵی هەمیشـە گەورەتـرین ترسم ئەوە بـوو لە دایکم دابـبـڕێم یـان لـێم دوور کەوێـتەوە. جارێک لە بۆکـان دەمخوێنـد. لە مـاڵی خزمێکی خۆمان. دایکم لە شێخاڵییەوە هات سەری لێدام. کە ڕۆیشـتەوە هەتـا دەرەوەی شـار، هەتـا سـەر پـردەکەی میراوا بە دووی تراکتۆرەکەدا هەڵاتم و گریام."

## بەشی ٢. شیکردنەوە

### وشە کلیدیەکان:

*سەما، فڕین، خەونوچکە، سایە، بادە، دەستی لەرزۆک.*

"سـەماع" یەک لەو چەمکـانەیە کە لە مەکتەبـی عێرفـان دا گرینگێکی تـایبەتی هەیە. عـارف هەوڵـدەدا لە ڕێگـای گوێگرتن و ئاواز و جوڵەی جەستەیی بەرەو "ملکوتی اعلا" بڕوا. عارف بە"هو، هو" گوتن و سەما دەچێتە "خەلسە". ئەو جوڵە ریتمیکە لە ڕاستیدا کاتێک بە ئامـانج دەگـا کە "ئەشق" تـێکەڵاوی هەمـوو گیـانی سۆفی بـێ. ئەشق بە "مراد" هەوێنی سەرەکی سماع-ە.

لە جیهانی ڕۆژئـاوادا، سـەما چ وەک هـونەر و چ وەک وەرزش ڕۆڵێکی تـایبەتی لە ژیـانی کۆمەڵایەتیـدا هەیە. لە ڕێگای سەما، بـالێت و ئۆپێرا سەدان بەسەرهات هاتونەتە سەر شانۆ. سەمادەرمانی و ورزشی جەستەیی ئێستا یەک لە ڕێگاکانی چارەسەری زۆر نەخۆشییە.

جەستە بە جووڵە و لە سەمادا ڕەها دەبێ و ئەو ڕەهاییە ئینسان بە ئاسۆی ئـازادی و سووکبـاڵی دەگەیێنـێ. ڕەنـگە سەما وەک هونەر لە هەموو هونەرەکانی دیکە بە ئینسان نزیکتر بێ چونکە ئینسـان ڕۆژانە بەردەوام دەجـوڵێتەوە، لە کاتێکدا ڕەنگە بتوانین چەند ڕۆژ قسە نەکەین یا گۆرانی و شێعر نەڵێین، بەڵام جەستە دەبـێ بجـوڵێتەوە، خـۆ هەر نەبێ دڵ دەبێ لێبدا.

فڕین: ئەگەر ڕەوتی لە دایکبوونی شێعر وەک جۆرێک فڕین لە ڕاسڵ - واقع بەرەو دنیای خەیاڵ بناسین، و ئەگەر

باوەڕمان وابێ کە نووسینی هەر شێعرێک جۆرێک لە ئازادبوونی وزەی شاعیرە ئەوە چەمکی "فرێن" پڕ بە پێستی سات و ئانی لەدایکبوونی شێعرە. ئەگەر بۆ فڕینی باڵندە دووباڵ و هەوا پێویست بێ، ئەوا بۆ نووسینی شێعر، جگە لە خەیاڵ و زمان، دۆخ - شوێن و ساتی لە دایکبوونی شێعریش گرینگە. ساتی لە دایکبوونی شێعر ڕەنگە زۆر درێژخایەن بێ، ئەویش بەو مانابیە کە شاعیر هەست و وێنەی شێعری بۆ ماوەیەکی زۆر لە مێشکیدا هەڵبگرێ تا ڕۆژێک لە ڕێگای ڕێککەوتن یا دژایەتی وێنەکان و وشەکان شێعرێک بخوڵقێنی.

خەونوچکە و سایە: منداڵ کاتێک زۆر بچووکە بە تایبەت لە سالانی هەوەڵی ژیانی، لەگەڵ ناسینی ئینسانەکان و کەشی دەوروبەری زیاتر پێخۆشە تازەکان بناسێ و لە ڕەوتی ئاشنایی خۆیدا زۆر جار کاتێک خەوی دێ، دەیوێ بەسەر خەوەکەیدا زاڵ بێ و لە نێوان خەو و بێداریدا خەونوچکە دەیباتەوە. خەو ڕەنگە جۆرێک لە ترسیش لە منداڵ دا درووست بکا، ئەی نەکا نزیکترین کەسەکانی بە تایبەت دایکی لێ ون بێ. دایک بۆ منداڵ هەمیشە وەک سایە و سێبەرێکە کە منداڵ لە ژێریدا دەحەسێتەوە و هەست بە هێمنایەتی دەکا.

بەلام هەر منداڵ خەونوچکە نایباتەوە، بەڵکو ئینسانی گەورەش لە کاتی کاری زۆر و ماندووییدا کە نابێ بخەوێ خەونوچکە دایدەگرێ. ڕەنگە پێشمەرگەیەک نیوەشەو ماندوو بە قەدی چیادا هەلکشێ و خەونوچکە بیبا، یا دایکێک کە منداڵەکەی نەخۆشە و ناوێرێ بخەوێ.

بادە: لە ئەدەبیاتی ناوچەیەکی بەرین لە هیند هەتا شام و میسر و بگرە لە ئەدەبی هەموو جیهاندا بادە - شەڕاب، چ لە شێعری کلاسیک و عێرفانیدا و چ لە شێعری نوێدا ڕۆڵێکی بەرچاوی بووە و هەیە. لە زمانی کوردی و فارسیدا چەمکی بادە و شەڕاب لە شێعری زۆربەی شاعیرانی کورد و فارس وەک مەولانا، حافز، خەیام، مەحوی، نالی، هێمن، هێدی و هتد کەڵکی لێوەرگیراوە. هێندێک جار شەڕاب بە شێوەی مەجازی و هێنێک جار شەڕابی ڕاستی مەبەست و زۆر جار پێوەندی نێوان شەڕاب و شێعر، شەڕاب و ژیان ڕاستەوخۆ بووە. لە لای شاعیرێکی وەک خەیام شەڕاب و مەی هێندە گرینگە دەیوێ کە مرد بە مەی بشوردرێ و تەڵقین بدرێ:

*چون درگذرم به باده شوييد مرا*
*تلقين ز شراب ناب گوييد مرا*
*خواهيد به روز حشر يابيد مرا*

*از خاک در میکده جوییید مرا*

***لە شێعرەکەی ناسر حیسامی دا چ ڕوو دەدا؟***

**شاعیر لەو شێعرەدا بەوە دەست پێدەکا کە سەمایەک لە گیانیدا گەڕاوە. چ سەمایەک و جیاوازی لەگەل سەمای عارفەکان چییە؟**

سەمایەک لە چەشنی باریکە ئاوێک کە جاڕی وشکەپۆش چاوەڕوانێتی تا تینویەتی بشکێنی، زەویەکی تینو قەرارە بە ئاوێکی هەرچەند کەم و باریک تێرئاو بکرێ. سەمایەک وەک فڕینی کەوێک بۆ ئازادی و ڕەهایی لە چوارچێوەکان، بەڵام باڵێکی شکاوە و لە ڕاستیدا دۆخەکە مەودا نادا و بە هەر هەوڵێک بۆ فڕین دەکەوێتەوە سەر زەوی. سەمایەک لە چەشنی خەونوچکەی منداڵێک کە دایکی لە لا نییە و ترس و دڵەڕاوکێ گیانی داگرتووە.

هەر ئینسانێکی سەر ئەم گۆیە لە ڕەوتی ژیانی خۆیدا ڕەنج دەکێشێ و تامی شادی دەچێژێ. هێندێک زیاتر، هێندێک کەمتر. بەڵام ئەزموونکردنی ژیان لە لای تاکی کورد بە هۆی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی گەلێک جار گرانترە.

لێرەدا شاعیر لە ڕێگای چەندین وێنە ڕەوتێک لە ژیانی خۆی وێنا دەکا کە ڕەنگە زۆر ئینسانی کورد ئەزموونی کردبێ. ئەگەرچی بە گوێرەی وتەکانی خودی شاعیر ئەو شێعرە هاندەری سیاسی نەبووە بەڵان چۆن دەکرێ سەدان بەسەرهاتی تاڵی خودی شاعیر، نەتەوە و هاوڕێکانی کاریگەرییان لە سەر شاعیر نەبووبێ تا ڕۆژێک لە شوێنێکی وەک سوید، لە ساڵی ٢٠١٢دا، سەمایەک لە گیانی شاعیر بگەڕێ و شێعرێک بخوڵقێنێ. ئەویش نەک سەمایەکی عارفانە، بگرە سەمایەک هەڵگری هەموو ڕەنج و شادییەکانی ژیان، تاک و نەتەوە. وەها سەمایەک بە هۆی ئازاری درێژخایەن لە فڕینی کەوێک دەچێ کە باڵێکی شکاوە.

ئەگەر سۆفی و عارف بە سەما بەرەو "اعلا" دەڕۆن، ئەوە ئەوینی وڵات، خەمی لەدەستدانی سەدان هاوڕێ و سووتانی شاخ و گوندی نیشتمان وا لە "ڕەوتی شەکەتی شێعر"ەکە دەکەن کە وەک کەوی باڵشکاو بە لارەلار بڕوا.

یا خود وەک منداڵێک کە دایکی نادۆزێتەوە و دەنگێک خەبەری دەداتێ کە دایکی نەماوە و ترس و دڵەخورپەیەک دەخاتە گیانی. وەک سەمایەکی بێقەرار.

سەمای شاعیری کورد نەک بەرەو "اعلا" کە بەرەو ئازارەکانی نیشتمان شۆڕ دەبێتەوە. ئازاری ئەو وشکەجارەی چاوەڕێی باریکە ئاوێکە، ئاواتی ئەو کەوەی کە دەخوازێ ئازاد بفڕێ بەڵام ناتوانێ، ترسی ئەو منداڵەی هۆگری دایکێتی و نایوێ لێی دوورکەوێتەوە و ئاسوودەیی بشێوێ.

بەڵام ڕەنج و نەهامەتی ژیان کە شاعیری وە لارەلار خستووە قسەی ئاخر ناکەن. سەرەڕای هەموو دەرد و ئازارەکان کە شاعیر لە تەمەنی خۆیدا دیویێتی، ونبوونی باوک بە ماوەی چەندین ساڵ لە تەمەنی منداڵیدا، شەهید بوونی زۆر ڕەفیق، لەناوچوونی گوردانێک لە هاوڕێیانی بە شیمیایی لە دەورانی پێشمەرگایەتی دا، دووریی لە نیشتمان و زێد و هتد، بادەی ژیان هێندە بە حوکمە کە دیسانەکە بەسەر ژان و حەسرەتەکاندا زاڵ دەبێ.

شاعیر وای بۆدەچێ کە نیوەی زیاتری تەمەنی تێپەڕ بووە و دڵەخورپە، نیگەرانی و بەسەرهاتەکان دەستییان لەرزۆک کردووە، بەڵام دیسانەکە بادەی ویستی ژیان لە ڕەنجەکان بە هێزترە و خەراپ شاعیری گرتووە. سەرەڕای کەمی شادی لە ژیانی تاک و کۆی کورددا، دیسان ئەو بادەیە لە وەها چۆنایەتییەک سەرڕێژە کە شاعیر پێ مەست دەبێ. ڕەوتی ژیان و سەمای ژیان لەگەڵ ڕەوتی شێعر و سەمای ناو شێعر دەست دەدەنە دەستی یەکتر و شاعیر لە سەمای کەوێکی باڵشکاو ڕا دەگاتە ئەو نوختەیە کە بڵێ:

*"کە خەراپ گرتوومی،*
*سەرخۆشی ئەو بادەی کە*
*نیوەی زیاتری لە دەستی لەرزۆکم ڕژاوە"*

لێرەدا بۆ شاعیر ژیان بادەیەکە هەڵگری دەرد و شادی، و بادەی ژیان سەرەڕای دژایەتی و پارادۆکس، سەرەڕای هەموو نەهامەتییەکان ئینسان/شاعیر مەست دەکا و سەما وەگیانی دەخا تا بۆ داهێنان و بۆ بەردەوامی لە ژیان هەنگاو بنێ.

١- لە کۆڕی یادی کۆچی دوایی ماموستا هێدی لە ستۆکهۆڵم ئەو باسە لە لایەن ناسر حیسامی کوڕی شاعیر کرا.

٢- http://sharistan.org/poem.php?id=1

٣- https://www.facebook.com/naser.hessami?fref=ts

٤- http://sverigesradio.se/.../artikel.aspxprogramid=2200&artike...

سەرچاوە: وێبلاگی پەراوێزی بیر - ڕێکەوتی: ٧ی جانێوێری ٢٠١٧

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٨

## ئایشە ئەفەندی یا هێرۆ برایم ئەحمەد؟




ئەمە "ئایشە ئەفەندی"یە. هاوسەری ساڵح موسلیم (خانمی یەکەمی ڕۆژئاوا بەکاتی خۆی). ئایشە گوڵ دەستی بە دۆلار خوی نەگرتووە، (ڕەنگە هەرگیز خونەگرێ). هێستا پێلاوی پاشنە میخی لەپێ نەکردووە کە بەرسەر بەردی مەرمەڕدا بڕوا و تەقەی بێ، بەئاسپای بەسەر خاکدا هەنگاو دەنێ. لاوکێکی شەهیدی "کۆبانی"یە. ئەو کراس و دامێنی مارکەی لە بریتانیاڕا بۆ نایە. ژنێکە وەک زۆربەی ژنانی زەحمەتکێشی کۆمەڵگای کوردی. ژنێکە پێش هەر شت بیر لە خاک و ئاوی نیشتمانی دەکاتەوە. پێموانییە ئایشە گوڵم بەخەونیش بیر لە خەیانەت بە نیشتمان

بکاتەوە. ئەگەر ڕێگایەکی هەڵبژاردبێ بۆ رزگاری کوردی ڕۆژئاوایە کە تەنانەت ناویان لە کۆلکەی ئیداراتی بەعسدا نەبوو و ئێستاش هەوڵی جینۆسایدیان دەدرێ.

بە پێچەوانە، هێرۆ برایم ئەحمەد (خانمی یەکەمی ئێراق بەکاتی عەرەبی)، وەک مەلەکەی بریتانیا جلوبەرگی مارکەیە، بزماری نالچەی کەوشی بەسەر مەرمەردا تەقەی تا چەند سەد میترێک دەڕوا. منداڵی شەهید نەبووە و بگرە کوڕە گەورەکەی نیشتمانی بە شەویک ڕادەستی عەرەبی بیابانان و سپای قودسی ئێران کرد. ڕۆژانە خەریکە حیزبی باب و هاوسەرەکەی بخاتە ژێر ڕکێفی کوڕ. تانکێرە نەوت لە سنوور ئاودیو دەکا. ئەگەر کیان و دەوڵەتێک لەسەر دەستی بنەماڵەی ئەو نەبێ هەوڵی وێرانکردنی دەدا.

جیاوازی ئایشە گوڵم و هێرۆ خان مەودایەکی دوورە، وەک مەودای زەوی و ئاسمان. خەمەکانیشیان جیاوازە. خەمی ئایشەگوڵ بارستای دووری و غەریبی من لە نیشتمانە و دەردی هێرۆ هەڵچنینی دیواری دۆلار.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٧ی فێبریوێری ٢٠١٨

---

## خوێندنەوەی شێعری "من نامەوێ بێ وڵات بمرم"

کاتێک بەلەمی شێعرێک لە دەریای مێشکتدا دێت و دەچێ، ناچاری بە ناختدا شۆڕ بیتەوە تا سووڕ و سەمای بەلەم شەپۆلەکانی ڕوح بگەیێنێتە کەناری ئاسوودەیی. لێرەدا نە دەریا و شەپۆلەکانی بەڵکو سەمای بەلەمە کە هێزی جوڵەیە و ئاخی ناخت زۆرەبانی دەگەڵ دەقێک دەگری نە بۆ ئەوە بەسەریدا زاڵ بێ، بەڵکو بۆ ئەوە هەستی ناو شێعرەکە گەردوونێکی فراوانتر لە دەریای مێشکی تۆی داگیرکردووە: گەردوونی ئاشقانی کوردایەتی.

ئینجا ڕەنگە زۆرت بە سەر زۆربەی شێعرەکانی شاعیرەکەدا نەشکێ، بەڵام ڕاست لە یەک شێعرەدا و بۆ یەک مەبەست تۆ و "ڕامان" یەک دەگرن و دەگەن بە یەک: هەست و بیری کوردایەتی:

*نامهەوێ*
*غەریبانە بژیم،*
*لە سەمای گەڵایەکی وەرویدا*
*دەدۆزمەوە*
*نیشتمانێک*
*بۆ ژیان.*

**ڕامـان سـۆفی سـوڵتانی لەو ئەدیـب و شـاعیرانەیە کە نەک هەر لە مانـای "مانـا" دەگـات کە بگـرە لە بـواری "جوانناسی"شدا قەڵەمێکی کەم وێنەیە. ئەو جوانناسی تەنیا وەک فۆرم و جۆری دەربڕین بۆ نیشاندانی جوانی و هەست بەکار ناهێنی، کە وەک خودی مانا بەکاری دەبا.**

**دەسـتبردن بـۆ "جوانناسـی" ئەسـتەمە بەڵام کاتێـک سـەمای شـێعرێک ئەفسـوونی کـردی چ کەردەن جـگە لە قـۆڵ هەڵماڵین؟ بەڵکو بە شیکردنەوەی شێعرەکە مانـایەک بـۆ خـودی خـۆت/خـوێنەر ببێـتە چـرای ژیـانی ئـاڵۆزی کـورد و حەجمینی دەریای مێشک.**

**کە مانا و جوانناسی، فۆرم و هەوێن تێکەڵاو دەبن، شێعر دەبێتە دالی مەدلوولێک، مەدلوولێکی گەورە کە هەر خۆی بەتەنیـا مانـای تەواوی دال و مەدلوولەکـانی تـرە، "مەدلـوولێکی سـەربەخۆ"، مەدلولێـک تـا گەردوونـی شـێعرِی کوردایەتی بخاتە سەر ڕێچکە و هێڵی سەربەخۆیی. گەردوونێـک دەبـێ بسـووڕێ کە شێعرێک بنووسـرێ تـا بەمجـۆرە نیشتمانێک/وڵاتێک لە دایک بێ: کوردستان.**

**شێعرِ بۆ ڕامان هزرو بیر، هەست و جوانناسییە لەیەک کاتدا. کاتێک ئەم سێ سامانە مێژووی- هەستی- کولتـوورییە لە "دەقێکـی ڕامـانی" دا تـێکەڵاو دەبـن، دەق لە مەرگ دوور دەکەوێـت و دەگـاتە هەرمـان، وەبیـر دەمێنـێ، بـڵاو دەبێـتەوە، دەبێـتە هـێلانە - وڵات بـۆ وشـەگەلێک کە تێیـدا بحەسێنەوە تـا خـۆێنەر و شـاعیر غەریبـانە نەمـرن و پێکەوە بگەنە نیشتمانێک بۆ ژیان. نیشتمانێک کە شاعیر تەنـانەت لە گەڵایەکی وەریـودا، تـۆ بڵـێ شـەهیدێک یـا ئەوینێکی لەدەست چوو، بەدوایـدا دەگەڕێ. شـاعیر نـایەوێ بـێوڵات - بێناسـنامە - بـێئەوین بمـرێ. ئەو دەیەوێ بژی، بەڵام بۆ ژیانێکی ئازاد هێندێک مەرج هەن، گرینگترین مەرج: بوونی وڵاتێکە تا تێیدا سەربەست دەست بۆ**

**قەڵەم بەری،**

**نەک غەریب و ژێرچەپۆکە داکەوی.**

**ئینجا کە سەمای گەڵایەکی وەریو بوو بە نیشتمانی شاعیرێکی جوانپەرەست، و لە پێکەنینێکی منداڵانەی یاردا وڵاتێک دۆزراوە، شاعیر ئامادەی مەرگ دەبێ. مەرگ لە باوەشی یار و پێکەنینی ئەودا مەرگێکی شازە و بەبایەخ، چونکە نرخی خۆی بۆ دراوە، نرخێک بارستای گەران بەدوای ڕزگاری، ئازادی و بەرخۆدان.**

**مەرگ و ژیان دووانەی یەکن هەر بۆیە هەوەڵ شاعیر لە مەرگ - گەڵای وەرویدا نیشتمان - ژیان دەدۆزێتەوە و دواتر لە پێکەنینی یاردا نیشتمانێک بۆ مردن سازدەکا تا بەسەر خودی مەرگدا زاڵ بێ. بەواتایەک داهێنانێکی هونەری هەستیار دەبێتە "وحی"یەک لە نەبوونەوە بەرەو بوون، لە بێ وڵاتی بەرەو خاوەن بوونی وڵات، لە مەرگەوە بەرەو ئەبەدییەت، لە ئەسیری بۆ ڕەهایی، و لە بێ نیشانەیی بەرەو کۆد و نیشانە و وشە. بەمجۆرە گەشاوەترین ئەستێرە لە گەردوونی شێعری ڕامان دا لەدایک دەبێ، بەناوی "من نامهەوێ بێ وڵات بمرم". و لە ئێستاتیکای دەقێکی مێژوویی- هەستی و جوانناسانەدا وڵاتێک لەدایک دەبێ بۆ ژیان.**

*سەرچاوە: ماڵپەڕی هەڵوێست - ڕێکەوتی: ١٧ی فێبریوێری ٢٠١٨*

## سوبژەی داگیرکراوی بێوڵات، خوێندنەوەیەک بۆ کورتە چیرۆکی: "ئەوبەری فەنەر"

**ئەگەر لەو ڕەخنانە گەڕێین کە لەسەر هێندێک لە تیئۆرییەکانی فرۆید هەیە و ئێرە جێگای باسیان نییە، ئەوە دەکرێ بۆ خوێندنەوە و شیکردنی هێندێک چیرۆک کەڵکیان لێ وەربگرین. بە ڕای فرۆید خەون لە ڕاستیدا ئامانجێکی هەیە، گەیشتن بە ئارەزوو. تاک خەون دەبینێ تا لە گوزارەکانی ژیانی لە خەوندا بە ئامانجێک بگا یا بەرەو ڕووی گرفتێک بێتەوە. دیارە ئەو "تاک"ەی فرۆید مەبەستێتی، تاکی ئورووپایی مۆدێرنە نەک تاکی ڕۆژهەڵاتی و کورد. بەو حاڵەش دەکرێ تیئۆرییەکانی فرۆید بۆ شیکردنەوەی هێندێک دەقی کوردی بەکار بێنین و ڕێگایەک بکەینەوە بۆ Psyche ڕەوانی تاک. خەون بۆ فرۆید بە مانای ئەوەیە کە بە وێنە بیردەکەینەوە. ڕەوانی**

ئینسان بەگوێرەی فرۆید وەک دەقێکە "بڵاو و پڕ لە دژایەتی و ناتەبایی". "ضمیر ناخودآگاه" The Unconscious ژێرخانێکی قوڵە پڕ لە ئارەزوو و هەستی خەوتووی ناهوشیاری هەژێنەر.

دوای فرۆید، چەمکی "ناخودآگاه جمعی - ناهوشیاری کۆمەڵی Collective Unconscious "یا بەواتایەک ڕەوانی هاوبەش، بەهۆی خوێندنەوەکانی یونگ لەسەر کولتوری جیاوازی هێندێک قەوم هاتە مەیدان. یونگ پێیوایە کە قەومەکان هەڵگری هێندێک هەستی ئارکایی و "غەریزی" هاوبەشن کە لە ڕەوتی مێژوودا لە ڕێگای قوڵترین بەشی ڕەوانی ئینسانی نەسڵ بە نەسڵ دەڕوا. جۆرێک لە "ضمیر ناخودآگاه ملی" بەهۆی مێژوو و کولتورەوە، نەوە بە دوای نەوە بەناو چاخەکاندا تێپەردەبێ.

"ئەوبەری فەنەر" لە نووسینی خەبات ڕەسووڵی چیرۆکێکی بە ڕواڵەت سادەیە کە لە زمان میرمنداڵێکی دە - دوازدە ساڵە باسی ڕووداوێک لە کورەخانەیەک دەکا. هەموو کەس بە خویندنەوەی "ئەوبەری فەنەر" دەتوانی بزانێ ئەو چیرۆکە دەتوانێ باسی بەسەرهاتی هەزاران کرێکاری کورد بێ کە هاوینان دەچنە کورەخانە و زۆر جار خاوەن کار نەتەنیا یارمەتییان ناکا بگرە زوڵمیشیان لێ دەکا. ڕەنگە هەبن ئەو خوێنەرانەی کە بڵێن سەرمایەداری کوردیش دەتوانێ مافی کرێکار پێشێل بکا، یا خاوەن کاری فارس و عەجەمیش دەتوانن مافی هاوزمانی خۆیان زەوت بکەن. تا ئێرە ڕەنگە هەموومان هاوڕا بین. بەڵام ئەوەی بە نیسبەت کوردەوە گرینگە، زۆربەی کرێکارانی کورەخانەکانی هەمەدان، تەورێز، تاکستان، هتد واتە ناوچەکانی عەجەمان، ژن، منداڵ و پیاوانی کوردن. لە ناوچەکانی کوردستان هێشتا کارگا و کارخانەیەکی بەرهەمهێنانی وەها نییە کە خەڵکی هەژار بتوانن کاری تێدا بکەن و ڕسقی خۆیان وەدەست بخەن.

بەڵام ڕەوایەتی "ئەوبەری فەنەر" لەوپەڕی سادەیی خۆیدا لە زمان منداڵێکەوە هەڵگری چەندین گرێی قوڵ و کۆنتر لە بیرەوەرییەکانی منداڵانی کوردی کورەخانەکانە. گرێی نەتەوەی بندەست، نەتەوەیەک کە تاکەکانی نەک سوبژە نین، کە بگرە ئۆبژەیەکی داگیرکراون.

سێ کۆچکەی کارەکتەرەکانی باب (جیلی کۆن)، مامۆستا کومپوت (ڕووناکبیر) و کوڕ - منداڵ (داهاتوو) کە لە کورەخانە کاردەکەن، هیمای کۆی کورد پێکدێنن، کوردی داگیرکراو.

**کاتێک بابەکە داوای پارە لە خاوەن کارەکەی دەکا (تا کورەکەی بنێرێتەوە بۆکان و تاقیکاریی تەجدیدی بداتەوە) و دەستەویەخەی ئیرەج/خاوەنی کورەخانە دەبێ، ئیرەج "بە رمبە"/ بەدەنگ دەکەوێ بەلام زوو هەڵدەستێتەوە سەر پێ و بابەکە وەبەر پێلاقان دەدا و تەنانەت منداڵەکە/کورەکە کە دەیەوێ یارمەتی بابی بدا، وەک بێچوو پشیلە فرێی دەدا. "ئیرەج"ی خاوەن پارە و کورەخانە نوێنەری دەوڵەتی عەجەمان و نەتەوەی داگیرکەرە، بەلام نابێ لەبیرمان بچێ کە بنەماڵەی ئیرەج کە بەشێکیان لە ئیران دەژین و بەشێک لە ئازەربایجان، واتە عەجەمی خاوەن چەند وڵات، ئەو پلە و جێگەیان بە کار و زەحمەت و ستەم لە خەڵکانی دیکە وەدەست هێناوە بۆیە ئێستا خاوەنی سامان و دەسەلاتن.**

**باب و بنەماڵە سەرەڕای کاری سەخت لە کورەخانە لە وەرزی گەرمادا نە تەنیا خاونی وڵات و سامان نین کە بگرە چاو لە دەستن. مامۆستاش، کومپوت، کە بە هۆی چالاکی سیاسی بێکارکراوە و ئێستا لە کورەخانە کاردەکا، وەک تاکێکی کورد کە بۆ گۆڕانی دۆخ هەنگاوی هەڵێناوە، دوچاری هەمان داگیربوونە و بگرە ئیرەج چاوی لەسەر ژنی کومپوتە و بەقسەی خەڵک بەدەوروبەریدا دێ و دەچێ. بەلام مامۆستا کومپوت هێشتا هومێدی بەرنەداوە و بە بابەکە دەڵێ کە شکایەت لە ئیرەج بکا. باب ماندوو لە ڕابردوو و هەوڵی بێ ئاکام، دەڵێ من پارەی ناردنی کورەکەم بۆ بۆکان نییە، چ بگا بە شکایەت. مامۆستا کومپوت چاو لە زەوی دەبڕێ و بیردەکاتەوە. کومپوت پێشتر کاتێک هاوسەرەکەی لە لا نەبووە هێندە دەستوپێ سپیلکە بووە کە نەیتوانیوە نان و چێشت بۆخۆی دروست بکا و هەر کومپوتی خواردووە و خەڵک سەرەڕای ڕێزیان بۆی هەر بە کومپوت ناوی دەبەن. ئەوە خۆی دەتوانی ئاماژە بە رووناکبیران بێ کە خاوەن بیرن بەلام لە کردەوەدا ناتوانن تەنانەت بەرەی خۆیان لە ئاو بێنە دەر و یا وەک قودووکومپوت بەستراو، خەفەکراو و تەنانەت هەڵگری ناوئاخنی کۆنن. لێرەدا هەم باب و هەم مامۆستا لە بازنەی داگیرکراوی و بێدەسەلاتی دا سووڕ دەخۆن.**

**ئەوەی کە گرینگە منداڵەکەیە (ڕەوایەت بە زمانی یەکەم شەخس). منداڵێک کە ئەوەندەی فام کردووە تا ڕووداوەکانی دەوروبەری خۆی بخوێنێتەوە و بۆ وێنە بزانێ کە ئیرەج چاوی لە ژنی مامۆستایە، یا دەبینێ کە بابی دوای شەڕ لەگەڵ ئیرەج ئیدی ڕاست نابێتەوە و وەک جارانی لێ نایەتەوە، و ڕەنگە بابی داخی بێدەسەلاتی خۆی و شەڕ لەگەڵ ئیرەج بەسەر ئەودا بڕژێنێ.**

**منداڵەکە دوای شەڕەکە ناچێتەوە ماڵ و دەڕواتە بیابانەکەی پشتەوەی سورمەکان، ئەو شوێنەی کە ڕێگای قەتاری**

پێدا دەڕوا. لەسەر بەردێک دادەنیشی و قەتارێک تێپەڕ دەبێ بەڵام تاقەتی نییە وڵامی بایبای مسافیرەکان بداتەوە. لەسەر زەوی مێروولە عەجەمانەیەکی زۆر دێن و دەچن. کوڕەکە دەچێ مێروولەیەکی دیکە دێنێ و دووجار لەگەڵ مێروولە عەجەمەیەک بە شەڕی دەدا، بەڵام مێروولە عەجەمەکە "دڕە". کوڕەکە مێروولە عەجەمەکە لە ژێر پێ پان دەکاتەوە و ڕقی لە مێروولەکەی دیکەش هەڵدەستێ کە وەبن مێروولە عەجەمەکە دەکەوت و هەڵدەهات. ئەویش دەکوژێ.

بە هۆی تووڕەیی نادیار و شاراوەی ناخودئاگا، شارە مێروولەکان پەیدا دەکا و تێکی دەدا. دوایە لەسەر پشت ڕادەکشێ و خەو دەیباتەوە. لە خەودا تا چاو هەتەر دەکا دەوروبەری مێروولەیە و ئەرز ڕەش دەچێتەوە. دەقیژێنێ و لەخەو ڕادەچڵەکێ. مێشوولە لەبن گوێی وزەوز دەکەن و ڕۆژ بەرەو ئاوابوون دەڕوات. قەتارێکی دیکە بە گرمە دێ و منداڵەکە بەرەو قەتارەکە دەچێ و دەیەوێ بایبای لە مسافیرەکانی بکا.

ئەگەر بە دوو چەمکی وەرگرتوو لە فرۆید و یونگ بڕوانینە ئەم کورتە چیرۆکە و باس لە دەق - ڕەوانی پڕ لە ناتەبایی بکەین، دەبینین کە هێندێک سیمبۆل و نیشانە لەو دەقەدا جێی تێڕامانن. کاتێک منداڵەکە لەسەر ئەرز ڕادەکشێ و چاو لە ئاسمان دەکا، ئاسمانی کورەخانەی عەجەمانیش وەکی ئاسمانی بۆکان شینە. ئایا دۆخەکە چ لە بۆکان و چ لە کورەخانە هەر هەمانە یا سروشت - ئاسمان لە هەموو شوێنێک دەتوانێ شین و مێهرەبان بێ؟ مێروولە عەجەمەی دڕ سیمبۆلی تاک و نەتەوەی باڵادەست کە زوڵم لە تاک و کۆی کورد دەکەن و دنیایان داگرتووە و مێروولەکەی دیکە - ژێردەستە کە بە مێروولەعەجەمە ناوێرێ و منداڵەکە هەردووکیان لەژێر پێ پان دەکاتەوە. منداڵەکە - نووسەر هێندە ڕقی لە بێدەسەڵاتی نەتەوەیی خۆیەتی (بابەکە کە هێز و تاقەتی بەدواچوونی کێشەی خۆی نییە و مامۆستا کە چاو لە زەوی دەبڕێ)، ژانی ئەو بێدەسەڵاتییە هێندە زۆرە و قینێکی مێژوویی پەنگ خواردوو وا دەکەن کە منداڵەکە مێروولە ترسەنۆکەکەش - خود - باب بکوژێ. لەڕاستیدا منداڵەکە دەیەوێ دۆخی ژیان و داهاتووی خۆی بگۆڕێ. بە دیتنی قەتار، کە سیمبۆلی گەشەی ئابووری و بەرەو پێشکەوتنە، هەوەڵ منداڵەکە تاقەتی دەست تەکاندانی نییە، بەڵام سەرئەنجام منداڵەکە بڕیار دەدا بایبای لەگەڵ مسافیرانی ناو قەتار بکا. ئایا ئەو بڕیارە هەڵەیە یا ڕاست؟ ئایا دەکرێ بڕوا بە قەتاری عەجەمان بێنین و ببینە هاوسەفەریان؟

ئێمە نازانین چ بەسەر مامۆستا و هاوسەرەکەی، باوک و ئیرەج دێ و هەر کەس دەتوانێ بەسەرهاتێکیان بۆ

بنووسێتەوە، بەڵام تـا ڕادەیەک دەزانـین کە هێـزی جـوڵەی ناهوشـیار لە منـداڵەکەدا دەیەوێ ئەو لە تەنیـایی و پەرتەوازی ڕزگاربێ، ڕەگەڵ قەتارەکە کەوێ و گەشە بکا، لە جەغزی بێدەسەڵاتی دەرچێ و چیدی مل بە شکست نەدا. بەڵام ئایا دانیشتوانی ناو قەتاریش پێشکەوتنی منداڵە کوردەکەیان دەوێ؟

ئێستا چەند پرسیاری گرینگمان ئەوانەن کە ئەو قەتارەی کە بە نـاوچەی عەجەمـان دا دێ و تێپەڕ دەبێ بۆخۆی بەرەو کوێ دەڕوا و ئایا خێری بۆ کورد هەیە؟ بۆ لەنـاو کۆمەڵی خەڵکی کورەخـانەدا "دایک"ەکە دیـار نییە؟ ئەو دایکە لە کوێیە؟ ئایا مردووە و یا نادیارە؟ ئایا ئەو دایکە هەمـان وڵات و نەتەوەی ون بـوو و شکست خواردوومـان نییە کە منداڵەکە بەدوایدا دەگەڕێ کە چیـدی بـاوکی لەوڵاتـی غەریـب و لەبەر هەژاری وەبەر پێلاقەی عەجەمـان نەکەوێ و چیدی مامۆستا چاو لە زەوی نەبڕێ؟

ئەمانە پرسیارگەلێکی کراوەن بەڵام لەبیرمان نەچێ تاکی کورد تەنانەت زۆر جار کە خەونیش دەبینێ، خەونەکەی حەدیسی ئارەزویەکی نەتەوەیی - گشتییە، ئارەزوویەک کە تا ئێستا ناومکین بووە و زۆر جار هەوڵـی وەدیهێنـانی لە واقع و بە خەون ڕووبەڕووی کابووس بـۆتەوە. ئاواتێک کە لە نەست - ناخودئاگای بەکۆمەڵماندا هەر مـاوە و دوای دەیـان سـاڵ بەرخـۆدان و کـار بـۆتە بەشـێک لە "هوشـیاری نەتەوەیـی"مـان، هەڵـبەت نە لە لای سـەرجەم تاکەکـانی کـورد. ئاواتێـک لە سەروی هەمـوو ئـاوات و خواستەکان، ئـارەزووی گەیشـتن بە "سـەروەری و وڵات" کە بەردەوام سەرکوت کراوە بەڵام هەمیسان هێزی جوڵەیە.

-----

**ئەوبەری فەنەر(١)**

**خەبات ڕەسووڵی**

چاوم لە باوکمە لە گەڵ ئیرەجە سووری خاوەن کورەخانە قسە دەکات. دەیەوێ دەهەزارتمەنی لێ وەربگرێ وبیدا بە من بە تەمام بچمەوە ئیمتحانی بیرکاری وەرزی دووەمی هاوینێ بدەمەوە. بە لاچاوێکیش ئاگام لە مەیدانی ماڵی کومپوتە. بەوجومعەیە کاردەکەن. ژنێکی خڕوخۆڵی هەیە. خەڵک دەڵێن ئیرەج بەدەوریدادێ. تا خێزانی نەهاتبوو

کەس مەرحەباشی نەدەکرد.کابرایەکی تەنیا. لە بێ کابانی ناچار بوو خواردن و میوە ی قوتوو بخوات. خەڵکیش بەوەیان زانیبوو ناویان نابوو کومپوت. پاشان کە خێزان و منداڵەکانی هاتن وردە وردە خەڵک لێی نزیک بوونەوە و زانیان کابرا مامۆستای قوتابخانە بووە و بە هۆی چالاکی سیاسیەوە دەرکراوە.

ئێستا زۆری ڕێز لێدەگرن، بەڵام تا نەڵێی کومپوت کەس نایناسێتەوە. دەبێ لانی کەم حەوتوویەک لە بۆکان بم. شایی لە دڵمدا دەگەڕێ. ئیرەج نایەوێ پوڵ بدا. باوکم دەنگی هەڵدێنێ. ئیرەجیش دەنگی هەڵدێنێ. ئیرەج ئازەرییە و کوڕی بنەماڵەیەکی دەوڵەمەندە.بەشێک لە بنەماڵەکەیان لەتەورێزن و بەشێکیان لە ئازەربایجانن باوکیان بە ئارەقەی نێو چاوانی ئەو سامانەی کۆ کردووەتەوە،بێجگە لەو کورەخانەیە وەک دەڵێن زۆریان کارخانە و دوکان و شت هەیە. ئیرەج پشت لە باوکم دەکات و دەڕوات. باوکم ملیوانەی کراسەکەی دەگرێ و دەیکێشێ. ئیرەج قەت چاوەروانی ئەوەی نەدەکرد. پشتە و قوون کەوت. قەڵەو و بە خۆوەیە کە دەکەوێ ڕمبەی دەێ. زۆر بە خێرایی هەڵدەستێتەوە و باوکم وەبەر مست و پێلاقە دەدات. باوکم دەکەوێ و ئیرەجیش وەبەر شەقی دەدات. تا من خۆم دەگەیەنمە ئەوێ .کومپوت و ژنەکەشی دێن. چەند جحێلێ تورکیش کە هەرکرێکاری کورەخانەکەن گەیشتنێ وردە وردە خەڵک کۆ بۆوە. من پڕم بە ئیرەجدا کرد. ئیرەج وەک بەچکە پشیلەیەک پشت ملمی گرت و فڕێی دام. خەڵک کەوتنە نێوانمان و لێکیان کردینەوە. نازانم کێ بوو دەستی باوکمی گرت و هەڵیستاندەوە. هەستم کرد باوکم کە هەستاوە پێ ئیدی ئەو باوکەی جاران نەبوو. بە زەحمەت ڕاوەستا.پشتی تەواو ڕاست نەکردەوە. کورە کوڕ بەرەو مەنزڵەکان وەڕێ کەوت. وەدوای کەوتم.کومپوت بە پەلە خۆی گەیاندە باوکم. گۆیم لێ بوو گوتی دەبێ شکایەتی لێ بکەی. باوکم ڕاوەستا و چاوی بڕیە چاوی کومپوت وگوتی من پوڵی ئەوەم نییە کورەکەم بنێرمەوە بۆکان کوا پوڵی شکایەت و شکایەتکاریم هەیە. دەنگی باوکم دەلەرزی پاشان ڕۆیشتە ژووری کومپوت هەروا ڕاوەستا بوو و چاوی لە ئەرزەکە دەکرد.

بە تەنیشتیدا تێپەریم ویستم بچمە ژووری پەشیمان بوومەوە. باشترە باوکم جارێ نەمبینێ دەنا تۆڵەی ئیرەجیش لە من دەکاتەوە. بەرەو بیابانەکەی پشتەوەی سورمەکان (٢)وەرێ کەوتم. لە سەر بەردێک نزیک ڕێی قەتارەکە دانیشتم. بیری لێدەکەمەوە هەمووی تاوانی منە. من نەدەبوایە ئێستا ئیمتحانم هەبێ. پاش ماوەیەک قەتارێک بە گرمەگرم تێدەپەرێ. مسافیرەکان بای بایم لێدەکەن تاقەتم نییە جوابیان دەمەوە. سەیری ئەرزەکە دەکەم مێروولە عەجەمانەیەکی زۆر دێن و دەچن. هەڵدەستمە سەر پێ وەدەچم مێروولەیەکی دیکە دینم ئەوەیان لەوان نییە. لە گەڵ یەک دانە لەو مێروولە عەجەمانە بە شەڕی دەدەم. مێروولە عەجەمەکە زۆر درە.ئەوەی دیکە هەڵدێ

دەیگرمەوە .دیسان مێرووڵەکەی دیکە کەوتە بنەوە. بە پێ مێرووڵە عەجەمانەکە پان دەکەمەوە. مێرووڵەکەی دیکەش پان دەکەمەوە. رقم لەویشە هەڵدەستم دەست دەکەم بە مێرووڵە کوشتن شارەکەیان دەبینمەوە و تێکی دەدەم. پاشان لە سەر ئەرزەکە رادەکشێم. و چاو لە ئاسمان دەکەم.ئاسمانی ئێرەش وەک ئاسمانی بۆکان شینە.

هەست دەکەم وردە وردە مێرووڵە عەجەمانە دەورم دەدەن. بە پەلە راستەوە دەبم و دادەنیشم. ئەرزەکە رەش دەچێتەوە. تا چاو هەتەر دەکات مێرووڵەیە. یەک بە خۆم دەقیژێنم و لە خەوداراچڵەکم. رۆژبەرەو ئاوا بوون دەڕوات و مێشوولەیەکی زۆر هازە هازیانە. قەتارێکی دیکە لە دوورەوە بە گرمە گرمەوە وەدیار کەوتووە و بەرەو لای من دێ. بەرەو قەتارەکە دەچم دەمەوێ بای بای لە مسافیرەکانی بکەم.

ژانویە ٢٠١٤

١- لە کورەخانەکان کاتێک کەرپوچەکان ویشک بوونەوە بە شێوەیەکی تایبەت لە سەر یەکتر هەڵی دەچنن ، فەنەری پێی دەڵێن.

٢- ئەوگڵەی لە کورەخانەکان هەڵدراوەتەوە و کرێکارەکان کاری لە سەر دەکەن،سورمەی پێ دەڵێن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی هەڵوێست - ڕێکەوتی: ٩٢ی فێبریوێری ٢٠١٨

---

## دەزانن بۆ دەستم داوەتە ڕەخنە لەم سێ خانمە؟




١- ئەوان کەسێکن کە لە بواری گشتیدا کار دەکەن، واتە کارەکانیان ڕاستەوخۆ کاریگەری لە سەر ژیانی میلیۆن ئینسان هەیە. لە سوید دەتوانی تۆ ڕەخنە لە تاک بگری کە لە بواری گشتیدا کار دەکا، هەڵبەت بێ ئەوە باسی

کێشەی شەخسی بکەی.

٢- ئەوان بەشێکی زۆر زۆر کەم، (بە پرۆمیلە حیساب بکەن) لە ژنانی کوردن کە دەستیان بەئەو پەڕی دەسەڵات ڕاگەیشت. ئەوان دەیانتوانی بۆ هەزاران ژنی کورد ببنە ئۆلگوو. ببنە "دایک تێرێزا" و ژن و پیاوی کورد وەدوای خۆیان بدەن بۆ ساز کردنی نیشتمان. ئەوان دەیانتوانی کارگەری ئەرێنی لەسەر ساختاری پیاوسالار دابنێن. نەیانکرد.

٣- ئەوان هیچ خەمی منداڵ و نەداری و هەزار گرفتی دیکەیان نەبوو کە بڵێین پێڕاناگەن و گلەییان لێ بکەین.

٤- ئەوان بە بنەماڵەوە، زیاتر لە ٥٠ساڵ دەرفەتیان بووە کە کاریگەری ئەرێنی لە سەر ژیانی کورد و باشترکردنی ژیانی هەژارانی کورد دابنێن. ئەوان نەک ئەوەیان نەکرد، کە ڕاستەوخۆ بوونە نەهامەتی بۆ ژیانی کورد.

٥- ئەوان لە سامان و بەروبۆی کۆمەڵ ئەو پەڕی سوی ئیستفادەیان کردووە.

٦- ئەوان بە ناوی چەپ گەورەترین خەیانەتیان بە بیرۆکەی چەپ کردووە.

٧- ئەوان بە ناوی کورد گەورەترین خەیانەتیان بە کوردایەتی کردووە. دوویان دەیانهەوێ ببنە کاندیدی لیستی داگیرکەران.

٨- ئەوان کوردی باشوورن و من کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بەڵام ئەوان ڕاستەوخۆ کاریگەرییان لە سەر ژیانی تاک تاکی کوردی ڕۆژهەڵات بووە تا ئێران زیاتر ئەو بەشە لە نیشتمان وێران بکا.

٩- ئەوان وەک ئینسان، لە حەوزەی گشتی دا، بۆ ئەرکی ئینسانی خۆیان هەنگاویان نەناوە.

١٠- ئەوان ڕەنجی ژنی کوردیان بەخەسار داوە، دەنا من چی و ئەوان چی....

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١ی مارچی ٢٠١٨

**بولبولی باڵ شکاوی وەختی گوڵم**
**هەر شەپۆلان دەدا دڵی لەکوڵم**

ئەوەندەی ئێمەی کورد وەبیرمان بێ نەوروز و بەهاران کە دەبا تاکی کورد بە جلوبەرگی گەشەوە بە دەشت و دەردا بڵاوببنەوە و هەڵپەڕکێ بکەن بە گشتی وەرزی خێرنەدیوی بۆ کورد و بۆ شۆڕشگێران بە تایبەتی وەرزی باڵ شکاوی بووە.

شاعیر- بولبول لە نەست - ناخودئاگای خۆیدا ئەوە دەزانێ کە دوژمنان هەمیشە نەورۆزی کوردیان تێکەڵاوی فرمێسک و گریان کردووە. لە بەهار و نەووروز دا بەردەوام کورد بۆتە نیچیری داگیرکەران و پەیامی دڵتەزێنیان بۆ کورد پێ بووە.

(...) هەتا ئێستاش ئەوانەی پێیانوایە کە ڕۆژێک کورد دەبێ لە ژێردەستەیی ڕزگاری بێ بە تێکشکانی کورد لە هەر پارچەیەکی کوردستان هەست بە باڵ شکاوی دەکەنەوە. شاعیر/بولبول دەنگی هەمووانە. لە سەردەمی نەورۆز و گوڵاندا بولبول کە دەبا لەم چڵ بۆ ئەو چڵ فڕیبا و دەنگی خۆی بۆ گوڵان چڕیبا لە شکستی کورد تەنیا و پەککەوتە لە بەغدا دڵی لە شەپۆلی خەم دا دەکوڵێ.

لەناو نەتەوەکانی دیکەش کەم نەبووە کە دیکتاتۆرەکان ڕاست کاتی شادی و خۆشی بەهاران ماڵە خەڵکیان وێران کردووە. هەروەک بڵێی دیکتاتۆر و داگیرکەران زۆر هوشیارانە هەرچی شادییە ڕاست لە بەهاردا لە خەڵکی دەستێننەوە. ئەوەتا چەند ساڵ دواتر ١٣٦٣ (١٩٨٤) "هوشنگ ابتهاج" یەک لە گەورەترین شاعیرانی غەزەلنووسی فارس لە زیندانی جمهوری ئیسلامیدا دەنووسێ:

*ارغوان*
*این چه رازیست که هر بار بهار با عزای دل ما می‌آید؟*
*که زمین هر سال از خون پرستوها رنگین است*
*اینچنین بر جگر سوختگان*

*داغ بر داغ می‌افزاید*

*ارغوان پنجه‌ی خونین زمین*

*دامن صبح بگیر*

*وز سواران خرامنده‌ی خورشید بپرس*

*کی برین دره غم می‌گذرند؟*

**(....) دوای پەیمانی نێوان دوو داگیرکەر شاعیر نازانێ ئەو شەوە یەڵدایە کە بەسەر کوردستان داکشاوە کەی تەواو دەبێ و کورد چی بەسەر دێ هەربۆیە چاوەڕێی چارەنووسی ناپەیدایە.**




**ئەم وێنەیە وەبیر ئەم نووسینەی خۆمی خستمەوە**

**سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٧ی مارچی ٢٠١٨**

## شێعرێکی سادە بەڵام....

*بەرەو بەرزایی دەچم گەرچی وردم*

*خاکی بەرپێی تێکۆشەرێکی کوردم*



**ئینسانێکی بە ڕەواڵەت ورد و بچووک لە بەرامبەر گەورەیی گەردووندا، بە هێزی نەسەرەوتووی خۆی و بەئیڕادە بەرەو بەرزاییەکان دەڕوا. ئینسانێک بە هەموو لاوازییەکانی جەستەیی و ڕوحی دەبێ بەرزائییەکان فەتح کا. ئەم بەرزاییە تەنیا لوتکەی شاخ نییە هێندەکە ئامانجێکە؛ ڕزگاری لە داگیرکەران و گەیشتن بە سەربەخۆیی.**

**ئەو ئینسانە وردە بەو ئامانجە مەزنە، خۆی خاکی بەرپێی هەموو ئەوانە دەبینێ کە بۆ ئامانجە مەزنەکە، بۆ سەربەخۆیی و ڕزگاری تێدەکۆشن. ئەو - شاعیر هەر هەموو ئەوانەی بۆ ڕزگای کورد تێدەکۆشن هێندە گەورە دەبینی کە خۆی لەبەرامبەریاندا بچووک دەکاتەوە. هەر پێشمەرگەیەک کە بۆ ئەو ئامانجە بەرەو لوتکە هەنگاوی هەڵێناوە.**

**ئیدی شاعیر لەو پۆزیشنە تایبەتە "ئەقلی کول بە نیگای هەڵۆیی"یە کە لە ئاسمانەوە چاو لە زەوی دەکا دێتە خوار و لەبەرامبەر تێکۆشان و ڕەنجی ئینسانەکان کە بەرەو ڕزگاری و سەربەخۆیی دەڕۆن، دەبێتە خاک. هەمان خاک کە داگیرکراوە و دەبێ ڕزگار کرێ.**

***ئەمەیە بیری نەتەوەیی و کوردایەتی! سپاس بۆ ڕەنج و ئامانجت کە ڕزگاری لە داگیرکەران بوو. سپاس بۆ ئەوانەی تێدەکۆشن....***

**سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٨ی ئەپریلی ٢٠١٨**

## "ڕۆمان" و کات و سات و شوێنی سەرهەڵدانی ڕۆمان،




دوکتور هاشم ئەحمەدزادە بە توانابییەکی بەرفراوان لەسەر "ڕۆمان" و کات و سات و شوێنی سەرهەڵدانی ڕۆمان، کاریگەری ڕۆمان لە پەرەپێدانی ناسیونالیزم و لەسەر گرینگی "ڕەوایەت" و ئاماژەی دروست بەوە کە سەفەری کاروانی ڕۆمانی کوردی تازە و کورتە بۆتە هۆی بیرۆکەی بەراورد کردنێک لەنێوان کارکردی شێعر و ڕۆمان لەلام.
لە ڕاستیدا ئەوەی ڕۆمان لە دنیای ڕۆژئاوا کردی ڕەنگە شێعر لە لای ئێمە توانیبێتی تا ڕادەیەک بیکا. شێعر وەک جۆرێک لە ڕەوایەت و دانی زانیاری بە کۆمەڵگا سەبارەت بە سەردەمی خۆی بەجۆرێکی "ئاماژەیی" باس لە بۆ وێنە ئەوە دەکا کە چۆن سەردەمانێک ئەوینی نێوان کچە میر و شوان قەدەغە بووە، چۆن لەسەردەمی شاعیردا پەچە و چارشێو نەیهێشتووە چاوی یار ببینێ و چۆن پێشەوا لە سێدارە دراوە و چۆن پێشمەرگە شەهید بووە و چۆن شنگال داگیر کراوە و هتد.

لێرەدا نامهەوێ بڵێم شێعر کارکردی ڕۆمانی هەیە، بەڵکو تەنیا دەڵێم جۆرێک "شێعری ڕەوایتی" هەیە کە گوزارش لەسەردەمی خۆی و ژیانی تاک دەکا. بۆ وێنە لەوەدەمەڕای شاعیر زانیویتی ئەشق چییە و تامەزرۆی دیتنی چاوی جوان بووە پەچە و ڕووبەند چاوی یارییان داپۆشیوە، ئەوسا کە ژنیش تۆزە ئازادییەکی بووە و ڕووبەند نەماوە شاعیر چاوی کز بوون و هەمیسان چاوی یاری نەدیوە. واتە بە "ڕەوایەتێکی شاعیرانە" ژیان و سەردەمێک ڕەوایەت دەکرێتەوە. یا کاتێک نالی باسی تەرازوی چاوی یار دەکا دەزانین کە مەحبووبە شیرین خێڵ بووە و یا دۆخی دەرەبەگایەتی مەم و زین و هتد.

دیارە کەرەسەکانی ڕۆمان و شێعر زۆر جیاوازان بەڵام وەک گوتم مەبەست تەنیا جۆرێک ڕەوایەت لە شێعر دایە کە کورد توانیویتی تا ڕادەیەک سەردەمەکان لە گۆشە نیگای شێعرەوە بناسێ.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٨ی ئەپریلی ٢٠١٨

# بە خاک + ئەسپاردن و نەتەوە



کاتێک کەسێک کۆچی دوایی دەکا و بە خاکی دەسپێرن سویدییەکان دەڵێن دەچین بۆ "begravning". "گراو" واتە چاڵ، لە چاڵ نان و بە خاک سپاردن. کەچی کورد دەڵێ "بە خاک ئەسپاردن".

بۆ نەتەوەی بێ دەوڵەت، زمان، خاک و هەستی هاوبەش گرینگترین بەشی بە نەتەوە بوونە. کورد ناڵێ کۆچکردوو بە دین و ئائین، بە خوا، بە کەسێک دەسپێرین، بەڵکو دەڵێ بە "خاک"ی دەسپێرین. ئینسان بەشێکە لە خاک و لە "هیچ". ئینسان لە "نەبوون"ەوە دێت و بۆ نەبوون و هیچ دەگەڕێتەوە. ئەوەی لە نێوان دوو نەبوون دا مانای هەیە، "ئاگایی" یە بە سەر گەڕانەوە بۆ ئەو نەبوونە. ڕەنگە بەو زانیارییەوە ئینسان هەرگیز خەیانەت بە خاک واتە بە خودی خۆی نەکا. ئەوەی ئەم "پێش فەرز"ەی لەبیر دەچێ هاسان خەیانەت بە خاک دەکا. ڕەنگە بۆ زۆر کەس خاک و نەتەوە مانای نەبێ و ئەوەی بۆی گرینگە خۆی و بەرژەوەندی خۆی بێ. ئەوانە مردوون بەڵام خاکیان داگیر کردووە. ئەوەی بە ئاگایی و بە گەورەیی خاک و بێکەسی نەتەوەی خۆی دەزانێ و هەوڵی بۆ داوە، ڕەنگە ئێستا فیزیکی لەنێوماندا نەمابێ بەڵام لەناو دڵی زۆر کەس دا زیندووە.

بە خاک ئەسپاردن ڕەنگە گرینگترین سێرمۆنی ئینسانی بێ ئەو کات کە هەموو دەزانین دەبێ ڕۆژێک بڕۆین و بۆ ئەوەی ڕۆیشتووە فرمێسک دەڕێژین. کەچی ئەوانەی گەورەترین شادی و بەهرەیان بۆ ئێمە بە ئەرمەغان هێناوە لەبیر دەکرێن. خەڵک قوڕ بۆ کەسانێک دەپێون کە کەرامەتی ئینسان بوون و نەتەوەییان لێ هەستاندووین.

ئەوانەی نەتەوەیان خۆش ویست و دڵی خەڵکیان شاد کرد هەمیشە تەنیان. تەنیای تەنیا. ئەوانەش چاڵی نەوتیان فرۆشت خەڵک قوریان بۆ دەپێوێ.

جارێ ماومانە بۆ "بەنەتەوە بوون" و "یەک بەرابەرە لەگەڵ یەک" بێ چاو لێ کردن لە پلەی سیاسی و سامان و جنسییەت....

وێنەکە لە دۆستان وەرگیراون.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٧ی مای ٢٠١٨

## هوشیاری



ئاندرێش ئولسۆن لە Ordens asyl باس لەوە دەکا کە "گەڕانەوە"ی ئۆدیسە بۆ زێد بریتتە لە nótos (لە ڕیشەی nóos) کە بە مانای ئاگاهی و هۆشیاری و شعورە. ئولسۆن لەسەر ئەو باوەڕەیە کە ئۆدیسە وەک قارەمانێکی هوشیار لە ڕێگای بیرەوەری و زانیاری دەربارەی پێشینەی خۆی بەسەر دنیای تاریکی ژێرزەویی Hades دا زاڵ دەبێ. ئۆدیسە وەک بوونەوەرێکی هوشیار کاتێک لە دوورگەی یورا لەگەڵ هاوڕێکانی دەچنە جیهانی بن زەوی، دەتوانێ لە دەست Polyfemos / دێوی یەکچاوی ئینسانخۆر کە ئەوانی زیندانی کردبوو، نەجاتیان بێ. کاتێک پۆلیفێمۆس لە ئۆدیسە دەپرسێ ناوی چییە، ئۆدیسە بە زیرەکی دەڵێ "هیچ/هیچشتێک".

ئۆدیسە ناهێڵێ مادە هۆشبەرەکانی ژێر زەوی کاریگەری لەسەر هۆش و ئاگاییان دابنێ و بە تیر چاوی دێوکە کوێر دەکەن. دێوەکە ڕوو بە ڕەفیقە دێوەکانی هاوار دەکا "هیچ کوێری کردم" و دێوەکان حاڵی نابن "هیچ" کێیە و بەمجۆرە ئۆدیسە و هاوڕێکانی لەژێر زگی مەڕوماڵات خۆیان دەشارنەوە و نەجاتیان دەبێ. هۆمێرۆس هوشیاری بەو

شوێنەی کە ئینسان لێی‌ڕا دێ، لەبەرامبەر فەرامۆشی و حەماقەت دادەنێ. بیرەوەری واتە ئاگایی بەوە کە لە کوێرا هاتووی.

## ئەزموون

گادامێر پێیوایە کە "ئەزموون" دیالێکتیکی، نێگاتیڤ و لە هیچە. بۆ گادامێر ئەزموون لە زمان دا ڕوودەدا و پێویستی بە "ئاوالەیی" لە بەرامبەر بەستراویی‌یە. زمان مێدیۆمێکی گەردوونی‌یە و "تیگەیشتن" لە ڕێگای خوێندنەوە ڕوودەدا. تەنیا دەق زمان نییە بگرە "تێگەیشتن"یش زمانە. لە ئانتۆلۆگی هێرمۆنێتیکی گادامێردا فۆڕم و مانا لێک جیا نین. لە ڕاستیدا دەکرێ بڵێین کە زمانە ئێمە دەدوێ نەک ئێمە بە زمان دەدوێن.

مەبەستی گادامێر لەوە ئەزموون نێگاتیڤە ئەوەیە کە ئێمە شتێک ئەزموون دەکەین کە پێشتر هیچمان دەربارەی نەزانیوە و دواتر لە ڕێگای ئەزموون تێگەیشتنێکی دەربارەی وەدەست دەخەین، واتە پێشتر تێگەیشتنی دروستمان نەبووە و ئێستا شتێکی دەربارەی دەزانین. لە ڕاستیدا ئەزمون لە نەفسی خۆیدا ئەزموونە لە هیچ. ئێمە پێمانوایە شتێک بە جۆرێکە و دواتر لە ڕێگای ئەزموون دەزانین کە وا نییە و بەم جۆرە تێگەیشتن و ئۆبژەی تێگەیشتنمان دەگۆڕدرێ. ئێدی شتەکان بە جۆرێکی دیکە دەبینین و دەناسین و بە حەقیقەتێک دەگەین کە پێشتر نەماندەناسی. حەقیقەتی ئەزموون بەو مانایە نییە کە ئیتر هەموو شتێک دەزانین بەڵکو ئەزموون هەمیشە کراوەیە و ئینسان دووبارە ئەزموون دەکاتەوە و بەردەوام فێردەبێ. دیالێکتیکی ئەزموون لە زانینێکدا کۆتایی نایە بەڵکو کراوەیە بۆ ئەزموونەکانی دیکە.

بەشێک لە نووسینێک.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٨ی مای ٢٠١٨

## وەفاداری بە ڕێفراندۆم بۆ سەربەخۆیی

لە دوای ١٦ی ئۆكتۆبر ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەردەكەوێ كە لە بناخەوە سەرجەم ڕێبەرانی كاربەدەستی یەكێتی بەفیتی ئێران، جگە لە نەجمەدین كەریم، دژی ڕێفراندۆم بوون و هەر دوای دەست تێوەردانی ئێران لە كەركووك هەركام بەجۆرێك لە ڕێفراندۆم پاشگەز بوون. یەكێتی لە ژیانی خۆیدا لە دوای دروست بوونی تا ئەمڕۆ تەنانەت یەك ڕۆڵی پۆزیتیڤی بۆ كێشەی "سەربەخۆیی" نەبووە. (سەرەڕای ڕێزم بۆ شەهیدانی یەكێتی كە ئەم خاڵەش دوای ١٦ی ئۆكتۆبر زیاتر بەرجەستە بوو)

یەكێتی تەنانەت ڕۆڵی یەكجار نێگاتیڤی لەسەر ڕۆژهەلاتی كوردستان و باكوور داناوە. (ئەوەش باسێكی دیكەیە) ئێستا ئەگەر باسەكە تەنیا لەسەر خودی باشوور بمێنێتەوە دەبێ بپرسین "فۆكشونی یەكێتی لە باشوور چ بووە و چییە؟" ئایا یەكێتی توانیویتی وەك هێزێك بۆ نەمانی گەندەڵی و دروست كردنی دەوڵەتی نەتەوەیی هەنگاو بنێ؟ وڵام ئاشكرایە. نەخێر و بگرە قەیرانی گەندەڵی و بێ دەوڵەتی بەشێكی دەكەوێتە سەر شانی یەكێتی.

كەوایە دەبێ ئەو پرسیارە لە خۆمان بكەین مانەوەی پارتی لە تەوافقێكی فیڤتی فیڤتی لەگەڵ یەكێتی بۆ؟ ئەگەر ساڵانی پێشوو سەرەرای دەنگی زۆرینەی پارتی، دەسەڵات لە نێوان پارتی و یەكێتیدا دابەش كرا تا پارەسەنگ ڕابگیرێ ئایا لەدوای خەیانەتی كەركووك ئەم دابەشكردنی دەسەڵاتە دەبێ هەروا بەردەوام بێ؟ ئەگەر ڕێفراندۆم و سەربەخۆیی مافی كوردە و پارتی وەفادارە بەم مافە، بۆ دەبێ پارتی لە مەیدانی سیاسەت كردنی یەكێتیدا بمێنێتەوە كە تەنیا خەسارەتە بۆ سەرجەم كورد؟ ئەگەر ئەو بەردەوامییە خواستی هێزەكانی دەرەكی وەكی ئامریكا و ئورووپایە و دەستی بەهێزی ئێران بۆ شێواندنی دۆخ، بۆ لە هەوەڵەوە پارتی وەك هێزی سەرەكی باشوور، لەساڵانی پێشوودا خەتی خۆی لە یەكێتی جیا نەكردەوە؟

دوای ١٦ی ئۆكتۆبر. دەرەوە، ناو كوردستان و ڕای گشتی ئەوە دەزانن كە یەكێتی بازیچەی دەستی ئێرانە و هیچی دی، كەوایە دەبێ بپرسن بۆ پارتی لەسەر هێزی خۆی و خەڵك و بەرەی ڕێفراندۆم خوازن حیساب ناكا؟ ئایا دۆخەكە لەوە خەراپتر دەبێ كە هەیە؟ ئایا كاتی ئەوە نەهاتووە بەرەیەكی سەربەخۆیی خوازی پێك بێ؟ ئایا كاتی ئەوە نییە هێز و ئیرادەی نەتەوە حیساب بكرێ؟

دیارە مەهزەلەی بەشداری لە هەڵبژاردن بۆ ڕاگرتنی ئێڕاق ئاکامی مەهزەلەشی دەبێ. وەفاداری بە گوتاری بیری نەتەوەیی دەبا لە بەشداری لەو سیاسەتە مەهەزەلەیە دووری کردبانەوە. بۆ من وەک تاکی کورد سەرنوشتی باشوور و ڕۆژهەڵات بە هۆی گرینگترین فاکت واتە کورد بوون و بە هۆی داگیرکەرێکی چەواشەکاری وەک ئێران لێک گرێ دراە و پێموایە تەنیا کۆبوونەوە لەدەوری بیری نەتەوەیی و وەفاداری بە گوتاری نەتەوەیی دەتوانی کورد لەم دۆخە ڕزگار بکا.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٣ی مای ٢٠١٨

# ڕۆژهەڵات و بیری نەتەوەیی

کۆماری کوردستان هەوەڵین دەوڵەتی نەتەوەیی کوردی بۆ هەمیشە نەمامی بیری نەتەوەیی لە ناو دڵ و ڕوحی زۆربەی کوردی ڕۆژهەڵات دا شین کردووە. تەنانەت تاریکترین و بەسامترین دەسەڵاتی ئێرانی وەکی جمهوری ئیسلامی نەیتوانیوە بیری نەتەوەیی و خولییای دامەزراندنی کۆمارێکی دیکە لە دڵی خەڵکی ڕۆژهەڵات دا بکوژێ. هەر بۆیە کوردی ڕۆژهەڵات بەردەوام بە خەم و ئازاری پارچەکانی دیکە هەستیار بوون و هەر جار و بۆ ڕووداوێک لە پارچەیەکی دیکەی کوردستان ڕژاونەتە سەر شەقام و داکۆکییان لە ماڤی کورد کردووە.

کەچی بەداخەوە ئێستا لە ناو خودی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی و خەڵک درزێکی قوڵ هەیە. ئەوسا کە خەڵک دڵی بۆ سەربەخۆیی لێ دەدا حیزبەکانی ڕۆژهەڵات دیار نییە چ ستراتیژی و گوتارێک ڕەچاو دەکەن و هەر کام بەرنامە و ئاجێندای تایبەت بە خۆیان هەیە. لە کاتێکدا ئەگەری ڕووخانی ئێران هەیە، هیچ مەعلوم نیە لەو ئەگەرەدا حیزبی ڕۆژهەڵاتی چییان دەوێ.

بە ئەزموونی هاتنەسەر کاری ج.ا و دواتر ڕووخانی سەدام و دیسان دروست کردنەوەی ئێڕاق تەنیا گوتار و بەرنامەی کوردی ڕۆژهەڵات دەبێ "دەنگ بۆ سەربەخۆیی" بێ. لە ئەگەری ڕووخانی ئێران، هێزەکانی ڕۆژهەڵات دەبێ داوای ماڤی "حداکثر"ی بکەن تا لە بازاری شێواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا بتوانن لە کردەوەدا هێندێک ماڤ بۆ

کورد دابین بکەن. دیارە ئەگەر یەکگرتوو خاوەنی گوتاری نەتەویی بین ئەو دەستکەوتانە دەتوانن زۆر زیاتر بن.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٤ی مای ٢٠١٨

## نیشتمان دایک نییە، هی هەموو نەتەوەیە

### بیری نەتەوەیی و ژنان

پرۆژەی ناسیۆنالیسمی کوردی وەک لە هەموو دنیادا وا بووە پرۆژەیەکی پیاوانەیە بەو جیاوازییەکە لە وڵاتانی دیکە ئەفڵانییەت توانی بە ئاکامی بگەیێنێ و لە لای کورد هێستا ئەم پرۆژەیە بەهۆی دژایەتی هێزەکان لەگەڵ یەکتر لە ڕادەی خوارەوەی بیری نەتەوەییدا خوڵ دەخوا و کرچ و کاڵە. ئەگەر نەتەوەکانی دیکە توانیان پرۆژەی بەدەوڵەت بوون "پیاوانە" بە ئاکام بگەیێنن ئەوە بۆ کورد پێویستە کە ئەم پرۆژەیە بەژنانە بکرێ و ژنان دەوری خۆیان بۆ وەدەست هێنانی دەوڵەت بگێڕن. بەڵام پرسیار ئەوەیە چۆن؟

لە کاتێکدا ژنان کەمترین کاریگەرییان لەسەر کێشەکان نییە و ئەو چەند ژنەش کە بە هەڵکەوت کەوتوونەتە بازنەی دەسەڵات بە خەراپترین شێوە دەور دەبینن. ڕەنگە وەڵامێک ئەوە بێ کە بەکەڵک وەرگرتن لە ئەزموونی کاری ژنان لە سەرەتای شۆڕشی ئێران و کوردستان، ڕێ پێوانی مەریوان، چالاکی ژنان لە سنە، ژنانی پێشمەرگەی ڕۆژهەڵات، دواتر ڕۆڵی تاکی ژن لە ڕاپەڕینی ڕانییە، ڕۆڵی بەرچاوی ژنانی کۆبانی، عەفرین و ئەزموونەکانی ژنان لە جیهاندا و لە هەموویان گرینگتر گرینگی دان بە بواری هزر و بیر.

جوڵانەوی ڕزگاریخوازی کوردی بە بێ ڕۆڵی بەرچاوی ژنان ناگاتە مەقسەد. ژنان پارامێترێکی گرینگن ئەگەر هێزیان وەگەڕ کەوێ. ژنان ئەمینترین یارانی نیشتمانن. من لەگەڵ ئەوە بۆچوونە پیاوانەیە نیم کە نیشتمان دایکە، نیشتمان نیشتمانی ژن و پیاوە. ئەگەر نیشتمانی تەنانەت وەک دایک چاو لێکرابا ئەوها ئەتک نەدەکرا.

نیشتمان هی هەموو نەتەوەیە. پڕۆژەی بەدەوڵەت بوون دەبێ بکرێتە پڕۆژەی نەتەوەیی هەموو ژنان و پیاوانی سەربەخۆیی خواز.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٥ی مای ٢٠١٨

## بیری نەتەوەیی و زانست

ئەگەر بە پێی هێگل بڕوانینە زانست، "زانست بە سەنەد و بەڵگەی دڵنیاکەر نەبەستراوەتەوە بەڵکو گەیشتن بە زانست هەمیشە هەڵگری جۆرێک هەوڵدانی نا-دڵنییا و شکە بۆ نزیک بوونەوە لە ڕاستی. زانست لە پرۆسەدا بەردەوام بەرەو پێش دەڕوا و "تعدیل" دەکرێ. خودی "ڕێگای گەیشتن بە زانست"یش دەبێتە بەشێک لە زانست. حەقیقەت پرۆسەیەکە و هاوئەرزشی خودی ئاکام. حەقیقەت پاژ / جزء نییە بەڵکو کۆ / کل ە".

ڕەنگە گەیشتن بە بیر و دەوڵەتی نەتەوەیی کوردی ناچار بێ بەو پرۆسە پڕ زامە دا بڕوا کە دەڕوا تا سەرئەنجام لە پرۆسەدا تاک تاکی کورد بەو زانستە دەگەن کە دەبێ خۆیان لە بیر و کرداری داگیرکەران ڕزگار بکەن.

*بۆ منی کورد ئەوسا مێژوو دەست پێدەکا کە بەو زانستە بگەین.*

*. وەک دیالۆگ بۆ پۆستێکی کاک شاهید بەزمان فارسی:*

*تاریخ از نظر من و به رهروی از اندیشه هگل، هنگامی آغاز میشود که هر فرد کورد به این نتیجه برسد که باید از یوغ کولونیالیسم ئیرانی، تورکی، عربی رهایی یابد و اندیشه برتری استعمارگران را دور بریزد. آنگاه که فرد کورد با آگاهی، غرور و اراده خود را برای رهایی بکار میگیرد تاریخ آغاز میشود.*

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٦ی مای ٢٠١٨

## "فەلەستین" و بیری نەتەوەیی

وەک کوردێک کە دەردی جینۆساید و تالآن کردنم دیوە، قەت بە کوشتاری ئینسانان لە هیچ کوێی دنیا شاد نابم. چارەسەری کێشەی کورد نە لە دژایەتی ماڤی خەڵک، چ فەلەستینی و چ ئیسرائیلی، و نە لە بوونە ڕاسیسیت و فاشیست بووندا دەبینم، بەڵکو بە یەکگرتوویی خودی کورد کێشەی کورد چارەسەر دەبێ.

ئەوەکە فەلەستینی نوێژییان بۆ سەرکەوتنی ئەردووغان کرد حەقارەتی ڕێبەرانی فەلەستینە کە بۆ گیرفانی خۆیان کێشەی فەلەستینیان کردۆتە بازار. ئەگەر وەک خەڵکەکەش فاشیست و ڕاسیستن سەیر نییە. ئەوان سەدان ساڵە بە فاشیست کراون بەلآم هەر ئێستا خەڵک هەن دژی بوونی ئێران و تورکن لە کێشەی فەلەستین. بەلآم فەلەستینییەکان قەت خۆیان لەگەڵ کورد بەراورد ناکەن بۆیە کوشتاری کورد قەت مەحکووم ناکەن. کورد دەبێ لە یەکگرتوویی ئەوان فێربێ.

ئینجا گرینگ منی کوردم کە بناخەکانی سیاسەت و ئینسان بوونم وەک داگیرکەران و فاشیستانی لێ نەیە. بە کوشتاری خەڵکی دیکە من ناگەمە مەقسەد. منی کورد تەنیا بە بەرنامەی نەتەوەیی خۆم و یەکگرتوویی دەگەمێ ئامانج.

من پەیڕەوی لە فاشیزمی عەرەبی و تورکی و فارسی ناکەم. من بناخەکانی خۆمم هەیە بۆ ئینسان بوون و کاریگەری لەسەر دەوروبەر. هەوەڵ بناخە "خۆ ڕەهاکردنە لە بەنۆکەربوونی داگیرکەر". ئینجا دەتوانم خۆم بەرامبەری ئەوانی دی ببینم نەک ژێردەستێک کە وردە وردە بکرێتە فاشیست.
نا بۆ فاشیزمی عەرەبی، ئیسرائیلی، کوردی، ئاڵمانی، ڕوسی و هتد.....

. پەراوێز

لە ٢٠١٤ ش گوتم نا بۆ ڕەفتاری داعشانە لەگەل داعشەکان.

لە کەیسی کورد دا تەنانەت ئیدەئۆلۆژی نییە کە خەتەکان دیاری دەکا بەڵکو زیاتر قین و کێشەی دەستەکانە کە دژ بە یەک هەڵوێست بگرن. من لایەنگری مافی فەلەستینم بەلام دژی ناسیۆنالیسمی تۆ ڕادەوەستم چونکە دەیان ساڵە لەگەڵ یەک کێشەمان هەیە.

بەداخەوە ئەم دۆخە وا کردووە کە تەنانەت خەڵکی ئاکادێمی دژ بە یەک یا ببنە فاشیست و ڕاسیست یا ببنە بەناو چەپێکی دژی مافی کورد.

بەڕای من کێشەی کورد و فەلەستین وەک مافێکی ڕەوا بۆتە خۆراکی دەیان هێزی دەرەکی و ناوخۆیی.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٧ی مای ٢٠١٨

## *ئەمە شەهلایە!*



ژنێک لە میلیۆنان ژنی کورد. بە ئەزموونێکی سەیر و سەمەرە. لە حیزبی چەپی سەرانسەری ئێرانی هەتا کوردێکی چەپی فێمێنیست. شەهلا ژیان شانسی پێدا و لە دەمی مەرگ لە شاخ و شیمیایی ڕا گەڕاوە و گەیشتە سوید. ئەو شانسەی هەزاران ژنی کورد نەیانبووە. بۆیە شەهلا وەک تاک بەرپرسی ئاواتی شەهیدانە.

شەهلا وەک هەر کوردێک ئارەزووی زۆرن، بۆ وێنە بەیانی کە لەخەو هەستا نەرواتە کاری ئیداری و تەنیا بنووسێ. برا نەخۆش و بێگوناحەکەی کە لە زیندانی تورکی فاشیستە دوای ١٦ ساڵ ئازاد کرێ، و چەند ئارەزووی

گەورە و بچووکی دیکە.

لە ئارەزوو گەورەکانی شەهلا یەکێکیان ئەوەیە: خەڵک، ئێلیت، ڕووناکبیر، حیزبی کوردی، شاخ و شار، ئێرادە و غووری خۆیان چیتر نەخەنە ژێر پێی داگیرکەران و یەکگرن و نیشتمان لەژێرِ دەستی داگیرکەران ڕزگار بکەن.

شەهلا ئارەزوویەتی ڕۆژی سەربەخۆیی لە ناوەڕاستی مەیدانی شار سەما بکا و ڕۆژی دواتر بەردەوام بێ لە ڕەخنەی بنیاتنەر لە دەسەڵات و ئۆپۆزیسۆن.

شەهلا دەڵێ: "بەڵێ بۆ سەربەخۆیی!"

وێنەگر: شێرکۆ جیهانی، بۆ پشتیوانی لە سەربەخۆیی، ستۆکهۆڵم.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٧ی جوولای ٢٠١٧

## خاتوونی هەردەم دڵسۆز

لە ماوەی نزیک بە دوو مانگی ڕابردوو دا و دوای کارەساتەکانی باشووری کوردستان و بوومەلەرزەکەی پارێزگای کرماشان زۆر کەسم دیتن و لەگەڵ زۆرێک لەوان بیروڕامان گۆڕیوەتەوە. ئەو بەڕێزانە هەر هەموویان لە ناخ و دەروون و جەستەدا دەسووتان و زۆرێک لەو خۆشەویستانە هیچ بیریان لە لەش ساخی خۆیان نەکردۆتەوە کە شەوانە و ڕۆژانە بە دەم بیستنی هەواڵی ناخۆش و بە دەم گریانەوە خەو و خواردنیان لە خۆیان و ماڵەوەیان حەرام کرد بوو، یەکێک لەو خۆشەویستە دڵ پڕ لە ئەویندانە، خاتوونی هەردەم دڵسۆز و پێشەنگ شەهلا دەباغییە، کە بە حەق لە هەموو کۆڕ و کۆبونەوەکانی پێش ڕێفراندۆم و دوای ڕێفراندۆم دا بە هەستێکی پاک و بێگەردەوە لە نێو کۆڕەکان دا دەدرەوشایەوە، دوای گیرانەوەی کەرکووک و کارەساتی توزخورماتوو جارێکی دیکە بە شێوازێکی دیکە هاتەوە مەیدان، ئەو کارەساتە گەورەیە بە گشتی لە سەر ڕووح و ڕەوان و جەستەی شەهلا و

زۆرێک لە دۆستان کاریگەری زۆری هەبووە، بەڵام هیچیان وەک دادە شەهلا پێیانەوە دیار نەبووە و نییە.

خاتوو شەهلا بە نووسین و لێدوان و بڵاوکردنەوەی بابەتی بە هەست و نیشتمانپەروەرانە هەستی کوردایەتی و نەتەوایەتی خۆی دەربڕیوە و هەنووکەش هەروا بە خەمخۆری و بە هیواوە هەنگاو هەڵدێنێتەوە.

دوای کارەساتی بومەلەرزەی پارێزگای کرماشان جارێکیتر خەم هەموو گیان و ژیانی داگرت و ئەوجار شەو ڕۆژ کەوتە کۆکردنەوەی یارمەتی ماددی و ئەو شتانەی کە پێویستن بۆ لێقەوماوانی ئەو بوومەلەرزەیە.

**شەهلا گیان!**

بە گشتی لە ڕێگای ئەم کورتە نووسینەوە سوپاست دەکەم و هیوادارم کە نموونەی وەکی تۆی خۆشەویست هەر لە زیادبوون دابن.

خاتوو شەهلا لە نووسێنێکی بە هەست دا سەبارەت بە منی برای بچووکی خۆی لوتفی کردووە ئەو چەند دێرانەی خوارەوە کە لە ناخی دڵییەوە هەڵقوڵاوە، نووسیوە و پەنای بۆ منی برای خۆی هێناوە و راز و نیازی خۆی لەم نووسینەدا لەگەڵ هاورێ و هاوخەباتیانی دەربڕیوە.

سوپاس شەهلای خوشکم، هیوادارم کە هەموو کات ساخ و سەلامەت و سەربەرز بی. لە سەریەک گەلی کورد بە قۆناخی ناسک و هەستیار دا تێپەڕیوە و کەوتووە و هەستاوەتەوە، بەخۆشیەوە ئێستا بیری نەتەوەخوازی لە نێو لاوەکان و گەلی کورد دا، لە هەموو کات زیاتر لە گەشە دایە و درەنگ یا زوو ئاواتی هەموو لایەکمان بە هیممەت و خۆراگری و راوەستاوی دێتە دی.

ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و ڕۆژی پێشمەرگە لە تۆی خۆشەویست و هەموو لایەک پیرۆز بێ و سەری ڕیز بۆ هەموو ئەو کەسانە دادەنوێنم کە بەشێک لە ژیانیان تەرخانی ڕزگاری و ئازادی گەلەکەیان کردووە.

*سلاو لە بەندیە سیاسی و مەدەنییەکانی نێو چاڵە ڕەشەکان*

*سڵاو لە بنەماڵەی شەهیدانی کوردستان و سڵاو لە خۆرگری خەڵکی کوردستان*

*مەرگ و نەمان بۆ خائین و خۆفرۆش و جاش و گەل فرۆشان*

*بژی پێشمەرگە*

**سوپاس و هەر جار سوپاس**

**سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٨ی دیسەمبەری ٢٠١٧**

## کورتەیەک لە ژیاننامە:

*زستانی ساڵی ١٣٤٢ی هەتاوی لە شاری مەهاباد لە دایک بووە. بەهاری ١٣٦١ هەر دوای وەرگرتنی دیپڵۆم ناچار بە تەرکی زێدو نیشتمان دەبێ. تا ساڵی ١٩٩٠ لە شاخەکانی باشوری کوردستان ماوەتەوە و دواتر بۆ ماوەی نزیک بە دوو ساڵ لە شاری کابۆل پێتەختی وڵاتی ئەفغانستان ژیاوە و سەرئەنجام وەک پەنابەری سیاسیی هاتۆتە سوئێد. خوێندنی ماجستێری لە "ئەدەب بە روانگەی ژێندێر" دوە تەواو کردووە و ئێستا وەک یارمەتیدەری کۆمەڵایەتی لە سوئد کار دەکات.*

*لە تەمەنی ١٦- ١٧ساڵیدا، لە رێگای خوێندنەوەی شێعرەکانی شاعیرانی نەتەوەیی ماموستایان هێمن و پەشێو فێری نووسین و خوێندنەوەی زمانی کوردی بووە، زۆر نووسراوەی دەورانی جەوانی لێ ون بووە یان لە شاخ چوونە ژێر گڵ. لە سوئێد لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ دەستی بە بڵاوکردنەوەی نووسینەکانی لە ناو سایتەکان، گۆڤارەکانو رۆژنامەکانی کوردی لە دەرەوە و لە ناو وڵات کردووە.*

*دەباغی دەڵێ کە نووسین تەنیا کارێکە کە ئارامی پێدەداو تێدا تەواو خۆی دەبینێتەوە. ئەگەر لە ژیاندا بمێنێ پێی خۆشە تەنیا بۆ نووسین بژی. هەوڵی داوە هەمیشە حورمەتی قەڵەم بپارێزێ و هیواخوازە کە حەقو مافی هیچ ئینسانێک لە ژێر پێ نەنێت*




ئێمە زۆر جار سەبارەت بە کۆمەڵگای مەدەنی دەبیسین و دەدوێین، کەچی بنەمای فەلسەفی و سیاسی ئەم کۆنسێپت - چەمکە بە باشی ناناسین و ئەزموونە تاڵەکانیش هیچ نەبوونەتە دەرس بۆ ئێمە. ئاخۆ دەبێ هۆیەکانی ئەم نادیارییە و کەڵکوەرنەگرتنە لە مێژوو، چ بن. بۆ ئێمە ناتوانین دان بە یەکترین و بە بوونی بیرورای جیاواز دانێین؟ بۆ لە گفتوگۆی نێوان دوو بەرەی جیاوازدا، یەکێکیان حەقانییەتی مێژوویی بۆخۆی دادەتاشێ و ئەوی تر دەبێ لە پۆزێسییونی "خۆپارێزی" ڕا وەڵام بداتەوە؟ هەموو ئێمە دەزانین کۆمەڵگای ئێمە و ئەو قەوارە جۆگرافییەی کە کوردستانی تێدایە، تا ئێستا باری سیاسییەکی وەهای بۆ نەرەخساوە کە بتوانێ بە تەواوی بە قۆناغی کۆمەڵگای مەدەنیدا تێپەڕ بێ. ئەمەش هەم هۆی ناوخۆیی و هەم دەرەکی بووە. لە وڵاتێک کە زاڵم و دیکتاتۆر حاکمن، گەلێکی دیکتاتۆرمۆڕالیش پەروەردە دەبێ. ئەوانەش کە دەخوازن ڕەچە بشکێنن، یان دەکەونە مەنفا و ئێکسیل و یان دەکوژرێن. لە وڵاتانێک کە دیکتاتۆری دەسەڵاتی بووە، حیزبە سیاسییەکانیش دیکتاتۆرن و ئەندامانی ئەو هێزانە، زۆر جار بۆ باش نیشاندانی خۆیان ئارەزووی ئەوە دەکەن کە هێزەکانی تر، تووشی هەڵەی وا بن کە تەنانەت دووژمن ئارەزووی ناکا. ئەو فەلسەفەیە واتە "هەڵەی ئەوانی تر، ڕاستی من نیشان دەدا"، بۆچوونێکی دوور لە زانایی و هەمیشەییە لە سیاسەتی هێزەکان و تەنانەت هی تاکەکانیش بەرامبەڕ بە یەکتر. ئەگەرچی، ناکرێ نکۆڵی لەوە بکرێ کە: - دەسەڵاتی پیاوەمزنانەی خۆپێزلی سەرەڕۆ - ئاسەواری دینەکان بە گشتی - کولتور و داب و نەریت - نەبوونی ئازادی و دیمۆکراسی - نەخوێندەواری کۆمەڵگا و کەمدەرەتانی ئابووری هۆی سەرەکی بوون بۆ نەبوونی بناخەکانی دیالۆگ و تۆلێرانس لە کۆمەڵگادا،

شەهلا دەباغی

---

کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی

ڕێکەوتی: پووشپەڕی ٢٧١٨ی کورد - مای ٢٠١٨ زایینی